# پەروەردە و نەتەوایەتی

لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی مێژووییە لە هەرێمی
کوردستانی عێراق

# پەروەردە و نەتەوایەتی

لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی مێژووییە
لە هەرێمی کوردستانی عێراق

**چنار سەعد عەبدوڵا**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هـەموو مـافێك هـاتووەتە پـاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هـەولێر
هـەرێمی كوردستـانی عێراق
هـەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تـەلـەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هـاتووەتە دامـەزران

پـەروەردە و نـەتـەوایـەتی
چنار سەعد عەبدوڵا
كتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٥٢
چاپی یەكەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هـەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٢٣١٢ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: كارزان عەبدولحەمید. ڕۆشنا ڕەشاد
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: بۆكان نووری

## پێشەکی:

یەکێك لە سیما هەرە تایبەتمەندەکانی مرۆڤ توانای بیرکردنەوە و داهێنان و لە ئەنجامدا هێنانەکایەی پێشکەوتن و گۆڕانکارییە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سروشتیدا، ئەوەی ئەو توانایانە لە مرۆڤ مسۆگەر دەکات فێربوون و پەروەردەکردنە. جان جاك رۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨) باوەڕی وایە کە فێربوونی بیرکردنەوە، بنەمای دروستبوونی مرۆڤێکی عاقڵە، لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی سروشتی مرۆڤ بیر ناکاتەوە، بیرکردنەوە هونەرە و مرۆڤ وەکو هونەرەکانی تر فێری دەبێ(١).

کەواتە، ئەوە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە کە لە مرۆڤ کەسێکی خودان بیرو توانا و فەرهەنگ و خووڕەوشتی گونجاو لەگەڵ داوونەریت و نۆرمەکانی کۆمەڵگە بەرهەم دەهێنێ.

پەروەردەکردنی مرۆڤ پرۆسەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتیی ئاڵۆزە و بەپێی جیاوازی کۆمەڵگەی مرۆیی و ئاستی پێشکەوتنی گۆڕانکاریی بەسەردادێ. ئیمانوێل کانت (١٧٧٦-١٧٨٩) سەبارەت بە ڕادەی سەختی و ئاڵۆزی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەڵێ: دوو داهێنانی مرۆڤ هەیە دەکرێ بە سەخترین و پڕکێشەترین پرسی مرۆڤ لە قەڵەم بدرێن کە ئەویش: «هونەری حوکمڕانیکردن لەسەر مرۆڤ و هونەری پەروەردە و فێرکردنە»(٢).

بەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە مرۆڤ لە گیانلەبەرێکی ئاژەڵی دەگۆڕێ بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، هەر بەڕێگەی ئەو پرۆسەیەوە بووە ئەزموونی ژیان و فەرهەنگ و کولتووری کەڵەکەبووی میللەتان لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە و لە بەرئەنجامدا داهێنان و گۆڕانکاری بەسەر کۆمەڵگەکانیان داهاتووە.

پێوەندییەکی دیالیکتیکی لە نێوان شێوازی پەروەردە و فێرکردن و جۆر و ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا هەیە، بە جۆرێك سیستەمی پەروەردە لە هەر شوێنێکدا

(١) لوتان کوی، ازموش و پرورش: فرهنگ هاوجوامع، ت: د. محمد یمنی دوزی سرخابی، سازمان ضاث و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، تهران - ١٣٧٨، ص١٣.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١١.

ڕەنگدانەوەی فەرهەنگ و داوونەریتی ئەو کۆمەڵگەیە، لە هەمان کاتدا جۆری سیستەمی پەروەردە و چالاکی و رادەی کارایی و پێشکەوتنی کار دەکاتە سەر بزاڤی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

پرسی پەروەردەکردن هەر لە کۆنەوە جێگەی بایەخی بیرمەند و فەیلەسووف و سیاسەتمەدار و دەسەڵاتداران بووە، زۆرجار هەوڵ دراوە ئەم مەسەلەیە وەکو دەروازەیەك بۆ ڕزگاربوون و گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکانی کۆمەڵگە بەکار بهێنرێ.

ئەفلاتۆن (٤٢٧-٣٤٧ پ. ز) فەیلەسووفی یۆنانی کاتێك باس لە چۆنیەتیی دامەزراندنی ئەو کۆمارە دەکات کە لە خەیاڵی خۆیدا پلانی بۆ دادەنا باس لە چۆنیەتیی پەروەردەکردنی ئەو فەیلەسووفانە دەکات کە بڕیار وایە لە کۆمارەکەی دەسەڵات بگرنە دەست و فەرمانڕەوایەتی بکەن(١).

بێگومان مەبەستی ئەفلاتۆن ئەوەیە کە ئەگەر فەیلەسووفەکان یاخۆ سەربازان و دانیشتووانی کۆمار بەو شێوەیەی کە ئەو دەیڵێ پەروەردە نەکرێن بێگومان ئەو کۆمەڵگەیەی ئەو پلانی بۆ دادەڕشت نایەتە بەرهەم.

سەرەڕای گرینگیی ڕۆڵی پەروەردەکردن لە بوارەکانی فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە سەردەمی ئەوڕۆدا کە سەدەی تەکنۆلۆجیای زانیاری و بەجیهانیبوون و کێبڕکێی بازاڕی ئازادە، بایەخدان بە دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن زیاتر بووە.

ئەمڕۆکە وڵاتە پێشکەوتووەکان فێربوون و پەروەردەکردنی مرۆڤ بە سەرمایەگوزاریکردن لە مرۆڤ دادەنێن و ژیری مرۆڤ بە سەرمایەکی پڕ بەها لە قەڵەم دەدەن. هەوڵ دەدەن بە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی زانستی و زیادکردنی زانیاری جۆراوجۆری مرۆڤ گۆڕانکاریی ستراتیجی لە سروشتی ئابووری و چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی بکەن، بۆ ئەوەی هەر چ زیاتر گونجاو و هاوئاهەنگ بێ لەگەڵ تەحەدییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەکانی و تەکنۆلۆجیای زانیاری و پێوەندییەکان و جیهانی زانیاریدا(٢).

(١) ئەفلاتۆن، کۆمار، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سۆران عومەر حەمە و ڕێبوار قارەمانی و مەهدی حەسەن چۆمانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر ٢٠٠٦، ل٣٣٩.

(٢) د. خالد محمد أبو شعيره، المدخل إلى علم التربية، مكتبة المجتمع العربي، عمان الأردن، ٢٠٠٨، ص ٣٦٥.

گرینگی ڕۆڵی پەروەدەکردن لە بواری پارێزگاریکردن لە فەرهەنگ و داوونەریت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە و هێنانەکایەی پێشکەوتن و گۆڕانکاری، هۆکار بوو لە هەڵبژاردنی بابەتی: (ڕۆڵ و کاریگەریی سیستەمی پەروەردە لەسەر ڕەهەندی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا).

لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردی بە درێژاییی مێژوو خاك و وڵاتی داگیرکراو بووە لەلایەن دەسەڵاتدار و میللەتانی تری ناوچەکە و فەرمانڕەواییيان بەسەردا کراوە، ئەم نەتەوەیە بەهۆی بارودۆخی رامیاری و ئابووری و جوگرافیی ناوچەکە زۆر کەم دەرفەتی فێربوون و پێشکەوتنی بۆ ڕەخساوە، دەوڵەتانی فەرمانڕەوا هەموو کات هەوڵیان داوە ئەو نەتەوەیە لەناو نەتەوەکانی تری وەکو تورك و عەرەب و فارس بتاوێننەوە و زمان و کولتوور و مێژوو و تایبەتمەندی بشێوێنن. گشت پارچەکانی کوردستان بە ڕێژەی جیاواز بەم دۆخەدا تێ پەڕیوون و هەندێکیان تاکو ئەمڕۆش لەناویدا دەژین.

کوردستانی باشووریش، کە ناوەندی توێژینەوەی ئێمەیە، بەهەمان شێوە بە بارودۆخی رامیاری و ئابووری و وێرانکاری و زوڵم و ستەمی زۆر تێپەڕ بووە. بەتایبەتی لە سەردەمی حوکمڕانی بەعسدا ئەو میللەتە بە جۆرەها شێواز هەوڵی لەناوبردنی کولتوور و مێژوو و شێواندنی کەسایەتی تاك و لایەنی دەروونی بۆ دەدرا. تاوانەکانی کۆمەڵکوژی و ئەنفال و کیمیاباران و راگواستن و تێکدانی گوند و ئاوەدانی و گۆڕە بەکۆمەڵەکان باشترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە.

پاش راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و ئازادکردنی زۆربەی شارەکانی کوردستان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهاتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ یەکەم جار دەرفەتی حوکمڕانیکردنی کورد وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ بۆ کورد ڕەخسا.

دەسەڵاتی سیاسی کورد هاتە سەر میراتی حکوومەتی بەعس و بەهۆی بارودۆخی نائارامی سیاسی و رەوشی خراپی ئابووری و بێ ئەزموونی لە بواری دەوڵەتداری، گۆڕانکاری و چاکسازییەکان لە گشت بوار و بەتایبەتی لە بواری پەروەردە و فێرکردن بەو شێوەیە نەبوو کە پێویست بوو ئەنجام بدرێ.

دواتریش ڕووداوەکانی شەڕی ناوەخۆ و ململانێی سیاسی بارەکەی بەرەو شپرزەتر برد.

لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس ساڵی ٢٠٠٣ دەرفەتی هاتنەئارای گۆڕانکاری و پێشکەوتن لە گشت بوارەکاندا، بەتایبەتی سیستەمی پەروەردە زیاتر بوو، بەڵام دیسان ئەو گۆڕانکارییە ریشەییانەی کە پێویستە ئەنجام بدرێن ئەنجام نەدران (دانەڕشتن دەرنەکردنی یاسای خوێندن و فەلسەفەی پەروەدەیی تایبەت بە کوردستان و ... هتد).

ناجێگیری بارودۆخی سیاسیی دەوڵەتی عێراق و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەك، مسۆگەرنەبوونی مافی نەتەوەییی خەڵکی کوردستان و داڕووخانی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان و نزمبوونەوەی ئاستی زانستی لەلایەکی ترەوە، پێویستیی هێنانەکایەی گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردەی کوردستان و بایەخدان بەو بوارە و پەروەردەکردنی نەوەیەکی هوشیار و خاوەن زانیاری بەرز و دڵسۆز بۆ نیشتمان دێنێتەکایە.

لەبەر ئەو بارودۆخە سیاسی و هەرێمایەتییەی کە کوردستان تێیدا دەژی، سەرەڕای مەسەلەی کرانەوەی کوردستان بەڕووی جیهانی دەرەوە وچۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ هێرشی کولتووری جیهانیبوون کە بە ڕێگەی گشت جۆرەکانی ئامرازی پێوەندیکردن و گەیاندن و میدیاکان ڕۆژانە دێتە ناو کۆمەڵگەی ئێمە کە نەوەی تازە بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ژێر کاریگەریی، کولتوور و تایبەتمەندی نەتەوەییمان دەخاتە مەترسییەوە.

بابەتێکی تری گرینگ، کە توێژەر لەو باسەدا هەوڵی داوە جەختی لەسەر بکەینەوە، مەسەلەی داهێنانی کولتووری دیموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانییە کە ئەمەش بە ڕێگەی سیستەمێکی پەروەردەیی دانسقە کە خزمەت بەو ئامانجە بکات دێتە دی.

ئەو توێژینەوەیە لە دوو دەروازەی سەرەکی تیۆری و مەیدانی پێك هاتووە. لایەنی تیۆریش لە سێ بەش پێك دێت بە جۆرێك بەشی یەکەم برێتییە لە مەودای توێژینەوە و دەستنیشانکردنی چەمك و زاراوەکان. بەشی دووەمیش لە سێ تەوەر پێك دێت، لە تەوەری یەکەمدا باس لە چەند سەرچاوەیەکی پەروەردەیی کراوە، تەوەری دووەم باسی کاریگەریی سیستەمی پەروەردەی لە هێنانەکایەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەکات. تەوەری سێیەم برێتییە لە بایەخ و گرینگی هەبوونی فەلسەفەی پەروەردە لە کوردستان.

بەشی سێیەمیش لە سێ تەوەر پێك هاتووە، تەوەری یەکەم برێتییە لە کورتەیەك

سەبارەت بە ڕەوشی پەروەدەیی کوردستان لە ماوەی کۆتاییی دەسەڵاتداریەتی عوسمانی و سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق.

لە تەوەری دووەمدا باس لە رەوشی پەروەردەیی کوردستان لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی حکومەتی بەعس دەکرێ، تەوەری سێیەمیش لە هەمان بەش برێتییە لە رەوشی پەوەردەیی کوردستان دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دەروازەی دووەم لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەی ئێمەیە کە پێك هاتووە لە چوار بەش، بەشی چوارەم برێتییە لە پلان و جێبەجێکردنی رێبازی لێکۆڵینەوە، لەو بەشەدا هەوڵمان داوە دەستنیشانی چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە بکەین بە ڕێگەی دیارکردنی ئەو ڕێبازەی کە توێژەر بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و کرداری شیکاری پشتی پێ بەستووە کە ڕێبازەکانی (مێژوویی، بەراوردکاری، ئاماری و شیکردنەوەی) ناوەڕۆك لە خۆوە دەگرێ، هەر لەو بەشەدا توێژەر دەستنیشانی شوێنی جوگرافیی توێژینەوەکەی خۆی دەکات کە هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆکی دەستنیشان کردووە.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا وردەکارییەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە و چۆنیەتیی هەڵبژاردنی باسی لێوە دەکات، ژمارەی نموونەی لێکۆڵینەوە لەو توێژینەوەیەدا (٥٠٠) کەسە کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەستنیشان کراوە، کە ڕێژەی (٥١,١٪) لە رەگەزی نێر و ڕێژەی (٤٨,٩٪) لە رەگەزی مێ هەڵبژاردراون، شایەنی باسە کە نموونەی لێکۆڵینەوەی ئێمە لە قوتابییانی قۆناخی پێنجەم و شەشەمی ئامادەیی هەڵبژاردراون.

هەر لەو بەشەدا توێژەر باس لەو کەرستانە دەکات کە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پشتی پێ بەستووە کە برێتین لە چاوپێکەوتن و تێبینی خودی توێژەر و فۆڕمی راپرسی کە لە (٣٢) پرسیار پێك هاتووە، دواتر توێژەر دێتە سەر باسکردنی چۆنیەتیی تاقیکردنەوەی فۆڕمی راپرسی و چەسپاندنی ئامراز و ئینجا ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە لە کاتی ئەنجامدانی باس هاتووەتە بەردەم.

هەروەها توێژەر لە بڕگەیەکی تری ئەو بەشەدا توێژینەوەیە لەو کەرستە ئامارییانە دەکات کە لە کاتی شیکردنەوەی زانیارییەکانی بە دەستهاتوو لەو باسە پشتی پێ

بەستووە کە بریتین لە ڕێژەی سەدی (Percentage) و تاقیکردنەوەی کا$^{2}$ (Chhi Square.

لە بەشی پێنجەمدا توێژەر دێتە سەر باسکردنی سیما گشتییەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە.

بەشی شەشەمیش بریتییە لە شیکردنەوەی پرسیارەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە و بە ڕێگەی خشتە بەیانییەکان، بەشی حەوتەم کە دوا بەشی توێژینەوەکەی ئێمە لە چەند برگەیەك پێك هاتووە کە ئەمانەن: گفتوگۆکردنی گریمانەکان، بدەرئەنجامی لێکۆڵینەوە و پێشنیاز و راسپاردە.

بەو هیوایەی ئەم توێژینەوەیە ببێتە هەوێنی هێنانەکایەی گۆڕانکاری و پێشکەوتن لە سیستەمی پەروەردەی کوردستان و هۆکارێك بێ بۆ دامەزراندنی هەرێمێکی بەهێز و پێشکەوتوو لە گشت بوارەکانی رامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا.

دەروازەی یەکەم

# لایەنی تیۆری

بەشی یەکەم

# تەوەری یەکەم - مەودای توێژینەوە

### ١- کێشەی توێژینەوە:

پەروەردە و فێرکردن بە یەکێك لە سیما تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێ، بایەخ و گرینگی ئەو پرۆسەیە لەوەدایە کە مرۆڤ لە بوونەوەرێکی غەریزی دەگۆڕێ بۆ کەسێکی خاوەن بەها و داوونەریت و نۆرم و بیر و رەفتاری دیاریکراو، دیارە پەروەردەکردنی مرۆڤ لەگەڵ سەرەتای لەدایکبوونی مرۆڤ دەست پێ دەکات و تا دوایین قۆناخی ژیان بەردەوام دەبێ، بەڵام ئەم پرۆسەیە بە رێگەی چەند کەناڵ و سەرچاوەی جیاواز و بەشێوازی جیاواز قۆناخ بە قۆناخ بەردەوام دەبێ.

قوتابخانە وەکو دەزگایەکی پەروەردەیی فەرمی بەیەکێك لەو کەناڵە گرینگ و کاریگەرانە دەژمێردرێ کە لەسەردەمی ئەورۆدا بەرێگەی پلان و بابەت و یاسا و رێسای خوێندن و لە سەرووی هەمووشیانەوە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی تایبەت دەتوانێ کاریگەریی بەهێزی هەبێ لە دروستکردنی مرۆڤی خاوەن فەرهەنگ و بیروباوەڕ و توانست و کەسایەتی دیاریکراو، کە لەئەنجامدا کار دەکاتە سەر رادەی پێشکەوتن و هێنانەکایەی تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی نەتەوەکان. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم دەزگایە بەرێگەی پاراستنی مێژوو و بەها و سیمبولە نەتەوەییەکان و گواستنەوەیان بۆ نەوەکانی داهاتوو پارێزگاری لە تایبەتمەندی و مانەوەی نەتەوەکان دەکات. لەبەر رۆشنایی ئەو راستییەی کە قوتابخانە و دەزگا پەروەردەییەکان توانیویانە و دەتوانن رۆڵی کاریگەر لە ژیانی میللەتاندا بگێرین پێویستە بزانرێت رۆڵی ئەو دامەزراوانە لە کۆمەڵی کوردەواریدا تا چ رادەیەك کاریگەر بووە. ئایا دەزگای پەروەردەییی کوردستان لەژێر رۆشنایی هیچ فەلسەفەیەکی تایبەت بە کوردستان بەرێوە دەچێ؟ ئایا سیستەمی پەروەردە لە کوردستان، دوای دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، تونراوە لە ئایدۆلۆجیەتی حکوومەتی پێشووی بەعسی دابماڵێندرێ؟ ئایا سیستەمی پەروەردەیی کوردستان توانیوویەتی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە دروست بکات، یاخۆ بە پێچەوانەوە ئەو بووەتە پاشخانی کۆمەڵگە و لەژێر کاریگەریی بارودۆخە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگە بەرێوە دەچێ؟

تا چەند جیاوازی لە نێوان سیستەمی پەروەردەی سەردەمی بەعس و سەردەمی پاش دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە؟ تا چەند سیستەمی پەروەردەی کوردستان هاوکار بووە لە زیادکردنی مەعریفەی نەتەوەیی لای قوتابی؟ قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن چەند ڕۆڵ دەبینێ لە بەهێزکردنی هوشیاری نەتەوەیی لای قوتابی و ..؟ ئەمانە و چەندان پرسیاری تر ئەو کۆمەڵە بابەتانەن کە توێژەر لەو تێزەدا بە ڕێگەی شرۆڤەکردنێکی سۆسیۆلۆژیانە هەوڵ دەدات وەڵامیان بداتەوە.

**٢- گرینگی توێژینەوە:**

پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بەڕێگەی دەزگا جۆراوجۆرەکانی فەرمی و نافەرمی بەڕێوە دەچێ وەکو: قوتابخانە، زانکۆ و پەیمانگەکان، خێزان و دۆست و برادەر، دەزگای ئاینی، دەزگای رامیاری، دەزگای رۆشنبیری....هتد، هەریەك لەم دەزگایانە بەجۆرێك و بەڕادەیەکی دیار دەور دەبینێ و کار دەکاتە سەر ئەم پرۆسەیە.

ئەرکی سیستەمی پەروەردەش، کە قوتابخانەو ناوەندەکانی خوێندنی فەرمی لەخۆ دەگرێ، فێرکردن و پێگەیاندنی تاکە لەسەر بنەمایەکی زانستی و گەشەدانە بە زانیاری زانستی. جا بەهۆی ئەوەی کە ئەم جۆرە زانیارییە ئەمرۆکە بنەما و بناخەی هەموو جۆرە پێشکەوتنێکە لە جیهان، بۆیەش کۆمەڵگەکان بەتایبەتی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان بایەخ و گرینکی تایبەت بەدەزگای پەروەردە (قوتابخانە) دەدەن و هەردەم لە هەوڵی دابینکردنی پێداویستەکانی پرۆسەی پەروەردەدان. تەنانەت زۆرجار دەبینین کە لەو چەشنە کۆمەڵگەیانەدا بودجەیەکی بۆ پرۆسەی پەروەردە تەرخان دەکرێ(١). جا لەبەرئەوەی کۆمەلگەی کوردیش، کێشەیەکی نەتەوەیی هەیە و تاکو ئێستا نەیتوانیوە قەوارە و بوونی و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەبێ، بۆیە دەبێ ئەم دەزگایە (سیستەمی پەروەردە) ڕۆڵی کاریگەر بگێڕێ لە هێنانە کایەی زەمینەیەکی لەبار هەم لە بەهێزکردنی هوشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کوردستان هەروەها پێگەیاندنی تاکی پێگەیشتوو و ئاست بەرز لە ڕووی زانستی و زانیارییەوە بۆ پێشخستنی ئەو کۆمەڵگەیە و دانانی میکانیزمی خەبات و هەوڵ و کۆشش لەپێناو چارەسەرکردنی ئەم کێشە نەتەوەییە و گەیشتن بە ئامانجەکانی.

(١) يوجيروهايامى، اقتصاد توسعة (ازفقر تا ثروت ملل)، د. علا مرضي آزاد، چاپ أول ١٣٨٠ – تهران، نشرني، ص ٨٠.

### ٣- ئامانج لە هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە:

١- پێگەیاندن و پەروەردەکردنی نەوەیەك کە شارەزا بێ بە مێژوو، کولتوور، و تایبەتمەندی نەتەوەی خۆی.

٢- دروستکردن و بەهێزکردنی ڕوحی نیشتمانی هاووڵاتیبوون لە کوردستان بە ڕێگەی هێنانەکایەی شێوازێك لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن کە گشت پێکهاتەکان خۆیان تێدا بدۆزنەوە.

٣- سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەو وڵاتە پێشکەوتووانەی کە بە ئەزموونی هاوشێوەی کوردستان تێپەڕ بوونە چ لە ڕووی بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، کە توانییان بە ڕێگەی سیستەمی پەروەردە گۆڕانکاریی وەرچەرخان لە کۆمەڵگەکانیان ئەنجام بدەن.

٤- پاککردنەوە و داماڵینی بابەتەکانی خوێندن لە فەلسەفە و ئایدیۆلۆجیای حزبی بەعس.

٥- دەوڵەمەندکردنی بابەتەکانی خوێندن بەتایبەتی زانستە مرۆڤایەتییەکان وەکو (مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵایەتی و ... هتد) بە بابەتی نەتەوەییی کورد و کوردستان.

٦- بایەخدان بە یادەوەری و بۆنە نیشتمانییەکان لە ناوەندی خوێندن و هێنانەکایەی ڕێبازێکی پەروەردەییی تایبەت لە کوردستان کە خزمەت بە بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی بکات.

٧- بەهێزکردنی ڕۆڵی دەزگاکانی پەروەردە و ناوەندەکانی خوێندن لە کوردستان، بەجۆرێك ڕۆڵی کارا بگێڕن لە دروستکردنی تێڕوانینی فیکری و کەسایەتی قوتابی، بە بەراوورد لەگەڵ دەزگا پەروەردەییە نافەرمییەکان.

### ٤- گریمانەی لێکۆڵینەوە:

لەمیانەی تێبینی و خوێندنەوەی توێژەر بۆ ڕەوشی پەروەردە و شێوازی کارکردنی سیستەمی پەروەردە لە کوردستان و ڕادەی کاریگەری لەسەر ڕەهەندی نەتەوەیی، هەروەها لەپێناو هێنانەدی ئامانجی ئەو توێژینەوەیە چەند گریمانەیەکی دەستنیشان کردووە، کە لەلایەنی مەیدانی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵی تاقیکردنەوەیان دەدا بۆ ئەوەی ڕاستی یا نا دروستی گریمانەکانی بۆ بەدیار بکەوێ.

**دیارە ژمارەی گریمانەکان (٥) گریمانەن:**

گریمانەی یەکەم: بابەتەکانی خوێندن لە قوتابخانە، نەیانتوانیوە رۆڵی کاریگەر بگێڕن لە گەشەپێکردنی زانیاری نەتەوەیی لای قوتابی.

گریمانەی دووەم: رێباز و شێوازی پەروەردەکردنی فەرمی لە کوردستان هاوکار نییە بۆ دروستکردنی هەستی نیشتمانپەروەریی کوردستانی.

گریمانەی سێیەم: یادکردنەوە و رێزگرتن لە بۆنە و یادە نەتەوەیییەکان لە قوتابخانە رۆڵی کارا دەگێڕێ لە بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی لای قوتابی.

گریمانەی چوارەم: کاریگەری سیستەمی پەروەردەی کوردستان لەسەر قوتابی لاوازترە بە بەراورد لەگەڵ دەزگا پەروەردەییی نافەرمییەکان (خێزان، مزگەوت، میدیا، پارتە سیاسییەکان).

گریمانەی پێنجەم: سیستەمی پەروەردەی کوردستان لە بواری نەتەوەییدا کارتێکردنی هاوشێوەی لەسەر قوتابیانی کوڕ و کچدا هەبووە.

## تەوەری دووەم: دەستنیشانکردنی چەمك و زاراوەكان

١- پەروەردە Education

كاتێك دەمانەوێ پێناسەی چەمكی پەروەردە بكەین ڕووبەڕووی كۆمەڵێك پێناسەی جیاواز دەبینەوە كە هەریەكە دەربڕی فەلسەفە و ئایدیۆلۆجیای تایبەتە كە سەر بەكات و سەردەمێكی دیاریكراوەیە. لەمیانی ئەو توێژینەوەیەماندا بۆ ناساندنی چەمكی پەروەردە هەوڵ دەدەین چەند پێناسەیەك بە نموونە وەربگرین.

پرسی پەروەردە لە سەدەكانی بەر لە زاین بە یەكێك لەو بابەتانە دادەنرا كە سەرنجی فەیلەسووف و زاناكانی بۆ لای خۆی ڕاكێشابوو، بووبووە مایەی قسە و باس لەسەر كردن .

لە كۆنترین ئەو فەیلەسووفانەی كە گرینگی بە پەروەردە داوە و لە بارەیەوە نووسراویان هەیە دەتوانین ئەفلاتۆن (٤٢٧-٣٤٧ پ.ز) ناو بهێنین كە لە كتابەكەیدا بەناوی (كۆمار)ی ئەفلاتۆن شێوازی پەروەردەیی دیاریكراوی بۆ كۆمارەكەی دەستنیشان كردووە. لە روانگەی ئەفلاتۆنەوە پەروەردە پرۆسەی راهێنانی ئاكارییە، یاخۆ هەوڵدانێكی ئارەزوومەندانەی نەوەی كۆنە لەپێناو گواستنەوەی داوونەریتی باشی ژیان، هەروەها گواستنەوەی ئەو حیكمەتەی كە گەورەكان بە ئەزموون پێیّ گەیشتوون بۆ نەوەی تازە(١).

ئەفلاتۆن پێی وایە ئامانج لە پەروەردەكردن ئەوەیە تاك ببێتە كەسێكی چاك لە كۆمەڵگەدا هەروەها ئەو تەنیا پەروەدەی تاك بە "ئامانج دانانێ بگرە ئەمە ئامانجێكە بۆ گەیشتن بە هیوا و ئاواتی گەورەتر، كە ئەویش سەركەوتن و خوشبەختی كۆمەڵگەیە"(٢).

ئەرەستۆ (٣٤٨-٣٢٢پ.ز) كە فەیلەسووفێكی بە ناوبانگی تری یۆنانە سەبارەت بە رۆڵ و بایەخی پەروەدە و گرینكی ئەم پرۆسەیە دەڵێت: " مەبەست لە پەروەدەكردن ئەوەیە تاك بتوانێ لە شەڕ یا ئاشتی ئەوەی كە سوودمەند و گرینگە ئەنجام بدات و

---

(١) ئەفلاتون، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢.

(٢) د. عبدالله الرشدان، علم اجتماع التربية، دار الشروق عمان الأردن، ١٩٩٩ ، ص٣٩.

هەستێت بە ئەنجامدانی کاری چاکەخوازی شەرافەتمەندانە ، بەمە تاك دەگاتە دۆخی خۆشبەختی"[١]. کاتێك لە تێڕوانینەکانی هەردوو فەیلەسووفی یۆنانی ئەفلاتون و ئەرستۆ ورد دەبینەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو بیرمەندانە ئەوەندە بە بایەخەوە سەیری پەروەدەیان کردووە تا ئەو ئەندازەیەی بە ئامرازێکی گرینگی دادەنێن بۆ هینانە دی خوشبەختی مرۆڤایەتی.

لە روانگەی بیری ئیسلامیشەوە بایەخ و گرینگی بە پەروەردە دراوە، وەکو دەبینین ئیمامی غەزالی (١٠٩٥-١١١١ز) لەو بارەیەوە دەڵێ: پیشەی فێرکردن شەرافەتمەندانەترین پیشەیە کە مرۆڤ دەتوانێ هەیبێت، گرینگترین مەبەستی ئەم پیشەیە گەورەیی و نزیکبوونەوەیە لە خوا[٢]. لە دوای سەدەی شازدەم پرسی پەروەردە کردن بوو بە جێگەی باس و سەرنج و لێکۆڵینەوەی زاناکان و مانای سەردەمیانەی خۆی وەرگرت.

جان جاك رۆسۆ (١٧١٢-١٧٧٨ز) کە بە ڕابەری پەروەردەی رۆژئاوایی نوێ دادەنرێ لە پەرتووکە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی (ئیمیل) سەبارەت بە گرینگی پەروەردە دەڵێ" نابێ قوتابی فێر بکرێ بەڵکو دەبێت خۆی راستییەکان بدۆزێتەوە[٣]."

بەو مانایەی کە پەروەردە کردارێکی خودییە و دەبێ لە سروشتی خودی منداڵ سەرچاوە بگرێ. بۆیە رۆسۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەرکی پەروەردەیە ئەو زەمینە بێنێتە کایە تاکو منداڵ بەشێوەیەکی سروشتی گەشە بکات بەپشتبەستن بە مەیل و ئارەزوو بە شتە بایەخدارەکان[٤]. هەر سەبارەت بەپێناسەکردنی چەمکی پەروەردە فەیلەسووفی ئەڵمانی کانت (١٧٢٤-١٨٠٤ز) دەڵێ:" پەروەردە گەشەپێکردنی هەموو رووخسارەکانی تەواوبوونە لە مرۆڤ کە دەکرێ بالآ ببێ"[٥]. بەوردبوونەوەمان لە هەردوو پێناسەکەی جان جاك رۆسۆ و کانت بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەی زیاتر لە هەر شتێکی تر لە بواری پەروەردەکردندا جەختی لەسەر دەکەنەوە و

(١) هەمان سەرچاوە، ل٣٩.

(٢) د. ابراهيم ناصر، علم الاجتماع التربوي، ط٢، دار الجيل، بيروت، ١٩٩٦ ص٣٤.

(٣) د. عبداللّه رشدان ، المدخل الى التربية و التعليم، الشروق، عمان ، ٢٠٠٢، ص١٠.

(٤) د. محمد الطيفى و اخرون، مدخل الى التربية ، دار المسيرة، عمان ، ٢٠٠٢، ص ٢٠.

(٥) د. ابراهيم ناصر، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

بـووەتـە مـەیـدانـی پـرس و بـاسـی ئـەوان خـودی تـاکـە لـەبـەرئـەوەی لـەو سـەردەمـەدا لـە ئـەوروپـا بـنـەمـای تـاکگەرایی msilaudevividnl بـاو بـوو بـەر لـە کۆمـەڵگـە، ئـەمـەش رەنگدانـەوەی ئـەم بنـەمـایـەیـە و بۆچوونی کۆمـەڵێك زانـا و فـەیلـەسووفی ترە کە لایـەنـە کۆمـەلایـەتییـەکـە لـە پـەروەردە زێتر دەبێتـە بـابـەتی لێکۆڵینـەوە .

ئـەمـیـل دۆرکـهـایـم (١٨٥٨–١٩١٧ز) لـەو بـارەیـەوە دەڵـێ: پـەروەردە لـە مـرۆڤ بوونـەوەرێکی کۆمـەڵایـەتی دروست دەکات، ئـەمـەش بـە ڕێگـەی ئـەو کـارکـردە دەبـێ کـە نـەوەی پێگـەیشتوو، لـەسـەر نـەوەی نوێ ئـەنجـامی دەدات، کـە جـارێ وەکو پێویست بۆ ژیانی کۆمـەڵایـەتی پێی نـەگـەیووە. بۆیـە دورکـهایم پێی وایـە ئـەو مرۆڤـەی کـە پـەروەردە مـەبـەستیـەتی دروستی بکات ئـەمـە ئـەو مرۆڤـە نییـە کـە سروشت بـەرهـەمـی هێنـاوە ، بگرە ئـەو مرۆڤـەیـە کۆمـەڵگـە پێویستی پیێ هـەیـە و داوای دەکات[١]، هـەروەهـا دروکهـام بۆچوونی وایـە کـە "ئـامـانـج لـە پـەروەردە و فێرکردن ئـەوەیـە کـە توانـای ئـەوە بـە هـەر یـەك لـە ئێمـە بدات بۆ ئـەوەی بـەو جۆرە کردار بنوێنین کـە کۆمـەڵگـە لـەپێنـاو مـانـەوەی خۆی لـە ئێمـەی داوا دەکات، نـەك تـەنیـا پـەیڕەویکردن لـەوەی کـە دەیـەوێ[٢].

جۆن دیڤی– یش (١٨٩٥–١٩٥٢ك) سەبارەت بە پەروەردە دەڵێ: پەروەردەکردن بریتییە لە خودی ژیان نەك تەنیا ئامادەسازی بۆ ژیان، و پرۆسەی گەشەسەندن و فێربوون و دروستکردن و نوێکردنەوەی بەردەوامی ئەزموون و پرۆسەی کۆمەڵایەتییە[٣]. لە ناوەڕۆکی بیر و ڕا تازەکان سەبارەت بە شیکردنەوەی چەمکی پەروەردە ئەوەی زیاتر بۆمان دەردەکـەوێ جـەخـتـکـردنـە لـەسـەر لایـەنـی خۆگونجاندن، وەکو گوتراوە: پـەروەردە پرۆسەی گونجاندن و کارلێکردنە لە نێوان تاك و ئەو ناوەندەی کە تێیدا دەژیت. کەواتە پەروەردە پرۆسەی گونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگە، هـاوژیانیکردن، لەگەڵ ژیان بە تەواوی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو هەروەها ملکەچبوونە بۆ بیر و باوەڕ و ئایدیای

(1) Haralambos and HolBorn, Sociology (them anperspectives) collins Edcational, 1995, p726.

(٢) یـان کـرایب، نظریة اجتماعي کـلاسیك، ت: شهـنـاز مسمـی پـرست، مؤسسة انتشارات سەرچاوە، تهران ١٣٨٢، ص١٤٥.

(3) Adlophe Meyer,The Devlopment of Education in the Twentieth Century, Second dition, Newyork _ prentice _ Hall, Inc, 1950, P7 dition, Newyork _ prentice _ Hall, Inc, 1950, P7

نەگۆڕ[١]. لەلایەکی تر وەکو لە سەرەتاشدا ئاماژەمان بۆ کرد، چەمکی پەروەردە لە روانگەی فەلسەفە و ئایدیا و زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەکو کۆمەڵزانی، دەروونزانی، رامیاری، ئابووری بەشێوازی جیاواز پێناسەی بۆ کراوە. بۆ نموونە زۆربەی زانایانی بواری ئابووری باوەڕیان وایە کە پەروەدە و فێرکردن تواناکانی تاك بەرز دەکاتەوە و هێزی کار پەرە پێی دەدات، بەجۆرێك فێرکردن لەلایەك توانای بەرهەمهێنان زیاتر دەکات و لەلایەکی تر کاریگەریی ڕاستەخۆی هەیە بە سەر بە دەسهێنانی سوود بۆیان.

ئادەم سمیث کە بە دیارترین ئابووریناسی کلاسیك دادەنرێ سەبارەت بە گرینگی فێرکردن دەڵێ:" فێرکردنی تاك لە ڕاستییدا برێتییە لە جۆرێك لە سەرمایە گوزاریکردن لەوان"[٢] . ئەو پێی وایە فێرکردن مرۆڤ بەتواناتر دەکات، گەشە و تواناکانیان نەك هەر سەرمایەیەکی زیاتر بۆ خودی تاکەکان دەستەبەر دەکات ، بگرە کۆمەڵگەش لە سەرمایەگوزاریکردنی تاك سوودمەند دەکات. سمیث پێی وایە کە مرۆڤ بە فێربوون دەگۆڕێت بۆ سامان و کۆمەڵگە لە توانای بەرهەمهێنانی ئەوان دەتوانێ بەشێوازێکی باشتر سوود وەربگرێ[٣].

هەر سەبارەت بە پێناسەکردنی چەمکی پەروەردە لە (قاموس الانثروبولوجیا) هاتووە: پەروەدەکردن برێتییە لە رۆشنبیرکردنی بچووکەکانی کۆمەڵگە لەلایەن گەورەکانەوە بە رێگەی ئازادکردنی بیر و زانیاری و ئەزموون و ئامرازی هونەری، یاخۆ سەپاندنە لەسەریان، بۆ کارکردن لەسەر هزر و پیادەکردنی ئەوەی کە فێری بوون، هەروەها بەدەستهێنانی هێز بۆ گەڕان بە دوای زانیاری زیاتر[٤].

لە کۆی ئەو پێناسانەی کە بۆ چەمکی پەروەردە کراوە بنەماکانی پێناسەکردنی چەمکی پەروەردە لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت دەکەینەوە:

١- پەروەردەکردن پرۆسەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە .

---

(١) د. مصطفی عماد زاده ، اقتصاد اموزش و پرورش، جهاد دانشگاهی، تهران، ١٣٨٢، ص١٧.

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل١٩

(٣) هەمان سەرچاوە، ل١٩.

(٤) د. شاکر مصطفی سلیم ، قاموس الانثر بولوجیا ، الطبعة الاولی ١٩٨١، جامعة الکویت، ص٢٩٣.

٢– پەروەردە بریتییە لە كارلێكردنی تاكەكانی نێو كۆمەڵگە لەگەڵ یەكتر و لە ئەنجامدا دروستكردنی پێوەندی بۆ گواستنەوەی بنەما كولتوورییەكان لە نەوەی كۆنەوە بۆ نەوەی تازە .

٣– پەروەدەكردن ئامرازێكە بۆ چاندنی بنەما مرۆیی و كولتوورییەكان لە ناخی مرۆڤ بۆ پێگەیاندنی ئەم بوونەوەرە.

٤– پەروەردە پاڵنەرێكە بۆ مانەوەی كومەڵگە و هەروەها پێشخستنی.

٥– پەروەردەكردنی مرۆڤ واتە سەرمایەگوزاریكردن لە مرۆڤ و بەرزكردنەوەی ئاستی ئابووریی كۆمەڵگە.

كەواتە دەتوانین بڵێین پەروەردەكردن بەو پرۆسە دوورو درێژە دەگوترێ كە هەر لە سەرەتای لەدایكبوونی مرۆڤ تاكو پێگەیشتن پێیدا تێپەڕ دەبێ لەپێناو پێگەیاندنی هزری و ئاكاری و جەستەیی مرۆڤ و پێگەیاندنی تاكێكی كۆمەڵایەتی كە ببێتە هۆی پاراستنی فەرهەنگی كۆمەڵگە و پێشخستنی .

**٢– چەمكی كۆمەڵگە** (Society ):

مێژووی هاتنە ئارای كۆمەڵگەكان دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی دروستبوونی ژیانی گیانلەبەران لەسەر گۆی زەوی. كۆمەڵگەكان فرە و جۆراوجۆرن، بەڵام پێشكەوتووترین جۆری كۆمەڵگەكان كۆمەڵگەی مرۆییە. سەرەڕای دیرۆكی بوونی چەمكی كۆمەڵگەی (مرۆیی) بەڵام دوا بەدوای سەدەی هەژدەم و بەهاتنە ئارای زانستی كۆمەڵناسی ئەم بابەتە بوو بە جێگەی باس و گفتوگۆكردنی بیرمەند و شارەزایان.

زانایانی كۆمەڵناسی، دەروونزانی، رامیاری، فەلسەفی، یاسایی و ...... هتد بەشێوازی جیاواز ئەم پێكهاتەیە پێناسە دەكەن، تەنانەت لەلایەن خودی زانا و فەیلەسووفانی بواری كۆمەڵناسیش رێككەوتن لەسەر پێناسەیەكی گشتگیر بۆ ئەو چەمكە لە ئارادا نییە. لێرەدا هەوڵ دەدەین بە ئاماژەپێدان بەچەند پێناسەیەك ئەم چەمكە شی بكەینەوە.

وەكو لە (معجم علم الاجتماع) داهاتووە كۆمەڵگە بریتییە لە: ″ كۆمەڵە كەسێك لە ناوەندێكی جوگرافیی دیاریكراو جێنیشین بوونە كە لە ڕووی سیاسی دانیان پێ نراوە. هەروەها خاوەنی كۆمەڵێك داوونەریت و پێوەر و بەها و فەرمانی كۆمەڵایەتی و

ئامانجی هاوبەش کە بنەماکەی بۆ ئاین و زمان و مێژوو و ڕەگەز دەگەڕێتەوە[١].

هەروەها (خشاب) کۆمەڵگەی پێناسە کردووە بەوەی کە بریتییە لەو "چوارچێوە گشتیەی کە ئەو پێوەندییە دیار دەکات کە لە ئەنجامی هاوژیانی لە نێوان تاکەکان دروست دەبێ لە سنووری دەستەیەك یاخۆ کۆمەڵەکاندا"[٢]، لە ڕوانگەیەکی ترەوە کۆمەڵگە پێناسە کراوە بەوەی " گرووپێکە پێك هاتووە لە ئەندامان (پێکهاتە یاخۆ تاك) کە لە چوارچێوەی کارلێکردن و پێوەندیی ئاڵوگۆر کراودا (متبادل) بەیەکەوە دەژین"[٣]. فەیلەسووفی بواری کۆمەڵناسی ئوگست کۆنت (١٧٩٨–١٨٥٧)یش سەبارەت بە پێناسەکردنی کۆمەڵگە دەڵێ: کۆمەڵگە واتا بنیاتی بەکۆمەڵی بوونەوەرە زیندووەکان، رووخساری ئەم بنیاتەش لە ئەرکەکانیدا دەردەکەوێ و هەنگاو دەنێ بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجێکی هاوبەش.

هەروەها (هێربرت سبنسەر) کۆمەڵگەی بە بنیاتێکی سیاسیی رێکخراو داناوە، کە بەشێوەیەکی بەردەوام ئەندامەکان لە هەوڵی هاوئاهەنگدان، چونکە کۆمەڵگەش بوونەوەرێکی زیندووە و پارێزگاری لە هاوسەنگی و هەماهەنگی خۆی دەکات[٤]. ئیبن خەلدونی (١٣٣٢–١٤٠٦) فەیلەسووف کۆمەڵگە بەوە دەناسێنێ کە بریتییە لەو مەیدانەی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی تێدا ڕوو دەدات کە پەیڕەوی لە یاساکان دەکەن[٥].

بە وردبوونەوەمان لە پێناسە جۆراوجۆرەکان ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە هەر فەیلەسووف و پسپۆڕێك لە پێناسەکەی خۆیدا جەخت دەکاتە سەر هۆکارێك یا چەند هۆکارێکی جیاواز کە ڕەنگە لە زۆربەی کاتدا بیر و بۆچونەکانیان یەك نەگرنەوە. بەڵام نابێ ئەو ڕاستییە پشتگوێ بخەین کە چەند بنەمایەکی گشتی هەیە بەردەوام لە

(١) تحرير: بروفيسور دينكن ميشيل، معجم علم الاجتماع، ترجمة : د.احسان محمد الحسن، دار الحرية للطباعة بغداد، ١٩٨٠، ص٣٣٠.

(٢) د. مصطفى الخشاب، دراسة المجتمع، مكتبة الانجلو المصرية،١٩٧٥،ص٧.

(٣) جودت بن جابر، علم النفس الاجتماعي، مكتبة دار الثقافة للنشروالتوزيع،٢٠٠٤،ص١١.

(٤) فواد بەعلی ، ئیبن خەلدون و کۆمەڵناسی نوێ ، و: زیرەك ئەحمەد و سنوور عەبدوڵا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٥١

(٥) هەمان سەرچاوە، ل٥٣.

پێناسەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە وەکو (هەبوونی مرۆڤ، ڕێکخستن، شوینگەی جوگرافیا و .... هتد).

هەر لە درێژەی پێناسەکردنمان بۆ کۆمەڵگە دەتوانین ئاماژە بە پێناسەی (شارون) بکەین کە لەو بارییەوە دەڵێ: کۆمەڵگە دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە، پێك هاتووە لە کەسانێکی خاوەن مێژوو، فەرهەنگ، بنیات و کۆمەڵێك ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی کە لە زۆربەی کاتدا زمان و پێناسەی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە[١]. هەروەها کۆمەڵگە پێکهاتەیەکی گەورەی پێکەوە گرێ دراوە بەڕێگەی تۆڕێکی پێوەندیی ئۆرگانیکی هەمەلایەنە، جەستەیەکی هەمەڕەنگی خانە و شانەکانە لە پانتاییەکی بەرفراوانی ژیاندا کە ئەو پانتاییەش سەرلەبەری خێزان و داوودەزگا و تەواوی پێوەندییە کۆمەلایەتی و ئاینی و کولتووری و ئابوورییەکانی تێدا کۆ دەبێتەوە[٢].

لە کۆی ئەو پێناسانەی کە بۆ چەمکی کۆمەڵگە کراون دەتوانین پێکهاتە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەیەك لەو چەند خاڵەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- بوونی مرۆڤ وەکو بنەمایەکی سەرەکیی هۆکاری دروستبوونی کۆمەڵگەیە .

٢- شوێنگەی جوگرافیی دیاریکراو.

٣- بوونی یەکە و دامەزراوەی جۆراوجۆر لەناو ئەو پێکهاتەیە.

٤- بوونی پێوەندی هەماهەنگی لە نێوان تاك و پێکهاتە و ڕێکخراوەکاندا.

٥- داوونەریت و بەها و پێوەرە کۆمەلایەتییەکان بەمەبەستی ڕێکخستنی کار و چالاکی و پێوەندییەکان.

کەواتە لە کۆتاییدا دەتوانین بلێین کە کۆمەڵگە بە پێکەوەژیانی کۆمەڵە کەسێك دەگوترێ لە شوێنێکی دیاریکراو کە بەردەوام لەگەڵ یەکتر لە پێوەندی و کارلێکردن دان و بە هۆی کۆمەلێك بەها و داوونەرێت و ڕێسای بەرهەمهاتوو ژیانی کەسەکان لە چوارچێوەی دامەزراوە و ڕێکخراو و کۆبوونەوە بچووکەکانی نێو ئەو پێکهاتەیە ڕێك دەخرێ.

---

(١) جوئل شارون، دەپرسش ازدیدگاه جامعە شناسی، ت: منوچهر صبوری، نشرنی – تهران،١٣٨٢ش، ص٧٢.

(٢) ئاسۆ جبار، کۆمەڵگەی داخراو، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا،٢٠٠٤، ل٨١.

٤- چەمکی نەتەوە (Nation):

پرسی نەتەوە بە قۆناخێکی پێشکەوتوو لە پێگەیاندنی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی دەژمێردرێ، هەروەها دەکرێ بە دەرکەوتەی پرۆسەی گۆڕانکارییە مێژوویی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی هەژدە دابنرێت. لەگەڵ دەستپێکی گۆڕانکارییەکانی نێوجیهانی سیاسی و دابەشکردنی دەسەڵات و دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی، پرسی نەتەوە بووەتە بابەتێکی گرینگ و پڕکێشمەکێشی گۆڕەپانی رامیاری.

ئەگەرچی هەر لە زووەوە سەبارەت بە پێناساندنی چەمکی نەتەوە و شیکردنەوەی، چەند رێباز و تیۆری هزری سەریان هەڵداوە کەچی وەکو (ئانتۆنی سمیس) دەڵێت: راستە نزیکەی دوو سەدەیە نووسین و بۆچوون و دیدی جیاجیا لەسەر چییەتی نەتەوە لە ئارادایە، بەڵام وەڵامدانەوەی راستەقینەی ئەم پرسیارە و خۆخەریککردنێکی میتۆدی و تیۆری بە مەسەلەی نەتەوە وەك بابەتێکی سەربەخۆ بۆ شەستەکانی سەدەی بیستەم دوا دەکەوێ(1). بۆ زیاتر ئاشنابوونمان بەو چەمکە هەوڵ دەدەین چەند پێناسەیەك بە نموونە بهێنینەوە.

وشەی Nation لە زمانی لاتینیدا، وشەیەکی ڕەسەنە، کەچی لە زمانەکانی تردا، هەرچەندە بەکاریش دەهێنرێ، بەڵام دیسانەوە بە وشەیەکی لە دەرەوە هاتووی بیانی دادەنرێ(2).

بوید شیفر Shafer.B بڕوای وایە وشەی Nation لە وشەی Natioی لاتینی وەرگیراوە کە بنچینەکەی وشەی (Nattus)ە و هەردوو وشەکەی (Nation) و (Nattus) لە وشەی (Nascor)ەوە وەرگیراون کە بەمانای (لەدایکبوون) دێت، واتا لەدایکبوونی کۆمەڵە کەسێك لە شوێنێکی تایبەت و دیاریکراودا(3).

لە درێژەی قسەکردن و پێناسەکردنی چەمکی نەتەوەدا دەتوانین ئاماژە بە پێناسەی

---

(1) Smith A.D.:Theories of Nationalism, London, Duckworth, 1977, p20

(٢) ئیریك هۆبزباوم، رەهەندەکانی ناسیۆنالیزم، و: ئارام جەمال، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی -٢٠٠٤، ل٩.

(٣) بوید شیفر، القومیة (عرض و تحلیل)، ت: د. جعفر خصباك و عدنان الحمیدي، دار ومكتبة الحیاة بالمشاركة مع مؤسسة فرانكلین، بغداد نیویورك، ١٩٦٦، ص ٦٦.

فەرهەنگی ئەنترۆپۆلۆجی بکەین بۆ نەتەوە کە دەڵێ: نەتەوە بە کۆمەڵێکی گەورە دەگوترێ کە خاوەن سیمای هاوبەش، هەستێکی هاورەگەزی و بەرژەوەندیی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە و لە ناوچەیەکی جوگرافیدا جێگرن(١)

لە پێناسەی (هانتینتۆن) بۆ نەتەوە هاتووە کە: نەتەوە هێزی خۆی لە شارستانییەتە تایبەتییەکەی وەردەگرێ کە پشت بە چەند بنەمایەکی گرینگەوە دەبەستێ، گرینگترینیان مێژووی هاوبەش، یەك زمانی و یەك ئاینی لەوانەشە نەتەوە قەبارەیەکی سیاسی یەکگرتوو، یا چەند قەبارەیەکی هەبێ(٢). هەروەها لە ڕوانگەیەکی ترەوە نەتەوە بەوە پێناسە کراوە کە بریتییە لە "کۆمەڵە کەسێك ، کە لەسەر زەوییەکی دیاریکراو جێگربوون، بە هۆی پەیوەندیی جۆراوجۆری وەکو ئاین، زمان، رەگەز، مێژووی هاوبەش و حەزی بەیەکەوە ژیان کۆیان دەکاتەوە"(٣).

وەکو لەو پێناسانەدا دەردەکەوێ پرسی ئاینی هاوبەش بووەتە یەکێك لەو خاڵە سەرەکییانە کە دەبێ لە نەتەوەیەکدا هەبێ لە کاتێکدا، لە هەندێك لەو پێناسانەی بۆ نەتەوە کراوە کولتوور دەبێتە بنەمای سەرەکی بۆ جیاکردنەوەی نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکی دیاریکراو نەك ئاین لەبەرئەوەی ئاین بە یەکێك لە توخمەکانی پێکهاتەی کولتوور دەژمێردرێ.

ئەگەر سەیر پێناسەکەی (ئەنتۆنی دی سمیس) بکەین لەو بارەیەوە زیاتر ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێ.

(سمیس) لە پێناسەکەیدا بۆ نەتەوە دەڵێ: نەتەوە، کۆمەڵگەی هەستپێکراو و زیندووە و ئەندامەکانی هاوبەشی نیشتمان و کولتوورێکن(٤).

هەروەها لە نموونەی زیندووی تریش کە دەتوانین سەبارەت بەو ڕاستییە ئاماژەی

---

(١) د. شاکر مصطفى سليم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٦٦.

(٢) صموئيل هانتينتون، النظام السياسي لمجتمعات متغيرة، ت: سمية خلو عبود، دار الساقي، بيروت لبنان، ١٩٩٣، ص١٢٣.

(٣) ا.د نعمان احمد الخطيب ، الوسيط في النظم السياسية والقانون الدستوري، دار الثقافة للنشر و التوزيع، ٢٠٠٤، ص١٨.

(٤) ئەنتۆنی دی سمیس، نەتەوەخوازی (تیۆری و ئایدۆلۆجی و مێژوو)، و: هوشیار عەبدوڕەحمان سوەیلی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٧.

پێ بدەین نەتەوەی کوردە. ئەو نەتەوەیە خاوەن کولتوورێکی هاوبەش و چەند ئاینێکی جیاوازە، بۆ نموونە کوردی موسلمان و کریستیان و جوو و... هتد لە سەرتاسەری دنیا بوونیان هەیە. بوونی ئەو جیاوازییە لە ئاین هیچ گومانێك لە نەتەوەبوونی کورد دروست ناکات. لەلایەکی تر زۆرجار ئاین بە مەبەستی پرسی نەتەوەیی بەکار هاتووە، بۆ نموونە دەوڵەتانی وەکو (ئیران، پۆڵەندا، ئەرمینیا و ئیسرائیل و .... هتد) لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجی نەتەوەیی هەوڵیان دا پرسی ئاین و تەنانەت کەنیسە و پەرستگەکنیشیان بە مەبەستی وروژاندنی هەستی نەتەوەیی بەکار بهێنن[١] .

وەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان پێی کرد لەو پێناسانەی کە بۆ چەمکی نەتەوە کراوە ڕەنگدانەوەی ڕێبازە هزرییەکانی ئەڵمانی، فەڕەنسی، و مارکسی پێوە دیارە هەریەك لەم ڕێبازە هزرییانە جەخت دەکەنە سەر هۆکارێك یاخۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی لە پێناساندنی چەمکی نەتەوە. بۆ نموونە ڕێنان (renan) کە لەژێر کاریگەریی ڕێژیمی فەڕەنسیدا بووە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی باروددۆخی سیاسیی ئەو کاتە و سەبارەت بە پێناسەکردنی نەتەوە دەڵێ: مەرج نییە قسەکردن بەیەك زمان و سەربە کۆمەڵەیەکی ئەتنۆلۆجی یەکگرتوو نەتەوە دروست بکات بگرە نەتەوە بەشداریکردنە لە کرداری مەزن و پیرۆز لە رابردوو حەز بە ئەنجامی لە داهاتوو دەگەیەنێ[٢]. لە کاتێکدا فیختەی(1762-1814)(FICHTE) ئەڵمانی بە جۆرێکی تر پێناسەی نەتەوە دەکات. لە ڕوانگەی ئەو :"نەتەوەی ئەڵمانی هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە بە زمانی ئەڵمانی قسە دەکەن"[٣] لەو پێناسەیە بۆمان دەردەکەوێ تیۆری ئەڵمانی بە جیا لە تیۆری فەڕەنسی هۆکاری زمان دەکاتە بنەما بۆ دەستنیشانکردن و ناساندنی نەتەوەیەکی سەربەخۆ.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە لێکدانەوەی مارکسیستەکان بۆ نەتەوە بەشێوازێکی ترە، بۆ نموونە لینین (LENIN) لەسەر نەتەوە بەو جۆرە دەدوێ: نەتەوە بە قۆناخێکی هەرە پێشکەوتوو دادەنرێ لە ژیانی کۆمەڵەی مرۆڤایەتیدا، هەروەها نەتەوە پێچەوانەی خێڵ لەسەر بنەمای خوێن دانەمەزراوە، بگرە پشت دەبەستێ بە هاوبەشبوون لە خاك و

(1) MACMILAU,1991,P44 JAMES G THE POLITICS OF NATIONAL ISN & THNICITY.

(٢) عبدالغني البشري، أثر سياسة القوميات في الحركة القومية العربية، ادارة المطبوعات و النشر بالقاهرة، ١٩٦٤، ص٧.

(٣) هەمان سەرچاوە ، ل٧

زمان و کولتووردا(١).

ئەم ڕێبازە هزرییە هۆکاری ئابووری هاوبەش دەکات بە بنەمایەکی سەرەکی بۆ دامەزراندنی هەر نەتەوەیەك و، "نەتەوە وەکو دیاردەیەکی ئابووری و تایبەتیش ئابووری سەرمایەداری دەزانن"(٢).

بەپێی لێکدانەوەی توێژەر بۆ ئەو ڕێبازە دەکرێ بوترێ کە پرسی هەبوونی ئابوورییەکی هاوبەش سەبارەت بەهەموو نەتەوەکانی جیهان ڕاست دەرناچێ. لەبەرئەوەی نەتەوە هەیە لە جیهان کە بە هۆی دابەشبوونیان بەسەر چەند ناوچەیەکی حوکمرانی و جوگرافی دیاریکراو لە بوونی ئابوورییەکی هاوبەش بێ بەش بوونە، چونکە خودان حکوومەت و دەسەلاتی ئابووری خۆیان نین. کەچی بەپێی گشت بنەما زانستییەکان بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ لە قەڵەم دەدرێ، کە نەتەوەی کورد بە نموونەی هەرە زیندوو دادەنرێ لەم بارەیەوە. (بندکت ئەندرسن)یش نەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسە دەکات .

نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵگەیەکی سیاسی ئەندێشەیی. بۆچی ئەندێشەیی؟

لەبەرئەوەی ئەندامانی تەنانەت بچووکترین نەتەوەش هەرگیز هەموو ئەندامانی نەتەوەکەی خۆیان ناناسن و چاویان پێیان نەکەوتووە هیچیشیان لەبارەی یەکتر نەبیستووە، کەچی سەرەڕای ئەوەش لە مێشکی هەموو ئەندامان وێنەی ئەو کۆمەڵگەیە هەیە. وەکو بینراوە خەڵکێکی زۆر کە بە ملیۆنەها کەس دەخەملێندرێ لە درێژەی دوو سەدەی ڕابردوو خۆیان کردووەتە قوربانی هزری نەتەوەیی، کە بێگومان ئەوەش بۆ ڕەگوڕیشە کولتوورییەکەیان دەگەڕێتەوە(٣).

(ئەنتۆنی گیدنز) لە بۆچوونی خۆیدا سەبارەت بە نەتەوە دەڵێ:

نەتەوە بەو جیاوازیی تێڕوانین و کارکردنی فەرهەنگی دەگوترێ کە کۆمەڵە تایبەتە

---

(١) افاناسييت، الفلسفة الماركسية، ت: عزيز سباهى، مطبعة دار السلام – بغداد، بلاسنة طبع، ص ٢٦٨.

(٢) ئەکرەمی میهرداد ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠.

(3) BENDIVTANDERSON,IMAGINED COMMUNITIES, RAFLECTION ON THE RIGIN DSPREAD OF NATIONALISM, VERSO LONDON, 1991,P6, 7.

مرۆڤایەتییەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە[١].

زۆربەی ئەو بنەما سەرەکییانەی کە لە پێناسەکاندا بەرجەستە دەبن لەنێو سیما و خەسڵەتەکانی نەتەوەی کورد ڕەنگ دەدەنەوە، وەکو (زمانی هاوبەش، خاکی هاوبەش، فەرهەنگی هاوبەش.. هتد).

هەر سەبارەت بە پێناسەکردنی کورد وەکو نەتەوەیەك (حوسێنی مەدەنی) دەڵێت (نەتەوەی کورد ئاکام و بەرهەمی پێکەوەژیانی کۆمەڵە خەڵکێکە لە پرۆسەیەکی مێژوویی و لەنێو وڵاتی خۆی و لە بارتەقای ئیدیایەکی هاوبەشدا شێوەی گرتووە و دەیەوێ دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێت[٢].) لە کۆی ئەو کۆمەڵە پێناسەیە دەتوانین ئەوە هەڵێنجین کە نەتەوە بریتییە لە پێکەوەژیانی کۆمەڵە کەسێك: کە چەند سیمایەکی هاوبەش وەکو ناو، مێژوو، کولتوور، هەست و سۆزی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.

**٥- هوشیاریی نەتەوەیی** (national consciousness)**:**

پرسی گەشەکردنی هوشیاریی نەتەوەیی و دەستپێکردنی بزاڤی ناسیونالیزمی دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخی دوای دروستبوونی نەتەوە واتە دوای سەدەی هەژدەم. بیری نەتەوەخوازی بەشێواز و ڕێژەی جیاواز لە قۆناخە مێژووییەکاندا بوونی هەبووە، بەڵام وەکو ترنس بال و (ریچارد دگر) دەڵێن بیری نەتەوەخوازی دوا بەدوای شەڕەکانی ناپلیۆن لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم بەشێوەیەکی تایبەت گڕوتینێکی تری بەخۆیەوە گرت. بیری دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی، بەمانای یەکەیەکی سیاسی سەربەخۆ کە پێناسە لە ویست و سۆزی نەتەوەیەك بکات لێرەدا سەری هەڵدا. بەتایبەتی دوا بەدوای لەشکرکێشی ناپلیۆن بۆ سەر وڵاتانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا. سەرکەوتنی ناپلیۆن بەمانای سەرکەوتنی نەتەوەی فەرەنسی بوو بەسەر نەتەوەکانی ئەڵمانی و ئیتاڵیدا. ئەم دۆخە جۆرێك وروژاندن و یاخیگەری دروست کرد بەو ئاراستەیەی کە هەر نەتەوەیەك لەپێناو ناساندن و سەربەخۆی خۆی تێ بکۆشێ. لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا ئەو خەباتە ناسیۆنالیستییە بەشێوەیەکی کرداری سەرتاسەری جیهانی گرتەوە و لە ئەنجامدا شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم هەروەها خەبات لە دژی

(١) ئەنتونی گیدنز، جامعة شناسی، منوچهر صبوری، نشرنی تهران ، ١٣٨٣ش، ص٢٨٢.

(٢) حوسێنی مەدەنی، کوردستان و ستراتیژی نێو دەوڵەتان ، بەرگی دووەم ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر، ساڵی ٢٠٠٠ز، ل ٣٤٤.

کۆلۆنیالیزم لە ئاسیا و ئەفریقای لێ کەوتەوە(١). کەواتە هوشیاریی نەتەوەییی ئەو کاتە دەست دەکات بە گەشەکردن و سەرهەڵدان کە تاکەکانی نێو پێکهاتەیەکی نەتەوەیی بتوانن لە کۆت و بەندی خێڵ و بنەماڵەیی و ئاینی ڕزگاریان بێت و خۆشەویستییان سنووری ناوچە و پێکهاتە لۆکەڵییەکان ببەزێنێ و هەموو نەتەوە بگرێتەوە.

ئالان تۆرین لەو بارەیەوە دەڵێ: ″ نەتەوە ئەو شێوە سیاسییە تازەیە کە لە جێگەی کەلەپوور و داوونەریت و جیاووکانی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان، بوارێکی نەتەوەیی (یان نیشتمانی) دەسەپێنێ کە بدەرئەنجامی یاسای هەڵێنجراوە لە بنەماکانی ژیری″(٢) . هەر سەبارەت بەو راستییە گوتراوە:– شێوازەکانی هەستی گشتی بە ڕووە فرەوانەکەی لە دەروونی کۆمەڵگەی مرۆیی، بە دوور لە هەموو نزیکییەکی خێزانی ئەو کاتە بەدەردەکەوێ کە سیماکانی هەستی نەتەوەیی روو لە گەشەکردن دەکات(٣).

سەبارەت بە پێناسەکردنی چەمکی هوشیاریی نەتەوەیی کۆمەڵێك بیر و ڕا هەیە کە ئێمە هەوڵ دەدەین چەند پێناسەیەك بە نموونە بهێنینەوە.

هوشیاریی نەتەوەیی وەکو (قوستەنتین زەریق) دەڵی ″ لەسەر سێ بنەما پێك هاتووە، تێگەشتنێکی راست بۆ رابردووی نەتەوەکە و کەسایەتی. هەڵسەنگاندنێکی پوخت بۆ هێزەکانی ئێستە و فاکتەرەکانی. هەروەها باوەڕێکی پتەو بە حەز و ئامانجی بەیانی و پەیامی داهاتوو″(٤) لە پێناسەیەکی تردا بۆ ئەم چەمکە هاتووە کە ″ هوشیاریی نەتەوەیی، برێتییە لە زانیاری تاکەکان لەبارەی زمان، مێژوو، کولتوور و، تایبەت مەندییەکانی نەتەوەیی خۆیان(٥).

(١) ترنس ریچارد دگر، ایدیۆلۆژی های سیاسی وارمان دیمکراتیك، ت: احمد صبوری، چاپ و انتشارات وزارت امور خارجە، تهران ١٣٨٢ش،ص ٢١–٢٢.

(٢) ئەکرەمی میهرداد، نەتەوایەتی و پۆست مۆدێرنیزم، کۆواری توێژینەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، ژمارە (١)، ٢٠٠٥، هەولێر، لا ٢٠٤ .

(٣) پیتر رینۆڤان و دوروزیل، مدخل الی تاریخ العلاقات الدولیة، ت: فایزکم نقش، بیروت – لبنان، ١٩٦٧، ص٢٣٤.

(٤) قسطنتین زریق، معنی الوعي القومي، مطبعة الحوادث، بغداد ١٩٦٠، ص٢٥.

(٥) د. رەشاد میران، مەعیرفە هوشیاریی کۆمەڵایەتی هوشیاریی نەتەوەیی، کۆواری سەنتەری برایەتی ژمارە (١٧)، ساڵی چوارەم، هەولێر ٢٠٠٠، ل ٢٤٣.

هـەروەهـا (دلێر شاوەیس) سەبـارەت بـە پێنـاسەکردنـی نـەتـەوە دەڵـێ: نـەتـەوایـەتـی هەستکردنێکی مێژووکردە، کە مرۆڤ دەبێت بە بەشێك لە نەتەوەیەك و چارەنووسی خۆی لە دوارۆژی ئەو نەتەوەیەدا دەبینێتەوە. بۆیە هوشیاریی نەتەوە ئەنجامێکە بۆ بـوونـی نـەتـەوە، تـاوەکو نـەتـەوە پێك نـەیـەت، هـوشیـاریـی نـەتـەوەیـی دروست نـابـێ[١]. کەواتە کاتێك هوشیاریی نەتەوەیی لە هزری تاکەکانی نێو نەتەوەیەك چرۆ دەکات کە لێك نزیکبوونەوە لەسەر ئاستی ناوەخۆ و جیاکاری لەگەڵ نەتەوەکانی تر لەسەر ئاستی دەرەکی دروست دەبێ. وەکو لێکۆڵەر و زاناکانیش دەڵێن باشترین جۆری نەتەوەییبوون، هوشیارییە لەبارەی خۆ و ئاگایی ئەو نەتەوەیە کە دەتوانێ چۆن و لە کام رێگە و بەهۆی کام لە پێکهێنەرەکانەوە (کە ئەو کاتە ئەو نەتەوەیە تێیدا بەهێزە) هوشیاریی و نەتەوەیی بوونی خۆی پیادە و بەرجەستە بکات[٢]. بۆ نموونە ئاگایی و هوشیاریی نەتەوەیی فارسەکان بوو کە شیعیزمی دوازدە ئیمامیان کردە بنەمایەکی گرینگ بۆ خۆ جیاکردنەوە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی سوننە مەزهەب. هەروەها ئـاگـایـی و هـوشیـاریـی لـەبـارەی خۆ، وای کرد کـە جـووەکـان پـاراستنـی نـاسنـامـەو نەتەوەییبوونیی خۆیان لە بواری دەسەڵاتی دارایی و پشتبەستن بە هێزە گەورەکانی جیهان و پاڵپەستۆ خستنە سەریان ( ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ...هتد) بکەنە بنەمایەکی سەرەکی بۆ مانەوە و دروستکردنی قەوارەی نەتەوەیی سەربەخۆ[٣].

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە گەشەکردنی هوشیاریی نەتەوەیی چ لەسەر ئـاستـی تـاکەکـانـی نێو نـەتـەوەیـەك یـاخۆ لـەسەر ئـاستـی نـەتـەوەکـانـی جیهان ڕادەکـەی ڕێژەیـیـیـە. هـۆبسبـاوۆم (HOBSBAWM) لــەو بــارەیــەوە رای وایــە کــە "هـوشیـاریـی نـەتـەوەیـی بـەشێوەیـەکـی نـایـەکسان لـەنـێو گـرووپـە کـۆمـەڵایـەتـی و ناوچەکانی وڵاتێکدا گەشە دەکات"[٤].

لە کۆتاییی ئەو کۆمەڵە پێناسە و شیکردنەوەیەی کە بۆ چەمکی هوشیاریی

(١) د. دلێر ئیسماعیل حقی شاویس، نەتەوە و نەتەوایەتی، گۆواری زانکۆ، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر، ژمارە(٧)، ١٩٩٩، ل ٩.

(٢) ئەکرەمی مهیرداد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٤.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٨٥.

(4) Eric.j. Hobsbawm.natoins and nationalism since 1870, Cambridge university press, 1997, p10

نەتەوەیی کراون دەتوانین پێناسەی خۆمان لەم ڕووەوە بەم چەشنە دابڕێژین کە: هۆشیاریی نەتەوەیی بریتییە لە ئاگایی و شارەزایی تاکەکان سەبارەت بە تایبەتمەندی نەتەوەیی وەکو زمان، مێژوو، کولتوور و خاك لە ئەنجامدا خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەیان، لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و جیاکردنەوەیان لە نەتەوەکانی تر.

بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم / دەزگا پەروەردەیییەکان

مـرۆڤ لـە قـۆنـاخـەکـانـی ژیـانـیـدا بـە ڕێگـەی چـەنـدان سەرچـاوە و داوودەزگـای پەروەردەیییەوە هـەوڵی گەشەکردن و پێگەیاندنی جەستەیی، ژیری، ڕەفتاری و گیانی بۆ دەدرێ.

ئەو سەرچاوە پەروەردەیییانە بەپێی جۆری کۆمەڵگە و ڕادەی پێشکەوتن و ئاڵۆزی، گەورەیی و بچووکی، هەروەها سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی، جۆر و شێوازەکانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لە قۆناخە سەرەتاییەکاندا یەکەم ناوەندی پەروەردەیی و تاکە ناوەند خێزان یاخۆ ماڵ بووە، دواتر سەرچاوەی تری وەکو بنکەی ئاینی یا شوێنی پەرستن و ئینجا بە زیاتر ئاڵۆزبوون و پێشکەوتنی ژیان قوتابخانە و داوودەزگای تری وەکو کۆمەڵە و دامەزراوەی کۆمەڵایەتیی جۆراوجۆر و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و...... هتد هاتوونەتە ئاراوە کە هەریەك بە ڕێژەی جیاواز و بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریان کردووەتە سەر پەروەردەکردنی مرۆڤ. لێرەدا هەوڵ دەدەین سەرچاوەکان بەسەر دوو جۆر دابەش بکەین:

١-دەزگا پەروەردەیییە نافەرمییەکان (خێزان، گرووپی هەڤاڵان، دەزگای ئاینی، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەزگا پیشەیییەکان، دەزگای ڕۆشنبیری، دەزگای سیاسی..... ).

٢- دەزگای پەروەردەی فەرمی (قوتابخانە).

١- دەزگا پەرەروەردەیییە نافەرمییەکان:

أ-خێزان: Family

خێزان یەکەم ناوەندە کە کۆرپەلەی مرۆڤ لە هەنگامەی سەرەتای ژیانیدا پێ دەخاتە ناویەوە. هەر لەوێدا بنەما سەرەتاییەکانی ژیانی فێر دەکرێ. بەرلەوەی بچینە سەر باسکردنی ڕۆڵ و کاریگەریی خێزان لە پەروەردەکردنی مروڤدا پێویستە ئەم چەمکە بناسێنین. یەکەی خێزان هەر لە سەردەمە کۆنەکانی مێژووەدا جێگەی بایەخی بیرمەند و فەیلەسووفان بووە و هەردەم بە دامەزراوەیەکی سەرەکی و پیرۆز

سەیر کراوە.

وەکو دەبینرێ کە کۆنفشیۆس(*) خێزانی وەك پایەی دەوڵەت داناوە و، ئوگست کۆنتیش بڕوای وابوو کە دەبێ خێزان یەکەمین یەکەی زانستی کۆمەڵایەتی (کۆمەڵناسی) بێت لە حالەتی پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا نەك "تاك"؛ هەروەها چارلز هورتن کولی کۆمەڵناسی ئەمەریکایی خێزان بە یەکەمین و شایستەترین نموونە دەزانێ بۆ گرووپە سەرەتاییەکان، گرووپێك کە ئەرکی پاراستن و پارێزگاریکردنی مرۆڤە و ئەفرێنەری جوانترین هەستی ناسراوی مرۆڤایەتییە(١).

(ئۆگبرن) خێزان پێناسە دەکات بەوەی کە "پێوەندییەکی کۆمەلایەتییە لە ژن و مێرد لەگەل منداڵ یاخۆ بەبێ منداڵ، یاخۆ لەگەڵ مێرد و منداڵەکانی بە تەنیایی یاخۆ ژن لەگەڵ منداڵەکانی پێك دێت"(٢).

هەروەها بیرجس و لوك (beargess & lock) سەبارەت بە پێناسەکردنی خێزان دەڵێن: خێزان کۆمەڵە کەسێکە بە ڕێگەی پێوەندیی هاوسەرگیری یاخۆ خوێنی یاخۆ گرتنەخۆ (التبنی)کردن یەکتر دەگرن و ماڵێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان پێك دەهێنن، کار لە یەکتر دەکەن بە ڕێگەی پێوەندیکردن و بینینی رۆلە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەکانی وەکو ژن و مێرد، دایك و باوك، کچ و کوڕ کە ئەمە کولتووری هاوبەشیان بۆ دروست دەکات(٣) . کەواتە دەتوانین بلێین کە خێزان برێتییە لەو پێوەندییە یاسایی و شەرعی و خوێنییەی کە لە نێوان دوو کەس (ئافرەت، پیاو) دەبەسترێت، لەپێناو تێرکردنی پێداویستییە بایۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکان و وەچەخستنەوە.

(*) کۆنفشیۆس فەیلەسووفێکی چینییە لە ماوەی (٥٥١ پ. ز ٤٧٩ پ ز) ژیاوە بانگێشەی بۆ فەزیلەت دەکرد و زۆر بایەخی بە ئەخلاقی بەرز و ڕوحی مرۆڤایەتی دەدا. شایەنی باسە کە ناوبراو لەو کەسایەتییانە دەژمێردرێ کە کاریگەرییەکی زۆر گەورەی هەبووە لەسەر مێژووی چینی کۆن. (د. عبد الوهاب الكيالي و كامل زهيري، الموسوعة السياسية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت لبنان، ل ٤٥١).

(١) منوچهر موحسنی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی و: ڕێبوار سوەیلی و ئەوانی تر، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر– ٢٠٠٢، ل٣٨٠.

(٢) د.ابراهيم ناصر ، اصول التربية، دار الرائد،٢٠٠٤، ل٧١ .

(٣) د.صالح محمد علي ابو جاد، سايكولوجيه التنشئة الاجتماعية، دار المسيره عمان – الأردن، ٢٠٠٦، ص٢١٨.

خێزان یەکەم ناوەندی کۆمەڵایەتییە کە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانی دەیناسێ و کەسایەتی تاکی تێدا دروست و پەروەردە دەکرێ. مرۆڤ هەر لە ناوەندی خێزاندا فێری پێوەندیی دروستکردن دەبێ کە سەرەتا لە دایك و دواتر باوك و خوشك و برا و خزم و کەسی دەست پێ دەکات. هەروەها زمانی قسەکردن و گفتوگۆکردنیش هەر لەو ناوەندەوە فێر دەبێ، مرۆڤ لەناو خێزاندا بنەما و بەها کۆمەڵایەتییەکانی فێر دەکرێ، خێزان مرۆڤ بەو شێوەیە پەروەردە دەکات کە لەگەڵ بەها و داوونەریتەکانی کۆمەڵگە بگونجێت .

سەبارەت بە ڕۆل و ئەرکە سەرەکییەکانی خێزان چەندان بیروڕا هەیە، لە یەکێك لە بیروڕاکان ئەرکەکانی خێزان لەم چەند خاڵەی خوارەوە سنووردار کراوە:

١– گۆڕینی مرۆڤ لە بوونەوەرێکی بایۆلۆجی بۆ مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی.

٢– گواستنەوەی بەها و توخم و رەگەزە کولتوورییەکان بۆی.

٣– پێوستکردن بە کۆمەڵگە.

٤– فێرکردنی توانا و هونەری کارکردن بۆ ئەوەی ژیانی پێ دابین بکات(١).

کاریگەری و بایەخی خێزان لە ژیانی تاك و پرۆسەی پەروەردەکردندا سەرەڕای بڕینی چەندان قۆناخ و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆیی کەم نەبووەتەوە. لەگەڵ ئەوەی قۆناخێکی زۆر لە پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی بەڕێوەچووە، بەڵام خێزان ڕۆل و بایەخ و کاریگەریی خۆی لە ژیانی مرۆڤدا لە دەست نەداوە و تا ئەمرۆش بە یەکێك لە پێویستییە بنەڕەتییەکان دادەنرێ. لە قۆناخە سەرەتاییەکاندا کاتێك پێداویستییەکان سادە و ساکار بوون و پێکهاتەی ژیان هەمەچەشن و ئالۆز نەبوو خێزان زۆر ئەرك و ڕۆلی لەسەر شان بوو. لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا منداڵ بە ڕێگەی چالاکی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ ئەندامانی خێزان جموجۆڵی جۆراوجۆر رادەهێنرا لەسەر کار و ئەرکەکانی. منداڵ لەناو خێزان بە ڕێگەی شێوازی پەروەردەکردنی جیاواز لە نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێ، سیما مێینە و نێرینەکانی فێر دەکرێت، هەر لە کۆنەوە منداڵی کوڕ لەگەڵ باوکی دەچووە دەرەوە و فێری پیشەی بنەماڵە دەبوو، لە کاتیکدا کچ لەگەڵ دایکی لە ماڵ دەمایەوە و ئەرکی چاودێریکردن لە منداڵ و خێزانداری و ڕستن و چنینی فێر دەکرا. هەر لە ناوەندی خێزاندا ئەرك و پێگەی کۆمەڵایەتی کەسەکان دیار

(١) د. معن خليل، التنشئه الاجتماعية، الشروق عمان، الأردن،٢٠٠٤،ص١٢٩.

دەکرا ، لە ناوەندی خێزاندا هەموو کولتووره کەڵەکەبووەکان بە ڕێگەی قسەکردن و لاساییکردنەوە دەگوازرایەوە بۆ منداڵ. سەبارەت بە فێرکردنی بنەما ئاینییەکان و بۆنە پیرۆزەکان بە هەمان شێوە خێزان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕا. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە لەو قۆناخەدا ، بەهۆی نەبوونی داوودەزگای تایبەتی تری پەروەردەیی، خێزان ڕۆڵی یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، ئاینی، پەروەردەیی، ئابووری گێڕاوە کە هەڵساوە بەپەروەردەکردن و ڕاهێنانی منداڵ لە هەموو بوارەکانی ژیان[1].

بەپێی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و هاتنەکایەی داوودەزگای پەروەردەیی تر ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەکردن لە هەندێك بواردا کەمتر بووەتەوە، بوارەکانی وەکو پەروەردەیی ئاینی، ڕاهێنان و پیشەیی، کۆمەلایەتی، سیاسی و...... هتد زیاتر چوارچێوەیەکی پسپۆڕییان بەخۆوە بینیوە. بەڵام، سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش، دەتوانین بڵێین خێزان تاکو ئەمڕۆش لەم بوارانەی خوارەوە ئەرکی پەروەدەیی خۆی دەگێڕێ:

**١-پەروەردەی جەستەیی و تەندروستی:**

لەسەر خێزانە کە چاودێری منداڵ بکات و پەروەردەیەکی جەستەیی و تەندروستیان پیشکێش بکات، ئەمەش بە ڕێگەی پێدانی خواردن و خواردنەوە و پارێزگاریکردن لە ڕەوشی تەندروستی و دابینکردنی شوێنی گونجاو بۆ ژیان و ڕێگەگرتن لە نەخۆش کەوتن و تێکچوونی ڕەوشی تەندروستی و تیمارکردنیان لە کاتی تووشبوون.

**٢- پەروەردەکردنی ڕەفتاری و دەروونی و ویژدانی:**

ئەرکی خێزانە کە لەسەر بنەما و بەها و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە منداڵەکانیان ڕابهێنن و داوونەریتە ڕەفتارییەکانیان فێر بکەن. هەروەها ئەرکی پەروەردەیی خێزانە کە سۆز و خۆشەویستی بداتە منداڵ لەبەرئەوەش گرینگی خۆراکی خۆشەویستی لە خۆراکی لەش کەمتر نییە بۆ پێگەیاندنی گیان و دەروونێکی تەندروست. هەروەها ئەرکی خێزانە کە منداڵەکانی فێر بکات لەسەر ئەوەی کە چۆن بیر دەکەنەوە، چۆن گوێ ڕادەگرن و چۆن ڕێز لە یەکتر دەگرن و چۆن پێوەندی دروست دەکەن. خۆشیان دەبێ هەموو کات ئامادەیی ئەوەیان تێدا بێ کە گوێ لە منداڵەکانیان ڕابگرن و گیانی بەخشندەییان هەبێت.

---

(١) د. عبداللە رشدان، المدخل الی التربیە والتعلیم، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

٣- پەروەردەی ژیری:

لەم بارەیەوە مارگرێت رییل (١٩٤٣) دەڵێ: "خۆشەویستی باوان شتێکی بنەڕەتییە بۆ گەشەکردنی سروشتی ژیری، ئەو منداڵانەی سەرپەرشتی و چاودێری ناکرێن لە زور بوار تووشی دواکەوتن دێن". لەم بارەیەوە بلوم (١٩٦٤) پیشتگیری لەم بۆچوونە دەکات و دەڵێت: گۆڕانکارییەکان لە درێژی و کێش و پلەی زیرەکی و رەهەندەکانی کەسایەتی پەیوەندییەکی تەواوی بە بارودۆخیماڵەوە هەیە. لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەی بۆ ڕادەی زیرەکی کراوە کە تا ماوەی پەنجا ساڵ وەرگیراوە، بۆی دەرکەوت کە ٥٠٪ پەنجا لە سەدای رادەی زیرەکی لە چوار ساڵی سەرەتاییی تەمەن وەردەگیرێت. هەروەها دەڵێ ئەگەر منداڵ لە ناوەندێکی هەژار پەروەردە بکرێ، بێگومان مەبەستی ئەو لە خراپی باری خۆراك و خزمەتگوزارییە لەو ساڵانەی تەمەنی، رادەی (٥،٢٪) دوو فاریزە پێنج لە سەدای پلەی زیرەکییەکەی ساڵانە لە دەست دەدات، کە ئەمە گرینگی ڕۆلی پەروەردەکردنی خێزانی لە ژیانی مروڤ نیشان دەدا[١].

٤-پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی و ئابووری:

خێزان هەڵدەستێ بە پارێزگاریکردن لە ئەندامانی کۆمەڵگە و بۆ کار و کارلێکردنی کۆمەڵایەتی ئامادەیان دەکات. هەروەها هەر خێزانە کە بەهای کارکردن و خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ وڵات لە دەروونی ئەندامانی دەچینێ.

٥- پەروەردەی ئاینی:

خێزان ڕوڵێکی سەرەکی دەگێڕێ لە گەیاندنی بنەما ئاینییەکان و دروستکردنی بیر و باوەڕی ئاینی تایبەت لەناو تاکدا، هەموو منداڵێك کە لەدایك دەبێ ئاین و بیر و باوەڕە ئاینیەکەی خێزانەکەی بە میرات وەردەگرێ، هەر لە سەرەتای ژیانی فێر دەکرێ کە لایەنە خێر و شەڕ و پیرۆزی و ناپیرۆزی چین و دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە ڕەفتاری ژیانی ڕۆژانەیدا.

٦-پەروەردەکردنی رەگەزی:

منداڵ لەناو خێزاندا جیاوازی ڕەگەزی نێر و مێی فێر دەکرێ و هەروەها چۆنیەتیی دروستبوونی منداڵ و کاریگەریی جیاوازی ڕەگەزی لەسەر هێنانە کایەی جیاوازی ڕەفتاری ڕەگەزیش فێر دەکرێت .

(١) د. ابراهیم ناصر، علم الاجتماع التربوي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣-٧٥ .

٧-پەروەردەکردنی کات بەسەربردن:

لە ژیانی مرۆڤدا کاتی بۆش (فراغ ) هەیە بۆ خوشگوزەرانی، ئەگەر ئەو کاتانە بە یاری و کار و چالاکی خۆش پر نەکرێتەوە، خاوبوونەوە و بێزاری و چەقبەستن پەرە دەسێنێ. خێزان هەڵدەستێ بەپڕکردنەوەی ئەو کاتانە و فێرکردنی منداڵ بۆ چۆنیەتی بەسەربردنی بە رێگەی فێرکردنی جۆرەها یاری و کار و چالاکیی تایبەت بەو کاتانە[١].

**رۆڵی پەروەردەییی خێزان لە کۆمەڵگەی کوردیدا**

لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە درێژاییی مێژوو خێزان پیرۆزی و گرینگی خۆی هەبووە و هەیە، رولێکی کاریگەر دەگێڕێ لە ژیانی تاکە کەسدا. دیارە شێوە و ئەرك و رۆڵە سەرەکییەکانی پێکهاتەی خێزان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی فەرهەنگ و کولتووری باو لە کۆمەڵگە لەو ڕوانگەیەوە کە کولتوور «سەرجەم ئەو بەرهەم و ئەنجامە مێژووییانە دەگرێتەوە کە کۆمەڵێکی دیاریکراو بە درێژاییی مێژووی خۆی هێناویەتە بەرهەم، لەوانە زمان، بیر و ئەدەب و هونەر و ئەفسانە و میراتی فۆلکلۆری و بابەتە تیۆری و زانستەکان و داوونەریت دەگرێتەوە. بەم پێیە هەر کۆمەڵێك کولتوورێکی تایبەت بە خۆ و جیاواز دێنێتە بەرهەم کە بەهۆیەوە کەسایەتی تایبەتی خۆی دەردەخات»[٢].

بنیاتی کۆمەڵگەی کوردی وەکو زۆربەی گرووپ و کۆمەڵە و میللەتانی جیهان بنیاتێکی خێڵەکی بووە، بەجۆرێك دوا بەدوای ئەو هەموو گۆڕان و پێشکەوتنە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە بەسەر ناوچەکەدا هاتووە تاکو ئەمڕۆش ئەم کۆمەڵگەیە سیمای کۆمەڵگەی خێلایەتی پێوە دیارە.

بێگومان کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی کولتوورێکی پراوپڕ لە خەسڵەتی خێڵەکی (هۆزایەتی) بەرهەم دەهێنێ کە زاڵبوونی دەسەڵاتی تاکرەوی و پیاوسالاری لە خەسڵەتە هەرە بەرچاوەکانیەتی. کاریگەریی ئەم سیستەمە لەسەر گشت پێکهاتە و دامەزراوەکانی تری نێو ئەم کۆمەڵگەیە دەبینرێ لە سەرووی هەمووشیانەوە خێزان. دەزگای خێزان کە یەکەی پێکهاتنی دەزگا پەرەسەندووەکانی تری وەکو خێڵ و هۆز و

(١) د. ابراهیم ناصر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤.

(٢) رەفیق سابیر، کولتور و ناسیۆنالیزم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٣، ص ٤٤.

دەوڵەتە لە کۆنەوە لە کۆمەڵی کوردیدا یەکەیەکی توندوتۆڵی پتەوی داخراوبووە بەرووی خۆیدا، واتە خێزان بەشی هەرە زۆری پێوەندی و چالاکییە ژیارییەکانی لە سنووری خۆیدا ئەنجام داوە. سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی لە کوردستان بە چەشنێکە، پلـە و پـایـەیـەکی زۆر بۆ خێزان و خێڵ و پێوەندییە خزمایەتییەکان دادەنرێت(١). تەنانەت نووسەر و رۆشنبیرانی بیانیش پێ لەسەر ئەو راستییە دادەگرن کە میللەتی کورد خەڵکانێکن پێوەندیەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ وڵات و خێزان و خاکی خۆیاندا هەیە(٢).

هەروەها مینۆرسکی (١٩١٥) لەمیانی سەردانی بۆ کوردستان و هاوژیانی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەدا سەبارەت بە رەوشی خێزان دوو خاڵ سەرنجی راکێشاوە:

یەکەم: پێوەستبوون و پتەوی پێوەندیی خێزانی .

دووەم: بەهێزتربوونی هەستی تاکی کوردی بەرامبەر بە خێزان و خێڵ، بەبەراوردکردن لەگەڵ هەست و سۆزیان بەرامبەر بە مرۆڤایەتی و برای ئاینی و تەنانەت هەستی نەتەوەش(٣).

دیارە ئەو بارودۆخە بەپێی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان دۆخەکەیان گۆڕانکاری بەسەر دادێ و لە هەندێك ناوچە پرسی خێڵایەتی و داوونەریتی کۆن خەستتر و لە هەندێك بەش و ناوچەی تر کاڵتر دەبێتەوە.

بەپێی ژمارەی پێکهێنەرانی خێزان لە سەردەمی ئەمڕۆدا خێزان بەسەر دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکرێ:

١-خێزانی هاوسەرێتی (ناوکی): کە تەنها لە مێرد، ژن، منداڵان پێك هاتووە ئەم خێزانەش پشت ئەستوورە بەو وابەستەییەی کە لە هاوسەرگرتنەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەم جۆرە خێزانە لە کۆمەڵناسی بە خێزانی سادە یان بچووك ناو دەبرێ

---

(١) چنار سعد عبداللە، کاریگەریی باری سیاسی لەسەر گەشەکردنی هوشیاریی نەتەوەییی کورد دوای راپەرین ١٩٩١، وەزارەتی رۆشنبیری، ٢٠٠٥، ل ٥١.

(٢) د. عبداللە الحسین مستوفی ، تصویرکردها درچرش حیات اجتماعی ملتها ، انتشارات علم و هنر، تهران (1987) ل٣٢.

(٣) د. بدرخان السندی، المجتمع الكوردي في المنظور الاستشراقي، دەزگای ئاراس هەولێر، ٢٠٠٢، ل ١١١.

کە لە سەردەمی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردیدا دوا بەدوای پێشکەوتنی کۆمەڵگەو فراوانبوونی شارەکان و سەختی ژیان و خوێندەواربوونی باوان بە تایبەتی دایك و کارکردنی لە دەرەوە روو لە پەرەسەندنە .

٢-خێزانی هاوخوێن یان فراوان (هاوبەش): پێك هاتووە لە کەسانێك کە بەهۆی پێوەندیی خزمایەتی و خوێنییەوە پێکەوە بەستراون. ژمارەی ئەندامەکانی لە جۆری یەکەم زۆرترە و زۆر جار لە دایك و باوك و منداڵ و داپیرە و باپیرە و مام و پور و کەسانی تریش پێك دێت.

لەم جۆرە خێزانەدا پێوەندی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی زۆر پتەوە تەنانەت زۆر جار یەك سەرچاوەی ئابووریش کۆیان دەکاتەوە. ئەم چەشنە خێزانانە زیاتر لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵی و لادێی و هۆزایەتی هەبوونیان هەیە و کۆمەڵگەی کوردیش بە رێژیەکی بەرچاو لەو چەشنە خێزانەی تێدایە، ئەگەرچی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان ئەویش بەرەو گۆڕان دەچێ[١].

ئەگەر بێتو خێزان بەپێی دابەشبوونی دەسەڵات و قورساییی هێزەوە دابەش بکرێت، ئەم چەند جۆرەی خوارەوە دەگرێتەوە :

١- خێزانی باوکسالار (patriarchal-family)، کە پیاوان تێیدا بالادەست و دەسەڵاتدارن، ئەمە خێزانی باوی کۆمەڵگەی کوردییە.

٢- کاتێك لە خێزاندا ئافرەت دەسەڵاتی زیاتری دەبێ و کۆنترۆڵی کاروبارەکان دەکات ئەو چەشنە خێزانانە بە خێزانی دایکسالار ناوزەد دەکرێن .

٣- جۆری سێیەم ئەو چەشنە خێزانەیە کە دەسەڵات لە نێوان ژن و پیاو بە شێوەیەکی یەکسان دابەشبووە، هەردوو لا خاوەن دەسەڵاتن، واتا هاوسەنگییەکە راگیراوە و بەیەکسانخواز ناو دەبرێ، ئەم چەشنە خێزانانە لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی خۆرئاودا زۆر بەربڵاوە [٢]. سەبارەت بە دەسەڵاتی پیاو لەناو خێزانی کوردیدا نیکتین دەڵێ:

«باوك گەورەی خێزانە هەر ئەویش مافی تەواوی لە هەموو شتێکدا هەیە .پێگەی

(١) مەنۆچێهر موحسنی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٨٦ .

(٢) د. شاكر خصباك ، الاكراد دراسة جغرافية اثنوغرافية، الدار العربية للموسوعات، بيروت لبنان، ٢٠٠٥، ص٤٥٧.

یەكەمی هەیە لە خێزان ، لە بەردەم ئەودا هیچ ئەندامێكی خێزان مافی قسەكردن یاخۆ دانیشتنی نییە مەگەر بەوەرگرتنی مۆڵەت لەو» (١).

ئەوەی نیكتین باسی لێوە دەكات رەوشی ژیانی خێزانی كوردییە لە قۆناخەكانی پێشتر، ئێستا ئەم دۆخە گۆڕانكاریی بەسەردا هاتووە، راستە سیستەمی باوكسالارییە كە لە رۆژگاری ئەمرۆشدا پەیڕەوی لێ دەكرێ بەڵام ئەندامانی خێزان تا ڕادەیەك سەربەخۆیی خۆیان وەرگرتووە.

سەبارەت بە ئەركە سەرەكییەكانی خێزان دەتوانین ئاماژە بەو راستییە بكەین كە رۆڵ و ئەركی ئەم دەزگا گرینگە كۆمەڵایەتییە بەپێی گۆڕانی كۆمەڵایەتی و پێشكەوتنی ژیان گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە. لە كۆمەڵگە نەریتییەكاندا خێزان جگە لە ئەركی بایۆلوجی و وەچەخستنەوە، ئەركی دەزگای پەروەردەیی و ئابووری و سیاسی و كات بەسەربردن و چاودێریكردنی دەبینی كە ئەمڕۆكە دامەزراوەی تایبەت بۆ ئەو مەبەستانە پێك هاتوون. خێزان وەكو دەزگایەكی گرینگ لە ژیانی ئادەمیزادا لە بواری پەروەردەكردن و پێگەیاندنی منداڵ رۆڵێكی گرنگی گێڕاوە لە گشت كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا. لە كۆمەڵگەی كوردیشدا دۆخەكە هەر بەو چەشنە بووە، لە نەبوونی دامەزراوە پەروەدەییە فەرمی و نافەرمییەكان ئەركی پەروەردەكردنی منداڵ بەپلەیەكی سەرەكی لە ئەستۆی خێزان بووە .

دایك و باوك و ئەندامانی خێزان هەریەكەیان بە رێژەی جیاواز رۆڵیان هەبووە لە ئەنجامدانی پرۆسەی پەروەردەییی منداڵ. لە سەرەتای لەدایكبوونی منداڵ بەرپرسیاریەتی فێركردن بەتەواوی دەكەوێتە سەر ئەستۆی دایك، پاش تێپەربوونی چەندان ساڵ كوران دەكەونە ژێر كۆنترۆڵی باوك بەڵام كچ هەر لەژێر دەسەڵات و چاودێری دایك دەمێنێتەوە و تا تەمەنی شوكردن(٢) .

هەر لەو بارەیەوە نیكیتن جەخت دەكاتە سەر رۆڵی پەروەدەییی دایك لەناو خێزانی كوردی، بەجۆرێك هەر دایكە كە پەروەدەكردن و فێركردنی سرودی نیشتمانی و هەڵپەركێ و سوارچاكی و نووسین لە ئەستۆ دەگرێ(٣). لەو باسەدا رەنگە نیكیتن

---

(١) باسیل نیكیتین، الاكراد، دار الروائع، بیروت – لبنان، ١٩٦٧، ل ١٨٠.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٤–١٨٥.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل١٨.

زێدەڕۆیی کردبێ لەبەرئەوەی لە خێزانی کوردیدا، بەتایبەتی لە قۆناخی هەرە زووەکان، دایك زۆربەی کات نەخوێندەوار بووە بۆیە نەیتوانیوە منداڵەکانی فێرە نووسین بکات. بەڕێگەی خێزانەوە بەها و داب و نەریت و کولتووری نەتەوە دەگوازرێنەوە بۆ منداڵ.

دایك ئەرکی چاودێریکردن و شیردان و پاك و خاوێنی و گەیاندنی گشت داوونەریتەکانی بە منداڵ لە ئەستۆیە؛ لە سەردەمی بەر لە بڵاوبونەوەی داوودەزگای فەرمی پەروەردەیی و قوتابخانەکان، منداڵ بەڕێگەی لایەلایە و گۆرانی و پەند و چیرۆك کولتووری کوردی فێر دەکرا.

منداڵی کچ هەر لە تەمەنی منداڵییەوە تا شووکردن گشت ئەو کار و هونەر و ڕۆڵانەی پێ دەسپێردرا کە پێویستە ژنێك بیزانێت و کوڕیش لە دوای تەمەنی حەوت ساڵی لەگەڵ باوکی فێری کار و مێوانداری و هونەری بەڕێوەبردنی دیوەخان دەکرا. کوڕ لەسەر هەمان پیشە رادەهێندرا کە پیشەی باوو باپیرانی و خانەوادەکە بوو. تەنانەت پەروەردەکردنی ئاینیش هەر لە ئەستۆی خێزان دابوو کە ئەویش بەڕێگای چاولێکردنی ڕێوڕەسمەکانی نزا و پاڕانەوە و نوێژو ڕۆژیگرتن و بەرپاکردنی جەژنەکان بەڕێوە دەچوون(١).

لە قۆناخی ئەمڕۆدا ڕۆڵ و ئەرکی خێزانی کوردیش هاو کات لەگەڵ ئەرکی خێزان لەسەر ئاستی جیهان گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە، بەڵام بەڕێژەی جیاواز .

ئەگەر لە قۆناخەکانی پێشووتر زۆربەی دایکان و باوکان نەحوێندەوار بوون، بەڵام ئەمڕۆکە دەتوانین بڵێین کە ئەم دۆخە بە ڕێژەیەکی بەرچاو گۆڕانکاریی بەسەر داهاتووە و ئەم دۆخە تازەیەش کاری کردووەتە سەر شێوازی پەروەردەکردنی منداڵ. ئەگەر لە کۆندا منداڵ لەناو خێزاندا تەنیا داوونەریت و بەها کۆمەڵایەتی و ئاینییەکانی فێر دەکرا و گوێبیستی گۆرانی و چیرۆك و هونەری فۆلکلۆری دەبوو، کەچی ئەمڕۆکە بەهۆی کراوەیی هەرێمی کوردستان بەڕووی جیهان و خوێندەواربوونی دایکان و کارکردنیان لەداوودەزگاکانی میری داوونەریت و فەرهەنگی بێگانە ئاوێتە بووە لەگەڵ فەرهەنگی کوردەواری و دایك کەمتر لەجاران بواری هەیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆی بەتەنیا منداڵ پەروەردە بکات، بگرە زۆرجار بە

(١) تۆماس بوا، تأريخ الاكراد، ت: محمد تيسير ميرخان، دار الفكر المعاصر، بيروت لبنان، ٢٠٠١، ص ٨٠٧٥.

مەبەستی چاودێریکردن و فێرکردن پشت بە داوودەزگا تایبەتییە پەروەدەییەکان دەبەستێ.

ب- گرووپی هەڤالان (گرووپی یاری) :

دووەم گرووپی کۆمەڵایەتی کە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانیدا ئاشنای دەبێ گرووپی برادەرایەتی و هەڤالان (گرووپی یاری)یە.

گرینگی ئەم ناوەندە وەکو زاناکانی بواری پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی ئاماژەی پێ دەدەن لەوەدایە کە مرۆڤ لەو ناوەندەدا گەشە بە لایەنی هزری و کەسایەتی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی خۆی دەدات، بەتایبەتی بە رێگەی یاریکردن.

سەبارەت بە یاریکردن، لە سەردەمانی زوودا وا باو بوو کە چالاکییەکان تەنیا لەپێناو خوشگوزەرانی و پڕکردنەوەی کاتی بەتاڵ ئەنجام دەدرا، بەڵام ئێستا مانای ئەو کردارە گۆڕانکاریی بەسەر داهاتووە بە بەشێکی تەواوکەری پرۆسەی پەروەردەیی گشتی دادەنرێ. (بیاجیە) لەو بارەیەوە دەڵێ: یاریکردن پرۆسەیەکی نواندنە، زانیارییەکان بەجۆرێك وەردەگرێ کە بگونجێ لەگەڵ پێداویستییەکانی تاك، بۆیە یاریکردن و لاساییکردنەوە و قسەکردن بەشیکی دانەبڕاوە لە پرۆسەی گەشەکردنی ژیری و زیرەکی(١). لە ڕۆڵی پەروەردەیی گرووپی هەڤالان بەتایبەتی ڕۆڵی یاریکردن لە ژیانی منداڵ و کاریگەریی لەسەر بوارەکانی پەروەردەکردنی مرۆڤ لێکۆڵەرەکان بایەخی یاریکردن لە پرۆسەی پەروەردەکردن لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت دەکەنەوە :

١- کاریگەریی پەروەردەیی یاریکردن لەسەر گەشەکردنی ڕادەی تێگەیشتن:

لەبەرئەوەی یاریکردن توانای شیکردنەوە و لێکدانەوە و بیرکردنەوە و تێبینیکردن زیاتر دەکات، هەروەها هۆکارێکە بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر و بە هێزکردنی توانای ڕێکخستن و دۆزینەوە و کۆنترۆڵکردن.

٢- کاریگەریی پەروەردەیی یاریکردن لەسەر گەشەکردنی هەڵچوون: یاریکردن دەرفەتێکی لەبارە بۆ منداڵ تاوەکو هەست و سۆز و هەڵچوونەکانی خۆی تێدا بەتاڵ بکات. بەتایبەتی سۆزە کپکراوەکان بە ڕێگەی بەتاڵکردنیان بەسەر کەرستەکانی یاریکردن.

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٩٢.

٣- كاریگەریی پەروەردەیی یاریکردن لەسەر گەشە پێکردنی کۆمەڵایەتی:

ئەنجامدانی یاری جۆراوجۆر کەسایەتی منداڵ بەهێز دەکات، بەتایبەتی یارییە بە کۆمەڵەکان هانی زیاتر پەروەردەکردنی بنەما و ڕێنوێنییە کۆمەڵایەتییەکان دەدات . منداڵ لە کاتی یاریکردندا فێری ئەوە دەبێ کە چۆن پابەندبێ بە بنەما و یاساکانی یاری و هەروەها چۆن بەجوانترین شێوە ڕۆڵی خۆی بگێڕێ. هەر لە کاتی ئەو چالاکییە دایە کە تاك فێری ئەوە دەبێ کێشەکانی چارەسەر بکات و پێوەندی لەگەڵ دەوروبەری خۆی دروست بکات و برادەر دەستنیشان بکات و ڕێز لە بەها و کارە پیرۆزەکان بگرێ.

٤- کاریگەریی پەروەردەیی یاریکردن لەسەر گەشەپێکردنی جەستەیی و جووڵە:

ئەمەش زیاتر ئەو یاریانە دەگرێتەوە کە چالاکی و جوولانی تیدایە، کە پێوەست دەبێ بە جەستە و هێزی بازوو و هوشیاریی منداڵ بۆ جەستەی خۆی کە ئەمەش تواناکانی بزوان و ڕۆڵ نواندن زیاتر دەکات[١].

ج- دەزگای ئاینی:

بەر لەوەی باس لە ڕۆڵی پەروەدەیی دەزگای ئاینی بکەین، پێویستە لە سەرەتادا لە واتای ئاین تێ بگەبین. ئەگەرچی زۆر دژوارە بتوانین پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ئەو چەمکە بدۆزینەوە ئەویش بەهۆی زۆری ژمارەی ئاینەکان و جۆراوجۆری و جیاوازی لە بیر و باوەڕ و فەلسەفەی ئاینەکان .

ئیمیل دۆرکهام (١٨٥٨-١٩١٧) Durkheim.E پێناسەی ئاین دەکات بەوەی کە (سستەمێکی بەیەکەوە گرێدراوی بیرو باوەرو کرداری پێوەست بەشتە پیرۆزەکانە، واتە ئەو شتانەی لە شتە ئاساییەکانی تر جیا دەکرێتەوە و لە ڕیزی شتە قەدەخەکراوەکان دادەنرێن. ئەو بیر و باوەڕ و کردارانە گشتی ئەو کەسانەی پێرەوی لێ دەکەن لە کۆمەڵێکی ئاکاری بەناوی کڵێسادا یەك دەخات)[٢].

ئەو پێناسەیەی دۆرکهایم بۆ ئاینی مەسیحییە. هەروەها پێناسەیەکی تر کە بۆ

(١) د. محمد محمود الخوالدة، مقدمه في التربية، دار المسيره، عمان الاردن، ٢٠٠٣، ص ٢١٥-٢١٧.

(2) Michael Haralambos and Martin Holborn, Ibid, p447.

ئـایـنـە ئـاسمـانـیـیـەکـان کراوە، بەم شێوەیە ئەم چەمکە شی دەکاتەوە: «ئـایـن ئـەو ڕێنـوێنـیـیـانـە دەگرێتـەوە کـە هـاتوونـەتـە خـوارێ و شێوەی بـیر و بـاوەڕێکی نـەگۆڕی وەرگرتووە و ئامانجی ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵایەتی مرۆڤە لەسەر بنەمای خوایی»(١).

هەروەها دەتوانین بڵێین «ئاین بە کۆمەڵە یاسا و ڕێکخراوێك دادەنرێ کە لەلایەن خوای گەورە بۆ پێغەمبەران هاتووەتە خوارێ بۆ ئەوەی کۆمەڵگە گەندەڵبووەکانی پێ ڕێك بخرێت، هەروەها ئاین بە کۆمەڵە یاسا و بیر و باوەڕ و هەستێك دادەنرێ کە بەهۆیەوە دەتوانرێ پەروەردگاری پی بناسرێ»(٢).

لە کۆی ئەو چەند پێناسەیە دەتوانین بڵێن کە ئاین برێتییە لە سیستەمێکی بیر و باوەڕ کە هەڵسوکەوتی ئەندامانی کۆمەڵگە ڕێك دەخات و ئاراستە دەکات، هەروەها خۆی لە جێبەجێکردنی کۆمەڵێك پەرستش و بۆنە و ڕێوڕەسمی تایبەت دەدۆزیتەوە کە پەیڕەوکردن لێی لەلایەن پەیڕەوکارانی بەزۆر دادەنرێ و لادان لێی بە گوناه دەژمێردرێ.

کاریگەریی ئاین بە هەموو جۆرەکانییەوە بە درێژاییی مێژوو لەسەر ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە زۆر بە هێز بووە بەتایبەتی لە قۆناخە سەرەتاییەکان دا .

ئایین بەشێکی سەرەکیی ژیانی مرۆڤی پێکهێناوە و ڕەنگی داوەتەوە لەسەر لایەنی ڕوحی و ڕەفتاری و فەرهەنگیی ئەندامانی کۆمەڵگەکان .تەنانەت زۆرجار ئایین بە پێداویستییەکی ڕوحی مرۆڤ دادەنرێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە نادیار و شاراوەکان، وەکو گوتراوە کە ئاین برێتییە لە هێزێکی باڵای ئاسمان(٣).

هەر ئاینێکی دیاریکراو کەسان و دەزگای تایبەت بە خۆی هەبووە بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و باوەڕ و پەروەدەکرنی پەیڕەوکاران و بڵاوکردنەوەی بەها و فەرهەنگ و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە پیرۆزە ئاینییەکان. ئەو دەزگا ئاینییانە ئەرکی خواپەرستی و ئەنجامدانی ڕێوڕەسم لە بۆنە ئاینییەکان و لە زۆربەی کاتدا ڕۆڵی پەروەردەکردنی ئایندارانی لە ئەستۆدا بووە .

---

(١) د. محمد جواد رضا ، فلسفه التربية، جامعه الكويت ، ١٩٧٢ ، ص ١٦٣.

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل ١٦٥.

(٣) د. محمد جواد رضا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٥ .

ئەو دەزگایانە هاوكات لەگەڵ خێزان  رۆڵی پەروەدەكردنی رەفتاری و رەوشتی و بیروباوەڕی و گواستنەوەی بەهاو داوونەریتی كۆمەڵگەیان لە ئەستۆ بووە، هەروەها شوێنێك بووین بۆ دیاریكردنی كارە پیرۆز و ناپیرۆزەكان و دانانی سنووری كاركردن بۆ ژیانی ئەندامانی كۆمەڵگە بەپێی ئاینە جۆراوجۆرەكان، لێرەدا هەوڵ دەدەین رۆڵی ئاینی ئیسلام لەو بارەیەوە بە نموونە بهێنینەوە.

**مزگەوت شوێنی عیبادەتكردنی موسڵمانان:**

لەگەڵ بڵاوبوونەوی ئاینی ئیسلام پێویستی دروستكردنی شوێنی تایبەت بە جێبەجێكردنی رێورەسمی ئاینی و خواپەرستی هاتە كایە، مێژووی پەروەردەكردنی ئیسلامی پێوەندییەكی راستەخۆی هەیە بە دروستبوونی مزگەوتەكان قسەكردن لەسەر مزگەوت واتا قسەكردن لەسەر شوێنی گەشەكردن و بلآبوونەوەی كولتووری ئیسلامی[١].

زانایانی ئاینی لە مزگەوتەكاندا رۆڵی مامۆستایان دەبینی و بەڕێگەی كۆبوونەوەی خەڵك لە كاتەكانی نوێژكردن و لە دوانەكانی رۆژانی هەینی بنەما ئاكاری و بیر و باوەڕییەكانی ئاینی ئیسلام بۆ پەیڕەوكارانی شی دەكرانەوە .

رۆڵی مزگەوت بەرەو فراوانی چوو بەجۆرێك بووبووە شوێنێك هەم بۆ پەرستن و فێربوون و دادوەری و هی تر. یەكەم مزگەوت لە ئیسلام مزگەوتی (القباء) بوو دواتر ژمارەی مزگەوتەكان زیادی كرد لە بەناوبانگترینیان دەكرێ ناوی مزگەوتی مەنسوور، مزگەوتی دیمەشق و مزگەوتی عومەر بن عاس و مزگەوتی ئەزهەر ناوببەین[٢].

لەدوای تێپەربوونی چەندان سەدە و لە سەدەی بیست و یەكەمیش مزگەوتەكان و شوێنە ئاینییەكانی تری وەكو حوجرە و خانەقاكان رۆڵی كاریگەریان هەیە لە گەیاندن و گواستنەوەی پەیامە ئاینیەكان بەتایبەتی دوا بەدوای بڵاوبوونەوەی ئیسلامی سیاسی و دروستبوونی كۆمەڵە و پارتەكانی ئیسلامی مزگەوتەكان بوونەتە ناوەندێك بۆ بڵاوبوونەوەی ئایدیۆلوجیای ئیسلامی رامیاری ئەوەش رۆڵ و كاریگەریی ئەم ئاینە دەردەخات لە پرۆسەی پەروەردە و فێركردندا.

---

(١) إبراهيم ناصر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩،٨٨.

( ٢)  د. عبدالله الرشدان، سەرچاوەی پیشوو، ل١٤٠.

* **ڕۆڵی پەروەردەیی دەزگای ئاینی لە کوردستاندا:**

هاوکات لەگەڵ خێزاندا دەزگا ئاینییەکان ڕۆڵی کاریگەریان گێڕاوە لە بواری پەروەردە و فێرکردنی کورددا. ئاین ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری کردووەتە سەر گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی و هەموو کات ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزی هەبووە بەسەر داوونەریت و شێوازی بیرکردنەوە و بنەما کولتوورییەکان. خەڵکی کوردستان زۆرینەیان ئیسلامی و سوننین و سەر بە مەزهەبی شافعین(١).

کاریگەریی ئەم ئاینە لەسەر ژیانی ڕوحی خەڵك بە ئەندازەیەك بووە، کە سەرلەبەری ژیانی گرتووەتەوە، بۆیە دەتوانین ڕۆڵ و بایەخی ئاین لە ژیانی ڕۆژانەی کورد لە گشت بوارەکانی ژیان لە کوردستان بەدی بکەین، گوندێك نییە بەبێ مزگەوت، نوێژ و ڕۆژووگرتن بەشێکی زۆر لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەی گرتووەتەوە، ئەمە سەرەڕای بەجێ گەیاندنی ئەرکی نوێژی بەکۆمەڵ لە ڕۆژانی هەینی و ئەنجامدانی حەجکردن(٢). بۆیە دەتوانین بڵێین ئاین توخمێکی هەرە گەورەی ناو کولتوورە و گەورەترین پانتاییی کۆمەڵگەی داگیر کردووە(٣)..

لە کۆمەڵگەی مرۆییدا ئاین ڕوڵێکی کاریگەر دەگێڕێ لە هێنانە کایەی بیرورا و داوونەریت و بەها و کۆمەڵایەتییەکان. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە لە زۆربەی قۆناخەکانی مێژوودا بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە پیاوانی ئاینی باڵادەست بوون کەناڵێکی گرینگ بووە بۆ بڵاوکردنەوەی کولتووری کۆمەڵگە و پەروەردەکردنی ئەندامانی کۆمەڵگە بەو چەشنە کە کۆمەڵگە پێویستی پێی هەبووە، جیا لەوەی کە ئەو ئاینە چ ئاینێك بێت.

لە کۆمەڵگەی کوردیشدا کە کۆمەڵگەیەکی هۆزگەرایەتی یاخۆ نەرێتی بووە، ئەو دوو ناوەندەی کە تاك تێیدا فێری بەهاو بنەما کولتووری و نەرێتی و بیروباوەڕ و ڕێ و ڕەسمەکان دەکرا بە پلە یەك خێزان و بە پلە دوو دەزگای ئاینی یاخۆ مزگەوت بوو.

(١) د. محمد قيسی، شعوب وتقاليد وغرائب وعادات من العالم، الجزء الثانی، مؤسسة الرخا الحديثة، بيروت لبنان، ١٩٩٩، ص٣٨.

(٢) د. ڕشاد میران، ڕەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵ ٢٠٠٠، ل٥٤

(٣) موسڵح ئیروانی، ئیسلام و ناسیونالیزم لە کوردستاندا، چاپخانەی ئاراس هەولێر، ٢٠٠٣، ل٣٩.

ڕول و كاریگەریی ئاین بەپێی جۆری كۆمەڵگە و قۆناخەكانی جیاواز و بەرچاو بووە. ئاین وەكو توخمێكی كاریگەر ناو كولتووری كۆمەڵگە كاریكردووەتە سەر گشت بوارەكانی ژیان .

(دۆركهایم) زانا و فەیلەسووفی كۆمەڵناسی لەو بارەیەوە دەڵێ: (لە كۆمەڵگە بچووك و نەریتەكاندا دەتوانین بڵێین كە نزیكەی زۆرینەی لایەنەكانی ژیان دەكەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئاین. رابەڕایەتی ئاینی هەم بیر و گوتاری هزری تازە دێنێتە كایە و هەم بەها دەدات بەوانەی كە هەن و و پشتگیرییان لێ دەكات. هەروەها بەردەوام دەبێ و دەڵێ ئاین تەنیا برێتی نییە لە زنجیرەیەك هەست و كردار، بگرە جۆری بیركردنەوەی تاكەكان لە كۆمەڵگە نەریتییەكان دەستنیشان دەكات [١].

لەبەر رۆشناییی. ئەم ڕاستییانەی سەرەوەدا دەتوانین بەدڵنیاییییەوە بڵێین رۆڵی دەزگا ئاینییەكان ئەوەندە بەرچاو و كاریگەر بووە، بەجۆرێك لە نەبوونی دامەزراوە مەدەنی و تایبەتییەكانی پەروەدە و فێركردن لە قۆناخەكانی زوودا داوودەزگای ئاینی و پەرستگاكان بە هەموو جۆرەكانییەوە كەناڵی سەرەكیی و دامەزراوەی پەروەردەكردن بوون. بۆ نموونە «كڵێساكانی كاتۆلیك بە درێژاییی (٩) نۆ سەدە، لە ئەورووپای رۆئاوادا دەسەڵاتی تەواوی پەروەردە و فێركردنیان لە ئەستۆ گرتبوو.» [٢]

كاتێك دەمانەوێ قسە لەسەر رۆڵ و كاریگەریی ئاین بكەین لە ژیانی كۆمەڵگەی كوردیدا ڕووبەڕووی هەمان هێز و قورساییی ئاین دەبینەوە لەسەر گشت بوارەكانی ژیانی ئەم كۆمەڵگەیە و رەنگە بە ڕادەیەكی زۆرتریش .

لەبەرئەوەی وەكو لە پێشتر ئاماژەمان پێ داوە كە كۆمەڵگەی كوردی وەكو زۆربەی كۆمەڵگەكانی تر لەسەر بنەمایەكی خێڵایەتی و نەریتی دامەزراوە و بەهۆی بارودۆخی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسیی ناوچەكە و هەڵكەوتی جوگرافی ئەو میللەتە تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە لەو قۆناخە خۆی رزگار بكات لەو چەشنە كۆمەڵگەیانەدا وەكو ئەنتۆنی گیدنزیش دەڵێ: ئاین بەشێوەكی گشتی رۆڵی بنەڕەتی لە ژیانی كۆمەڵایەتی دەگێڕێ. ڕێوڕەسمە ئاینییەكان دەچنە بنج و بنەوانی فەرهەنگە مادی و هونەری و مۆسیقا، ڕەسم و شێوەكاری و سەما و چیرۆك و ئەدەبیات[٣] ئەمە

(١) انتۆنی گیدنز، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٣٧،٥٣٨.

(٢) لوتان كوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠٦

(٣) انتۆنی گیدنز، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٧.

سەبارەت بە کوردیش هەر ڕاستە. کوردستان وڵاتێکی فرە ئاینە (زۆرینەی موسڵمانی سوننە و کەمینەی شیعەن ئەوە جیا لەوەی کە ئاینی تری وەکو ئێزیدی و کاکەیی، مەسیحی) بوونیان هەیە. بێگومان هەریەکە لەو ئاینانە بەشێوازی خۆی کاریکردووەتە سەر ڕووەکانی کولتووری و گشت ڕووکارەکانی ژیان بەتایبەتی ئاینی ئیسلام کە ئاینی زۆرینەیە. نەتەوەی کورد باوەڕێکی پتەوی بە ئاینی ئیسلام هەیە، گشت ڕێوڕەسم و سیمبول و بۆنەکان بە پیرۆز رادەگیرێن. نەبوونی دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی لە کۆمەڵگەی عەشایری بووەتە هۆی ئەوەی کە ئاین زۆر بە قووڵی بچێتە بنج و بنەوانی ژیان لەو کۆمەڵگەیەدا و گشت بۆشاییە رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و هزرییەکان پڕ بکاتەوە. ئەوەتا پیرۆزی ئاین و پیاوانی ئاینی لەلای ئەو نەتەوەیە بەڕادەیەکە کە بەوردی پەیرەوی لە گشت فرمانەکان دەکەن و لێی لانادەن[1]. (حەبیبوڵای تابانی) لە بابەتێکدا لەو بارەیەوە دەڵێت: لە تایبەتمەندییە هەرە بەرچاوەکانی ئاینی کوردان، پێرەوکردن و نواندنی دڵسۆزییە کە بووەتە تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی ئەوان. عەشیرەتی و دواکەوتن و بەڕێوەبردنی یاسا و ڕێسای عەشیرەتی و فەرمانبردن لە سەرداری گەورەی خێڵ و پەسەندکردنی بێ ئەملا و ئەولای فەرمانی ئەوان سەدان سەدە پێش ئێستا بەشێوەیەك لە ڕەگ و ڕیشەیاندا چاندراوە کە بووەتە خەسڵەتێکی تایبەت و واجێی گرتووە کاریگەریی کردووەتە سەر ئاینی ئەوانیش، پەیرەوکردنی فەرمانی پێشەوایانی ئاینیش بووەتە بەشێك لە سروشتیان هەروەك چۆن ئامادەن لەپێناو بۆچوونی سەرۆك خێڵەکاندا گیانبازی بکەن بۆ پێشەوایانی ئاینیش زۆر بە راشکاوانەتر و بە بڕوابییانەوە ئامادەی گیان بەختکردنن[2] ڕاستە ڕەوشەکە لە سەردەمی ئەمڕۆی کوردستان گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە، بەڵام کاریگەرییەکەی لە دەست نەداوە، تەنیا شێوە و ڕووی گۆڕاوە، واتا لە دامەزراوەیەکی کلاسیکی ئاینی بووەتەی دامەزراوەکی ئاینی سیاسی وەکو ئەو پارتە سیاسییە ئیسلامییانەی ئەمڕۆ لە کوردستان گەشەیان کردووە.

هاوشێوەی زۆربەی کۆمەڵگە و میللەتانی جیهان لە کۆنەوە ئاین و ناوەندە

---

(١) د. شاکر حصباك، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٠٥، ل٤٨٦.

(٢) حەبیبوڵای تابانی، هاونەتەوەی قەومی کوردوماد، و: جەلیل گادانی، خانەی وەرگێران، سلێمانی ٢٠٠٦، ل١٥٠.

ئاینییەکان لە دوای خێزان تاقە سەرچاوە و کەناڵی پەروەردەییی تاکی کورد بووە.

کە ئەو کارەش واتە پەروەردەکردن لەلایەن نوێنەرانی ئاینی بەتایبەتی مەلاکان بەڕێوە دەچوو. لەو بارەیەوە (مارتین ڤان برونسن) لە نووسینەکەی سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردی دەڵێ: بە بۆچوونی خۆرئاواییەکان، تەنیا پلە و پایەی موسڵمانی سوننی مەلایەتییە، مەلا سەرپەرشتی و ڕێبەرایەتی بۆنە و ئاهەنگە ئاینییەکانی گوند دەکات و قورئانیش فێرە منداڵان دەکا. بەر لە پەیدابوونی قوتابخانەی نوێ زۆربەی جار مەلا خوێندەوارترین و شارەزاترین کەسی گوند بوو، لە بواری ئاین و دنیادا لە گشت لادێکانیش زێتر گەڕاوە و بۆ ئەملا و ئەولا چووە، چونکە دەبایە لایەنی کەم لە یەکێك، یاخۆ دوو قوتابخانەی ئاینی تری خوێندبا[1]. (عەبداوڕەحمان قاسملۆش) ئاماژە بەو راستییە دەدات کە مەلاکان تەنیا توێژی خوێندەوار بوون لە لادێکانی کوردستان [2] و بەڕێگەی قوتابخانە ئاینییەکان کە پێی دەوترا حوجرە زانیاری ئاینییان دەدا بە قوتابیان، بەو قوتابیانەش کە لەلایەن مەلاکان وانەی ئاینییان فێر دەکرا دەگوترێت فەقێ[3].

هەر سەبارەت بە گرینگی قوتابخانە ئاینییەکان گوتراوە کە: قوتابخانە ئاینییەکان ڕۆڵێکی مەزنیان هەبووە لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، (خوێندن لەو قوتابخانانە جەختی دەکرد لەسەر پیتی هجاء وسورەتی فاتیحە و ئیخلاص و تحیات، دواتر قوتابی جزوعەمەی دەخوێند و بەم شێوەیە کەم کەم قورئانی پیرۆزی تەواو دەکرد. سەبارەت بە نووسین و خەت خودی قوتابی (فەقێ) کاری لەسەر دەکرد، پاش ئەوەی کە فەقێ دەستی بە خوێندنی کتاب دەکرد دەچووە گوندی تر، ژمارەی ئەو کتابانەی کە لە حوجرەکان دەخوێندرا خۆی لە (٦٢) شەست و دوو کتاب دەدا و ماوەی خوێندنیش لە نێوان (١٢–١٨ ساڵ) بەردەوام دەبوو، زمانی خوێندن و شرۆڤەکردن بە کوردی، عەرەبی و هەندێك جار بە فارسی بوو. ئەوەی کە ئەو قۆناخەی دەبڕی و

---

(١) مارتین فان برونەسن، ئاغا شێخ و دەوڵەت، کوردۆ عەلی، چاپی دووەم، چاپخانەی سەردەم, سلێمانی، ٢٠٠٣، ل١٠٦.

(٢) د. عەبدوڕەحمان قاسملۆ، کوردستان و کورد، و: عەبدوڵا حەسەن، چاپەمەنی بنکەی پێشەوا (ب. ش) ، ١٩٧٣، ل٢٩.

(٣) لقمان ا.محو، الکورد وکوردستان ببیلوغرافیا مختارە ومعرفة، ت: هفال، مطبعە ئاراس، ٢٠٠٧، ل١٦.

خوێندنی تەواو دەکرد پێیان دەگوت دوازدە عیلم «مەلای دوازدە عیلم» )[(١)].

سەرچاوەیەکی تری ئاینی لە کوردستان کە بە نۆرەی خۆی کاریگەری هەبووە بەسەر لایەنی کولتووری و پەروەردەیی و ئایدۆلۆجی لەو کۆمەڵگەیەدا ڕۆڵی شێخ و رابەرانی تەریقەکانی شێخایەتی قادری و نەقشبەندی[(*)] بووە لە کوردستان، کە

---

(١) د. عمر إبراهيم عزيز، تطور التعليم في إقليم كردستان العراق، کۆواری ئەکادیمی کوردی، ژمارە ٨،ساڵی ٢٠٠٨، چاپخانەی خانی، ل ١٦٧، ١٦٨.

(*) دەروێشایەیی ئەو ڕێبازە بوو کە لە دوای بەدەستەوەگەرتنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لەلایان سەرکردە و خەلیفەکانی موسڵمانان و دوا بەدوای زیادبوونی دەسەڵات و سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکەکانیان و زیادبوونی موڵك و سامانی ئەوان سەری هەڵدا کە خەریك بوو کەم کەم لە ڕێنوێنییەکانی ئیسلام وسونەتی پێغەمبەر (د.خ) لایان دەدا ئەوە بوو لە سەدەی هەشتەم خەڵکانێك پەیدا بوون و بانگەشەیان بۆ خواپەرستی و گەڕانەوە بۆ ئیسلام و سونەتی پێغەمبەر (د.خ) دەکرد و بەرگی زۆر کۆن و شڕی سۆفییان لەبەر دەکرد، زۆران دەڵێن هەر بۆیە ناویان نابوون سۆفی، داوایان لە خەڵك دەکرد کە ڕوو لە پەروەردگار بکەن و واز لە موڵك و سامان و موغرەیاتی دنیا بهێنن. وەکو سۆفییگەری گەورە و بەناوبانگی رابیعەی عەدەوی (سالی ٧٥٤ مردووە) مەعروفی کەرخی (٨١٦ مردووە)، زەنوونی میسری (٨١٦مردووە) حوسێن کوری مەنسووری حەللاج (٩٢٢مردووە) و.... هتد لە بەسرا و بەغدا و کوفە دەرکەوتن. ئەم ڕێبازە لەسونەت و شەریعەت گەلێ دوورتر چوو کاتێك پەیڕەوکەرانی خۆی بانگ دەکرد بۆ خۆتەرخانکردنیکی تەواو بۆ روو لە خواکردن و پەرستن لەپێناو گەیشتن بە حەقیقەت و دڵنیایی (عين اليقين) و یەکبوون لەگەڵ خوادا (الفنا فى اللّه). جیاوازی لە بیروڕاکانی ڕێبازی سۆفیزم بووە هۆی پەیدابوونی چەندان ڕێباز واتا ڕێگە هەروەکو: ڕێگەی قادری، رفاعی، شازلی، سوهرە وەردیّ، مەولەی، نەقشبەندی و... هتد..، ئەو دوو جۆرە کە لە کوردستان بەرێژەیەکی زۆر بەرچاو رەواجی پەیدا کرد و بڵاوبووە هەردوو تەریقەتی قادری کە لەلایان سۆفیی بە ناوبانگ شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١٠٧٧-١١٦٦ کە کوردێکی خەلکی گوندی (گەیلان)ی لای کرماشان بوو لە کوردستانی خوارووی رۆهەڵات و نەوەکەی شێخ عەبدلقادر عەبدولکەریم گەیلانی (١٣٦٦-١٤١٠) تەریقەکەی هێناوەتە کوردستانی ناوەراست و = لەویّ شێخەکانی نەهری سەرجەڵەی خۆیان بۆ ئەو دەبەنەوە. تەریقەتی دووەم کە نەقشبەندییە لە ساڵی ١٨١١ لەلایان مەولانا خالید (شێخ زیائودین خالید نەقشبەندی)یە گەیشتووەتە سلێمانی و دواتر لەوێوە بەرەو =

هەریەك لەو دوو تەریقەتە خودان سەرکردەی ئاینی خۆیان بوون و کۆمەڵێکی بەرچاو پەیڕەوکاریان هەبووە کە بە مورید ناوزەد کراون. ئەمانە تاکو ئەمڕۆش لە ڕێگەی تەکیە و خانەقاکانیان و بە ئەنجامدانی ڕێ و ڕەسمی تایبەت و ڕەفتاری جۆراوجۆر ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی عەشایر و لادێکان لە چواردەوری خۆیان کۆ دەکەنەوە.

بەهۆی لاوازیی زانیاری زانستی لە کوردستان دەتوانین بڵێین کە زانیاری ئاینی زۆربەی بۆشاییە مەعریفییەکانی کۆمەڵگەی کوردی پڕ کردووەتەوە. بۆیە سەیر نییە ئەگەر لە کاتی شیکردنەوەی مێژووی ژیانی نەتەوەی کورد بۆمان دەردەکەوێ کە بیر و ڕا ئاینییەکان تاکە ئامراز بوون بۆ چارەسەرکردن و بەڕێوەبردنی زۆربەی بوارەکانی سیاسی و پەروەردەیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان. ئەوەتا ڕووناکبیر و گەڕیدەکان لەمیانی نووسراوەکانیاندا ئاماژە بەو ڕاستییە دەدەن کە تاکو نیوەی سەدەی بیستەم ئاین لە کۆمەڵگەی کوردی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بزاڤی نەتەوەی کورددا. لە ڕاستیدا زۆربەی ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانەی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٨٠ تاکو چلەکانی سەدەی بیستەم هەلگیرسان لەلایەن شێخەکانەوە سەرپەرشتی دەکران(١).

هەروەها دامەزراوە ئاینییەکان و ڕابەرانیان وەکو لە پێشتر ئاماژەمان پێ دا سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی پەروەردەکردن بوون. لە ژیانی کۆمەڵایەتی و دادوەری و بەڕێوەبردندا ڕۆڵی سەرەکییان پێ سپێردراوە. کاریگەریی ئاین لای تاکی کورد بەهۆی ئەو ڕۆڵە کاریگەریەی ئاین لە ژیانی کۆمەڵایەتی گێڕاویەتی ئەوەندە بەهێز بووە، هەروەها پیرۆزی ئایین لە کۆمەڵگای کوردی و پابەندبوونی توندوتۆڵی تاکی کورد پێی لەلایەك و بەپیرۆزکردنی گشت شتێك بە بەتەنیا پێوەستدانی بە ئایین و بە زمانی ئاین کە زمانی قورئانە کە زمانی عەرەبییە، بووەتە هۆی ئەوەی کە ناوی منداڵەکان بەهۆی کاریگەریی ئاینەوە بە زمانی عەرەبی لێ بندرێت و هەروەها گێڕانەوەی بنەچەك و ڕەگەزی هەندێك تیرە و هۆز بۆ بنەچەکەی پێغەمبەر (د.خ) کە بە

= ناوچەکانی تری ئیسلامی بلاو بووەتەوە. (د. رەشاد میران. رەوشی ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، (٢٠٠٠، ل٥٥–٦١).

(١) علاء الدين سجادى، کوردەواری، بەغدا، ل٨١ .

(سەید) ناو دەبرێن واتا عەرەب بوون.

پیرۆزی ئیسلام و هزری ئاینی لای تاکی کورد بە رادەیەك کاریگەر بووە، بە ئەندازەیەك کاری کردووەتە سەر تێڕوانینی هزری هەندێك لە نووسەر و رووناکبیر و مێژوونووسی کورد تا رادەی چەواشەکردنی زانیاری زانستی. ئەو راستییەشمان لە (پەرتوکا عادات و رسوماتنامە ئێ ئەکرادیە)ی مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩–١٨٦٧ز) بۆ بە دیار دەکەوێ کە سەبارەت بە ژیانی کۆچەرنیشینی کورد نووسیویەتی. ئەم نووسراوە دەکرێ بڵێین سەرەتایەکە بۆ باسکردن و شیکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی کۆچەری. ناوبراو لەژێر کاریگەریی ئاینی ئیسلام و پیرۆزی میللەتی عەرب بەهۆی ئاینەکەیانەوە بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە بنەچەکەی نەتەوەی کورد دەکات کە خۆی یەکێکە لەو: «با ئەو مەسەلەیە لەلای داواکار و تەماشاکەران دیار بێ کەوا (طوائف الاکراد)، لە تایفەی عەرەبی بەدەوی کۆنە و کە بەشێوەیەکی رێژەیی لە بنەچەکەی عەرەب جیابوونەوە و بەماڵ و خێزانەوە ڕوویان لەو ناوچەیە کرد. زمانی پێشوویان بە گشتی زمانی عەرەبی بوو یەك تایفە بوون. تا ئەو سەردەمە ناوی کوردستان هەر بوونی نەبوو کاتێك هاتنە ئەو ناوچەیە و سنووری ئێران و خوراسان چۆڵ بوو، هەریەك لەوان ناوێکی هەبوو. بەم شێوەیە وەچەیان خستەوە ژمارەکەیان روو لە زیادی کرد وەکو هەر تایفەیەکی تر. بەڵام سەبارەت بەناوی کورد کە لە بنەڕەتدا لە وشەی (گرد)ەوە هاتووە واتا کۆبوونەوە و پێوەست بوون. لەبەرئەوەی (ئەو عەرەبانە) بووبوونە دراوسێی دەوڵەتی ئێرانی و لەگەڵ یەکتر هاموشۆیان هەبوو کاریگەریی ئەوانیان لەسەر هەبوو تێکەڵاوی لەگەڵ زمانی فارس دروست بوو، بە تێپەڕبوونی کات زمانی ڕەسەنی خۆیان واز لێ هێنا کە عەرەبی بوو، بەم شێوەیە بە تێپەڕبوونی کات و ڕۆژ ئەم خێڵە دروست بوو ...»(١). لە میانی بیروبۆچوونی ئەو پیاوە رۆشنبیرەی کورد ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە بیری ئاینپەرستی چۆن زاڵ بووە بەسەر گشت بوارەکانی تری زانیاری و دواتر تا چ ئەندازەیەك زانیاری و ڕاستییەکانی شێواندووە. هەر سەبارەت بە کاریگەریی ئاین و ڕێبەرانی ئاینی لەسەر بوارەکانی ژیانی تاکی کورد تەنانەت لە مەسەلەی چارەسەرکردن و بوارە زانستییەکان زۆرجار دەبینین کە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە

(١) رەشید فەندی، پەرتۆکا عادات و رسوماتنامەئی ئەکردیە یا مەلا مەحموودی بایەزیدی ١٧٩٩–١٨٦٧ ز، چاپخانەی حاجی هاشم–هەولێر، ٢٠٠٦، ل١١١–١١٢ .

تەندروستییە جەستەیی و دەروونییەکان جارێکی تر پەنا بردراوەتە بەر پەرستگە و پیاوچاك و شێخ و مەلا و دوعا و گشت رێو ڕەسمە ئاینییەکان. تۆماس بوا لە کتابەکەیدا لەو بارەیەوە دەڵێ: «کورد هەردەم چەند ڕێگەیەکی جۆراوجۆری کلاسیکییان هەیە بۆ چارەسەرکردن، کە بە پلەی یەکەم باوەڕهێنان بە پەروەردگار و پەنابردنە بۆ ئەو. ئەوان پێیان وایە کە نەخۆشی لەلای خوای گەورەوە دێت و شیفا و چارەسەریەکەشی هەر لەلای ئەو دەبێت بۆیە لەو کاتە پەنا دەباتە بەر نزیکبوونەوە لە خوا، هەر ئەو ڕێنوێنییانەش ئەنجام دەدات کە پێغەمبەر (د.خ) خۆی لە کاتی نەخۆشی پەنای بۆ دەبرد وەکو لەسەر زاری عائیشەی خێزانی پێغەمبەرەوە باس کراوە کە نەساغ دەبوو دەستی ڕاستی دەخستە سەر شوێنی ئازار و چەند جارێك وتەی «بسم اللّه الرحمن الرحيم»ی دووبارە دەکردەوە، دوای خوێندنی چەند ئایەتێکی قورئانی داوای چاکبوونەوەی لە خوا دەکرد. یاخۆ جامە ئاوێك چەند ئایەتێکی لەسەر دەخوێند و دواتر دەیدا بەنەخۆش بۆ چاکبوونەوە. ئەنجامدانی ئەو ڕێنوێنییانە و سەردانی پیاوچاك و شوێنی پیرۆز بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەساغی»(١). لە کۆی ئەو چەند زانیارییەی سەرەوە دەتوانین دەرك بەو ڕاستییە بکەین کە چۆن زانیاری ئاینی شوێنی زانیارییەکانی تری گرتووەتەوە و ئەگەرچی لە قۆناخی ئەمڕۆدا دامەزراوەی تری فەرمی و مەدەنی هاتوونەتە کایەوە و ئەرکی ئاین گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە، بەڵام کاریگەریی دوور و درێژی ئاین لەسەر گشت بوارەکانی ژیان و بەتایبەتی ڕەنگدانەوەی بەسەر کولتووری کۆمەڵگە نەیتوانییووە کاریگەریی بیری ئاین و زانیاری ئاینی بەرێژەیەکی بەرچاو لاواز بکات.

**د- دەزگاکانی ڕاگەیاندن:**

دەزگاکانی ڕاگەیاندن گشت بڵاوکراوە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و سینەماکان دەگرێتەوە کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا بەیەکێك لە کەناڵە بەهێزەکانی بڵاوکردنەوەی زانیاری دادەنرێ لە بواری جیاوازدا، لە هەمان کاتدا ڕۆڵی گرینگ لە بواری فێرکردن و پەروەردەکردندا دەگێڕێ.

لە سەردەمی کۆندا بابەتەکانی فێرکردن زیاتر لە چوارچێوەی فەرهەنگ و ئەزموون و زانیارییە ناوچەییەکاندا دەخولایەوە، کەچی ئەمڕۆکە بە ڕێگەی دەزگاکانی

---

(١) تۆماس بوا، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٦ -١٠٧.

ڕاگەیاندن و پێوەندیکردن و تۆڕەکانی ئەنتەرنێت، زانیاری لە سەرتاسەری جیهان دەگوازێتەوە، تەنانەت زۆر زانکۆ وکۆلێج و قوتابخانە هەن بەرێگەی تۆڕەکانی ئەنتەرنێتەوە وانە بۆ قوتابییەکان دەڵێنەوە .

سەبارەت بە کاریگەریی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی تەلەڤزیۆن لەسەر ژیان و ڕەفتاری تاك، کۆمەڵێك تاقیکردنەوە ئەنجام دراوە وەکو ئەنتۆنی گیدنز دەڵێ (دەرکەوتووە کە تەلەڤزیۆن و جۆری بەرنامەکانی بەتایبەتی ئەو بەرنامانەی کە زیاتر توندوتیژی بڵاو دەکەنەوە یاخۆ ئەو فیلمانەی کە زیاتر باس لە شەڕ و کوشتن و بڕین دەکەن بوونەتە هۆی، یەکەم: لاوازبوونی پێوەندییەکۆمەڵایەتی و خێزانییەکان لەبەرئەوەی کاتەکانی بۆش پڕ دەکاتەوە و دووەم: هۆکارێکە بۆ بڵاوبوونەوەی توندوتیژی[١].

هەر سەبارەت بە کاریگەریی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوەکان لەسەر ڕادەی فێرکردن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان، (ئیبرلی) دەڵێ "ئەگەر بۆت ڕێککەوت کە چاپکراوی رۆژی یەکشەمەی ڕۆژنامەی نیۆرك تایمز بەتەواوی بخوێنیتەوە بەس لەو رۆژەدا ئەوەندە زانیارییە بەدەست دەهێنی کە ئەمەریکاییەکی سادە لە هەموو ژیانیدا لە سەدەی (تۆماس جیفرسۆن )[*] بەدەستی دەهێنا"[٢].

وەکو هەستی پێ دەکرێ کۆمەڵگە رۆژ لە دوای رۆژ پێشکەوتنی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێ، لەو سەدەی تەکنۆلۆجیایە ڕۆژانە کەرستە و ئامێری پێشکەوتوو لە بواری گەیاندنی زانیاری و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری جۆراوجۆر دەکەوێتە بازاڕ کە ئەمەش کاریگەری و ڕۆڵی پەروەردە و فێرکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن زیاتر و بەرفرەوانتر دەکات. ئەمڕۆکە کوردستانیش هاوکات لەگەڵ ناوچەکانی تری جیهان کەوتووەتە بەر شاڵاوی تەکنەلۆجیای راگەیاندن و پێوەندیکردن. بەهۆی سانایی پێوەندیکردن و بەیەکەوە و پێوەستدانی گشت کومەڵگەکان، بە هۆی تۆڕەکانی

(١) ئەنتۆنی گیدنز، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨٦، ٤٨٨.

(*) تۆماس جێفرسۆن سێیەم سەرۆکی ئەمەریکایی بوو لە ماوەی نێوان (١٨٠١–١٨٠٩) حوکمی کرد.

(٢) تحرير، دون إی. إيبرلی، بناء مجتمع من المواطنين ، وەرگێرانی: هشام عبدالله، الاهليە، الاهليە عمان الاردن، ٢٠٠٣، ل١٢٦.

ئەنتەرنێت و مانگە دەستکردەکان، وەکو (توماس فریدمان) لە کتێبەکەیدا ئاماژەی پێی دەدات جیهان تەخت و یەك پارچە (المسطح) بووە[١] بەم مانایەی لە سەدەی بیست و یەکەمدا کە بە سەدەی جیهانگەرایی (Globalazation) دادەنرێ (واتە پێکهێنانی گوندی کەونی لە هەموو جیهاندا بنیاتنانی یەك سیستەمی سیاسی ئابووریی بەڕێوەبردن لە هەموو جیهان کە بەهۆی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و تەکنەلۆجیای پێوەندیکردن سەرجەم دەوڵەتان و نەتەوەکان بەیەکەوە گرێ بدات)[٢].

ئەم تێکەڵبوونە کولتوورییە و کردنەوەی دەروازەی گشت کەناڵەکانی جیهان بەڕووی کومەڵگەی کوردی و سەرەڕای چەندان کەناڵی تەلەڤزیۆنی کوردی و ئەو هەموو بڵاوکراوەی ڕۆژانە لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان کە لە ژمارە نایەن چاپ دەکرێن و هەروەها سایتەکانی ئەنتەرنێت کە رەواجی زۆری لەسەرە بۆ بەکارهێنان لەلایەن تاکی کوردی بەتایبەتی نەوەی تازە، دەکرێ بە سەرچاوەیەکی تری ئەکتیڤ و کاریگەر دابنرێت بۆ ئاراستەکردنی پرۆسەی پەروەردەکردن لە کوردستان و رەنگرێژکردنی کولتووری و دواتر کەسایەتی نەتەوەی کورد.

**هـ دەزگا کۆمەڵایەتییەکان :**

سەرەڕای ئەو چەند داوودەزگایەی کە ئاماژەمان پێدان چەند دامەزراوەی تر هەن لەناو کۆمەڵگە کە مرۆڤ لە قۆناخە جیاوازەکاندا ڕووی تێ دەکات. بۆ نموونە شوێنی کارکردن و کۆمەڵە و ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان. دوا بەدوای ئەوەی کە مرۆڤ قۆناخی منداڵی و دواتر قوتابخانە کۆتایی پێ دەهێنێت، بەمەبەستی کارکردن و بینینی ڕۆڵی خۆی وەکو ئەندامێکی کۆمەڵگە، روو لەو دەزگایانە دەکات. بێگومان مرۆڤ لەو قۆناخەدا گەیشتووەتە ئاستی پێگەیشتنی ژیری و جەستەیی بەڵام بەهۆی پەروەردەکردنی بەردەوام بیر و باوەڕ و رۆشنبیریی زیاتر فێر دەکرێ. هەر ناوەندێك لەو ناوەندانە خودان ڕێبازێك و فەلسەفە و بیر و باوەڕی تایبەتن لە بواری کارکردنی

(١) وەزارەتی پەروەردە لە سەردەمی کابینەی چوارەمدا، ئامادەکردنی ئەحمەد قەرەنی و ئەوانی تر، زنجیرە بڵاوکراوەکانی کۆواری ئاسۆی پەروەردەیی ٣٢، هەولێر- ٢٠٠٥، ل٢٨ .

(٢) توماس فریدمان، العالم مسطح، ت: عمر الايوبي دار الكتاب العربي، بيروت لبنان، ٢٠٠٦، ل٥٦ .

خـۆیـانـدا، بـۆیـە دەتـوانـن وەکـو هــەر داوودەزگـایـەکـی تـری پـەروەردەیـی ڕۆڵـی پەروەردەکردن و هوشیارکردنەوە لە نێوان ئەندامانیاندا بگێڕن . دەکرێ لەو کۆمەڵانە نـاوی چـەندانیـان بـەنموونـە بـهێنینـەوە وەکو کۆمـەڵـەی چـاودێری خێزان، کۆمەڵەی چـاودێریـکـردن لـە سروشت و پـیسی، کـۆمـەڵـەی چـاودێری نـابیـنـایـان و ... هـتد(١). هـەروەهـا کـۆمـەڵـە پـارتـێکـی رامـیـاری تـر هـەن کـە لـەسەر ئـاستـی جـیـهـان خـودان ئـایدیۆلۆجی دیاری کراون و هـەریـەك بۆ ئـامانجێکی دیاریکراو کـار دەکـەن. وەکو پارتی سەوز کە پارێزگاری لە ژینگە دەکات، یاخۆ پارتی کرێکاران کە کار بۆ مافی کرێکاران دەکات و پارتی کاتۆلیك و ...... هتد(٢). کاریگەری هـەریەك لـەو کۆمەڵە و ڕێکخراوە جۆراوجۆرانە بەستراوە بە ڕادەی چالاکی و هوشیاریی ئەندامانی کۆمەڵەکە کە ڕەنگدانەوەی دەبێ لەسەر گواستنەوەی بیر و باوەڕ و ئایدیۆلۆجیا بۆ ئەندامانی تـازە و گـونجـانـدنـیـان لـەگـەڵ ڕەوشی ژیـان و ئـاراسـتـەکـردنـیـان بـەرە و ئـامـانـجی دیاریکراو.

دووەم/ دەزگای پەروەردەی فەرمی:

* **قوتابخانە:**

تا ئێستا قسەمان لەسەر ئەو ناوەند و دامەزراوانە دەکرد کە بەشێوەیەکی ناڕەسمی و نافەرمی ڕۆڵ دەگێڕن لە پەروەردەکردنی مرۆڤ لە قۆناخە جیاجیاکاندا .بەڵام ئەو دامـەزراوەی کـە بـەشێوەیـەکـی فـەرمـی ئـەرکی پـەروەردە و فێرکردنـی لـە ئـەستۆدایـە قوتابخانەیە .

دوا بەدوای پێشکەوتنی کۆمەڵگەکان و ئاڵۆزبوونی ژیان و فرەبوونی پێداویستی و ئەرك و چالاکییەکان و کەڵەکەبوونی فەرهەنگ و مەعریفەی زانستی جۆراوجۆر چیی تر خێزان بە تەنیا نەیدەتوانی ڕۆڵی پەروەردەکردن لە گشت بوارەکانی ئابووری، کـۆمـەڵایـەتـی، سیـاسی، ئـایـنـی و..... هـتد لـە ئـەستۆ بگرێت. هـەر بـۆیـە پێکهێنـانـی دامـەزراوەیەکی تـایبـەت کە ئەم ئەرکەی لـەسەر شان بێت بوو بە پێویستی. جیاوازی ئەو دامەزراوەیە لەگەڵ دامەزراوەکانی تری پەروەردەیی نافەرمی وەکو خێزان و بنکە

---

(١) د. ابراهیم ناصر، سەرچاوەی پێشوو ،ل٨١ .

(٢) ئەنتۆنی کیدنز سەرچاوەی پێشوو ،ل٣٥٠ .

ئـایـنـییـەکـان لـەوەدایـە کـە فـێرکردن لـە چـوارچـێوەی ئـەم دامـەزراوەیـە بـەشـێوەیـەکـی ڕێکـخـراو نـەخشە بـۆ کـێشراوە و ئـامـانجـەکـانـیشی دیـاری کـراوە بـەجـۆرێك دەکرێ پـێداویستـیـیـەکـانـی و ئـەنجامـەکـەشی دیـاری بکرێن بـەو مـانـایـەی کـە جـۆری هـاتـوو (قـوتـابـی) دەرچـوو (خـەریـج) تـێیدا بـەشـێوەیـەکـی ورد دەستـنـیشان دەکرێ[١]. کـەواتـە قوتـابخـانـە ئـەو یـەکـە پـەروەردەیـیـیـە ،کـە هـەڵدەستـێ بـە ئـەرکـی پـەروەردەکرن هـاوکـات لـەگـەڵ خـێزانـدا و هـاوکـاری دەکـات لـە هـێنـانـەکـایـەی نـەوەیـەکـی تـازە، بـاوەڕی بـە کولتووری کۆمـەڵگە هـەیـە و پـەیڕەوی لـێ دەکـات[٢].

هـەروەهـا قـوتـابـخـانـە سیستـەمـێکـی تـایـبـەتـە لـە سیستـەمـەکـانـی کـارلـێکردنـی کۆمـەڵایـەتی. دامـەزراوەیـەکـی کۆمـەڵایـەتییە کـە لـە نـاوەندی کۆمـەڵایـەتی بـە ئـاشکرایـی جـیـا دەکـرێتـەوە، هـەروەهـا قـۆنـاخی دووەمـە دوای خـێزان بـۆ پـێشخستـنی مـنداڵ لـە ڕوانگـەی هزری و کۆمـەڵایـەتییـەوە و هـاوکـارە بـۆ گـونجـاندنـی لـەگـەڵ کۆمـەڵگـەی گـەورە، کـەواتـە ئـەو بـەو مـانـایـە هـێڵی پـێوەندیکردنـە لـە نێوان مـاڵ و کۆمـەڵگـەدا[٣]. لـەلایـەکـی ترەوە قوتـابخـانـە بنـەمـای سـەرەکـی بنیـاتـی کۆمـەڵگە و کـۆڵـەکـەیـەتی، ئـەو دامـەزراوەیـە کـە کۆمـەڵگـە پـێکـی هـێنـاوە بـۆ پـەروەردەکردنـی منـداڵـەکـانـی و پـێگـەیـاندنیـان بـە ڕێگـەی قبوولکراو ڕەزامـەندی لـەسـەر درا و تـاوەکـو بـەهـۆی ئـەوەوە ئـەو بـەهـا کۆمـەڵایـەتییـانـەی کـە ڕێزیـان لـێ دەگیررێ و پـاشمـاوەی کـولـتـوورییـەکـان بگـوازرێتـەوە بـۆ نـەوەکـانـی داهـاتـوو لـەپێنـاو پـارێزگـاریکرن لـێی و بـەردەوامـی دان و بـە کۆمـەڵایـەتیکردنـی تـاکـەکـان بـە کۆمـەڵایـەتیکردنـێك کـە وایـان لـێ بکـات ببنـە ئـەنـدامـێکـی کـارا و بـاش[٤]. کـەواتـە دەتـوانین بـڵێین قـوتـابـخـانـە ئـەو دەزگـا تـایبـەتـەیـە کـە بـەفـەرمـی لـەلایـەن کۆمـەڵگـەوە دامـەزراوە بـەمـەبـەستـی پـەروەردەکردن و ڕاهـێنـانـی ئـەنـدامـانـی کۆمـەڵگـە بـەجـۆرێك خزمـەت بـە پـاراستـنی تـایبـەتمـەندی و فـەرهـەنگی کۆمـەڵگە و پێشکـەوتنی بکـات.

قۆنـاخی دامـەزراندنـی قوتـابخـانـەکـان و پێشکـەوتن و زۆربوونیـان وەچـەرخـانێکـی

---

(١) د. محمد عبدالعزيز الذهب، التربية و المتغيرات الاجتماعية في الوطن العربي، بغداد ٢٠٠٢، ص١٨٥ .

(٢) د. محمد الطيطي و منبير عريفج و د. عون حضاونه وآخرون، مدخل الى التربية، دار المسيره، عمان الأردن، ٢٠٠٢ ،ص٢٠٠ .

(٣) عبدالله الرشدان، سەرچاوەی پێشوو ،ل٢٨٠.

(٤) د. ابراهيم ناصر، سەرچاوەی پێشوو ،ل٧٦ .

مەزنی لە پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵگە دروست کرد و بوو بەبنەمایەك بۆ هاتنەکایەی شۆڕشی تەکنۆلۆجیا لە سەردەمی ئەمڕۆماندا. (بسمارك) (١٨١٥–١٨٩٨ز) سەبارەت بە ئەرك و گرینگی قوتابخانە و مامۆستا دەڵێ: "ئەو کەسەی قوتابخانە بەڕێوە دەبات بەڕێوەبەری داهاتووی وڵاتە"(١). جۆن دیڤی (١٨٥٩–١٩٥٢ز) سەبارەت بە ئەرك و گرینگی و رۆڵی قوتابخانەکان دەڵێ: "قوتابخانەکان دەتوانن تا ڕادەیەکی دیاریکراو گۆڕانکاری بەسەر ریژیمی کۆمەڵایەتیدا بهێنن، کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی تر لە بەرامبەریدا بێ توانان"(٢) . هەروەها هۆکارە سەرەکییەکانی هاتنەکایەی قوتابخانە دەتوانین لەو چەند فاکتەرەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

هۆکاری یەکەم: فراوانبوونی کولتووری بەرهەمهاتوو و کەڵەکەبوونی لە ئەنجامی پێشکەوتن و بەشارستانیبوونی مرۆڤ.

هۆکاری دووەم: ئاڵۆزبوونی کولتووری بەرهەمهاتوو.

هۆکاری سێیەم: پەرەسەندنی زمانی نووسین کە بووە هۆی ئەوەی هانی نەخوێندەوەران بدات بۆ پێویستبوون بە فێربوونی زمان و نووسین و بۆ شارەزابوون لەسەر ناوەڕۆکی کولتووری.(٣)

وەکو ئاماژەمان پێ دا قوتابخانە دەزگایەکی پەروەدەییە و لەو بوارەدا رۆڵی کاریگەر دەگێڕێ، ئەرکە پەروەردەییەکانی قوتابخانە دەتوانین لەو چەند خاڵە کورت بکەینەوە:

١– گواستنەوەی کەلەپووری نەوەکانی پێشوو بۆ نەوەکانی داهاتوو. وەکو دەزانین فەرهەنگ و کولتووری باو و باپیران بە تێپەربوونی کات لەناو نووسراو و بەڵگەنامە و کتێبەکاندا لەسەر یەکتر کەڵەکە دەبێ قوتابخانە هەڵدەستێ بە گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو.

٢– پارێزگاریکردن لە کەلەپوور: سەرەڕای ئەوەی کە قوتابخانە ئەرکی گواستنەوەی کولتووری کۆمەڵگەی لە ئەستۆیە لە هەمان کاتدا داهێنان و دۆزینەوەی بیرمەندانیش تۆمار دەکات و دەیخاتە سەر مەعاریفی پێشووتر، بەوەوە پێوەندی لە نێوان ڕابردوو و ئێستای نەتەوەکان دروست دەکات و نەخشە بۆ داهاتوو

(١) د. ابراهیم ناصر، سەرچاوەی پێشوو ،ل٧٧.

(٢) د. محمد الطیطی و الاخرون، سەرچاوەی پێشوو ،ل٢٠٠ .

(٣) د. عبدالله الرشدان، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨٢.

دەکێشێ.

٣- قوتابخانە زانیاری و فەرهەنگی کەلەپوری کۆمەڵگا پۆلین و شی دەکاتەوە بەجۆرێك لەهەر قۆناخ و تەمەنێك بەپێی رادەی گەشەکردن و توانای هزری ئەرکی فێرکردنی جۆر و پۆلێنیان دەخاتە ئەستۆ .

٤- قوتابخانە فەرهەنگ و کولتووری کۆمەڵگە لە خەوش و کەموکورتییەکان دەپالێوێ بۆ نموونە هەوڵ دەدات لایەنی جادوو لە ژێری بەدەری تێدا کەم یاخۆ رەش بکاتەوە.

٥- قوتابخانە ئاسۆ و توانای تێگەیشتنی تاکەکان فراوانتر دەکات بەوەی کە ئاشنا دەبن بە کولتووری میللەتانی تر سەرەڕای کولتووری نەتەوەکەی خۆی.

٦- لە قوتابخانە جیاوازی چینایەتییەکان دەتاوێتەوە، جیاوازییەکان لەناو دەچن و مرۆڤەکان بەرەو یەك ئامانج و بیر و ڕا هەنگاو دەنێن .

٧- قوتابخانە گۆڕانکاریی و پێشکەوتن لە کۆمەڵگەکان دێنێتەکایەوە ئەویش بەرێگەی نیشاندانی زۆر لە گیروگرفتەکان و چارەسەرکردنیان و ئاراستەی کۆمەڵگە دەگۆڕێت(١).

سەرەرای ئەو کۆمەڵە ئەرکەی کە قوتابخانە وەکو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی لە ئەستۆی دایە چەند ئەرکێکی تریشی هەیە:

أ- ئامرازێکە بۆ تەواوکردن: بەو مانایەی کە قوتابخانە رۆڵی ماڵ و خێزان لە پەروەردەکردنی منداڵ بەردەوامی پێ دەدات بۆ ئەوەی ئامادەی بکات بۆ ژیان لە کۆمەڵگەی گەورەدا .

ب- ئامرازێکە بۆ چاکسازی: بەو مانایەی کە دامەزراوە پەروەدەییەکانی تر رەنگە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکە پەروەردەییەکان تووشی هەڵە یاخۆ کەموکوری بێ و قوتابخانە ئەو هەڵانە چاك دەکاتەوە و کەموکورتییەکان پڕ دەکاتەوە.

ج- ئامرازێکە بۆ هەماهەنگی: بەو مانایەی لەپێناو پەروەردەکردنی منداڵ بە باشترین شێوە هەموو کات لە هەماهەنگی و پێوەندیکردن دایە لەگەڵ دامەزراوەکانی تری نێو کۆمەڵگە(٢).

---

(١) د. محمد الطیطی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠١.

(٢) د. عبدالله الرشدان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨٥،٢٨٤.

هەرچەندە کۆمەڵگەکان بەرەو پێشتر دەچن رۆڵ و ئەرکی قوتابخانەکان زیاتر و کاریگەرتر دەبێ لەو پرۆسەیەدا بە جۆرێك زۆرێك لە ئەرکی خێزان کە لە قۆناخێکدا لە دەرەوەی ئەو دامەزاوەیە ئەنجام دەدرا ئەمڕۆ لە ئەستۆی قوتابخانەیە .

## تەوەری دووەم

**کاریگەریی سیستەمی پەروەردە لە هێنانە کایەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی:**

گۆڕان دیاردەیەکی سروشتی و بەڵگەنەویستە کە گشت پێکهاتەکانی بوون و بوارەکانی ژیان ملکەچن بۆی. بە شێوەیەکی وردتر، دەتوانین بڵێین کە گۆڕان بەو وەرچەرخانە دەگوترێت کە ماوە ماوە بەسەر ژیانی خەڵك دادێت، شێوازی تێڕوانینیان دەگۆڕێت بۆ شتەکانی بەرامبەر و ئەو کەرستانەی کە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان بەکاری دەهێنن، یاخۆ ڕێگەی چارەسەرکردنی گرفتەکان، یا ئەو بەها و پێوەرانەی کە باوەڕیان پێی هەیە، هەروەها بەرامبەر بە ڕۆڵ و پێگە و سیستەمی کۆمەڵایەتی و بنەمای کۆنترۆڵکردن و گشت لایەنەکانی کۆمەڵگە(١).

سەبارەت بە حەتمیبوونی گۆڕان فەیلەسووفی یۆنانی هیراقلیست (540- 475) sutsilcareh باوەڕی وایە کە گۆڕان یاسای هەبوونە و جێگری و نەگۆڕان مەرگ و نەبوونییە. بیرۆکەی گۆڕان بەرێچکەی ڕووبار و شەپۆلەکانی دەچوێنێت و دەڵێ ئەگەر لە ڕۆژێکدا دوو جار سەردانی ڕووبارێك بکەیت، ئەوا ئاوێکی تر و بە تەوژم و شەپۆلێکی تر دەبینی کە لە بەردەمت تێ دەپەڕێ(٢).

پرسی گۆڕان هاوکاتە لەگەڵ دەستپێکردنی ژیان و دروستبوونی وجود و گۆڕان مەسەلەیەکی حەتمییە و هیچ کۆمەڵگەیەك نادۆزیتەوە کە پرۆسەی گۆڕان نەیگرتبێتەوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی سەرەتاییی کۆمەڵگەی مرۆیی دەتوانین جیهانێك گۆڕنکاری ببینین کە بەسەر گشت بوارەکان ژیانی کۆمەڵایەتی داهاتووە.

بۆ نموونە لە بواری ئابووری، وەك دەبینین، چۆن کۆمەڵگەکان لە قۆناخەکانی کۆکردنەوەی خۆراك و ڕاوکردن بۆ قۆناخی ئابووری ساکار و و کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و دواتر لەژێر فەرمانڕەوایی سروشت رزگاری دەبێت و قۆناخی پیشەسازی ساکاری دەستی و دواتر بۆ قۆناخی ئاڵۆزتر کە قۆناخی شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیایە دەگوازرێتەوە(٣).

(١) د. محمد الطیطی و الاخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٦.

(٢) عبدالله الرشدان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٨.

(٣) هەمان سەرچاوە.

گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی ئەو پرسە گرینگەیە کە لەو بەشە هەوڵ دەدەین باسی لێوە بکەین.

لە بواری سیاسی و حکومڕانیشدا کۆمەڵگەی ئادەمیزاد چەندان قۆناخی بڕیوە هەر لە کۆیلایەتی، دەرەبەگایەتی، پاشایەتی، حکومرانی پیاوانی ئاینی، دواتر بەرەو فەرمانڕەوایی دەستووری و ئەمڕۆش زۆربەی کۆمەڵگەکان بەرەو حوکمی دیمۆکراسی و بەشدار پێکردنی هەموو هاولاتییان لە دەسەلات دەچن.

گشت پێکهاتەکانی بوون بە سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی ئادەمیزاد لە کاریگەری گۆڕانکارییەکان بەدەر نینە و، ڕوودانی گۆڕانکاری ڕاستییەکی مسۆگەرە.

وەکو چەمك گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی social change چەندان پێناسەی بۆ کراوە، بۆ نموونە گوتراوە کە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بەو جیاکاری و گۆڕانانە دەگوترێت کە لە ڕووخسار و جۆری کولتوور و پێوەندییە کۆمەڵاتییەکاندا ڕوو دەدات لە کۆمەڵگە و لە کاتێکی دیاریکراودا(١).

هەروەها گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بریتییە لە جیاوازی لە شێوازی ژیانێکی خوازراو، جا سەرەڕای ئەوەی کە ئەو جیاوازییە بگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکاری لە بارودۆخی جوگرافی یاخۆ شوێنگەی کولتووری، یا پێکهاتەی دانیشتوان یا بیر و باوەڕ یا ئەنجامی بلاوبوونەوە یاخۆ دۆزینەوەیەك بێت لەناو کۆمەڵگەدا(٢).

لە پێناسەیەکی تردا بۆ چەمکی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی هاتووە کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەو وەرچەرخانە دەگوترێت کە لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا ڕوو دەدات، جا چ لایەنی پێکهاتەیی و بنیاتی یاخۆ ئەرك بگرێتەوە(٣).

کەواتە لە کۆی ئەو پێناسانەدا دەتوانین بڵێین گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بە گشت ئەو جیاوازی و گۆڕانانە دەگوترێ کە لە شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی هەر لە شێوازی پێوەندیکردن و ئەرك و بیر و باوەڕ و بە گشتی بنیاتی کۆمەڵگە و سیستەمی بەڕێوەبردن و ئەرك فەرمانەکاندا ڕوو دەدات.

---

(١) د. خالد محمد ابو شعيره، المدخل الى علوم التربية ، مكتبة المجتمع العربي للنشر و التوزيع، ٢٠٠٨، ص١٧٤.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٧٣.

(٣) د. عبدالله الرشدان ، س.ث، ل٢٦٩.

گۆڕانكارييەكان گشت بوارەكانی كۆمەڵگە دەگرنەوە، لەبەرئەوەی گۆڕان لە بەشێك یـا لایـەنێك دەبێتـە هـۆی سەرهـەڵدانـی گۆڕانكـاری لـە بـەش و لایـەنـەكـانـی تـر لـەژێر كاریگەریی ئەو ڕاستییەی كە كۆمەڵگە گشتێكی بەیەكەوە گری دراوی تێكهەڵكشراوە و پێكهاتەكان بەردەوام لەگەڵ یەكتردا لە كارلێكردن دان .

گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكان فرە چەشن و جۆراوجۆرن هەر بۆیە بۆچوونەكان سەبـارەت بـە دیـاركردنـی جۆرەكـانـی گۆڕانـی كۆمـەڵایـەتـی هـەمـەجـۆرە. لەلایەكی تر شارەزا و توێژەران كاتێك قسە لەسەر جۆرەكانی گۆڕانكاریی كۆمەڵایەتی دەكەن هـەریـەك لـە روانگەیەكەوە پۆڵینی دەكات.

بۆ نموونە لە یەكێك لە پۆڵینەكاندا گۆڕانكاری دابەشكراوە بۆ جۆرەكانی:

یـەكـەم/ **گۆڕانـكـاری ئاسۆیی**: ئـەم چـەشـنـە گـۆڕانـكـاریـیـەش دوو شێوە دەگرێتـەوە گۆڕانكاری بۆ دواوە كە كۆمەڵگە لە دۆخێكی بـاش بەرەو خراپ و دواكەوتویی دەبـات، یـاخۆ گۆڕانكاری پێشكەوتنخوازی واتـا گۆڕینی كۆمەڵگە لە دۆخێكی دواكەوتوو و خراپ بۆ دۆخێكی پێشكەوتوو.

دووەم/ **گۆڕانكاری بازنەیی**: خاوەنی ئەم بیرۆكەیە بـاوەڕیـان وایە كۆمەڵگەی مرۆیی وەكو ژیـانـی ئـادەمیزاد بە قۆنـاخـەكـانی لەدایكبوون و منداڵی و گەنجی و پیری و مردندا تێپەر دەبن. لە دیـارترین زانـایـانـی ئەم بوارە دەتوانین ئیبن خلدون و ڤیكۆ بـە نموونـە بهێنینـەوە.

سێ یەم/ **گۆڕانكاریی پچڕپچڕ**: ئەو جۆرە گۆڕانكارییە شێوەی جوولـە ڕووی بـەرز و نزم بووەوە وەردەگرێت. وەكو ئـەوەی لـە بواری ئـابووری و زیـادەی دانیشتوان ڕوو دەدات(١).

لە ڕوانگەی تر گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی بۆ دوو جۆر دابـەش كراوە :

١- **گۆڕانكاری مادی**: كە بەهۆی یەكەی چەندایەتی پێوانە دەكرێت.

٢- **گۆڕانكاری واتاداری**: كە بـەهـۆی یـەكـەی چـەندایـەتی نـاپێورێت(٢).

یـاخۆ گۆڕانكـارییـە كۆمـەڵایـەتـییـەكـان دابـەش دەكرێن بـۆ گۆڕانكاری سروشتی و

---

(١) د. خالد محمد ابو شعیرە ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٨٤-١٨٥

(٢) د. محمد الطیطی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٧.

بەردەوام، کە ئەم جۆرە گورانکارییە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە و مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی و لەسەرخۆ ڕوو دەدات. جۆری دووەم: گۆڕانکاریی ئاڕاستەکراو و دەستکردە و لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراو دادەڕێژرێت(١).

سەرەڕای هەبوونی چەندان هۆکاری جیاواز بۆ هێنانە کایەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی لە هەمان کاتدا چەند بەربەستێکیش زۆرجار دەبنە هۆکار لە بەردەم هاتنە کایەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، کە دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- **دابڕانی کۆمەڵایەتی**: هەندێك کۆمەڵگە بەهۆی دابڕانی لە کۆمەڵگە و میللەتانی تر جا چ بەهۆی دابرانی جوگرافیا و شوێنی بێت، یاخۆ ئەو کۆت و بەندەی کۆمەڵگە خۆی فەرزی دەکات لە پێوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی تر، یا بەهۆی سیاسی و کاریگەریی ڕێژیمی فەرمانڕەوا سیاسەتی دابڕان و جیاکاری نەتەوەیەك لەلایەن نەتەوەی حاکم هۆکاری سەرەکین لە پێشکەوتن و هێنانە کایەی گۆڕانکاریی. لە نموونەی ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە، دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵگەی کوردی بکەین لە سەردەمی زوو تاکو ئازادبوونی بەشی کوردستانی باشوور تەنانەت هەندێك بەش لە کوردستانی گەورە وەکو بەشی کوردستانی باکور تاکو ئەمڕۆش بەهۆی سیاسەتی دەوڵەتی تورك بەشێوەی دابڕاو و دواکەوتوو ماونەتەوە. ئەگەرچی ئەمڕۆکە بەهۆی هاتنە کایەی ئامێرە پێشکەوتووەکانی پێوەندیکردن و کەناڵەکانی میدیا نزیکبوونەوەی کۆمەڵگە و میللەتانی لە یەکتر زۆر ئاسان کردووە.

٢- **نەبوونی ڕێککەوتن و پێگەیشتن لە پێکهاتەی کۆمەڵگە**: کۆمەڵگەکان لە کۆمەڵە گرووپ و چین و توێژی جۆراوجۆر پێك دێن، کە هەریەك لەو گرووپانە خاوەن بەرژەوەندیی تایبەت بە خۆیانن و هەندێك جار بەرژەوەندییەکان دژ بە یەکترن، بۆیە وەکو دەبینرێت لایەنێك لەگەڵ گۆڕانە و لایەنی دووەم دژی هێنانە کایەی گۆڕانە. ئەم دۆخە پرۆسەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی پەك دەخات .

٣- حەزکردن لە پاراستنی شتە کۆنەکان و ترس لە گۆڕان.

٤- لەناوچوونی گیانی داهێنان و دۆزینەوە.

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٢١٧.

زۆرجار نەبوونی پێویستی و زەمینەیەکی کولتووریی گونجاو، هەروەها تەگەرەی داوونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە بەردەم داهێنان بە هۆکارێکی تر دەژمێردرێ لە نەهاتنە کایەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی[1]. بەڵام سەرەڕای ئەو بەربەستانەی دێنە بەردەم گۆڕانکارییەکان، کەچی گۆڕانکارییەکان خۆیان دەسەپێنن و زوو و درەنگ ڕوو دەدەن. لە هەمان کاتدا پێویستە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییەش بکەینەوە کە گۆڕانکاری بە یەکێك لە گرینگترین پێداویستییەکانی ژیانی مرۆیی و داینەمۆیی ژیان دەژمێردرێ .

لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە چۆن دەکرێت گۆڕانکارییەکان بەپێی ویست و پەرژەوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاراستە بکرێن؟ ئایا لەو بوارەدا سیستەمی پەروەردە وەکو سەرچاوەیەك بۆ فێرکردن و پێگەیاندنی مرۆڤ دەتوانێت ئەو ئەرکە لە ئەستۆی خۆی بگرێ؟ بە وەڵامدانەوەی ئەو چەند پرسیارە هەوڵ دەدەین ئەم لایەنە شرۆڤە بکەین.

- **پێوەندی پەروەردە بە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتییەوە:**

پێوەندی نێوان گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیستەمی پەروەردە پێوەندییەکی دیالیکتیکە، بە جۆرێك کە گۆڕان لە لایەنێك گۆڕانکاری لە لایەنەکانی تریش دروست دەکات، لەبەرئەوەی پەروەردە لەلایەك ئامرازێکی بنەڕەتییە بۆ هێنانە کایەی پێکهاتەی کولتووریی تازە، لەلایەکی تریش ئامرازێکی کۆمەڵایەتییە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفت و ململانێیەی کە لە ئەنجامی هاتنە ئارای کولتووری تازە لەگەڵ کولتووری کۆن لە کۆمەڵگە سەرهەڵدەدات[2].

کەواتە سیستەمی پەروەردە سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆڵی باڵا دەگێرێ لە فێرکردنی زانیاری و گواستنەوەی کولتوور وەکو (مصطفی عماد زادە) دەڵێ: زەمینەی گۆڕانکاری دەستەبەر دەکات، لە هەمان کاتدا پەروەدەی بیر و هزرەکانیش دەکات تاوەکو گۆڕانکارییەکان قبووڵ بکەن[3].

سەبارەت بە ڕۆڵی دەزگای پەروەردەییی فەرمی، وەکو قوتابخانە و زانکۆکان، لە ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکاریدا دوو بۆچوون هەیە:

(١) د. عبدالله الرشدان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٧٦.

(٢) د. خالد محمد ابو شعیرە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.

(٣) د. مصطفی عماد زادە ، اقتصاد اموزش و پرورش، جهاد دانیشگاهی، ١٣٧٣، ص٤٢

یەکەم: پێویستە ئەم دامەزراوانە وەکو ئاوێنەیەك وابن کە گۆڕانکاری و داهێنانەکان تیایدا نیشان بدرێت و کۆمەڵگە ئامادە بکات بۆ دابینکردنی پێداویستی و کەرستە پێویستییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گۆڕانکارییانە. بەو مانایەی کە مەرجە پەروەردە پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان نیشان بدات و بڵاویان بکاتەوە و بایەخ و گرینگییان ڕوون بکاتەوە. جا ئەگەر گۆڕانکارییەکان بریتی بن لە پێشکەوتن و گۆڕانکاریی تەکنەلۆجی ئەوا لەسەر کۆمەڵگە پێویستە کرێکاری شارەزا و ئەندازیاری پسپۆڕی بۆ ئامادە بکات .

دووەم: پێویستە قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکان ڕۆڵی کاریگەر بگێڕن لە ئاڕاستەکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوکردنەوە و سەرنجڕاکێشانی خەڵك و ئامادەکردنی ژیری بۆی. بەو شێوەیە پەروەردە کەسانێك پەروەدە و ئامادە دەکات کە هەستن بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری. بەو واتایەی کە ئەو چینە کاتێك لە قوتابخانە دەردەچن ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبنەوە و ئەرکی خۆیان دەزانن بەرامبەر بە کۆمەڵگە لە دروستکردنی گۆڕانکاریی و بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تازە(١).

کەواتە، لێرەدا دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە سیستەمی پەروەردە دەتوانێت ببێتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ هێنانە کایەی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، بەتایبەتی لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە بزاڤی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی و گۆڕانکارییە مادییەکان ئامرازە پێشکەوتووەکانی پێوەندیکردن و کەناڵە جۆراوجۆرەکان بۆ گواستنەوەی زانیاری پاڵەپەستۆیەکی زۆریان لەسەر تاك دروست کردووە و پێویستە لە وەرگرتن و گونجاندن لەگەڵ دۆخی ئاڵۆزی ئێستای کۆمەڵگەکان هاوتەریب بن، ئەگەر نا لە کاروانی پێشکەوتنی جیهان بە دوا دەکەون. هەر ئەو دۆخە ئاڵۆز و پڕ لە گۆڕانکارییەش ئەمڕۆکە وای کردووە کە سیستەمی پەروەردە ئەرکی لە جاران قورستر بێت، واتا گۆڕینی لە پرۆسەیەکەوە کە ئەرکی تەنیا ئامادەکردن و پێگەیاندنی مرۆڤ بووە لە قۆناخێکی تەمەنی دیاریکراوەوە بۆ ستراتیجیەت کە دیاردەی گۆڕانکاری و کاریگەرییەکان لەسەر تاك و کۆمەڵگە بە ڕەهەندی جیاوازیانەوە لە بەرچاو بگرێت، لە

(١) د.عبدالله الرشدان ،سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩١.

هەمان کاتدا قبووڵی مرۆڤ بکات لە گشت قۆناخەکانی تەمەنی دا  کە پێیدا تێپەر دەبێت. واتا مەرجە لەسەر پەروەدە بگەڕێت بۆ ئەو ستراتیجیەتەی کە ڕووبەڕووی گۆڕان و دروستکەر و سەرکردایەتی گۆڕان بکات[١]. لەسەر ئاستی جیهاندا، ئەمڕۆکە سیستەمی پەروەدە بەو ئامرازە  چالاك و کاریگەرە دادەنرێت کە بەکار دەهینرێت لەپێناو پێشکەوتن و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا.

دەوڵەتی کۆریای باشوور بە یەکێك لەو نموونانە دەژمێردرێ کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە هەستیان بە دواکەوتویی سیستەمی فێربوون کرد لە وڵاتەکەیان و بە هێنانە کایەی گۆڕانکاریی لەو بوارە بە جۆرێك گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم، هەر لەو کاتەدا بوو کە مەلیك kojaong مەرسومێکی مەلەکی لە ساڵی ١٨٩٥ دەرکرد کە تێیدا باس لە بنیاتنانی قوتابخانەی سەردەمی کرابوو، هەروەها جەختیش کراوە لەسەر گرینگی فێربوون لەپێناو هەستانەوە و پێشکەوتنی نەتەوە[٢].

دوا بەدوای ئەوەی لە شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم دەوڵەتی کۆریا بە بارودۆخێکی پڕ لە هەژاری و نەهامەتی و داگیرکاری تێپەڕ بوو ڕێژیمی ئەو وڵاتە هەوڵی دا بە ڕێگەی سیستەمی پەروەردە گۆڕانکاریی لە وڵات بێنێتە کایەوە  و ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو ئاراستەیەکی دیموکراسی ببات. هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٤٩ یاسای فێربوون بۆ دیاریکردنی بنەما و پێوەرە تایبەتییەکان بە ڕێژیمی فێربوون  و ئامانجەکانی دارێژراوە، هەروەها سەربەخۆیی فێرکردن و جیاکردنەوەی.

جێبەجێکردنی پەروەدە و فێرکردنی نوێ لە سیاسەتی گشتی ڕاگەیاندرا لەپێناو هێنانە کایەی فێرکردنێکی دیموکراسی، بەو شێوەیە هەر لە سەرەتای ڕاگەیاندنی یەکەم کۆماری کۆریای باشوور خوێندن بۆ گشت هاووڵاتیان بە ڕێگەی یاسا دەستەبەر کرا[٣]. قسەکردن لەسەر گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی سیستەمی پەروەردە لەو بارەیەوە قسەکردنە لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر گشت بوار و

---

(١) هادى مشعان ربيع، الاتجاهات المعاصره  في التربية و التعليم، مكتبة المجتمع العربي ٢٠٠٨،ص٤٥

(٢) د. فوئاد عبدالسلام الخازندار، التمنية الاجتماعية و الاقتصادية في اسيا دراسه تطبيقية على كوريا جنوبية، مركز الاسكندرية لكتاب القاهرة، ٢٠٠٦،ص ٢٦٩.

(٣) هەمان سەرچاوە،ل٢٧١ .

لایەنەکانی کۆمەڵگە وەکو ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و... هتد. هەر بۆیە لەو بەشەدا هەوڵ دەدەین پێوەندی و کاریگەریی سیستەمی پەروەردەکردن لەسەر لایەنە گرینگەکانی کۆمەڵگە ڕوون بکەینەوە.

- **پێوەندیی ئابووری بە پەروەردە و فێرکردندا .**

ئابووریناسان و زانایانی ئەو بوارە تێڕوانینێکی باش و پۆزیتیڤانەیان بەرامبەر بە پەروەردە و فێرکردن هەیە و بە هۆکارێکی گرینگی دەژمێرن لە هێنانە کایەی پێشکەوتن و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی. تەنانەت ئەمانە باوەڕیان وایە پەروەردەکردنی تاك برێتییە لە سەرمایە گوزاریکردن لە مرۆڤ[١]. هەروەها دوویات لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەنەوە کە پەروەردە و فێرکردن بە سەرمایەی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێت[٢]. هەروەها زاناکانی بواری ئابووری باوەڕیان وایە کە هەر نەتەوەیەك هەر چەندە تاکی خویندەوار و پسپۆڕی زانستی زیاتری هەبێ توانای بەرهەمهێنانی زیاتری هەیە سەرەڕای سنوورداربوونی سەرمایەکان بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەیەك کە کەرەستە و سامانێکی زیاتر و کەسی پسپۆڕ و خوێندەواری کەمترە.

هەر لە درێژەی بایەخ و گرینگیدانی زاناکانی بواری ئابووری بە پەروەردە (سیمۆن کوزنتس) (١٩٠١-١٩٨٥)simon, kuznetz کە لە ساڵی **١٩٧١** خەڵاتی نۆبڵی لە ئابووری پێ بەخشراوە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە، ئەو پێناسەیەی بۆ سەرمایە کراوە تەنیا سەرمایەی فیزیکی و کەرستەیی گرتووەتەوە بە پێناسەیەکی ناتەواو دەژمێرێ ، بگرە بە بۆچوونی ئەو کاتێك باس لە سەرمایەی هەر وڵات یاخۆ نەتەوەیەك دەکرێت مەرجە سەرمایەی فیزیکی و سەرمایەی مرۆیی بەیەکەوە لێکدانەوەیان بۆ بکرێت[٣]، لەبەرئەوەی پێوەندییەکی پتەو و دیالیکتێك لە نێوان ئابووری و پەروەردە و فێربووندا هەیە. گۆڕان لە هەر لایەك لایەنەکانی تریش دەگۆڕێ، بۆیە وەکو دەبینین لە سەردەمی ئەمڕۆدا کە ئابووری و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە، ئەم ڕەوشە تازەیە زانستی زیاتر و جۆراوجۆر و پسپۆڕی هەمەچەشن و، پسپۆڕی خوێندنی ناوەندی و باڵا دێنێتە کایە.

(١) د. مصطفی عماد زادە ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٢.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٢٥.

لە هەمان کاتدا کولتوورێك دێنێتە کایە ئەو مانایە نادات کە لە سەدەی نۆزدە هەیبوو، بەو مانایەی کە دەبێ فێربوون بەمەبەستی فێربوون پەرە پێ بدات، نەك گواستنەوەی ئەو زانیارییە و زانستانەی کە زوو کۆن دەبن(١). مرۆڤی خاوەن بڕوانامە و پسپۆڕی جیاواز و کارامە بە بەشێك لە سەرمایەی نەتەوە دەژمێردرێت، ئەوەی کە ئەو سەرمایە بەرهەم دەهێنێت و پەرەی پێ دەدات دەزگاکانی سیستەمی پەروەردەیە. کەواتە دەتوانین جارێکی تر جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە بکەینەوە کە سیستەمی پەروەردە بە ڕێگەی بایەخدان بە سەرمایەی مرۆیی دەتوانیت ڕۆڵی بالاّ بگێریت لە پێشکەوتنی لایەنی ئابووری و دواتر کۆمەڵگە، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییەی کە یەکەم، ئەو ڕۆڵەی سەرمایەی مرۆیی لە گەشەپێکردنی مرۆڤ دەیبینێت، ئەوەیە کە تۆیی گۆرانکاری و وەرچەرخانی کۆمەلایەتی پەروەردە دەکات و لە ئەنجامدا زەمینەی نوێگەری و گۆڕانکاریی دێنێتە کایە(٢). تا ئێرە گەیشتینە ئەو راستییەی کە دەزگای پەروەدەیی دەتوانێت ڕۆڵی سەرەکی و کارا بگێرێت لە هێنانە کایەی گۆڕانکاریی ئابووری و پێشکەوتنی ژێرخانی کۆمەڵگە، بەلاّم وەکو باس و توێژینەوە و ئەزموونە مێژووییەکان دەری دەخەن کە لە هەمان کاتدا گۆرانکارییە ئابووری و پێشکەوتنە تەکنەلۆجیاکان و گۆڕینی پێداویستییەکان و گۆڕینی کۆمەڵگە لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بۆ پیشەسازی بە نۆرەی خۆی کاریگەریی بەرچاوی هەبووە لە هێنانە کایەی گۆڕانکاری لە بواری پەروەردە و خوێندن و جۆری پسپۆڕییەکان .

لەم بارەیەوە دەتوانین دەوڵەتی فەڕەنسا بە نموونە بهێنینەوە.

وەکو لۆتان کوی دەڵێت، ئەگەر سەیری مێژووی فەڕەنسا بکەین لە شۆڕشی ١٧٨٩ تێبینی دەکرێت کە چۆن گەشەکردنی ئابووری کاریگەریی بەرچاوی لەسەر پەروەردەکردنی گشتی و پیشەیی کردووە. بێگومان ئەم کاریگەرییە بەشێوەی قۆناخ لە دوای قۆناخ و ماوەی کاتی دیاریکراو بووە.

تا ناوەڕاستی سەدەی نوزدەم فەڕەنسا دەوڵەتێکی گوندنیشن بوو. چاکی دانیشتوانی ئەو ولاتە تا ساڵی ١٨٥١ بەم شێوەیە دابەش کرابوو: ٥٣ لە سەدا لە بەشی کشتوکاڵ،٢٥ لە سەدا لە بەشی پیشەسازی کارگەی بچووکی دەگرتەوە، ٢٢ لە سەدا

---

(١) لوتای کوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١.

(٢) د. مصطفى عماد زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

بەشی خزمەتگوزاری. لەو قۆناخەدا سیستەمی ئابووری ئەوەندە پێویستی بە کرێکاری پسپۆڕ و کارامە نەبوو فێربوون زیاتر لە کێڵگەکانی کشتوکاڵی لە کارخانە و کارگەکاندا ئەنجام دەدرا. پەروەردە و فێرکردن لە قوتابخانە بۆ نیوەی گرووپ لە نێوان ساڵانی ٥ تا ٤ ساڵ ئەنجام دەدرا، ئەو پەروەردەکردنەش زیاتر لە ئەستۆی کەنیسە و دەوڵەتدا بوو، کە دەوڵەت زیاتر فێربوونی ناوەندی و باڵای لە ئەستۆ دەگرت. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم، کارخانەی گەورە جێگەی کارخانەی بچووکی گرتەوە و پیشەسازی میکانیکی، توانەوەی فلز، ڕستن، کیمیای، وزە پەرەی سەند؛ ئەو گەشەکردنە هاوکات بوو لەگەڵ گەورەبوونی شارەکان، کۆچکردنی خەڵکی گوندنشین بەرەو شارەکان بۆ بەشەکانی پیشەیی و خزمەتگوزاری. ئەو گەشەکردنە، خوێندنی بەزۆری و پەرەسەندنی خوێندنی گشتیی خۆڕایی بۆ هەمووان و جیاکردنەوەی لە ئاین و مەزهەب لە ساڵی ١٨٨١ دەستەبەر کرد. بەم شێوەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بایەخدان بە پەروەردە و پێگەیاندنی کادیری پیشەیی پەرەی سەند، لە پاڵ ئەوە پەرە بەکردنەوەی خوێندنگە و پەیمانگەی پیشەیی دەدرا، لە هەمان کاتدا لە ساڵی ١٩٥٩ خوێندنی بەزۆر بوو بە ١٦ ساڵ، لە کاتێکدا لە ساڵی ١٩٣٦تاکو ١٤ ساڵ بوو. خوێندنی ناوەندی بوو بە دوو لق خوێندنی پیشەیی کورتخایەن و خوێندنی پیشەیی درێژخایەن، بەم ڕێگەیە کرێکاری پیشەیی کارامە و ئەندازیار و تەکنیکی بە توانا بەرهەمدەهێنران(١). ئەو ڕەوشە تازەیە سەرەڕای ئەوەی کە بوو بەهۆی گۆڕین لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بە جۆرێك پێویستییەکان دەستەبەر بکات لە هەمان کاتدا هۆکار بوو بۆ بەرەو پێشەوەبردنی ئابووری دەوڵەتی فەرەنسا.

کەواتە، سەرەڕای ئەوەی سیستەمی پەروەردە دەتوانێت گۆڕانکاری ئابووری دەستەبەر بکات هەروەها سیستەمی پەروەدە دەتوانێت ڕۆڵی کارا بگێرێت لە هێنانەکایەی گۆڕانکاری لە بوارەکانی تری کۆمەڵگەشدا وەکو کولتووری و دانیشتوان و ڕەوشی سیاسی و گۆڕینی بیر و باوەڕ. سەبارەت بە پەیوەندیی پەروەردە بە کولتوورەوە، توێژەران باوەڕیان وایە کە پێوەندیی نێوان ئەم دوو پێکهاتەیە پێوەندییەکی پتەوە، هەردوو لا پرۆسەیەکی تێکەڵاو و ئاڵۆز و تەواوکەری یەکترین و هەموو کات بەیەکەوەن، بەردەوام بەشێوەیەکی بازنەیی یەکێکیان هۆکارە بۆ ئەوی تریان. ئەگەر کولتوور شیوازی ژیانە لە کۆمەڵگە ئەوا پەروەردە ئامرازێکە بۆ

(١) لۆتان کوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٢.

پاراستنی ئەو شێوازە و دروستکردنی هوشیاری بۆی و نوێکردنەوەی بە ڕێگەی پەروەردەکردنی نەوەی تازە[١].

- **کاریگەریی پەروەردە و فێربوون لەسەر دانیشتواندا.**

زانیارییەکان نیشان دەدەن کە بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری هۆکارە بۆ دابەزینی ڕێژەی دانیشتوان. لە هەمان کاتدا هۆکاریشە بۆ دابەزینی ڕێژەی مردنی منداڵان .

ئەو دوو لایەنە بەشێوەیەکی سەرەکی پێوەستە بە ئافرەتانەوە. پەروەردەکردنی تەندروستی و خۆراك دەبێتە هۆی چاودێرییەکی باشتر لە منداڵ و پاراستنی سەلامەتی خێزان. لە هەمان کاتدا بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواری دەبێتە هۆی گۆڕینی تێڕوانینی خەڵك بۆ دیارکردنی ژمارەی منداڵ.

ئەزموونەکانی وڵاتانی پیشەسازی نیشان دەدەن کە پێشکەوتنی ئابووری و پەروەردەیی هەردەم هاوکاتە لەگەڵ دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوون. لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی بانکی جیهانی سەبارەت بە پەرەسەندن و فراوانبوونی ڕێژەی دانیشتوان لە جیهان سالی ١٩٨٤، دەرکەوتووە کە سنووردارکردنی منداڵ و ڕێکخستنی خێزان لەو وڵاتانەی ژنان تێیدا ئاستی خوێندەوارییان نزمە، سەختترە لە وڵاتانی ئاستی خوێندەواری ژنان بەرزترە[٢].

**پێوەندیی پەروەردە بە ڕێژیمی رامیاری.**

پێوەندییەکی پتەو هەیە لە نێوان سیستەمی پەروەردە و سیستەمی رامیاری لە هەر وڵاتێکدا. دەتوانین بڵێین کە لە زۆربەی کاتدا داوودەزگا پەروەردەییەکان نیشاندەری ئامانج و بنەما و ئایدیۆلۆجی سیاسی دەسەڵاتدارانن، لەم بارەیەوە شارەزایان دەڵێن: پەروەردە لە سەردەمی ئەوڕۆدا بووەتە ئامرازێك لەپێناو دەستەبەرکردنی پێداویستییە سیاسی و مرۆییەکان، حکوومەتەکان هەموو کات دەرك بەو ڕاستییە دەکەن، کە مەرجی مانەوەیان پێوەستە بەجۆری ئەو پەروەردەیەی کە ئەو ژیرییەی بەرهەم دێنێت بۆ فەرمانڕەوایی، هەر بۆیە حکوومەتەکان هەر کە دەسەڵات دەگرنە دەست دەست دەکەن بە گۆڕینی شێوازی خوێندن و پەروەردەکردن بۆ ئەوەی بیر و فەلسەفەیەکی

(١) د. خالد محمد ابو شعیرە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

(٢) لۆتان کۆی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٩.

تازە بەرهەم بهێنن کە هانی مانەوەیان بدات[١]. پرسی دیموکراسی و بنەماکانی دیموکراسی ئەمڕۆکە بووەتە مۆدێلێکی جیهانی بۆ هێنانە کایەی تاك و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و خاوەن ژیانێکی شەرەفمەندانەی دوور لە چەوسانەوە و نادادپەروەریی.

بە مەبەستی پەرەسەندنی ئەو سیستەمە و بڵاوکردنەوەی کولتووری دیموکراسی و چاندنی لەناو هزری نەوەی تازە، سیستەمی پەروەردە جارێکی تر بووەتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ فێرکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کولتوورە تازەیە و گەیشتن بە ئامانجەکان لەبەر رۆشنایی ئەو ڕاستییەی کە سیستەمی پەروەردە لە هەر کۆمەڵگەیەك داهاتووی ئەو وڵاتە دەستنیشان دەکات.

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێ دا سەبارەت بە ئەرك و گرینگیی رۆڵی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان، بیسمارك وتەیەکی بەناوبانگی هەیە دەڵێ: «ئەو کەسەی کە قوتابخانە بەڕێوە دەبات بەڕێوەبەری داهاتووی وڵاتە»[٢]. گرینگیدان بە بنەماکانی دیموکراسی هۆکار بووە بۆ دیارکردنی ئامانجی پەروەردەکردن لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی و لە ئەنجامدا داڕشتنی سیستەمی پەروەردە لەسەر بنەمایەکی دیموکراسی. بێگومان ئەو مەسەلەیە زیاتر لەو وڵاتانە بایەخی پێ دەدرێت کە هەوڵی گۆڕانکاری دەدەن لە رێژیمی سیاسی خۆیان و مەبەستیانە بە ئاراستەیەکی دیموکراسییان ببەن.

گرینگترین ئامانجەکانی پەروەردەی دیموکراسی، بریتییە لە پێگەیاندنی دانیشتوان لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی ئازاد لەمیانی مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکانی گەل بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و پێدانی مافی هەڵبژاردنی جۆری خوێندن کە گونجاو بێت لەگەڵ توانا کەسییەکان، نەك بەپێی رێبازی سیاسی، یاخۆ دۆخی ئاینی و توانای ئابووری یا چینایەتی دەستنیشان بکرێ. هەروەها پەروەردەکردنی نیشتمانی دیموکراسی هەستی نەتەوەیی و گیانی هاوڵاتیبوون گەشە پێ دەدات و لە ناویاندا مرۆڤێکی ئازاد پەروەردە دەکات کە ژێردەستەیی ڕەت دەکاتەوە و لەپێناو سەروەری ئازادییەکان خەبات دەکات[٣]. کەواتە گرینگی سیستەمی پەروەردە لە هەر

---

(١) د. يوسف عواد و اخرون، حقوق الانسان في الحياة التربوية ، الدار المناهج للنشر و التوزيع، عمان ، ٢٠٠٨، ص٧٠

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٧٢.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٧١-٧٢.

کۆمەڵگەیەکدا بە ئەندازەیەکە دەتوانێت گۆڕانکاریی لە سیستەمی سیاسی و شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات دروست بکات.

- **پێوەندیی نێوان سیستەمی پەروەردە و بەجیهانیبوون.**

لە سەردەمی ئەمڕۆدا ئامرازەکانی پێوەندیکردن و تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو گەیشتووەتە ئاستێك کە جیهانێك زانست و زانیاری جیاواز لەسەر ئاستی جیهان لە ماوەی پێوانەیی بە گشت سووچەکانی جیهان دەگەیێنێ. لەو سەردەمەدا جیهان وەکو گوندێکی بچووکی لێ هاتووە بەجۆرێك گشت کۆمەڵگە و میللەتان بەهۆی ئامرازەکانی پێوەندیکردن بەیەکەوە پێوەست کراون.

لە دیارترین ڕووەکانی ئەم سەدەیەدا، کە کاریگەریی لەسەر سیستەمی پەروەردەش بەجێ هێشتووە، کێبڕکێی ئابووریی جیهانییە. ململانێکان لەو سەدەیەدا کورت دەکرێتەوە لە ئابووری و بازرگانی و سەرمایەداری و ناردنە دەرەوە و هێنا ژوورەوەی بەرهەم و کڕین و فرۆشتنی کەلوپەل و بەرهەمی بەدەستهاتوو نەك شەڕ. گرینگی و بایەخێکی زۆر بە پاراستنی ژینگە دەدرێت، دەچینە ناو بازاڕێك کە بە چالاکبوون و پێوەستبوونی بە تەکنۆلۆجیاوە گرینگیدان بە کرپار جیا دەکرێتەوە، بازاڕی بە تواناکان و خاوەن پسپۆڕی، بازاڕی تەقینەوەی زانست و زانیاری، لە هەمان کاتدا کۆمەڵگەیەکی ناجێگیر، فرە جۆری دابەشبوو بەسەر بەش و ڕێباز و گیروگرفتی جۆراوجۆر. لە سیمایەکی تری دیاری ئەو سەدەیە ئەوەیە کە زانیاری بووەتە هۆی لەناوبردنی سنووری تەسکی نەتەوەیی، ئەمەش زانست و زانیاریمان بە جیهان و نەتەوەکانی تر زیاتر دەکات. لە هەمان کاتدا هێنانەکایەی هاووڵاتی جیهانی و کولتووری جیهانی دێنێتە کایە کە ئەمڕۆ لە لایان زۆر لە گەلانەوە بەتایبەتی خودان ئابووری لاواز بە مەترسی دەژمێردرێت(١).

لەناو ئەو شاڵاوی گۆڕانکاری و جیهانە پڕ لە مەترسییەدا ئەرکی سیستەمی پەروەردە لە بەرامبەر ئەو گۆڕانکارییانە چی دەبێ؟

شارەزا و توێژەرانی بواری پەروەردە لەو باوەڕەدان کە لەگەڵ کاڵبوونەوەی گرینگی سنوورە نەتەوەییەکان پێویستە قوتابخانەکان بە پرۆگرامەکانی خوێندنی خۆیاندا

(١) د. صالحة عبدالله عیسان، اتجاهات حدیثة في التربیة، دار المسیرة، عمان لاردن، ٢٠٠٧، ص١٠١.

بچنەوە و پلان دابنێن بۆ کۆمەڵگەیەکی جیهانی و تێگەیشتنێکی تر. پێویستە تێڕوانینی تاکەکان بۆ جیهان فراوانتر بکرێ و چوارچێوەی سنووری تەسکی نەتەوەیی ببەزێنێ و بایەخ بە وەرگرتنی زانیاری لەبارەی کولتووری کەونی بدرێت بە ڕێگەی خوێندنی مێژوو جوگرافیای جیهان و مرۆڤایەتی. بەهۆی ئەو بارودۆخە تازەیەی ئەمڕۆ کە سیستەمی جیهانگیری لە وڵاتان هێناویەتە کایەوە، ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەر سیستەمی پەروەردە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پێشکەوتنە بەرفراوانەی کە گشت بوارەکانی جیهانی گرتووەتەوە. هاوکات لەگەڵ تێکەڵاوبوونی میللەتان و پەرەسەندنی کولتوورێکی جیهانی. بۆیە سیستەمی پەروەردە مەرجە بە گشت جۆرەکانی تەکنەلۆجیای سەردەم دەوڵەمەند بکرێت بەو مانایەی کە خزمەت بە پرۆسەی پەروەردەکردن بکات و دواتر ئەویش بە نۆبەی خۆی ببێتە هۆکارێك بۆ خزمەت گەیاندن بە بڵاوکردنەوە و نوێگەریکردن لە جۆرەکانی تەکنەلۆجیادا(١).

لە سەدەی فرەیی و جیاوازی کولتووریدا، ئەوەی زیاتر بووەتە بەرنامەی کار و ئامانجی پەروەدەکردن بەتایبەتی لە وڵاتانی فرەنەتەوە و پێکهاتە ئالۆزەکاندا بریتییە لە (پەروەردە و فێرکردنی فرە کولتووری) ئەم چەشنە پەروەردەکردنە تێڕوانینێکی مرۆڤدۆستانە بەرهەم دێنێ کە تاك تێیدا سەرەڕای ئەوەی زانیاری لەبارەی خۆی فێر دەبێ لە هەمان کاتدا هەر تاکێك زانیاری سەبارەت بە گرووپە نەتەوەیی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییەکانی تر کە بەشێکن لە کۆمەڵگەی گشتی وەردەگرێ(٢). بوونی ئەم ڕێبازە هزرییە لەناو سیستەمی پەروەردەدا زەمینەی گونجاندن و بەیەکەوەژیانی پێکهاتەکانی ناو یەك قەوارەی سیاسی و جیهان ئاسانتر دەکات کە بە یەکێك لە پێداویستی و مۆدێلەکانی سەدەی بەجیهانیبوون دادەنرێ.

ئەوەی لە کۆی ئەو باسانەی سەرەوە بەرەنجام دەکرێ ئەوەیە کە پێوەندییەکی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان سیستەمی پەروەردە لەگەڵ گشت بەش و لایەن و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە، بە جۆرێك ڕوودانی گۆرانکاری لە لایەك کار دەکاتە سەر لایەنەکانی تریش.

هەروەها، دەتوانین ئەوەش بەرئەنجام بکەین کە سیستەمی پەروەردە بەپێی ئەو ئامانجەی بۆی دیاری دەکرێ، کە ئەویش هەڵێنجراوی فەلسەفەیەکی دیاریکراوە،

(١) هەمان سەرچاوە، ل١٠٢-١٠٣.

(٢) لوتان کوی ،سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

دەتوانیت کۆمەڵگە بەرەو گۆڕانکاری و ئەو ئامانجە ببات کە بۆی دەستنیشان کراوە. لێرەدا، کاتی ئەوە هاتووە پرسیار بکەین کە ئایا سیستەمی پەروەردە لە کۆمەڵگەی کوردی توانیویەتی رۆڵی گۆڕانکاری بگێڕێ؟ ئایا چ جار ئەم ئامرازە کاریگەرە بەکار هێنراوە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفت و دیاردە نەویستراو و کەموکورتییەکان؟ پەروەردە لە کوردستان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە رۆڵی گۆڕانکاری و سەرکردایەتی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی ببینێ؟ گەیشتن بە وەڵامی دروست بۆ هەریەك لەو پرسیارانە کارێکی سەختە، لەبەرئەوەی پرسی پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان باس و توێژینەوەی پێویستی لەسەر ئەنجام نەدراوە. بوونی کەموکورتی سەرچاوەی زانستی لەم بارەیەوە ئێمە ناچار دەکات زیاتر پشت بە تێڕوانین و شیکردنەوەی خۆمان ببەستین، هەروەها ئەزموونی کارکردن و هاوژیانی خۆمان لەناو ئەو سیستەمە و کۆمەڵگەی کوردی بکەینە پێوەر بۆ قسەکردن لەسەر ئەو پرسە.

وەکو لە بەشەکانی تردا ئاماژەمان پێ داوە، کۆمەڵگەی کوردی لە کۆمەڵگە تازە پێگەیشتووەکان دەژمێردرێ و تاکو ئێستا نەیتوانیوە لە قۆناخی نەریتی خۆی ڕزگاری بکات، بۆیە لە کۆمەڵگەیەکی لەو چەشنەدا بێگومان داوونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان هاوکات لەگەڵ پێوەر و ڕێوڕەسم و بیر و باوەڕی ئاینی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە پەروەردەکردنی تاك لە کۆمەڵگە و پێکهێنانی کەسایەتی کورد.

لەلایەکی تریشەوە ئەو کۆمەڵگەیە، جیا لە هەر کۆمەڵگەیەکی تر، هەموو کات لە ڕەوشێکی سیاسیی ناجێگر و پڕ لە شەڕ وماڵوێرانی ژیاوە، لە هەمان کاتدا ئەم نەتەوەیە بەردەوام هەستی بە چەوسانەوە و پێشێلکاری کردووە لە مافەکانی لەلایەن ڕێژیمە یەك لە دوا یەکەکانەوە. بەجۆرەها تاوانی کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و کیمیابارانکردن و .... هتد بەرامبەری ئەنجام دراون، گشت ئەو دۆخە ناسروشتییە و هۆکارەکانی تری ئابووری، جوگرافی و کۆمەڵایەتی فاکترەن بۆ پێی نەگەیشتن و چالاکنەبوونی ڕۆڵی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن کە دامەزراوەیەکی کۆمەڵگەی شارستانییە.

لە کۆمەڵگەی نەریتیدا زانیاری ڕەمەکی لە زۆربەی کاتدا بەهێزتر و زاڵە بەسەر زانیاری زانستیدا، ئەوە ئەو دۆخەیە کە کۆمەڵگەی کوردستان ڕووبەڕووی بووەتەوە، بۆیە نەك قوتابخانە رۆڵی لاوازبووە لە هێنانە کایەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتیدا بگرە زۆرجار قوتابخانە کەوتووەتە ژێر ڕکێفی کۆمەڵگە و بە هۆی جیاوازیی زانیاری

قوتابخانە لەگەڵ مەعریفەی ناو خێزان و بۆشایی و دابڕان لە نێوان ئەو دامەزراوانە دروستبووە، ئەو دۆخەش وەکو (عەلی وەردی) دەڵێ: تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی تووشی ئیزدواجیەت کردووە. واتا کەسایەتییەکی ناتەندروستیان لێ دروستبووە[١].

نەتەوەی کورد بەشێکە لە نەتەوەکانی رۆهەڵاتی ناوەڕاست. وەکو زۆربەی میللەتانی ناو ئەو چوارچێوەیە، سەبارەت بەپرسی پەروەردەکردن، گیرۆدەی کۆمەڵێك گیروگرفت بووە کە تاکو ئەمرۆش رێگرن لە بەردەم هێنانە کایەی پێشکەوتن لە کۆمەڵگەدا. ئەم گرفتانە دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١– نەبوونی دەزگای پەروەردەیی زانستی سەردەم بەتایبەت بۆ قوناخەکانی خوێندنی سەرەتایی.

٢– بێ توانایی لە پێگەیاندنی مامۆستایان بەشێوەیەکی نموونەیی کە بگونجێ لەگەل ئەو ئەرکە و زیادبوونی حەزی دوورکەوتنەوە لەم کارە لای تاکەکان، و پشتگوێخستنیان لەلایەن دەوڵەتەوە، بەتایبەتی لە بواری مادی و کەمی مووچەی مانگانەیان .

٣– لاوازی لە بەرێوەبردنی دەزگای پەروەردەیی و کەمیی کەرەستە پەروەردەییەکانی (پەرتوك، دەزگاکان، ئامێرەکانی فێرکردن و ... هتد) کە بەربەستی گەورەی دروست کردووە لە گەیشتن بەنوێبوونەوەی پەروەردەیی و سەختی پێوەندیکردن و گەیشتن بە زانیارییەکان لەژێر پاڵەپەستۆی ئەم گرفتانە.

٤– جەختکردن لەسەر لایەنی تیۆری لە فێربوون و پشتگوێ خستنی لایەنی کرداری کە ئەمە پێچەوانەی ئەو سیستەمەیە کە لە جیهان پەیڕەوی لێ دەکرێت. بە جۆرێك زۆربەی بابەت و پرۆگرامەکانی خوێندن بەشێوەیەکی تیۆری دەخوێندرێن وەکو کۆمپیوتەر و فیزیا و بیرکاری وکیمیا و... هتد.

٥– کورتبوونی ماوەی خوێندن و فێربوون بە جۆرێك لەگەڵ زیادبوونی زانیاری و زانستی ئەمرۆکە ناگونجێ، سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی کاتی قوتابی لە دەرەوەی دەزگای پەروەردەیش بە کەناڵەکانی پێوەندیکردن و تەلەڤزیۆن و ئەنتەرنێت پڕ دەکرێتەوە. بۆیە پێویستە ماوەی خوێندن درێژتر بکرێت.

٦– لاوازی لێکۆڵینەوەی زانستی لە زانکۆ و پەیمانگە زانستییەکان و دابڕانی

---

(١) د. علی وردی، سەرچاوەپێشوو، ل٢٥٧.

تـوێژیـنـەوەی زانستـی لـەو گـیـروگـرفـتـانـەی کـە بـەشەکـانـی خزمـەتگوزاری و وەبـەرهـێنان لـە دەستی دەناڵێنن. بە جۆرێك زۆربەی زانکۆکان جەخت لـەسەر ئـەرکـی خـۆی دەکـاتـەوە وەك فـێرکردن و لایـەنـی چـارەسـەرکـردنـی گرفـتـەکـانـی پشتگۆی خستووە.

٧- کەمیی ئەو بودجەیەی کە بۆ پەروەردە و فێرکردن و بواری زانستی دەستنیشان دەکرێت. ئەو برە بودجە ناتوانێ زۆر لە گرفتە مادی و زانستییەکان کە ئەو دامەزراوانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە چارەسەر بکەن[١].

ئـەو چـەنـد خـاڵـەی لـە سەرەوە ئـامـاژەمـان پـێ دان، ئـەو کـۆمـەڵـە گـیـروگـرفـتـە پەروەردەییانەن کە وڵاتانی عەرەبی، کە بەشێکن لە کۆمەڵگەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمڕۆکە ڕووبەڕووی دەبنەوە، کە زۆر نزیکە لەو گرفتانەی لە سیستەمی پەروەردەی کوردستان دەبینرێن. ئەوە سەرەڕای ئەو دوو خاڵەی تری خوارەوە کە بەشێوەیەکی تایبەت سیستەمی پەروەردەکردن لە هەرێمی کوردستان لە دەستی دەناڵێنێ.

٨- دامـەزرانـدنـی سیستـەمـی پـەروەردەی کوردستـان لـەسەر میـراتـی حکوومـەتـی پێشووی بەعس.

٩- بـرەوسەنـدنـی دیـاردەی دەستـێوەردانـی حـزبـی لـە کـاروبـاری پـەروەردە و دەستـنـیشانـکـردنـی بـەرپـرس و بـەڕێوەبـەری قـوتـابـخـانـەکان لـەسەر بـنـەمـای حزبـایەتی.

کەواتە، تاکو ئەو گرفتانە بەشێوەیەکی بنەڕەتی و زانستییانە چارەسەر نەکرێن، لە هێنانە کایەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی ناتوانین بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە دەزگای پەروەردە و فێرکردن ببەستین.

---

(١) هادی مشعان ربیع، سەرچاوە پێشوو، ل١٥٢.

## تەوەری سێیەم

### بایەخ و کاریگەری هەبوونی فەلسەفەی پەروەردەیی لە کوردستاندا

ناتوانین لە واتا و ناوەڕۆکی هەر سیستەمێکی پەروەردەیی بگەین بەبێ تێگەیشتن لە بنەما فەلسەفییەکەی، یاخۆ ئەو تیۆرییەی کە ئاراستە و ڕێنوێنی دەکات. لەبەرئەوەی هەر لە کۆنەوە، پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان فەلسەفە و پەروەردەدا هەبووە، ئەم دوو لایەنە لە بابەتدا هاوبەشن و لە ئامرازی توێژینەوەدا جیاواز. بابەتی پەروەردەکردن بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤ دەگرێتەوە، لە هەمان کاتدا مرۆڤ بە تەوەر و بابەتی سەرەکی فەلسەفەش دەژمێردرێ. تەنیا ئەوە نەبێت کە ئامرازەکانی پەروەردەکردن زیاتر کردارییە کەچی ئامرازی فەلسەفە زیاتر هزری و تیرامانە[١]. لە نێوان فەلسەفە و پەروەردەدا پێوەندییەکی توندوتۆڵ و دیالیکتێکی هەیە کە بەبێ هەر یەکێکیان لایەنی دووەم ناتەواوە، بەجۆرێك فەلسەفە بەبێ پەروەردە ناتوانێت بیرۆکەکانی خۆی لە مەیدانی ڕاستەقینەدا جێبەجێ بکات و پەروەردەش ناتوانێت بەبێ ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراو بەڕێوە بچێت، کە ئەو ئامانجە لەبەر ڕۆشنایی بنەمای فەلسەفەدا دیار دەکرێ[٢].

کەواتە لە دەسپێکی لێکۆڵینەوە لەسەر هەر سیستەمێکی پەروەردەیی پێویستە لە بنەما فەلسەفییەکەی ورد ببینەوە و تێ بگەین، هەروەها لە سەرەتای دارشتنی هەر سیستەمێکی پەروەردەیی پێویستە ئامانج و بنیاتە فەلسەفییەکەی دەستنیشان بکرێ. کەواتە بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەی پەروەردە و گرینگی ئەم فەلسەفەیە لە ئاراستەکردنی سیستەمی پەروەردەکردندا پێویستە لە ئەم چەمکە پێناسە بکەین.

**پێناسەی فەلسەفەی پەروەردە:**

فەلسەفەی پەروەردە وەکو زۆربەی چەمك و زاراوەکانی تر لەلایەن زانا و رۆشنبیر و بیرمەندان بە چەندان شێواز پێناسەی بۆ کراوە کە لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند پێناسەیەك بەنموونە بهێنینەوە.

(١) د. احمد الفنیش، اصول التربیة، دار الکتاب الجدید المتحدة، بیروت لبنان، ١٩٩٩، ص٩١.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٩١.

فەلسەفەی پەروەردە برێتییە لە جێبەجێکردنی تێڕوانینی فەلسەفی و ڕێبازی فەلسەفی لە بواری ئەزموونی مرۆڤایەتیدا کە بە پەروەردە ناوی دەبەین[١]. هەروەرها فەلسەفەی پەروەردە برێتییە " لە کۆمەڵێك گریمان و ڕاسپاردە، کە پێك هاتووە لە تێڕوانینێکی فەلسەفی بۆ سروشتی مرۆڤ و زانیاری و ئامانج و سروشتی کۆمەڵگە"[٢]. هەر سەبارەت بە پێناسەی فەلسەفەی پەروەردە گوتراوە کە برێتییە لەو بیر و باوەڕ و چوارچێوە و کاریگەرییە هزرییە فەلسەفییانەی کە دەکەوێتە پشت ڕێکخراو و ڕێباز و ڕێگە و تیورییە پەروەردەییەکان لە سەدەی تازە و سەردەمدا[٣].

بێگومان کاتێك باس لە فەلسەفەی پەروەردە دەکرێت ناکرێ پێوەندیی ئەو فەلسەفەیە بە گشت کۆمەڵگەو بەتایبەتی فەلسەفەی حکومڕانی و سیاسی لەو وڵاتە لە یاد بکرێت. بۆ نموونە کاتێك وڵاتێکی دیاریکراو پەیڕەوی لە فەلسەفەی سەرمایەداری دەکات کە ئەمڕۆ لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی پێشکەوتوو برەوی سەندووە، پێویستە فەلسەفەی پەروەردەش لەم وڵاتەدا هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەم فەلسەفەیە نەوەیەك بێنێتە کایە کە خزمەت بە کۆمەڵگەیەکی پیشەساز و سەرمایەدار بکات. سەبارەت بە فەلسەفەی سۆسیالیزمیش بارەکە پێویستە هەر بەو شێوەیە بێت. کەواتە دەتوانین بڵێین فەلسەفەی پەروەردە برێتییە لەو چوارچێوە هزری و بیر و باوەڕییەی کە پێناسە و ڕوونکردنەوەی بۆ گشت چەمك و لایەنە پەروەردەییەکان هەیە، هەروەها ئامانج و ڕێبازی پێگەیاندنی ژیری و جەستەیی و گیانی تاك لەمیانی پرۆسەی پەروەردەکردنی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دیاری دەکات، لە پێناو گەیاندنی کۆمەڵگەو وڵات بەو ئامانجە پیرۆزانەی کە فەلسەفەکە دیاری کردووە .

بەپێی فرەبوونی ڕێبازەکانی فەلسەفەیی و ئەو چوارچێوە هزری و ئایدۆلۆجی و بیر و باوەڕییەی هەر ڕێبازێکی فەلسەفەیی بۆ شیکردنەوەو قسەکردن لەسەر مرۆڤ و یاساکانی سروشت و حەقیقەت و هۆکارەکانی بوون و پێوەری خۆشبەختی و جوانی و بەها و گشت پێکهاتەکانی ژیان بەگشتی هەیەتی، چەندان جۆر لە فەلسەفەی پەروەردەیی هاتوونەتە کایەوە، کە هەر یەکەیان ئامانج و کەرەستە و شێوازی دیاریکراوی خۆی هەیە لە پرۆسەی پەروەردەکردندا.

---

(١) د. عبداللّه الرشدان، سەرچاوەی پیشوو، ل ٥٧.

(٢) د. عبداللّة الكريم علي اليماني، فلسفة التربية، الشروق، عمان الاردن، ٢٠٠٤، ص٤.

(٣) د. علی خلیل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠ .

لـێرەدا هـەوڵ دەدەیـن چـەنـد ڕێبـازێکـی فـەلسـەفـی بـاو لـەو بـارەیـەوە بـە نموونـە بهێنینەوە:

**١- فەلسەفەی پەروەردەی ئایدیالیزم** (Idealism)(*):

ئایدیالیستەکان پێیان وایە کە پەروەردەکردن هەوڵدانێکە بۆ رووخانی شەڕ و پێگەیاندنی ژیر. لەبەرئەوەی لە ڕێبازی فەلسەفەی میسالیدا ئەوەی بووەتە ئامانجی سەرەکی گەیشتنە بە راستیی ڕەها، کە بەلووتکەی خۆشبەختی مرۆڤایەتی دادەندرێ. ڕاستی ڕەهاش شتێك نییە لەسەر رووی جیهانی مادی و هەستپێکراودا بوونی هەبێت، بگرە لایەنی ڕوحانیەت و میتافیزیکی دەگرێتەوە. بۆ ئەم چوارچێوە فەلسەفییە تێڕوانینێکی تایبەتی بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤ دەبیندرێت.

وەکو لە ئامانجە سەرەکییەکانی پەروەردەیی ئەم فەلسەفەیە دەردەکەوێ:

١- بایەخێکی بێ ئەندازە بە بواری ژیری و ڕوحانی مرۆڤ دەدات بەجۆرێك دەبێ پەروەردەیەکی ئەوتۆ بکرێ کە بگات بە حەقیقەتی ڕەها و بەرزترین پلەی پێگەیشتنی ڕوحی تاوەکو لە ئەنجامدا بگات بە پێگەیشتنی ڕەها کە ئەمە لووتکەی خۆشبەختی مرۆڤایەتی دەگەیەنێ.

٢-ئامانجی پەروەردەکردن بەپێی ئەم فەلسەفەیە نەگۆڕە. لەبەرئەوەی راستیی ڕەها نەگۆڕە بۆیە گشت ڕێبازەکانی پەروەردەیی دەبێ مرۆڤ بگەیەنێ بەو ڕاستییە.

٣-بۆ ئەوەی پەروەردەی ژیری بگات بەڕاستیی ڕەها و هەتاهەتایی پێویستی بەشێوەی ستراکتورێکی زانیاری نەگۆڕ هەیە، نەك لە شێوەی نموونەی

(*) Idealism ئەم ڕێبازە فەلسەفییە جەخت لەسەر لایەنی هزری و ژیری مرۆڤ دەکاتەوە ڕەگوریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بیری فەیلەسووفی یۆنانی ئەفلاتوون (٣٤٨ب.ز) کە باسی لە دوولایەن بوونی سروشتی مرۆڤ کردووە، گیان و جەستە یاخۆ ژیری و مادە کە زۆر لە یەکتر جیاوازن، هەر ئەو ڕێبازە جیهان بەسەر دوو لایەنی ڕوحانی و واقیعی یاخۆ جیهانی ئەندێشە، جیهانی هەست پێکراو دابەش دەکات. هەروەها کە راستی شتێکی ئەزەلیە و بەدەرە لە ژیری ئادەمیزاد و بەر لە بوونی مرۆڤ بوونێ هەیە و پیرۆزترین جیهان جیهانی ئەندێشە و میتافیزیکی کە مرۆڤ بە ڕێگەی لایەنی هەست ناتوانێت پێی بگات مەگەر بە کارکردن لەسەر لایەنی ڕوحی و زاڵبوون بەسەر حەزە جەستەیییەکان لەبەرئەوەی روح سنووری جیهان واقیعی دەشکێنێ. (د. محمد حسن العایرە، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٨،٢٥٩).

ئەزموونگەریی.

ئەم چەشنە فەلسەفە پەروەردەیییە زیاتر هانی نەگۆڕی و چەقین دەدات و لە ئەنجامدا گرفت لە بەردەم گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە دێنێتە کایە کە لە جوڵە و گۆڕانکاریی هەمیشەییدایە(١).

ئاینە ئاسمانییەکانیش دەچنە نێو چوارچێوەی ئەم فەلسەفەیەوە، لەبەرئەوەی ئامانجی باڵا تێیاندا گەیشتنە بە ڕاستیی ڕەها، کە ئەویش پەروەردگارە کە نابیندرێ و هەستی پێ ناکرێ و گشت کار و کردەوە و چالاکییەکانی ئادەمی لەپێناو ڕازیکردنی پەروەردگار دانراوە. هەروەها هەوڵدان لە جیهان بۆ گەیشتن بەخۆشبەختی جیهانی و هەر لە بوونەوە کە جیهانی دوای مەرگ و زیندووبوونەوەیە. لەو چەشنە فەلسەفە پەروەردەییەدا بابەتی خوێندن نەگۆڕە، مامۆستا سەنتەرە و تەنانەت بۆ فێرکردنی قوتابی دەتوانێ سزاش بەکار بهێنێ و قوتابی ئەرکی تەنیا وەرگرتنی زانیاری و ئەو زانیاریانەیە کە لە مامۆستا وەری دەگری توێژەر ئەم فەلسەفەیە بۆ سیستەمی پەروەردەکردن ڕەت دەکاتەوە لەبەرئەوەی خزمەت بە پێشکەوتن و گۆڕانکاری و فەرهەنگی ئەمڕۆی کۆمەڵگەکان و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی ناکات.

**٢-فەلسەفەی پەروەردەی واقیعی (ریالزم)** (*):Realism

لە ڕوانگەی ئەو فەلسەفەیەوە پێویستە مرۆڤ لەپێناو گەیشتن بەو ڕاستییە

---

(١) د. عبدالكريم علي اليماني، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

(*) Realism : ڕەگو ڕیشەی فەلسەفەی ریالیزم بۆ فەیلەسووفی بەناوبانگی یۆنانی ئەرستۆ (٣٢٢-٣٨٣ب.ز) دەگەڕێتەوە کە بە باوکی ڕیالیزم دادەندرێت، لەبەرئەوەی جیهانی ئەندێشەی و میسالی یۆنانی هەڵگەڕاندنەوە بۆ ئەو واقیعەی کە تێیدا دەژین، جیهانی هەستپێکراو (محسوس) بە سەرچاوەی ڕاستی داناوە. بەپێی بۆچوونی ئەم فەلسەفەیە ڕاستێك لە واقیعی کۆمەڵایەتیماندا هەیە و ئێمە بەڕێگەی ئەزموونی ژیانی ڕۆژانە دەتوانین دەرکی پێ بکەین. ئەم ڕێبازە فەلسەفییە ئامرازی گەیشتنە بە ڕاستییەکان. فەلسەفەی واقیعی وایە کە مرۆڤ بە ڕێگەی ئەزموونی زانستی و بەکارهێنانی هەستەوەرەکان دەتوانین بگات بەو ڕاستییە. (د. عبدللە الرشدان، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣.

ڕەهـایـە ڕابـهـێنـدرێت کـە لـە جـیـهـانـی سروشتـی هـەستپێکراودا بـوونـی هـەیـە. ئـەم فـەلسەفـەیـە پـێی وایـە کـۆمـەڵـگـە لـەسەر یـاسایـەکـی سروشتـی و گشتـی دەڕوات کـە گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت. جا هەرچەندە مرۆڤ پەیڕەوی لە یاساکانی سروشت بکات و تێ بگات ڕێڕەوی کۆمەڵگەی سروشتی سەرکەوتوو تر دەبێ.

کەواتە ئەوەی ئەو فەلسەفەیە ئامانجیەتی لە پەروەردەکردنی مرۆڤدا جەختی لەسەر بکرێتەوە، هەوڵدانە بۆ گەیشتن و دۆزینەوەی یاسا سروشتییەکان، ئەویش بە ڕێگەی ئـەزمـوونـی زانستـی. بـەپـێی ئـەم جـۆرە فـەلسەفـە پـەروەردەییـیـە بـابـەتـی خـوێنـدن ئـەو ئەزموون و دۆزینەوە زانستییانە دەبێ کە زاناکان لە ژیانی واقیعیدا پێی گەیشتوون و لەو ڕێبازەشدا مامۆستا سەنتەر و ڕەها دەبێ لە پۆل و قوتابیش تەنیا وەرگر و کەمتر بواری گفتوگۆکردنی پێ دەدرێ.

یەکێك لەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی فەلسەفەی پەروەردەی میسالی کراوە مەسەلەی پشتگوێخستنی لایەنی جەستەیی مرۆڤ و تەنیا گرینگیدان بەلایەنی گیانی و ژیری ئەوە.. لە کاتێکدا وەکو لە فەلسەفەی ڕیالیزمیدا بەدیار دەکەوێ هەردوو لایەن جێگەی بایەخی ئەم ڕێبازە فەلسەفییەیە. لە بنەماسەرەکییەکانی ئەم فەلسەفەیە هەروەکو ئەرەستۆ لە بواری پەروەردەیی بایەخی پێ داوە گەیشتنە بە (فەزیلەت). فەزیلەت لە ڕوانگەی ئەرستۆوە بریتیە لە: (ئامادەکردنی هاوولاتی چاکەکار بۆ ژیانێکی پڕ لە فەزیلەت، کە بەڕێگەی خزمەتکردنی ئەو دەوڵەتە دەبێ کە کار دەکات بۆ چێژوەرگرتن لـە ژیـان)(١). هـاتـنـە ئـارای فـەلسەفـەی ڕیـالیستـی بـەقـۆنـاخـێکـی پێشکـەوتـووتـر دەژمێردرێت لە قۆناخەکانی پێشووەچوونی کۆمەڵایەتید . لەو قۆناخەدا بوو کە مرۆڤ هەوڵی دا لە جیهانی ئەندێشە و وەهم خۆی ڕزگار بکات و جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ واقیع و هەوڵەکانیش هەر لەپێناو باشترکردن و پێشووەچوونی ژیانی واقیعی بوون، ئـەویش بـە گـرتـنـەبـەری ئـامرازی هـەسـتـەوەر و زانست و زانـیـاریـی بـەدەستـهـاتـوو لـە ئـەنجامـی ئـەزمـوونـی ژیـانـی واقـیـعیدا هـاوکـات لـەگـەڵ گـۆڕانـکـارییـە ئـابـووری و کـۆمـەڵایـەتـی و سیـاسی و فـەرهـەنگییـەکـانـدا. هـەروەهـا هـەرچـەنـدی ژیـان ئـالـۆزتر و پـێداویستـیـیـەکـان زیـاتـر دەبـوون بـیـرۆکـە و فـەلسەفـەی تـازەتر لـە بـواری ڕاهـێنـان و پەروەردەکردنی مرۆڤ سەریان هەڵداوە. کە فەلسەفەی سروشتی پەروەردەیی بە یەکێك

---

(١) د. محمد الطیطي و اخرون، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٦.

لەو فەلسەفانە دەژمێردرێت.

### ٣- فەلسەفەی پەروەردەییی سروشتی(*)(Naturalism):

لەم ڕێبازە فەلسەفییەدا گرینگییەکی زۆر دەدرێت بە ئازادی مرۆڤ و پەروەردەی سروشتی، هەروەها زیاتر جەخت لەسەر ئێستای ئادەمیزاد تا داهاتووی دەکرێتەوە، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ بە کلیلی داهاتوو لە قەڵەم دەدات. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەو تێڕوانینە فەلسەفییەکانیدا، بەتایبەتی لە بواری پەروەردەکردندا، مرۆڤ لە سەنتەر دادەندرێت و مامۆستا دەبێ تەنیا ڕۆڵی ڕێگەنیشاندەر ببینێت، هەروەها گرینگی بە سروشت و بواری دەرەوەی پۆل دەدرێ بۆ فێربوون وەکو گەشت و گەڕان. ئەم ڕێبازە فەلسەفییە دژی بەکارهێنانی سزایە بەرامبەر بە قوتابی بگرە سزاکە بۆ خوودی یاسای سروشت دەگەڕێنێتەوە. جان جاك ڕۆسۆ لە کتێبە بەناوبەنگەکەیدا بەناوی (ئێمیل)کە بەدەستووری پەروەردە دادەندرێ لەلای سروشتییەکان ئەم لایانانەی زۆر بەوردی شیکردووەتەوە .ڕۆسۆ کتابەکەی بەسەر پێنج بەش دابەش دەکات کە قۆناخ دوای قۆناخ ژیانی ئادەمیزاد دەگرێتەوە. ئەمە سەرەڕای بەشێکی تایبەتی بە ناوی (سۆفی) کە تایبەتە بە پەروەردەکردنی ئافرەت(١). سەرهەڵدانی ئەم فەلسەفەیە بۆ یەکەم جار شۆڕشێك بوو لە ژیانی تاك و بایەخ دان بە مرۆڤ لە سەرووی کۆمەڵگە، لەبەرئەوەی لە پێشتردا هەردەم کۆمەڵگە جێگەی بایەخ بوو، بەسەر تاك و

---

(*) Naturalism: ئەم فەلسەفەیە دەگرێتەوە بۆ سەردەمانی بەر لە زاینیی و بۆ فەلسەفەکانی یۆنانی کۆن, بەڵام سەرهەڵدانی وەکو شۆڕشێك کاردانەوە بوو بەرامبەر فەلسەفەکانی کۆن دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە، کە بانگهێشتکردن بۆ ئاین و پابەندبوونی خواپەرستی قورسایی خستبووە سەر خەڵك. جان جاك ڕۆسۆ (2171-7871 ز) بەسەرکردەکانی ئەم ڕێبازە فەلسەفییە دەژمێردرێت. ئەم فەلسەفییە باوەری وایە کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرەیەکی خێرخوازە تەنیا ئەوە پەروەردەی کۆمەڵایەتییەیە کە لایەنی شەڕی تێدا دروست دەکات. لە ڕوانگەی ئەم فەلسەفییەوە یاساکانی سروشت بنەمای پێك هاتن و بەڕێوەبردنی ژیانن و پێویستە مرۆڤ ئازاد بکرێت تا وەکو بە سروشتی خۆی و بەپێی یاساکانی سروشت پەروەردە بکرێ. هەروەها باوەری وایە کە یاساکانی سروشت دادپەروەری دێنێتە کایەوە. (د. محمد الطیطي سەرچاوەی پێشوو، (ل٨٧-٨٧) ).

(١) د. عبدالکریم علي الیماني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٢.

تایبەتمەندییەکانی دەسەپێندرا.

لە ڕێبازێکی تری فەلسەفەی پەروەردەیی کە ئەمڕۆکە لەسەر ئاستی جیهان بەتایبەتی وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکان وەك ئەوروپا و ئەمەریکا باوی هەیە بەتایبەتی لە بواری دیاریکردنی ئامانجی سیستەمی پەروەردەیی، فەلسەفەی پەروەردەییی پراگماتییە (Pragmatism).

**٤- فەلسەفەی پەروەردەییی پراگماتیزم**[*] (Pragmatism):

لە ڕوانگەی ئەو فەلسەفەیەوە پەروەردە بریتییە لە ژیان نەك ئامادەکردن بۆ ژیان. ئەرکی سەرشانی هەر قوتابخانەیە کە ڕووداوە راستەقینەکانی ژیان لە پرۆسەی پەروەردەکردندا بەکار بهێنێ، ئامانجەکانی پەروەردەکردن لە چوارچێوەی ئەم فەلسەفەیەدا بریتییە لە:

١- پێویستە ئامانج لە بارودۆخی هەنوکەیی سەرچاوە بگرێت، بە واتای (دێڤی): پێویستە بارودۆخی کۆن و ئێستا دەستنیشانی ئامانجەکانیان بکەن.

٢- پێویستە ئامانجەکان نەرمی تێدا بێت واتا شیاوی گۆڕانکاریی و ئەزموونکردن بێن.

٣- ئامانجی دیاریکراو پێویستە گونجاو بێت لەگەڵ هێزی مرۆیی و تواناکاندا.

٤- ئامانجی پەروەردەکردن پێدانی توانایە بە تاك بۆ بەشدایکردن لە هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا .

**٥- پێوەستکردنی زانست بەدیموکراسی**(١).

لە ڕوانگەی ئەو فەلسەفەیەوە هەروەکو لە فەلسەفەی سروشتی پەروەردەیی بینیمان

---

(*) Pragmatism: ئەم فەلسەفەیە زۆرجار بە فەلسەفەی کرداری Practicalisim یاخۆ سوودمەندی یاخۆ ئەزموونگەری ناو دەبرێت. بیریارانێ ئەم ڕێبازە فەلسەفییە باوەڕیان وایە کە ڕاستی بەرێگای ئەزموونکردن بەدیار دەکەوێت نەبوو لە قەڵەم دەدرێت. هەروەها باوەڕیان وایە کە ژیان لە گۆڕان و بزوانی بەردەوام دایە و ڕاستی جێگیربوونی نییە، لە هەمان کاتدا باوەڕی بە زانیاری ئەندێشەیی وەهمی نییە بگرە مەرجە بکەوێتە ژێر ئەزموون و سوود بگەیەنێ. لە فەیلەسووفە هەرە بەناوبانگەکانی ئەم ڕێبازە دەتوانین (جون دێوی) (١٨٥٩-١٩٥٢ز) ناوبەین.(د. محمد الطيطي، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤،٩٥).

(١) د. عبدالكريم علي اليماني، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥-٩٦.

زۆر بایەخ بە تاکایەتی و ئازادی تاك دەدرێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو فەلسەفەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە هەوڵ بدرێت قوتابی بەڕێگەی ئەزموونی بگات بە زانیاری و ڕاستییەکان، هەروەها لەم ڕێبازە فەلسەفەیەدا هەوڵ دەدرێت پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان قوتابخانە و بابەتی خوێندن و ڕووداو و ڕاستی ژیانی کۆمەڵایەتی دروست بکرێ. لەبەرئەوە هەموو ئەو شتانەی کە قوتابی فێریان دەبێ پێویستە لەپێناو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان و خزمەتکردن و سوودگەیاندن بە کۆمەڵگە بێ.

لە کۆی ئەم باسانە سەبارەت بەچەند ڕێبازێکی فەلسەفی پەروەردەیی ئەو پرسیارە لەلامان گەڵاڵە دەبێت کە ئایا گونجاوترین نموونەی فەلسەفەی پەروەردەیی بۆ کۆمەڵگەی کوردی کامەیە؟ ئایا دەکرێ یەکێك لەو نموونە باسکراوانە وەکو خۆی لە کوردستان پەیڕەو بکرێت؟

لە کاتی داڕشتنی بنەماکانی فەلسەفەی پەروەردەیی لە هەر وڵاتێك پێویستە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و بەها و سیمبولەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هاوکات لەگەڵ دۆخی کات و شوێنی لە بەرچاو بگیرێت.

سەبارەت بە داڕشتنی فەلسەفەی پەروەردەیی لە کوردستانیش دەبێ پەیڕەوی ڕێبازی پراگماتیزم بکەین. لەبەر ئەوەی لە روانگەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، جوگرافییەوە کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە گشت نەتەوە و کۆمەڵەکانی تر. سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاین و مەزهەبییەوە پێکهاتەیەکی فرە چەشنی هەیە. لەلایەکی تر ئەم هەرێمە بە درێژایی مێژوو لە بارودۆخێکی سیاسی ناجێگیر و پڕ لە شەڕ و ماڵوێرانی ژیاوە، ئەم رەوشە سیاسییە ناجێگیر و خراپە بووەتە هۆی پارچەپارچەکردنی خاکی کوردستان بەشێوەیەکی بەردەوام. دابەشکردنی یەکەم لە ئەنجامی شەڕی چاڵدیران لە (١٥١٤ز) کە لە نێوان فارس و عوسمانییەکاندا بەرپابوو، دواتر بەپێی پەیماننامەی زەهاو لە ١٦٣٩ ئەنجام درا [١]، تاوەکو بەرپابوونی شەڕی یەکەم لە ئاکامدا جارێکی تر کوردستان دابەشکرایەوە بەڵام ئەم جارەیان بۆ چوار پارچە[٢] ئەم رەوشە شڵەژاو پڕ لە نائارامییە تا دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢٠ و لکاندنی بەشی

(١) د. عبدالرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

(٢) د. عزیز شەمزینی، جووڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٨، ل٤٠.

کوردستانی باشوور بەم دەوڵەتە تازەیەوە هەر بەردەوام بووە[1]. سەرهەڵدانی ئەم دۆخە ناسروشتییە و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ هەریەك لە نەتەوەکانی (تورك، فارس، عەرەب) و هەستکردن بەزوڵم و مەغدوریەت لەلایەن نەتەوەی کوردەوە هاوکارێکی بەهێز بووە بۆ دەربرینی نارەزایی و یاخیبوون لە بەرامبەر حکوومەتە تازە دامەزراوەکان. خاکی کوردستانی عێراق کە ناوەندی توێژینەوەی ئێمەیە چەندان بزووتنەوە و شۆرشی تێدا هەڵگیرساوە کە تاکو ئازادکردنی کوردستان لە راپەرینی بەهاری **١٩٩١** بەردەوامی هەبووە. هەستکردنی میللەتی کورد بە غەدر و پێشلکاری مافی نەتەوەیی لەلایەك و بۆشاییی هەبوونی حکوومەتێکی دیموکراس لە عێراق و فەرمانرەوایی حکوومەتێکی سەربازی بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەم کۆمەڵگەیە بە گشت پێکهاتەکانییەوە زۆر کەم لە دۆخی ئارام و دوور لە شەڕ ژیان بەسەر ببات.

بۆیە پێویستە بە سوودوەرگرتن لە سیستەمی پەروەردەکردن کە بە ئامرازێکی کاریگەر و گرینگ دەژمێردرێ لە بواری هێنانە کایەی چاکسازی و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە و بەرەو پێشبردنی، ئەم برینە سارێژ بکرێ.

لەبەرئەوەی زۆرن ئەو میللەتانەی وەکو گەلی کوردستان تووشی شەڕ و ماڵوێرانی و نەهامەتی هاتوون چ لە شەڕی جیهانی یەکەم یاخۆ دووەم، وەکو یابان و کۆریا و ئەلمانیا و....... هتد، کە توانیان بە رێگەی سیستەمی پەروەردە و لە بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییاندا شۆڕش بکەن و ئەمرۆکە لە وڵاتە زلهێزەکانی جیهان بژمێردرێن.

ئەم پێشکەوتنەش بە رێگەی گۆڕینی رێبازی پێگەیاندنی ژیری و رەفتاری و جەستەیی تاکەکانی کۆمەڵگە و لەژێر کاریگەریی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی تازەگەری و ئاشتیخواز و دیموکرات دێتە ئاراوە.

زۆر گرینگە بتوانین ئەزموونی پەروەردە و فێرکردنی کۆمەڵگەکانی تری جیهان کە وەك کۆمەڵگەی کوردی تووشی شەڕ و مەینەتی بووین، یاخۆ ئەو وڵاتانەی هاوشێوەی کوردستان لە رووی پێکهاتەوە هەمەرەنگن بۆ چاکسازی لە سیستەمی پەروەردەی کوردستان سوودیان لێ وەربگیرێ. بۆ نموونە ئەگەر وڵاتی یابان بە نموونە بهێنینەوە

---

(١) السيد عبدالرزاق الحسني، تاريخ العراق الحديث ،الجزء الاول، دار الشؤن الثقافية العامة–بغداد، ١٩٨٩، ص٢٣٣.

ئـــەوا فـــەلسەفـــەی پـــەروەردەی لـــە سەدەکـــانـــی زوودا (سەدەی ١٩، ١٨) بـــەهـــۆی تایبەتمەندیی رەوشی سیاسی و کۆمەلاَیەتی ئەم ولاَتە زیاتر جەختی لەسەر پیرۆزیی بەها و پێوەرەکانی میللەتی یابان دەکردەوە، کەمتر بواری بە تێکەڵبوون بە فەرهەنگی بیانی و پێوەندیی لەگەڵ میللەتانی تر دابوو. ئەوە سەرەڕای بەردەوامی شەڕی دەوڵەتی یابان لەگەل کۆریا و ولاَتانی دراوسێ(١). دوا بەدوای شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم کە یابان تێیدا زیانێکی زۆر گەورەی مرۆیی و مادی بەرکەوت و تەنانەت چەکی ئەتۆمی لە شارەکانی هێرۆ شیما و ناکازاکی بەکار هات و تێیدا بەهەزاران کەس گیانیان لەدەست دا، حکوومەتی یابانی دوا بەدوای ئەو ئەزموونە تاڵ و شکست خواردووە بڕیاری دا چاکسازی لە ولاَتەکەیدا بکات و کۆمەڵگەکە بەرەو رێژیمێکی دیموکراسی ئاشتیخوازانە ئاراستە بکات. بە مەبەستی گەیشتن بەو ئامانجە هەوڵی دا چاکسازییەکی تەواو لە بواری سیستەمی پەروەردەیی ئەو ولاَتە جێبەجێ بکات. لە ئـەنجامدا یـاسای پـەروەردە و فـێرکردنـی گـۆڕی و یـاسای تـازەی لـەسەر بـنـەمـای دیموکراسی بنیات نا. فراوانخوازیی نەتەوەیی و لەشکرکێشی قەدەخەکرا، لە جیاتی ئەو رێبازە جەخت لەسەر رێزگرتن لە مافە بنەڕەتییەکانی (پابەندبوون بەیاسای بـنـــەڕەتـــی پـــەسەنـــدکـراوی ساڵـــی ١٩٦٤یـــابـــان) ئـــاشتـــیـــخـــوازی کـــرایـــەوە. بەدیموکراتیزەکردنی سیستەمی پەروەردە لە یابان بەگرتنەبەری چەند هەنگاوێکی سەرەکی دەستی پێ کرد:

١- پەروەردە لە بەڕێوەبردنی ناوەندی گۆڕا بۆ سیستەمێکی نامەرکەزی.

٢- بەرنامەی خوێندن وەکو جاران نابێ لەلایەن حکوومەتەوە کۆنترۆڵ بکرێت. بگرە پێویستە لەسەر بنەمای توانای هەر منداڵ و تایبەتمەندیی هەر گرووپێك رێك بخرێت.

٣- مامۆستای وانەبێژ لە گوتنەوەی وانە دەبێ ئازادی تەواوی پێ بدرێت و ئازادی پێکهێنانی سەندیکا و رێکخراوی مامۆستایان و مافی بەژداری لە چالاَکی سیاسییان پێ بدرێت (٢).

وەکو دەبینین، کۆمەڵگەی یابانی دوا بەدوای ئەو بارودۆخە سیاسی و نائارامەی

١) د. رؤوف عباس، المجتمع الیابانی في عصر مایچی، میریت للنشر والمعلومات ، القاهرة، ٢٠٠٠، ص٥٤،٥٧.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

پـێیدا تـێپـەر بـوو هـەوڵـی دا بـەرێگـەی سیستـەمـی پـەروەردەكردن و لـەبـەر ڕۆشنـای فەلسەفەیەكی پەروەردەیی تازە كە ئامانجی پێشكەوتن و هێنانە كایەی ئاشتی و دیموكراسییە بۆ كۆمەڵگەكەی، دەوڵەتی یابان ئەمڕۆكە بگەیەنێتە ئاستی وڵاتە هەرە پێشكەوتووەكانی جیهان.

لە نموونەیەكی تری هەرە بەرچاو دەتوانین ئاماژە بە دەوڵەتی مالیزیا(*) بكەین. كۆمەڵگەی مالیزی لە ڕووی پێكهاتەوە كۆمەڵگەیەكی فرە نەتەوە و فرە ئاینە بەجۆرێك وەكو لە ئاماری ساڵی (٢٠٠٠) بە دیار كەوتووە٤٥٪ لە سەدا چل و پێنجی مالیزین ٣٦٪ سی و شەش لە سەدا چینی، ٩٪ هیندی و پاكستانی ٨٪ هەشت لە سەدای خەڵكی تر و بێگانەن. لە ڕووی پێكهاتەی ئاینەوە ئەم وڵاتە ٥٣٪ پەنجا و سێ لە سەدا موسڵمان٣،١٧٪ حەڤدە پۆینت سێ لە سەدای بودایی ٥،١١٪ یازدە پۆینت پێنچ لە سەدای كۆنفشیۆسی و تائوتی ٦،٨٪ هەشت پۆینت شەش لە سەدای فەلە و لە سەدا (٧) حەفتیش هندۆسن(١). ئەم فرە رەنگییەی دەوڵەتی مالیزی كاری كردووەتە سەر شێوازی دەستنیشانكردنی فەلسەفە و ئامانجی پەروەردەییان بەجۆرێك گونجاو بێت لەگەڵ ئەو پێكهاتەیە و زیاتر خزمەت بەیەكگرتوویی و تەبایی و خۆشەویستی بكات لە نێوان پێكهاتە جیاوازەكانی و لە ئەنجامدا كۆمەڵگە بەرەو پێشەوە ببەن. لە وڵاتێكی فرە نەتەوەیی وەكو مالیزیا بێگومان یەكەتی نەتەوەیی، بە ئامانجی بنەرەتی سیاسی و ئابووری و كۆمەلایەتی دەوڵەت دادەنرێت.

لەو وڵاتەدا فەلسەفەی پەروەردەیی زیاتر جەخت لەسەر یەكگرتوویی هەموو لایەن و پێكهاتەكانی دەكاتەوە(٢).

لە ئەنجامی باسكردنی ئەم دوو نموونەیەدا دەتوانین بڵێین كە حكوومەتی هەرێمی كوردستانیش دوا بەدوای شۆڕش و خەباتێكی دوور و درێژ و لە پاش ئازادی بەشی

---

(*) دەولەتی مالیزیا دەكەوێتە باشووری ڕۆهەلاتی كیشوەری ئاسیا، تەنیشت دەریای چینی باشوور و دراوسێی وڵاتانی ئەندونیزی، پاشایەتی برونی، تایلەند ، كە بەهۆی دەریای چینی باشوور بووەتە دووبەش. رووبەری ئەم وڵاتە ٣٢٩٧٥٠ كیلۆمەتر چوارگۆشەیە و زمانی فەرمیش (باهاسا) مالیزییە، (socilogyofiran.com)

(١) سیستـــەمـــی پـــەروەردەكـــردن لـــە مـــالـــیـــزیـــا، لـــە ئـــەنـــتـــەرنـــێت وەرگـــیـــراوە، (www.soilogyofiran.com)، ل٢١. )

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٣٠.

هـەرە زۆری خـاکـی کـوردسـتـانـی بـاشـوور لـە سـاڵـی ١٩٩١ بـە ئـەنجـامـدانـی یـەکـەم هەڵبژاردن (لە ١٩ مـایس١٩٩٢ دامەزرا)(*). ئەم حکوومەتە تازە دامەزراوە هـاتە سەر پـاشمـاوەی یـاسای ئـیداریـی حـکـوومـەتـی رووخـاوی پـێشوو، واتـا بـەهـەمـان سیستـەم دەست کرا بە کارکردن لە بوارە جیاوازەکاندا.

لە دامەزراوە پەروەردەییيەکانیش دا ڕەوشەکە هەر بەو شێوەیە مایەوە، ڕەنگە بێ ئەزموونی سەرکردایەتی سیاسیی کوردی لە بەڕێوەبردنی وڵات و حکوومەت و خراپی ڕەوشی سیاسی و ئابووری ئەو سەردەمەی کوردستان بەهۆی ئابڵوقەی ئابووریی سەر عێراق و کوردستان لەو کاتەدا ، هەروەها نەبوونی ئەلتەرناتیڤێکی تر لەو ئان و ساتە هۆکاری بنەڕەتی بوو لە دەسکاری نەکردن و ریفۆرم نەکردن لە سیستەمی پەروەردە و هێشتنەوەی بەرێژەیەکی زۆر وەکو خۆی.

بەڵام ئەمڕۆکە، دوا بەدوای ئەزموونی١٧ ساڵەی کوردستان، پێویستە بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕانکاری لەو سیستەمانەدا بکرێ، بەتایبەتی هێنانە کایەی گۆڕانکاری لە یاسا و سیستەمی پەروەردەیی لە کوردستان بەجۆرێك گونجاوبێ لەگەڵ پێکهاتەی کوردستان و ئەو ڕەوشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و سیاسییەی کە تێیدا باوە بۆ گەیشتن بەداهاتوویەکی پێشکەوتووی پڕ لە ئاشتی و پێکەوەژیان و تەبایی و خۆشەویستی، ڕەخساندنی کەشێکی پڕ لە دیموکراسی بۆ گشت لایەك. بێگومان دەستپێکی ئەم گۆڕانکارییە بە ئامادەکردن و داڕشتنی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی تایبەت بەکوردستان دەبێ کە ڕێچکە و ئامانجە خواستراوەکانی سیستەمی پەروەردە دیاری بکات . ئێمە لەو تەوەرەیەدا هەوڵ دەدەین نموونەیەك لەو فەلسەفەی پەروەردەیی تایبەت دەستنیشان بکەین، بەڵام لە سەرەتادا پێویستە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە بکەینەوە کە دەبێ فەلسەفەی پەروەردەکردن لە کوردستان تێکەڵاوێك بێت لە فەلسەفەی پراگماتی و بنەمای شۆڕشگێڕی و نەتەوەخوازی و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و ئاشتی و دادپەروەریی.

کەواتە زۆر گرینگە ئامانجە سەرەکییەکانی پەروەردەکردن لەسەر ئەو چەند خاڵەی

(*) بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بڕوانە: سەرهەنگ حەمید بەرزنجی، انتخابات اقلیم کوردستان بین النظریة و التطبیق (دراسة مقارنة)، اربیل، جامعة صلاح الدین کلیة القانون السیاسة – قسم القانون، رسالة ماجستیر غیر منشورة، ٢٠٠١.

خوارەوە بنیات بندرێت:

١- بنەمای مرۆڤایەتی: واتا ڕێزگرتن لە ئازادی و مافەکانی تاك بەپێی بەندەکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی کەسایەتی تاك لە کۆمەڵگەدا.

٢- بنەمای نەتەوەیی: گەشە پێدانی هوشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و دڵسۆزبوون بۆ گەل و خاك و پارێزگاریکردن لە سیمبولە نەتەوەییەکان.

٣- بنەمای زانستی بۆ پەروەردەکردن: تێگەیشتن لە بابەت و ناوەڕۆکی بابەتە زانستییەکان و بەشداریکردن لە زیادکردنی زانیاری زانستی و توێژینەوەکان.

٤- بنەمای پەروەردەکردن بۆ کار: پێوەستکردنی بیر بە کار و سوودوەرگرتن لە زانست بۆ دیارکردنی چارەنووسی قوتابی و دۆزینەوەی کار.

٥- بنەمای پەروەردە بۆ ژیان: پێوەستکردنی پەروەردە بەژیانی کۆمەڵایەتییەوە پێشخستنی قوتابی بە[1] شێوەیەکی بەردەوام.

٦- بنەمای پەروەردەیی هەمەلایەن و بەردەوام: پەروەردەکردنێکی گشتگیر کە هەموو لایەنەکان بگرێتەوە، بەدوای یەك لە بێشکە تا گۆڕ.

٧- بنەمای پارێزگاریکردن لە کۆن و نوێبوونەوە: گەشە پێدانی داهێنان و پارێزگاریکردن لە گشت لایەنە باشەکانی رابردوو پێوەستدانی بە ئێستا و داهاتوو.

٨- بنەمای پەروەردەکردن بۆ مرۆڤایەتی: هاندان بۆ یەکسانی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی و برایەتی و هاوکاریکردن لە نێوان رەگەزی مرۆڤایەتی لەسەر ئاستی ناوەخۆ و جیهان.

پەیڕەوکردن لەو ئامانج و بنەمایانەی سەرەوە لە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردەییدا بێگومان هاوکاتە لەگەڵ دابینکردنی کەرەستە و ئامرازی پێویست بۆی، هەر لە بابەتی خوێندن و پەروەردەکردن و مامۆستا و کەرەستەی فێرکردن و قوتابخانە و گشت بنەما و ڕێساکانی پەروەردەیی، رەنگدانەوەیەکی بەرچاوی دەبێت لەسەر گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی.

---

(١) د. خليل مصطفى ابو العينين، الاصول الفلسفية للتربية، دار الفكر، بيروت، ٢٠٠٣، ص١٣٨

کەواتە هەبوونی فەلسەفەیەکی پەروەردەی تایبەت لە کوردستان کە ئەو بنەما و ئامانجە پەروەردەییيانەی لێ بێتە بەرهەم بەپێویست دادەندرێ. لەبەرئەوەی تاکو ئەمڕۆ سیستەمی پەروەردە و پرۆسەی پەروەردەکردن لە کوردستان بەبێ بوونی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی دیاریکراو بەڕێوە دەچێ. بەو مانایەی کە ئامانجێکی دیار و ئاشکرا لە بەرچاو نییە کە لە نەوەی تازە ئەم کارگەیە ( سیستەمی پەروەردە) دەیەوێ چ مرۆڤێك لە داهاتوو پێشکێشی کۆمەڵگە بکات و بنیاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو چ ئاراستەیەك دەبات. بۆیە لێرەدا جارێکی تر جەخت لەسەرگرینگی هەبوونی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی تایبەت بەکوردستان دەکەینەوە.

ئێمە لەو لێکۆلینەوەیەماندا و بە لە بەرچاوگرتنی ڕەوشی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسیی و پێکهاتەی کوردستان و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی ولاتان و ئەو هەولە سەرەتاییيانەی کە بۆ ئەو مەبەستە لە کوردستان هاوێشتراون، هەوڵ دەدەین پرۆژەی فەلسەفەی پەروەردەیی لە کوردستان بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژین:

فەلسەفەی پەروەردە لە کوردستان پێویستە لەبەر رۆشنایيی گشت ئەو تایبەتمەندی و لایەنە جۆراوجۆرانەی ڕەوشی مێژوویی، کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابووری، ئاینی و پیرۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی دابمەزرێ.

کەواتە لەو فەلسەفەیەدا ڕەچاوی ئەو چەند بنەمایانە بکرێ:

أ- **بنەمای هزری**: کە کۆمەڵێك بیروباوەڕ دەگرێتەوە وەکو:

١- باوەڕ بە پیرۆزیی خاك و نیشتمان کە کوردستانە و سیمبولەکانی.

٢- ڕێزگرتن لە هەر بیروباوەڕێکی ئاینی و فرە ئاینی و نەتەوەیی لە کوردستان، کە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگەی کوردیدا بێت.

ب- **بنەمای نیشتمانی و نەتەوەیی و مرۆڤایەتی**:

١- حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی خەبات و قوربانیدانی خەڵکی کوردستان بەدەست هاتووە، پاراستن و خۆشەویستی بۆی ئەرکی گشت تاکێکی کوردستانییە.

٢- نەتەوەی کورد زۆرینەوەی دانیشتوانی کوردستان پێك دەهێنێ و لەگەڵ کەمینەکانی تری وەکو تورکمان و ئاشوری و کلدان و ئەرمەنی بە تەبایی دەژین.

٣- ئەو فرە نەتەوەیی و ئاینییەی کوردستان ڕێزی لێ دەگیرێ و گشت تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە لە مافەکانیاندا یەکسانن.

٤- زمانی کوردی بە زمانی زۆرینە و فەرمیی خوێندن و نوسینی هاوولاتییانی کوردستان دەژمێردرێت و نەتەوەکانی تریش مافی خۆیان هەیە کە بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن و بنووسن.

٥- لەپێناو پاراستنی یەکڕێزی نەتەوەیی، بوونی زمانێکی ستاندارتی کوردی (زمانی فەرمی حکومەتی کوردستان لە داوودەزگا فەرمییەکان) بە پێویستییەکی هەنووکەیی و گرینگ دەژمێردرێت[1].

٦- خاکی کوردستانی باشوور بەشێکە لە خاکی کوردستانی گەورە کە بەسەر دەوڵەتەکانی تورکیا و ئێران و سوریا دابەش کراوە.

٧- هەبوونی کورد و خاکی کوردستان ڕاستییەکی مێژووییە و سەربەخۆیی گەلی کوردستان بە مافێکی سروشتی هەر میللەتێك دەژمێردرێ.

٨- خەڵکی کوردستان مێژوویەکی پڕ لە چەوسانەوە و خوێناوی هەیە کە تاوانەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد گواهین (شاهێدن) بۆ ئەم راستییە.

٩- راگرتنی هاوسەنگی لە نێوان تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان و سیمبولە نیشتمانییەکان لەگەڵ تێکەڵاوبوون بەکولتوور و فەرهەنگی بێگانە.

١٠- خۆ گونجاندن لەگەڵ گۆرانکارییەکانی سەردەم و بەدەستهێنانی توانای کەسی بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکان.

١١- درێژکردنی دەستی دۆستایەتی و هاوکاری بۆ گشت گەل و وڵاتێك لەسەر بنەمای خۆشەویستی و دادپەروەری و مرۆڤایەتی.

١٢- بەژداریکردن لەرێرەوی پێشکەوتن و شارستانیەتی جیهانی.

ج- **بنەمای کۆمەڵایەتی**:

١- پارێزگاریکردن لە خێزان وەکو یەکەیەکی بنەڕەتی و گرینگی پێکهاتەی کۆمەڵگە.

---

(١) لێژنەیەکی تایبەت لە مامۆستایانی زانکۆ بە هاوکاری لێژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان، بەرەو دانانی چەند بنەمایەکی فەلسەفی بۆ سیاسەتی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان - عێراق، چاپخانەی رۆژهەلات، ٢٠٠٦،ل١٦

٢- هێنانە کایەی کەشی یەکسانی ڕەگەزی لە نێوان نێر و مێدا و بەرزکردنەوەی پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگە و نەهێشتنی توندوتیژی ڕەگەزی.

٣- هاووڵاتییانی کوردستان لە ماف و ئەرکە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و یاساییەکانیاندا یەکسانن.

٤- گەشە پێدان و بنیاتنانی کەسایەتی تاك.

٥- ڕێزگرتن لە ئازادی و شکۆمەندی تاك تا ئەو ئاستەی کە زیان بە بەرژەوەندی باڵا نەگەیەنێ.

٦- ڕەخساندنی هەلی بیرکردنەوەی ئازاد و داهێنان لای تاك.

٧- ڕەخساندنی هەلی یەکسانی بۆ فێربوون و پێگەیاندنی تاك لە کوردستان بەبێ جیاوازی.

٨- باوەڕبوون بە زانست و ئەزموونی زانستی و پیادەکردن لە ژیانی کرداریدا.

٩- پیادەکردنی شێوازی لامەرکەزی لە هەموو ئاستێکی دەزگاکانی پەروەردە.

١٠- بەستنەوەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە ڕەوتی پێشخستن و پەرەپێدان لە دنیا.

١١- بایەخی زیاتر بە لایەنی چۆنایەتی لە فێربوودا.

١٢- بەژداریکردنی کەرتی تایبەت لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دا[١].

دەستنیشانکردنی ئەو چەند بنەما سەرەکییە فەلسەفییە بۆ پەروەردەکردن لە کوردستان لەگەڵ ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریی ئەمڕۆی کوردستاندا دەگونجێ.

لەبەرئەوەی دامەزراوەی پەروەردەیی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بە دامەزراوەیەکی زۆر هەستیارو کاریگەر دادەندرێ، هەر گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی کار دەکاتە سەری، هەروەکو چۆن خودی سیستەمی پەروەردەش لە کۆمەڵگە کاردانەوەیەکی بەهێزی دەبێت بەسەر کۆمەڵگە و ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکانی بۆ دەستنیشان دەکات. کەواتە دەکرێ بڵێین ئەم پرۆژەیەی ئێمە وەکو دەستپێکێك بۆ سەردەمی ئەمڕۆی کوردستان گونجاو بێت.

---

( ١) بەرەوە دانانی چەند بنەمایەکی فەلسەفی...، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨-٢٧.

بەشی سێیەم

رەنگدانەوەی تایبەتمەندی نەتەوەیی لەناو سیستەمی پەروەردە لە کوردستانی باشوور دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق

## تەوەری یەکەم

کورتەیەك سەبارەت بە رەوشی پەروەردەیی کوردستان لە ماوەی کۆتاییی دەسەڵاتی عوسمانی و سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق.

کورد بە درێژاییی مێژوو لە بارودۆخێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی شپرزە و ناسروشتی ژیانی بەسەر بردووە، کە ئەم بارودۆخە نائارام و نالەبارە کاری کردووەتە سەر ڕەوشی پێشکەوتن و خوێندەواری و رۆشنبیرکردنی نەتەوەی کورد . لازاریف لەو بارەیەوە دەڵێ:

" شەڕ یەك لە دوایەکەکانی کوردستان بە درێژاییی سەدان ساڵ بەربەستی تازەی دروست کردووە لە بەردەم پێشکەوتنی لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری کورد و هێنانە کایەی یەکەتی نەتەوەیی کورد "(١). ئەو گوتەیەی لازاریف ئەوە دەگەیەنێ کە ناوچەکە خۆی لە بنەڕەتدا کۆمەڵێك کێشە و گرفتی ناوەخۆیی و دەرەکی هەبووە. بەو مانایەی کە شەڕ و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا بەیەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی دواکەوتنی ئەم کۆمەڵگەیە دادەنرێت، لە هەمان کاتدا کۆمەڵێك بەربەستی تر لە کوردستان هەر لە زووەوە بووبوونە رێگر لە بەردەم پێشکەوتنی کوردستان ، وەکو:

١- زاڵبوونی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و پێوەندیی خێڵایەتی بۆ ماوەی چەندان سەدەی یەك لە دوای یەك کە بووە هۆی ئەوەی کوردستان بەسەر چەند ناوچەیەکی دەرەبەگایەتی و میرنشینی سەربەخۆ جیا لە یەکتر دابەش ببێ. ڤاسیلیەڤا لەو بارەیەوە دەڵێ: مەرکەزیەت لە کوردستان هەموو کات سنووری ناوچەیی نەبەزاندووە، هەر بۆیە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانیش هەر

---

(١) م. س.لازاریف، المسألة الكردية١٨٩١ ١٩١٧،ت: اكبر احمد، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية – السليمانية، ٢٠٠١ ، ص٤٥ .

لەسەر ئاستی سنووری تەسکی ناوچەیەکدا تێپەڕی نەدەکرد[١]. ڕەوشی جوگرافیای کوردستان و بوونی شاخ و کێوی لێکدابڕاو سەختی ناوچەکە لەلایەك و سیستەمی خێڵایەتی توندوتۆڵ کە سەرلەبەری ناوچەکانی تەنیبوو، فاکتەرێکی گرینگ بوو بۆ دروستبوونی ئەم جۆرە بارودۆخە و بەردەوامبوونی.

٢- بەردەوامی سیستەمی خێڵایەتی بۆ ماوەی چەندان سەدە لە کوردستان بوو بەهۆی ئەوەی کە هەستی نەتەوایەتی زۆر بە درەنگەوە دەست بە بووژانەوە بکات هەروەکو چۆن کوردناس و مێژوونووسان ئەم ڕووداوە دەبەنەوە بۆ سەدەی نۆزدە. وەکو گوتراوە: «هەر لە ناوەڕاستی ئەم سەدەیەدا بوو کە نەریتی خەباتێکی ئازادیخوازی میللەت لە شێوەی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی گشتی کورد گەشەی بەخۆدا و خەریکی پێگەیشتن بوو»[٢].

وەکو لە بەشەکانی داهاتوودا بە وردی باسی دەکەین دەبینین کە ئەمە چۆن کاردانەوەی هەبووە لەسەر ڕەوشی پێشخستنی کۆمەڵگەی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری تێیدا.

٣- سەرەڕای بەهێزی هەستی خێڵایەتی و ناوچەگەریەتی، توندڕەوی و بەهێزی هوشیاریی ئایینی لای نەتەوەی کورد لە هەستی خێڵایەتی ئەگەر بەهێزتر نەبووبێت لاوازتر نەبووە. زۆرن لەو فەرمانڕەوا و سەرکردە کوردانەی کە لە مێژوودا بەبێ هیچ دوودڵییەك خزمەتی ئاینی ئیسلامیان کردووە و بەناوی سەرکردەی ئیسلامەوە ناسراون نەك نەتەوەی کورد و بوونەتە پاڵەوانی جیهانی موسڵمانان.

بۆ نموونە ئەگەر سەیری نموونەی ئەوانە بکەین دەتوانین ئاماژە بە دەسەڵاتداریەتی شەدادی لەساڵی (٩٥١ ز)[٣]، و مەروانییەکان لە ساڵی(٣٨١کۆچی) کە فەرمانڕەوایەتی دیاربەکر و هەندێك شاری تریان کرد لە

(١) ی. ئی.ڤاسیلیەڤا، کوردستانی خوارووی ڕۆهەلات لە سەدەی حەڤدەوە تا سەرەتای سەدەی نۆزدە، و: د. ڕەشاد میران، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٤.

(٢) جەلیلی جەلیل، کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، و:کاوس قەفتان، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی بەغدا، ١٩٨٧،ل٧ .

(٣) د. عبد الرحمن قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢ .

ئەرمینیا، ئەمە جگە لە فەرمانڕەوایەتی بنەماڵەی ئەیووبی کە ١٠٦ ساڵی خایاند (٥٧٩–٦٨٥کۆچی) هەروەها هێرشی بەناوبانگی سەلاحەدین ئەیووبی بۆ قودس لە دژی سەلیبییەکان[١].

هەروەها بەهێزی هەستی ئاینی لای نەتەوەی کورد وەکو داردەست لەلایەن ناحەزانی ئەو نەتەوەیە، بەتایبەتی دەوڵەتی عوسمانی بەکار هاتووە، بۆ کۆنترۆڵکردن و بەکارهێنانی ئەم نەتەوەیە لە کاتی پێویست.

سەرانی عوسمانی بۆ درێژەدان بەدەسەڵاتی خۆیان بەسەر نەتەوە جیاوازەکاندا (عەرەب، کورد، تورکمان و... هتد ) هەوڵیان دەدا ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی لە جێگەی ئایدیۆلوجیای نەتەوەیی پەرە پێ بدەن، بۆیە هەمیشە دەیانگوت:"گرینگ نییە سەر بەچ نەتەوەیەکیت، بگرە گرینگ ئەوەیە کە ئیسلامیت، هەروەها دەیانگوت : شەرەف بە نەتەوایەتی پێوانە ناکرێت، بگرە بەخواپەرستی (تقوی)"[٢]. کەواتە دەتوانین ئەو ڕاستییە بدەرئەنجام بکەین کە پرسی ئاین هەردەم لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوچەکە وەکو چەکێکی کاریگەر بۆ ڕامکردنی و کۆنترۆڵکردنی نەتەوەی کورد بەکار هاتووە، ئەوەتا وەکو مێژوونووسان ئاماژەی پێ دەکەن سوڵتان عەبدولحەمید بە مەبەستی قایمکردنی سنوورەکانی خۆی و بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتانی دراوسێ وەکو ڕووسیا، و کۆنترۆڵی خێڵە کوردەکان، سوارەی حەمیدیەی لە ١٨٨١ز دامەزراند. بۆ سەرگرتنی پلانەکەی هاوکات لەگەڵ زانا ئاینییەکان بەیاننامەیەکیان ئاراستەی کوردەکان کرد و داوایان لێ کردن پێوەندی بە لیواکانی حەمیدیەوە بکەن، چونکە بەو هۆیەوە بەرگری لە ئیسلام و لە شەرەفیان دەکەن و، چونە ناو ڕیزی سوپای حەمیدیەشیان بە جیهادێکی پیرۆز لە قەڵەم دا[٣].

هەر سەبارەت بەو ڕاستییە بێشکچی لە کتێبەکەیدا باس لە بەکارهێنانی چەکی ئاین و بیروڕای ئاینی دەکات لەلایەن مستەفا کەمال کە لە کۆتاییەکانی

(١) محمد أمين زكى، كورد و كوردستان، چاپخانەی دار اسلامي بغداد، ١٩٣١، بەرگی دووەم، ل.٧، ٢١٧.

(٢) اسماعيل بيشكچى، النظام في الاناضول الشرقية، ت: شوكر مصطفى، مؤسسة آراس للطباعة والنشر، أربيل – ٢٠٠١ ل ٢١٤.

(٣) جەعفەر عەلی، ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی ڕەنج – سلێمانی، ٢٠٠٤ ، ل ١٦٩.

دەسەڵاتدارییەتی عوسمانی وەکو سەرکردەیەکی چالاکی بواری بزاڤی سیاسی تورك دەرکەوت. نووسەر هەر لەو بارەیەوە ئاماژە بە برووسکەیەك دەکات کە لەلایەن سەرکردەیەکی کورد ئاراستەی مستەفا کەمال کراوە و تێیدا هاتووە: «ژیان و گوزەرانی ئێمە لە دەرەوەی چوارچێوەی یەکەتی ئیسلامی و کۆمەڵگەی عوسمانی و خەلیفە شتێکی مەحاڵە»(١).

کەواتە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی ناوەخۆی کوردستان لەلایەك و ڕەوشی سیاسی ناوچەکە و پاڵەپەستۆی دەرەکی و ململانێ لەسەر سنوورەکان، و فرەوانخوازی و داگیرکاریی بەردەوام لە نێوان دەسەڵاتدارانی ناوچەکە لەلایەکی تر، کە لە زۆربەی کاتدا خاکی کوردستان و میللەتی کورد بووبوونە مەبەست، هۆکاری بنەڕەتی بوون بۆ بە هەژاری و پاشکەوتوو و نەخوێندەوار مانەوەی ئەو نەتەوەیە و سەرئەنجام مانەوەی سیستەمی خێڵایەتی و دەرەبەگایەتی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، کە دەتوانین بڵێین خولقاندنی ئەم ڕەوشە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، بەتایبەتی عوسمانی و فارسی، بۆ کورد زۆرجار بەشێوەیەکی مەبەستدار بوو، بۆ ئەوەی ڕێگە لە هوشیاربوونەوەی ئەم نەتەوەیە بگرن و گوێبیستی ئەو چەمك و ئایدیۆلۆجیانە نەبێ کە لەو سەردەمەدا لە جیهانی دەرەوە بەتایبەتی دەوڵەتە تازە پێکهاتووە ناسیۆلیستەکانی ئەورووپا بووبوون بەمۆدێل.

ئەم دۆخە نالەبارە وەکو (عەزیز شەمزینی) دەڵێ: "لە سەختێتی و نەهامەتی و نەخوێندەواری و چەوساندنەوە و دواکەوتنی کۆمەڵایەتی بەولاوە شتێکی پێشکێش بە نەتەوەی کورد نەکرد" (٢) .

لە سەرەتای سەدەی بیستەم و لەگەڵ پەرەسەندنی سیستەمی سەرمایەداری و کێبڕکێی ئابووری لە نێوان دەوڵەتانی بەریتانیا، فەڕەنسا و ئەڵمانیا و ئەمەریکا و ڕووسیا، باری سیاسی جیهان بە ئاراستەیەکی تر دەچوو. ئامانجی ئەو ململانێیەش وەکو شەمزینی دەڵێ" بریتی بوو لە پەیداکردنی کۆلۆن و کۆنترۆڵکردنی کانگاکانی کەرەستەی خاو و دابینکردنی بازاڕی ساخکردنەوەی کالای بازرگانی." (٣) بەتایبەتی

---

(١) اسماعیل بێشکچی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٤

(٢) د. عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٥.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧ .

نەوت کە ئەم وڵاتانە ماوەیەك بوو زانیاری پێویستیان لەو بارەیەوە وەرگرتبوو کە ناوچەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست لە رووی کانیاوی نەوتییەوە دەوڵەمەندە. هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە پەیتا پەیتا نوێنەر و قۆنسولخانە و سیخوڕەکانیان ڕەوانەی ناوچەکە بکەن بە بیانووی پشتگیریکردن و ڕزگارکردنی نەتەوە و کەمینە ژێردەستەکانی چوارچێوەی دەسەڵاتی عوسمانی و فارسەکان جارێك بەناوی پارێزگاریکردن لە ئەرمەنەکان و ئاشورییەکان کە بە ئاین مەسیحی بوون و جارێکی تر بە ناوی پارێزگاریکردن لە نەتەوەی عەرەب و کورد و ...... هتد.

پاشان بە ئاشکرایی هێزەکانیان هێنایە ناوچەکە و شەڕ و ئاژاوەنانەوە لەسەر بەتاڵانبردنی سامانی ئەم ناوچەیە زیاتر پەرەی دەسەند .

ئەو ڕەوشە نالەبارە نەتەوەکانی ناوچەکەی، بەتایبەتی نەتەوەی کوردی، رۆژ لە دوای رۆژ پەرێشانتر دەکرد. ئەگەر پێشتر ململانێکان زیاتر لە نێوان دوو دەسەڵاتداری ناوچەکە (عوسمانی و فارسی) بوو بەڵام لەو ساتەدا لایەنی ململانێکان فراوانتر و وێرانەکانیش رۆژ لە دوای رۆژ زیاتر دەبوون. ئەوە بوو بۆ ماوەی چوار ساڵ لە (١٩١٤–١٩١٨ ) شەڕی جیهانی یەکەم لە نێوان ئەم وڵاتە زلهێزانە دەستی پێ کرد[١].

لەو شەڕەدا کورد وەکو هەر میللەتێکی تر کە تووشی شەڕەکە بووبووەوە زەرەر و زیانێکی زۆری بەرکەوت. دوا بەدوای بەستنی پەیماننامەی (سایکس بیکۆ ١٩١٦)[*]

---

(١) د. حامد محمود عیسی، المشكلة الكردية في الشرق الاوسط كلية التربية، مكتبة مدبولي، بورسعيد، ١٩٩٢، ص٢٨.

(*) سایکس  بیکۆ: ئەو پەیماننامە نهێنییە بوو، کە لە قاهیرە لە (١٦/٥/١٩١٦ )لە نێوان نوێنەری بەریتانیا بە ناوی (سێرمارك سایکس ) و نوێنەری فەڕەنسا بە ناوی (مسیۆ جۆرج بیکۆ) بەسترا، کە دواتر نوێنەری رووسیای قەیسەریش چووە پاڵیان بۆ دابەشکردنی ناوچەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان خۆیاندا، بەپێی ئەو پەیمانە بەریتانیا ناوچەی دۆڵی ڕافیدەین (میزۆپۆتامیا) کە بە خانەقین لە کوردستانی باشوور دەست پێ دەکات تا بەشی باکوری، تا دەگاتە کوێت. فەڕەنساش سوریا و لوبنان و بەشی باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیا واتا (ناوچەی کوردستانی باکور و ڕۆئاوای ) بەرکەوت و، رووسیاش بەشی ڕۆهەڵاتی باکوری تورکیای (تەرابزۆن، ئەرمینیا و بەشی باکوری ڕۆئاوای )بەرکەوت.

(سەرچاوە : عەزیز شەریف، المسألة الكردية في العراق، دار ئارارات، ٢٠٠٠، ل٣١ .)

و كۆتـایـی هـاتـنـی شەڕ دەوڵـەتـی عوسمـانـی هـەڵوەشێندرایـەوە و نـاوچـەكە بـەسەر دەوڵەتانی براوەی شەڕ كە برێتی بوون لە بەریتانیا و فەڕەنسا و دابەش كرا. كە بدەرئەنجامەكەی پێكهاتنی دەوڵەتانی عێراق و توركیا و سوریا و ... هتد بوو.

بەم شێوەیە جارێكی تر خاكی كوردستان دابەشكرایەوە، بەڵام ئەو جارەیان بۆ سەر چوار پارچە كە هەر پارچەی لكێندرا بە دەوڵەتێكی تازە دروستبووەوە .

دوا بەدوای كۆتایی هاتنی ئەم شەڕە و دابەشكردنی نەتەوە و خاكی ئەم ناوچەیە بـەشێوەیـەكی نـاسروشتی و لـە سەربـنـەمـای بـەرژەوەنـدی دەوڵـەتـانـی كۆلۆنـیـالـیـزم، قۆناخێكی تازە لە ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی نەتەوەی كورد لە چوارچێوەی دەوڵەتە تازە پێكهاتووەكان دەستی پێ كرد كە كورد لە كوردستانی باشوور بەشێكی كاریگەر بوون لەو گۆڕانكارییە.

وەكو باسمان كرد دوا بەدوای كۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەكەم و چەند دەوڵـەتـێكـی دەستـكـرد لـەسەر دەستـی دەوڵـەتـە براوەكـانـی شەڕ پێكـهـاتـن، دەوڵـەتـی عێراقیش یەكێكە لەو دەوڵەتانە. هەر دوا بەدوای كۆنگرەی سان ریمۆ كە لە (٢٥ ی ئاپریلی ١٩٢٠ ) بەسترا، عێراق بە فەرمی كەوتە ژێر سەرپەرشتی بەریتانیا. پاشان بـەهـەمـان شێوە دەوڵەتی ئینگلیز لـە (٢٣ی ئووتی ١٩٢١) بە ڕێگەی ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە توانیان فەیسەڵ كە یەكێك لە ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی هاشمی بوو، بكەن بە پاشای عێراق(١)، بەو شێوەیە ڕێژیمێكی پاشایەتی دەستوورییان لەم دەوڵەتە تازەیە لەژێر سەرپەرشتی خۆیان دامەزراند .

ڕەوشی سیاسی نالەبار لە ناوچەكەدا و ململانێ و شەڕ و داگیركاری بەردەوام لـەلایـەك و شێوازی بـەڕێوەبـردن و حـوكـمـڕانـیـكـردنـی نـاوچـەكـە لـەلایـەن دەوڵـەتـی عـوسمـانـی و دواتر دەوڵـەتـانـی دەستكردی دوای جـەنگی جیـهـانـی یـەكـەم، دۆخێكی كۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی تایبەتی بەرهەم هێنا.

پرسی پەروەردە و خوێندن كە بابەتی سەرەكیی تێزەكەی ئێمەیە هەوڵ دەدەین لەو سەردەمەدا بە كورتی ئاماژەی پێ بكەین، بۆ ئەوەی دواتر بتوانین لە ڕوانگەی ئەم ڕەوشەوە دۆخی پەروەردە و فێركردن و كاریگەریی لەسەر بوارە نەتەوەییەكان لە كوردستانی باشوور شرۆڤە بكەین .

---

(١) هنری فوستر، نشأة العراق الحدیث، ت: سلیم طة التكریتی، الجزء الثاني، دار الفكر للنشر والتوزیع، بغداد، ١٩٨٩، ص٣٣٣.

**رەوشی پەروەردەکردن لە کوردستانی باشوور لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتداریەتیی عوسمانیدا**

سەبارەت بە پرسی پەروەردەکردن لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریەتیی عوسمانی وەکو توێژەر و مێژوونووسان ئاماژەی پێ دەدەن لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتداریەتییە تا ماوەیەکی زۆر نەچووەتە چوارچێوەی کاری فەرمی ئەو حکوومەتەوە.

لەبەرئەوەی دەوڵەتی عوسمانی سەرپەرشتی و دابینکردنی خزمەتگوزاری بە ئەرکی خۆی نەدەزانی، بگرە زیاتر لەسەر ئاستی تاك و گرووپ بەشێوەیەکی نافەرمی بەڕێوە دەچوو[١].

بەڵکو پەروەردە و فێرکردن لە ڕێگەی قوتابخانە و حوجرە و ناوەندە ئاینییەکان ئەنجام دەدرا کە بە پاشکۆی مزگەوتەکان دادەنران. ئەوەی لەو قوتابخانانەش دەخوێندرا تەنیا زانستی ئاینی و زمانەوانی بوو[٢].

بەو پێیەی بەشی کوردستانی باشوور لەلایەن ئەو دەسەڵاتداریەتییەوە بەڕێوە چووە هەر بۆیە هەمان شێوازی پەروەردە و فێرکردن تێیدا باو بووە. لەو بارەیەوە (عەلائەدین سوجادی) دەڵێ:

لە کوردەواریدا منداڵ ڕەوانەی حوجرە دەکرا و لای مەلا دەرسی قورئان و کتێبە وردەکانی دەخوێند. لە هەر گەڕەکێك یا گوندێك مزگەوتێك هەبووایە مەلای ئەو مزگەوتە یەکێ لە حوجرەکانی مزگەوتی تەرخان دەکرد، بۆ ئەوەی منداڵان بچن لەوێ دەرس بخوێنن[٣]. وەکو باس کراوە لە حوجرەکاندا ماوەی خوێندن لە ڕۆژێکدا بەڕادەیەك دوور و درێژ بووە کە هەر لە بەیانییەوە، بێجگە لە پشووی نانخواردنی نیوەڕۆ، تا بانگی عەسر بەردەوام بووە[٤].

---

(١) د. ابراهيم خليل احمد، حركة التربية و التعليم، موسوعة الموصل الحضارية، ج٤، الموصل ١٩٩٢، ص٣٣٣.

(٢) د. عبدالفتاح علي بوتاني، مدرسة ١١ اذار، كلية الاداب جامعة دهوك، مجلة (ئاسۆی پەروەردەیی) سلسة الكتب التربوية-٦-، مطبعة وزارة التربية اربيل، ١٩٩٩، ص٢٧.

(٣) علاء الدين سجادی، کوردواری، بەغداد، ل٨١ .

(٤) د. محەمەد عەبدوڵا کاکە سوور، گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی =

شێوازی توندوتیژ بەرامبەر بە قوتابیان پەیڕەو کراوە و قوتابی دەبوایە هەندێ کەلوپەلی پێویستی وەك ڕایەخ و سندووقێکی بچووك لەگەڵ خۆی بهێنێ[1].

دەوڵەتی عوسمانی بەمەبەستی ئەنجامدانی چاکسازی و هێنانە کایەی چەند گۆڕانکارییەك لە بواری کاری بەڕێوەبردنەوە لە ساڵی (١٨٣٩) مەرسومێکی بەناوی «خط شريف گوڵخانە» دەرکرد (*).

لە ئەنجامی ئەو بزووتنەوە چاکسازیەدا یەکەم وەزارەتی مەعاریف (وزارة المعارف) لە دەوڵەتی عوسمانی دامەزرا، هەروەها لە ئەیلوولی (١٨٦٩) ڕێژیمی معاریفی گشتی دەرکرا کە بەپێی ئەوە ڕێژیمێکی مەدەنی تەواو بۆ فێرکردنی فەرمی سەر بە دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هێنرایە کایە[2].

لە ئەنجامی ئەو هەوڵە چاکسازییانەدا خوێندەواری و فێربوون بایەخێکی گەورەی پێ درا. لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییەدا کوردستانی باشووریش، کە ئەو کاتە بە ویلایەتی موسڵ ناو دەبرا، لەو ڕووەوە سوودمەند بوو، کەم کەمە دەستکرا بە دامەزراندنی قوتابخانە و فێرگەی فەرمی بۆ قوناخە جیاوازەکان، ئەگەرچی ئەم بزووتنەوەیە لە کوردستان زۆر بەکزی بەڕێوە دەچوو.

---

= عێراق (١٩٢١– ١٩٥٣.....، زنجیرە بڵاوکراوەکانی ئاسۆی پەروەردەیی ژمارە ٢٠، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٩.

(١) علاء الدين سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥ .

(*) لە ئەنجامی پەیدابوونی نیشانەکانی گەندەڵی ئیداری و تێکچوونی باری ئابووری و بەردەوامی شکانی سەربازی لە بەرەکانی شەڕ و شۆڕش و یاخیبوونی بەردەوام لە ناوچە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی، کۆمەڵێك دەسەڵاتدار و ڕۆشنبیر تەیارێکیان پێك هێنا بە ناوی تەیاری چاکسازی. خاڵە سەرەکییەکانی چاکسازی لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە دەوری سێ خاڵی سەرەکی دەخولانەوە: یەکەم پەیڕوکردنی سیستەمی ڕۆژئاوایی بەتایبەتی لە بواری سەربازی و پەروەردەکردندا. دووەم ڕێباز جەختی لەسەر ڕزگاربوون لە ڕێژیمی ئاینی دەکرد لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی و دروستکردنی دەوڵەتی علمانی. سێیەم لەپێناو زیاتر سەنترالیزمبوون و کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ئەستەنبوڵ کاری دەکرد. (ستيگن هيسلی لۆنگريك، أربعه قرون من تأريخ العراق الحديث، ت: جعفر خياط، ط٦، ١٩٨٥، منشورات مكتبة اليقظه العربية بغداد، ص ٣٣٦).

(٢) د. عەبدولفەتاح بۆتانی، سەرچاوەی پێشوو، ٢٧.

تـوێژەرێك لـەو بـارەیـەوە دەڵـێ: «دواكـەوتـنـی كـردنـەوەی قـوتـابـخـانـەی فـەرمـی لـە كوردستانی باشوور لە چاو هەندێ ناوچەی تری دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە زۆربەی دەستكەوت و شتە نوێیەكان سەرەتا لە پایتەختی دەوڵەتی عوسمانیدا دەبینران، دواتر پەیتا پەیتا بەگوێرەی دووری و نزیكی و هەندێ جار كاریگەریی هەندێ كەسایەتی دیاریش، دەگەیشتە ویلایەتەكان و ناوچەكانی تری دەوڵەتی عوسمانی. دیارە گرینگی ویلایەتەكەش لەم ڕووەوە كاریگەریی خۆی هەر هەبووە[١].

سەرەڕای ئەو چەند هۆكارەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ دراوە، ئێمە پێمان وایە كە كوردبوونی زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ هۆكارێكی تری كاریگەر بووە بۆ بێ بەشكردنی لە بواری خزمەتگوزارییەكان لەو ناوچانەدا كە پەروەردە و فێركردن و كردنەوەی قوتابخانەكان بە یەكێك لەو خزمەتگوزارییانە دادەنرێن، لەبەرئەوەی وەكو لە خوێندنەوە مێژووییەكان بۆمان دەردەكەوێ كە هەردەم ململانێ و ناخۆشی هەبووە لە نێوان دەسەڵاتدارانی ناوچەكە و نەتەوەی كورد بۆیە دەكرێ بڵێین كە ئەو ناوچانە بەشێوەیەكی ئانقەست لەو ڕووەوە پشتگوێ خراون.

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە، دەتوانین ئاماژە بە ژمارەی ئەو چەند قوتابخانەیە بكەین كە لە ماوەی حوكمداری عوسمانی لە كوردستان (كوردستانی باشوور) كرانەوە.

«بەپێی ئاماری فەرمی سەبارەت بە قوتابخانەی حكومی لە ویلایەتی موسڵ بۆ ساڵی (١٩٠٥)، دەركەوتووە كە لە شاری موسڵ دواناوەندییەكی مەلەكی (إعدادیة الملكیة) پێنج پۆلی، و دوو قوتابخانەی سەرەتایی هەبووە، لە پێنج قەزاكەی موسڵیش ( ئامێدی، زاخۆ، دهۆك، ئاكرێ، سەنجار) و دەوروبەری پێنج قوتابخانەی روشدیە[*] (ناوەندی) و دوازدە قوتابخانەی سەرەتایی هەبووە.

بەڵام لە هەردوو لیوای (سنجقی) كەركوك و سلێمانی و نۆ قەزاكانی ( رواندز، كۆی سنجاق و ڕانیە و هەولێر، سلاحیە (كفری)، گوڵعەنبەر (هەڵەبجە)، معمورە الحمید (قـەڵادزێ)، بـازیـان، شاربـاژێڕ) نـۆ قـوتـابـخـانـەی روشدیـە (نـاوەنـدی، و شازدە قوتابخانەی سەرەتایی، و قوتابخانەیەكی روشدیەی سەربازی لە سلێمانی هەبووە كە دەرچووانی ئامادە دەكرد بۆ چوونە دواناوەندی سەربازی لە بەغدا )[٢].

---

(١) د.محەمەد عەبدوڵا كاكە سور، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١.

(*) لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی بە قوتابخانەی ناوەندی دەگوترا روشدیە.

(٢) د. عەبدولفەتاح بۆتانی، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٩ .

خوێندنی فەرمی لە دەوڵەتی عوسمانی و کوردستانی باشوور لەو سەردەمە (بەر لە دروستبوونی دەوڵەتی عێراق) دابەش دەبوو بەسەر چەند قۆناخێك و چەند جۆرێك بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم : قۆناخی خوێندنی سەرەتایی

دووەم : ڕوشدییە (ناوەندی )

سێ یەم : خوێندنی ئامادەیی و سوڵتانی

چوارەم : خوێندنی باڵا

لەبەرئەوەی ڕێژەی ئەو قوتابخانە سەرەتاییانەی کە لە سنووری دەسەڵاتی عوسمانیدا بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان کەم بوون، بۆیە قوتابخانە روشدیە (ناوەندی ئیستا) زیاتر دەرچووانی قوتابخانە ئاینییەکانیان وەردەگرت. کە ئەمەش کاری کردووەتە سەر ئاستی خوێندن لە قوتابخانەکان[١].

هەر سەبارەت بە ڕێژەی هەبوونی قوتابخانە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان وەکو لە ساڵنامەیەکی عوسمانی ساڵی ١٨٧٣ زاینیدا ئاماژەی پێ کراوە کە لە هەندێ ناوچەی کوردستان قوتابخانە هەبووە و ژمارەی قوتابیانیشی بەو جۆرە بووە کە لە خوارەوە دەستنیشان کراوە :

| مەکتەب (*) | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|
| مەندەلی | ١٨ |
| هەولێر | ٣٩ |
| کەرکووك | ٢٥ |
| سلێمانی | ٣٨ |
| ئاکرێ | ٣٠ |

سەبارەت بە جۆرەکانی قوتابخانەش وەکو بینراوە کە دابەش کراون بەسەر خوێندنی سەربازی و خوێندنی مەدەنی[٢] .

(١) د. محەمەد عەبدوڵا کاکە سور، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢.

(*) دیارە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا دوو چەمکی مەکتەب و مەدرەسە بەکار هاتووە بۆ خوێندن: جۆری یەکەم بۆ قوتابخانە فەرمییەکانی حکوومەت بەکار هاتووە، جۆری دووەم بۆ قوتابخانە ئاینییەکان.

(٢) د. محەمەد عەبدوڵا کاکە سور، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢.

وەکو لێکۆڵەرەوەیەك ئاماژەی پێ دەدات کە حکوومەتی عوسمانی زیاتر بایەخی بە کردنەوەی روشدیە (ناوەندی) سەربازی دەدا، ئەو پێی وایە کە کردنەوەی ئەم جۆرە قوتابخانانە لەلایەن ئەو حکوومەتەوە بە مەبەستی بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگە نەبووە ئەوەندەی مەبەستی بە هێزکردن و رێکخستنەوەی سوپا بووە بەگوێرەی پێداویستی سەردەم، لەپێناو بە هێزکردنی دەوڵەت لە سەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەوە[1].

بەگشتی وەکو لە سەرەتاشدا ئاماژەمان پێ داوە لە خوێندنەوەی ساڵنامەکانی عوسمانیش دەردەکەوێ، کە دەوڵەتی عوسمانی بۆ ماوەی چوار سەدە (١٥١٥– ١٩١٨) حوکمڕانیان بەسەر بەشی گەورەی کوردستان داکردووە، گرینگییەکی ئەوتۆیان بە فێربوون نەداوە. ڕاستیی ئەو بابەتەمان زیاتر لە ساڵنامەکانی سەرەتایی ویلایەتی موسڵ کە لە ساڵانی (١٨٩٠ –١٩١٢ ) دەرچووە، بە دیار دەکەوێ[2].

تەنیا لە ساڵی ١٨٩٤ کە ئاماژە بە هەبوونی (١١) مەدرەسە ( قوتابخانەی ئاینی) بۆ کوڕان دەکات لە دهۆك، کە (٧) لەوان بۆ موسڵمانان و (٢) بۆ مەسیحی و (٢) یەهودیین، ئەم مەدرەسانە تەنیا ئەرکی فێرکردنی خوێندن و خوێندنەوە و بنەماکانی ئاین بووە. لە قۆناخەکانی دواتر ساڵی ١٩٠٧ئاماژە بە هەبوونی دوو مەدرەسە و کتێبخانەیەك دەکات لە زاخۆ و قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە دهۆك، هەروەها ساڵنامەی ساڵی ١٩١٢ ئاماژە بە هەبوونی قەتابخانەی سەرەتایی دەکات لە هەریەك لە : ئاکرێ و ئامێدی و سەنجار و دهۆك و زاخۆ و تەلەعفەر[3].

ئەوەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد، ڕادەی کەمی خزمەتگوزاری پەروەردەیی نیشان دەدات لە بەشی کوردستانی باشوور بەجۆرێك وەکو دەرکەوتووە کە دەوڵەتی عوسمانی هیچ قوتابخانەیەکی لە گوند و ناوچە دوورەکان دروست نەکردووە، بۆیە ڕێژەی نەخوێندەواری ٩٨٪ بووە[4].

---

(١) جميل موسى النجار، التعليم في العراق من العهد العثماني الاخير ١٨٦٩ ١٩١٨، بغداد ٢٠٠١، ص

(٢) د. عەبدولفەتاح بۆتانی، س.ث، ل ٣١.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٣١.

(٤) د. عبد الفتاح علي يحيى، ″سالنامات الموصل العثمانية مصدر لدراسة تاريخ السليمانية ″ مجلة جامعة دهوك، العدد (٢) تشرين الثاني٢٠٠٠، ص ٢٠.

بايەخ نەدان بە ناوچە كوردنشینەكان و پەراوێزكردنیان لە ڕووی دابینكردنی خزمەتگوزاری پەروەردەیی بەردەوام ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر كۆمەڵگەی كوردی بەجێ هێشتووە، بەجۆرێك ئاستی نەخوێندەواری تاكو ساڵانی دوای دامەزراندنی حكوومەتی پاشایەتی لە عێراق زۆر نزم بووە. بۆ نموونە دوكتۆر (شاكر خصباك) كاتێك ئاماژە بە ڕەوشی خوێندەواری دەدات لە لیوای سلێمانی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دا دەڵێت:(خزمەتگوزاریی فێركردن لەو لیوایە زۆر كەمە و، بووەتە هۆی بەرزبوونەوە ڕێژەی نەخوێندەواری بەرادەیەكی زۆر. هەروەها نووسەر تێبینی كردووە كە ژمارەی خوێندەواران لە هەر گوندێك لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناكات، تەنانەت لە هەندێك گوند كەسێك توانای خوێندن و نووسینی نییە تەنیا مەلا نەبێ)[١].

راستە بایەخ نەدانی دەسەڵاتدارانی عوسمانی بە كوردستان و دابین نەكردنی قوتابخانەی پێویست لە زۆربەی شار و لادێكانی كوردستان بە هۆكارێكی سەرەكیی دواكەوتن و نزمی ئاستی خوێندەواری كۆمەڵگەی كوردستان دادەندرێ، بەڵام سەرەڕای ئەم هۆكارە چەند هۆكارێكی تر هەن كە لەم ڕووەوە كاریگەری بەرچاویان هەبووە لە دابەزینی ڕێژەی خویندەواری و پێشكەوتن كە لە خوارەوە بە چەند خاڵێك شرۆڤەیان دەكەین:

**١- هۆكاری كۆمەڵایەتی:**

كۆمەڵگەی كوردی هەروەكو لە سەرەتای باسدا ئاماژەمان پێ داوە كۆمەڵگەیەكی نەریتی و خێڵەكی بووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە كاریگەریی ئاین لە سەری زۆر بەهێز بووە كە ڕەنگی داوەتەوە بەسەر گشت بەها و خوو و ڕەفتاری ڕۆژانەی، بەرادەیەك كە هەر كارێك یا هەنگاوێكی تازە لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە ڕەت كراوەتەوە و بە ناپەسند لە قەڵەم دراوە .

بۆ نموونە، خوێندن لە مەدرەسە و حوجرە ئاینییەكان بە كارێكی شیاو دانراوە و دەرچووی ئەو ناوەندانە هەموو كات لەناو خەڵكدا جێگەی ڕێز و ستایش بووین كەچی دامەزراندنی قوتابخانەی فەرمی لەلایەن دەوڵەت و ناردنی منداڵان بۆ ئەو ناوەندانە لە سەرەتادا پێشوازی ئەوتۆی لێ نەكراوە مەگەر لەلایەن كەمینەیەكی هۆشیارەوەنەبێ

---

(١) د. شاكر خصباك، الاكراد دراسة جغرافية اثنوغرافية، دار العربية للموسوعات،٢٠٠٥، ص٤٧٣ .

سەبارەت بەسەرەتای دامەزراندنی قوتابخانە و هەڵوێستی خەڵکی عێراق بەرامبەر ئەو دامەزراوەیە کە کوردستانی باشووریش بەشێك بووە لێی (وەردی) دەڵێ:

خەڵك بەگشتی لە سەرەتادا تێڕوانینێکی ترس و تاوانکارییان بەرامبەر بە قوتابخانە هەبووە، تەنانەت هەندێك بە ناوەندی گەندەڵی ئاکاری و لادانی سێکسی لە قەڵەمیان دەدا، بۆیە لە سەرەتاکاندا ڕازیبوونی خەڵك لە سەری لاواز بوو ، بەڵام دواتر ئەم تێڕوانینە گۆڕانکاری بەسەردا هات بەتایبەتی ئەو کاتەی دەیانتوانی لەلایەن دەوڵەتەوە دابمەزرێن و ببنە خاوەنی مووچە . ئەگەرچی هەندێك لە باوکان بەردەوام بوون لە ڕێگەگرتن لە ناردنی کوڕەکانیان بۆ قوتابخانە بەو مەبەستەی گوایە پارێزگاری لە خوورەوشت و ئاینی خۆیان دەکەن(١).

سەبارەت بە بەشداری پێکردنی کچان لە قوتابخانە و پێدانی هەلی خوێندن پێیان بارەکە زۆر سەختتر بوو. لەو بارەیەوە دیسان (وەردی) دەڵێ: هەڵوێستی خەڵك بەرامبەر بە خوێندنی کچ زۆر توندتر بوو لە هی کوڕ، لەبەرئەوەی لەو کۆمەڵگەیەدا ئافرەت بە داونەریت و کۆتوبەندی توندتر دەورە درابوو. خەڵك لە سەردەمی عوسمانیدا باوەڕیان وابوو کە فێربوونی خوێندن و نووسین بۆ ئافرەت ، ئافرەت تووشی گەندەڵی و لادان دەکات. لەو بارەیەوە زانایەکی بەغدا بەناوی (شێخ نەعمان بن ئەبی الثناء الالوسی) پەڕتوکێکی نووسیوە بەناونیشانی «الاصابة في منع النساء من الكتابة» لە پەڕتووکەکەیدا سەبارەت بە مەترسی خوێندەواربوونی ئافرەت دەنووسێت و دەڵێ: "فێربوونی خوێندنەوە و نووسین لەلایەن ئافرەتانەوە شتێکی زۆر نابەجێیە، بگرە هیچ شتێك لەمە خراپتر نابینم بۆیان، ئەوان لە بنەڕەتدا بە دەستی غەدر و ستەمەوە دەناڵێنن، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە گەورەترین شێوازەکانی شەڕ و گەندەڵی، سەبارەت بە نووسین یەکەم شت کە ئافرەت فێر دەبێ بینووسێت، نامەیەك بۆ زەید و یەکێکی تر بۆ عەمر و دێڕە شیعرێك بۆ عەزب و شتێکی تر بۆ پیاوێکی تر، کەواتە ئافرەت و کتێب و نووسین وەك کەسێك شەڕخواز وایە کە دەستەکەی شیرێك دەبەخشێتە دەستێکی تر، یان وەك سەرخۆشێك کە شووشەیەك مەی پێ ببەخشیت، باشترین پیاویش ئەوەیە کە لە ماڵەکەی خۆیدا هاوسەرەکەی بە نەزانی و کوێرەوەری بەجێ دەهێڵێت، چونکە ئەمە

---

(١) د. علي الوردی ، دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، مطبعة ثامن الحجج، الطبعة الأولى، بغداد، ١٤٢٦ ه .ق، ص ٤٣٦.

لە بار و سوودمەندترە بۆیان"[١].

وەكو لە بۆچوونی نووسەری سەرەوە دەردەكەوێ كە ناوبراو خوێندەواربوونی ئافرەت بە ستەم دادەنێت و هەروەها بەبەشێكی مەترسیدار لەسەر ژیانی ئافرەت لە قەڵەمی دەدا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە خوێندەواری بە ئامرازێكی شەڕ و گەندەڵی سەیر دەكات و بەهەموو شێوەیەك ڕەتی دەكاتەوە.

بێگومان ئەمە تێڕوانینی خەڵكی سادە و ناهۆشیار و تەنانەت هەندێك لە پیاوانی ئاینیش بوو لەو سەردەمەدا لەمەڕ پرسی پەروەردە و فێركردن و خوێندەواری بەگشتی و فێركردنی ئافرەت بەتایبەتی، كە لە سەرەتادا ڕێگری زۆری دروست كردووە لە بەردەم پەرەسەندنی ڕەوشی خوێندەواری لە ناوچەكە و كوردستانیش بەشێوەیەكی تایبەت.

**٢- هۆكاری ئابووری**:

باری ئابووری كوردستان بە بەربەستێكی تر دادەنرێت لە بەردەم پەرەسەندنی ڕەوشی پەروەردە و فێركردن لە ناوچەكە.

لەبەرئەوەی لەلایەك خاكی كوردستان لە نێوان دوو حوكمڕانی ئێرانی و عوسمانی دابەش كرابوو كە بەردەوام لە شەڕ و ململانێ و غارەتكردنی یەكتر دابوون، بێگومان بەدەرئەنجامی شەڕیش جگە لە دواكەوتن و هەژاری وماڵوێرانی شتێكی تر بە دەستەوە نادات، لەلایەكی تریش خاكی كوردستان لە ڕووی هەڵكەوتی جوگرافییەوە ناوچەیەكی شاخاوی و لێكدابڕاو بووە و زۆربەی دانیشتوانەكەشی گوندنشین بووین و خەڵكەكەی بەكاری كشتوكاڵی و ئاژەڵدارییەوە خەریك بوون، ئابووری كوردستانیش ئابوورییەكی خۆ بژێوی هەبووە، بەروبوومی بەرهەم هاتوو ڕێژەیەكەی كەم بووە، بۆیە وەكو توێژینەوە مێژووییەكان ئاماژەی پێ دەكەن بووەتە هۆی ئەوەی كە پێوەندی بازرگانی بەرفرەوان لە نێوان كوردستان و ناوچەكانی دەوروبەر نەیەتە ئاراوە، كە هۆكاری سەرەكی بۆ باڵادەستی سیستەمی دەرەبەگایەتی دەگەڕێتەوە لەو سەردەمەی كوردستان. لەبەرئەوەی ئابووریی سیستەمی دەرەبەگایەتی ئابوورییەكی لاواز و خۆبژێوە و بەشی پرۆسەی بازرگانی و ئاڵوگۆركردن ناكات[٢].

(١) د. علی وردی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٨.

(٢) عەبدوڕەحمان قاسملۆ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.

گشت ئەمانە بوونەتە هۆی لاوازی و پاشکەوتنی ژێرخانی ئابووری کوردستان. قاسملۆ سەبارەت بە لاوازیی ئابووریی کوردستان دەڵێ "ڕەوشی ئابووریی کوردستان لە بارێکی هەرە دواکەوتوو بووە لەبەرئەوەی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان لە نێوان دابەش کراوە خۆیان لەباری ئابوورییەوە بە وڵاتی پاش کەوتوو دادەنرێن"(١) بەو مانایەی کە وەکو لە پێشتر باسمان کرد سیستەمی ئابووری کوردستان خۆی لاواز و هەژار بووە، لە هەمان کاتدا لەلایەن دەسەڵاتداریەتییەك بەڕێوە چووە کە لەو بوارەدا پاشکەوتوو بووە ئەمە جارێکی تر کاریگەریی خراپتری لەسەر ئابووری کوردستان بەجێ هێشتووە.

وەکو توێژەر و شارەزا و کوردناسان ئاماژەی پێ دەکەن سیستەمی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستان بە درێژاییی مێژوو پەیڕەوی لە سیستەمی دەرەبەگایەتی و خێڵایەتی کردووە. بوونی ئەو سیستەمە دواکەوتووە و مانەوەی بۆ ماوەی چەندان سەدە بە هۆکارێکی تری سەرەکی دادەنرێت لە لاوازکردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان. (شاکر خصباك) لە توێژینەوەکەی خۆیدا سەبارەت بە پارێزگای سلێمانی، سەبارەت بەشێوازی کشتوکاڵکردن کە بە بەشێکی سەرەکی ئابووری کوردستان دەژمێردرێ دەڵێ: کشتوکاڵ لە پارێزگای سلێمانی شێوازێکی کشتوکاڵی دەرەبەگایەتی دواکەوتوو بەخۆیەوە دەگرێت کە ئەویش پابەندبوونە بەشێوازێکی دیاریکراوی نەگۆڕە و جەختکردن لەسەر جۆرە بەرهەمێکی دیاریکراو و پێداگرتنە لەسەر بەرهەمهێنان لەپێناو بەکاربردن. ئەم شێوازە سەرەتاییە لە چاندن و کشتوکاڵکردن سێ مەترسیی لێ دەکەوێتەوە: نەبوونی جۆرایەتی لە بەرهەم، نزمی ئاستی دانەوێڵە، زیادەڕەویکردن لە بەکارهێنانی زەوی(٢). لەژێر دەسەڵاتی دەرەبەگایەتیدا کوردستان بەسەر چەندان ناوچەی دەرەبەگایەتی دابەش کرا بوو کە هەر ناوچەیەك لەلایەن دەرەبەگێکی دیاریکراو بەڕێوە دەچوو. لە چوارچێوەی دەسەڵاتداریەتی عوسمانیدا دەرەبەگەکان دەسەڵاتێکی فراوانیان بەسەر ناوچەکانیان هەبوو، دەوڵەت دەستی لە کاروبارەکانیان وەرنەدەدا، دەرەبەگەکان خۆیان سەرپەرشتی کاروباری بەڕێوەبردنیان دەکرد لە گشت ڕوویەکەوە و باجیان لە خەڵك

---

(١) د. سعدي عثمان حسين، كوردستان الجنوبية في القرنين السابع عشر والثامن عشر، مطبعة سيما – السليمانية، ٢٠٠٦، ص ١٠٥.

(٢) شاکر خصباك، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٢.

وەردەگرت و زۆرجاریش ناچاریان دەکردن کە چەکداریشیان بۆ بکەن(١).

لە ژێر سایەی ڕێژیمی دەرەبەگایەتیدا کۆمەڵگە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو هەژاری و دواکەوتوویتر دەچوو، لە هەمان کاتدا ئەم ڕێژیمە بەهۆی کۆیلەکردنی عەقل و جەستەی تاکەکان ڕێگر بوو لە بەردەم هۆشیارکردنەوە و گەشەپێکردنی هەستی نەتەوەیی، لەبەرئەوەی لاوازی ئاستی ئابووریی کۆمەڵگە ڕێگرە لە بەردەم دروستبوونی هەستی نەتەوەیی و پێگەیشتنی نەتەوەیی. سەبارەت بەو ڕاستییە دەتوانین ئاماژە بە بیروڕای بێشکچی بکەین لەمەڕ گەشەکردنی بزاڤی نەتەوەیی لەلای هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن.

کاتێك بێشکچی باس لە سەرهەڵدانی بزافی نەتەوەیی و گەشەکردنی ئەو هەستە دەکات لە نێوان هەردوو نەتەوەی ئەرمەن و کورددا کە دەتوانین بڵێین تا ڕادەیەکی زۆر لە هەمان دۆخی رامیاری ژیاون، کەچی پێشکەوتنی ئەرمەن لەو ڕووەوە بەخێراتر دادەنێت لەبەرئەوەی وەکو دەڵێ: نەتەوایەتی ئەرمەن ئەو ناسیۆنالیزمەیە کە پشت بە بنەمای ئابووری کۆمەڵایەتی دەبەستێت. ئەو ئەرمەنیانەی لە شارەکانی باکوری ئەنادۆلی ڕۆهەلات دەژیان کاری بازرگانی و پیشەییان دەکرد، لەو ڕێگەیەوە سوودێکی زۆریان وەرگرت. ئەو بە هێزی ئابوورییە پێشکەوتنی نەتەوەیی لەلای ئەرمەنەکان خێراتر کرد. لە کاتێکدا ڕێبازی نەتەوەیی لەلای ئەو خێڵانەی خەریکی کاری ئاژەڵداری بوون و ڕێژیمی دەرەبەگایەتی تێیدا بالادەست بوو بوونی نەبوو(٢) لێرە دەتوانین جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە بکەینەوە کە پێوەندییەکی هاوتەریب هەیە لە نێوان ئاستی خوێندەواری لە کۆمەڵگە و گەشەکردنی هوشیاریی نەتەوەیی، کەواتە لە نەبوونی هەستی نەتەوایەتی و لە دۆخێکی هەژاری و دواکەوتوویی بێگومان ئاستی خوێندەواری و بایەخدان بە پەروەردە و فێرکردن ڕوو لە کەمی دەکات. لە هەمان کاتدا، پێویستە لێرەدا جارێکی تر ئەو ڕاستییە بەبیر خۆمان بهێنینەوە کە بارودۆخی هەژاری و خراپی باری ئابووری هیچ کاتێك هاوکار نەبووە لە برەودان بە رەوشی پەروەردە و فێرکردن بەتایبەتی لە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی وەکو کوردستان کە گشت ئەندامانی خێزان بەیەکەوە لەسەر زەوییەکانیاندا کار دەکەن. وەکو لەو بارەیەوە گوتراوە: بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان تەنیا بۆ هۆکاری نەبوونی

(١) ئیسماعیل بێشکچی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٩.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٧٨.

قوتابخانە ناگەڕێتەوە، بگرە بەرپرسیاریەتییەكی گەورە لەو ڕووەوە دەكەوێتە سەر شانی هۆكاری ئابووری لە بێبەشبوونی منداڵن لە فێربوون. لەبەرئەوەی وەكو دەزانین لە كۆمەڵگەی كشتوكاڵی خێزان لە بچووكەوە بگرە تاكو پیاوی گەورە بەشدارە لە كاری كشتوكاڵی.

كەواتە ئەگەر جووتیار منداڵی ڕەوانەی قوتابخانە بكات مانای وایە دەستی كار لە دەست دەدات كە زۆر پێویستی پێی هەیە(١).

كەواتە هەبوونی ئابوورییەكی لاواز كە پشتی بە سیستەمی دەرەبەگایەتی دەبەست هۆكار بوو بۆ لاوازبوونی ژێرخانی ئابووری و برەوسەندنی هەژاری لە كۆمەڵگەدا كە ئەویش كاردانەوەی خراپی هەبووە لەسەر بەرزكردنەوە ئاستی خوێندەواری و ناردنی منداڵان بەتایبەتی كوڕان بۆ خوێندن.

**٣- هۆكاری زمان:**

زمان بە یەكێك لە بنەما سەرەكییەكانی پێناسەكردنی نەتەوە لە قەڵەم دەدرێت كە نەتەوەیەك لە نەتەوەكانی تر جیا دەكاتەوە.

زمان لە ڕووی گرینگی نەتەوەیییەوە بە یەكێك لە نیشانە و ماكە ئیتنكییە هەرە گرینگەكانی میللەتان دەژمێردرێ، نەك هەر ئەوە بگرە زۆرجار ناسنامەی نەتەوەیی بەهۆی زمانەوە دەستنیشان دەكرێ چونكە زمان تا بڵێی ئامرازێكی دیار و بەرچاو و كاریگەرە(٢).

هەروەها زمان ئەو ئامرازە گرینگەیە كە مرۆڤ بە هۆیەوە پێوەندی بە یەكترەوە دەكەن و بیرۆكەكانی پێ دەگوازنەوە. یاخۆ بە مانایەكی تر، دەتوانین بڵێین زمان بەشێكی گرینگی فەرهەنگی كۆمەڵگەیە و ئامرازێكی كاریگەرە بۆ بەردەوامی پێكەوە ژیان و پێكهێنانی كۆمەڵگەی مرۆیی و پێشخستنی.

ڕۆشنبیران سەبارەت بە گرینگیی ئامرازی زمان دەڵێن زمان تەنیا كەرەستەیەك

---

(١) شاكر خصباك، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٤٧٨.

(٢) د. ڕەشاد میران، دەور و بایەخی زمانی كوردی لە پرۆسەی ئیتنۆ كۆمەڵایەتییدا، كۆواری سەنتەری برایەتی، ژمارە ١٠، ساڵی ١٩٩٩، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی كوردستان، ل ٣٠.

نییە بۆ دەربڕینی بیر و گواستنەوەی، بگرە هەوێنی بەخشینی ڕوو بەهزر، بەو مانایەی کە زمان تەنیا ئامرازی پێوەندیکردن نییە بگرە هەڵگری کولتووریشە[١]. واتا هەر زمانێك کولتووری تایبەت بە نەتەوەی خۆی هەڵگرتووە. بۆیە مافی هەر نەتەوەیەکە کە بە زمانی خۆی بدوێت و بخوێنێ، لەبەرئەوەی خوێندن بەزمانی دایك لە قۆناخی سەرەتاییدا فێربوون ئاسانتر و خێراتر دەکات، سەرەڕای ئەوەی کە بە هۆیەوە فەرهەنگی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ نەوەکانی تازە دەگوازرێتەوە، بە پێچەوانەوە خوێندن بە زمانێکی بێگانە پرۆسەی فێربوون سست و لە هەمان کاتدا گواستنەوەی کولتووری نەتەوەیی پەك دەخات.

لەبەرئەوەی گەلێ کەس و خەڵکی میللەتان هەن کە لەبەر هەر هۆیەك بێت، بە زمانی نەتەوەییی خۆیان قسە ناکەن، سەرەڕای ئەوەی خۆناسی و هوشیاری نەتەوەیییان هەیە و خۆیان بە ئەندامی میللەت و نەتەوەی خۆیان دەزانن، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەوە کە بە زمانی نەتەوەیی خۆیان قسە ناکەن، بە رادەیەکی زۆر دوورن لە کولتووری میللەتەکەیان، چونکە کولتوور هەردەم نەتەوەیییە وگرینگترین و بەرچاوترین ماکی نەتەوەییش زمانە[٢].

زمانی خوێندن و نووسین هەر لە سەرەتاکانی هاتنە کایەی قوتابخانە و دامەزراندنی سیستەمی پەروەردەیی فەرمی لەلایەن حکوومەتی عوسمانی لە کوردستان هەر بە زمانەکانی غەیرە کوردی (بێگانە) بەڕێوە چووە.

وەکو سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەدەن لە کۆتاییەکانی حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانیدا (ئەو کاتانەی خوێندن لە سنووری ئەو دەسەڵاتداریەتییە بەفەرمی بووەتە ئەرکی دەوڵەت) زمانی خوێندن و نووسین بە تورکی، عەرەبی، فارسی و فەرەنسی بوو[٣]. هەر لەو بارەیەوە نووسراوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە: لە کاتی کردنەوەی قوتابخانە فەرمییەکان لە دەوڵەتی عوسمانیدا بەپێی یاسای ساڵی ١٨٦٤ زمانی تورکی بوو بە زمانی فەرمیی دەوڵەتی عوسمانی، خوێندنیش لە قوتابخانە

---

(١) لوتان کوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.

(٢) د. رەشاد میران، دەور و بایەخی زمانی کوردی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.

(٣) د. کمال مظهر احمد، اضواء على قضايا دولية في الشرق الاوسط، بغداد، ١٩٨٧، ص ٢٦٩.

تورکییەکان بە زمانی تورکی بەڕێوە دەچوو[١]. تەنانەت، وەکو سەرچاوەیەك ئاماژە بەو راستییە دەکات کە خوێندنی ڕێساکانی زمانی عەرەبیش هەر بە توورکی بووە[٢] هەر سەبارەت بە زمانی خوێندن لە قوتابخانە فەرمییەکان لە سەردەمی حوکمڕانی عوسمانی لە سەرچاوەیەکی تردا هاتووە:

کە لە دەوڵەتی عوسمانیدا خوێندن بە زمانی تورکی بەڕێوە دەچوو بۆ ئەوەی ویلایەتە عەرەبی و کوردییەکان بە دەوڵەتی عوسمانی پێوەست بکرێن. کاتێك داواکاری گۆڕینی زمانی خوێندن زیاتر بوو ئیتیحادییەکان لە ساڵی **١٩١١** ناچار بوون زمانی عەرەبیش بکەنە زمانی خوێندن، بەڵام هەر زوو لەو بڕیارە پاشگەز بوونەوە و بڕیاریان دا کە وانەکانی جوگرافیا و مێژوو بە زمانی تورکی بخوێندرێن .ئەم رەوشە بەردەوام بوو تا کۆتاییی حوکمی عوسمانی لەسەر ویلایەتی موسڵ لە تشرینی دووەم ساڵی **١٩١٨**[٣].

هەروەها سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەر لە دامەزراندنی خانەی مامۆستایان لە عێراق، زۆربەی مامۆستاکان تورك بوون، لە نێویان هەبوو کە ئاستی زانستی سنووردار بوو، جگە لەوەی کە تەنیا زمانی تورکییان زانیووە. ئەمە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ڕق و کینە لەنێو مامۆستا و قوتابیان و کەمی قبووڵ و حەزی خوێندن لە قوتابخانە فەرمییەکان. لەبەرئەوەی ئەو بابەتانەی دەخوێندران قابیلی تێگەیشتن نەبوون لەلای قوتابیانی عەرەبی زمان بێگومان دۆخەکە بۆ قوتابیانی کوردی زمان خراپتر بوو. هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە توێژی خویندەوار تەنیا تایبەت بێت بە منداڵانی فەرمانبەر و ئەفسەر و بنەماڵە دیارەکان کە پێوەندی بەردەوامیان لەگەڵ میری هەبوو[٤]. لە کاتێکدا زۆربەی توێژەکانی تری کۆمەڵگە منداڵەکانیان دەنارده قوتابخانە ئاینییەکان .

دوا بەدوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤–١٩١٨) دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و داگیرکردنی لەلایەن کۆلۆنالیزمی

(١) د. محەمەد عەبدوڵا کاکە سور، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٨.

(٣) د. عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی، سەرچاوەی پێشوو،ل٣٤.

(٤) د. ابراهیم خەلیل ئەحمەد ، سەرچاوەی پێشوو،ل ٥٩–٦٠.

بەریتانیاوە بڕیار درا کە زمانی خویندن و نووسین لە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق بە زمانی عەرەبی بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا زمانی ئینگلیزیش کرا بە تەنیا زمانی بیانی کە بەشێوەیەکی فەرمی لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێ، جەخت لەسەر ئەوەش کرایەوە کە هیچ قوتابخانەیەکی سەرەتاییی فەرمی نەکرێتەوە تەنیا دوای ئەوەی بە لای کەمی مامۆستایەکی زمانی ئینگلیزی بۆ دەستەبەر نەکرێت[١].

کەواتە کەمی خزمەتگوزاری فێربوون و قوتابخانە و ناوەندەکانی فێربوون لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، وەکو لە بەشەکانی پێشوو ئاماژەمان پێ دا، هاوکات لەگەڵ نەبوونی بواری خوێندن بە زمانی دایك بە هۆکارێکی تری کاریگەر دەژمێردرێ لە دابەزینی ئاستی خوێندەواری لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

مێژوونووس (نیکیتین) لەو بارەیەوە دەڵێ: لەبەرئەوەی کوردەکان بێ بەش بوونە لە توانای خوێندن بە زمانی دایك وەکو دراوسێ تورك و فارس و عەرەبەکانیان، بۆیە دەبینین کە ناچاربووینە زیاتر پشت بە ئەدەبی سەرزاری و فۆلکلۆری ببەستن و بەڕاستی لێرەدا پەیوەستبوونی توندوتۆڵی ئەوانمان بە زمانی دایك بۆ بەدیار دەکەوێ[٢].

(تۆماس بوا) لەو بارەیەوە دەڵێ: لەبەرئەوەی ڕێبازی پەروەردەیی بەشێوەیەکی سست پێشکەوتووە، بۆیە ئەدەبی زارەکی (فۆلکلۆر) لەلای کورد بەشێوەیەکی دەوڵەمەند و تایبەت گەشەی کردووە. کە زیاتر لەناو پەند و گوتە و مەتەڵ و گۆرانی و چیرۆك و داستانی قارەمانییەکان بەدیار دەکەوێ[٣].

وەکو سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەدەن، زمانی کوردی دوای جەنگی جیهانی یەکەم و هەڵوەشانەوەی دەولەتی عوسمانی و بەتایبەتی دوا بەدوای دروستبوونی دەوڵەتی عیراق و بەڕێوەبردنی ئەو ناوچەیە لەلایان دەوڵەتی بەریتانی و لەژێر پاڵەپەستۆی ئەم دەوڵەتە و داواکاریی بەردەوامی خەڵکی کوردستان ئینجا ڕێگە درا کە ئەو زمانە لە قوتابخانە بە فەرمی بەکار بهیندرێ. ئەم هەنگاوە کاتێك زیاتر شێوازێکی فەرمی بە خۆوە گرت کە دەوڵەتی عێراقی لە ساڵی ١٩٣٢ داوای کرد ببێتە ئەندام لە کۆمەڵەی

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٧٥ .

(٢) باسیل نیکتین، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٤.

(٣) تۆماس بوا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣– ١٥٤.

گەلان، بۆ ئەو مەبەستە داوا لە دەوڵەتی عێراقی کرا بەیاننامەیەك پێشکێش بە کۆمەڵەی گەلان بکات سەبارەت بە دابینکردنی مافی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانی ناو عێراق، لە ئەنجامدا حکوومەتی عێراقیش چەند مسۆگەرکردنێکی پێشکێش کرد کە یەکێك لەوانە بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی و تورکی بوو لە پاڵ زمانی عەرەبی و رێگەدان بە خویندن بەو زمانانەی لە ناوچەکانی کوردنشین و تورکنشینەکان هەبوو(١).

بەم شێوەیە زمانی کوردی بە فەرمی ناسێندرا و خوێندن لە قوتابخانەکان بە زمانی کوردی دەستی پێ کرد و ڕەوشی خوێندەواری لە کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو باشتر چوو.

مێژووی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە قوتابخانە فەرمییەکانی سەر بە حکوومەت دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و بەڕێوەبردنی ئەو ناوچەیە لەلایەن کۆلۆنیالیزمی بەریتانییەوە .

کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز بۆ رێگرتن لە یاخیبوون و سەرکێشی بزافی نەتەوەیی کوردان و ڕازیکردنیان بەتایبەتی لە بەشی کوردستانی عێراق (ولایەتی موسڵ) پاڵەپەستۆی خستە سەر حکوومەتی شانشینی تازە دروستبووی عێراق کە مافی نەتەوەی کورد و کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکانی عێراق بەلای کەمی لە بواری بەکارهێنانی زمانی دایك لە دامەزراوەکانی خوێندن دەستەبەر بکات .

لە ڕاپۆرتێکی (مەندوبی سامی بریتانی) سەبارەت بە پەیماننامەی بەریتانیا لەگەڵ عێراق کە بۆ کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم)ساڵی ١٩٣٠ بەرزی کردووەتەوە دەڵێ: "وەکو بۆمان دەرکەوت لەو کاتەدا ئەگەر کورد بینی ئەو پەیماننامەیە هیچ بەندێکی تێدا نییە کە مافی ئەوان دەستەبەر بکات ترسیان زیاتر دەبێ، بۆیە باشترین رێگە بۆ مانەوەی متمانەی ئەوان ئەوەیە کە حکوومەتی عێراق هەستێ بە ئەنجامدانی چەند جێبەجێکردنێکی یاسادانان و بەڕێوەبردنی بەجۆرێك بارودۆخی ئێستای کوردستان شێوەی بنەمایەکی بەردەوام بە خۆوە بگرێ. مەندوبی سامی بەریتانی شرۆڤەی ئەم گرفتەی لەگەڵ مەلیك فەیسەڵ و سەرۆکی وەزیران و شارەزایان کردووە، ئەو

---

(١) محسن محمد المتولي، كرد العراق منذ الحرب العالمية الاولى ١٩١٤ حتى سقوط الملكية في العراق ١٩٥٨، الدار العربية للموسوعات، بيروت – لبنان، ٢٠٠١، ص١١٨.

ئـامـادەبـاشی دەربـڕیـووە کە گیروگرفتی کورد چارەسەر بکرێت و یەکەم هەنگاو بڕیتیبووە لە دانانی یاسای بەکارهێنانی زمانی کوردی... دواتر هێنانە کایەی نووسینگەی وەرگێڕانە لە وەزارەتی ناوەخۆی بەغدا بۆ وەرگێڕانی یاسا و سیستەم و فەرمانەکان بۆ زمانی کوردی. قوتابخانە کوردییەکان لە هەولێر و کەرکووك و سلێمانی کۆکراونەتەوە لەژێر چاودێریی سەرپەرشتیارێك هەروەها دەستنیشانکردنی کەسێك وەکو بەڕێوەبەری ناوەخۆی گشتی کوردی، گشت ئەو گۆڕانکارییانە پێش کۆتای هاتنی ساڵی ١٩٣٠ ئەنجام دراون[١]. بەر لەو ڕێکەوتەش لە دەستووری عێراق بۆ ساڵی ١٩٢٥ واتا سەرەتاکانی دامەزراندی ئەم دەوڵەتە لە (دەروازەی ئاخاوتنی یەکەم) سەبارەت بە مافی گەل لە مادەی شەشەمدا هاتووە کە: هیچ جیاوازیەك لە نێوان مافی عراقییەکاندا نییە. لە بەرامبەر یاسادا سەرەڕای جیاوازی بوونیان لە رووی نەتەوەیی و ئاینی و زمانەوانی[٢].

ئەم هەنگاوە شێوازی فەرمی و نێودەوڵەتی بەخۆوە گرت کە دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٣٢ داوای لە کۆمەڵەی گەلان کرد ببێتە ئەندام تێیدا، بۆ ئەو مەبەستەش داوا لە دەوڵەتی ناوبراو کرا بەیاننامەیەك سەبارەت بە دابینکردنی مافی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانی ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق پێشکێش بە کۆمەڵی گەلان بکات، لە ئەنجامدا حکوومەتی عێراق چەند مسۆگەرکردنێکی پێشکێش کرد کە یەکێك لەوانە بە فەرمی ناساندی زمانی کوردی بوو لە پاڵ زمانی عەرەبی و ڕێگەدان بە خوێندن بەو زمانە لە قوتابخانەکان لە ناوچە کوردنیشنەکان[٣].

هاوکات لەگەڵ بەردەوامبوونی بزاڤی نەتەوەی کورد لە بەشی کوردستانی باشوور و جەختکردنیان لەسەر مافە نەتەوەییەکان و بەشداریکردنیان لە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ و رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دامەزراندنی حکومەتی کۆماری لە عێراق بە قۆناخێکی تری گرینگ لە مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کورد دەژمێردرێ، لەبەرئەوەی لە سەرەتاکانی دامەزراندنی ئەو ڕێژیمە تازەیە و لە دەستووری تازەی ئەو

---

(١) السيد عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية ،الجزء الثالث، دارالشؤون الثقافية العامة – بغداد، ١٩٨٨، ص١٤.

(٢) مجموعة القوانين والانظمة، سنة١٩٢٥ ،ص٧٢.

(٣) محسن محمد المتولي، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٨.

حکوومەتە جارێکی تر جەخت لەسەر مافی نەتەوەی کورد و بە فەرمی ناساندنی زمانی نەتەوەی کورد کرایەوە.

وەکو دەبینین لە دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٥٨ لە دەروازەی سێیەم سەبارەت بە ماف و ئەرکە گشتییەکان مادەی بیست و یەکەم (٢١) داهاتوو: «عێراقییەکان لە ماف و ئەرکدا لە بەرامبەر یاسادا یەکسانن بەهۆی رەگەز، نەژاد، زمان یاخۆ ئاینییان جیاوازییان لە نێواندا ناکرێ و هاوکاری دەکەن لە پاراستنی گیانی نیشتمانەکەیان بە عەرەب و کوردەوە، هەروەها ئەم دەستووره دان بە مافە نەتەوەییەکان دادەنێت لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتوودا»[١].

دەرچوونی ئەم دەستوور و یاسایانە بە فەرمی لەلایەن حکوومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق دەرفەتێکی گرینگ بوو بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد بتوانێ بە زمانی دایك لە قوتابخانەکاندا بخوێنێ و بنووسێ، لە هەمان کاتدا هۆکارێکی بە هێزیش بوو بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی خوێندەواریی کۆمەڵگەی کوردی، ئەگەرچی لە پیادەکردنی ئەو یاسا و رێسایانە وەکو لە بابەتەکانی داهاتوودا ئاماژەی پێ دەکەین کێشە و گرفتی زۆر دروست کراوە.

**رۆڵی کۆمەڵ و رێکخراوە کوردییەکان لە بواری پەروەردە و فێرکردندا:**

پێوەندییەکی دیالێکتێکی (چەندوچوونی) هەیە لە نێوان گەشەکردنی هوشیاریی نەتەوەیی و بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواریدا. لەبەرئەوەی خوێندەواری زانیاری و شارەزایی و زانیاری لە گشت بوارەکانی ژیان بە کۆمەڵگە دەبەخشێت، بەو مانایەی کە تێگەیشتنی مرۆڤ لە مێژوو دەرککردنی رووداوەکانی ئەمرۆ و لە هەمان کاتدا دەرککردن بە مافە کەسی و نەتەوەییەکان زیاتر دەکات و لە ئەنجامدا هانی دەدات بۆ دارشتنی پلان و خەباتکردن لەپێناویدا وەکو ئامانجێکی پیرۆز. لە وردبوونەوە و شیکردنەوەی ئەرکی بڵاوکراوە و کۆمەڵە و رێکخراوەکانی کوردی لە مێژوو ئەم راستییەمان زیاتر بۆ روون دەبێتەوە.

هەر لە سەردەمی حوکمرانی عوسمانیدا لە کاتێکدا کۆمەڵگای کوردی لە دۆخێکی پڕ لە نائارامی و هەژاریدا دەژیا، کەسانێك پەیدا بوون کە بە هۆی ژیانیان لە ئەستەمبوڵ

(١) الوقائع العراقية–العدد١٦٢٥، ١٩٥٨٩٢١ / مجموعة القوانين والانظمة، جزء الاول، سنة١٩٦٨، ص٦.

و شارە گەورەکان و خوێندن و تێکەڵاوبوونیان بە توێژی ڕۆشنبیریی تورك و فارس و عەرەب و هەروەها بەهۆی سەردانیکردنیان بۆ وڵاتی میسر و ئەورووپا ئاشنای چەمکەکانی ئازادی و دیموکراسی و مافی نەتەوەیی بووبوون و هەستیان بە ئێش و ئازاری نەتەوەکەیان دەکرد بە دەست حکوومەتێکی نەخوازراو و بێگانە. ئەمە لە هەمان کاتدا هۆکاری کاریگەر بوو بۆ سەرهەڵدانی بزاڤی ڕۆشنبیریی نەتەوەیی. لەو بارەیەوە لازاریف دەڵێ: لە سەدەی (هوشیاربوونەوەی ئاسیا) دەستپێشخەرەیە سەرەتاییەکانی نەتەوەی کورد وەکو تەوژمێکی رامیاری ڕێکخراو بەدیار کەوت. ئەوانەی کە هەڵگری ئەم جووڵانەوەیە کوردییە بوون نوێنەرانی ڕۆشنبیری کوردی لاو بوون لە توێژی دەرەبەگ کە لە ئەستەمبۆڵ یاخۆ لە وڵاتانی بێگانە وەکو (میسر و ئەورووپا) ژیا بوون[١].

دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) لە ٢٢ نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لەلایەن میقداد بەدرخانەوە کە سەر بە بنەماڵەی بەدرخانییەکان بوو بە یەکێك لەو نموونە مێژوویی و بەرجەستانە دەژمێردرێ کە توێژی ڕۆشنبیر و خوێندەواری کورد پێی هەستان[٢].

ئەم ڕۆژنامەیە کە بانگهێشتەی بۆ ڕۆشنگەری دەکرد سەرەتا لە قاهیرە دەرچوو، دواتر گواسترایەوە بۆ جنێف و لەندەن و ئەستەمبۆڵ، دواتر جارێکی تر بۆ قاهیرە[٣] دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە بە ڕووداوێکی گرینگی کولتووری و سیاسی دەژمێردرێ لە سەدەی نۆزدەدا و لە هەمان کات دەکرێ بە دەسپێکی بزافی ڕۆشنبیری و بڵاوکراوەیی کوردی ناوی بەرین. بێگومان بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردی بە بەراورد لەگەڵ گەلانی تری دراوسێ درەنگتر سەری هەڵدا، هۆکاری ئەمەش وەکو (کەمال مەزهەر) باسی دەکات دەگەڕێتەوە بۆ درەنگ پێگەیشتن و لاوازی دەستەی خوێندەواری کوردی. لەبەرئەوەی بۆ پەیدابوونی ڕۆژنامەوانی دەبوو خوێندەواری وەکو ڕووی هەرە گرینگی ژیانی ڕووناکبیری و دەستەی خوێندەواریش وەك دیاردەیەکی گرینگی ژیانی کۆمەڵایەتی بگاتە ئاستی ئامادەباشی بۆ جێبەجێکردنی ئەرك پێویستەکانی

(١) م.س. لازاریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٥.

(٢) میهردادی ئیزەدی، چەردەباسێك لە بارەی کوردانەوە، ت: ئەمین شوان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٤١٠.

(٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٦.

چاپەمەنی نەتەوەیی(١).

ئەگەر بەوردی شرۆڤەی ناوەڕۆك و ئامانجی دەرچوونی ئەم رۆژنامەیە بکەین، دەبینین کە چۆن لەو سەردەمەدا هەوڵی داوە لاپەڕەکانی تەرخان بکات بۆ بڵاوکردنەوەی هوشیاری و زانیاری پێویست سەبارەت بە نەتەوەی کورد هەر لە فەرهەنگ و فۆلکلۆر و لایەنی هونەر و ئەدەبیات و لە هەمان کاتدا رۆڵی پەروەردەکردن و بڵاوکردنەوەی هوشیاریی نەتەوەیی گێڕاوە. وەکو لە سەرچاوەیەکدا هاتووە "رۆژنامەی کوردستان بایەخێکی زۆری بە لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و زمانەوانی و مێژوویی کوردی داوە بۆ ئاراستەکردنی خەڵکی کورد بۆ فێربوونی زانست و زانیاری و هەروەها بۆ بەئاگاهێنان و هوشیارکردنەوەی میر و ئاغایانی کورد تا منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن و لە گوندەکانیشدا قوتابخانە دروست بکەن"(٢).

میقداد مەدحەت بەدرخان کە بە دامەزرێنەر و سەرنووسەری ئەم رۆژنامەیە دادەنرێ لەگەڵ دەرکردنی یەکەم ژمارە لەم رۆژنامەیە پاشکۆ و بەیاننامەیەکی بە زمانی فەڕەنسی بڵاوکردەوە کە تێیدا دەڵێ:

"گەورەم، زۆر بەختیارم بەوەی کە ژمارەی یەکەمی رۆژنامەی «کوردستان»تان بۆ دەنێرم، کە هەر ئێستا لە قاهیرە دام مەزراندووە. نەتەوەی من کە نەتەوەی کوردە، ژمارەی شەش ملیۆن کەسە(*) لە ئاسیای بچووکدا زمانیان گەلێك کۆنە. ئەمە یەکەمین جارە کە بەو زمانە ئەم رۆژنامەیەم بڵاوکردووەتەوە، بۆ مەبەستی تێگەیاندنی زانیاری و گیانی خۆشەویستی لەناو رۆڵەکانی نەتەوەکەمدا و هاندانی کوردەکان بۆ ئەوەی رێگەی پێشکەوتن و شارستانیەتی نوێ بگرن، لە هەمان کاتیشدا ئەدەبی نەتەوەیی خۆمانیان پێ نیشان بدەین". هەروەها بەردەوام دەبێ و دەڵێ: باوکم میر بەدرخان، لە شەڕی سەربەخۆیی کوردستاندا بەشدار بوو، دژی حکوومەتی

---

(١) د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل٤٩.

(٢) جەعفەر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠.

(*) ئەو ژمارەیەی کە میقداد بەدرخان سەبارەت بە دانیشتوانی کورد لە رۆژنامەکەیدا باسی دەکات تەنیا رێژەیەکی خەملێندراوە و ناوبراو وای مەزەندە کردووە، بۆیە زۆر ورد نییە لەبەرئەوەی نازانرێ بۆ ئەو ژمارەیە ناوبراو پشتی بە چ سەرچاوەیەك بەستووە.

عەبدولحەمید، ئەو کەسەی ژیانی لە بنەماڵەی ئێمە قەدەخە کرد لە نیشتمانی خۆماندا. لەبەرئەوە ڕووم کردە قاهیرە، وە لەبەرئەوەی دەمەوێ سیستەم و ئاسایش باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێ، بڕیارم دا لە ڕێگەی ئەم ڕۆژنامەیەوە هەموو توانای خۆم لە دوورەوە (لە دوورە ولاتدا ) تەرخان بکەم بۆ هەموو کارێك کە قازانج و بەختیاری و پەروەردەکردنی بیری تێدا بێت بۆ هاوولاتییانی کورد(١).

دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە بۆ یەکەم جار هەوڵدانێکی تازەبوو لەسەر بنەمای کولتووری ناسیۆنالیزمی کوردی و هەنگاوێك بوو بۆ بلاوکردنەوەی بیری ناسیۆنالستی و نیشتمانپەروەری لەنێو خەڵکی کوردستاندا و بۆ یەکەم جار جڵەوی بزاڤی سیاسی نەتەوەییی کوردی لە بەردەستی سەرۆکی خێڵ و دەرەبەگ و شێخ و پیاوانی ئاینی دەرهێنا کە تا ئەو کاتە سەرکردایەتی شۆڕش و یاخیبوونەکانی گەلی کوردیان دەکرد لە بەرامبەر حوکمڕان و داگیرکەرەکاندا و کەوتە ژێر دەستی توێژێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیر. بۆیە وەکو دەبینین کە ڕووپەڕی ئەم ڕۆژنامەیە ببووە مینبەرێك بۆ ناسیۆنالیستانی کورد(٢). دوا جار ئەم گرووپە ڕۆشنبیر و خوێندەوارە دەبێتە بیری دامەزرێنەر و هەڵسوڕێنەری کۆمەڵ و ڕێکخراوە سیاسی و کولتوورییەکانی داهاتوو لە کوردستانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانیدا.

هۆکارەکانی پەرەسەندنی بیری ئازادیخوازی و ریفۆرم و دەستەبەرکردنی مافە مرۆیی و نەتەوەییەکان لەلایەك و ناڕەزاییی گەلانی ناو چوارچێوەی ئەو حوکمڕانییە بە (تورك، کورد، عەرەب، ئەرمەن و چەرکەسی و ئەلبانی)یەوە لە دەست زوڵم و ستەمی ئەو ڕژێمە لەلایەکی تر ڕێگەخۆشکەر بوون بۆ سەرهەڵدانی چەندان کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و ڕۆشنبیری. کە دامەزراندنی کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەرەقی) بە یەکێك لەوان دادەنرێ. لە ساڵی ١٩٠٨ لەژێر پاڵە پەستۆی ئەو کۆمەڵەیەدا ئەفسەرە تورکەکانی ئەندامی (جەمعیەتی ئیتیحاد و تەرەقی)(*) سوڵتان عەبدولحەمید (دوا

---

(١) جەعفەر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٧٩.

(*) کۆمەڵەی (جمعیە ئیتیحاد و تەرەقی) کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیری سیاسی بوو کە لە ساڵی ١٨٨٩ دامەزرا، دووان لەو چوار ئەندامەی دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە کورد بوون، بە ناوەکانی (ئیسحاق سکۆتی) لە دیاربەکر و، (عەبدولا جەودەت) کە هەردووکیان قوتابی کۆلێجکی پزیشکی بوون لە ئەستەمبوڵ، دووانەکەی تریش قوتابی هەمان کۆلێج بوون،=

سوڵتانی دەوڵەتی عوسمانی)یان ناچار کرد، یاسا و دەستووری وڵات سەرلەنوێ داڕێژێتەوە و هەڵبژاردنی پەرلەمانێکی ئازاد پەسەند بکا.

بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی لە یاساکاندا کرا بەڵێنی ئەوە بە گشت هاووڵاتییانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی درا کە بە یەکسانی و بێ گوێدانە جیاوازیی زمان و ئاین ئازادیەکانیان دەستەبەر دەکری[1]. ئەم هەنگاوە بووە هۆی پەیدابوونی گەشبینی و دڵنیایی لای گشت پێکهاتەکان، کە کوردی رۆشنبیر و خوێندەوار ئەو کاتە رۆڵی باڵایان هەبوو لە سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە، بەڵام دواتر ڕێبازی تورکە لاوەکان و ئەو کۆمەڵەی کە پێك هاتبوو بەرەو پانتورکیزم[2] و شۆڤێنیەتی تورك و سەپاندنی دەسەڵاتی تورك بەسەر گەلانی تر چوو، لەگەڵ فەرامۆشکردنی ئەو وادە و بەڵێنانەی کە لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەو شۆڕشە بە نەتەوە جیاوازەکانیان دابوو" تورکانی لاو پێشتر لە چوارچێوەی ڕێکخراوێك بەناوی (کۆمیتەی ئیتیحاد و تەرەقی) توانیبوویان کورد و عەرەب بخەنە خزمەتی ئەو دروشمانەی هەڵیان گرتبوو کە ڕەنگ و بۆی ئیسلامییان هەبوو، بەڵام هەنووکە کە وەختی بەخشینی مافەکانیان هاتبوو دروشمی پان ئیسلامیزمیان بەلاوە نابوو و باسی تۆرانیگەرییان دەکرد. لە ئاست ئەم سیاسەتە کە ڕابەرانی کۆمیتەی «ئیتیحاد و تەرەقی» بەڵێنیان دابوو ئەم بەڵێنەیان خستە ژێر پێیان و دەست دەکەن بە سیاسەتی بەتورککردنی کورد"[3].

ئەم دۆخە تازەیە لە ئەنجامدا سەرهەڵدانی چەندان کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و فەرهەنگی نەتەوەخوازیی کوردی لێ پەیدا بوو و دامەزراندنی کۆمەڵەی ( جەمعیەتی تەعاون و تەرەقی کورد) لە ساڵی ١٩٠٨ بە یەکەم ڕێکخراوی کوردی لەو چەشنە دادەنرێ. ئەم ڕێکخراوە لەلایەن کۆمەڵێك کوردی رۆشنبیر و نیشتمانپەروەر پێك هات

---

= دواتر چەند رۆشنبیرێکی تری کورد روویان لەم کۆمەڵەیە کرد یەکێك لەوانە (ئیسماعیل بابان زادە) بوو. (د. کمال مظهر أحمد، كوردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى، دار آفاق عربية للطباعة والنشر بغداد، ١٩٨٤، ل٢١٣).

(١) مارتین ڤان برونسن، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦١.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٦.

(٣) موجتەبابورزوویی، بارودۆخی سیاسیی کوردستان، و: نازناز محەمەد و یوسف خزرچوویان و سۆران عەلی پوور، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٥، ل ١٢٩–١٣٩.

که پێشتر لەگەڵ تورکە لاوەکان لە کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقیدا کاریان کردبوو، نوێنەری لاوە خوێنگەرمەکانی زانکۆکانی ئەستەمبوڵ قاهیرە و ئامۆژگا باڵاکانی ئەوروپا بوون(١). رۆژنامەیەکیان بەناوی (کورد تەعاون و تەرەقی گازێت) واتا (رۆژنامەی هاوکاری و پێشکەوتنی کورد) وەکو زمانحاڵی کۆمەڵەکە دەرکرد کە یەکەم ژمارەی لە ٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٠٨ لە ئەستەمبوڵ دەرچوو: ئەم کۆمەڵەیە خەباتی دەکرد لەپێناو بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی کورد و پێوەندییەکانی لەگەڵ نەتەوەکانی تری وەکو ئەرمەن بەهێز بکات و خوێندن و خوێندەواری لە نێوان کۆمەڵگەی کوردی پەرە پێ بدات و لە بەرامبەر ئایدیولۆجیای شۆڤینیەتی تورک ڕابوەستێت(٢).

لەبەرئەوەی بڵاوکراوە و کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان هەر لە زووەوە هەردەم سانسۆریان لەسەر بووە و زۆرجار بەهۆی پاڵەپەستۆی حکوومەت و دەسەڵاتداران هەوڵی داخستن و گرتنی ئەندامانی دراوە بۆیە تەمەنیان زۆر درێژ نەبووە، بۆ نموونە وەکو (بورزوویی) باسی دەکات (کۆمەڵەی ئیتیحاد و تەرەقی) کە لەپێناو بەدەستووریکردنی دەوڵەتی عوسمانی خەباتی دەکرد پاش ئەوەی شۆڕشەکەیان سەری گرت، لەو وادە و بەڵێنانەی بە کورد و نەتەوەکانی تریان دابوو پەشیمانبوونەوە، لە ئەنجامدا پاڵەپەستۆیەکی زۆر کەوتە سەر کوردە ئازادیخواز و رۆشنبیرەکان و لە ئاکامدا گشت یانە و رۆژنامە و کۆوار و قوتابخانەکانی کوردی داخران. بورزوویی لە قسەکانی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: ئەمین عالی بەدرخان و شەریف پاشا فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەبڕێتەوە، بەدرخانییەکان بە ڕەزامەندی خۆیان دوور دەخرێنەوە، بەندیخانەکان پڕ دەبن لە خەباتگێڕانی کورد(٣).

کەچی زۆری نەبردووە جارێکی تر بڵاوکراوە و کۆمەڵەی تر لە دایکبوونەتەوە. لە کۆمەڵە کوردییە چالاکەکانی تر کە لەو کاتە لە ئەستەمبوڵ دەستیان بەکار کرد کۆمەڵەی (هێڤی) بوو کە بەر لە شەڕی جیهانی یەکەم دامەزرا و لە ماوەی شەڕ ڕاگیرا، پاش ئاگربەست دەستی بە چالاکییەکانی خۆی کردەوە، ئەو کۆمەڵەیە کۆوارێکی

(١) عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

(٢) م. رەسول هاوار، کورد و باکوری کوردستان، بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم، چاپخانەی خاك، سلێمانی ٢٠٠٠، ل٤٩٢.

(٣) موحبتە بابورزوویی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

دەردەکرد بەناوی (ژین) کە دیارترین ئەو کەسایەتییانەی بابەتیان تێیدا دەنووسی دەکرێ ناوی کەمال فەوزی و مەمدوح سەلیم بهێنین(١).

هەر لەو ئان و ساتەدا کۆمەڵەیەکی تر بەناوی (کۆمەڵەی تشکیلاتی کۆمەڵایەتی کوردستان) لە ساڵی ١٩٢٠ پێك هات دامەزرێنەرانی ئەو کۆمەڵەیە چەند کەسێك بوون کە لە کۆمەڵەی تعالی کوردستان جیابووبوونەوە. لەلایەکی تر کۆمەڵێکی تر بە ناوی (جمعية التعالي لنساء الكورد) واتە کۆمەڵەی تعالی کورد بۆ ئافرەتان لە ساڵی ١٩١٩ دامەزرا، کە ئامانجی ئەو کۆمەڵەیە پێشکەوتنی ئافرەتی کورد و مسۆگەرکردنی چاکسازی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی و بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی بوو لایان(٢).

پەرەسەندن و گەشەکردنی توێژی خوێندەوار و رۆشنبیر لە کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە قۆناخێکی پێشکەوتووی مێژووی نەتەوەی کورد دەژمێردرێ، لەبەرئەوەی ڕوویێکی تازە و پێشکەوتووی بە خەباتی بزاڤی نەتەوەیی کورد بەخشی، لە هەمان کاتدا هاندەرێك بوو بۆ بوژانەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیات و زمانی کوردی لەلایەك و کاریگەریی بەهێزی زمانی کوردی بەرێگەی دەزگای چاپ و بڵاوکراوەکان لەسەر بزاڤی نەتەوەی کورد لەلایەکی تر.

لەبەرئەوەی زمان بە بنەمایەکی سەرەکی دادەندرێ بۆ جیاکردنەوە و فۆرمبەخشین بە نەتەوەیەك، (بندکت ئەندرسۆن) گۆڕانکارییەکانی ناو جیهانی زمان بە سەرەتای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی ئەوروپی لە قەڵەم دەدا، بڵاوبوونەوەی چاپەمەنیش بە هاوکار و هۆکارێکی گرینگی سەرهەڵدانی هوشیاریی نەتەوەیی دەزانێ(٣).

دوا بەدوای ئەو قۆناخە تازەیە بوو کە ئەدەبیات و زمانی کوردی دەستی بە بووژانەوە کرد، زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانی نەتەوەکانی جیهان توانی بەرێگەی بەرهەمە ئەدەبی و هونەری بڵاوکراوەکانەوە وەکو شیعر و چیرۆك و وتار و رۆمان و نووسراوی هەمەچەشن کە لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکان پەخش دەکران، توانی وەکو ئامرازێکی چالاك رۆڵی کاریگەری بگێڕێ لە گەشەکردنی هوشیاریی نەتەوەی

(١) سروه أسعد صابر، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل ١٩١٤–١٩٢٦، مؤسسة موكرياني للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠١، ص ١٦٥، ١٦٦.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٦٦.

(3) Bendict Andrson, Imagined communities, R, eflections on the origin and spread of nationalism, verso London, 1991, p150.

کورد، لە هەمان کاتدا هاندەرێك بوو بۆ پەرەپێدانی ڕەوشی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە کوردستاندا لەبەرئەوەی زۆر لەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی کە دامەزران یەکێك لە ئامانج و ئەرکە سەرەکییەکانیان برێتی بوو لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری لە کوردستان. بۆ زیاتر زانیاری، دەتوانین ئاماژە بە چەند بڵاوکراوە و کۆمەڵەیەك بکەین کە قۆناخ بە قۆناخ دوای لەبەر یەك هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە بەشی کوردستانی باشوور هاتنە ئاراوە. بۆ نموونە لە سەردەمی هەڵگیرسانی شۆڕشی شێخ مەحموود و حوکمڕانی ئەو لە سلێمانی لە پاش ساڵی ١٩١٨، خەباتی هزری و ڕۆشنبیریی خوێندەوار و شارنشینەکان ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر هوشیارکردنەوەی نەتەوەیی. لەو ماوەیەدا چەندان ڕۆژنامە و بڵاوکراوە بە زمانی کوردی دەردەچوون، وەکو (بانگی کوردستان ) کە لەلایەن کۆمەڵەی (جەمعیەتی کوردستان) لە ٢١ی تەمووزی ١٩٢٢ دامەزرابوو بڵاو دەکرایەوە[١]. ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردستان) کە یەکەم ژمارەی لە ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ دەست بە بڵاوکردنەوەی کرا، هەروەها ڕۆژنامەی (بانگی حەق) کە لە ٨ی ئازاری ١٩٢٣ بڵاو کرایەوە. ئەمە سەرەڕای ئەو ڕۆژنامە و کۆوارانەی کە لەلایەن حکومەتی ئەو کاتەوە دەردەچوون، وەك ڕۆژنامەی (ژیانەوە) کە لە ١٨ی ئابی ساڵی ١٩٢٤ دەست کرا بەبڵاوکردنەوەی، هەروەها کۆوارێکی تری کوردی لە بەغدا دەرچوو بەناوی (دیاری کوردستان) لە ١١ی ئاداری ١٩٢٥ [٢]. هەروەها بڵاوکراوەی (تێگەیشتنی ڕاستی) کە لە ڕۆژی سێشەمەی (١)ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩١٨ لە بەغدا دەرچوو، کە لەلایەن دەسەڵاتی بەریتانی دامەزرا و بە ئۆرگانی پڕوپاگەندەی سیاسیی بەریتانیا لە قەڵەم دەدرا[٣].

سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمەڵە و ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و سیاسییەکان لە بەشی کوردستانی باشوور، چەندان کۆمەڵەی ڕۆشنبیری هاتنە ئاراوە، لەمانە دەتوانین ئاماژە بە کۆمەڵەی زانستی کوردان بدەین لە سلێمانی کە لە٣١ی حوزەیرانی١٩٢٦ دامەزرا. هەروەها دامەزراندنی دەستەیەکی کولتووری کۆمەڵایەتی لە ساڵی ١٩٣٣ بەناوی (کۆمەڵەی لاوان ) کە محەمەد ئەمین زەکی سەرپەرشتیی دەکرد و

(١) جەعفەر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٩.

(٢) سروە ئەسعەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٢ – ١١٣.

(٣) د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١١.

کۆوارێکیایی بەناوی (یادگاری لاوان) دەردەکرد. بابەتەکانی لەو بڵاوکراوەیەدا پەخش دەکران بریتی بوون لە باسی ئەدەبی و شیعری نیشتمانی و وتاری پەروەردەیی(١). دامەزراندنی کۆمەڵەی برایەتی لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٨ بە سەرۆکایەتی شێخ لەتیف شێخ مەحموودی حەفید . پاشان چەند کۆمەڵەیەکی تری وەکو (ئازادی کوردی) لە ساڵی ١٩٣٨ دواتر کۆمەڵەی (دارکەر) کە لە چەند کەسانێکی نێو کۆمەڵەی ئازادیی کورد پێك هات(٢).

دامەزراندن و کار و چالاکییەکانی ئەو کۆمەڵانە رۆڵی بەرزی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی هوشیاریی زانستی و زانیاری جۆراوجۆر سەبارەت بە کۆمەڵگەی کوردی کە لە ئەنجامدا هاندەرێك بوو بۆ بوژاندنەوەی زیاتری هەستی نەتەوەیی. بۆ نموونە ئەگەر باس لە کۆمەڵەی (زانستی کوردان) بکەین، وەکو لە پەیڕەو و پرۆگرامی ئەم کۆمەڵەیەدا هاتبوو کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری بووە لە کوردستان لە رێی کردنەوەی قوتابخانە و کتێبخانە و دانان و وەرگێرانی کتێب و بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و... هتد(٣).

دواتر لە ساڵی ١٩٣٩ کۆمەڵەی هیوا گۆڕا بۆ حزبێکی سیاسی، کە بەیەکەم حزبی سیاسی کوردی لە کوردستانی باشوور دادەنرێت پاش ئەوەی باشووری کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیدا جێگیر بوو(٤). لێرەدا دەتوانین ئەو بدەرئەنجامە هەڵێنجین کە چۆن دەستەی خوێندەوار و رۆشنبیری کورد هەر لە سەرەتاوە توانییان بەهۆی چالاکییەکانیان بزاڤی سیاسی نەتەوەیی کورد بەرەو قۆناخێکی پێشکەوتووتر ببەن و رۆژ لە دوای رۆژ گەشە بە هۆشیاری نەتەوەیی کۆمەڵگەی کوردستان بدەن. بۆ نموونە سەبارەت بە هیوا وەکو سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەکەن بە هۆی چالاکی و لق و بەشەکانی کە پەلی هاوێشت بۆ زۆربەی ناوچە و شارەکانی کوردستان وەکو هەولێر و کەرکووك و سلێمانی و دهۆك و زاخۆ و ئامێدی رووێکی سیاسی و نەتەوەیی بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بدات . وەکو مەسعوود بارزانی ئاماژەی پێ دەکات ئەم کۆمەڵەیە بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەك لە بەغدا و شارەکانی تری عێراق

(١) محسن محمد متولی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦.

(٢) کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢١٩.

(٣) جەعفەر عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٩.

(٤) محسن محمد متولی, سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٦.

سەرنجی هەردوو حکوومەتی عێراقی و بەریتانی بۆ لای بزووتنەوەی کورد لەو سنوورە ڕاکێشاوە. دەسەڵاتداریەتی ئەم دەوڵەتانە لە ئەنجامی کارەکانی هیوا بۆی دەردەکەوت کە ئەوەی لە کوردستان دەکرێت تەنیا یاخیبوونی هۆزایەتی و تیرەگەری نییە، بگرە ئەوە بزووتنەوەیەکی چەکداری نەتەوەییە کە میللەتی کورد لە کوردستانی عێراق بەتایبەتی توێژی ڕۆشنبیر و خوێندەوار پشتی دەگرێت(١).

سەرەڕای ڕۆڵ و بایەخی ئەو بڵاوکراوە و کۆمەڵە و ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییانە، کە دواتر هاتنە کایەی چەندان کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی لێ هاتە بەرهەم، لەسەر ئاستی کەس و هونەرمەند و شاعیرانی کوردیش بە سوودوەرگرتن لە بابەتەکانیان بەردەوام هانی خەڵکیان داوە کە ڕوو لە خوێندن و فێربوون بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بەڕێگەی ئەمەوە خزمەت بەنەتەوەی کورد بکەن و ئەم گەلە لە تاریکی و زوڵم و ستەم ڕزگاری ببێت . لەو کەسایەتی و ڕۆشنبیرانەی کە بە هۆی کاری نووسین و چالاکی ڕۆژنامەوانی خۆی هەوڵی زۆری داوە بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی زانست و ئاستی خوێندەواری لە کوردستان دەتوانین (حوسێن حوزنی موکریانی) ناو ببەین. حوسێن حوزنی ناسراو بە (داماو) لە بواری نووسین و ڕۆژنامەوانیدا ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە، زیاتر لە (١٠) ڕۆژنامە و کۆواری کوردی چاپ کردووە کە گرینگترینیان زاری کرمانجی (١٩٢٦–١٩٣٢) کە لە ڕواندز دەرچوو هەروەها کۆواری ڕووناکی (١٩٣٥ ١٩٣٦) کە لە هەولێر دەردەچوو، لەو بابەتانەی کە ناوبراو لەو بڵاوکراوانە بەتایبەتی زاری کرمانجی بڵاوی دەکردەوە هەردەم جەختی لەسەر گرینگیدان بە پەروەردە و خوێندن و زانست دەدا. بۆ نموونە چەندان وتاری بە ناونیشانی (محتاجی زانینی عیلمین، پەرستی و جەهل، عیلم هێشتا لەنێو ئێمە قەدری پەیدا نەکردووە، قوتابخانە فائیدەی چییە؟ کورد بەچی سەردەکەوێ؟ کورد بۆچی دواکەوتووە؟) بڵاوکردووەتەوە(٢). لە وتاری کورد بەچی سەردەکەوێ؟ خوێندن و زانستی بەلایەنێکی گرینگی سەرکەوتنی گەل داناوە و داوای پەروەردەکردنی سەردەمیانە و زانستییانە

(١) مسعوود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد ١٩٣١ –١٩٥٨، و سەعید ناکام، چاپخانەی دهۆك، ١٩٩٨، ل ٩٩.

(٢) هەڵمەت پایز، پەروەردە و زانست لە دیدەی (حوسێنی موکریانی)یەوە، کۆواری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە ٥٣ ئاداری ٢٠٠٥، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ل٤٩.)

دەكات بۆ قوتابیان هەروەها ناردنی منداڵان بۆ قوتابخانە بە پێویستێكی گرینگ دەزانێت(١).

بۆ زیاتر نیشاندانی رۆڵی رۆشنبیر و شاعیرانی كورد لە گرینگیدان بە بواری خوێندەواری و فێربوون دەتوانین چەند شاعێرێكی كورد و بەرهەمەكانیان بەنموونە بهێنینەوە. سەرەتا بە حاجی قادری كۆیی(*) دەست پێ دەكەین. ناوبراو بەیەكێك لەو شاعیرانە دەژمێردرێ كە هەوڵی داوە شیعرەكانی لەپێناو بەهێزكردنی هەستی نەتەوەیی و هۆشیاری نەتەوەیی كورد بەكار بهێنێ.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە حاجی وەكو كەسێكی رۆشنبیر و خوێندەوار هەوڵی داوە لەو سەردەمی دواكەتوویی و كەمی زانیاری لە كۆمەڵگەی كوردی لەمیانی شیعرەكاندا كۆمەلێك زانیاریی لە بواری ئەدەبیات و شاعیرو ناودارانی كورد، كە بەهۆی نەخوێندەواری و نەبوونی دەرفەتی نووسین نەتوانراوە بەرهەمەكانیان بنووسرێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵك ئاشنایان بێت، حاجی دێت ناوی زۆربەی ئەوانە لە شیعرێكیدا بەناوی ( شەهسەواری بەلاغەتی كوردان ) بەیان دەكات، وەكو دەڵێ:

شەهسەواری بەلاغەتی كوردان.
یەككەتازی فەصاحەتی (بابان)
مستەفایە تەخللوسی (كوردی)
غەزەلی كرد. بەربوتی كوردی
ناوی صاحێبقرانی خاصی ئەوە
چونكە لەم عەرصە ئەسپی ئەو بەدەوە

حاجی لەسەر ناوی شاعیرانی كورد بەردەوام دەبێت و دەڵێ:

یەكێ تر بوو موحەمەدی فیكری
مووی دەئەنگاوت بەتیرەی فیكری

---

(١) حوسێن حوزنی، كورد بەچی سەردەكەوی، كۆواری زاری كرمانجی، ژمارە ١٩، ئایاری ١٩٢٩، ل ٢-٣.

(*) حاجی قادری كۆیی لە سالانی (١٨٢٤-١٨٢٥ز) لە گوندی ( گۆر قەرەج) سەر بەشاری كۆیە لەدایك بووە. )دیوانی حاجی قادر كۆیی، لێكۆلینەوە و لێكدانەوەی: سەردار حەمید و كەریم شارەزا، ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی كوردستان ، ١٩٨٦، ل ١٠)

یـەکـێ ڕەنجووری ئـەهلـی کـەرکـووکـە
فـیکری بـیکری هـەمـوو وکو بـوکـە(١).

حـاجی بـەم جۆرە زۆر بـەدوور و درێژی لـەو شیعرەیدا دەست پـێ دەکات بـە بـاسکردنی کۆمـەڵێك نـاوی شـاعیر و نـاودار و نووسـەرانی کـورد کـە لـەبـەر نـەخوێندەواریی کـورد وەکو خۆی لـە شیعرەکـەدا بـاسی دەکـات نـەنووسراونـەتـەوە بـۆ ئـەوەی بتوانرێت لـە ڕێگـەی نووسراوەکـاندا بنـاسرێن، بـەمـە زانیـارییـەکی زۆر پێشکێش بـە گـەلی کـورد دەکـات. حـاجی هـەر بـە ئـەوەنـدە نـەوەستـاوە، بـگرە لـە شیعرەکـانیدا سـەرەڕای دروستکـردنـی هـەستی نیشتمـانپـەروەری هـەوڵی داوە کـورد هـان بـدات بـۆ خـوێندن و فێربـوون، بـۆیـە لـە یـەکێك لـە شیعرەکـانیدا بـەنـاوی (هـەر کـوردە) دەکـەوێتـە گلـەییکردن لـە نـەتـەوەکـەی کـە بـێ بـەش بووە لـە خوێندن و فێربوون وەکو دەڵێ :

هـەر کـوردە لـە بـەینی کـوللـی میللـەت
بـێ بـەهـرە لـە خـوێنـدن و کـیتـابـەت
بـێگـانـە بـەتـەرجـەمـەی زوبـانـی
ئـەسراری کـتـێبـی خـەلـقـی زانـی
یـەکسەر عـولـەمـا درشت و وردی
نـاخـوێنـنـەوە دوو حـەرفـی کـوردی
صاحیب کـوتـوب و پـەیامـە هـەر کـەس
ئێمـە نـەبێ بـوونـە قـەومی چـەرکـەس(٢)

لـە شاعیـرانـی تـری کـورد کـە لـە بـواری هـوشیـارکـردنـەوەی نـەتـەوەیی و هـانـدانی نـەتـەوەی کـورد بـۆ فێربـوون و پێشکـەوتنی کۆمـەڵگـەی کـوردی تـێ کۆشـاون و لـەم ڕووەوە جـێ پـەنجـەیـان دیـارە دەتوانین ئـامـاژە بـۆ نـاوی (پیرەمێرد )(*) بکـەین. پیرەمێرد وەکو

(١) دیوانی حاجی قادری کۆیی، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢١٩.
(٢) هـەمـان سەرچاوە، ل ٢٦٣.
(*) تۆفیقی مـەحموود ئـاغـا مـەسرەف نـاسراو بـە (پیرەمێرد) لـە سـاڵی ١٨٦٧ لـە گـەڕەکی گـوێژە لـە شاری سلێمـانی لـەدایك بووە. نـاوبراو بـەیـەکێك لـەو شاعیر و خوێندەوارە دەگمـەنـانـە دەژمێردرێ کـە توانی لـە شاری ئـەستـەمبۆڵ بـچێتـە قـوتـابـخـانـە و خـوێنـدنـی مـاف تـەواو بـکـات ئـەوە سـەرەڕای ئـەوەی کـە لـەو سـەردەمـانـەی لـەوێ دەژیـا ئـیمتیـازی کـۆواری (ڕەسملی =

زۆربەی شاعیرانی تر شیعرەکانی خۆی کردبووە قوتابخانە بۆ نەتەوەکەی، بەرێگەی هەڵبەستەکانی هەوڵی دەدا زانیاری پێویست لە گشت بوارەکانی ژیان پێشکێش بکات. ئـەمـە سەرەڕای ئـەوەی کـە حـەزی گـۆڕانـکـاری و پـێشکـەوتـن زۆر بـە زەقـی بەشیعرەکانییەوە دیار بوو لەو پێناوە گەلی کورد هان دەدا

سەبارەت بەرۆڵی پیرەمێرد لە بواری پەروەردە و خوێندەواری، ناوبراو هەر بەوەندە نەوەستاوە کە هانی کوڕان بدات بۆ خوێندن بگرە زۆر ئازایانە دەرگە بەڕووی کچان دەکاتەوە بۆ خوێندن و باوەڕی وایە کە هەر دایکی خوێندەوارە دەتوانێ نەتەوە و نەوەیەکی ئازاد و پێشکەوتوو بەرهەم بهێنێ، کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بۆ سەردەمی ئەو شاعیرە زۆر زوو و بوێرانە بوو. پیرەمێرد لە شیعرێکیدا بەناوی (ئەی کچینە ) سەبارەت بەخوێندنی ئافرەتان دەڵێ:

ئـەی کـچـیـنـە ! وەرنـە مـەکـتـەب، ئـێوە تـەسکیـنـی دڵـن
زیـنـەتـی بـاغ و تـەرەقین، ڕەونـەقـی دەستـەی گـوڵـن
تـازە ئـێمـە تـێگـەیشتـویـن، دایـکـی چـاکـی خـوێنـدەوار
ئـەسلی وا دێنـێتـە مـەیدان، قـەومـەکـەی پـێ بـێنـێتـە کـار
هـەر کـچـانـی خـوێنـدەوار، مـیـلـلـەتـی پـێ سەرکـەوێ
تـەربـیـیـەی مـنـداڵ هـیـوایـە، پـێشڕەویمان بـەرکـەوی
ڕۆژهـەلاتـیش ڕۆژی هـەڵ دێ، خـوێنـدنـی کـچ هـاتـە تـاو
جـەهـلـە تـاریکە شەوی کورد، خوێندیش تیشکی هـەتـاو(١)

جگە لەو دوو شاعیرەی ئاماژەمان پێدان چەندان شاعیر و نووسەری تری کورد هەن کە لەو بوارەدا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە هەروەکو دڵدار، زێوەر، ئەحمەد موختار جاف ... هتد کە ئێمە لەو باسەدا بە چەند نموونەیەك واز دەهێنین.

### ڕەوشی پەروەردەکردن لە کوردستان دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق

وەکو لە سەرەتادا باسمان کرد، نەتەوەی کورد بە درێژاییی مێژوو لە دۆخێکی پڕ لە نائارامی و ناسەقامگیریدا ژیاوە سەرەڕای گیروگرفتە ناوەخۆییەکان و هەژاری و

= کتاب)ی وەرگرت و دواتر بەشداری لە پێکهێنانیی کۆمەڵە و ڕێکخراوە کورد کرد. سەرچاوە (دیوانی پیرەمێرد، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: فائق هۆشیار و .... ، بەرگی یەکەم، وەزارەتی ڕۆشنبیری و راگەیاندن ، بەغدا – ١٩٩٠ ، ل٥ ،١١، ١٢.)

(١) دیوانی پیرەمێرد، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

دواکەوتنی کۆمەڵایەتی بەردەوام، بووەتە سوتەمەنی شەڕی دەسەڵاتخوازی حوکمڕانی ناوچەکە. ئەم دۆخە نائارامە کاریگەریی نێگەتڤی بەسەر گشت لایەنەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەدا هەبووە، بواری پەروەردە و خوێندەواریش بەبەشێکی سەرەکی ئەم لایەنانە دەژمێردرێ کە لەژێر کاریگەریی ئەو ڕەوشە خراپە گەشەی نەکردووە و نەتەوەی کوردی لە دۆخێکی چەقبەستویی هێشتووەتەوە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە ئەوەیە کە دوا بەدوای دروستبوونی دەوڵەتی تازەی عێراق و بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی وەکو زمانی خوێندن و نووسین لە قوتابخانەکانی کوردستاندا ڕەوشی خوێندەواری و بزاڤی نەتەوەیی کورد بەرەو چ ئاقارێك چوو ؟ یاخۆ ئەگەر بەشێوەیەکی تر بڵێین، لەو قۆناخەدا سیستەمی پەروەردە لە عێراقی تازە مەبەستی بوو ئەم کۆمەڵگەیە بەرەو چ ئاراستەیەك ببات؟

کاتێك لەناو ڕووداوە مێژووییەکانی ناوچەی ڕۆهەڵاتی ناوەراست و بەتایبەتیش سنووری دەسەڵاتی حکوومەتی عوسمانی و فارس و ئەو شەڕ و ململانێ و داگیرکارییەی ئەو ناوچەیە بەردەوام جارێك لەلایەن حوکمڕانی ناوچەکە و جارێکی تر لەلایەن دەسەڵاتدارییەتی کۆلۆنیالزمەوە ورد دەبینەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ بەدیار دەکەوێت کە بارودۆخی میللەتانی ئەو ناوچەیە لە زۆربەی کاتدا ناسروشتی و نائارام بووە. تەنانەت حکوومەتەکانیش چ جار بەشێوەیەکی سروشتی و لەسەر بنەمای ویستی خەڵکەکە دەسەڵاتیان نەگرتووەتە دەست، بگرە زۆربەی ئەو ڕێژیمانە دەرهاویشتەی بارودۆخی شەڕ و نائارامی بوون. یاخۆ دەتوانین بڵێین کە بەرهەمی ململانێی هێزەکان بووین لە ناوچەکە و هەموو کات بەهێزترین گرووپ و لایەن جڵەوی حوکمڕانی زەوت کراوە. بێگومان پێکهاتنی دەوڵەتی عێراقیش لەسەر بنەمای قەدەرێکی ئاوها بووە.

دەوڵەتانی دروستبووی دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەرهەمی شەڕی نێوان هێزە ئیستیعمارییەکان بوون لە ناوچەکەدا، نەك بەرهەمی پرۆسەیەکی سروشتی و ویستی میللەتانی ناوچەکە، لەبەرئەوەی ئەگەر لەسەر بنەمای ویستی نەتەوە جۆراوجۆرەکان و بە هەوڵ و خەباتی میللەتانیان بهاتبانە کایە هاوکێشەی دروستبوونی دەوڵەتە تازەکان بەشێوەیەکی تر دەبوو، ئەو کاتە جگە لە دەوڵەتی (عێراق و تورکیا و سوریا و لبنان و ئوردن)[١]، کە بە دەوڵەتی نەتەوەیی تورك و عەرەب دەژمێردرێن،

(١) احمد محمد امین قادر ، موقف مجلس النواب العراقي من القضية الكردية في العراق ١٩٢٥– ١٩٤٥، بنکەی ژین ، سلیمانی ٢٠٠٧، ل٥.

دەوڵەتێکیش بۆ نەتەوەی کورد دادەمەزرا . کەواتە ئێمە جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە دەوڵەتی عێراقیش بە یەکێك لەو دەوڵەتانە دەژمێردرێ کە بەرهەمی شەڕی جیهان یەکەم بوو، نەك خۆڕسك. نەتەوە و گرووپ و کەمە ئاینی و ئاینزاکانی ناو ئەو پێکهاتەیەش بە ویستی خۆیان و بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە بڕیاری ئەم پێکەوە ژیانەیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق نەدابوو. بۆ نموونە ئەگەر باسی هەوڵ و تێکۆشانی نەتەوەی کورد بکەین لەو بارەیەوە، ئەوا دەبینین کە ئەو نەتەوەیە وەکو بەشێك لەو پێکهاتەیەی شەڕی جیهانی یەکەم هەوڵی تەواوی دا بۆ ئەوەی ئەویش بۆ خۆی قەوارە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێك بهێنێ. هەروەکو سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەکەن، لاواز بوون و ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی ئومێدی نەتەوەکانی وەکو عەرەب و کورد و ئەرمەنی بەهێز کرد بۆ ئەوەی ئەوانیش بگەن بە ویستی خۆیان کە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆیە. ئەوەی کە کوردی زیاتر بەو هیوایە گەشبین تر دەکرد، بەڵێنی سەرکردەی وڵاتانی کۆلۆنیالیزم بوو لە هەنگامەی شەڕ و دوای تەواوبوونی. وەکو ئەو بەڵێنەی کە لە چواردە بەندە بەناوبانگەکەی سەرۆکی ئەمەریکای (ودرۆ وێلسن wilson.w)[*] وەکو نامەیەك ئاراستەی کۆنگرێسی ئەمەریکایی کردبوو کە لە ٨ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٨، لە خاڵی دوازدەمدا جەخت لەسەر مسۆگەرکردنی پاراستنی سەروەریی بەشەکانی تورکیا دەکات لەناو دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ پێدانی هەلی تەواو بەو نەتەوانەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا دەژیان[١].

هەر لەو بارەیەوە، لە کۆتاییەکانی شەڕ لە ٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨دا ڕاگەیاندنێکی هاوبەشی بەریتانی و فەرەنسی دەرچوو لە ناوەڕۆکدا ئاماژە بەوە دەکات کە: هۆکاری کە فەرەنسا و بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە پێناویدا شەڕیان کرد، کە تەماحکارییەکانی دەوڵەتی ئەڵمانیشی گرتەوە، ئازادکردنی ئەو گەلانەیە کە چەندان پشتە لەژێر تاریکی و زوڵمی تورك دەناڵێنن، ئازادکردنێکی تەواو

---

(*) تۆماس ودرۆ ولسن لە ساڵی ١٨٥٦ لەدایك بووە، خوێندنی یاسای تەواو کردووە و بۆ ماوەیەك پارێزەر بووە، دواتر وەکو حاکمی ویلایەتی نیوجەرسی لە ساڵی ١٩١١ هەڵبژێردراوە. بووە بە هەشتەم سەرۆکی ئەمەریکا لە ماوەی ساڵانی (١٩١٣–١٩٢١)، و لە ساڵی ١٩٢٤ کۆچی دوایی کردووە. (سەرچاوە: عبدالوهاب الکیالی، موسوعة سیاسیة، ج٢، المؤسسة العربیة للدراسات و النشر، بیروت، ١٩٩٤، ل٣٤٦ .

(١) دیڤید ماکدوال، تاریخ الاکراد الحدیث ، ت: راج ال محمد، بیروت –٢٠٠٤، ص١٩٥.

و هەروەها دامەزراندنی حکومەت و بەڕێوەبردنی نیشتمانی کە دەسەڵات لە ویستی خودی دانیشتوانی وەردەگرێ و مافی هەڵبژاردنی ئازادیان دەبێت [١].

لەسەر بنەمای ئەو وادە و بەڵێنانەی کە سەرانی دەوڵەتانی شەڕکەر بە نەتەوەکانی ناوچەکەیان دابوو، وەکو لە بەشەکانی پێشوتر ئاماژەمان پێ کرد، چەندان بڵاوکراوە و کۆمەڵەی نەتەوەییی کوردی هاتنە دامەزراندن. لەو ئان و ساتەدا بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی میللەتان لەژێر دەسەڵاتی عوسمانی بڕیاری بەستنی کۆنگرەیەك درا لە پاریس و سەرکردە کوردییەکانیش هەوڵیان دا نوێنەرێکی خۆیان دەستنیشان بکەن بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی ئاشتی کە دەوڵەتانی هاوپەیمان لە ساڵی ١٩١٩-١٩٢٠ لە پاریس بەستیان بە مەبەستی قسەکردن لەسەر گۆڕانکاری و تەسویەکانی دوای شەڕی جیهانی یەکەم، کە جەنەراڵ شەریف پاشا[*] وەکو نوینەری کورد لەلایەن هەمووان بۆ ئەو مەبەستە دەستنیشان کرا[٢].

بدەرەنجامی ئەو بارودۆخە سیاسییە تازەیە پەیماننامەی سیڤەر لە ١٠ی ئابی ساڵی ١٩٢٠ کە لە نێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی تورکیا گرێ درا کە لە بەندەکانی (٦٢، ٦٣، ٦٤) بەڕوونی دان بە مافی چارەنووسی کورد دادەنێ، مافی ئەوەشیان پێ دەدات کە ئەگەر کۆی نەتەوەی کوردی حکوومەتی عوسمانی (ئەوەی دەکەوێتە نێوان بەشە ماوەکەی عێراق و سوریا) پاش ساڵێك داوای سەربەخۆیان لە دەوڵەتی تورکیا کرد، ئەوا دەبێ تورکیا داواکارییەکانی پەسند بکات و دانی پێدا بنێت[٣].

تێکچوونی هاوکێشەی هێز لە ناوچەکەدا جەختی دەوڵەتی تورکیا لەسەر پاراستنی

---

(١) احمد محمد امین قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

(*) شەریف پاشا کوردێکی خەڵکی سلێمانی بوو، لە ساڵی ١٨٦٥ هاتووەتە دنیا، پێشتر وەکو وەزیرێکی فەرمانبەر دەوڵەتی عوسمانی لە سوێد کاری دەکرد لە ماوەی ساڵانی (١٨٩٨-١٩٠٨) و پێوەندی هەبوو لەگەڵ کۆمەڵەی (ئیتیحاد و تەرەقی) هەڵگەڕاوە پاشان لە حوکمی سوڵتان عەبدولحەمید دووەم (١٨٧٦-١٩٠٩). دواتر بوو بە ئۆپۆزسیۆن بەرامبەر بە حکومەتی ئیتیحادیەکان دوای شورشی ١٩٠٨ و پاش ماوەیەکی کەم ئەستەنبولی بەرەو پاریس بەجێ هێشت و هەر ئەوێی کردە ناوەندی چالاکی سیاسی و رۆژنامەوانی خۆی تاوەکو لە ١٩٥١ کۆچی دوایی کرد. (سەرچاوە: صالح محمد حسن، شریف پاشا، حیاتە و دورة السیاسي ١٨٦٥-١٩١٥، اربیل ٢٠٠٥، ل١٦- ١١١)

(٢) محسن محمد المتولي، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤-٩٧ .

(٣) ئیسماعیل بیشکچی ، الجزء الثاني، سەرچاوەی پیشوو ،الجزء الثاني، ص٨٣-٨٤.ی

سنوورەکانی، بە کوردستانیشەوە، بووە هۆی کارپێنەکردنی ئەو پەیماننامەیە و هەڵوەشاندنەوەی بەهۆی بەستنی پەیماننامەیەکی تر بە ناوی لۆزان لە ١٩٢٣، بەگوێرەی ئەو پەیماننامەیە تورکیا بەشێکی بەرچاو خاکی خۆی بۆ پارێزرا (بە کوردستانیشەوە).

هەروەها لەو پەیماننامەیەدا بەهیچ جۆرێك باسی مەسەلەی کورد نەکراوە تەنیا ئەوەندەی تێدایە کە پێویستە ڕێز لە مافی فەرهەنگی و ئاینی کەمایەتییەکان بگێردرێ[1].

بەستنی ئەو پەیماننامەیە بوو بە بنەمای لکاندنی بەشی کوردستانی باشوور (ویلایەتی موسڵ) بە دەوڵەتی عێراقی تازە و بێبەشبوونی نەتەوەی کورد لە مافی چارەی خۆنووسی. بێگومان لکاندنی بەشی کوردستانی باشوور بە دەوڵەتی عێراقی نەك هەر کێشەی نەتەوەی کوردی چارەسەر نەکرد، بگرە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ سەرهەڵدانی چەندان شۆڕش و بزاڤی سیاسی لەپێناو بەدەستهێنانی مافی نەتەوەی کورد کە تاکو ئەمڕۆش هەر بەردەوامە. بەو مانایەی کە نەتەوەی کورد لە زۆربەی کاتدا لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی وەکو ئۆپۆزسیۆن ژیاوە و مامەڵەی نەتەوەیەکی یاخی و گێرەشێوێنی لەگەڵدا کراوە، هەر بۆیە ئەو ماوانەی کە ئەو نەتەوەیە لە دۆخی ئارام و سەقامگیر ژیانی بەسەر بردبێت کەمن. شایەنی باسە کە ئەو ڕەوشی نائارامی و ناڕەزاییە لە بەشەکانی تری کوردستان (باکور، ڕۆهەڵات، ڕۆئاواش) بەو شێوەیە بووە.

کەواتە، ئاساییە ئەگەر ئەم دۆخە ناسروشتییە ڕەنگی دابێتەوە لەسەر گشت لایەنەکانی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە کە ڕەوشی پەروەردە و فێربوون بەلایەنێکی گرینگی دەژمێردرێ. وەکو لە بەرایشدا گوتمان، لەدایکبوونی دەوڵەتی عێراقی ئاکامی ململانێی هێزە دەرەکییەکان بوو، بەڕێوەبردنی ئەم دەوڵەتەش هەر بەهۆی کاریگەریی پاڵەپەستۆ و هێزی دەرەکی و ناوەخۆ بەڕێوە دەچوو.

تەنانەت لکاندنی گشت پێکهاتەکان و سەپاندنی پێکەوەژیانی ئەو نەتەوە و گرووپانەش هەر بەهۆی زۆر و هێزەوە بوو. دەوڵەتی بەریتانیاش کە هێزی بالادەست و سەرپەرشتیاری دەوڵەتی عێراقی بوو بۆ دڵڕازیکردنی کورد، وەکو لە بابەتەکانی

---

(١) د.عەبدوڕەحمان قاسملو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٧.

پێشوتر باسمان کرد، بە زۆر دەوڵەتی عێراقی ناچار کرد کە لە دەستوور و یاساکانیدا مافی نەتەوە و گرووپە ئاینییەکان دەستەبەر بکات و ڕێزیان لێ بگرێ و تەنانەت مافی بەشداربوونیان لە حکوومەتی تازە پێ بدات. لە نموونەی ئەوانەش دەتوانین باس لەو چەند خاڵەی خوارەوە بکەین:

١- ئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە عێراق لە ساڵی ١٩٢٣، کە سەرەڕای ناجێگیری ڕەوشی سیاسی و هەبوونی ناڕەزایی لە کۆی (١٠٠) نوێنەر (١٩) نۆزدەیان بە نوێنەرایەتی شارە کوردییەکان هەڵبژاردران. لەمیانی ئەوانە دەتوانین ناوی چەند یەکێکیان بە نموونە بهێنینەوە وەکو ئیسماعیل ڕواندزی کە نوێنەری هەولێری بوو، تۆفیق قەزاز نوێنەری سلێمانی، جەمال بابان نوێنەری هەولێر و محەمەد ئەمین زکی نوێنەری سلێمانی و مەعرووف چیاووك و داود حەیدەری و ... هتد وەکو سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەکەن، نوێنەرانی کورد لەو سەردەمەدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو پشتگیرییان لە مافی کورد کردووە بەتایبەت لە بواری خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی و پەرەپێدانی قوتابخانەکان و دەستەبەرکردنی کتێب ڕۆڵی بالآیان گێراوە[١].

٢- دەرچوونی یاسای بنەڕەتی عێراقی (دەستوور) لە ساڵی ١٩٢٤ کە لە مادەی شازدەدا دانی ناوە بە مافی نەتەوە لە هەبوونی قوتابخانە بۆ فێرکردنی ئەندامانی بە زمانی تایبەتی خۆیان بۆ پاراستنیان. بەڵام دەبێ گونجاو بێت لەگەڵ ڕێبازی گشتی کە بەیاسا دیاری دەکرێت. لە مادەی حەڤدەمدا دەڵێ کە زمانی عەرەبی زمانی فەرمیی وڵاتە جگە لەوەی کە بەیاسا ئاماژەی پێ دەکات[٢].

٣- دەرچوونی یاسای زمانە خۆجێییەکان لە ساڵی (١٩٣١) لەلایەن ئەنجوومەنی نیشتمانی عێراقەوە[٣]. دوای ئەوەی کە لە مادە (١٧)ی دەستوور ئاماژەی بە عەرەبی وەکو زمانی فەرمی درا دەرکردنی ئەم یاسایە زیاتر بۆ بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی بوو وەکو زمانی خوێندن لە ناوچە کوردنشینەکان.

(١) ئەحمەد محمد ئەمین قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١-٩٠.

(٢) یاسای بنەڕەتی (دەستور)، ژمارە ١٦،١٧.

(٣) ئەحمەد محەمەد ئەمین قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.

ئەمانە ئەو خاڵە باش و پۆزەتیڤانە بوون کە سەرەڕای لەبارچوونی خەونی نەتەوەیی کورد بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەییی کوردان، لە ماوەی ئیستیعماری بەریتانی بەسەر عێراق و بەپاڵەپەستۆ خستنە سەر حکوومەتی ناوبراو لەناو ئەو چوارچێوەیە دەستەبەر کرابوو.

بەڵام دۆخەکە لە هەڵبەز و دابەزدا بوو، هەر کە پاڵەپەستۆیە سیاسییە دەرەکییەکان لەسەر دەوڵەتی ناوبراو (عێراق) کەمتر دەبوو جێبەجێکردنی یاسا و ڕێساکان پەکیان دەکەوت و جارێکی تر دەنگی ناڕەزایی نەتەوەی کورد بەرز دەبووەوە. هۆی سەرەکیی ئەم دۆخەش بۆ ئەوە دەگەڕێنینەوە کە زەمینەیەکی هزری لەبار لەلای نەتەوەی عەرەب، کە ئەو کاتە بەناوی زۆرینە دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، بۆ قبووڵکردنی نەتەوە و گرووپە ئاینییەکانی تری ناو پێکهاتەی عێراقی تازە دروست نەبووبوو، بگرە بوون بە میراتگری بیری کۆنەپەرستانەی دەسڵاتدارانی پێش خۆیان. هەر لەبەر پاڵەپەستۆی دەوڵەتی ماندێتی بەریتانیاش بوو کە نەیاندەتوانی ئەم سیاسەتە بەزەقی پەیڕەوی بکەن و زۆرجار ناچاربوون مل بۆ داواکارییەکانی نەتەوە و پێکهاتەکانی تری ناو عێراق وەکو نەتەوەی کورد دابنەوێنن .

برەوسەندنی بیری ناسیۆنالیستی لە ئەوروپا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە نەتەوەکانی ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی بە ئاگاهێنایەوە. گەشەسەندنی پرسی نەتەوەیی و بایەخدان بە زیندووکردنەوەی فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەیی و دواتر هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بەڕێوەبردنی سەربەخۆ و دەوڵەتی نەتەوەیی بەشێکی سەرەکیی ئامانجی بزاڤی ناسیۆنالستی بوو کە لەناو نەتەوەکانی عەرەب و تورك و کورد و ئەرمەن ڕۆژ لە دوای ڕۆژ برەوی دەساند. ئەم بیرۆکە و ڕێبازە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق لەلای نەتەوەکان خامۆش نەبووەوە، بگرە هەر لە گەشەکردندا بوو، لەبەرئەوەی بە مۆدێلی ئەو سەردەمە دادەنراوە و هۆکارێك بوو بۆ ڕزگاری لە دەسەڵاتی کۆلۆنالیزم و داگیرکەر.

بۆیە ئەگەر سەیری ڕەوشی خوێندن و سیاسەتی و پەروەردەییی دەوڵەتی عێراقی تازە بکەین، ئەو ڕێبازە (گڕ و تینی بووژاندنەوەی ڕوحی نەتەوەیی عەرەب) بە ڕوونی تێیدا بەدی دەکرێ، بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە سەرپەرشتیار و بەڕێوەبردنی پەروەردە دەکەوتە دەستی کەسێکی چالاکوان لە بواری ناسیۆنالیستی عەرەبی وەکو ساطع

الحصري(*)، کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی دوڵەتی عێراقەوە بە هۆی ئەو پێوەندییە نزیکەی لەگەڵ شا فەیسەڵ هەیبوو لەسەر داوای مەلیك هاتە عێراق بۆ ئەوەی لە کاروباری پەروەردە و خوێندن ڕێنوێنی و هاوکاری بکات.

ساطع الحصري سەرەتا لە نێوان ساڵانی (١٩٢١-١٩٢٢) وەکو جێگری وەزیری مەعاریف (واتە پەروەردەی ئێستا ) دەست بەکار بوو. دواتر لە دوای ساڵانی (١٩٢٣-١٩٢٧) وەکو بەڕێوەبەری مەعاریف کاری کردووە(١). ناوبراو لەبەرئەوەی کەسێکی چالاك و دیار بوو لە بواری بزاڤی ناسیۆنالیستی عەرەبی، بۆیە ئایدیۆلۆجیای ناوبراو ڕەنگی دابووەوە بەسەر بواری کارکردنیدا. سەبارەت بە بنەما سەرەکییەکانی کارکردنی (ساطع الحصري) د.ئیبراهیم خەلیل دەڵێ: (گرینگترین ئەو بنەمایانەی کە (ساطع الحصری) بڕیاری دا لەبوارەکانی پەروەردەیی خۆیدا پەیڕەوی لێ بکات لە عێراق برێتی بوون لە :

١- بنیاتنانی پەروەردەی عێراق لەسەر بناخەیەکی مەتین و بەهێز، بەپێی پلانی زانستی و پەروەردەیی تازە .

٢- هانابردن بۆ هەر چ ئامرازێك بێت لەپێناو بەهێزکردنی هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی لەناو دەروونی منداڵانی عێراق، هەروەها بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی باوەڕهێنان بە یەکەتی نەتەوەیی عەرەبی لە نێوانیاندا(٢).

---

(*) ساطع الحصري، کە سایەتییەکی نەتەوەیی و پەروەردەیی عەرەبی، سووری بوو. لە ساڵی ١٨٨٠ هاتووەتە جیهان. لە قوتابخانەی مەلەکی شاهانی ئەستەمبۆڵ خوێندویەتی. دوای دەرچوونی لە ساڵی ١٩٠٠ وەکو مامۆستای زانستی سروشتی لە یەکێك لە قوتابخانەکانی ناوەندی دامەزرا. کۆمەڵێك کتابی بۆ قوتابخانە لە بواری کشتوکاڵ و ڕووەك دارشتووە، کە وەزارەتی مەعاریفی (پەروەردەی) عوسمانی بڕیاری داوە وەکو بابەتی خوێندن لە قوتابخانەکان بخوێندرێن. هەندێکیان لە سەرەتایی و هەندێکیان لە ناوەندی. لە ئەستەمبۆڵ سەرپەرشتی کۆوارێکی کردووە بەناوی (خوێندنی سەرەتایی). دواتر پێوەندی بە حکوومەتی سوری کردووە لە ساڵی ١٩١٩ و وەکو وەزیری مەعاریف دانراوە دواتر لە ساڵی ١٩٢٠ چووەتە قاهیرە و بەکاری پەروەردەیی خەریك بووە تا ئەو کاتەی مەلیك فەیسەڵ بانگهێشتی دەکات بۆ عێراق. (د. ئیبراهیم خەلیل، هەمان سەرچاوە، ل ١٥٩).

(١) هەمان سەرچاوە، ل ١٥٩.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٦٢.

ئەم جۆرە ڕێبازە لە کارکردن و بیرکردنەوە لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا کە فرەنەتەوە و فرە ئاینە نەك هەر هاوکاری ئارامی و پێشکەوتنی ئەو دەوڵەتەی نەکردووە بگرە هەردەم هۆکار بووە بۆ بەردەوامبوونی ناجێگیری و ناڕەزایی نەتەوەکانی غەیری عەرەب.

ئەم جۆرە سیاسەتە لە کارکردندا بووەتە هۆی جیاوازیکردن لە نێوان پێکهاتەکانی ناو دەوڵەتی عێراق و سەپاندنی نەتەوەی عەرەب بەسەر ئەوانی تردا، ئەم بارودۆخە تەنانەت ڕەنگی داوەتەوە بەسەر ڕادەی جێبەجێکردنی ڕێسا و ئەو خزمەتگوزاری و پێداویستییە پەروەردەییانەی کە پێویست بوو لە ناوچەکانی غەیرە عەرەبنشین بەتایبەت شار و لادێکانی کوردستان دەستەبەر بکرێن. لەو بارەیەوە نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ڕەخنەیان ئاراستەی حکوومەت دەکرد لەسەر ئەو کەموکورتییانەی کە لە ناوچە کوردنشینەکان لە بواری کارکردندا دەبینران. محەمەد ئەمین زەکی (١٨٨٠–١٩٤٨) کە بەیەکێك لە نوێنەرە کوردەکان بوو لە پەرلەمانی عێراق دوو نامەی ناڕەزاییبوونی ئاڕاستەی حکوومەتی عێراقی کرد، یەکێکیان لە ٢٤ی شوباتی ١٩٢٦ کە ئاراستەی مەلیکی عێراق فەیسەڵی یەکەم کرد، ئەوی تریان لە ١٩٣١ ئاراستەی مەندوبی سامی بەریتانیا کر، کە تێیدا ڕەخنە لە سیاسەتی پەروەردە و فێرکردنی حکوومەتی عێراقی دەگرێت لە کوردستان.

هەر لەمیانی نامەکەدا، محەمەد ئەمین زەکی، هەوڵی داوە بەراوردێك بکات لە نێوان ئەو بەڵێنانەی بە کورد درابوو سەبارەت بە دەستەبەرکردنی مافەکانیان و ئەوەی کە بەدەست هاتووە. ناوبراو لەمیانی نامەکەیدا گلەیی دەکات لە بەرامبەر ئەو جیاوازیکردنەی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد دەکرێ لە بواری خوێندندا و ئاماژە بە ساڵی ١٩٢٧ دەکات کە ئەو کاتە (٢٧) قوتابخانەی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکان هەبوو کە بەشی ئەو لە بودجەی مەعاریفی عێراقی (پەروەردە) دەکاتە (٤٪) و لە هەمان ساڵ تەنیا (١٪) لە داهاتی سلێمانی و (٢,٥٪) لە داهاتی هەولێر لە بواری پەروەردە لە هەردوو پارێزگا خەرج کراوە، لە کاتێکدا لە هەمان ماوە (٣٧٪) لە داهاتی بەغدا و (٢٢,٨٪) لە داهاتی موسڵ و (١٨٪) لە داهاتی کەربەلا (٢١٪) لە داهاتی بەسرە بۆ کاروباری مەعاریف لەو پارێزگایانە خەرج کراوە[1]. لە نامەیەکی تریدا بۆ

(١) أ.ب، عن التعليم في كردستان العراق ، ١٩٨٦،ص ٨،٧ .

مەلیك فەیسەڵ جارێكی تر محەمەد ئەمین زەكی دەنووسێ: بەشی كورد لە خوێندنی باڵا و زەمالاتی خوێندن زۆر كەم بووە بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی دانیشتوانی كورد لە عێراق. ژمارەی ئەو قوتابییانەی تاكو ساڵی ١٩٢٩ لە عێراق بۆ خوێندن ڕەوانەی دەرەوە كراون (١٢٠) قوتابی بووە، لە كاتێكدا لە ناویاندا تەنیا دوو یاخۆ سێ قوتابی كوردی تێدایە واتا تەنیا (٣٪) ئەو ڕێژە گشتییە دەگرێتەوە، لەبەرئەوەی بەپێی مەرجەكانە زەمالە قوتابی دەبێ دەرچووی دواناوەندی بێ، لە كاتێكدا تا ئەو كاتە لە كوردستان یەك قوتابخانەی دواناوەندییش نییە، خانەوادە كوردەكانیش توانایان نەبووە بۆ خوێندن منداڵەكانیان ڕەوانەی بەغدا بكەن[1]. سیاسەتی پەروەردەیی (حصري) بووبووە هۆی ناڕەزایی لەلایەن نوێنەرانی كورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی عێراق و خەڵكی كوردستان بەگشتی، تەنانەت یەكێك لەو نوێنەرە كوردانە بەناوی (معروف جیاووك) لە یەكێك لە دانیشتنەكاندا هێرش دەكاتە سەر ناوبراو و داوا دەكات كە لە عێراق وەدەربندرێت (لەبەرئەوەی حصری عێراقی نەبووە)[2].

بیری ناسیۆنالیزمی حصری لەناو وانەی قوتابخانەكان و سیستەمی پەروەردەكردن زۆر بە ڕوونی هەستی پێ دەكرا. ئەگەر بڕوانینە ناوەڕۆكی ئەو بابەتانەی كە لە سەردەمی حصری لە قوتابخانەكاندا دەخوێندران، دەبینین كە چۆن بە ڕوحێكی نەتەوەپەرستی عەرەبی داڕێژراوە، بەبێ ئەوەی بوونی پێكهاتە نەتەوەیی و ئاینییەكانی تری ناو دەوڵەتی عێراق لە بەرچاو بگیرێ. بۆ نموونە ئەگەر سەیری كتێبی مێژووی پولی چوارەمی سەرەتایی بكەین، دەبینین هیچ بابەتێكی بۆ خوێندنی كورد یاخۆ كەسایەتییەكی كورد تەرخان نەكراوە، بگرە ناونیشانەكان تەنیا تەرخان كراون بۆ مێژووی عەرەبی و ئیسلامی، بابەتەكان بەم شێوەیەی خوارەوە بوون: دامەزراندنی دەوڵەتی ئەمەوی لە ئەندەلوس، عەبدوڕەحمان یەكەمین، عەبدوڕەحمان سێیەمین، فەرمانڕەوای دووەمین كوڕی عەبدوڕحمانی سێیەمین، هۆی پاشكەوتنی خەلافەتی ئەمەوی لە ئەندەلوس، پێشكەوتن و بەرزبوونەوەی حكوومەتی ئەمەوی لە ئەندەلوس، كاریگەریی بەرزبوونەوە و پێشكەوتنی عەرەب بەسەر ئەوروپا، دەوڵەتی عەباسی، ئەبوموسلیمی خوراسانی، شەڕی زابی بەناوبانگ, خەلیفەكانی دەوڵەتی

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٨،٩ .

(٢) د. عەبدولفەتاح علی بۆتانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧.

عەباسی، خەلیفە عەبدولا ئەلسەفاح، خەلیفە ئەبوجەعفەری مەنسوور، خەلافەتی هارون ڕەشید[١].

لە زۆربەی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ناوەڕۆکی بابەتەکان هەر بەو شێوەیە بووە، زۆر کەم باس لە کورد و پێکهاتەکانی تر کراوە، ئەگەر باسیش کرابێت زۆر بەڕووکەش بووە، لە کاتێکدا لە مێژوودا بەتایبەتی لە مێژووی ئیسلامدا کورد ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە. ئەم دۆخە لە کتێبی مێژووی پۆلی پێنچەمی سەرەتاییش دەبینرێ کە لە ساڵی ١٩٢٨ وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی [٢]. (لە کتێبی جوگرافیای پۆلی پێنچەمی سەرەتایی کە لە ساڵی ١٩٣٠ چاپ کراوە، وەك دەبینرێ لە سەرەتای کتێبەکەدا باس لەوە کراوە کە بەشی زۆری کتێبەکە بۆ جوگرافیای وڵاتی عەرەب تەرخان کراوە، بەڵام کاتێك باسی دانیشتووانی کردووە دەڵێ، هەموو دانیشتوانی بێجگە لە تورك و کورد، چەرکەسی و ئەرمەن ئەوەی تر هەموو عەرەبن، لە وێنەیەکدا کە دوو پیاوی کورد بە خۆوە دەگرێ لە ژێرەوەی نووسراوە، تێبینی جلوبەرگی کوردان لە باکوری عێراق بکە)[٣]. گەشەسەندنی ڕوحی نەتەوەخوازیی عەرەبی لەناو سیستەمی خوێندنی عێراقی و نەبوونی مامۆستای پێویست لە ناوچە کوردنیشینەکان بووەتە جێگەی ناڕەزاییی ڕۆشنبیران، بۆیە لەناو ڕووپەری بڵاوکراوەکانی ئەو کاتەدا ئەو پرسە قسەی لەسەر کراوە. بۆ نموونە لە ڕۆژنامەی ژیان (ڕۆژی پێنچشەمە ٢٥ی مارت ساڵی ١٩٢٦) زۆر بەڕاشکاوانە داوای کردنەوەی خانەیەکی مامۆستایانی کوردی کراوە بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕییەکانی خوێندن لە کوردستاندا و هەروەها ئاماژەش بەو پرۆگرامە کراوە کە لەسەر بنەمای ڕوحی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دامەزراوە، کە لەگەڵ ڕوحی ناسیۆنالیزمی کوردی ناگونجێ، بۆیە هەر لەو وتارەدا داوای پرۆگرامێکی تایبەت دەکرێ بۆ ناوچە کوردنشینەکان بە جۆرێك لەگەڵ ڕوحی ناسیۆنالیزمی کورد گونجاو بێ[٤].

سەبارەت بە کەمی مامۆستا و کردنەوەی خانەی مامۆستایان لە ناوچە جیاوازەکان کە کوردستان، بەشێك لەوانە دەژمێردرا (ساطع الحصری) زۆربەی کات

(١) د. محەمەد عەبدولا کاکەسور، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨ .

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٩٨.

(٣) هەمان سەچاوە، ل ٩٨.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٨٤.

لە جێبەجێکردنی ئەم داواکارییانە خۆی بەدوور گرتووە و هەوڵی داوە مەلیك فەیسەڵ بەوە ڕازی بکات کە پێویستە لە پەروەردەکردنی ماموٚستا مەرکەزیەت هەبیٚ و قوتابیانی گشت ناوچەکان لە یەك شوێن وەکو بەغدا کۆ ببنەوە بۆ ئەوەی ڕوحی نیشتمانی و نەتەوە پەروەردەییان بەهێز بکرێت. (حصری) کردنەوەی خانەی ماموٚستایان لە موسڵ و حلە و شوێنەکانی تر بە هەنگاوێکی باش نازانێت لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی برەوسەندنی ڕوحی هەرێمایەتی لەلای ماموٚستایان و ئەو پێی وایە کە ئەمە زیان لە ڕوحی یەکگرتووی نەتەوەخوازی عەرەبی دەدات[١]. وەکو (ئیبراهیم خەلیل)یش لەو باوەڕەدایە کە ئەو بەرهەڵستکاری (حصری) لەمەڕ کردنەوەی خانەی ماموستایان لە ناوچە جیاوازەکاندا، ئەوەندەی ڕەهەندی سیاسی هەیە ڕەهەندی پەروەردەیی نییە[٢]. ئەو هەڵویستەی (حصری) دواتر لەلای نوێنەرانی بەریتانی ناڕەزایی دروست کرد، لەبەرئەوەی ئینگلیزەکان دەترسان لە زیادبوون و کۆبونەوەی ژمارەیەکی زۆر قوتابی لە بەغدا کە دەتوانن ڕۆڵێکی بەهێزیان هەبیٚ لە کاری سیاسی دژی دەسەڵاتی داگیرکەری بەریتانی[٣]. ڕەنگە ئەو بۆچوونەی (حصری) سەبارەت بە تێڕوانینی دەوڵەتی ئینگلیز هۆکارێك بووبێت بۆ ناڕەزاییان، بەڵام ئەوە لەبیر نەکەین کە ئینگلیز هەر لە سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق کۆمەڵێك بەڵێنی بە کورد و پێکهاتەکانی تر دابوو کە ماف و پێداویستییەکانیان لەناو ئەم چوارچێوەیە بۆ دابین دەکات، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە داواکارییەکان بەتایبەتی هی نەتەوەی کورد دەستەبەر بکرێن بۆ پاراستنی ئاسایشی عێراق و سەرخستنی پرۆسەی مانەوەی خۆیان لەو ناوچەیەدا.

سەرەڕای ئەو بارودۆخە سیاسییە ناجێگرەی لە عێراق و کوردستاندا هەبوو، (ساطع الحصري) کە بە بیری ناسیوٚنالیستی عەرەبی بەناوبانگ بوو هەر لە ساڵانی بیستەوە ڕێگر بوو لە بەردەم لایەنی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کورد. وەڵامدانەوەی بۆ داواکارییەکان سەبارەت بە زیادکردنی ژمارەی قوتابخانەکان لە هەرێمی کوردستان ئەوە بوو (وەزارەت هەوڵی بۆ دەدات بەڵام بەو ئەندازەیە بودجە ڕێگە بدات)[٤]. دوا بەدوای نەمانی (ساطع الحصري) لە بواری بەڕێوەبردن و سەرپەشتیاری خوێندن لە

(٢) د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٦٣.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٦٣.

(٤) د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.

عێراق ، بەڵام ڕێبازی ناوبراو هەر بەردەوام بوو . وەکو لە سەرەتاشدا ئاماژەمان پێ دا کە هەرچەندە پاڵپەستۆی دەوڵەتی بەریتانی لەسەر حکوومەتی شانیشنی عێراقی کەمتر دەبووەوە خوێندنی کوردیش لە عێراق و کوردستان بەرەو لاوازی دەچوو، بەتایبەتی دوای تەواوبوونی ماوەی ئنتیدابی بەریتانی بەسەر عێراق و چوونە ناو کۆمەڵەی گەلانی عێراق لەساڵی ١٩٣٢[١]. سەرەڕای ئەو بەربەستانەی دەهاتنە سەر ڕێگەی پێشکەوتنی پرۆسەی خوێندن لە کوردستان، بەڵام داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە بەردەوام بوو، لە بەرچاوترین ئەو هەوڵانە دەتوانین ئاماژە بەو داواکارییە بکەین کە مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٥ لە کاتی سەردانی نوێنەری حکوومەتی عێراق (ماجد مستەفا وەزیری دەوڵەت بوو) بۆ ڕاگرتنی ئاگربەس و ڕێککەوتن لەگەڵ سەرکردایەتی بزاڤی نەتەوەیی کورد لە (مێرگەسور) پێشکێش بە حکوومەتی عێراق کرد[٢].

پرسی خوێندن و پەروەدەکردن لە زۆربەی کاتدا جێگەی بایەخی سەرکردە و بزاڤە نەوتەوەییەکانی کورد بووە ، بۆیە وەکو لەو داواکارییانەی کە ئەو جارەشیان ئاراستەی حکوومەتی عێراقی کرا کە لە (٩) نۆ خاڵ پێك هاتبوو لە دوو خاڵدا جەخت لەسەر دابینکردنی پێداویستی خوێندن و بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردی دەکات:

**خاڵی یەکەم: زمانی کوردی لە گشت شار و شارۆچکە کوردییەکان ببێتە فەرمی.**

لەم خاڵەدا ئاماژە بە شارەکانی (کەرکوك ، سلێمانی، هەولێر و قەزاکانی کوردی لە لیوای موسڵ (زاخۆ، دهۆك ، ئاکرێ ، شێخان ، شەنگال، لەگەڵ هەردوو قەزای خانەقین و مەندەلی لە لیوای دیالە) دەکات.

**خاڵی دووەم: کردنەوەی قوتابخانەی پێویست بۆ ئەو ناوچەیە[٣].**

سەرەڕای ئەو کەموکورتییانەی دەهاتنە سەر ڕێگەی گەشەکردنی ڕەوشی فێرکردن و خوێندن لە کوردستانی عێراق، بەڵام دەتوانین بڵێین کە سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عێراق و ماوەی حوکمڕانی ڕژێمی پاشایەتی چەندان ئەنجامی باش و پۆزەتیڤی لە بواری خوێندن بۆ خەڵکی کوردستان لێکەوتەوە :

---

(١) د. عەبدلفەتاح عەلی بۆتانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢–٤٣.

(٢) مەسعوود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠ – ٠١.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل١٠١.

یەکەمیان: بە فەرمی ناسینی زمانی کوردی بوو وەکو زمانی خوێندن و نووسین لە ناوچە کوردنشینەکان ، ئەگەرچی ئەم پرۆسەیە تەنیا خوێندنی سەرەتایی گرتەوە[1].

دووەم: دروستکردنی ژمارەیکی بەرچاو لە قوتابخانە لەو ناوچەیە و زیادبوونی ژمارەی مامۆستا و قوتابیانی کورد .

سێ یەم: ئەو ماوەیە بوو بە بنەمایەك بۆ هاتنە کایەی بابەتی خوێندن بە کوردی و وەرگێڕانی ژمارەیەکی باش لە کتێبی وانەکان بۆ سەر زمانی کوردی.

## خوێندنی کوردی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨

شۆڕشی ١٤ی تەمووز ساڵی ١٩٥٨، بە قۆناخێکی تازە دەژمێردرێ لە ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی دەوڵەتی عێراق بە گشت پێکهاتەکانییەوە. ئەم شۆڕشە بووە هۆی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە عێراق و دامەزراندنی حکومەتێکی کۆماری و دەرچوونی دەوڵەتانی کۆلۆنیالیزم لە ناوچەکە و خۆماڵیکردنی نەوت.

هەر لە ئەنجامی ئەو شۆڕشەدا کە بەهاوبەشی گشت پێکهاتەکانی عێراق بە عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشور و کلدان و ... هتد هەڵگیرسا و سەرکەوتنی بەدەست هێنا، گشت خەڵکی عێراق و بەتایبەتی نەتەوەی کورد لە سەرەتا دەستکەوتی گەورەی بەدواوە بوو، وەکو دەرچوونی پرۆژەی دەستووری کاتی لە ٢٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨، کە لە مادەی (٣) دا زۆر بەڕوونی بۆ یەکەم جار دان بە فرەیی دەوڵەتی عێراق دادەنرێ، وەکو دەڵێ :

«کۆمەڵەی عێراق لەسەر بناخەی هاوکاریی هەموو هاوولاتیان و لەسەر بناخەی ڕێزگرتن لە ماف و ئازادی ئەوان دامەزراوە، عەرەب و کورد لەم وڵاتەدا هاوبەشن، دەستووری عێراق مافی نەتەوەیی ئەوان لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا دابین دەکات»[2].

لە دەستکەوتێکی تری گرینگی ئەو شۆڕشەدا بووژاندنەوە و پەرەسەندنی چاپەمەنی

---

(١) محەمەد عەبدوڵا کاکە سور، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.

(٢) الدستور المؤقت، الوقائع العراقية/ عدد:١٦٢٥. ه

کوردی بوو، ئەگەرچی پێویستە دان بەو راستییەیە بنێنین کە لە سەردەمی حوکمی پاشایەتیشدا رێگە بە بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی کوردی دەدرا، بەڵام بابەتەکان زیاتر لە دەوری بابەتی هونەری و ئەدەبی چیرۆك، مێژوو وشیعر و مۆسیقا دەخولایەوە، بەڵام لە دوای ئەم قۆناخە بوار رەخسا بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی سیاسیش(١).

ئەم شۆڕشە لە بواری مەعاریف (پەروەدە و فێرکردنیشەوە) دەستکەوتێکی گەورەی بۆ نەتەوەی کورد هەبوو، وەکو دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت لە وەزارەتی مەعاریف بۆ پێشخستنی خوێندن لە کوردستانی عێراق.

هەر لەو ئان و ساتەدا کۆنگرەی سێیەمی قوتابییانی عێراقی لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا بەسترا کە پێشنیازەکانی کۆنگرەی برێتی بوون لە :

١- خوێندنی مێژووی کورد لە قوتابخانە کوردییەکان و لەسەر ئاستی عێراق بەگشتی.

٢- زمانی کوردی ببێتە زمانێکی فەرمی لە هەموو قوتابخانە کوردییەکانی عێراق، لە ساڵی خوێندنی (١٩٦٠ - ١٩٦١) دەست بکرێت بەجێبەجێکردنی.

٣- کردنەوەی هەندێك پەیمانگەی باڵا لە کوردستان.

٤- دانانی پلانێکی گشتی بۆ هەبوونی زانکۆی کوردی و دەستکردن بە ئامادەسازی کەرستە و ئامرازی پێویست بۆ لەدایکبوونی.

٥- زیادکردنی ژمارەی ئەو قوتابییە کوردییانەی کە بۆ خوێندنی زەماڵە ڕەوانەی دەرەوە دەکرێن، بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی کوردی سەرپەرشتیاری ئەم بوارە بکات.

٦- خوێندنی دەقی وەرگێڕدراوی کوردی لە قوتابخانە عێراقیەکان لەمیانی پرۆگرامی خوێندنەوەی ئەدەبی (مناهج المطالعه الادبية)(٢).

قسەکردن لەسەر ئەو بابەت و تەوەرانە بەشێوەیەکی ئاشکرا بۆ رۆژگارێکی ئاوها، دەستپێکی هاتنە کایەی گۆڕانکاری و شۆڕشی هزری بوو لەناو هەڵبژێردراوی

---

(١) کریس کۆچێرا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٨.

(٢) المنظمات الجماهيرية الكوردستانية ١٩٥٣-١٩٩١، دراسة اولية، من منشورات مكتب الدراسات والبحوث المركزي، دراسة رقم ٣٥، ١٩٩٩، ص ٣٥.

فەرمانڕاوای عەرەبی کە دوای ئەو شۆڕشە دەسەڵاتیان گرتە دەست، هەروەها زەوینەسازی بوو بۆ هاتنە ئارای سیستەمی دیموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە عێراق.

هەر لەو قۆناخەدا بوو کە چالاکی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان زیاتر پەرەی سەند و (یەکەتی مامۆستایانی کوردستان(*)یش کە بەیەکێك لەو کۆمەڵانە دەژمێردرا دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا کە ١٠ی ئەیلوولی ١٩٥٩ یەکەم کۆنگرەی خۆی ساز بدات. لەبەرئەوەی ئەم ڕێکخراوە پێوەندییەکی زۆر ڕاستەوخۆی بە پەروەردە و خوێندنەوە هەبوو، هەر بۆیە رۆڵی کاریگەریی هەبووە لە هێنانە کایەی گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردەکردنی ئەو کاتە، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو کات هەوڵیان داوە خوێندن و پەروەردەکردنی کوردی لە کوردستان پەرەی پێ بدات. بۆیە وەکو دەبینین یەکەم کۆنگرەی یەکەتی مامۆستایان بەچەند پێشنیازێکی گرینگ کۆتایی هات کە بریتی بوون لە:

١– دامەزراندنی کۆڕی زمانەوانی کورد بۆ دانانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی زمانی کوردی.

٢– مێژووی نەتەوەی کورد لە قوتابخانەکانی کوردستان و عێراقدا بخوێندرێ.

٣– دانانی دەستووری زمانی کوردی لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ.

٤– قوتابی کورد خوێندنی سەرەتایی بەزمانی کوردی دەست پێ بکات و زمانی عەرەبی لە پۆلی سێیەمەوە بخوێنێ.

٥– لە پۆلی پێنچەم و شەشەمی سەرەتاییدا دەبێ ژمارەی وانەکانی کوردی و عەرەبی وەکو یەك بن.

---

(*) لە سێیەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٥٣ یەکێك لە ڕاسپاردەکانی ئەم کۆنگرەیە بریتی بوو لە پێکهێنان و دامەزراندنی ڕێکخراوە جەماوەریی و پیشەییەکان بۆ (قوتابیان، لاوان، ئافرەتان، مامۆستایان) بەو مانایەی کە دامەزراندنی یەکەتی مامۆستایان لە بەرئەنجامی ئەو کۆنگرەیەوە لەدایك بوو. (سەرچاوە: م. وشیار حەمەد حاجی، یەکەتی مامۆستایانی کوردستان چەند لایەنێکی مێژووی سەرهەڵدان و تێکۆشان ١٩٦٢ – ١٩٩٨، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر، ١٩٩٨، ل٢٠ ).

٦- لە زانکۆی بەغدا بەشێك بۆ زمانی کوردی بکرێتەوە.

٧- زمان و ئەدەبی کوردی بە فەرمی لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکان و خانەی مامۆستایان بخوێندرێ.

٨- لە باخچەی ساوایانی کوردستان دەبێ زمانی فێرکردن هەر کوردی بێ.

٩- هەر کتێبێکی کوردی دابنرێ دەبێ وشەی هەموو شێوەکانی کوردی تێ دابێ.

١٠- ناردنی قوتابی زیرەك و هەڵکەوتوو بۆ دەرەوە، بۆ وەرگرتنی پسپۆڕی و تەواوکردنی خوێندنی باڵا.

١١- یارمەتیدانی ئەدەبیاتی کورد بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان.

١٢- دامەزراندنی چاپخانەی هەمە جۆر و هاندانی جولانەوەی رۆژنامەگەری لە کوردستان دا[١].

باسکردنی ئەو خاڵانە بابەتی زۆر گرینگن کە لەو سەردەمە یەکەتی مامۆستایان کاریان لەسەر کردووە و هەنگاوێکی بەهێز بووە لە بەرەو پێشەوەبردنی پرۆسەی خوێندن و فێرکردن بە زمانی کوردی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی و زیندووکردنەوەی مێژووی ئەم نەتەوەیە.

هەر سەبارەت بە گرینگی و لەباربوونی ئەو سەردەمە لە بواری بایەخدان بەمافە نەتەوەییەکانی کورد، بەتایبەتی پەرەسەندنی بواری پەروەردە و ئەو گۆڕانکارییانەی هاتووەتە کایە، وەکو باس کراوە کە: ئەو گۆڕانکارییانەی لە بواری پەروەردەکردن لە پاش شۆڕشی ١٩٥٨ لە کوردستان هاتەکایە گەلێك بوون، ئەوە بوو قوتابخانەیەکی زۆر کرانەوە، هەروەها گەلێك قوتابخانەی ئێواران بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و خانەی مامۆستایان دامەزران، لەگەڵ گەلێك خولی جۆراوجۆر بۆ دەرچووانی مامۆستای سەرەتایی لە گوندەکان بەتایبەت بۆ مەلایان و بۆ ئەو قوتابییانەی کە بەدووساڵ لە پۆلی پێنچەمی ئامادەیی دەرنەچووبوون. لە گۆڕانکارییەکی هەرە گرینگ و سەرەکی کە لەم قۆناخەدا هاتە ئارا ئەوە بوو کە خوێندن لە گشت قۆناخەکاندا بوو بە کوردی. هەروەها جەخت لەسەر ئەوەش دەکرێتەوە کە لەو قۆناخە دۆخێکی تا ڕادەیەك دیموکراسی و ئازادی لە مومارەسەکردنی مافە نەتەوەییەکان و

(١) م. وشیار حەمەد حاجی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢-٢٣.

ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی سەری هەڵدا و بەجۆرێك بوار رەخساو بوو بۆ چالاکی رێکخراوەیی و پارتە سیاسییەکان لە سەرتاسەری عێراق و کوردستان(١).

بەڵام وەکو سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەکەن، ئەم ڕەوشە بەردەوام نەبوو لە دوای کزبوونی ڕێبازی دیموکراسی لەلای هەڵبژێردراوی دەسەڵاتدار و دوورکەوتنەوەی سەرکردەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز ١٩٥٨ لەو بنەما و ڕێبازەی شۆڕشیان لەپێناودا کردبوو، ڕەوشی سیاسی لە دوای ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦١ بەرەو شپرزەیی چوو، لەبەرئەوەی حکوومەتی کۆماری تازە دامەزراو لە بواری کارپێکردندا خەریك بوو لەو بەڵێنانەی پاشگەز دەبووە کە بە نەتەوەی کوردی دابوو(٢).

تێکچوونی ڕەوشی سیاسی و لە ئەنجامدا هەڵگیرسانی شۆڕشی کورد لە ١١ ئەیلوولی ١٩٦١ دەستپێکردنی شەڕ بەهێرشکردنی سوپای عێراقی بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان و بۆمبارانکردنی ناوچەکانی بارزان, ئەم رەوشە نالەبارە بووە هۆی تێکچوونی باری ژیانی خەڵکی کوردستان لە هەموو لایەکەوە، تێکچوونی ڕەوشی پەروەردەکردن و خوێندەواریش لە کوردستان بەشێکی گرینگ بوو لەو زیانە گەورانەی بەر کوردستان کەوت. بەردەوامیی ئەو نائارامییە هۆکار بوو بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی نەخوێندەواری لە عێراق و لە کوردستان بەتایبەتی بەجورێك ڕێژەی نەخوێندەواری لە ساڵی ١٩٦٩ گەیشتە زیاتر لە (٨٠٪) هەشتا لە سەدای دانیشتوان(٣). حکوومەتی تازە، پاش ئەوەی بەفەرمی ڕێگەی دا کە ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکان دەست بەکاری خۆیان بکەن، بەڵام زۆری نەبرد سیاسەتی ڕاگرتن و هەڵوەشانەوە و گرتن و سەرکوتکردنی ئەو بزاڤانە دەستی پێ کرد و لە زۆربەی ئەو بەڵێنانەی کە لە بواری خوێندن و رۆشنبیری بەکوردی دابوو پاشگەز بووە. بۆ نموونە، وەکو سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەکەن، لە کۆنگرەی چوارەمی یەکەتی مامۆستایانی عێراقی کە لە شوباتی ١٩٦٢ بەسترا، کۆنگرە لەسەر

---

(١) ئەزموونەکانی پەنجا ساڵەی (فایق جەمیل) لە نێوان چەندان قۆناخ و پۆستی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی، دیمانە: ڕێکار مزوری، کۆواری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە ٧١، وەزارەتی پەروەردە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ٢٠٠٦، ل ٩٢-٩٣.

(٢) د.عبالفتاح علی یحي البوتانی، وثائق عن الحرکة القومیة الکوردیة التحرریة، مؤسسة موکریانی للطباعة و النشر، ٢٠٠١، ص ٦٨.

(٣) د. عبدالفتاح علي یحی، مدرسة ١١ ئازار، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

داواکاری دەسەڵات بەمەبەستی خوێندن بە زمانی کوردی ئەم پێشنیازانەی خوارەوەی دەرکرد:

١- یەکخستنی پرۆگرامی خوێندن لەسەر گشت ئاستی عێراق بە زمانی عەرەبی.

٢- گۆڕینی وشەی کوردستان بە وشەی باکوری عێراق لە گشت پەرتووك و بابەتەکانی خوێندن.

٣- خوێندنی زمانی عەرەبی بەشێوازێکی هونەری تایبەت لە گشت قۆناخەکاندا لە باکور.

٤- دامەزراندنی کتێبخانەی عەرەبی لە ناوچە کوردنیشینەکان.

٥- هاندانی نووسەرانی کورد و دەرهێنەران لەسەر دەرکردنی پەرتووك بە زمانی عەرەبی.

٦- هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری کۆنگرەی سێیەم سەبارەت بە لیژنەی خوێندنی کوردی بۆ دامەزراندنی کۆلێجی پەروەردە لە کوردستان.

٧- هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی زانیاری گشتی بۆ خوێندنی کوردی.

٨- هەڵوەشاندنەوەی بەستنی کۆنگرەی تایبەت بۆ مامۆستایانی کورد لەبەر هەبوونی یەکەتی کە نوێنەرایەتی ئەوانیش دەکات.

٩- دانەمەزراندنی کۆمەڵەی زانستی کوردی و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری لیژنەی خوێندنی کوردی کە لە کۆنگرەی سێیەمی مامۆستایان هاتبوو.

١٠- زۆر بە توندی سزادانی ئەو مامۆستایانەی کە بەشداری بکەن لە بزاڤی جیاخوازی دواکەوتوو لە باکوری عێراقی کۆماری(١).

بەوردبوونەوەمان لەو بارودۆخە سیاسییەی کە دەوڵەتی عێراقی پاش شەڕی جیهانی یەکەم پێیدا تێپەر بووە، دەتوانین بگەینە ئەو بدەرئەنجامەی کە لەناو نوخبەی دەسەڵاتداری حکومەتی تازە دامەزراوی عێراق نەتوانراوە هەرسی ئەو ڕاستییە بکرێت کە دەوڵەتی عێراق پێکهاتەیەکی فرە نەتەوە و فرە ئاینە و مەرجە ئەم فرەییە و لە گشت بوارەکانی بەڕێوەبردندا ڕەنگ بداتەوە. بگرە بە پێچەوانەوە هەموو کات ئەو ڕاستییە بەبیری تەسکی ڕەگەزپەرستی ڕەت کراوەتەوە. ئاکامەکەشی تەنیا شەڕ و نائارامی سیاسی بەردەوام بووە کە کۆمەڵگەی کوردستان زۆر بەسەختی باجەکەی داوە.

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٤٥-٤٦ .

## تەوەری دووەم

رەوشی پەروەردەییی کوردستان لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی بەعسدا

حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣، بە کودەتایەکی سەربازی لە عێراق دەسەڵاتی گرتە دەست(١). هاتنە سەر حوکمی ئەم حزبەش وەکو زۆربەی رووداوە سیاسییەکانی تری عێراق بەشێوەیەکی کتوپڕ بوو نەك بە پرۆسەی دیموکراسی و هەڵبژاردنێکی ئازاد، بگرە خراپی رەوشی سیاسی عێراق لەو سەردەمە و لاوازی حکوومەتی پێشوو بووە هۆی ئەوەی کە ئەم حزبە (حزبی بەعس) بتوانێت بە هۆی کودەتایەکی سەربازی حوکم لە عێراق بگرێتە دەست .

لە سەرەتادا ئەم حکوومەتە تازەیە بانهێشتی بۆ ئاشتی دەکرد و داوای لە سەرکردەی بزاڤی سیاسی کورد کرد کە دانیشتن بکەن و گوایە هەوڵ دەدات مافەکانیان دەستەبەر بکات. ئەوە بوو لە ١٦ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ حکوومەتی تازە لە بەرنامەی خۆیدا رای گەیاند کە دەیەوێ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشی کورد دابنیشێت و چارەسەری دۆزی کوردی بەشێوەیەکی ئاشتیانە بکات (٢). پاش راگەیاندنی ئاگربەس بۆ ماوەی زیاتر لە ساڵێك و چەندان دانیشتن، دەرکەوت کە بیری حکوومەتی عێراقی سەبارەت بە خۆ بەڕێوەبردن (الادارة الذاتية) و مافی فەرهەنگی، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ داواکارییەکانی کورد ناگونجێ. بەعس بۆچوونیان وا بوو کە بۆ ئەوەی ئەم گرفتە چارەسەر بکرێ پێویستە حکوومەتی عێراق دان بە هەندێك مافی رۆشنبیری کورد بنێ، ئەگەر کورد بەو مافانە رازی نەبوون و هەر لەسەر داواکارییەکانی خۆیان بەردەوام بوون ئەو کاتە پێویستە لە بەرامبەریان هێز بەکار بهێنرێ(٣). ئەم جۆرە تیڕوانینەی رژێمی دەسەڵاتدار بۆ مافی نەتەوەی کورد و داواکارییەکانی بزاڤی سیاسی شۆڕشگێر

(١) حنا بطاطو، العراق ، الكتاب الثالث، ت: عفيف الرزاز ،مؤسسة الابحاث العربية بيروت – لبنان، ١٩٩٢، ص٢٨.

(٢) بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سەبارەت بە چۆنیەتیی ڕوودانی ئەم کودەتا سەربازییە، بگەڕێوە بۆ سەرچاوەکەی (حنا بطاطو، العراق ، ص (٢٨٩–٣٠٠) .

(٣) د. عبدالفتاح، وثائق عن الحركة القومية ....، سەرچاوەی پێشو، ص ٢٣٠ هەمان سەرچاوە، ل٢٣١– ٢٣٢.

لە کوردستان کۆتایی بە گفتوگۆی ئاشتی و ئاگربەست هێنا و جارێکی تر شەڕ لە نێوان حکوومەت و بزاڤی شۆڕشگێری کورد دەستی پێ کردەوە . نائارامی سیاسی و کودەتا سەربازییەکان لە عێراق بەردەوام بوو، لە ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨ جارێکی تر حزبی بەعس کودەتای سەربازی دژی حکوومەتی عەبدورەحمان عارف بەرپا کرد و ئەو جارەیان ئەحمەد حەسەن بەکر لە حکوومەتی عێراق دەسەڵاتی حوکمڕانی گرتە دەست(١) .

لەبەرئەوەی هێرشە سەربازییەکانی حکوومەتی پێشووی عێراق وەکو ئامرازێکی سەرکوتکەر و بەهێز نەیتوانی بزاڤی شۆڕشگێری نەتەوەخوازی کورد لەناو ببات، هەر بۆیە حکوومەتەکەی بەکر جارێکی تر داوای گفتوکۆکردنی لەگەڵ سەرکردەی شۆڕش مەلا مستەفا بارزانی کرد و لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمی ١٩٦٩ گفتوگۆکان دەستی پێ کرد و لە ئەنجامدا بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ کە بریتی بوو لە رێککەوتنێك لە نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و حکوومەتی عێراقی ڕاگەندرا(٢). رێککەوتننامەی یازدەی ئازار بە دەستکەوتێکی گرینگ دەژمێردرێت لە مێژووی بزاڤی نەتەوەی کوردستان و بە قۆناخێکی زێرین دادەنرێت بۆ ئەم نەتەوەیە .

لەبەرئەوەی ئەم رێککەوننامەیە، کە لە پازدە خاڵ پێك هاتبوو، لە گشت خاڵەکاندا زۆر بە ڕاشکاوی باسی لە مافە نەتەوەیییەکانی ئەم میللەتە دەکرد، لە بوارەکانی ئۆتۆنۆمی، بنیاتی بەڕێوەبردنی پێکهاتەکانی ئۆتۆنۆمی، پێوەندی نێوان حکوومەتی مەرکەزی و بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی دەگرتەوە(٣). ئەم قۆناخەش لە بواری پێشکەوتن و بووژانەوەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان بە قۆناخێکی زێڕین دەژمێردرێ، لەبەرئەوەی لە چەند بەندێکی ئەم بەیاننامەیەدا زۆر بە ڕاشکاوی باس لە گرینگیدان بە زمانی کوردی و پەرەسەندنی خوێندەواری دەکات لەو هەرێمە. بۆ نموونە داننان بە زمانی کوردی لەو ناوچانەی زۆرینەیان کوردە، برەودان بە مافە کولتوورییەکانی کورد و فەراهەمکردنی هەلومەرجی بەرەو پێشەوەبردنی پەروەردە و فێرکردن،

---

(١) جواد ملا، کردستان و الکرد وطن مقسم وأمة بلا دولة، تقدیم: جمال نەبەز، دار الحکمة- لندن ،٢٠٠٠، ص٩٠.

(٢) نادر ئینتیسار، ئیثتنو نەتەوایەتی کورد ، ت: عەتا قەرەداغی، سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڤانع، ٢٠٠٣، ل٩٨.

(٣) نادر ئینتیسار، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد(١) لە ئەنجامی ئەم ڕێککەوتنە لە ماوەیەکی کەم دەست کرا بە جێبەجێکردن و بواری خزمەتگوزاری تر لە کوردستان دامەزرا.

سەرهەڵدانی ئەم ڕووداوە سیاسییانە و بەردەوامبوونی شەڕ و نائارامی لە نێوان بەرەی شۆڕشگێڕی کورد و حکوومەتە یەك لە دوای یەکانی عێراق جارێکی تر ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە دەستکردەدا لە غیابی کولتووری دیموکراتی و ڕێزگرتن لە مافی نەتەوە و پێکهاتەکانی تری وەکو خەڵکی کوردستان و بەرپرچدانەوەی داواکارییەکان بەتوندوتیژی وەکو بارودۆخە سیاسییەکان نیشانی دەدەن، زور سەختە گشت پێکهاتەکانی عێراق بتوانن بەیەکەوە بەردەوامی بە ژیان بدەن.

ئەو ڕاستییەی کە لە ڕووداوەکاندا دەخوێندرێنەوە ئەوە نیشان دەدەن کە ڕێژیمە یەك لە دوا یەکەکان زیاتر هەوڵیان داوە زمانی هێز وەکو ئامرازێکی کاریگەر بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتە سیاسی و نەتەوەییەکان بەکار بهێنن، بە ناوی زۆرینە حوکم بە سەر کەمینەدا بکەن و گوێ بە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان نەدەن. لە کاتی بەهێزی حکوومەت هەوڵ دراوە کۆنترۆڵی گشت بوارەکان بکرێت و بە زمانی شەڕ و چەك چارەسەری کێشە سیاسییەکان کراوە، بەڵام لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵاتی حکوومەت بەرامبەر بە گرووپە شۆڕشگێڕ و یاخیبووەکان بە ناچاری زمانی ئاشتی و گفتوگۆکردن بووەتە ئامرازی چارەسەرکردنی نارەزایی و هەڵچوونەکان. ئەم جۆرە سیاسەتە ڕەنگی داوەتەوە لەناو گشت بوارەکانی بەڕێوەبردن کە سیستەمی پەروەردەش بەشێکە لێی.

لەم بەشەدا ئێمە هەوڵ دەدەین ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆجیا و سیاسەتی ڕێژیمی بەعس لەناو سیستەمی پەروەردە لە عێراق بە گشتی، کە کوردستانی باشوور بەشێکە لێی، شرۆڤە بکەین، تا بە هۆیەوە خوێندنەوەیەك بۆ ئەو سیاسەتە بکەین و بگەین بە وەڵامی ئەو پرسیارەش کە چەندە لەناو ئەو سیستەمەدا بوار بۆ پێکەوەژیان و فرەیی و هێنانە کایەی کولتووری دیموکراسی رەخساوە؟ بەڵام لە بەراییدا دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە بەعس کێیە؟ ڕەنگە لەبەرئەوەی باسەکەی ئێمە تایبەتمەند نەبێ بە شیکردنەوە و شرۆڤەکردنی ئایدیۆلۆجیای بەعس و حزبی بەعس و کولتووری ئەم

(١)هەمان سەرچاوە ، ل٩٩ .

تەوژمە هزری و رامیارییە، لێرەدا لە چەند دێر و پەڕەیەکدا نەتوانین مافی تەواو بدەین بەم بابەتە، چونکە ئەم پرسە هەر خۆی بابەتی چەندان توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستییە، بەڵام بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییەك دروست بکەین و بتوانین لە بدەرئەنجامدا قسە لەسەر سیستەمی پەروەردە و کاریگەریی بەعس لەسەر ئەو سیستەمە بکەین پێویستە سەرەتا زۆر بە کورتی مانای بەعس و ئایدیۆلۆجیای ئەو حزبە شی بکەینەوە.

سەبارەت بە بنەماکانی سەرهەڵدانی بەعس و دروستبوونی ئەم ئایدیۆلۆجیایە وەکو (حنا بطاطو) لە کتابەکەیدا ئاماژەی پێ دەکات زانیارییەکی ڕۆشەن لە بەردەست نییە، تەنانەت بەعسییە کۆنەکانیش خۆیان لەم ڕووەوە لەگەڵ یەکتر هاوڕا نین[١].

بەڵام سەرەتای دروستبوونی ئایدیۆلۆجیای بەعس و دەستبەکاربوونی وەکو حزبێکی سیاسی بۆ دوو کەسایەتی دیاری بەعس دەگەڕێتەوە بە ناوەکانی میشێل عەفلەق کە دواتر بە سەرکردە و دامەزرێنەری ئەم حزبە هاتە ژماردن و (صلاح الدين البيطار) کە ئەویش بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی ئەم ڕێبازە لە قەڵەم دەدرێت[*].

(١) حنا بطاطو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩.

(*) مشێل عەفلەق و سەڵاحەدین بەیتار دوو کەسایەتی دیاری حزبی بەعسن کە بە دامەزرێنەر و چالاکوانی ئەم حزبە دەژمێردرێن. ئەم دوو کەسایەتییە لەدایکبووی شاری دیمەشقن و لە یەك گەڕەك بە ناوی (گەڕەکی مەیدان) لەدایك بوون. بەیتار لە خانەوادەیەکی ئاینی موسڵمان و پارێزەرە و میشیل عەفلەق لە خانەوادەیەکی مەسیحی ئەرثودۆکس بوو. لە ماوەی ناوەندی و دواناوەندیدا لە یەکتر دادەبڕێن بەڵام لە ساڵی ١٩٢٩ لە زانکۆی سۆربۆن یەکتر دەبیننەوە و جارێکی تر پێوەندییەکی پتەو لە نێوانیان دروست دەبێتەوە. هەر لەو ماوەیەدا زۆر خەریکی خوێندنەوەی کتابەکانی (نیتشە و ماتزینی و مارکس و رولان و لینین) دەبن و دەکەونە ژێر کاریگەریی بیری سۆسیالیستی کە ئەو کاتە بووبووە مۆدێل. عەفلەق لە ساڵی ١٩٣٣ گەڕایەوە دیمەشق و بەیتار لە ساڵی ١٩٣٤. یەکەمیان بوو بە مامۆستای مێژوو، دووەم مامۆستای فیزیا.

لە ئەنجامی دۆخی سیاسی ئەو کاتە هەردوو ناوبراو تێیدا ژیاون کە برێتی بوو لە شەڕ لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسی و سەرهەڵدانی جەنگی جیهانی دووەم پەرەسەندنی بیری نەتەوەخوازی و هەستکردن بە چەوسانەوە، ئەو باوەڕەی کە بە حزبی شیوعی و ئایدیۆلۆجی ئیشتراکی جیهانی هەیانبوو بەرەو لاوازی چوو بیرۆکەی زیندووکردنەوەی نەتەوەی عەرەب (الاحياء العربي) جێگەی گرتەوە، کە هەر بەمانای (البعث العربي) =

ئایدیولۆجیای بەعس خۆی لە زیندووکردنەوەی نەتەوەی عەرەب و خزمەتکردن بە یەکەتی عەرەب دەدۆزێتەوە، هاوکات لەگەڵ تێکەڵکردنی چەمکەکانی یەکسانی و ئازادی بۆ تاکی عەرەبی.

عەفلەق جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە یەکەتی و ئازادی و سۆشیالیستی (الوحدة الحرية الاشتراكية) ئەو ئامانجەی کە بۆ پەیڕەوانی دای ناوە دەرهاویشتەی بیری ئەو نەبووە بگرە لە ڕوح و ناخی عەرەب هەڵقوڵاوە .

ئەم سێ بنەمایە (وحدة والحرية و الاشتراكية) بە بنەمای حزبی بەعس دانراوە کە هەر چەمکێك لە ڕوانگەی ئەم ئایدیولۆجیایەوە شیکردنەوەی خۆی بۆ کراوە.

یەکەتی (الوحدة) واتا یەکەتی و یەکگرتوویی عەرەب، ئەمە بە ئامرازێك بۆ گەیشتن بەشتێك یا مافێك دانانرێت، بگرە ئەمە مافێکی سروشتییە. عەفلەق کاتێك ئەو سێ چەمکەی سەرەوە شی دەکاتەوە بە سێ شتی بەیەکەوە بەستراوی دادەنێت کە هیچیان بەبێ ئەوی تر تەواو نابێ[١].

عەفلەقی کرستیان! کە بە سەرکردە و داهێنەری بەعسیزم دادەنرێت ئیسلام و عروبە بەیەکەوە دەبەستێتەوە و دەڵێ:

(عروبە بە پێکهاتەی جەستەیی نەتەوەی عەرەب و ئیسلامیش بە ڕوحی ئەو جسمە لە قەڵەم دەدات، یاخۆ دەڵێ: ئیسلام ئەو هێزە شاراوەیە کە نەتەوەی عەرەبی دەجووڵێنێ)[٢].

سەبارەت بە چەمکی دووەم ئازادی (الحرية) لە ڕوانگەی ئەم ئایدیۆلۆجیەوە بەمانای ئازادی نەتەوە دێت لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی، واتا ئازادکردنی لەژێر کۆنترۆڵی بیانی و فەرمانڕەوایەتی چەوسێنەرانی لۆکالی. هەروەها دەڵێ: ئازادی واتا ئازادی تاکی عەرەبی.

عەفلەق لە بیر و ڕاکانی خۆیدا سەبارەت بە ئازادی، ئازادی تا ئەو سنوورە بەڕەوا

=دێت. ئەوە بوو لە پایزی ١٩٣٩ بازنەی نهێنی بچووك خەریك بوو لە دەوری عەفلەق دروست دەبوو کە دواتر لە ١٩٤٠ ناوی (حزبی بەعسی عەرەبی) لێندرا. ( حنا بطاطو، س.ث، ل ٣١-٣٣).

(١) هەمان سەرچاوە ، ل ٣٨.

(٢) حنا بطاطو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٩.

دادەنێ کە پەرژەوەندی باڵای نەتەوەی عەرەبی نەخاتە مەترسییەوە. بۆ نموونە کاتێك باس لە ئازادی قسەکردن و ڕادەربڕین و بڵاوکردنەوە و کۆبوونەوە دەکات، دەوڵەت دەکاتە بەرپرس لە بەرامبەر ئەوانەدا و سنوورداری دەکات ئەو دەڵێ: «دەوڵەت بەرپرسە بەرامبەر ئازادیی گوفتار و بڵاوکردنەوە و کۆبوونەوە.. لە چوارچێوەی سنووری بەرژەوەندی باڵای نەتەوەی عەرەب»[(١)].

سەبارەت بە بنەمای سێیەمی حزبی بەعس (الاشتراکیة) سۆسیالستی و هاوبەشی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کاریگەریی ئایدیۆلۆجی حزبی شیوعی لەسەر ناوبراو (عفلق) هەر مابوو ئەگەرچی بە گوتەی خۆی خۆی مەودایەکی زۆر لە نێوان بیری ئەو و ئایدیۆلوجیای (شیوعیەت) دا دروست بووە، لە ڕوانگەی عەفلەقەوە (ئیشتراکیەت) وەکو هەموو ئامانجەکانی تری بەعس لە دەروونی نەتەوەی عەرەبی هەڵدەقوڵێ[(٢)] خوێندنەوەی ئابوورییانەی عەفلەق بۆ «الاشتراکیة» بەم شێوەیە: «سۆسیالیزمی عەرەبی دەرهاویشتەی ڕوحی و پێویستی قووڵ و ئاکاری ڕەسەنی نەتەوەی عەرەبییە، کە هەل و ئامرازی پێویست بۆ زۆرترین کەس لە گەلی عەرەبی دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی عەرەبیبوونی خۆیان بە باشترین شێواز بسەلمێنن»[(٣)]. بدەرئەنجامی ئەم شرۆڤەیە کورتەی ئێمە بۆ ئایدیۆلۆجیا و ئامانجەکانی حزبی بەعس دەمانگەیەنێتە چەند بدەرئەنجامێك کە ئەمانەن:

١- بەرژەوەندیی نەتەوەی عەرەب لە سەرووی هەموو پەرژەوەندییەکانی تر دادەنرێت و تەنانەت، وەکو لە وتەکانی خودی عەفلەق دەردەکەوێ، بەرژەوەندی نەتەوەکانی تری ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عەرەبیش دەبەستێتەوە بە بەرژەوەندی و ئامانجە باڵاکانی نەتەوەی عەرەب و هەر بەرژەوەندییەك لە دەرەوەی ئەوە بێت ڕەت دەکرێتەوە. تەنانەت عەفلەق لە هەندێك لە وتارەکانیدا چارەنووسی مرۆڤایەتی بەگشتی بە چارەنووسی عەرەب دەبەستێتەوە وەکو دەڵێ: «مصير الانسانية مرتبط بمصير العرب. تقدم الانسانية مرتبط بتقدم الامة العربية و

---

(١) هەمان سەرچاوە،ل٤٢.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.

(٣) میشیل عفلق، في السیاسة العربیة مقالات البعث ١٩٤٦ - ١٩٤٩، دار الطلیعة - بیروت، تموز ١٩٧٤، ص١٨ .

تحررها»(١). هەرچەند زیاتر لەناو بنەما و ئامانجەکانی ئەو حزبە ورد دەبینەوە شۆڤینیەت و ئیزدیواجیەتی زیاتر لەمیانی گوفتار و کردارەکانیدا دەردەکەوێت. ڕادەی شۆڤینیەتی سەرکردە و پەیڕەوانی ئەو حزبە دەگاتە ئەو ئاستەی کە تەنانەت شەرعیەت و ڕەوایی لە هەر بزاڤێکی ئازادیخوازی نەتەوەکانی ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عەرەبی دەستێننەوە. بۆ نموونە سەبارەت بە شۆڕش و بزاڤی ئازادیخوازی نەتەوەی کورد دەڵێ: «ڕەوا نییە کە بزووتنەوە و یاخیبوون سەرهەڵبدات لە کاتێکدا نەتەوەی عەرەبی لە شەڕێکی چارەنووسسازدایە لە دژی کۆلۆنیالیزم و سەهیۆنیەت»(٢). بەردەوام دەبێ لەسەر قسەکانی خۆی و دەڵێ: «پێویستە گشت نەتەوەکانی تر بە نەتەوەی کوردیشەوە پێویستە هاوکاریی عەرەب بن بۆ ئەوەی بگەن بە ئامانجەکانیان، ئەو کاتەیە کە نەتەوەی کورد و پێکهاتەکانی تریش کە لەگەڵ نەتەوەی عەرەب دەژین ئامانجەکانیان دێتە دی و دەگەن بە مافەکانیان»(٣). لەبەرئەوەی بە گوتەی عەفلەق ئەو نەتەوانە مێژووی هاوبەش و پێکەوەژیانی کۆیان دەکاتەوە، تەنانەت هەندێك کات باس لەوەش دەکات کە ئەم گرووپ و نەتەوە و جیاکارییانە لە بنەڕەتدا لە ڕاستی بەدوورە و دەستکردی بێگانە و سەهیۆنیزمن. ئەو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چارەنووسی گشت ئەو نەتەوانە بە چارەنووسی نەتەوەی عەرەبەوە بەستراوە. عەفلەق لەو بارەیەوە لە دەقە عەرەبییەکەیدا دەڵێ: «الشیء الطبیعی هو الالتقاء و التعاون و الاخاء طالما ان خلال مئات السنین کان هذا الاخاء متحققاً و کیف تشذ الان عن القاعدة و یکون التحرر الصغیر ضد التحرر الکبیر، الثورة الصغیره ضد الثورة الکبیرة التي هي الثورة الفعالة ثورة الامة العربیة في هذا العصر – هي الثورة التي ستؤمن ستضمن للعرب و لشعوب کثیرة الحریة و العدالة، عندما یکتمل التحرر العربي.. عندما لا یبقي أثر للنفوذ الاستعماري علی الارض العربیه معنی ذلك ان هذه القوی قد ضعفت و تراجعت و بالتالي معناها ان شعوباً کثیره ستحرر

---

(١) میشیل عفلق أحادیث في مدرسة الاعداد الحزبي ١٩٧٥ – ١٩٨٠، الحزب البعث العربي الاشتراکی – القیادة القومیة – مکتب الثقافة و الاعلام، ص ١٤.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٣٤.

نتيجة تحرر الامة العربية»[١].

٢– لە ماوەی حوکمڕانی حزبی بەعسدا جیاوازی و ناکۆکیی زۆر هەبووە لە نێوان بنەماکانی حزب و کاری حزبی لە پراکتیکدا. هەر وەکو چۆن سەبارەت بەو حزبە گوتراوە کە «حزبی بەعس حزبێکی سیاسی نەتەوەییی سکۆلاریستی شۆڕشگێڕە، خاوەن تێزی هزری جیاجیایە کە هەندێ کات زەحمەتە پێکەوە کۆ بکرێنەوە، چ جای ئەوەی بڕوایان پێ بکرێ... کەلێنێکی فرەوان لە نێوان گوتە و کردەکانیدا بەر لە هاتنە سەر دەسەلات و گوتە و کردەکانیدا دوای هاتنە سەر دەسەلات، دەبینرێ»[٢].

وەك بینیمان، عەفلەق چۆن دەڕوانێتە شۆڕشی نەتەوەکانی تر جیا لە عەرەب بە ناسروشتی و نارەوایان دادەنێ و پێی وایە کە دەبێ گشت هەوڵەکان لەپێناو سەرخستنی شۆڕشی عەرەبی و ئازادیی نەتەوەی عەرەب بێت لەژێر دەستی کۆلۆنیالیزم و وەکو ئەو دەڵێ سەهیۆنیزم . کەچی پاش گرتنەدەستی حوکم لە عێراق و لە ماوەی حوکمڕانی ئەو حزبەدا نەك ڕێز لە ئازادی و مافی نەتەوەکانی تر نەگیرا وەکو لە کارنامەکەیان بانگهێشتی بۆ دەکەن، بگرە بەدڕندانەترین شێواز و جۆرەها چەك هەوڵی لەناوبردنی نەتەوەی کوردیان داوە ، کە تاوانە کۆمەڵکوژییەکانی فەیلی و بارزانی و کیمیاباران و ئەنفال و ڕاگواستن و تێکدانی گوندەکان و گۆڕەبەکۆمەڵەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق باشترین بەڵگەن بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە. ئەوەی لەم تەوەرەدا زیاتر جێگەی گرینگی و بایەخی ئێمەیە، نیشاندانی کاریگەریی ئایدیۆلۆجیا و فەلسەفەی حزبی بەعسە لەسەر سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا ئەمەش لەبەر ڕۆشناییی ئەو ڕاستییەی کە فەلسەفە و ئایدیۆلۆجیای حزبی دەسەڵادار لە زۆربەی وڵاتان ڕەنگ دەداتەوە بەسەر گشت بواری بەڕێوەبردن و داوودەزگاکانی ناو چوارچێوەی حکومەتێکی دیاریکراو، سیستەمی پەروەردەش وەکو دەزگایەکی گرینگی حکوومەت لەم ڕووەوە زۆرترین کاریگەری لەسەر دەکرێت . دیارە حکوومەتی بەعسیش کە هەڵگری هزری بەعسیزم بوو لەم هاوکێشەیە بەدەر نییە.

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٣٤–٣٥.

(٢) موراد حەکیم محەمەد، ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد....، سەنتەری لێکۆڵینەوە و ستراتیجی کوردستان، سلێمانی ٢٠٠٤، ل ٤٥– ٤٦.

حکوومەتی بەعسی هەوڵی دابوو بەشێوەیەکی بەرنامەڕێژ فەلسەفە و ئامانجەکانی ئەم حزبە لەناو سیستەمی پەروەردەی دەوڵەتی عێراقدا ورد بکاتەوە.

سەبارەت بەو ڕاستییەش (د.عبداللطیف بن حسین فرج) لە کتابەکەیدا بە ناوی (نظم التربیة و التعلیم في العالم) دەڵێ: سیاسەتی پەروەردە و فێرکردن لە عێراق لە ئایدیۆلۆجیەتی حزبی بەعس هەڵقولا بوو(١).

ڕاستی ئەو مەسەلەیەمان لە ناوەڕۆکی وتاری سەرۆکی کۆماری عێراق (سەدام حوسێن) بۆ دەردەکەوێ کە لە بەرنامەیەکی تایبەتی پەروەدە و خوێندنی باڵا لە ١٩٨١/٧/١ باسی لەسەر کردووە دەڵێ:

فەلسەفەی مەرکەزی لە دەوڵەت پشتی بە ئامانج و بنەماکانی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکییەوە دەبەستێ و ئەو سەرکردایەتی دەکات، کەواتە فەلسەفەی پەروەدەش بەهەمان شێوە(٢).

ئامانجی ئەو حزبە بوو کە لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگەی عێراقی بە گشت لایەن و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەکانییەوە تاکێك پەروەردە بکات و پێ بگەیەنێ کە خزمەت بەئامانجەکانی ئەو حزبە بکات .

بۆیە دەبینین لە سەرچاوەکانی فەلسەفەی پەروەدەیی حزبی بەعس جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە پێویستە قۆناخەکانی داهاتوو قۆناخی دەستپێکردنێکی گشتی بێت بۆ بنیاتنانی دامەزراوەی پەروەدە و فێرکردن بە جورێك گونجاو بێت لەگەڵ بنەماکانی حزب (حزبی بەعس) و شۆڕش و ئامانجەکانی ...... ئەو دامەزراوەی کە نەتەوەیەك پەروەدە بکات تێر بێت لە بنەماکانی نەتەوەیی و سۆسیالستی و دیموکراسی، و توانای ئەوەی هەبێت کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری بێنێتە کایەوە بەو جۆرەی کە حزب مەبەستیەتی(٣).

بە بەعسیکردنی سیستەمی پەروەدە لە عێراق ئەو کاتە زیاتر پلان و بەرنامەی بۆ

---

(١) د. عبداللطیف بن حسین فرح، نظم التربیة و التعلیم من العالم، دار المسیرة، ٢٠٠٥، ل ٤٧.

(٢) د. ریاض حامد الدباغ، مصادر الفلسفة التربویة لحزب البعث العربي الاشتراکي، مطبعة جامعة الموصل-١٩٨٤، ل ١٠٥.

(٣) د. ریاض حامد الدباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

داڕێژرا کە سەدام حوسێن لە ١٩٧٩ دوای ئەحمەد حەسەن بەکر بوو بە سەرۆکی کۆمار لە عێراق. سەدام حوسێن لە زۆربەی وتارەکانیدا جەخت لەسەر گرینگیدان بە سیستەمی پەروەدە دەکاتەوە، لەو ڕوانگەیەوە کە پێویستە لەلایەن ئایدیۆلۆجیا و سیاسەتی حزبی فەرمانڕەوا، کە حزبی بەعس بوو، کۆنترۆڵ و سەرپەرشتی بکرێت و ئەمە بە مافی ڕەوای ئەو حزبە دادەنێ لەبەرئەوەی حزبی باڵادەستە.

بۆ نموونە، لە یەکێك لە دوانەکانیدا دەڵێ «ئێمە ڕێز لە بیر و ڕاکانی تری هاووڵاتییان دەگرین ، بەڵام ئێمە بەڕێوەبەر و دیاریکەری ڕێچکەی سیستەمی پەروەدەیین، بەو پێیەی بەبەشێکی گرینگ دادەنرێت لە پێگەیاندنی نەوەکان، لە ئێستا و داهاتوودا»(١) هەروەها جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە کە پێویستە ئەو مامۆستا و پەروەدەییانەی پێوەستن بە گوتنەوەی پەروەردەی نیشتمانی و ئامادەکردنی پرۆگرامی خوێندن، شارەزایی و خوێندنەوەیەکی باشیان هەبێت لەسەر بیری حزبی بەعسی سۆشیالیستی. وەکو لە دەقی قسەکانیدا دەڵێ: «هیوادارین کەسێك نەبێ لە بواری پەروەردەیی نیشتمانی و بواری ئامادەکردنی پرۆگرام، واتە ئەوانەی بەڕێگەی پەروەردەکردنەوە سەرکردایەتی نەوەی تازە دەکەن، خوێندنەوەیەکی قووڵی بۆ بیری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی نەبێت، لەبەرئەوەی ئەو حزبەیە کە سەرکردایەتی ئەو کۆمەڵگەیە و ئەو دەسەڵاتە دەکات، لە هەمان کاتدا پێویستە لەسەر هاووڵاتییان کە لە هزری حزبی بەعس تێ بگەن و ڕۆشنبیرییان لە بارەوە هەبێت»(٢).

هەر سەبارەت بە گرینگی پێدانی حزبی بەعس بە سیستەمی پەروەردە لە ڕاپۆرتێکی مەرکەزی (کۆنگرەی هەرێمایەتی نۆیەمی) حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی لە حوزەیرانی ١٩٨٢ سەبارەت بە پەروەردە و فێربوون هاتووە کە: «حزب دەرکی بەوە کردووە کە سیستەمی پەرەردە و فێربوون، لەو دەزگا گرینگانە دەژمێردرێت کە پێویستە حزب و شۆڕش گرینگی تایبەتی پێ بدات لەپێناو دووبارە بنیاتنانەوەی لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئیشتراکی بەشێوەیەکی قووڵ و گشتگیر بۆ ئەوەی شۆڕشی سەرتاسەری لە کۆمەڵگە بێتە دی»(٣). ئەم چەشنە کارکردنە لە بواری پەروەردە و

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل ٣٠.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٣٠.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٨٨ .

خوێندندا بەو ئامانجە بووە کە گونجاندنێك لە نێوان سیاسەت و ئایدیۆلۆجیای بەعس و سیستەمی پەروەردە دروست بکرێت بەو مانایەی کە بە بۆیەی (نەتەوەخوازی عەرەبی) ڕەنگرێژی بکرێت کە بنەمای سەرەکی حزبی بەعس بوو.

ئەمە لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی عێراقی سەرەڕای نەتەوەی عەرەب لە نەتەوەکانی تری کورد و تورکمان و ئاشور و کلدان و گرووپە ئاینی و مەزهەبی جیاواز پێك هاتووە. کەچی ئەو فرە ڕەنگییە زۆر کەم لەناو سیستەمی پەروەردەدا ڕەنگی داوەتەوە، بە پێچەوانەوە بنەماکانی حزبی بەعس (نەتەوەی عەرەب) بووەتە ئامانجی سەرەکی و هەوڵ دراوە گشت بابەتەکانی پەروەردەیی و فەلسەفەی خوێندن لە خزمەت ئەوەدا بێت.

ئەو ڕاستییە لە مادەی چل و چوار (٤٤) برگەی پەروەردە و فێرکردن لە دەستووری حزبی بەعس زۆر بە ڕوونی ئاماژەی پێ دراوە کاتێك دەڵێ: گشت ڕووەکانی ژیانی هزری و ئابووری و سیاسی و بیناسازی و هونەری مەرجە سیمای نەتەوەیی عەرەبی وەربگرێت بە جۆرێك نەتەوە جارێکی تر بە مێژووی زیندووی خۆی پێوەست بکات بۆ ئەوەی بگات بە داهاتوویەکی نموونەیی[1]. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر سەیری دەستووری وڵاتانی تر بکەین کە پێکهاتەکانیان لە ڕووی نەتەوە یاخۆ ئاین و مەزهەب جیاوازن بە ئاشکرایی هەوڵیان داوە لە بواری پەروەردەکردن ئاماژەیان پێ بکەن و نەوەکانیان لەسەر بنەمای ئەو ڕاستییە پەروەردە بکەن نەك وەهم و بیری ناڕاست. بۆ نموونە لە دەستووری دەوڵەتی لوبنان کە دەوڵەتێکی عەرەبی فرە ئاین و مەزهەبە زۆر بە ڕوونی ئاماژە بەو فرەییە دەدرێت لە بواری پەروەردەکردن دا و دەڵێ: خوێندن ئازادە تا ئەو کاتەی زیان بە ڕێژیمی گشتی نەگەیەنێ دژی ئادابی گشتی بێت یاخۆ کەرامەتی هەر ئاین یاخۆ مەزهەبێك بریندار بکات و مافی (الطوائف) لە بنیاتنانی قوتابخانەی تایبەت پارێزراوە بەڵام بەپێی ڕێژیمێك کە حکوومەت دەری دەکات[2]. کەچی دەوڵەتی عێراقی بەو هەموو پێکهاتە و هەمەڕەنگییەی کە هەیەتی بە هۆی حوکمڕانیکردنی بەعس و لەژێر کاریگەریی ئەم ئایدیۆلوجیایە جگە لە نەتەوەی عەرەب گشت

(١) د. ریاض حامد الدباغ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٣.

(٢) د. جميل صلبيا، مستقبل التربية في العالم العربي، مكتبة الفكر الجامعي – منشورات عويدات، بيروت – لبنان، ١٩٦٧، ص ٣٣.

پێکهاتەکانی تر بە نەتەوەی کوردیشەوەی گشت بوارەکان و بەتایبەتی لەسیستەمی پەروەردەدا پەراوێز کراون. ئەم حزبە بە هۆی دیکتاتۆریەت و شۆڤینیزمییەوە تەنانەت رێگەی بەخۆ داوە زۆربەی کات لە رێبازی بابەتی زانستی لابدات، و بابەت و رێبازی خوێندن لە سیستەمی پەروەردەدا بەو شێوەیە دابرێژێت کە لە پەرژەوندیی بیری تەسکی حزبایەتی ئەوان دابێ، تا ئەو ئەندازەیەی کە مێژوو چەواشە بکرێت. بۆ نموونە سەبارەت بە دارشتنی بابەتی مێژوو، سەدام حوسێن لە وتارێکیدا لەگەڵ لیژنەی توێژینەوە لە بواری خوێندن بۆ گۆرینی پرۆگرام لە ١٩٧٣/١١/١٣ دەڵێ: «مێژوو چۆن دەنووسرێتەوە؟ بەچ عەقڵیەتێك دەنووسرێتەوە؟ زۆربەی کات بەپێی تێروانین و عەقلیەتی رژێمی دەسەڵاتدار دەنووسرێتەوە.... لە کۆندا فەرمانرەواکان ئاراستەی مێژوونووسەکانیان دەکرد هەروەکو ئەمرۆ ئێمە دەیکەین، لەگەڵ گۆرانی شوێن و پاڵنەرەکان»[١] ناوبراو لە وتەیەکی تریدا کە لەگەڵ لیژنەی تاوتێکردنی مێژوو و گۆرینی پرۆگرام لە ١٩٧٥/٢/١٩ جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مێژوو پێویستە ئاوها بنووسرێتەوە خزمەت بە کۆمەڵگە بکات، لەبەرئەوەی مێژوو بۆ زیندووەکان دەنووسرێتەوە نەك مردووەکان ! وەکو لە دەقی قسەکانیدا بەزمانی عەرەبی دەڵێ: «في موضوع العلاقة بين المجتمع و الفرد و التاريخ، لنا ان نتساءل(لمن) يكتب التاريخ و كيف يكتب ؟ هل يكتب التاريخ للاحياء أم للاموات و الشهيد؟ و لماذا نلح على أن يكتب التاريخ، بما ينصف الفرد المستحق، دون ان يكون انصافه على حساب المجتمع؟»[٢] ئەم رێبازەی حزبی بەعس و سەدام حوسێن هاوشێوەی رێباز و بیر و بۆچوونی نازییەکان و هیتلەر بوو لە ئەڵمانیا. بۆ نموونە لەو سەردەمەدا هیتلەر سەبارەت بەو بابەتانەی لە وانەی مێژووی قوتابخانەکان دەخوێندران جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە: ״کتێبەکانی مێژووی قوتابخانەکان لە هەموو قۆناخەکاندا پێویستە بیرۆکەی پاڵەوانیەتی بەشێوە ئەڵمانییەکەی بچەسپێنی و بە بیرۆکەی سەرکردە لە سەردەمی نوێ گرێ درابێ[٣]. لە بڵاوکراوەیەکی ساڵی

(١) د. رياض حامد الدباغ ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٣٥.

(٣) هنری جۆنسن، گوتنەوەی مێژوو، وەرگێران لە عەرەبی بۆ کوردی، د. محەمەد عبدوڵا کاکە سوور، کۆواری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە (٥٠) کانوونی یەکەمی ٢٠٠٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل ٨٨.

١٩٣٣ هەر لەو بارەیەوە گوتی: "بابەتیانە یەکێك لەو خەیاڵە زۆرانەیە کە لە لیبرالیەت دایە. ئێمە بەبێ لایەنی مامەڵە لەگەڵ مێژوودا ناکەین، بگرە وەکو ئەڵمان مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین... گێڕانەوەیەکی ساردوسڕی ڕاستەقینەکان پێوەندی بە ئێمەوە نییە. ئێمە مێژووەك بۆ ئەڵمانەکان دەنووسین"(١). وەکو باس کراوە، جەخت لەسەر بیرۆکەی شەڕ لە کتێبەکانی مێژوودا کرایەوە، مێژوو لە ئەڵمانیا بەرەو بە پیرۆززانین و خاوێن ڕاگرتنی رەگەزەی ئەڵمانی و سیفەتە جەنگییەکانی و بە پیرۆززانینی دەوڵەتی تاکە ڕەوی چوو(٢). ئەم جۆرە تێڕوانینە لەمەڕ داڕشتنی پرۆگرامی خوێندن بەتایبەتی لە بواری زانستی مرۆڤایەتیدا ئەو پرسیارە سەرسوڕهێنەرە لەلای ئێمە دروست دەکات کە ئایا ڕووداوە مێژووییەکان دەبێ بە دەست پاکییەوە وەکو خۆیان بنووسرێنەوە یاخۆ بەرژەوەندی و فەلسەفەی ڕژێمە سیاسییەکان بابەتەکانی ناو پەرتوکی مێژوو دیاری دەکەن؟ چەندە ئەو ڕێبازە نەوەیەکی هوشیار بە مێژووی مرۆڤایەتی و وڵاتەکەی دێنێتە بەرهەم؟ ئایا ئەمە سەر لێ شێواندن و دابڕینی تاك نییە لە ڕابردووی ڕاست و دروستی خۆی؟.

حکوومەتی بەعس لە سیاسەتی پەروەردەییی خۆیدا بەهایەکی ئەوتۆی نە بۆ نەتەوەی کورد، کە دووەم نەتەوەیە لە ڕووی ژمارە لە دوای نەتەوەی عەرەب، لەم وڵاتە نە بۆ نەتەوە و گرووپە ئاینی و ئاینزاکان دانەناوە.

زۆربەی بابەتەکانی خوێندن لە گشت قۆناخەکاندا بە دۆگمای ئایدیۆلۆجیای عەرەبی ڕەنگڕێژ کراون. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە، ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند نموونەیەك لە پەرتوکی خوێندنی چەند قۆناخێکی جیاواز بهێنینەوە و شرۆڤەیان بکەین.

ئەگەر سەیری وانەی (جوگرافیای نیشتمانی عەرەبی) بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی بکەین، لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئەم پەرتووکەدا قوتابی ئەوە فێر دەکرێ کە دەوڵەتی عێراقی وەکو هەر دەوڵەتێکی تری عەرەبی تەنیا لە عەرەب پێك هاتووە و عێراقیش بە گشت ناوچەکانییەووە نیشتمانی عەرەبییە بە کوردستانیشەوە کە بەشێکی جیایە لە نیشتمانی عەرەبی.

---

(١) هەمان سەرچاوە.

(٢) هەمان سەرچاوە.

ئـەگـەر سەیـری بـابـەتـی (زنجیرە چیـاکـانـی عێراق) بکـەیـن هـەر لـەم کتێبـەدا ئـەم مەسەلەیە زیاتر بۆمان روون دەبێتەوە. لای هەموو لایەك ئاشکرایە کە کوردستان بەشی چیایی عێراق پێك دێنی، کەچی لەم کتێبەدا کاتێك ناوی چیاکانی کوردستان وەکو زنجیرە چیاکانی شارەزوور و هەڵگورد و حەسارۆست بە چیاکانی باکوری رۆهەڵاتی نیشتمانی عەرەبی ناویان دەبات[1].

ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەی بابەتەکانیش تەنیا قسە لەسەر نیشتمانی عەرەبی دەکات و هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەو باوەڕە لای قوتابی دروست بکات کە بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی و لە ئەنجامدا عەرەبە نەك نەتەوەیەکی تر.

هەروەها لە سەردەمی ئەو ڕێژیمەدا، لە قۆناخی یەکەمی ناوەندیدا ئەو مێژووەی کە دەخوێندرا (مێژووی کۆنی نیشتمانی عەرەبی) بوو. لەم کتێبەشدا جارێکی تر هەوڵ دراوە دەوڵەتی عێراق و مێژووەکەی بە بەشێك لە مێژووی نیشتمانی عەرەبی لە قەڵەم بدات، لە هیچ بابەتێك لە بابەتەکانی ئەو کتێبە کاتێك ئاماژە بە گەلانی کۆنی ناوچەی رۆهەڵاتی ناوەڕاست و بەشی دوورگەی عەرەبی دەکات ئاماژە بە بوونی نەتەوەیەك نادات بە ناوی کورد یاخۆ ئیمپراتۆریەتی میدیا کە ئیمپراتۆریەتێکی کوردی بوو. نەك ناویان نابات بگرە لە هەندێك بابەتدا هەوڵ دراوە ڕاستییەکان چەواشە بکرێن.

بۆ نموونە، لەو بەشەی کە باس لە هۆکارەکانی رووخانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری دەکات باس لە کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆ و لاوازی ئەمیرەکانی ئاشور و لاوازی دۆخی ئابووری و دواتر ئاماژە بە هێرش و داگیرکاری میللەتانی دەوروبەر دەکات وەکو میدییەکان کە لە ئێران هێرشیان هێنا و بووە هۆی رووخانی نەینەوا لە ساڵی (٦١٢ پ.ز) کە پایتەختی ئەم ئیمپراتۆریەتە بوو لەسەر دەستی بابلییەکان[2] کەچی هەمان بابەت لە کتابی مێژووی پۆلی یەکەمی ناوەندی کە لە دوای رووخانی ڕێژیم و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپ کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە ڕاستی ئەم ڕووداوە دەکات:

«بەهۆی بەرفراوانی دەوڵەتی ئاشوور، بڵاوبوونەوەی سوپاکەیان بەهەموو

(١) د. ابراهيم شريف وأخرون، جغرافية الوطن العربي، للصف الثاني المتوسط، مديرية مطبعة وزارة التربية رقم/ ١، ١٩٩٠، ص١٧.

(٢) د. فاضل عبدالواحد علي و اخرون، التاريخ القديم للوطن العربي، الصف الاول المتوسط مديرية مطبعة وزراة التربية رقم/ ١، ١٩٩٠، ل ٦٢.

هەرێمەکاندا، ئاشوورییەکان وردە وردە مەرکەزییەتیان لە دەست دا بەتایبەتی پاش مردنی ئاشوور بانیباڵ چەند پاشایەکی لاواز و بێ هێز هاتنە سەر حوکم. لەم کاتەدا، لە چیاکانی زاگرۆس لە کوردستان، دەوڵەتی میدیا لە لووتکەی هێز و توانای دابوو بەتایبەتی لە سەردەمی (کەیخوسرەو)ی میدی کە توانی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ پاشای کلدانی لە بابل «نەبوبلاسەر» ببەستێت و پێکەوە هێرشیان کردە سەر (نەینەوا) پایتەختی ئاشوورییەکان و رووخاندیان لە ساڵی ٦١٢پ. ز»[١] لەو بەراوردکارییەی سەرەوەدا دەتوانین بگەین بەو بدەرئەنجامەی کە سیاسەتی بەعسی، وەکو پێشوتر لە وتەکانی ( سەدام حوسێن) سەرۆك کۆمار ئاماژەی پێ دراوە، هەوڵی بۆ ئەوە دابوو کە مێژوو و بابەتەکانی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بەو شێوەیە دابرێژرێ کە پێناسە لە بەرژەوەندی و ئامانجەکانی حزبی دەسەلاتدار بکات.

حکوومەتی بەعس لە ماوەی دوور و درێژی حوکمڕانی خۆیدا لە عێراق، لە دروستکردنی هەستی نیشتمانی عێراقی لە نێوان گشت چین و توێژ و پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی عێراق سەرکەوتوو نەبوو، بگرە بە پێچەوانەوە سیاسەتی حکوومەتی ناوبراو ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ دروستکردنی ڕوحی جیاخوازی و سەربەخۆیی پێکهاتە نەتەوەییەکان، بەتایبەتی لەلای نەتەوەی کورد. لەبەر ئەوەی هەموو نەتەوەیەك ڕێز لە بەها و پیرۆزی و تایبەتمەندیی خۆی دەگرێ و ئامادەیە بەهەر بەهایەك بێت پارێزگاری لێ بکات. کەچی چەندە لە سیستەمی پەروەردەی سەردەمی حوکمڕانی ڕێژیمی بەعس زیاتر قووڵ دەبینەوە ئەم ڕاستییە زیاتر بۆمان روون دەبێتەوە کە ئامانج و بنەماکانی حزبی بەعس ئەوەندەی خزمەت کردن بووە بەنەتەوەی عەرەب نەتەوەکانی تر فەرامۆش کراون، بەڕادەیەك هەموو پێك هاتە نەتەوەییەکانی عێراق لە نەتەوەی عەرەبدا کورت کراونەتەوە.

لەناو بابەتەکانی خوێندندا پێکهاتە نەتەوەیییەکانی تری عێراق کە کورد بە یەکێك لەوان دادەنرێ بزرن، ئەوە لە کاتێکدا چوار پارێزگای گەورەی ئەم وڵاتە کوردنشینە و ژمارەی دانیشتوانی دەگەیشتە زیاتر لە سێ ملیۆن تا ساڵی **١٩٩١** واتا بەر لە پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەمانی دەسەڵاتی حکوومەتی بەعس لەو سنوورەدا[*] کەچی بەتایبەتی لە وانەکانی مێژوو، جوگرافیای خوێندنی

(١) رافدە عەبدولا عەبدولسەمەد، بابەتە کۆمەلایەتییەکان، پۆلی یەکەمی ناوەندی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە / هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١١٩.

(*) مەبەستمان سێ ملیۆنە ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە کوردستانی باشوور (عێراق) بەر لە =

قوتابخانەکان زانیارییەکی ئەوتۆ سەبارەت بەم نەتەوەیە بەدی ناکرێ. بە پێچەوانەوە حکوومەتی بەعس بەردەوام هەوڵی داوە مێژوو بە جۆرەها بابەت و لەسەر نەتەوەی عەرەب و عەرەبی ئیسلامی فێری قوتابیان بکات، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی پێکهاتەکانی تر بکات.

هەروەها لە پۆلی چوارەمی دواناوەندیشدا بابەتی مێژوو بریتی بوو لە (مێژووی شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی) ئەم کتێبە بەشێوەیەکی چڕوپڕ گشت بوارەکانی مێژووی نەتەوەی عەرەب لە سەردەمی ئیسلامدا بۆ قوتابی شرۆڤە دەکات هەر لە بواری خەلافەت و حوکمڕانی و سەربازی و بازرگانی تاکو پێشکەوتنی زانستی و ڕۆشنبیری و هونەری بیناسازی و ..... هتد(١) کەچی ئاماژە بە ڕۆڵی نەتەوەکانی تر نادات وەکو نەتەوەی کورد کە، وەکو مێژوونووسان ئاماژەی پێ دەکەن، لە شارستانیەتی ئیسلامیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە(**). لە بەشێکی ئەم کتێبەدا

---

= ڕاپەڕین لەبەرئەوەی ڕێژەی کە لە دوای ڕاپەڕین گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە و بەپێی ئەو زانیارییەی لە وەزارەتی پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەدەستمان هێناوە ٤،٤٩٣،٤٥٧ چوار ملیۆن و چوار سەد و نەوەد و سێ هەزار و چوار سەد و پەنجا و حەفتە.

(١) مێژووی شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی، بۆ پۆلی چوارەمی گشتی، چاپخانەی المثالیة – بغداد، ٢٠٠٤.

(**) سەبارەت بە ڕۆڵی نەتەوەی کورد لە بنیاتنانی شارستانیەتی ئیسلامی دەکرێ ئاماژە بە چەندان کەسایەتی مەزنی کورد بدرێت کە بە هۆی زانای و شارەزاییان لە بوارە جیاوازەکانی ئەدەب و زانستی مرۆڤایەتی و سروشتی کە لەو ڕووەوە ڕۆڵی کارایان گێڕاوە بۆ نموونە: قازی مـحێدین شارەزووری سەرەڕای ناوبانگی لە بواری ئاینی لە بواری ئەدەبیاتیش لە شیعرەکانیدا داهێنانی کردووە، هەروەها قازی عەبدولمەلیك بن عیسا مارانی کوردی لە بەناوبانگترین زاناکان بووە لە میسر لە سەردەمی ئەیوبییەکان لە ١١٧٠، ئەوە سەرەڕای گرینگیدانی زۆری ئەمیر و سەردارانی ئیمارەتەکان بەتایبەتی لە سەردەمی ئیمارەتی ئەیوبی بە بواری بیناسازی و زانستی و دروستکردنی ناوەندی فێربوون لە نموونەی ئەو ئەمیرانەش دەتوانین ئاماژە بە ناوی موسای ئەیوبی (١٢٣٨ز) کە زۆرگرینگی بە بواری بیناسازی داوە لە دیمەشق کە سنووری دەسەڵاتی ئەو بووە، هەروەها سوڵتان سەلاحەدین ئەویش لە بواری کردنەوەی ناوەندی فێربوون و ناوەندی ئاینی ڕۆڵی کاریگەری هەبووە. بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر بڕوانە: دوکتۆرای قوتابی (قادر محمد حسن) (الكرد في مصر و بلاد الشام خلال عهد المماليك البحرية) نامەیەکی دوکتۆرایە =

بەڕوونی ئامانج لە خوێندنی ئەو بابەتە روون کراوەتەوە و نووسراوە: «لیژنەی دانەر و لیژنەی بژار کە لە وەزارەتی پەروەردە ویستوویانە بەشێوازێکی پوخت و رەوان مادەی شارستانیەتی پێشکێش بکەن بۆ ئەوەی قوتابیان بە هۆیەوە رۆشنبیری خۆیان هەستی نیشتمانی و نەتەوەییان پەرە پێ بدەن و لە شوێنەوار و دەستکردی باو و باپیران لە شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا ئاگەداربن»[(١)].

لە هەمان کاتدا ئەگەر سەیری کتێبی مێژووی هەمان قۆناخ بکەین بەڵام پاش ساڵی **١٩٩١** ئەوا دەبینین لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە و لە جیاتی فێربوونی تەنیا شارستانیەتی عەرەبی ئیسلامی ناونیشانی کتابەکە گۆڕاوە بۆ ( مێژووی شارستانیەتەکان) کە دەرفەتی ئەوە دەداتە قوتابی شارستانیەت لە بنەڕەتدا و لەسەر ئاستی جیهان بە گشتی فێری ببێت، لەو بەشەش کە ئاماژە بە شارستانیەتی ئیسلامی دەکات رۆڵی نەتەوەی کورد لە بیر نەکراوە و، بە ڕوونی ئاماژەی پێ کراوە[(٢)]. بێگومان رەخنەی ئێمە لەسەر ئەو بابەتە لەو ڕوانگەیەوە نییە کە نابێ ئەو بابەتە فێری قوتابی بکرێت کە باس لە کۆمەڵگە و شارستانییەتی عەرەبی دەکات، بگرە پێمان وایە کە ئەمە بەشێکی گرنگی مێژووی نەتەوەی عەرەب و شارستانیەتی ئیسلامی دادەنرێت و پێویستە هەر تاک یاخۆ قوتابییەکی ئەم وڵاتە شارەزایی لەسەری هەبێت هەر وەك چۆن پێویستە شارەزایی لەسەر مێژووی شارستانیەتی میللەتانی تر و ئەوروپا و ئەمەریکا و فارس هەبێ، بەڵام نەك لەسەر حسێبی شوێنبزرکردن و سڕینەوەی رۆڵی نەتەوەکانی تری ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق قوتابیانی کورد وەکو قوتابیی عەرەب مەرجە رۆڵی باو و باپیرانی خۆیان لە مێژوو دروستکردنی شارستانیەتەکان بزانن .

هەروەها لە قۆناخی پێنجەمی دواناوەندیی بەشی ئەدەبیدا بابەتی (مێژووی نوێ) دەخوێندرا، ئەگەرچی بابەتە سەرەکییەکانی بریتین لە شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بزووتنەوەی نەتەوەییی دیموکراتی لە ١٨١٥ – ١٩١٤ و کۆلۆنیالیزم و پێوەندیی نێودەوڵەتی (١٨٧٠– ١٩١٤ ز) لە ماوەی شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم بەشێوەیەکی گشتی باس لە ڕووداوە

= پێشکێشی بەشی میژوو لە کۆلێجی ئاداب – زانکۆی سەلاحەدین کراوە، بە چاپ نەگەیەندراوە.

(١) مێژووی شارستانتی عەرەبی ئیسلامی، پۆلی چوارەم، سەرچاوەی پێشوو، ل٥.

(٢) د. قادر محەمەد پشدەری و.. ، مێژووی شارستانیەتەکان، پۆلی چوارەمی وێژەیی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٨٦.

سیاسییەکان و سەرهەڵدانی بزاڤی نەتەوەیی لە ئەوروپا و دواتر سەرهەڵدانی شەڕی جیهانی یەکەم و دابەشبوونی ئیمپراتۆریای عوسمانی و دروستبوونی دەوڵەتانی نەتەوەیی کراوە(١)، کەچی چ جارێك لەو شوێنانەی کە دەکرا ئاماژە بە رۆڵی نەتەوەی کورد بکرێ وەکو بەشێکی سەرەکی لە رووداوە مێژووییەکان، بۆ نموونە، لە بەشی هەشتەم کاتێك باسی بارودۆخی تورکیا و ئێران دەکات دوای شەڕی جیهانی یەکەم، باس لە هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی دەکات و دواتر بەستنی پەیمانی سیڤەر و سەرهەڵدانی بزاڤی کەمالی لە تورکیا و دواتر بەستنی پەیماننامەی لۆزان(٢)، کە نەتەوەی کورد لەو ماوەیە بەشێکی سەرەکیی ڕووداوەکان بوو، وەکو لە بەشەکانی پێشووتر ئاماژەمان پێ دا، وەکو نەتەوەکانی تری تورك وعەرەب و ئەرمەن بزاڤی نەتەوەییی خۆی دەستی پێ کرد بۆ ئەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ پێك بهێنێت، بەڵام لەناو بەرژەوەندییە سیاسییەکاندا هەوڵەکانی بوون بە خەون، هەروەك چۆن لەناو وانەی مێژوو بوونی ئەو نەتەوەیە جارێکی تر لەبەر هۆکاری سیاسی و بەرژەوەندی حکوومەتانی فەرمانڕەوا رەش دەکرێتەوە.

ئەمەش پێی دەگوترێت جینۆسایدی هیزری و چەوساندنەوەی رۆشنبیری . مەبەست لەوەدا ئەوە بوو کە مێژووی کورد فەرامۆش و گوم بکرێ و نەتەوەی کورد لە رابردووی خۆی بێ ئاگا بێت و لە ئەنجامدا کەسایەتی نەتەوەیی لاواز و لەرزۆك ببێ و بە ئاسانی بکەوێتە ژێر کاریگەریی کولتووری نەتەوەی سەردەست.

حکوومەتی بەعس بەهەموو شێوازێك دژایەتی ئەو جۆرایەتی و هەمەڕەنگییە نەتەوەییەی دەکرد کە لە دەوڵەتی عێراقدا هەبوو، بە مەترسی دەزانی لەسەر ئاسایشی نەتەوەی عەرەب و بەتایبەتی دەسەڵاتی بەعس لەو دەوڵەتەدا .

بۆیە جۆرەها ئامرازی بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی ئەم هەمەڕەنگییە چەواشە بکات یەکێك لەو پیلانانەی کە بە پلان هەنگاوی بۆ دەهاوێشت لە بواری پەروەردە و فێرکردندا بوو، ئەمە جگە لە سیاسەتی راگواستن(*) و تێکدانی دیمۆگرافیای ناوچە

---

(١) لجنة في وزارة التربية، التاريخ الحديث، للصف الخامس، تأليف: ، مطابع الدستور التجارية، ١٩٩٩.

(٢) هەمان سەچاوە، ل ٢١٦ ٢١٨.

(*) راگواستن : مەبەست لە راگواستن لێرەدا کوچپێکردنی دانیشتووانی کوردە بەدەستی ڕژێمی بەعس لەناو سنووری دەوڵەتی عێراقدا، بۆ ناوچەیەکی تر لە ناوەوەی عێراق یان =

کوردنیشینەکانی وەکو کەرکووك و خانەقین و مەندەلی و .... هتد بوو .

= دەرەوەی. لە کوردستاندا چەندان جۆری راگواستن لەلایەن رێژیمی بەعسەوە ئەنجام دراوە وەکو ئەم جۆرانەی خوارەوە:

١- حکوومەت بە هۆیەکانی گواستنەوەی خۆی راگوێزراوەکانی دەگوازتەوە و رێگەیانی پێ دەدا کەلوپەلەکانیات لەگەڵ خۆیاندا بەرن، وەك ئەوانەی لە ساڵی ١٩٧٥ راگوێزران.

٢- حکوومەت بەهۆیەکانی گواستنەوەی خۆی راگوێزراوەکانی دەگوازتەوە و جگە لەوەی رێگەیانی پێ دەدا هەموو کەلوپەلەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن، بەجۆرێك لە جۆرەکانی قەرەبووشیان دەکاتەوە، خانووی نوێیان لە ئۆردووگای نوێ دروست کراودا بۆ ئامادە دەکات، وەك ئەوانەی لە ساڵانی ١٩٧٧ - ١٩٧٩ راگوێزران.

٣- حکوومەت بە هۆیەکانی گواستنەوەی خۆی راگوێزراوەکانی دەگوازتەوە، بەڵام رێگەیانی پێ نەدەدا کەلوپەلەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن. هەروەها ناچاریان دەکات خاکی عێراق بەجێ بهێڵن، وەك کوردە فەیلییەکان یاخۆ کەسوکاری پێشمەرگەکان لە ساڵانی ١٩٨٥ ، ١٩٨٧.

٤- حکوومەت بە هۆیەکانی گواستنەوەی خۆی راگوێزراوەکانی دەگوازتەوە بۆ شوێنێکی دیاریکراو و رێگەیانی پێ دەدا کەلوپەلەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بەرن و برێك پارەشیان پێ دەدات بۆ ئەوەی بۆ خۆیان خانوو دروست بکەن، وەکو ئەوەی دانیشتووانی شارۆچکەی قەڵادزێ و دەوروبەری ساڵی ١٩٨٩، هەروەها ئەوەی بەرامبەر دانیشتوانی مێرگەسوور لە ساڵی ١٩٩٠ رووی دا .

٥- لە جۆری تردا حکوومەت راگوێزراوەکانی ئاگەدار دەکردەوە کە دەبێ شوێنی نیشتەجێبوونیان بەجێ بهێڵن و لەو شوێنانەشدا نیشتەجێ نەبن کە ئەو دیاریان دەکات و جگە لەوەی کە پێویستە بەرەو باکور یان بەرەو باشوور کۆچ بکەن هیچ شوێنێکی بە وردی بۆ دەستنیشان نەکردن. لەم جۆرە راگواستنەدا راگوێزراوان هەندێ کات بۆیان هەبوو هەموو کەلوپەلەکانیان لەگەڵ خۆیاندا ببەن، هەندێ کاتیش هیچ کەلوپەلێك و هەندێ جار تەنیا هەندێ لە کەلوپەلەکانیان دەبرد، نموونەی لەم جۆرەش دەتوانین باس لە راگوێزراوەکانی کەرکووك، مەخمور، مووسڵ و .... هتد لە ساڵانی دوای راپەڕین (١٩٩١) بکەین.

٦- جۆری تر ئەوە بوو کە راگوێزراوان لە ترسی پەلاماری حکوومەت زۆربەی زۆری کەلوپەلەکانیان بەجێ دەهێشت و ملی رێگەیان دەگرت لەپێناو رزگارکردنی گیانیان، وەك ئەوەی لە نسکۆی ساڵی ١٩٧٥، ئەنفالەکان یان کۆڕەوی ساڵی ١٩٩١ رووی دا.

هاوكات لەگەڵ راگواستنی خەڵكی ناوچە كوردنشینەكان حكوومەت هەوڵی دەدا شوێنی راگوازراوەكان بە خەڵكی عەرەبی هاوردە لە ناوچەكانی تری عێراق پڕ بكاتەوە، لە باسێكی زانستیدا هەر سەبارەت بە راگواستن ئەو بەو ڕاستییە هاتووە كە: «لە كوردستانی خوارووی جێگۆڕكێی دانیشتووان هەموو كات تەنیا بە گواستنەوە و چۆلكردنی ناوچە كوردنشینەكان كۆتایی نەدەهات، بگرە شوێنەكەیان پڕ دەكرایەوە بە هێنانی عەرەب بۆ شوێنی كوردەكان لەو ناوچە كوردنیشینانەی كە هاوسنووری ناوچە عەرەبنشینەكانن یاخۆ هەردوو نەتەوە كە لێی نیشتەجێن»(١) پرسی سڕینەوەی نەتەوەی كورد لە ناوچە كوردنشینەكان بەتایبەتی ئەو ناوچانەی كە حكوومەت بە ناوچەیەكی ستراتیجی دادەنا و (ناوچە راگوازراوەكان) وەكو سەرچاوەكان ئاماژەی پێدەكەن زۆر بەزەقی لە بواری خوێندن و سیستەمی پەروەردەدا رەنگی داوەتەوە.

بۆ نموونە لەو ماوەیەدا وەكو لە خشتەی خوارەوە بە دیاردەكەوێ حكوومەتی بەعس دەستی كرد بە گۆڕینی ناوی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەكان لە ناوی كوردییەوە بۆ عەرەبی.

**خشتەی ١**

ناوی ئەو قوتابخانە و كتێبخانە كوردییانەی شاری كەركوك نیشان دەدات كە حكوومەتی بەعس گۆڕیبوویانی بۆ ناوی عەرەبی

| ژ | ناوی قوتابخانە كوردییەكان | گۆرینی بۆ ناوی عەرەبی |
|---|---|---|
| ١- | پیرە مێرد | البكر |
| ٢- | مەولەوی | الادریس |

= ٧- لەم جۆرەیاندا خەڵكێكی زۆر لەلایەن سوپاوە دەگیران بەبێ ئەوەی رێگەیان پێ بدەن هیچ كەلوپەلێك لەگەڵ خۆیاندا بهێنن و دواتر لە شوێنێك بەندیان كردن، هیچ شتێكیشیان پێ نەدەبەخشین، نە پارە و كەرەستەی خانووبەرە و نەهیچ شتێكی تر نموونەی ئەو جۆرە راگواستنە دەتوانین باس لەو هاووڵاتییانەی كوردستان بكەین كە لە ئەنفالەكان دەستگیر كران و دواتر لە ئۆردووگاكانی بەرحوشتر، جێژنیكان لە پارێزگای هەولێر یان ئۆردووگاكانی گەرمیان نیشتەجێ كران لە ساڵی ١٩٨٨. (سەرچاوە : مراد حەكیم محمد، س.پ، ل ٢١-٢٢ ).

(١) موراد حەكیم محەمەد، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٦.

| | | |
|---|---|---|
| ٣- | هەڵمەت | العراقية |
| ٤- | بەرزان | ام امين |
| ٥- | بێکەس | حسن بن الهيثم |
| ٦- | نەورۆز | بولاق |
| ٧- | ١١ی ئازار | مسيلون |
| ٨- | کاوە | معاذ بن جبل |
| ٩- | خانزاد | قدس |
| ١٠- | خەبات | أبي حنيفة |
| ١١- | ئامادەیی کوردستان | إعدادية عبد الملك بن مروان |
| ١٢- | ئامادەیی زێوە | إعدادية أبو أيوب الأنصاري |
| ١٣- | کتێبخانەی ئاسۆ | مكتبة الطليعة |
| ١٤- | کتێبخانەی دارا | مكتبة العروبة |
| ١٥- | کتێبخانەی هندرێن | مكتبة التأميم |

خشتەی سەرەوە دەقی ناوی ئەو قوتابخانە و کتێبخانانە نیشان دەدات لە کەرکووك کە حکوومەتی بەعس لە ماوەی حوکمرانی خۆیدا لە کوردی گۆڕیویەتی بۆ عەرەبی. (*)

وەکو لە خشتەی سەرەوە دەردەکەوێ حکومەتی بەعس لە عێراق بە گۆڕینی ناونیشانی قوتابخانەکان لە کوردی بۆ عەرەبی هەوڵی داوە مۆرکی کوردبوون لەو شارە بە تەواوی بسێنێتەوە.

هەر لە درێژەی ئەو دەستوبردانەی حکوومەتی بەعس ئەنجامی داون بەمەبەستی رەشکردنەوەی فرە ڕەنگی لە عێراق و بەعەرەبکردنی سیستەمی پەروەردە، چەندان بڕیاری تایبەت و نهێنی لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دەرکردووە، کە هەوڵ دەدەین دەقی ئەو بڕیارانە لێرەدا ئاماژە پێ بکەین.

بۆ نموونە بە برووسکەی ٧١ لە رێککەوتی ١٩٨٩/٣/١٨ کە دەقەکەی لە پاشکۆی ژمارە (١) بلاو کراوەتەوە برووسکەیەك ئاراستەی بەشی هەولێری سەرکردایەتی حزبی بەعسی عەرەبی سۆسیالستی کراوە، تێیدا داوا دەکات لەسەر فەرمان و

(*) طارق جامباز، من اباده اللغات الى القانون اللغات الرسمية في العراق الاتحادي، سييريز، ٢٠٠٨، ل ٣٣.

ڕاسپاردەی سەرۆكی فەرماندە سەدام حوسێن و كۆبوونەوەی سەركردایەتی هەرێمەكان فەرمان دراوە كە چاوخشاندن بەو پرۆژەیە بكرێتەوە كە بەمەبەستی گۆڕینی خوێندنی عەرەبی بۆ زمانی كوردی لە پارێزگای دهۆك لە حەفتاكان ئامادە كراوە جێبەجێ كراوە. هەروەها فەرمان دراوە كە پێویستە لەو ڕووەوە بەردەوام دانیشتن لەگەڵ (رفيق أمين سر قيادة مكتب)ی باكور ئەنجام بدرێ بە جۆرێك گونجاو بێت لەگەڵ باری دەروونی پارێزگای هەولێر و سلێمانی و شێوازی تازە لە ساڵی ١٩٨٩ – ١٩٩٠ (٧٠٪) لە سەدا حەفتای جێبەجێ بكرێت و بۆ ساڵی ١٩٩٠–١٩٩١ (١٠٠٪) لە سەدا سەد جێبەجێ بكرێ، دیارە وەكو لە برووسكەكە دا ئاماژەی پێ دەكات ئەمە لەپێناو بنبڕكردنی تەیاری ڕەگەزپەرستی و شوڤێنی بووە لە ناوچە كوردنشینەكان و پەیدا نەبوونەوەی لە داهاتوودا! هەروەها ئاماژە بە پرۆسەی ئەنفال دەكات و دەڵێ: (پرۆسەی ئەنفال ئەو بزووتنەوە(*) سەر بەخۆخواز و ڕەگەز پەرستی لەناو برد و دووریانی خستەوە بۆ دەرەوەی سنوورەكان). لە هەمان كاتدا جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە ئەم بڕیارە پێویستە زۆر بە نهێنی جێبەجێ بكرێ و لە ماوەی مانگێك كۆتایی پێ بێت. سەیری پاشكۆی ژمارە (١) بكە.

هەر بەمەبەستی لاوازكردن و بێ بایەخكردنی زمانی كوردی و زمانی نەتەوەكانی تری ناو عێراق و خزمەتكردن بە نەتەوەی عەرەب و بەعەرەبیكردنی زۆربەی بوارەكانی ژیان لە سیستەمی پەروەردەدا، سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش (سەدام حوسێن) بە بڕیاری ژمارە: ٦٣٢ لە ڕێككەوتی ١٩٨٩/١٠/٧ بڕیاری دا قوتابی ئەگەر لەوانەی كوردی نمرەیەكی ئەوتۆش نەهێنێ بە كەوتوو لە قەڵەم نەدرێت! بۆ زانیاری زیاتر، سەیری پاشكۆی ژمارە (٢) بكە.

هەروەها سەبارەت بە پەراوێز خستن و بێ بایەخكردنی زمانی كوردی یەكێك لەو مەرجانەی كە دانرابوو بۆ بڵاوكردنەوەی توێژینەوەی زانستی لە كۆوارە تایبەت و زانستییەكان ئەوە بوو كە دەبێ تەنیا بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی بێت[1]، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جارێكی تر پەراوێزكردن و بێ بایەخكردنی زمانی كوردی بووە لە

(*) مەبەستی ئەو نووسراوە لە بزووتنەوەی ڕەگەزپەرستی و جیاخوازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستانە، كە بە بزاڤی ڕەگەزپەرستی ناویان دەبات.

(١) التربية و العلم ، مجلة علمية محكمة تصدرها كلية التربية بجامعة الموصل، العدد السابع، اذار ١٩٨٩، ص ٧.

دەوڵەتی عێراقدا.

دوا بەدوای ڕاپەرینی کوردستان لە ١٩٩١ و ئازادبوونی پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی لە دەست حکوومەتی بەعس، حکوومەتی ناوبراو لەو ناوچە و شارانەی کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتیدا مابوونەوە وەکو کەرکوك و خانەقین و ناوچەکانی تر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر هەوڵی دەدا تایبەتمەندی نەتەوەیی و هەمەرەنگی لەو ناوچانە رەش بکاتەوە، پاڵەپەستۆیەکی زۆر خستە سەر پەروەردە و فێرکردن لەو ناوچانەدا و خوێندنی بە زمانی کوردی قەدەخە کرد .

بۆ زانیاری زیاتر سەیری هەردوو بڕیاری نهێنی ژمارە ١٢١٣٦ لە ڕێککەوتی ٢٠٠٠/٩/٢١ و بڕیاری ژمارە ٨١٢/١١/٨ لە ڕێککەوتی ٢٠٠٠/١/١٣ و بڕیاری ژمارە ١٨٧٩/١١/٩ لە ڕێککەوتی ٢٠٠٠/٦/٢٦ بکە ، کە لە پاشکۆکانی ژمارە (٣) و (٤) بڵاو کراوەتەوە.

وەکو لە بڕیاری ژمارە (١٢١٣٦) بەدیار دەکەوێ حکوومەتی بەعس جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەروەردە و فێرکردن لە گشت قۆناخەکاندا (سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی پەیمانگە و کولێجو قوتابخانە پیشەییەکان) تەنیا دەبێ بەزمانی عەرەبی بێت و بۆیە نابێ زمانی غەیرە زمانی عەرەبی وەکو زمانەکانی (کوردی، تورکمانی، ئاشوری، کلدانی) لەلایەن دەستەی وانەبێژان قسەی پێ بکرێت و ڕاڤەیی وانەکان دەبێ تەنیا بە زمانی عەرەبی بێ ئەم بڕیارە قوتابیانییش دەگرێتەوە کە نابێ لە قوتابخانە بەزمانی خۆجێیەتی خۆیان قسە بکەن کە ئەمە دژی بەمافەکانی مرۆڤە.

هەروەها لە بڕیاری ژمارە (٨١٣/١١/٨) حکوومەتی بەعس جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لەپێناو ڕێگەگرتن لە پەرەسەندنی بیری ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنی کە بەبیری نەتەوەیی ڕەگەزپەرستی ناوی دەبات پێویستە چەند ئیجرائاتێك جێبەجێ بکرێت وەکو لە خاڵەکان ئاماژەی پێ دەکات بۆ ئەو مەبەستە پێویستە قوتابخانەکان بەعەرەبی بکرێت و تەنیا زمانی عەرەبی بەکار بهێنێ و لەبەرکردنی جلوبەرگی بێگانە قەدەخە بکرێ هەروەها لە خاڵی دووەمدا داوا دەکات کە پێویستە ناوی گشت فرۆشگا و بازاڕ و شوێنە بازرگانییەکان و خزمەتگوزارییەکان لە ناوی کوردی و تورکمانی بگۆڕدرێ بۆ عەرەبی.

دواتر وەکو لە بڕیاری ژمارە ٨١٣/١١/٨ لە ڕێککەوتی ٢٠٠٠/١/١٣ دەردەکەوێ

دیاره لایەنی پێوەندار وەڵامی سەرکردایەتی دەداتەوە کە گشت بڕیارە دەرچووەکان سەبارەت بە گۆڕنکارییەکان لە بواری پەروەردە و بەعەرەبیکردنی گشت قوتابخانەکان و قەدەخەکردنی جلوبەرگی بێگانە بەتەواوی وەکو داوا کراوە قەدەخە کراوە و پرۆسەی گۆرانکاییەکان بەسەرکەوتوو لە قەڵەم دەدات. سەیری پاشکۆی ژمارە (٥) بکە.

لە بڕیاری ژمارە (١٠٤٦٥/٩٤) لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١٠/١٨ جارێکی تر حکوومەتی بەعس جەخت لەسەر قەدەخەکردنی زمانەکانی تر غەیری عەرەبی دەکاتەوە کە بەشێوەزاری خۆجێیەتی و دەخیل ناویان دەبات. سەیری پاشکۆی ژمارە (٦) بکە.

هاوکات لەگەڵ بەعەرەبیکردنی سیستەمی پەروەردە لە گشت ناوچەکانی عێراق بە ناوچە کوردنشینەکانیشەوە، حکوومەتی بەعس هەوڵیدا بەدەرکردنی بڕیاری تایبەت لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ ئەوەی بەتەواوی مۆرکی عەرەببوون بداتە پاڵ دەوڵەتی عێراق و تەنانەت ڕێگەی خۆش دەکرد بۆ گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەیی نەتەوەکانی غەیرە عەرەب بۆ نەتەوەی عەرەب. هەندێك جار ئەم بڕیارە شێوەی توندوتیژی و ناچارکردنی خەڵکی دانشتوانی ناوچە کوردنشین و تورکماننشینەکان بەخۆوە دەگرێ بەتایبەتی لە شارەکانی کەرکوك و تەلەعفەر و دوز وکفری و خانەقین و .... هتد

زۆر لەو کەسانەی ئامادە نەبوون ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان بگۆڕن لە شارەکانیان بەدەرکران و موڵك و سامانیشیان لەلایەن عەرەبی هاوردە لە ناوچەکانی تر دەستی بەسەردا گیرا.

بۆ سەلماندنی ئەو راستییە بریارەکانی ژمارە ١٩٩ لە ڕێککەوتی ٢٠١/٩/٦ ز و بڕیاری ژمارە : ١٥٥٨/٦/٦ لەرێککەوتی ٢٩/٢/ ٢٠٠٠ ز و بڕیاری ٨١٢١/٤/١١ لە ڕێککەوتی ١٩٩٩/٦/٥ ز هەروەها سەیری فۆرمی تایبەت بەڕاستکردنەوەی نەتەوە بکە، کە پاشکۆکانی ژمارە (٧) و (٨) و (٩) و (١٠) بڵاو کراوەتەوە.

لە کاتێکدا ئەگەر سەیری بریاری ژمارە (٨٥٠) بکەین کە لەلایەن سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەرکردایەتی شۆڕش دەرچووە بەپێچەوانەی بڕیارەکانی سەرەوە کە مافی ئەوە دەدات بە نەتەوەکانی غەیرە عەرەب ناسنامەی نەتەوەیی

خۆیان ڕاست بکەنەوە. لەو بڕیارەدا گۆڕینی ناسنامەی نەتەوەییی عەرەبی بۆ نەتەوەیەکی تر لەلایەن هەر تاکێکی عێراقی عەرەبی قەدەخە دەکات و بەتاوان لە قەڵەمی دەدات وەکو ئەوەی لە دەقی بریارەکەدا هاتووە:

یەکەم: قەدەخەیە بۆ هەر عێراقییەکی عەرەب کە نەتەوەکەی بگۆڕێ بۆ نەتەوەیەکی تر جا بە هەر بەهانەیەك بێ.

دووەم: بە ماوەی کەمتر نەبێ لە ساڵێك سزا دەدرێ ئەو کەسەی پێشێلی برگەی یەکەم بکات لەو بڕیارە.

سێیەم: ئەو بڕیارە لە رۆژنامەی فەرمی بلاو دەکرێتەوە و لەسەر لایەنی پێوەندارە کە جێبەجێی بکەن. سەیری پاشکۆی ژمارە (١١) بکە.

## تەوەرەی سێیەم

رەوشی پەروەردەییی کوردستان لە دوای دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

لە بەشەکانی پێشوودا هەوڵمان دا تیشك بخەینە سەر رەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەوڵەتی عێراق و نیشاندانی رۆڵ و بایەخی رێژیمە یەك لە دوای یەکەکانی ئەم وڵاتە، لە گرینگیدان بە سیستەمی پەروەردە بە گشتی و رەنگدانەوەی لەسەر ئەو پێکهاتە نەتەوەیی و ئاین و مەزهەبییەی کە لەناو دەوڵەتی عێراقدا.

سەرەڕای باسکردنی هەوڵ و چالاکی بزاڤی سیاسی و رۆشنبیری نەتەوەی کورد لەو پێناوە و پەرەسەندنی خوێندن و فێرکردن بە زمانی کوردی و رەنگدانەوەی تایبەتمەندی نەتەوەییی کورد لەناو سیستەمی پەروەردە بەگشتی و بابەتی خوێندن بەتایبەتی، لە هەمان کاتدا جەختمان کردە سەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی حکوومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق و بەتایبەتی حکوومەتی بەعس لە بەرامبەر داواکارییە نەتەوەیییەکانی کورد بۆ خوێندن و رۆڵی ئەم رێژیمە لە بەعەرەبکردنی سیستەمی پەروەردەکردن لە عێراقدا.

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین باس لە رۆڵی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەین لە گۆڕانکاری و بەرەو پێشەوەبردنی سیستەمی پەروەردە لەو هەرێمەدا کە لە ڕووی پێکهاتەوە هەرێمێکی فرە نەتەوە و فرە ئاینە.

لەم بەشەدا دەمانەوێ بزانین حکوومەتی کوردستان توانیویەتی سیستەمێکی تازە لە پەروەردەکردن دابمەزرێنێ کە مافی گشت نەتەوە و ئاین و ئاینزاکانی تێدا دەستەبەر کرابێت؟

هەروەها دەمانەوێ بزانین سیستەمی پەروەردە لەو قۆناخە تازەیەدا چەندە توانیویەتی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهان بەرێوە بچێت؟ چەندە توانیویەتی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و هەستی هاووڵاتی و هاونیشتمانیی لەناو خۆیدا جێگەی بۆ بکاتەوە؟ لە هەمان کاتدا چەندە توانیویەتی پارێزگاری لە تایبەتمەندیی نەتەوەییی کورد بکات لەو سەردەمەی جیهانگیرییەدا؟

دوا بەدوای کۆتایی هاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق لە (١٩٨٠–١٩٨٨)

زۆری نەبرد، پاش دوو ساڵ حکوومەتی عێراق جارێکی تر خولیای شەڕ زیندوو بووەوە، ئەوە بوو لە ١٩٩٠/٨/٢ بە بەهانەی نەوت پەلاماری دەوڵەتی (کوێت)ی دراوسێی دا[١].

دەکرێ هەڵگیرسانی ئەم شەڕە بە دەستپێکی قۆناخێکی تازە دابنرێت لە مێژووی سیاسی نەتەوەی کورد لە کوردستانی باشوور، لەبەرئەوەی ئەم شەڕە بووە هۆکارێك بۆ لاوازبوونی حکوومەتی بەعس و سەرهەڵدانی راپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ١٩٩١.

هەڵگیسرانی ئەم شەڕە دژ بە کوێت هەڵوێستی زۆربەی دەوڵەتانی جیهانی و تەنانەت دەوڵەتە عەرەبییەکانیشی گۆڕی، لەم بارەیەوە سیمۆنس دەڵێ: هەموو جیهان بە دەوڵەتە عەرەبییەکانیشەوە دژ بە دەستدرێژی حکوومەتی بەغدا بۆ سەر کوێت وەستان و داوای کشانەوەیان لێ کرد، بەڵام دەوڵەتی عێراق لە هەڵوێستی خۆی پەشیمان نەبووەوە و لە ئەنجامدا (٣٢) دەوڵەتی جیهان بە هێزی سەربازی و بە سەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ١٩٩١ /١/١٧ هێرشی ئاسمانی و زەومینییان کردە سەر هێزەکانی عێراق و لە ماوەی چەند رۆژێکدا سوپای عێراقییان شکاند[٢].

تێکشکانی هێزەکانی سەربازی عێراق، دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ هێزە بەرهەڵستکارەکان و جەماوەری بێزار و تووڕە لە دەست زوڵم و چەوسانەوەی حکوومەتی بەعس، هەلومەرجە بابەتی و خودییەکان پێکەوە گەیشتن، لە سەرەتا بووە هۆی راپەڕینی عەرەبی شیعەمەزهەب لە باشوور و هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی رۆڵەکانیان لەناو سوپای عێراق خۆ بدزنەوە[٣].

لە درێژەی ئەم رووداوانەدا لە ١٩٩١ /٣/٥ لە شاری رانیە کە ئێستا بە دەروازەی راپەڕین ناسراوە راپەڕینی خەڵکی کوردستان دەستی پێ کرد. ماوەی دوو هەفتەی

---

(١) جوناتان راندل، أمة في شقاق ( دروب كردستان كما سلكتها)، دار النهار للنشر، بيروت – ١٩٩٧، ص ٢٨٤.

(٢) جنيف سيمونس، التنكيل بالعراق – العقوبات والقانون والعدالة، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت ١٩٩٩، ص٣١.

(٣) ديڤيد ماگدوال، فصول من كتاب التاريخ الكوردي المعاصر، ت: د. رزگار، دهوك – كوردستان ١٩٩٩، ص٤٢.

نەخایاند گشت شارەکانی کوردستان (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، زاخۆ، ئامێدی، کەرکووك، و.. هتد) کەوتە ژێر دەستی جەماوەری راپەڕیوی کوردستان کە لە هەموو چین و توێژەکان پێك هاتبوو.

رووداوەکان زۆر بە خێرایی بارودۆخە سیاسییەکانی ئەو ناوچەیەیان دەگۆڕی. زۆری نەخایاند حکوومەتی بەعس لە دژە هێرشێکدا هەوڵی دا ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەلات و کۆنترۆڵی هاتبوونە دەرەوە جارێکی تر بیانخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی خەڵکی کوردستان گوێبیستی مامەڵەی توندوتیژ و سەرکوتکردنی راپەڕینی عەرەبی شیعەمەزهەب بووبوون لە باشوور و ئازاری تاوانەکانی کۆمەڵکوژی ئەنفال و کیمیابارانیان لەبیر نەکردبوو، بۆیە هەر بە بیستنی هەواڵی هێرشکردنەوەی حکوومەت، بە مەبەستی رزگارکردنی گیانی ژن و منداڵ و خێزانەکانیان ملی رێگەیان گرتەبەر و کۆڕەوی ملیۆنی خەڵکی کوردستان دەستی پێ کرد(١).

(ڤان برۆنسن) سەبارەت بە رووداوی کۆڕەو لە کتێبەکەیدا دەنووسێت: خەڵکی کوردستان لە هەموو شار و گوندەکاندا کۆمەڵ کۆمەڵ رەویان کرد و لە هەڵپە و پەلەقاژێی شوێنێکی ئارام و هێمن وەگیر کەوتن پەیتا پەیتا پەنایان بۆ سنوورەکان و ولاتانی دەرودراوسێ دەبرد، نزیکەی دوو ملیۆن پیاو و ژن و زارۆك بەرەو تورکیا و ئێران کوردستانیان بەجێ هێشت(٢).

رەوشی نالەباری خەڵکی سڤیل لەو رێگەوبانە و سەرما و برسییەتی و مەرگی بەردەوامی منداڵ و پیر بووبوونە وێنە و هەواڵی زۆر گەرمی ناوەندەکانی راگەیاندنی جیهانی و لە ئەنجامدا دروستکردنی ناڕەزایی میللەتان و دۆستانی کورد و پاڵە پەستۆ خستنە سەر ولاتە زلهێزەکانی وەکو ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و .. هتد، لە (٥)ی نیسانی ساڵی ١٩٩١ کۆمەڵەی ئاسایشی نێونەتەوەیی ناچار کرد بڕیاری ٦٨٨ دەربکات(٣).

بەپێی ئەو بڕیارە، داوا لە حکوومەتی عێراق کرا تا واز لە کرداری چەوسانەوە و

(١) مارتن ڤان بروونین سەن، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

(٢) مارتن ڤان برونسن، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤-٣٥.

(٣) د. عبد الحسين شعبان، السيادة ومبدأ التدخل الإنساني، جامعة صلاح الدين- أربيل، ٢٠٠٠، ل٨.

سەرکوتکردنی دانیشتووانی بهێنێت، ئەمە سەرەڕای دابینکردنی ناوچەی ئارام (Safe Haven) بە درێژاییی هێڵی ٣٦ بۆ پارێزگاریکردنی ئەم نەتەوەیە لە کوردستان[١].

هەر لە ئەنجامی ئەو بڕیارە بوو کە دەوڵەتانی هاوپەیمان ڕێگەیان لە هەڵفڕینی فڕۆکەکانی عێراق بەسەر ناوچەی هێڵی ٣٦دا گرت، ئەو ناوچەیە بە ناوچەی قەدەخەکراوی هەڵفڕینی فڕۆکە (No Fly Zone) ناونرا[٢].

لەم ماوەیەدا جارێکی تر دەرفەتی دانیشتن لەگەڵ حکوومەتی عێراق بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، کە ئەو کاتە بەرەی[*] کوردستانی سەرکردایەتی دەکرد، هاتە ئاراوە، بەڵام بە ئەنجام نەگەیشت.

پاش سەرنەگرتنی دانیشتنەکان حکوومەتی بەغدا ئابڵوقەی ئابووری و بەڕێوەبردنی خستە سەر ناوچە ئازادکراوەکان[٣] و دەزگا کارگێڕی و حکوومییەکانی خۆی لەو ناوچانە کێشایەوە، کە ئەمە بووە هۆی دروستبوونی بۆشاییی بەڕێوەبردن و ئاسایشی لە باشووری کوردستان.

ئەم ڕەوشە تازەیە کێشە و گیروگرفتی زۆری بۆ خەڵکی کوردستان دروست کرد، وەکو گرانی بازاڕ و کەمی خۆراك و خزمەتگوزاری و مانەوەی مامۆستا و فەرمانبەرانی قوتابخانە و فەرمانگە حکوومییەکان بەبێ مووچە، سەرهەڵدانی ئەم ڕەوشە تازەیە هۆکار بوو بۆ ئەوەی بەرەی کوردستانی لە ساڵی ١٩٩٢[**] بڕیاری

---

(١) انتخابات كردستان العراق في ١٩ مايس ١٩٩٢ تجربة ديمقراطية، تقرير من ثلاث منظمات مستقلة غير حكومية (أجنبية) زارت كردستان أثناء الانتخابات، مكتب الدراسات والبحوث المركزي للحزب الديمقراطي الكردستاني، دراسة رقم (٢٦)، ل ٣٥.

(٢) عبد الفتاح عبد الرزاق محمود، مبدأ عدم التدخل والتدخل في القانون الدولي العام، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين – كلية القانون والسياسة – تم أربيل، ، ٢٠٠٠١، ل ٢٢٨.

(*) پاش شەڕ و کوشتارێکی زۆر لە نێوان پارتە سیاسییە کوردییەکان کە لە ساڵانی ١٩٨٠ – ١٩٨٢ درێژەی کێشا لە ٢ی ئایاری ١٩٨٨ پارتە سیاسییە کوردییەکان بڕیاری ئاشتبوونەوەیان دا و بەرەی کوردستانییان پێك هێنا.

(٣) فوزي الأتروشي، مقالات حول القضية الكردية، مطبعة التربية – أربيل، ٢٠٠٠، ل ١٨٩.

(**) هەڵبژاردنی ١٩ مایسی ١٩٩٢ی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەزموونێکی دیموکراسییانەبوو، کە تێیدا پەیڕەوی مەبدەئی فرەیی کراوە، بەپێی ئەو بنەمایەی کە لە بڕگەی یەکەمی مادەی ٢٢ی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان بڕیاری =

هەڵبژاردن بدات.

دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان، ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٩٢ یەکەم دانیشتنی خۆی بەست، پاش مانگێك یەکەم کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا و دەستی بە کارەکانی خۆی کرد(١).

ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەی کوردستانی زۆر قورس بوو، لەبەرئەوەی وەکو لە بەشەکانی تریش ئاماژەمان پێ دا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەم وڵاتە لە لایەن حکوومەتی بەعس بەڕێوە چووبوو، حکوومەتی ناوبراو بە هەموو شێوەیەك بەتایبەتی بە ڕێگەی سیستەمی پەروەردە و قوتابخانەکانەوە هەوڵی دابوو فەلسەفە و ئایدیۆلۆجی حزبی بەعس، کە حزبی فەرمانڕەوا بوو، لەناو کولتووری ئەم وڵاتە بچێنێ. لەلایەکی تر ئەم کۆمەڵگەیە بە گشت پێکهاتەکانییەوە کۆمەڵگەیەکی نەریتی بوو کە تا ئەو سەردەمەش نەیتوانیبوو لە نەزعەی عەشایەری و مەزهەبی و ناوچەگەریەتی ڕزگاری ببێ بەهۆی نەبوونی زەوەمینەیەکی گونجاو بۆ ڕادەربڕین و دەرفەتدان بە ململانێی هزری و بەردەوامی شەڕ و نائارامی و ترس و سەرکوتکردن نەك هەر ئەو نەزعەیەی کاڵ نەکردبوو بگرە تۆختری کردبوو، بەو مانایەی کە کۆمەڵگەی عێراقی بەتایبەتی بەشی هەرێمی کوردستانی بەهۆی ئەو سیاسەتە تایبەتەی حکوومەتی ناوبراو لەو بەشەدا پیادەی دەکرد بەرەو دواکەوتوویی برد.

لێرەدا هەوڵ دەدەین بەهێنانەوەی نموونەی ڕاستەقینە ئەم ڕاستییە بسەلمێنین. ئەگەر باسی سیاسەتی حکوومەتی بەعس بکەین لەمەڕ ڕاگواستنی کوردەکان لە شار و لادێکانی کوردستان هەر لە سەرەتای ساڵانی حەفتا(*) تاکو ڕووخانی ئەو ڕێژیمە

---

= لەسەر دراوە هەموو پارت و گرووپ و کەمەنەتەوەییەکان (تورکمان، عەرەب، ئاشوری، و ئەوانی تر) بۆیان هەیە لیست بە ناوی پاڵێوراوانی خۆیان لەسەر ئاستی کوردستانی عێراق پێشکێش بکەن.

سەرچاوە: سەرهەنگ حمد صالح، انتخابات إقليم كوردستان العراق بين النظرية و التطبيق (دراسە مقارنە)، رسالة ماجستير، جامعة صلاح الدين، كلية القانون والسياسة، أربيل ٢٠٠١، ل ٢٠٤.

(١) انتخابات كردستان العراق في ١٩ مايس ١٩٩٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨.

(*) مێژووی ڕاگواستن وەکو سەرچاوەکان ئاماژەی پێ دەکەن لە کوردستانی باشوور لە ساڵانی ١٩٦٣–١٩٧٤، ١٩٩٠١٩٧٥ و ١٩٩١–٢٠٠٣ بەردەوام بووە.

سەرچاوە: مورادحەکیم محەمەد، س. پ، ل ١١٦.

و بەتایبەتی هێرشی ئەنفال لە ١٩٨٨ بۆ سەر خەڵکی کوردستان، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بەتایبەتی قەزا و ناحیە و لادێکان بوون بە ئامانج و دانیشتووانەکەی بۆ شارە گەورەکان یاخۆ کۆمەڵگە زۆرەملێکان راگوێزران. لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە ژمارەی دانیشتووانی شارەکان و بەتایبەتی دەوروبەری شارەکانی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر ناسروشتی رووی لە زێدەبوون کرد. وەکو لە خشتەی خوارەوە بەدیار دەکەوێ رێژەی گوندنشین و شارنشینەکان لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٥ و ١٩٧٧ و ١٩٨٧ بەپێی سیاسەتی حکوومەتی بەعس چۆن لە گۆڕاندایە.

رێژەی دانیشتووانی گوندنشین لە ساڵی ١٩٦٥ (٥٦,٥٪) بوو هی شارنشین (٤٣,٥٪) لە ساڵی ١٩٧٧ رێژەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە گوندنشین دەبێتە (٤٥,٨٪) و شار دەگاتە (٥٤,٢٪) واتە رێژەکە بەرز دەبێتەوە لە ساڵی ١٩٨٧ رێژەکە بەرزتر دەبێتەوە و شارنشین دەگاتە (٧٠,٩٪) کە رێژەکە زۆر لە پێشتر بەرزترە و گوندنشین کەم دەبێتەوە بۆ (٢٩,١٪).

خشتەی ٢

ئەو گۆڕانکارییانە نیشان دەدات کە لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٥–١٩٨٧) لە رووی دانیشتووان بەسەر شار و گوندەکانی کوردستان داهات(*).

| سەرژمێر | دانیشتووان | گوندنشین | | شارنشین | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ٪ | هەزار | ٪ | هەزار |
| ١٩٦٥ | ٢٢٧١ | ٥٦,٥ | ١٢٥٣ | ٤٣,٥ | ٩٦٤ |
| ١٩٧٧ | ٣٣٠٣ | ٤٥,٨ | ١٥١٢ | ٥٤,٢ | ١٩٧١ |
| ١٩٧٨ | ٤٣٨٧ | ٢٩,١ | ١٢٧٦ | ٧٠,٩ | ٣١١١ |

سیاسەتی راگواستنی زۆرە ملێ لە کوردستان چەندان ئاکامی خراپی لەسەر بنیاتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی بەجێ هێشت، لێرەدا دەتوانین چەند بدەرەئەنجامێك کە توێژینەوەکان لەو بارەیەوە پێی گەیشتوون باسی بکەین.

(*) سەرچاوەی ئەم زانیارییە لە کتێبەکەی د. عەبدولا غەفور، ئەتنۆ – دیمۆگرافیای باشووری کوردستان، بڵاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی دووەم سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٧٠ وەرگیراوە.

١- بەلادێبوونی شارەکان بە یەکێك لە ئاکامە نێگەتیڤەکانی ئەم کردارە دادەنرێ، کە بووە هۆی زاڵبوونی کولتووری لادێ لەناو شار و لە هەمان کات لەناوچوونی کولتووری لادێنشینەکان لەژێر کاریگەریی شێوازی ژیان لە لادێیەکان و هێنانە کایەی کولتوورێکی هاوبەش نەشاری نەلادێی بۆ هەردووك لا[١].

٢- لە ئاکامێکی تری پرۆسەی راگواستنی گوند و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان بریتی بوو لە لەناوبردنی کەرتی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لە کوردستان کە بەژێرخانی ئابووری کوردستان دەژمێردرا[٢].

خشتەی ٣

جیاوازی مانگا، مەڕ و بزن لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی ساڵانی (١٩٧٥-١٩٩٧) نیشان دەدات.

| جۆری ئاژەڵەکان | ساڵی ١٩٧٥ | ساڵی ١٩٩٧ | جیاوازی نێوان ئەو ماوەیە |
|---|---|---|---|
| مانگا | ١٩٩,٥١٢ | ٩٩,٥٩٨ | ٩٩,٩١٤- |
| مەڕ و بزن | ٥٦٩,٩٤١ | ٤٨٢,٢٧٣ | ٨٧,٦٦٨- |

وەکو لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە رێژەی مانگا و مەڕ و بزن کە بە سامانی ئاژەڵی کوردستان دادەنرێ لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی کوردستان بەرەو کەمبوونەوە چووە بە رێژەیەکی بەرچاو.

ئەوەی سەرەوە تەنیا ئاماژەکردنە بە دوو جۆرە کاریگەریی خراپی راگواستن لەسەر کۆمەڵگەی کوردی، لە کاتێکدا کاریگەرییەکان زۆر لەوە زیاترن، بەڵام لەبەرئەوەی راگواستن بابەتی سەرەکی باسەکەی ئێمە نییە بۆیە تەنیا ئاماژە بەو دوو خاڵە دەکەین.

سەرەڕای راگواستن، تاوانی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨یش بە یەکێك لەو کارەساتانەیە کە وەکو توێژەرەکان ئاماژەی پێ دەکەن، چەندان کاردانەوەی خراپی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی بەجێ هێشتووە و هۆکارە لە تێکدانی بنیاتی ئابووری و

(١) موورادحەکیم، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٠، ٢١١.

(٢) هەمان سەرچاوە, ل١٧٧.

کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد.

تێکدانی ژێرخانی ئابووریی کوردستان یەکێك لە پاشماوەکانی ئەم کارەساتەیە، لەبەرئەوەی وەکو سەبارەت بە راگواستنیش ئاماژەمان پێ دا تێکدانی گوندەکان کە لە شاڵاوی هەشت قۆناخی ئەنفال گەیشتە لووتکە بە مانای تێکدانی ژێرخانی ئابووری کوردستان دێت کە پشتی بەکاری کشتوکاڵی دەبەست، حکوومەتی عێراق بۆ هێنانەدیی پلانەکانی سەبارەت بە قۆناخەکانی ئەنفال بەبڕیاری ژمارە (٤٠٠٨/٢٨) لە ١٩٨٧/٦/٢٠ بڕگەی سێیەم کە لەلایەن سکرتاریەتی رێکخراوی باکوری حزبی بەعس دەرچووە، فەرمان دەردەکات کە "هاتوچۆکردن بۆ ناوچە قەدەخەکراوەکان، ئاژەڵداری، کشتوکاڵ و هەر کارێکی تری بەرهەمهێنان قەدەخەیە، لەسەر دەزگا پێوەندارەکانیش پێویستە بە وردی پەیڕەوی ئەم بڕیارە بکەن، ئەگەر نا بەرپرسیار دەبن"[١].

حکوومەتی بەعس لە درێژەی تێکدانی ژێرخانی ئابووری کوردستان و وێرانکردنی کەرتی کشتوکاڵی، وەکو زانراوە، زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکانی بەتایبەت لە ناوچە شاخاوییەکان مینرێژ کردووە بەپێی ئامارێك دەرکەوتووە کە (١٤) چواردە ملیۆن مین لە کوردستان چێنراون کە (٧٦٢) حەفت سەد و شەست و دوو گوندی لە دانیشتوانی قەدەخە کردووە[٢].

کاردانەوەی خراپی تاوانی ئەنفال لە رووی ئابووری و کشتوکاڵییەوە ئەوەندە ریشەیی بوو، بەجۆرێك تاکو ئەمڕۆش خەڵکی کوردستان لە ئەنجامی نێگەتیڤی ئەم تاوانە دەرباز نەبووە.

لای هەموو لایەك ئاشکرایە کە جووتیار و ئەوانەی بەکاری ئاژەڵداری و بەخێوکردنی پەلەوەر خەریك بوون کە زۆربەیان لە لادێکان دادەنیشتن بەر لە تاوانەکانی راگواستن و شاڵاوی ئەنفال رێژەیەکی بەرچاو بوون، کەچی وەکو لەو ئامارەی کە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٧ سەبارەت بە تاوانەکانی کۆمەڵکوژی لە سەرتاسەری

(١) یووسف دزەیی، ئەنفال کارەسات، ئەنجام و رەهەندەکانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٤٨.
(٢) هەمان سەرچاوە، ل٤٨.

کوردستان ئەنجامیان داوە، دەرکەوتووە کە لەناو کەسوکاری قوربانییان، وەکو زۆربەی زانیارییەکان سەبارەت بە تاوانی کۆمەڵکوژی کورد دەری دەخەن، بەتایبەتی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان لە ١٩٨٣ و ئەنفال لە ١٩٨٨، زۆربەیان خەڵکی لادێکانی کوردستان بوون و بەو مانایەی زۆربەیان کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییان دەکرد. کەچی ئەمڕۆکە تەنیا (١,٢٪) یەك ژمارەی تەواو فاریزە حەڤدە لە سەدا کاری شوانی دەکەن. لە بەرامبەردا ڕێژەی زۆرینە کە (٤٤,٩) چل و چوار ژمارەی تەواو فاریزە نۆ لە سەدایان ئافرەتی ماڵن و بێ کارن، ئەوانی تریش وەکو لە هێلکارییەکان دەرکەوتووە کاسب یاخود فەرمانبەر یاخۆ بێ کارن، ئەنجامی ئەم ئامارە ئەوە دەردەخات کە ئەم تاوانە کۆمەڵگەی کوردی لە کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێن بەرەو کۆمەڵگەیەکی بەکاربەر بردووە، سەیری خشتەی ژمارە (٤) بکە.

خشتەی ژمارە ٤

ڕەوشی پیشەو جۆری کاری کەسوکاری قوربانیان نیشان دەدات.

| پیشە | هەولێر | | سلێمانی | | کەرکووک | | دهۆك | | کۆ | ڕێژە٪ لە هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە٪ لە هەرێم | ژمارە | ڕێژە٪ لە هەرێم | ژمارە | ڕێژە٪ لە هەرێم | ژمارە | ڕێژە٪ لە هەرێم | | |
| فەرمانبەر | ١٨٥٢ | ٢،٦٢ | ٢٠٤٣ | ٢،٨٩ | ٥٢١ | ٠،٧٤ | ٥٠٨ | ٠،٧٢ | ٤٩٢٤ | ٦،٩٩ |
| کاسب | ١٨٧٩ | ٢،٦٦ | ٣٣٢٩ | ٤،٧١ | ٢٤٩٣ | ٣،٥٢ | ١٢٤٨ | ١،٧٦ | ٨٩٩٤ | ١٢،٦٥ |
| خانەنشین | ٢٧٦ | ٠،٣٩ | ٦٧٣ | ٠،٩٥ | ١٠٥ | ٠،١٥ | ١٥٣ | ٠،٢٢ | ١٢٠٧ | ١،٧١ |
| ئافرەتی ماڵ | ٨٨٠٨ | ١٢،٤٥ | ٨٠٧٥ | ١١،٤٢ | ٢٧٧٣ | ١٠،٢٨ | ٥٣٤٨ | ٧،٥٦ | ٢٩٥٠٤ | ٤١،٧١ |
| بێ کار | ٣٤٠١ | ٤،٨١ | ٥١٩٠ | ٧،٤٣ | ٢٩٠٤ | ٤،١١ | ١٦٩٩ | ٢،٤٠ | ١٣١٩٤ | ١٨،٦٥ |
| پ م | ٢٧٣٧ | ٣،٨٧ | ٦٧٣ | ٠،٩٥ | ٩١٣ | ١،٢٩ | ٩٩٢ | ١،٤٠ | ٥٣١٥ | ٧،٥١ |
| پۆلیس | ٢٩٤ | ٠،٤٢ | ٧٦٥ | ١،٠٨ | ٣٧٥ | ٠،٥٣ | ١٢٩ | ٠،١٨ | ١٥٦٣ | ٢،٢١ |
| پیاوی ئاینی | ٢٢ | ٠،٠٣ | ٢١ | ٠،٠٣ | ١٢ | ٠،٠٢ | ٨ | ٠،٠١ | ٦٣ | ٠،٠٩ |
| جووتیار | ١٠٩ | ٠،١٥ | ٣٠٢ | ٣٠٢ | ٢١١ | ٠،٣٠ | ١٤٩ | ٠،٢١ | ٧٧١ | ١،٠٩ |
| شوان | ٢٢ | ٠،٠٣ | ١٢٩ | ١٢٩ | ١١١ | ٠،١٦ | ١٠ | ٠،٠١ | ٢٧٢ | ٠،٣٨ |
| کۆی گشتی | ١٩٤٠٠ | ٢٧،٤٣ | ٢١٢٠٠ | ٢١٢٠٠ | ١٤٩١٨ | ٢١،٠٩ | ١٠٢٤٤ | ١٤،٤٨ | ٦٥٧٦٢ | ٩٢،٩٧ |

ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی تری تاوانی ئەنفال بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان بریتی بوو لە دابەزینی ئاستی خوێندەواری و بەرزبوونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری لە کوردستان کە بێگومان ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆکارە بۆ پەکخستنی پرۆسەی پێشکەوتن لەو کۆمەڵگەیەدا.

لەبەرئەوەی هەر لەو ئامارەی کە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان سەبارەت بە کاریگەریی تاوانی ئەنفال ئەنجامیان داوە دەرکەوتووە کە زۆرینەی کەسوکاری قوربانیان کە ڕێژەکەی دەگاتە (٥٣،٢٪) پەنجا و سێ فاریزە دوو لە سەدا نەخوێندەوارن کە بێگومان هۆی سەرەکی ئەمەش بۆ ئەو کەمتەرخەمییەی حکوومەتی بەعس دەگەڕێتەوە لە دابینکردنی خزمەتگوزاری وەکو قوتابخانە لە گوند و ناوچە کوردنشینەکان و هەروەها تێکدانی گوندەکان و وێرانکردنی قوتابخانەکان لە کاتی شاڵاوی ئەنفال و دابڕینی منداڵان لە قوتابخانە بەهۆی نەبوونی ئارامی و تێکچوونی ڕەوشی ژیانی کۆمەڵایەتییان، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە خشتەی ژمارە (٥).

خشتەی ژمارە ٥

ئاستی خوێندەواری کەسوکاری قوربانیان نیشان دەدات لە قۆناغی ئێستا.

| بڕوانامە | هەولێر | | سلێمانی | | کەرکووک | | دهۆک | | کۆ | ڕێژە٪ لە هەرێم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە٪ لە هەرێم | ژمارە | ڕێژە ٪ لە هەرێم | ژمارە | ڕێژە٪ لە هەرێم | ژمارە | ڕێژە٪ لە هەرێم | | |
| نەخوێندەوار | ١١٠٦٠ | ١٥،٦٤ | ٩١٨٣ | ١٢،٩٨ | ٨٣٣٧ | ١١،٧٩ | ٦٣٧٨ | ٩،٠٢ | ٣٤٩٥٨ | ٤٩،٤٢ |
| خوێندن و نووسین | ٢٩١٣ | ٤،١٢ | ٤٢٨٠ | ٦،٠٥ | ٣٠٩٤ | ٤،٣٧ | ١٤٢٦ | ٢،٠٢ | ١١٧١٣ | ١٦،٥٦ |
| سەرەتایی | ٢٧٨٥ | ٣،٩٤ | ٣٨٥٥ | ٥،٤٥ | ١٩٥٠ | ٢،٧٦ | ١٠٥٩ | ١،٥٠ | ٩٦٤٩ | ١٣،٦٤ |
| ناوەندی | ١٠٥٧ | ١،٩٤ | ١٥٥٥ | ٢،٢٠ | ٧٠٥ | ١،٠٠ | ٦٧٨ | ٠،٩٦ | ٣٩٩٥ | ٥،٦٥ |
| ئامادەیی | ٥٩٦ | ٠،٨٤ | ١٠١٧ | ١،٤٤ | ٤٣٦ | ٠،٦٢ | ٣٧٤ | ٠،٥٣ | ٢٤٢٣ | ٣،٤٣ |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دبلوم | ٤٧١ | ٠،٦٧ | ٧٦٩ | ١،٠٩ | ٢١٨ | ٠،٣١ | ١٦٥ | ٠،٢٣ | ١٦٢٣ | ٢،٢٩ |
| بەكالۆریوس | ٣٩٩ | ٠،٥٦ | ٤٦٥ | ٠،٦٦ | ١١٦ | ٠،١٦ | ١١٨ | ٠،١٧ | ١٠٩٨ | ١،٥٥ |
| دبلۆمی باڵا | ٢٠ | ٠،٠٣ | ١٤ | ٠،٠٢ | ٧ | ٠،٠١ | ١٠ | ٠،٠١ | ٥١ | ٠،٠٧ |
| ماجستێر | ٨ | ٠،٠١ | ٢٠ | ٠،٠٣ | ٢ | ٠،٠٠ | ٢ | ٠،٠٠ | ٣٢ | ٠،٠٥ |
| دوكتۆرا | ٢٢ | ٠،٠٣ | ٢٣ | ٠،٠٣ | ٢٥ | ٠،٠٤ | ١١ | ٠،٠٢ | ٨١ | ٠،١١ |
| نازانم | ٦٩ | ٠،١٠ | ١٩ | ٠،٠٣ | ٢٨ | ٠،٠٤ | ٢٣ | ٠،٠٣ | ١٣٩ | ٠،٢٠ |
| كۆی گشتی | ١٩٤٠٠ | ٢٧،٤٣ | ٢١٢٠٠ | ٢٩،٩٧ | ١٤٩١٨ | ٢١،٠٩ | ١٠٢٤٤ | ١٤،٤٨ | ٦٥٧٦٢ | ٩٢،٩٧ |

كەواتە وەكو لەو دوو نموونەیە بۆمان دەردەكەوێ و لەمیانی شیكردنەوەی ئەو رەوشە سیاسی و كۆمەڵایەتییەی كە كۆمەڵگەی كوردی تێیدا ژیاوە لەو نەتەوەیە جگە لە كۆمەڵگەیەكی دواكەوتوو خودان كەسایەتی تێكشكا و ئابووری داڕوخاو دۆخێكی تر بەرهەم نایەت. كەواتە حكوومەتی كوردستان لە دەستپێكی دامەزراندنیەوە ئەركێكی زۆر قورسی كەوتووەتە ئەستۆ كە بریتییە لە بەڕێوەبردن و دووبارە بنیاتنانەوەی كۆمەڵگەیەكی داڕوخاو و تێكوپێك شكێندراو. بۆیە حكوومەتی كوردستان لە سەرەتای دامەزراندنیەوە كەوتە بەرامبەر دوو ئەركی زۆر گرینگ، یەكەم شۆردن و پاككردنەوەی كۆمەڵگەی كوردی لە ئایدیۆلۆجیەتی بەعس و بە بەعسكردنی گشت داوودەزگاكانی بەڕێوەبردنی میری و بوارەكانی ژیان، دووەم گۆڕینی كۆمەڵگەی كوردی و بەجۆرێك گونجاو بێ لەگەڵ سیستەمی دیموكراسی و بنەماكانی مافی مرۆڤ و جیهانی پێشكەوتووی سەردەم.

كەواتە حكوومەتی كوردستان پێویست بوو شۆڕشێكی كولتووری، كۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی لە گشت داوودەزگاكانی حكوومەت بەرپا بكات. ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە كە ئایا حكوومەتی هەرێمی كوردستان تا چەند ئەو ئەركەی بەجێ گەیاند؟ لەبەرئەوەی لەو باسەدا پرسی پەروەردە و فێركردن بابەتی سەرەكی باسی ئێمەیە ئەوەی زیاتر بۆ ئێمە پرسیار دروست دەكات و جەختی لەسەر دەكەینەوە گۆڕانكارییەكانی بواری پەروەردەكردنە، بۆیە ئەو پرسیارە لەلامان دروست دەبێ كە

ئـایـا دوای پێکهـاتنـی حکوومـەتی کوردستـان ڕەوشی پـەروەردە و فێرکردن چـەندە گۆڕانکاری بەسەرداهات و ئەو پرسە گرینگە بەرەو چ ئاقارێك چوو؟ ئەم دەزگایە گرینگە تا چەند توانیوویەتی لە هێنانە کایەی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی کـاریگـەریـی هـەبێ؟ سیستـەمـی پـەروەردە چـەندە لـە بـەهـێزکـردنـی هـۆشیاری نەتەوەیی و دروستکردنی هەستی نیشتمانپەروەری لای تاکی کورد سەرکەوتوو بووە؟

بۆ هێنانە کایەی گۆڕانکاری و بووژاندنەوە و پێشکەوتن ئەزموونەکانی میللەتانی جیهانی دوای شەڕی جیهانی یەکەم و دووەم ئەوەیان سەلماندووە کە سیستەمی پـەروەردە و فـێرکـردن و نـاوەنـدە زانستـیـیـەکـان دەکرێ ببن بـە بـاشترین ئـامراز بـۆ بووژانەوە و گەشەپێکردنی کۆمەڵگە لە گشت ڕوویەکەوە، ئایا تا چەند حکوومەتی کوردستان لە بەکارهێنانی ئەم ڕێبازە سەرکەوتوو بووە؟

سەبارەت بەو پرسیارەی کە تا چەند ڕووداوی ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکوومەتی کوردستان گۆڕانکاریی ریشەیی و هەمەلایەنەی دروست کرد بۆچوونی جیاواز هەیە بۆ نموونە: (فالح عبد الجبار) رای وایە کە: « ئەو ڕاپەڕینەی کە لە کوردستان دوای شەڕی کـەنـداو هـەڵگـیرسا، شۆڕشێك بـوو بـە مـانـا سیـاسیـیـەکـەی، بـەڵام لـە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە زۆربەی شتەکانی وەکو خۆی هێشتەوە»(١). بەو مانایەی کە ناوبراو باوەڕی وا نییە کە لەو قۆناخەدا توانرا بێت گۆڕانکاری هەمەلایەنە ئەنجام بدرێ.

بەر لەوەی ڕا و بۆچوونی خۆمان سەبارەت بەو پرسیارە گرینگە دەرببڕین بۆ ئەو مەبەستە بە پێویستی دەزانین کە ئەو گۆڕانکاری و کار و چالاکییانەی لە بواری پـەروەردە و فـێکـردن کـە بـە تـەوەری سەرەکی بـاسەکـەی ئێمـە لـە مـاوەی پێکـهـاتنـی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراون بخەینە ڕوو.

بە داخەوە نەبوونی سەرچاوە و باس و توێژینەوەی زانستی سەبارەت بە ڕەوشی پەروەردەکردن لەو قۆناخەدا توێژەر ناچار دەکات بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پێویست پشت بەو سەرچاوە کەمە ببەستێ کە لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەدەستی کەوتووە. هەروەها ئەنجامی چاوپێکەوتن لەگەڵ شارەزا و بەرپرسانی ئەم دەزگایە لە قۆناخی جیاوازدا بە سەرچاوەیەکی تری زانیاری.

---

(١) فالح عبد الجبار وهشام داود، الأثنية والدولة (الكرد في العراق وإيران وتركيا)، ت: عبد الإلة النعيمي، معهد الدراسات الاستراتيجية، الطبعة الأولى ٢٠٠٦ بغداد ، ص٢٦١.

پاش ئەوەی لە ١٩٩٢/٥/١٩ یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان ئەنجام دا، لە ١٩٩٢/٧/٤ یەکەم کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە لە پازدە وەزارەت پێك هاتبوو دەستی بەکارەکانی خۆی کرد.

لە رێککەوتی ١٩٩٢/٩/١ لە دانیشتنێکی پەرلەمانیدا یاسای وەزارەتی پەروەردە بە ژمارەی (٤) بۆ ساڵی ١٩٩٢ دەرچوو[١]، بەپێی ئەم یاسایە بۆ یەکەم جار پەیکەری وەزارەتی پەروەردە دامەزرا بەجۆرێك رەنگدانەوەی نەتەوەییی کوردی پێوە دیار بوو، پێچەوانەی یاسای پێشوو کە لایەنی عروبە تێیدا زۆر زەق کرابووەوە.

حکوومەتی تازە دامەزراوی هەرێمی کوردستان بەرێگەی وەزارەتی پەروەردە چەند چاکسازییەکی لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن دەست پێ کرد هەر لە گۆڕینی بابەتەکانی خوێندن بەتایبەتی لە وانە کۆمەڵایەتییەکان و زیادکردنی ژمارەی قوتابخانە و مامۆستا و برەودان بە زمانی کەمەنەتەوەکانی تر. لەبەرئەوەی ئەگەر بابەتەکانی خوێندن بە نموونە بهێنینەوە بەتایبەتی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتمانی) کە لەلایەن حکوومەتی بەعسەوە چاپ دەکران لە ناوەڕۆکیدا پشتی بە فەلسەفەی سیاسی ئەو رژێمە دەبەست، بۆیە هەر دوای پێکهاتنی کابینەی یەکەم وەزارەتی پەروەردە چەندان لیژنەی تایبەتمەند و پسپۆڕی بۆ گۆڕینی هەندێك لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان پێك هێنا، لەوانە گۆڕینی بابەتی پەروەردەی نیشتمانی بوو لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی تاکو پۆلی سێیەمی ناوەندی کە گۆڕانکارییەکان بە رێژەی ٨٠–١٠٠٪ ئەنجام دران بەتایبەتی پەروەردەی نیشتمانی پۆلی سێیەمی ناوەندی کە لە ١٠٠٪ گۆڕانکاری بەسەردا هات. لە بابەتی مێژووش مێژووی کورد زیاد کرا، هەروەها پاشکۆیەك لە مێژووی کورد زیادکرایە سەر وانەی مێژوو لە گشت قۆناخەکانی دواناوەندیدا.

لە گۆڕانکاریی تر کە لە بواری وانەی خوێندن کراوە زیادکردنی وانەی تایبەت سەبارەت بە وانەی جوگرافیاش گۆڕانکاریی تێدا کرا و بە جۆرێك جوگرافیای کوردستان خرایە ناو بابەتەکانی پۆلی سێیەمی ناوەندی[٢].

---

(١) مجموعة القوانين والقرارات الصادرة عن المجلس الوطني لكوردستان العراق للفترة من ١٩٩٢/٦/٤ لغاية ١٩٩٢/١٢/٣١، المجلة الأولى، الطبعة الأولى، ١٩٩٧، ص٧٨.

(٢) التربية والتعليم في إقليم كوردستان العراق ١٩٩٢–٢٠٠٣، وەزارەتی پەروەردە – حکوومەتی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل ٣٠.

سەبارەت بە زیادبوونی ڕێژەی قوتابخانەکان و مامۆستایان و قوتابییان وەکو لەو ژمارانەی لە وەزارەتی پەروەردە بە دەستمان کەوتوون بۆمان دەردەکەوێ کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە لە گشت شار و ناوچە و گوندەکانی کوردستان قوتابخانە دروست بکات و مامۆستایان بۆ دابین بکرێ، ڕاستی ئەو مەسەلەیەشمان ئەو کاتە زیاتر بۆ دەردەکەوێ کاتێك بەراوردێك دەکەین لە نێوان ژمارەی قوتابخانە و مامۆستا و قوتابی لە هەردوو ماوەی بەر لە دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پاش دروستبوونی. سەیری خشتەی ژمارە (٦) بکرێ.

خشتەی ژمارە (٦) بەراوردێك لە نێوان ژمارەی قوتابخانەکان و مامۆستایان و قوتابییان لە سالانی خوێندنی (١٩٩٠– ١٩٩١/ ١٩٩٩–٢٠٠٠/ ٢٠٠٤–٢٠٠٥) لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك نیشان دەدا(*).

| سالی خوێندن | ژمارەی قوتابخانەکان | ژمارەی مامۆستایان | ژمارەی قوتابییان |
|---|---|---|---|
| ١٩٩٠–١٩٩١ | ٩٠١ | ١١٩٢٩ | ٢٩٩٥٣٠ |
| ١٩٩٩–٢٠٠٠ | ١٧١٩ | ٢١٦٥٦ | ٤٦٠٦٩٤ |
| ٢٠٠٤–٢٠٠٥ | ٣٦٦١ | ٣٧٨٥٩ | ٦٣٣٨٩٣ |

وەکو لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ، ڕێژەی قوتابخانە و مامۆستا و قوتابییان بە ڕێژەیەکی زۆر بەرچاو زیادی کردووە، ئەگەر ژمارەی قوتابخانەکان تا سەردەمی حکوومەتی بەعس تەنیا (٩٠١) نۆسەد و یەك قوتابخانە بووە ئەوە لە ماوەی چوار کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا سالی ٢٠٠٥ گەیشتووەتە (٣٦٦١) سێ هەزار و شەشسەد و شەست و یەك قوتابخانە، ژمارەی مامۆستایانیش لە (١١٩٢٩)

(*) ئەو زانیارییانەی سەرەوە تەنیا تایبەتە بە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك لەبەرئەوەی زانیاری پێویستمان لەسەر پارێزگای سلێمانی دەست نەکەوت. سەرچاوە: وەزارەتی پەروەردە لە سەردەمی کابینەی چوارەمدا ٢٠٠١–٢٠٠٥، ئامادەکردنی: ئەحمەد قەرەنی و بەهائەدین جەلال و، زنجیرە بلاوکراوەکانی کۆواری ئاسۆی پەروەردەیی –٢٣–، هەولێر–٢٠٠٥، ل. ث.

یازده هەزار و نۆسەد و بیست و نۆ گەیشتووەتە (٣٧٨٥٩) سی و حەفت هەزار و هەشتسەد و پەنجا و نۆ، ژمارەی قوتابییانیش لە (٢٩٩٥٣٠) دووسەد و نەوەد و نۆ هەزار و پێنج سەد و سی گەیشتووەتە (٦٣٣٨٩٣) شەش سەد و سی و سێ هەزار و هشتسەد و نەوەد و سێ.

بایەخدان بە زمانی کوردی بە یەکێك لەو کارە گرینگانە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەنگاوی بۆ هاویشتووە بەجۆرێك ئەوەی پێوەندیی بە کردنی زمانی کوردی بە زمانی خوێندن و فێرکردنەوە ئەوا لە سەرەتای ساڵی خوێندنی (١٩٩٢-١٩٩٣) و فەرمانی وەزاری بۆ دەرکرا و بەم جۆرە جێبەجێ کرا:

١- لە قوتابخانەکانی کوردیدا، هەموو وانەکان بە زمانی کوردی دەخوێندرێن، زمانی کوردیش وەکو وانەیەکی تایبەتی:

أ- لە قۆناخی سەرەتاییدا لە پۆلەکانی ١ و ٢ و ٣ هەر هەفتەی یازدە وانەی زمانی کوردی دەخوێندرێ، لە پۆلی چوارەم حەفتەی حەوت دەرسی زمانی کوردی دەخوێندرێ و پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم لە هەر یەکیان چوار وانەی زمانی کوردی دەخوێندرێ.

ب- لە قۆناخی ناوەندی دا، لە هەرسێ پۆلەکانیدا حەفتانە چوار وانە زمانی کوردی دەخوێندرێ.

ج- هەروەها لە قۆناخی دواناوەندیشدا حەفتانە لە پۆلەکانی چواری گشتی و پێنج و شەشی زانستی و وێژەیی چوار وانەی زمانی کوردی دەخوێندرێن.

لە قوتابخانەکانی عەرەبیش جگە لە وانەیەکی کوردی وانەکانی تر بە زمانی عەرەبی دەخوێندرێن(١).

لە هەنگاوێکی تری کە وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دەست بەکاربوونیدا رەچاوکردنی مافی کەمەنەتەوەیی و ئاینییەکانی ناو چوارچێوەی هەرێمی کوردستان بوو لە خوێندن بە زمانی دایکی خۆیان.

ئەم مەسەلەیە بەڕوونی لە یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤) بۆ ساڵی ١٩٩٢ لە مادەی چوارەم برگەی (٣)دا بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەی پێ کراوە: (کردنی زمانی

(١) وتاری وەزیری پەروەردە د. ناسیح غەفور رەمەزان لە کۆنفرانسی (زمانی کوردی لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا) کە لە ٢٨ و ١٩٩٣/١١/٢٩ لە پاریس بەسترا پێشکێش کرا.

کەمایەتییەکان بە زمانی فێرکردن لە پلەی سەرەتاییدا لەو ناوچانەدا کە تێیدا نیشتەجێن بەمەرجێ فێرکردنی زمانی کوردی تێیاندا بەزۆری پێ بێ)[١].

لەبەر رۆشنایی ئەو یاسایە وەزارەتی پەروەردە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستا بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ خوێندنی تورکمانی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ خوێندنی سریانی[٢]. وەکو لەم خشتەیەی خوارەوە دەردەکەوێ چەندان قوتابخانە لە ناوچە جیاوازەکاندا بۆ کەمەنەتەوەیی و ئاینییەکانی تری کوردستان کرایەوە.

خشتەی ژمارە ٧

ژمارەی قوتابخانە و قوتابی و مامۆستایانی زمانەکانی تر لە کوردستان نیشان دەدا.

| جۆری خوێندن | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی قوتابییان |
|---|---|---|---|
| تورکمانی | ١٥ | ٢٥٨ | ٢٢٠٨ |
| سریانی | ٤٤ | ٥٢٠ | ٤٩٤١ |
| خوێندنی ئاینی یەزیدی | ٣٠ | ٥٥٠ | ١٢٢٤٦ |
| عەرەبی | ١١ | ٢٤١ | ٥٧٩٥ |
| زمانی فارسی(*) | ١ | ١ | ٢٢ |
| ئەرمەنی | ٢ | ١٨ | ١٥٩ |
| کۆی گشتی | ١٠٣ | ١٥٨٨ | ٢٥٣٦٩ |

وەکو لە خشتەی ژمارە (٧) دەردەکەوێ تا ساڵی ٢٠٠٥ رێژەی (١٥) پازدە قوتابخانە

(١) التربيه والتعليم في إقليم كوردستان العراق ١٩٩٢-٢٠٠٣، ص ٥٠.

(٢) وەزارەتي پەروەردە لە سەردەمی کابینەی چوارەمدا ٢٠٠٠-٢٠٠٥، ل ٣١.

(*) هەبوونی قوتابخانەی زمانی فارسی لە کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوای راپەرینی کوردستان و ئازادکردنی ئەو هەرێمە رێژەیەکی زۆر لە خێزانە کوردییەکان کە بۆ ماوەی چەندان ساڵ ئاوارەی وڵاتی ئێران بووبوون گەڕانەوە کوردستان و منداڵەکانیان گرفتی خوێندنیان هەبوو زمانی کوردییان نەدەزانی بۆ ئاسانکاری و دانەبڕانی ئەوان لە خوێندن قوتابخانەی زمانی فارسییان بۆ کردنەوە.

بە زمانی تورکمانی و (٤٤) چل و چوار بە زمانی سریانی و (٣٠) سی خوێندنی ئاینی یەزیدی و (١١) یازدە قوتابخانەی زمانی عەرەبی و (١) یەك قوتابخانەی زمانی فارسی و (٢) قوتابخانەی ئەرمەنی لە هەردوو پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك کراونەتەوە.

هاوکات لەگەڵ هەوڵەکانی وەزارەتی پەروەردە لە هێنانە کایەی گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردە لە بوارەکانی پرۆگرامی خوێندن و دروستکردن یاخۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان و دابینکردنی کەلوپەل و کردنەوەی خولی راهێنانی پێویست بۆ مامۆستا و ستافی پەروەردەیی، بێگومان چەند رێکخراوێکی جیهانی هاوکار بوون، رێکخراوەکانی وەکو یونیسێف، و دیاکۆنیای سویدی، رێکخراوی (F.C.S) و بەتایبەتی رێکخراوەکانی (یونسێف، یونسکۆ، هابیتات)، قوتابخانەکان[١]، تیپی زەیتونی کۆریای باشووریش پاش رووخانی رێژیمی بەعس لەو رووەوە رۆڵی بەرچاوی بینیووە.

لە کۆی ئەو زانیارییانەی سەرەوەدا دەتوانین ئەوە بدەرئەنجام بکەین کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە بە بەردەوامی و پەرە بە لایەنی پرۆسەی پەروەردەیی بدات لە کوردستان. وەکو بینیمان لە رووی چەندایەتییەوە گۆڕانکارییەکی بەرچاو دەبینرێ، لە رووی چۆنایەتیشەوە هەوڵ دراوە گۆڕانکاری لە ناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی خوێندن بکرێ هەروەها هەوڵ دراوە بابەتەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و دیموکراسیەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بخرێنە ناو بابەتی خوێندن  و هەوڵیش دراوە رووی فەلسەفەی بەعس لە سیستەمی پەروەردە لابرردرێ و رێبازێکی تازە و پشتبەستوو بە بنەمایەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ بە لە بەرچاوگرتنی تایبەتمەندی نەتەوەی کورد پەیڕەو بکرێ، بەڵام تا چەند لەو رووەوە سەرکەوتن بەدەست هاتووە ئەوا بەڕێگەی ئەنجامدانی چەند چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کەس و لایەنی پێوەندار هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە.

وەکو لە بەشەکانی پێشووتریش باسمان کرد، حکوومەتی بەعس بە بەرنامە کاری لەسەر ئەوە دەکرد کە گشت بوارەکانی پەروەردە و فێرکردن بە بەعسی بکات و بە جۆرێك لە وردبوونەوە لەناو پرۆگرامەکانی خوێندن سیاسەتی بەعس و پرسی عروبە

---

(١) وەزارەتی پەروەردە لە سەردەمی کابینەی چوارەمدا (٢٠٠٠–٢٠٠٥) سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

بە زەقی دەبینرا، سەرەڕای ئەوە بەردەوام هەوڵ دەدرا کە مامۆستاکان بە بیرۆکە و فەلسەفەی بەعس پەروەردە بکرێن و تەنانەت وەکو دوکتۆر (ناسیح غەفور)[*] دەڵێ: لە مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابییان لە هەندێك لە کۆلێج و پەیمانگەکانی وەکو (کۆلیجەکانی پەروەردە، پەروەردەی وەرزشی، کۆلێجی پەروەردەی کچان، پەیمانگەی مەڵبەندی مامۆستایانی) کە دەرچووەکانیان دەبوون بە مامۆستا دەبوایە ببن بە بەعسی و فۆرمی بەعسیبوون پڕ بکەنەوە[1].

حکوومەتی بەعس هەر بەوەندە نەوەستاوە بگرە وەکو بەڵگەنامەکان دەری دەخەن، لە کاتێکدا ئەگەر مامۆستاکان سەرپێچییان بکردبایە و نەبووبانە بە بەعسی ئەوا حکوومەت بە فەرمانێکی سەروو بە زۆر دەیگواستنەوە بۆ داوودەزگای تر، بۆ زانیاری زیاتر سەیری نووسراوەکانی حکوومەتی عێراقی ژمارە م/پ/ ٢٥٠٣٦ لە ڕێککەوتی ١٩٨١/٨/١١ و نووسراوی ژمارە ٢٠٢٦٤/٥٩/١/٢ لە ڕێککەوتی ١٩٨١/٧/٢ و نووسراوی ژمارە م/پ/ ٢٨٧٦٤ لە ڕێککەوتی ١٩٨١/٩/١٩ بکە، کە لە پاشکۆی ژمارە (١٢) بڵاو کراوەتەوە.

بۆیە وەکو (ناسیح غەفور) دەڵێ: گەورەترین گرفتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندن لە بواری پەروەردەدا چۆنیەتیی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ ئەم ڕەوشە. لەبەرئەوەی زۆربەی بەرپرس و شارەزا و مامۆستایان لەناو دامەزراوەی پەروەردە بە بەعسی کرابوون، جا چ لەبەر پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان یان بە مەیل و ئارەزوومەندانە ئەو ڕێبازەیان قبووڵ کردبێت. ئەمەش پێچەوانەی ڕێبازی پەروەردەییی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو کە جەختی لەسەر ڕێبازی کوردایەتی دەکردەوە[2].

وەکو هەنگاوی یەکەم، بۆ ڕزگاربوون لەو گرفتە و کاڵکردنەوەی بیری بەعس لەناو مامۆستایان، وەزیری پەروەردە لە یەکەم کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێ: (٤٠٠٠) چوار هەزار مامۆستای تازە کە لە ساڵەکانی ١٩٨٠-١٩٩٢ لەبەر

(*) دکتۆر ناسیح غەفور یەکەم وەزیری وەزارەتی پەروەردە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی سالانی(1992 -1996) .

(١) ئەم زانیارییە لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ د. ناسیح غەفور وەرگیراوە لە ڕێککەوتی ٢٠٠٨/٨/٢.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ د. ناسیح غەفور.

مەسەلەی کوردایەتی و نەبووبوونە بەعسی و دانەمەزرابوون، ڕەزامەندی درا لەسەر دامەزراندنیان.

سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای دامەزراندنی لە بواری پەروەردە و فێرکردنی کوردستان داویەتی و لەگەڵ کۆمەڵێك چاکسازی کە لە بواری زیادکردنی قوتابخانە و زیادبوونی ژمارەی مامۆستا و قوتابی وەکو لە زیادبوونی ژمارەکاندا لە بابەتەکانی پێشووتر بۆمان دەردەکەوێ، هەروەها سەرەڕای چاکسازیکردن لە بابەتەکانی خوێندن بەتایبەتی لە وانەکانی (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی کۆمەڵایەتی) بە کورداندنی کەچی لەبەر نەبوونی فەلسەفەیەکی پەروەردەیی تایبەت بە کوردستان و یاسای پەروەردە و فێرکردن[١] کە ئامانج و بنەما و ئاراستەی پەروەردەکردن دیار بکات، تاکو ئێستا چاکسازی ریشەیی لە بواری پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان نەهاتووەتە ئاراوە.

ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سیستەمی پەروەردەدا ئەنجام دراون گۆڕانکاری پەرت و بڵاون، رێکخراو هەمەلایەنە نین، لەبەرئەوەی تاکو ئەمڕۆش سیستەمی پەروەردە لە کوردستان نەیتوانیووە بەسەر هەندێ رووخسار و دیار دەدا زاڵبێ کە ریشەکەیان بۆ سەردەمی حکومەتی بەعس دەگەڕێنەوە.

بۆ نموونە ئەگەر لە سەردەمی حکوومەتی بەعس فەلسەفەی عروبە و حزبی بەعس لە ناو سیستەمی پەروەردە رەنگی دابووەوە، هەر وەکو لە بەشەکانی پێشووتر قەسەمان لەسەر کرد، کە تێیدا هەوڵ درابوو گشت پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی ناو چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق بسڕێتەوە، ئەوا لە رێبازی خوێندنی پەروەردەی کوردستانیش وەکو پێویست هەمەڕەنگی ( لە رووی نەتەوەیی، ئاینی) پێکهاتەی هەرێمی کوردستان لەناو بابەت و میتۆدەکانی خوێندن رەنگی نەداوەتەوە.

بۆ نموونە لە وانەکانی بەتایبەتی مێژوو، جوگرافیادا لەو بەشانەی باسی کوردستان و نەتەوەی کورد دەکرێ وەکو پێویست ئاماژە بە پێکهاتەکانی تری ناو هەرێمی کوردستان ناکرێ، بۆیە جارێکی تر پێکهاتەکانی کوردستان جگە لە کورد لەناو میتۆدەکانی خوێندن هەست بە ئامادەنەبوون دەکەن، ئەمەش کاریگەریی

(١) پەلانەك بۆ سیستەما پەروەردەیی، کۆواری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە ٦٥، ئاداری ٢٠٠٦، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل٥٩.

خراپی دەبێ لەسەر دروستکردنی هەستی نیشتمانپەروەری و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشەویستی و دڵسۆزی گشت لایەك بۆ ئەو هەرێمە.

لەلایەکی تردا ئەگەر سەیری وانەکانی خوێندن بکەین، بەتایبەتی وانەی مێژوو، وەزارەتی پەروەردە تاکو ساڵی ٢٠٠٥یش هەوڵی نەدابوو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە کتێبی مێژوو بێنێتە ئاراوە و کتێبێکی تازەی مێژووی جیاواز لەوەی پێشوو بخاتە بەردەستی قوتابییان، بگرە ئەو چاکسازییانەی ئەنجام دراون تەنیا زیادکردن یاخۆ کەمکردنەوەی هەندێك برگە و بەشە لە کتێبەکانی مێژووی سەردەمی حکوومەتی بەعس. بۆ نموونە ئەگەر سەیری کتێبەکانی مێژوو بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی بکەین ناوونیشانەکەی هەروەکو ناوونیشانی پێشوو وەکو خۆی ماوەتەوە (مێژووی نوێ و هاوچەرخی نیشتمانی عەرەبی) تەنیا چەند بابەتێك سەبارەت بە مێژووی کوردستان زیاد کراوە، لێرەدا وەزارەتی پەروەردە جارێکی تر هەڵەیەکی گەورەتری ئەنجام داوە، ئەویش باسکردنی مێژووی کورد و کوردستان لەناو چوارچێوەی نیشتمانی عەرەبی واتە جارێکی تر بە دەستی خۆی نەتەوەی کورد و نیشتمانەکە بە بۆیەی عەرەبی رەنگڕێژی کردبوو(١).

ئەگەر سەیری بەشی چوارەم بەناونیشانی (شاڵاوی داگیرکاری عوسمانییەکان بۆ سەر نیشتمانی عەرەبی) بکرێ لەوێدا دەڵێ کە چۆن نیشتمانی عەرەبی لەلایەن عوسمانییەکان داگیر کرا و تێیدا ئاماژە بە شەڕی چاڵدیران دەکات کە لەگەڵ حوکمڕانی فارسەکان لە ١٥١٤ رووی دا و بەهۆیەوە بۆ یەکەم جار کوردستان بەسەر ئەم دوو دەسەڵاتدارییەتە دابەش کرا.

هەر لەو کتێبەدا کە بە ناوی مێژووی نوێ و هاوچەرخی نیشتمانی عەرەبییە، بابەت لەبارەی شۆڕشی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شۆڕشەکانی بارزان و شێخ مەحموود وکۆماری مەهاباد و شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ دەخوێندرێ!(٢)، ئەم شۆڕشە کوردییانە چۆن لەناو بابەتێکدا دەخوێندرێ بە ناوی نیشتمانی عەرەبی؟.

ئەم هەنگاوە نەك هەر بە چاکسازی لە قەڵەم نادرێ بگرە دەکرێ ناوی بنێین شێواندن.

---

(١) د. محمد مظفر الأدهمي و..، مێژووی نوێ و هاوچەرخی نیشتمانی عەرەب، بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی، ساڵی ٢٠٠٤ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٠، ٤٤، ١٢٢، ١٦٣.

دوا بەدوای رووخانی رژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ و کەمبوونەوەی ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکان لە نێوان دوو پارتی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکێتی) بزاڤی گۆڕانکاری و چاکسازی لە بواری پەروەردەکردن زیاتر پەرەی سەند.

دوکتۆرە شەونم(*) لەو بارەیەوە دەڵێ: لە راستیدا لە دوای راپەڕین و تا رووخانی دیکتاتۆر گۆڕانکاری ئەوتۆ نەکراوە لە سیستەمی پەروەردەدا، لەبەرئەوەی پەروەردەی کوردستان پێوەندی بە دەسەڵاتی ناوەندەوە هەبوو، تەنیا گۆڕانکارییەك کە پێش ٢٠٠٣/٤/٩ کرا بێ، ئەو بابەتانە بووە کە پێوەندی بە رژێمەوە هەبوو لابراوە، بەڵام لە دوای ٢٠٠٣/٤/٩ گۆڕانکاری بنەڕەتی رووی دا، زۆر بابەت لە رەگوڕیشە دەرهێنرا کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە(١).

هەر سەبارەت بەو گۆڕانکارییانەی لە بابەتەکانی خوێندن بەتایبەتی وانەی مێژوو لە سیستەمی پەروەردەی کوردستان هاتبێتە ئاراوە دوکتۆر سەعدی عوسمان(**) باوەڕی وایە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ کتێبی مێژوو گۆڕانکاری ریشەیی بەسەردا هاتووە و ئەو خۆی لەگەڵ دەستەیەك لە مامۆستای شارەزا لە بواری مێژوو سەرپەرشتی دانانی کتێبی مێژوو بۆ پۆلی شەشەمی سەرەتایی و سێی ناوەندییان کردووە(٢).

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێ دا دەستتێوەردانی سەرکردایەتی حزبی بەعس لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و ئاراستەکردنی ئەم دەزگایە لەبەر رۆشنایی فەلسەفەی حزبی بەعس بە یەکێك لە سیما سەرەکییەکانی سیستەمی پەروەردە دادەنرێ لەو سەردەمەدا.

لە دوای پێکهاتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش لە سەرەتادا بە هۆی گڕ و تینی نەتەوەیی و لەژێر کاریگەریی بنەما نەتەوەییەکان و لە ئەنجامی هەستکردن بە چەوسانەوە و سەرکوتکردن لەلایەن حکوومەتی بەعس بەتایبەتی پاش

---

(*) دوکتۆرە شەونم عەبدولقادر بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ماوەی (٢٠٠٣-٢٠٠٦) لە بەڕێوەبردنی سلێمانی وەزیری پەروەردەبووە.

(١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دوکتۆرە شەونم عەبدولقادر لە رێکەوتی ٢٠٠٨/٨/٢٣.

(**) د. سەعدی عوسمان پسپۆڕ و مامۆستای مێژوو لە بەشی مێژووی کۆلێجی ئاداب – زانکۆی سەلاحەدین.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ د. سەعدی عوسمان، لە رێککەوتی ٢٠٠٨/٩/٢.

کارەساتەکانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان، کیمیابارانکردن و ئەنفال و ڕەشەکوژی کوردە فەیلییەکان و تێکدانی گوند و ڕاگواستن، ئەگەر بەراوردی ڕەوشی پەروەردەکردن بکەین لە نێوان قۆناخی سەرەتای دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ قۆناخی شەڕی براکوژی و قۆناخی دواتر، ڕەوشی پەروەردەکردن لە قۆناخی سەرەتاییدا زیاتر ئاراستەیەکی نەتەوەگەرییانەی هەبوو بە جۆرێك ئەم لایەنە زۆر بەخەستی لەناو دەزگای پەروەردەکردندا هەستی پێ دەکرا.

وەکو ناسیح غەفور سەبارەت بە هەڵوێستی مامۆستایان لەو قۆناخەدا دەڵێ: بوارە نەتەوەییەکە لەلای مامۆستایان ئەوەندە گرینگ و کاریگەر بوو کە پاش کشانەوەی دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی حکوومەتی بەعس لە کوردستان و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی بەرەی کوردستانی، سەرەڕای بێ مووچەیی مامۆستایان قوتابخانەکانیان چۆڵ نەکرد و خوێندن بەردەوامی پێ درا.

کەچی لەگەڵ پەیدابوونی ململانێ و ناکۆکی لە نێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتدار یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە ساڵی ١٩٩٤ ڕەوشی ئارامی سیاسی هەرێمی کوردستانی بەرەو شپرزەیی چوو، ئەم بارودۆخە تازەیە وەك چۆن کاریگەریی لەسەر گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی هەبوو ئاوهاش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بەجێ هێشت.

ڕاستی ئەم مەسەلەیە لەسەر زاری خودی مامۆستا و کادیرانی بواری پەروەردەکردن جەختی لەسەر کراوەتەوە کە شەڕی براکوژی کاریگەریی خراپی خستووەتەسەر ئەو پرۆسەیە (پرۆسەی پەروەردەکردن)(١). ئەم ڕەوشە سیاسییە تازەیە، بووە هۆی ئەوەی کە پیرۆزیی بنەما حزبییەکان و چوونە ڕیز بۆ حزب زیاتر ببێت و بچێتە سەرووی بنەما نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

بۆیە ئەگەر بە وردی تێبینی بکەین، وەکو لەو چاوپێکەوتنانەی ئەنجاممان داوە لەگەڵ کادیرانی پەروەردەیی و ئەو وەزیرانەی لە قۆناخی شەڕی براکوژی لە هەردوو بەڕێوەبردنی (هەولێر و سلێمانی) لە بواری پەروەردەیی کاریان دەکرد، جەخت لەسەر

---

(١) بورهان محەمەد فەرەج، نزمبوونەوەی ئاستی خوێندن لە قۆناخی دواناوەندیدا، کۆواری ئاسۆی پەروەردەیی، ژمارە ٧١، ئەیلوولی ٢٠٠٦، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل٢٨.

ئەو راستییە دەکەنەوە کە ڕێبازی سیاسی و بەرنامەی کارکردن و بیر و ڕای هەردوو پارتی دەسەڵاتدار کاری کردبووە سەر ڕەوشی خوێندن و ڕێبازی پەروەردەیی کوردستان.

لەو بارەیەوە (جەمال عەبدول)(*) لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئێمەدا دەڵێ:

ململانێی لایەنبازی و شەڕی شومی ناوەخۆ، نەك هەر سیستەمی پەروەردە، هەموو سیستمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابووری و فەرهەنگی و ئاکاری دادوەری و مرۆڤایەتییەکانیشی شێواند و تێکوپێکی دا، بێگومان ئەم ڕەوشە سیستەمی پەروەردەشی گرتەوە و بووە هۆی شێواندنی مێژوو و نزمبوونەوە و وێرانکاری ئاستی زانستی[1].

دوکتۆرە شەونمیش سەبارەت بە کاریگەریی ململانێی سیاسی و شەڕی براکوژی لەسەر سیستەمی پەروەردەدا دەڵێ: بەڵێ ڕاستە ئەو ڕەوشە ڕەنگدانەوەیەکی خراپی هەبوو، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە حوکمڕانی هاوبەش هەبوو، ئەگەر لە خوێندنگەیەکدا ٢٠ مامۆستا هەبووایە ئەوا ململانێ هەبوو، ئەو ململانێیەش زۆر ناجۆر و نابەجێ بوو بەشێوەیەك کە کاریگەری لەسەر سیستەمی پەروەردە و دەروونی مامۆستا هەبوو، بۆ نموونە جیاوازی دەرماڵە، خوێندنی دوو جۆر مێژووی جیاواز و چەندان دیاردەی تر[2].

لێرەدا هەوڵ دەدەین کاریگەرییەکان لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- پیرۆزی بنەما حزبییەکان جێگەی سیمبولە نەتەوەیییەکانیان گرتەوە. بۆ نموونە سرودە نیشتمانییەکان کە لە قوتابخانەکان بەیانییان دەخوێندران لە هەردوو بەڕێوەبردن بە دوو شێواز بوو، زیاتر مۆرکی حزبیی بەخۆوە گرت، ئەو بابەتانەی کە لە وانەکانی زانستی مرۆڤایەتی بەتایبەتی وانەی مێژوو دەخوێندران بەتایبەتی سەبارەت بە مێژووی کورد جیاوازییان هەبوو بەپێی پێویستی و گرینگی ئەو بابەتە مێژوویییانەی کە لەلای هەردوو حزب بە گرینگ دادەنران. ئەم

(*) مامۆستا جەمال عەبدول مامۆستای کیمیایە و تەمەنێکی دوور و درێژی لە بواری پەروەردە وفێرکردندا بەسەر بردووە.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا جەمال عەبدول لە ڕێککەوتی ٢٠/٨/٢٠٠٨.

(٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ دوکتۆرە شەونم لە ڕێککەوتی ٢٣/٨/٢٠٠٨.

ڕەوشە کاری کردە سەر ڕەوشی پەروەردەکردن لەسەر ئەو ناوچە کوردنشینانەش کە پاش ڕووخانی بەعس لە ٢٠٠٣ کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی شاری کەرکووك. سەبارەت بەشێوازی بەڕێوەبردنی سیستەمی پەروەردە لە کەرکووك وەکو تێبینی دەکرا ژمارەیەك مامۆستا لەلایەن بەڕێوەبردنی هەولێر و ژمارەیەك لەلایەن بەڕێوەبردنی سلێمانی دامەزرابوون و مووچەیان پێ دەدرا، بابەتەکانی خوێندن و کتابەکانیش بەتایبەتی لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەدوو شێواز بوو.

٢- دەستنیشانکردنی بەڕێوەبەری قوتابخانە و سەرپەرشتیار و بەرپرسانی بواری پەروەردەیی لەسەر بنەمای حزبی کە ئەمە ڕەنگدانەوەیەکی خراپی هەبووە لەسەر دابەزینی ئاستی زانستی و توانای بەڕێوەبردنی دەزگای پەروەردەکردن لە قوتابخانەکان وەکو مامۆستا یووسف سورچی(*) گوتی.

لەوەی پێشوو دەتوانین ئەو ڕاستییە بدەرئەنجام بکەین کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە لەو نموونە و شێوازە پەروەردەییەی کە پێشتر لە سەردەمی حکوومەتی بەعسدا پەیڕەوی لێ دەکرا خۆی دەرباز بکات و داهێنان و شێوازێکی تازەی پەروەردەیی بهێنێتە کایەوە(١).

بۆیە وەکو چۆن بەڵگە و نووسراوەکانی دیاریان خست کە حزبی بەعسی سۆشیالیستی لە سەردەمی حوکمڕانی خۆیدا هەوڵی دا فەلسەفە و ئامانجی خۆی لەناو بواری سیستەمی پەروەردە ورد بکەنەوە، بە هەمان شێوە پارتە سیاسییە کوردستانییەکانیش بەتایبەتی لە سەردەمی شەڕی ناوەخۆدا بەڵام، بەشێوەیەکی کاڵتر پەیڕەویان لەو ڕێبازەکردووە.

نموونەی دیاریش هەر ئەو چەند خاڵانەبوو کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە:

١- حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەزموونێکی تازە بوو لە مێژووی نەتەوەی کورددا، ئەم حکوومەتە لەلایەن کۆمەڵە کەسێکی شۆڕشگێڕ دامەزرا کە مێژوویەکی دوور و درێژ لە شاخەکانی کوردستان و ئاوارەیی وەکو ئۆپۆزسیۆن خەباتیان لە

(*) مامۆستا یوسف سورچی بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە وەزارەتی پەروەردە.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا یووسف سورچی لە ڕێککەوتی ٢٠٠٨/٧/٢٠.

دژی حکوومەتی بەعس دەکرد، خەڵکی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری پەروەردە و فێرکردن بە شێوازی تازە و سەردەمییانە لەناویاندا کەمبوو یاخود هەر نەبوو کە بتوانن ئەرکی داڕشتنی سیستەمێکی تازە و سەردەمییانە لە ئەستۆ بگرن. بۆیە ناچار پشتیان بەو ستافەی پێشوو بەست کە لە دەزگا پەروەردەییەکان کاریان کردبوو، ئەزموونی بەڕێوەبردنیان هەبوو لەو ڕووەوە، کە ئەوانیش زۆرینەیان چالاکانە لە حزبی بەعسدا کاریان کردبوو، یاخۆ چوونە ڕیزی بەعسیان هەبوو.

٢- ڕەوشی ئابووریی کوردستان و ئابڵووقەی ئابووری سەر عێراق لەلایەن UN کە دوای شەڕی کوێت بەسەر عێراقدا سەپا و ئابڵووقەی خودی حکوومەتی بەعس بەسەر هەرێمی کوردستان زیاتر ڕێگر بوو لە هێنانە کایەی گۆڕانکاریی بەشێوەیەکی باشتر و خێراتر. ئەم دۆخە ئابوورییە کاری کردبووە سەر پرۆسەی پەروەردەکردن بەجۆرێك وەزارەتی پەروەردە بەهۆی نەبوونی چاپخانەی تایبەت و بەتوانا بۆ چاپکردنی کتێبی قوتابخانەکان، تا ساڵی ٢٠٠٣ کتابەکانی خوێندنی کوردستان بەناچاری، وەکو دوکتۆر جەرجیس حەسەن(*) باسی دەکات، بە هاوکاری یونیسێف لە بەغدا چاپ دەکران و دەهاتە کوردستان جارێکی تر ئەم کتابانە بەو شێوازە دەنووسرانەوە کە حزبی بەعس ئامانجی بوو، سەرەتای هەر کتێبێك بە وێنەی سەدام حوسێن سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی عێراق دەستی پێ دەکرد(١).

٣- سستی و هەنگاو نەهاوێشتن بۆ هێنانە کایەی فەلسەفەی پەروەردە و یاسای پەروەردەیی تایبەت بە کوردستان لە دوای شەڕی ناوەخۆ، بە سوودوەرگرتن لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ لە دەرەوە و ناوەوە بۆ هێنانە کایەی نموونەیەکی تازەتر بووەتە هۆی ئەوەی کە بەردەوام بن لە پەیڕەوکردنی نموونەی پێشوو وەکو تاقە ئەلتەرناتیڤ.

لە خاڵێکی تر کە میراتی حکوومەتی بەعسە و دەتوانین بڵێین کولتووری زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خودان سیستەمی نا دیموکراتییە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانییوە خۆی لێ ڕزگار بکات، پرسی بە پیرۆزکردنی مرۆڤ و

(*) د. جەرجیس حەسەن لە کابینەی دووەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری پەروەردە بووە.

(١) چاوپێکەوتن لەگەڵ دوکتۆر جەرجیس حەسەن لە ڕێککەوتی ٢٠٠٨/٨/١١.

ڕێزلێنانی کەسایەتی و سەرکردە سیاسی و سەرۆکەکانە.

ئەگەر تێبینی داوودەزگا بەڕێوەبردنی و پەروەردەییەکانی وڵاتانی دەوردراوسێ بکەین ئەوا دەبینین کە چۆن لە وڵاتی ئێران وێنەی سەرکردەی شۆڕشی ئیسلامی ئێران (خومەینی) و لە تورکیا وێنەی (ئەتاتورك) کە خەباتی کرد لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا و هێنانە کایەی وڵاتێکی پێشکەوتوو، هەروەها لە سووریا وێنەی (حافز ئەسەد) یاخۆ (بەشار ئەسەد)ی کوڕی هەڵدەواسرێ کە سەرۆکی کۆماری ئەو وڵاتە بووە..، لەناو خودی دەوڵەتی عێراقیشدا تاکو ساڵی ٢٠٠٣ و رووخانی رێژیمی بەعس گشت سوچ و شەقام و باڵاخانەیەك مەرج بوو وێنەی (سەدام حوسێن)ی سەرۆك کۆماری عێراقی تێیدا هەڵبواسرا جا چ بە وێنە یاخۆ بە پەیکەر، ئەم دۆخە ناو لاپەڕەی کتێبەکانی خوێندن و پۆلەکانی قوتابخانەشی گرتبووەوە.

قوتابی هەر لە منداڵییەوە فێر دەکرێ کە دەبێ ئەو سەرکردانە بپەرستێت و بە پیرۆز لە قەڵەمیان بدات، بێگومان لەلای منداڵان ئەو باوەڕە دروست دەبێ کەسە پیرۆزەکان هەموو کات باشترین و کەم خەوشترین کەسن، بۆیە کەس بۆی نییە چوارچێوەی ئەو پیرۆزییە بشکێنێ و رەخنەیان ئاڕاستە بکات هەرچەندیشە لە شێوازی حوکمکردن و ژیانیاندا هەڵەیان کردبێ، هەر ئەمەش خۆی لە خۆیدا پەروەردەکردنێکی هەڵەیە و پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی رادەربڕینە، بگرە کولتووری نادیموکراسی و دیکتاتۆری زیاتر گەشە پێ دەدات.

ئەمە لە کاتێکدا لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووخواز و خاوەن بنەمایەکی دیموکراسی، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی سیستەمی پەروەردەکردن زۆر پێشکەوتوو و جێگەی بایەخی تایبەتی رێژیمی ئەو وڵاتەیە چ لە ئەوروپا یا ئەمەریکا و وڵاتانی ئاسیای رۆهەڵات ئەم نەریتە بوونی نییە.

بۆ نموونە لە کۆریای باشوور ناوی هەر قوتابخانەیەك بە رووداوێکی مێژوویی ئەو وڵاتە یان نیشانەیەکی شارستانی ئەو گەلە پێوەست دراوە، بەهیچ شێوەیەك وێنەی سەرکردەیەکی سیاسی لە قوتابخانەکانیاندا، لە ژوورێکی خوێندن یان لە بەڕێوەبەرایەتی هەڵنەواسن، تەنیا ئەوە نەبێ کە وێنەی ئەو بەڕێوەبەرانە هەڵدەواسن کە پێشتر بەڕێوەبردنی قوتابخانەکەیان بەڕێوە بردووە، کە لەگەڵیدا کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بەو بەڕێوەبەرە نووسراوە(١).

(١) چەند سەرنجێك لەبارەی پەروەردە و خوێندن لە کۆریای باشوور، کۆواری پەروەردە و =

لە پاش دامەزراندنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پەروەردەی هەرێم جارێکی تر پەیڕەوی نەریتە کۆنەکەی بەعسی کردەوە، بەڵام ئەو جارەیان لە جیاتی هـەڵـواسیـنـی وێنـەی سەرۆکـی پـێشوو دەست کـرا بـەهـەڵـواسیـنـی وێنـەی سەرکردە کوردییەکان.

لێرەدا پێویستە دان بەوە دابنێین کە ئەمە نەریتێکی سەردەمی بەعسە و پێویستە چاوخشاندنەوەی پێدا بکرێ.

لە هەوڵێکی تری حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەمەبەستی هێنانە کایەی گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن لە رێککەوتی ٢٢-٢٤ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٧ کۆنگرەیەکی پەروەردەیی بەست.

ئامانجەکانی ئەم کۆنگرەیە بۆ هێنانە کایەی گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن برێتی بوون لە:

١- بنبڕکردن یا کەمکردنەوەی وازهێنان لە خوێندن.

٢- یاسای کاری نێودەوڵەتی: لە ولاتە دیموکراتییەکانی جیهاندا یاسای کاری نێودەوڵەتی رێگە نادات کە منداڵ لە تەمەنی نزمدا بکەوێتە بازاڕی کارکردن، بۆیە بەزۆر پێخوێندن لە پۆلی شەش بۆ (٩) ساڵ وا دەکات منداڵ لە تەمەنێکی زوودا نەکەوێتە بازاڕی کارەوە.

٣- بەرزکردنەوەی ئاستی کادیرانی پەروەردەیی لە کوردستاندا.

٤- پێویستی کۆمەڵی سەردەم.

کۆمەڵ و بازاڕی سەردەم پێویستی بە مرۆڤی بەتوانا و خوێندەوار هەیە، خوێندن تا پۆلی شەشی سەرەتایی پێویستییەکانی بازاڕی کاری کۆمپیوتەر و ئەلکترۆنیك و گڵۆبالیزم پڕ ناکاتەوە، بۆیە گرینگە خوێندنی ئیلزامی تا (٩) ساڵی سەرەتایی بێ.

٥- ئەو بەهایانەی کە منداڵانی ١٢-١٥ ساڵ پێویستە پەروەردە بکرێن لەو خاڵەشدا جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە پێویستە خوێندنی بەزۆری تا پۆلی (٩)ی سەرەتایی بێ، لەبەرئەوەی ئەو قۆناخە لە ژیانی منداڵدا زۆر گرینگە بۆ ئەوەی کەسایەتی بۆ دروست بێ و هەروەها فێری بنەماکانی مافی مرۆڤ و

= فێرکردن، ژمارە (١). ساڵی ٢٠٠٨، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ل٤٢.

سەروەری یاسا و خۆشەویستی بۆ وڵات و یەکسانی ژن و پیاو ببێ.

٦- بە پراکتیککردنی خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی و نزیککردنەوەی لە بازاڕی کار و خوێندنی باڵا[١].

پاش ئەنجامدانی ئەم کۆنگرەیە لە بواری سیستەمی خوێندندا بەتایبەتی لە ناونانی قۆناخەکانی خوێندن گۆڕانکاری هاتە ئاراوە، واتە لە پۆلی یەکەم بۆ نۆیەم، واتا قۆناخی ناوەندی نەما و نۆ ساڵی خوێندن تەوزیمی (ئیلزامی) تێکەڵاو دەبێ لە کوڕ و کچ، قۆناخی ئامادەیی لە پۆلی دەیەم دەست پێ دەکات و بەسەر هەردوو رشتەکانی وێژەیی گشتی و پیشەیی دابەش دەبێ[٢].

هەروەها وەکو لە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ دڵشاد عەبدوڕەحمان[*]، سەبارەت بەجێبەجێکردنی راسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردە و بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و گۆڕینی بابەتی خوێندن باسی لێوەکرا، ناوبراو قسەی لەسەر مۆرکردنی پرۆتۆکۆڵی یاداشتی رێککەوتن (تێگەیشتن) کرد لەگەڵ کۆمپانیایەك بە ناوی (جیوبروجکتس) کە ئۆفیسەکەی لە ئەمەریکا و بەیروتە بە مەبەستی گۆڕینی بابەتەکانی خوێندنی زانست و بیرکاری بەشێوەیەکی پێشکەوتوو و سەردەمیانە و بڕیار وایە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ قۆناخەکانی یەك و دوو، سێ دەست بکرێ بە چاپکردنی، هەروەها ناوبراو ئاماژەشی بەوە دا کە سەبارەت بە بابەتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەکو (مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵایەتی..) لیژنەی تایبەتمەند لە وەزارەتی پەروەردە پێك هاتووە بۆ گۆڕینی بابەتەکان بەشێوەیەکی ریشەیی[٣].

شایەنی باسە کە لە کابینەی پێنجەمەوە ئەو لیژنانە پێك هاتوون و کارەکانیان تاکو نووسینی ئەو تێزە بەردەوامە.

---

(١) پرۆژەی گۆڕینی سیستەمی پەرورەدە و فێرکردن، پێشنیازکراوی کۆنگرەی پەروەردەیی کە لە رۆژانی ٢٢-٢٤ی ئایاری ٢٠٠٧ لە هەولێری پایتەخت بەسترا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر، ٢٠٠٧، ل٧، ٨.

(٢) پێشنیاز و راسپاردەکانی کۆنگرەی پەروەردەیی - ٢٠٠٧، وەزارەتی پەروەردە، ل٦-٨.

(*) دڵشاد عەبدوڕەحمان: وەزیری پەروەردە و فێرکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی پێنجەم.

(٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ دڵشاد عەبدوڕەحمان، لە رێککەوتی ٢٠٠٨/٩/١٠.

سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ چاکسازی و هێنانە کایەی گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردەکردن لە کوردستان دەدرێ، بەڵام جارێکی تر جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە گۆڕانکارییەکان ناکرێ ریشەیی و رێکخراو بن ئەگەر لەبەر رۆشنایی فەلسەفە و ئامانجێکی پەروەردەییی کوردستان دیاریکراو بەڕێوە نەچێت.

لەلایەکی تر لە بەرچاوگرتنی ئامانجی یاسای وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن ژمارە (٤) بۆ ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو مادەی سێیەم هاتووە کە (ئامانجی وەزارەتەکە نەوەیەك پەروەردە بکات خوێندەوار و هۆشیار و نیشتمانەکەی خۆی خۆش بوێت و خاوەن بیری زانستی بێ و پڕبێ لە زانست و زانیاری و خووڕەوشت و لە پێشکەوتنە شارستانییەکان و مافی مرۆڤ تێ بگات و باوەڕی بە بنەماکانی دیموکراسی و هاونیشتمانی بوون ئەرکەکانی بێت و...[1].

هەروەها وەکو لە ئامانجەکانی دوا کۆنگرەی پەروەردە تێبینمان کرد کەمتر هەوڵ دراوە لایەنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لەناو سستی پەروەردەکردنی کوردستان بایەخی پێ بدرێ و بچێندرێ، سیستەمی پەروەردەی کوردستانیش کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەو رێبازە پەروەردەییە مرۆڤ و دۆست و جیهانییەی کە ئەمڕۆکە زۆربەی وڵاتە دیموکراتخواز و پێشکەوتووەکان بانگەێشتەی بۆ دەکەن و لایەنە نەتەوەییەکە وەکو پێویست بایەخی پێ نەدراوە.

ئەمە لە کاتێکدایە نەتەوەی کورد و هەرێمی کوردستان تاکو ئەمڕۆش مەترسی تێکدان و هەڕەشەی هەرێمایەتی وڵاتانی دراوسێی لەسەرە و، لەلایەکی تر تاکو ئەمڕۆش بەشێکی زۆر لە شار و ناوچە و گوندەکانی کوردستان کە تاکو رووخانی حکوومەتی بەعس لە ٢٠٠٣ لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا بوو نەگەڕاوەتەوە سەر حکوومەتی هەرێم و بە ناوچەی کێشەدار یاخۆ لە چوارچێوەی (مادەی ١٤٠ی دەستووری حکوومەتی عێراق) دادەنرێ، کە بڕیار وایە بەپێی ئەو مادە دەستوورییە بە ئەنجامدانی ریفراندۆم دانیشتووانی خۆیان بە زۆرینە چارەنووسی خۆیان یەکلا بکەنەوە.

هەروەها گرفتێکی تری گەورەی نەتەوەی کورد کە تاکو ئێستا چارەسەری بۆ نەکراوە و سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان دەتوانێت تێیدا رۆڵێکی مەزن

---

(١) قانون وزارة التربية المعدل، المجلس الوطني لكوردستان العراق، رقم القرار: ١٦، تأريخ القرار: ١٩٩٢/٩/٢٠، ٢٩ی گەلاوێژ/ ٢٦٩٢ك

بگێڕێت گرفتی نەبوونی زمانێکی ستانداردی کوردییە بۆ خوێندن و نووسین، ئێستاش دوو شێوەزمانی کرمانجی ژووروو و کرمانجی خواروو لە کوردستان بۆ خوێندن بەکار دێ.

کەواتە لەو قۆناخەدا کۆمەڵگەی کوردی سەرەڕای ئەوەی کە پێویستی بەوەیە نەوەیەك پەروەردە بکات ئاشنا بێ بە بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و دادەپەروەری کۆمەڵایەتی و ئاستی بەرزی زانستی، لە هەمان کاتدا ڕەوشی سیاسی و نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستان وا دەخوازێ کە تایبەتمەندی نەتەوەیی و برەودان بە گەشەپێکردنی هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتمانی لەبەرچاو بگرێ و بەپێچەوانەوە لە ژێر کاریگەری سیستەمی بەجیهانیبوون و شۆڕشی تەکنۆلۆجیای زانیاری و کردنەوەی وڵات بە رووی جیهان و شاڵاوی فەرهەنگی بیانی، بەتایبەتی وەکو ئەمڕۆکە تێبینی دەکرێ، لەژێر کاریگەری کرانەوەی کوردستان بە رووی جیهان و برەوسەندنی کولتووری بیانی و زمانی بیانی بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، کە زۆر بووەتە جێگەی بایەخی دەزگا پەروەردەیی و زانستییەکان و نەوەی تازە، رۆژانە قوتابخانە و زانکۆ بە زمانی ئینگلیزی و بیانی دەکرێنەوە نموونەکانی وەکو (قوتابخانەی شوەیفات، زانکۆی کوردستان، زانکۆی ئەمەریکایی لە سلێمانی، زانکۆی فەڕەنسی – لبنانی، زانکۆی جیهان، زانکۆی ئیشق قوتابخانەی ئەشق (تورکی – ئینگلیزی) و.. هتد) لە چوارچێوەی ئەم ناوەندانەی خوێندن قوتابی لە زمان و کولتووری خۆی دادەبڕێ، لەبەرئەوەی هەر زمانێك کولتوورێکی هەڵگرتووە، هاوکات لەگەڵ مسۆگەر نەبوونی رەوشی سیاسی لە کوردستان و بوونی ململانێی حزبی و ناوچەگەری سۆران و بادینان بەتایبەتی سەبارەت بە گرفتی زمانی خوێندن و نووسین نەوەیەکی نامۆ بە کولتوور و زمانی کوردی دێتە بەرهەم کە خزمەت بە مانەوەی ئەم دەستکەوتەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی باشوور (حکوومەتی هەرێمی کوردستان) ناکات.

لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین کە رەوشی پەروەردەکردن لە سەردەمی ئەمڕۆی کوردستان و لە چوارچێوەی ئەو ئاراستە و رێبازەی گرتیتەبەر، هەروەها بە لە بەرچاوگرتنی رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان و لەژێر کاریگەری سیستەمی جیهانی ئەمڕۆکە، ئەستەمە بتوانێت نەوەیەکی نەتەوەخواز و نیشتمانپەروەر دروست بکات، ئاشنا بە کولتووری کۆمەڵگەی کوردی و خودان زانیارییەکی بەرزی نەتەوەیی، بێگومان ئەمەش رەنگدانەوەی دەبێ لەسەر ئاستی هۆشیاریی نەتەوەییان.

دەروازەی دووەم

# لایەنی مەیدانی

بەشی چوارەم

## پلان و جێبەجێکردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوە

**یەکەم: ڕێبازی لێکۆڵێنەوە:**

هەر توێژەرێك بۆ ئەوەی بتوانێ لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردە یا گرفتێکی دیاریکراو بکات پێویستی بە دیارکردنی ڕێبازێك یا چەند ڕێبازێکە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستی لە لێکۆڵینەوەکەیدا، لەبەرئەوەی ڕێبازی لێکۆڵینەوە بریتییە لەو ڕێگە و کەرستە زانستییەی کە توێژەر لە کاتی لێکۆڵینەوە بەکاری دەهێنێ، بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانج و بدەرئەنجامێکی زانستی دیاریکراو[١].

هەروەها دەتوانین بڵێین، ڕێبازی لێکۆڵینەوە بریتییە لە زنجیرە کردارێکی بەدوایەك داهاتوو کە پشت دەبەستێ بە بنەمای زانستی و سەلمێندراو، بە هەڵبژاردنی گرفتی لێکۆڵینەوە و دیارکردنی بە وردی دەست پێ دەکات و بە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕاستییەکانی مەیدان و چارەسەرکردن کۆتایی دێت[٢].

شایانی باسە کە جیاوازی لە دابەشکارییەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوە زیاتر ڕووکارییە و لە ناوەڕۆك و ئامانجدا هەمان مەبەست دەپێکن، یاخۆ هەندێك جار دابەش دەکرێن بەسەر ڕێبازی سەرەکی و ڕێبازی لاوەکی بەو مانەیەی چەند جۆرێکیان بوونەتە بنەما و لق و شاخەی جیاوازییان لێ دەبێتەوە، لە کۆی ئەو جۆرە ڕێبازانەی لێکۆڵینەوە کە لەلایەن زۆربەی بیر و ڕاکاندا بە هاوبەش دادەنرێت ڕێبازەکانی (مێژوویی، وسفی و ئەزموونی و بەراوردکاری و ئاماری)یە.

سەبارەت بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی میتۆدی لێکۆڵینەوە، بابەت یاخۆ ئەو دیاردەی کە توێژەر مەبەستییەتی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات دەبێ لە بەرچاو بگیرێ، بەو مانایەی کە بابەتی لێکۆڵینەوەکە دەستنیشانی جۆری ڕێبازەکە دەکات. مەرجیش نییە

---

(١) د. محمد صفوح الأخرس، مناهج البحث العلمي في علم الاجتماع، المطبعة الجديدة، دمشق، ١٩٨٣، ص٥٦.

(2).Kanneth D.Bailey, Methods of Social Research, the Free Press, Newyork, 1982, P.15.

توێژەر تەنیا یەك ڕێبازی لێکۆڵینەوە لە باسەکەیدا بەکار بهێنێ.

سەبارەت بەو بابەتە کە بەناوونیشانی (ڕۆڵ و کاریگەریی سیستەمی پەروەردە لەسەر ڕەهەندی نەتەوەیی لە کۆمەڵگەی کوردی) کە مەبەست لە توێژینەوە لەو بابەتە دەستنیشانکردنی کاریگەریی سیستەمی پەروەردەکردنە لەسەر لایەنە نەتەوەیییەکانی وەکو کولتوور، زمان، بنیاتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی، هوشیاریی نەتەوەیی و.. هتد، بەو مانایەی کە دەمانەوێت بزانین دەزگای پەروەردەکردنی فەرمی چەندە توانیویەتی ڕۆڵی خۆی بگێڕێ لە زیادکردنی زانیاری لەسەر گشت بوار و تایبەتمەندییە نەتەوەیییەکانی نەتەوەی کورد و لە هەمان کاتدا بەرزکردنەوەی هوشیاریی نەتەوەیی بە بەراوردکردن لەگەڵ دەزگا پەروەردەییە نافەرمییەکان.

لەبەرئەوەی ئەو بابەتەی ئێمە هەڵمان بژاردووە بابەتێکی تازەیە بۆ توێژینەوە لە کوردستان و تا ئێستا لێکۆڵینەوەی زانستی ئەوتۆ لەو بوارەدا بە ئەنجام نەگەیشتووە، بۆیە ئێمە لەپێناو بەدەستهێنانی زانیاری پێویست و گەیشتن بە ئامانج زیاتر لە ڕێباز و کەرستەیەکی لێکۆڵینەوەمان بەکار هێناوە کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- ڕێبازی مێژوویی (Historical Method):

ئەم ڕێبازە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەسەر ناوەڕۆکی بابەتە مێژووییەکان، بەو مانایەی کە بۆ دیراسەکردنی هەر بابەتێك خوێندنەوەی ئەمڕۆ نامانگەیەنێ بە ڕاستی مەسەلەکە، بگرە دەبێ لەمیانی خوێندنەوەی مێژوویی بۆ دیاردەکان بگەڕێینەوە بۆ ڕەگوڕیشەی دیاردەکان و لە ڕوانگەی سیاسی، کولتووری و زانستی لە سەردەمی خۆی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، هەر بۆیە توێژەرەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە زۆربەی زانستە مرۆڤایەتییەکان پێویستییان بە خوێندنی مێژوویی هەیە(١). لە بەکارهێنانی ڕێبازی مێژووییدا پشت دەبەسترێ بە توێژینەوەکردنی سەرچاوە نووسراو و نەنووسراوەکان، بیرەوەری، پاشماوە مێژوویییەکان، دیکۆمێنت و شوێنگە مێژوویییەکان(٢).

---

(١) أ.د. عامر قنديلجي، البحث العلمي واستخدام المعلومات التقليدية والالكترونية، دار المسيرة، عمان ، ٢٠٠٧، ص١٠٧، ١٠٨.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ٩٣.

ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا بە پشتبەستن بەو ڕێبازە، هەوڵمان داوە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە مێژووییەکان و هەروەها بە بەکارهێنانی بەڵگەنامەی یاسایی نووسراوی قۆناخەکانی پێشووتر، ڕەوشی پەروەردەکردن لە چەند ماوەیەکی مێژوویی جیاوازدا روون بکەینەوە.

٢- ڕێبازی بەراوردکاری (Comparative Method)

کە هەندێك لە بیر و ڕاکان ئەم ڕێبازە بە بەشێك یاخۆ جۆرێك لە ڕێبازی وەسفی لە قەڵەم دەدەن[١].

ڕێبازی بەراوردکاری هەڵدەستێ بە چارەسەرکردنی دیاردەکان کە زۆرجار سەختە بە بەکارهێنانی ڕێبازی تر وەکو (ئەزمونگەری – التجريبية) چارەسەر بکرێ. لە شێوازی توێژینەوەی بەراوردکاریدا توێژەر هەڵدەستێ بە بەراوردکردنی دیاردەکە لەگەڵ دیاردەی تر یاخۆ بەراوردی هەمان دیاردە دەکات لە دوو کاتی جیاواز و لە شوێنی جیاوازدا[٢]. پێویستی و گرینگی ئەو ڕێبازە وای لە ئێمە کرد کە لە گەیشتن بە ئامەنجەکەمانمان پشت بەو ڕێبازە ببەستین بەتایبەتی لە بەراوردکردنی سیستەمی پەروەردە لە وڵاتانی تر لەگەڵ سیستەمی پەروەردە لە کوردستان و هەروەها بەراوردکردنی سیستەمی پەروەردەکردن لەناو خودی دەوڵەتی عێراق لە قۆناخی کاتی جیاوازدا.

٣-ڕێبازی ئاماری (Statistics Method):

بەر لە پێشکەوتنی زانستی کۆمەڵایەتی و هاتنە کایەی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، توێژەر و لێکۆڵەران پێیان وابوو کە ژمارە و هێڵکاری و هاوکێشە ژمێرییەکان تەنیا لە زانستەکانی بیرکاری و زانستە سروشتییەکاندا دەکرێ بەکار بهێندرێت و لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان کاری پێ نەدەکرا.

بەڵام بە پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیا، ئەمڕۆکە ئەم ڕێبازە لە بواری زانستی کۆمەڵایەتیشدا بەشێوەیەکی زۆر بەرفرەوان بەکار دەهێندرێ. پێناسەی ڕێبازی ئاماری دەکرێ بەوەی بریتییە لە: بەکارهێنانی ڕێگەی ژمارەیی و بیرکاری بۆ

---

(١) كامل محمد المغربي، أساليب البحث العلمي، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان – الأردن، ل.٩٧

(٢) هەمان سەرچاوە ، ل١٠٦-١٠٧.

چارەسەرکردن و شیکردنەوەی بەیانات و پێدانی روونکردنەوەی لۆگیکی (منطقی) گونجاوە بۆی[١]، یاخۆ بە شێوازێکی تر، دەتوانین بڵێین ئەو رێبازە بریتییە لە گۆڕینی دیاردەکان لە چۆنایەتی (کیفی) بۆچەندایەتی (کمی) کە لە شێوەی هێما و ژمارەی دانراو دیاری دەکرێن[٢].

لەو باسەماندا هەوڵمان داوە بە بەکارهێنانی رێژەی سەدی و ئەو ژمارانەی لە فۆرمی راپرسی بەدەستمان هێناوە راستی و دروستی گریمانەکانمانی پێ تاقی بکەینەوە.

٤- رێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆك (Content Analysis Method):

ئەم رێبازە بریتییە لە لێکۆڵینەوە وشیکردنەوەی ناوەڕۆکی سەرچاوەی زانیاریی جۆراوجۆر، چاپکراو و چاپ نەکراو، بەتایبەتی وتاری رۆژنامەوانی و کۆواری و تۆماری دەنگ و ڤیدیۆ و تەلەڤزیۆن و هاوشێوەی ئەمانە، بەجۆرێك توێژەر هەڵدەستێ بە خوێندنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکانی هاتوو لەناو ئەو سەرچاوانەدا، بەشێوازێکی چۆنایەتی و چەندایەتی[٣].

ئێمە لەم تێزەماندا هەوڵمان دا بە بەکارهێنانی میتۆد و کتێبەکانی خوێندنی قوتابخانە لە پۆلە جیاوازەکان و لە کاتی (ماوە)ی جیاوازدا ناوەڕۆکەکانیان شی بکەینەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەین، ئەمە سەرەڕای شیکردنەوەی ناوەڕۆکی کۆمەڵێك وتار و بەڵگەنامە سەبارەت بە ڕەوشی پەروەردەکردن و خوێندنی کوردی لە سەردەمی حکوومەتی بەعسی عێراقدا.

**دووەم: بوارەکانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی**

سنووری بوارەکانی لێکۆڵینەوە خۆی لە سێ بواری سەرەکی دەدۆزێتەوە کە ئەمانەن:

أ- بواری جوگرافی:

سنووری جوگرافی ئەم لێکۆڵینەوە هەرێمی کوردستانی عێراق (پارێزگای هەولێر،

(١) أ. د عامر قندیلجی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣١.

(٢) د. معن خليل عمر، مناهج البحث في علم الاجتماع، دار الشروق للنشر والتوزيع، عمان – الأردن، الطبعة العربية، الاصدار الأول ١٩٩٦، ل ١٤١.

(٣) أ.د عامر قندیلجی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

سلێمانی و دهۆک) دەگرێتەوە. دەستنیشان نەکردنی پارێزگای کەرکووک لەمیانی ئەو پارێزگایانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو پارێزگایە (کەرکووک) تاکو نووسینی ئەم تێزە لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراقی پێشوو (حکوومەتی بەعس) دابوو، حکوومەتی کوردستان لە رووی بەڕێوەبردنەوە بە تایبەتی لە بواری پەروەردەییەوە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لەو ناوچانەدا نەبوو، ئێمەش لە باسەکەماندا زیاتر ئەو پارێزگایانەمان مەبەستە کە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای راپەڕینەوە بەڕێوە بردراون.

ب – بواری مرۆیی:

لایەنی مرۆیی ئەو باسە تەنیا قوتابیانی قۆناخی پێنجەم و شەشەمی ئامادەیی دەگرێتەوە، بەهەردوو لقی زانستی و وێژەییەکەیەوە.

لەبەرئەوەی دەمانەوێ رادەی کاریگەریی دەزگای پەروەردە لەسەر قوتابییان بزانین بەتایبەتی لە ڕووی نەتەوەیی و ئاستی هوشیاریی نەتەوەییەوە. قوتابی لەو قۆناخەی خوێندندا کە تەمەنی لە نێوان ١٧ تاکو ١٨ ساڵ دایە بە گشت قۆناخەکانی تری خوێندن هەر لە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی تێپەڕ بووە، تا لەو قۆناخەدا کە بە قۆناخی بەر لە زانکۆ دادەنرێ کاردانەوەی دەزگا پەروەردەییەکانیان بەسەر کەسایەتییان بە روونی بەدیار دەکەوێ.

ج– بواری ماوە:

ئەو لایەنە ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکەی تێدا ئەنجام دراوە. ماوەی تێچوو لە بەشی لێکۆڵینەوەی مەیدانی ئێمە چوار مانگی خایاند، واتا لە مانگی ئایاری ٢٠٠٨ تاکو ئەیلوولی هەمان ساڵ درێژەی هەبوو.

**سێیەم: نموونەی لێکۆڵینەوە (Research Sample)**

نموونەی لێکۆڵینەوە ئاماژەکردنە بەو کۆمەڵە تایبەتەی کە لە کۆمەڵگە وەرگیراوە، تایبەتە لەو رووەوە کە هەمان تایبەتمەندی کۆمەڵگەکەی هەیە[١].

هەڵبژاردنی نموونەی لێکۆڵینەوە بەپێی ئەو بابەت یاخۆ دیاردە یا گرفتە دەبێت کە

(١) محمد وليد البطش وفريد كامل أبو زينة، مناهج البحث العلمي، دار المسيرة، الأردن ،٢٠٠٧، ص ٩٦.

توێژەر دەیەوێ لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات. کاتێك کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوەکە گەورە بێ زۆر سەختە بۆ توێژەر بتوانێ زانیاری پێویست لە گشت ئەندامانی لێکۆڵینەوە بەدەست بهێنێ، بۆیە پەنا دەباتە بەر هەڵبژاردنی نموونەیەك لە کۆمەڵگەی گەورە کە گوزارشت لە کۆمەڵگایەکە بکات(١).

هەڵبژاردنی نموونەی لێکۆڵینەوە شێواز و جۆری جیاوازی هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەسەر دوو جۆر دابەش دەکرێ:

١- نموونەی ڕەمەکی Random Sample:

لە ناوەکەی ڕا دەردەکەوێ کە بەشێوەیەکی ناڕێکوپێك کە ئەویش پۆلینی خۆی هەیە دەستنیشان دەکرێ.

٢- نموونەی مەبەستدار (القصدية):

ئەم جۆرە شێوازە ئەو کاتە بەکار دەهێنرێ کە تاکەکانی کۆمەڵگەی بنەڕەتی بەتەواوی دیار و ناسراو بن، نموونەی وەکو (قوتابیانی خوێندنی پیشەیی، کۆمەڵەی ئەندازیاران، یاخۆ پزیشکان یا کرێکاران.. هتد. توێژەر بەپشتبەستن بە چەند بنەمایەك نموونەکەی خۆی بەشێوەیەکی مەبەستدار دەستنیشان دەکات. ئەم جۆرە نموونەیە بەسەر دوو جۆر دابەش دەبێ: (نموونەی ڕێککەوت Accidental Sample ، نموونەی بەش بەش (الحصصية) ( Quota Sample)(٢).

لەو جۆرە شێوازەی کە ئێمە بەکارمان هێناوە لە جۆرەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە جۆریە نموونەی لێکۆڵینەوەی هێشوویی ڕەمەکییە (العينة العشوائية العنقودية) Cluster Random Sampling. ئەم جۆرە بە بەشێك لە جۆری نموونەی لێکۆڵینەوەی ڕەمەکی دادەنرێ و لەو شێوازەدا یەکەی هەڵبژاردن تاك نییە بگرە گرووپ دەبێ، ئەو جۆرە هەڵبژاردنە کاتێك دەبێ کە باشتر وایە گرووپ هەڵبژێردرێت نەك تاك و هەروەها نەتوانرێ لیستی ناوی گشت تاکەکانی کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە بە ئاسانی بەدەست بهێنرێ(٣).

---

(١) سامي محمد ملحم، مناهج البحث في التربية وعلم النفس، دار المسيرة، الأردن ، ٢٠٠٦، ص ٢٦٩.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٧٢ ٢٧٤.

(٣) محمد وليد البطش و...، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

ئەو جۆرە هەڵبژاردنەی نموونەی لێکۆڵینەوە سوودی زۆری هەیە و کاتێکی زۆر بۆ توێژەر دەگەڕێنێتەوە، بەجۆرێك لە جیاتی توێژەر بۆ نموونە خەریکی هەڵبژاردنی کەسەکان بێ لەنێو (٥٠) پۆل تەنیا دە پۆل لەناو ئەوان هەڵدەبژێرێ. لەناو ئەو دە پۆلەش چەند قۆناخێك هەڵدەبژیرێ و لەمیانی ئەوانیشدا چەند ریزێك لە قوتابییان دەستنیشان دەکات.

یاخۆ لەسەر بنەمای ناوچە، ئەگەر بیەوێ لە شارێك نموونەی لێکۆڵینەوە هەڵبژێرێ، سەرەتا شارەکە بەسەر چەند ناوچەیەك دابەش دەکات، ئینجا لەمیانی ئەوان چەند دانەیەکی هەڵدەبژێرێ، دواتر ناوچەکان بەسەر چەند گەڕەك دابەش دەکات و دواتر گەڕەکەکان بەسەر چەند کۆڵان دابەش دەکات و لەمیانی ئەو کۆلانانەش بەشێوەیەکی ڕەمەکی چەند ماڵ هەڵدەبژێرێ بەم جۆرە هەڵبژاردنە دەگوترێ نموونەی هێشویی. ئێمەش لە باسەکەماندا هەوڵمان دا نموونەی لێکۆڵینەوەمان بەو ڕێگەیە هەڵبژێرین.

نموونەی لێکۆڵینەوەی ئێمە قوتابییانی قۆناخی پێنجەم و شەشەمی ئامادەییە، بۆ هەڵبژاردنی نموونەکە، سەرەتا هەرێمی کوردستان بەسەر سێ پارێزگا دابەش دەبن کە هەولێر و سلێمانی و دهۆك دەگرێتەوە، هەر پارێزگایەك بەسەر چەند قەزایەك دابەش دەکرێن و دواتر قەزاکان بەسەرچەند گەڕەك و ئینجا گەڕەکەکان بەسەر چەند کۆڵان و لە کۆڵانەکانیش بە شێوەی ماڵێك نا ماڵێك دەستنیشانی نموونەی لێکۆڵینەوە کراوە. سەیری خشتەی خوارەوە بکەن کە ناوچەی جوگرافی نموونەی لێکۆڵینەوەمان نیشان دەدات.

خشتەی ٨

زانیاری سەبارەت بە شوێنی جوگرافی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا.

| قەزا | نموونە | ٪ |
|---|---|---|
| هەولێر | ١١٥ | ٪٢٣ |
| سۆران | ٥٥ | ٪١١ |
| سلێمانی | ١١٠ | ٪٢٢ |
| چەمچەماڵ | ٥٥ | ٪١١ |
| رانیە | ٥٥ | ٪١١ |
| دهۆك | ٨٠ | ٪١٦ |
| ئامێدی | ٣٠ | ٪٦ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

وەکو لە خشتەی ژمارە (٨) بە دیار دەکەوێ، ڕێژەی (٤٤٪)ی نموونەی لێکۆڵینەوەکە لە پارێزگای سلێمانی (ناوەندی پارێزگای سلێمانی، چەمچەماڵ، ڕانیە) وەرگیراوە. ڕێژەی (٣٤٪)ی نموونەی لێکۆڵینەوە لە پارێزگای هەولێر (مەرکەزی پارێزگای هەولێر + سۆران) وەرگیراوە، ڕێژەی (٢٢٪)ی نموونەی لێکۆڵینەوەش لە پارێزگای دهۆك (مەرکەزی پارێزگا +ئامێدی) وەرگیراوە.

لە هەڵبژاردنی ڕێژەی نموونەی لێکۆڵینەوە لە پارێزگاکان پشت بەستراوە بەو زانیارییانەی سەبارەت بە ڕێژەی دانیشتوانی پارێزگاکانی کوردستان لە وەزارەتی پلاندانان بە دەستمان کەوتووە(*).

سەبارەت بە ڕەگەزی نموونەی لێکۆڵینەوە، لەبەرئەوەی تاکو ئێستا ئامارێکی ورد لە بەردەستدا نییە بۆ زانینی ڕێژەی نێر و مێ لە کوردستان، هەروەها لەبەرئەوەی فاکتەری (ڕەگەز) بە هێمایەکی سەرەکی دانانرێ لە باسەکەی ئێمەدا بۆیە هەوڵمان دا فۆرمەکان بەشێوەیەکی ڕەمەکی بڵاو بکەینەوە.

ئەگەرچی (عەبدوڵا غەفور) بەپێی زانیاری ساڵی ١٩٨٥ ڕێژەی نێر بە (٥١,١٪) و ڕێژەی مێ بە (٤٨,٩٪) دەخەمڵێنێ[١]، بەڵام بێگومان لە سەردەمی ئەوڕۆدا ئەو ڕێژەیە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، ڕێژەی نێر و مێ لە نموونەی لێکۆڵینەوەی ئێمەدا بەشێوەیەکی ڕەمەکی وەرگیراوە، لە کۆی گشتی (٥٠٠)، (٢٦٣) دوو سەد و شەست و سێ نێر و (٢٣٧) دوو سەد و سی و حەوت مێ تێیدا هەڵبژێردراون.

ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا دەبینرێ لە نموونەی لێکۆڵینەوەدا بە

(*) بەپێی ئەو زانیارییەی لە وەزارەتی پلاندانان بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بە دەستمان کەوتووە دانیشتووانی پارێزگاکانی هەرێم بەم شێوەیەیە: هەولێر (١,٥٩٥,٧٧٨) ملیۆنێك و پێنج سەد و نەوەد و پێنج هەزار و حەفت سەد و حەفتا و هەشت. سلێمانی (١,٩٥٦,٦٤٢) ملیۆنێك و نۆسەد و پەنجا و شەش هەزار و شەشسەد و چل و دوو، پارێزگای دهۆك (٩٤١٠٣٧) نۆسەد و چل و یەك هەزار و سی و حەفت کەس. سەرچاوە:

Kurdsitan Region / Iraq, An overview, Ministry of Planning, Kurdistan Regional Government(K.R.G)

(١) عەبدوڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر – کوردستان، ٢٠٠٠، ل ١٧٣.

ئـاسایی دەژمێردرێ، لـەبـەرئـەوەی لـە کۆمـەڵگـەی ئێمـەدا تـاکو ئـەمرۆش هـەندێك لە خێزانـەکـان ڕێگـە نـادەن کـچـەکـانـیـان بـەردەوامـی بـە خـوێندن بدەن لـە قـۆنـاخـەکانی ناوەندی و بەتایبەتی دواناوەندی، هۆکارەکانیشی زۆرن:

١- داوونـەریتی کۆمـەڵایەتی کـەمتر ڕێگـە بـە دەرچـوونی کـچان دەدات بەتایبـەتی لـەو ناوچانـەی کە داوونـەریت بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتـەوە لـەسەر ژیانی خـەڵك.

٢- لـە هـەندێك نـاوچـە و گـەڕەك زۆرجار گرفتی هـەبوونی قوتابخـانـەی دواناوەندی کـچـان هـەیـە بۆیـە خـانـەوادە ڕێگـە بـە کـچـەکـانیـان نـادەن کـە لـە مـاڵ زۆر دوور بکەونەوە یاخود لە قوتابخانە تێکەڵاوەکان لەگەڵ کوڕان بخوێنن.

**چوارەم: کەرستەکانی کۆکردنـەوەی زانیاری (أدوات جمع المعلومات)**

توێژەر بۆی هـەیە لەپێناو بـەدەستهێنانی زانیاری و سەلماندنی گریمـانـەکانی زیاتر لە سەرچاوەیەك بەکاربهێنێ بۆ کۆکردنـەوەی زانیاری، بەڵام بێگومان دیسان جۆری بـابـەتـەکە و پێداویستی لێکۆڵینـەوە دەستنیشانی جۆری کـەرەستـەی کۆکردنـەوەی زانیـاری دەکات. زۆر توێژەر دەتوانێ زیاتر لـە کەرەستـەیەك بۆ ئـەو مەبەستە بەکار بـهێنێ. کـەرەستـەکـانیش بریتین لـە (تێبینیکردن (Observation)، فـۆڕمـی ڕاپرسی (Uestionnaires)، چاوپێکەوتن (Interview))(١).

بەپێی پێداویستی ئەو باسەی ئێمە، هەوڵمان داوە هـەرسێ جۆری کـەرستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بەکار بهێنن، بە هۆی نەبوونی سەرچاوە و توێژینەوەی زانستی لـە هـەنـدێك قـۆنـاغـدا، بـە تـایبـەتی لـە قـۆنـاغی پـاش ڕاپـەڕین لـە ساڵی **١٩٩١** و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری سەبارەت بەڕەوشی پەروەردەکردن لەو قۆناخەدا تێبینی توێژەر کە لەناو بارودۆخەکەدا ژیاوە وەکـو سەرچـاوە لـە بـەرچـاو گیـراوە، هـەروەهـا تـوێژەر بـۆ زیـاتر دەوڵـەمـەندکردنی بـاسەکـەی پشتی بەستووە بـە (چاوپێکەوتن) لـەگەڵ چـەند وەزیرێك کـە لـە قۆنـاخـە جیـاوازەکـانـدا لـە دەزگـای پـەروەردە کـاریـان کـردووە، هـاوکـات لـەگەڵ کـارمـەند و شارەزای تر لە ئاستە جیاوازەکاندا، وەکو ئامرازێك بۆ کۆکردنەوەی زانیاری.

---

(١) د. أحمد سليمان عودة، أساسيات البحث العلمي، كلية التربية – جامعة اليرموك، الأردن، ١٩٩٢، ص ١٨٨١٧٨.

**فۆرمی راپرسی**:

بەکارهێنانی (فۆرمی راپرسی) بە یەکێك لە کەرەستەکانی تری کۆکردنەوەی زانیاری دادەنرێ کە توێژەر لەو باسەدا پشتی پێ بەستووە.

دابەشکردنی فۆرمی راپرسی برێتییە لە دروستکردنی فۆرمێك کە چەندان پرسیاری تایبەت بەبابەتی لێکۆڵینەوە کە لەخۆ دەگرێ، تێیدا داوا لە کەسەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە دەکرێ وەڵامی راست و گونجاو بدەنەوە، تا بە پشتبەستن بە وەڵامی ئەوان زانیاریی پێویست سەبارەت بە باسەکە بەدەست بهێنرێ.

فۆرمی راپرسیی ئێمە لەو باسەدا بەسەر دوو تەوەری سەرەکی دابەش کراوە کە کۆی گشتی پرسیارەکان (٣٢) پرسیارن، بۆ زانیاری زیاتر سەیری پاشکۆی ژمارە (١٢) بکە.

**تەوەری یەکەم**: ئەو پرسیارانە دەگرێتەوە کە زانیاریی گشتی سەبارەت بە ئاستی خوێندەواری و رشتەی خوێندن و پیشەی دایك و باوکی نموونەی لێکۆڵینەوەکە نیشان دەدات.

**تەوەری دووەم**: گشت ئەو پرسیارانە دەگرێتەوە کە رۆڵی دەزگای پەروەردەی فەرمی لە بەهێزکردنی هوشیاریی نەتەوەیی بە بەراورد لەگەڵ دەزگای پەروەردەییی نافەرمی لەلای قوتابی نیشان دەدا.

١- **راستی ئامراز** (صدق الأداة)

زۆر گرینگە راستی هەر فۆرمێکی راپرسی بپێورێ، لەبەرئەوەی وەڵامەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە و رادەی پێوەندی پرسیارەکان بە بابەتی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە.

جا بە مەبەستی پشتڕاستبوون لە ڕادەی راست و دروستی و گونجاوبوونی فۆرمی راپرسی ئێمە، توێژەر بەر لە دەستپێکردنی لایەنی مەیدانی و دابەشکردنی فۆرمەکە بەسەر نموونەی لێکۆڵینەوە ئەو فۆرمەی بەسەر(٩)(*) شارەزا لە بواری زانستی

(*) ١- پ. د. ئازاد نەقشبەندی بەشی جوگرافیا، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٢- پ. د. یووسف حەمە ساڵح مستەفا بەشی دەروونناسی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین. =

جۆراوجۆری وەکو (کۆمەڵناسی، دەروونناسی، ئامار، یاسا، جوگرافیا) دابەش کرد کە ئەنجامی پێوەرەکە (٩٣,٤٪) بوو، کە ئەو ژمارەیەش رادەی راستی ئەو فۆرمە نیشان دەدا، سەیری پاشکۆی ژمارە (١٤) بکە.

٢- چەسپاندنی ئامراز:

بۆ زیاتر تۆکمەکردنی فۆرمی راپرسی چ لە رووی زمانەوانی و ناوەڕۆکی پرسیارەکان، هەروەها بە مەبەستی زانینی پلەی چەسپاندن، توێژەر هەستا بە تاقیکردنەوەی فۆرمی راپرسی بە رێگەی بڵاوکردنەوە و دابەشکردنی فۆرمەکە بەسەر (١٥) کەس، پاش ئەنجامدانی چەند گۆڕانکارییەك لە قۆناخی یەکەم بۆ جاری دووەم فۆرمەکە بەسەر هەمان ژمارە دابەش کرایەوە، ئەو پرۆسەیە ماوەی زیاتر لە (١٥) رۆژی خایاند، پاشان بە بەکارهێنانی پێوەری (سیبرمانspearman) هەوڵمان دا رادەی پێوەندیی نێوان چاوپێکەوتنی یەکەم و دووەممان بۆ دەربکەوێ و ئەنجامی پێوەرەکەش (٩٤٪) دەرچوو ئەو ژمارەیەش پێوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو چاوپێکەوتنەکە نیشان دەدا، لە هەمان کاتدا رادەی چەسپاندنی فۆرمی راپرسییەکە نیشان دەدا.

چەسپاندنی ئامراز =

$$ر = ١ - \frac{٦ \text{ مجموع } ف^2}{ن\,(ن^2 - ١)}$$

---

= ٣- پ. د. سەباح ئەحمەد نەجار کۆلێجی یاسا و رامیاری، زانکۆی سەلاحەدین.

٤- پ. ی. د. ساحب قهرمان بەشی ئامار، کۆلێجی بەڕێوەبردن و ئابووری، زانکۆی سەلاحەدین.

٥- پ. ی. د . شێرزاد نەجار بەشی یاسا، کۆلێجی یاسا و رامیاری، زانکۆی سەلاحەدین.

٦- پ. ی. د. نووری یاسین هەرزان بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٧- پ. ی. د. تاهیر حسۆ میرخان بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٨- پ. ی. د. عەبدولحەمید عەلی سەعید بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین.

٩- پ. ی. د . عومەر ئیبراهیم عەزیز بەشی زانستی پەروەردەیی و بەڕێوەبردن، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.

**پێنجەم: کەرەستەکانی ئامار:**

بۆ شیکردنەوە و شیکارکردنی ژمارە بەدەستهاتووەکان لە بواری کاری مەیدانی لەم توێژینەوەیەدا، لێکۆڵەر بە بەکارهێنانی چەند ئامراز و کەرەستەیەکی ئاماریی بە پێویست زانیووە کە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە.

١– رێژەی سەدی ٪ (percentage)

٢– تاقیکردنەوەی کا$^2$ (chhi square): ئەم پێوەرە بۆ سەلماندنی راستی نموونەی لێکۆڵینەوە و گریمانەی لێکۆڵینەوە و زانینی هەبوونی جیاوازیی مەعنەوی لە نێوان وەڵامەکانی هەردوو رەگەزی نێر و مێدا سەبارەت بە هەندێك پرسیار بەکار هاتووەوە [١].

١– تاقیکردنەوەی کا$^2$ ٢×١

$$\chi^2 = \sum \frac{(O2 - E)}{E}$$

٢ – تاقیکردنەوەی کا$^2$ ٢×٢

$$\chi^2 = \frac{N(AD - BC) - {}^{1}/_{2}N}{(T1)(T2)(T3)(T4)}$$

٣ – تاقیکردنەوەی کا$^2$ ٢×٣

$$\chi^2 = \frac{(N)}{T1}\ \frac{(A1}{C1} + \frac{A2}{C2} + \frac{A3)}{C3} + \frac{(N)}{T2}\ \frac{(B1}{C1} + \frac{B2}{C2} + \frac{B3)}{C3} - N$$

(١) نورمن كورتز، مقدمة أي برامار در علوم اجتماعي، ت: حبيب اللّه تيموري، نشرني، تهران، ١٣٧٤، ل ١٩٩.

بەشی پێنجەم

## سیما گشتییەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە (خصائص عينة البحث)

١- سیمای دیموگرافی نموونەی لێکۆڵینەوە:

پێکهاتەی تەمەن و رەگەز لە هەر ناوەندێکی دانیشتووان یاخۆ نموونەی لێکۆڵینەوە سیمای دیموگرافی ئەو نموونەیە نیشان دەدا کە سیمای کۆمەڵگەی لێکۆڵینەوە دەردەخات.

لەبەرئەوەی ناونیشانی باسەکەی ئێمە تایبەتە بە سیستەمی پەروەردەکردن لە کوردستان بۆیە ئەو کەسانەی کە وەکو نموونەی لێکۆڵینەوە هەڵبژێردراون قوتابی پۆلی پێنجەم و شەشەمی ئامادەیین، هەر بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی زۆربەی قوتابییان لەو قۆناخەدا ئاستی تەمەنیان لە نێوان (١٧-١٨) حەڤدە بۆ هەژدەساڵی دایە کە ئەوەش پێکهاتەی تەمەنی نموونەی لێکۆڵینەوەی ئێمە نیشان دەدا.

سەبارەت بە پێکهاتەی رەگەز لە خشتەی ژمارە (٩) دەردەکەوێ رێژەی (٥٢,٦٪) نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان لە رەگەزی نێرە و، رێژە (٤٧,٤٪) رەگەزی مێ پێك دەهێنێ.

خشتەی ٩

رەگەزی نموونەی لێکۆڵینەوە کە نیشان دەدات.

| رەگەز | ژمارە | رێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| نێر | ٢٦٣ | ٥٢,٦ ٪ |
| مێ | ٢٣٧ | ٤٧,٤٪ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

٢- ئاستی خوێندەواری:

خشتەی (١٠)

ئەوە لقە زانستی نموونەی لێکۆڵینەوەکە نیشان دەدا کە تێیدا دەخوێندرێ.

| لق | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زانستی | ٣٠٧ | ٦١,٤ |

| | | |
|---|---|---|
| ویژەیی | ١٩٣ | ٣٨,٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

وەکو لە خشتەی سەرەوە بە دیار دەکەوێ زۆرینەی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان کە رێژەی (٦١,٤٪) لقی زانستی قۆناخی پێنج و شەشی دواناوەندین، رێژەی (٣٨,٦٪) لە لقی ویژەیی هەمان قۆناخ دان.

٣- ئاستی خوێندەواری باوانی نموونەی لێکۆڵینەوە:

ئاستی خوێندەواری بە یەکێك لەو سیما تایبەتانە دەژمێردرێ کە شارەزا و توێژەران لە توێژینەوە کۆمەلایەتییەکان و تەنانەت لە هەڵبژاردنی نموونەی لێکۆڵینەوە زۆر گرینگی پێ دەدەن. لەبەرئەوەی ئاستی خوێندەواری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا رادەی دواکەوتن یاخۆ پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە نیشان دەدات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لەسەر ئاستی تاکیش ئاستی خوێندەواری کار دەکاتە سەر باری ژیان و گوزەران، ئاستی بژێوی تاك و پایەی کۆمەلایەتی و رۆڵی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

خشتەی ١١

ئاستی خوێندەواری باوك لە نموونەی لێکۆڵینەوەکە نیشان دەدا.

| ئاستی خوێندەواری باوك | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٩٤ | ١٨,٨ |
| دەخوێنێ دەنووسی | ٤٧ | ٩,٤ |
| سەرەتایی | ٨٣ | ١٦,٦ |
| ناوەندی | ٨٦ | ١٧,٢ |
| ئامادەیی | ٥٧ | ١١,٤ |
| پەیمانگە | ٥٥ | ١١ |
| کۆلێج | ٦٤ | ١٢,٨ |
| مردوو(*) | ١٤ | ٢,٨ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

(*) وەکو لە خشتەی ژمارە (١٠) دەرکەوتووە رێژەی (٢,٨) دوو پۆینت هەشت لە سەدا ئەو قوتابییانە نیشان دەدا کە باوکیان نییە واتە مردوون.

وەکو لە خشتەی ژمارە (١١) دەردەکەوێ ڕێژەی ئەو قوتابییانەی باوکەکانیان نەخوێندەوارە لە چاو ئاستەکانی تر بە ڕێژەی (١٨,٨٪) ، کە ئەمەش بەرزی ئاستی نەخوێندەواری لە کۆمەڵگەی کوردی نیشان دەدا. ڕێژەی (٩,٤٪) تەنیا دەتوانن بخوێنن و بنووسن، و ڕێژەی (١٦,٦٪) خوێندەوارییەکەیان تا ئاستی سەرەتاییە و، ڕێژەی (١٧,٢٪) قۆناخی ناوەندین، و (١١,١٤٪) قۆناخی ئامادەیین، ڕێژەی (١١٪) ئاستی پەیمانگەیە خوێندەوارییان و ڕێژەی (١٢,٨٪) کۆلێجیان تەواو کردووە.

لەو خشتەیە بۆمان دەردەکەوێ کە باوکی زۆرینەی نموونەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە کە ڕێژەکەی دەگاتە (٧٨,٤٪) خوێندەوارن واتا ئاستی خوێندەوارییان لە قۆناخی سەرەتایی تاکو زانکۆیە، بەڵام لە هەمان کاتدا وەکو لە سەرەتادا ئاماژەمان پێ دا ڕێژەی (١٨,٨٪) نموونەکەمان باوکیان نەخوێندەوارن کە ئەوەش بۆ ئەو سەدەیە بە ڕێژەیەکی بەرز دادەنرێ و کار دەکاتە سەر دابەزینی ئاستی پێشکەوتن لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

خشتەی ژمارە ١٢

ئاستی خوێندەواری دایک لە نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان نیشان دەدا.

| ئاستی خوێندەواری دایك | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٢٣١ | ٤٦,٢ |
| دەخوێنێ دەنووسی | ٦٤ | ١٢,٨ |
| سەرەتایی | ٧٣ | ١٤,٦ |
| ناوەندی | ٣٤ | ٦,٨ |
| ئامادەیی | ٢١ | ٤,٢ |
| پەیمانگە | ٥٨ | ١١,٦ |
| زانکۆ | ١٦ | ٣,٢ |
| مردوو | ٣ | ٠,٦ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

وەکو لە خشتەی ژمارە (١٢) بۆمان دەردەکەوێ ڕێژەیەکی بەرزی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان کە دەکاتە (٤٦,٢٪) نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان دایکەکانیان نەخوێندەوارە، ڕێژەی (١٢,٨٪) تەنیا دەتوانن بخوێنن و بنووسن، ڕێژەی (١٤,٦٪)

ئاستی خوێندەوارییان سەرەتاییيە و، (٦,٨٪) ئاستی خوێندەوارییان ناوەندییە، ڕێژەی (٤,٢٪) ئاستی خوێندەوارییان ئامادەییيە، و ڕێژەی (١١,٦٪) پەیمانگەن، و ڕێژەی (٣,٢٪) ئاستی خوێندەوارییان زانکۆیە.

لە کۆی ئەو زانیارییانەدا دەتوانین بگەینە ئەو بدەرئەنجامەی کە ڕێژەیەکی بەرزی دایکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان نەخوێندەوارن کە دەگاتە (٤٦,٢٪) چل و شەش پۆینت دوو لە سەدا کە ئەو ژمارە بەرزە بۆ سەردەمێکی پێشکەوتووی وەکو ئەمڕۆ زۆر بەرزە، بێگومان دایك لە کۆمەڵگەدا ئەرکێکی زۆر گرینگی لە ئەستۆیە کە ئەویش پەروەردەکرن و پێگەیاندن و بەڕێوەبردنی ماڵە، لە هەمان کاتدا زۆر لە دایکان سەرەڕای ئەم ئەرکە وەکو ڕەگەزی دووەم لە کۆمەڵگە و داوودەزگاکانیدا لە دەرەوەی ماڵ کۆمەڵێك کار ئەنجام دەدەن. بێگومان ڕۆڵی دایك لە کۆمەڵگەی کوردی ڕۆڵێکی زۆر گرینگە لەبەرئەوەی خێزان تاکو ئێستاش ناوەندێکی پتەو و پیرۆزە، کاریگەریی زۆری لەسەر گشت ئەندامانی کۆمەڵگە هەیە، کەواتە کاریگەریی زۆریشی هەیە لەسەر دروستبوونی کەسایەتی منداڵ و تاکەکانی کۆمەڵگە. وەکو کۆمەڵناس و دەروونناس و پسپۆڕانی بواری پەروەردە جەختی لەسەر دەکەنەوە، سەرەتاکانی قۆناخی ژیانی هەر مرۆڤێك (١-٤) ساڵ زۆر گرینگە بۆ دروستبوونی کەسایەتیی مرۆڤ، لەو قۆناخەشدا دایك پێوەندییەکی زۆر پتەو ڕاستەوخۆ و بەردەوامی هەیە لەگەڵ منداڵ بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی وەکو کۆمەڵگەی کوردیدا.

لێرەدا هەست بەوە دەکرێ کە دایکێکی خوێندەوار و خاوەن ڕۆشنبیری و زانیاری هەمەجۆر چەندە دەتوانێ هاوکار بێ لە هێنانە کایەی نەوەیەکی خودان کەسایەتیی بەهێز و توانا و کۆمەڵگەیەکی پیشکەوتوو، بێگومان ڕەنگدانەوەشی دەبێ لەسەر بوارە سیاسی و نەتەوەییيەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری نەتەوەیی.

٤- پیشەی باوان:

لە زانیارییەکانی خشتەی (١٣) بۆمان دەردەکەوێ کە زۆرینەی باوکانی نموونەی لێکۆڵینەوەمان پیشەیان فەرمانبەرە کە ڕێژەکەی دەکاتە (٤٠,٤٪)، ڕێژەی (٣٨٪) کاسبن، ڕێژەی (٥,٦٪) پیشەیان پێشمەرگەن و ڕێژەی (٩,٤٪) بێ کارن، ڕێژەی (١,٦٪) ئەفسەرن بەڵام نەزانراوە ئەفسەری پۆلیس یا ئاسایشن، (٢,٦٪) دوو پۆینت شەش لە سەدای خانەنشینن، سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژەی (٢,٨٪) کە گوتویانە باوکیان مردووە.

خشتەی ١٣

پیشەی باوکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان نیشان دەدا.

| جۆری پیشەی باوك | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| فەرمانبەر | ٢٠٢ | ٤٠,٤ |
| کاسب | ١٩٠ | ٣٨ |
| پێشمەرگە | ٢٨ | ٥,٦ |
| بێ کار | ٤٧ | ٩,٤ |
| ئەفسەر | ٦ | ١,٦ |
| خانەنشین | ١٣ | ٢,٦ |
| مردوو | ١٤ | ٢,٨ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

خشتەی ژمارە ١٤

پیشەی دایکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان نیشان دەدا.

| پیشەی دایکی نموونەی لێکۆڵینەوە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| فەرمانبەر | ١١٧ | ٢٣،٤ |
| کاسب | ١ | ٠,٢ |
| ژنی ماڵەوە | ٣٧٧ | ٧٥,٤ |
| خانەنشین | ٢ | ٠,٤ |
| مردوو | ٣ | ٠,٦ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

سەبارەت بە جۆری پیشەی دایکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان وەکو لە خشتەی ژمارە (١٤) بە دیار دەکەوێ زۆرینەی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان دایکانیان کار ناکەن واتە ژنی ماڵەوەن کە ڕێژەکە (٪٧٥,٤) کە ئەو ڕێژەیە زۆر بەرزە لە چاو وڵاتانی پێشکەوتوو، ڕێژەی (٪٢٣,٤) نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان دایکەکانیان فەرمانبەرن،

ڕێژەی (٠,٢٪) تەنیا لە سەدا دوو لە دەیای نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان دایکانیان کاری ئازاد دەکەن ڕەنگە لە دووکان کار بکەن لەبەر دەرکیماڵی خۆیان، یا کاری دروینی جلوبەرگ یاخۆ نانکردن بۆ خەڵك و .. هتد)، ڕێژەی (٠,٤٪) لە سەدا چوار لە دەیای نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان دایکانیان خانەنشینن، ڕێژەی (٠,٦٪) پیشەی دایکانیان دیار نەکردووە لەبەرئەوەی مردوون.

ئەو ئاستە بەرزە لە بێ کاریی دایکان، وەکو لە خشتەکە بۆمان دەرکەوتووە (ژنی ماڵەوەن)، ئەو ڕاستییە دەردەخات کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ وەکو یەکتر لە دەرەوە کار ناکەن، هەر ئەوەش وای کردووە کە ڕێژەی ئەوانەی کار دەکەن لە خانەوادە نزمتر بێ لە ڕێژەی ئەوانەی کار ناکەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی نێگەتیڤی دەبێ لەسەر بووژاندنەوەی ئاستی ئابووریی خانەوادە بەتایبەتی و کۆمەڵگە بەگشتی، واتا ڕێژەیەکی زۆر بوونەتە مشەخۆر لەسەر کەمینەیەك کە کار دەکەن، هەر ئەو ژمارەیە ڕەنگە ئەو ڕاستییەش بسەلمێنێ کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووە، ڕەگەزی مێ بواری کارکردنی کەمتر پێ دراوە، لە هەمان کاتدا ئەمە ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنێ کە ڕەنگە گرینگی خێزان و بایەخدان بە ماڵ و منداڵ وای کردبێ کە زیاتر دایك لە ماڵ بمێنێتەوە و خەریکی پەروەردەکردنی منداڵەکانی بێ، کە ئەمڕۆکە بە پێوەرە جیهانییەکان بۆ کار ئەرکی ماڵ و بەڕێوەبردنی خێزان و پەروەردەکردنی منداڵیش بەکارکردن دێتە ژماردن.

## بەشی شەشەم

# ڕۆڵی قوتابخانە و بابەتەکانی خوێندن لە زیادکردنی زانیاری لەسەر ڕەهەندی نەتەوەیی کورد

**یەکەم**: ڕۆڵی بابەتەکانی خوێندن لە گەشەپێدانی زانیاری نەتەوەیی

قوتابخانە، وەکو دەزگایەکی پەروەردەیی فەرمی، دەتوانێ ڕۆڵی کاریگەری هەبێ لە پێگەیاندنی هزری و ژیری و جەستەیی مرۆڤ، هەروەها فاکتەرێکی بەهێزە لە گواستنەوەی کولتووری کۆمەڵگە و دروستکردنی چوونە ڕیز بۆ وڵات، بۆ نەتەوە، یا ڕێکخراو و یا پارتێکی دیاریکراو.

نموونەی ئەو وڵاتانە زۆرن کە بەرێگەی دەزگا پەروەردەیی و زانستییەکان توانیویانە شۆڕشێکی فەرهەنگی لە کۆمەڵگەکەیان بەرپا بکەن و وڵات لە قۆناخێکی دواکەوتوو بەرەو پێشکەوتن بەرن. سەرەڕای ئەوەی  زۆر لەو وڵاتانەی کە لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم زەرەر و زیانێکی زۆریان لە شەڕ بەرکەوت و ژێرخانی ئابوورییان خاپوور بوو (ئەڵمانیا، یابان، کۆریای باشوور... هتد) هەوڵیان دا بەرێگەی داڕشتنی فەلسەفەی پەروەردە و سیاسەتێکی پەروەردەیی تازە، فەرهەنگی شەڕ و توندوتیژیی کاڵ بکەنەوە و لە جیاتی کولتووری ئاشتی و خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی و دیموکراسیەت پەرە پێ بدەن.

لەبەر گرینگیی ڕۆڵی قوتابخانە لە کۆمەڵگە و توانای ئاراستەکردنی ڕەوتی هزری لە کۆمەڵگە، هەوڵمان دا لەو بارەیەوە چەند پرسیارێك ئاراستەی نموونەی لێکۆڵینەوە بکەین بەو شێوەیەی خوارەوە:

١– هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شانازیکردن بە نەتەوەکەیان.

توێژەر بۆ ئەوەی هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە شانازیکردنیان بە نەتەوەی خۆیان بۆ دەرکەوێ پرسیاری ئەوەی (ئایا شانازی بە کوردبوونی خۆت دەکەی؟) ئاراستەی نموونەی لێکۆڵینەوە کرد، ئەنجامی وەڵامەکان بەو شێوەیەیە کە لە خشتەی ژمارە (١٥) روون کراوەتەوە.

وەکو لە زانیارییەکانی خشتەی (١٥) بۆمان دەردەکەوێ زۆرینەی نموونەی

لێکۆڵینەوەکەمان کە دەکاتە بڕی (٨٥,٨٪) وەڵامی (بەڵی)یان هەڵبژاردووە، واتا شانازی بە کوردبوونی خۆیان دەکەن و ڕێژەی (١٤,٢٪) وەڵامی نەخێریان هەڵبژاردووە، واتا شانازی بەکوردبوونی خۆیان ناکەن.

خشتەی ١٥

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا سەبارەت بە شانازیکردن بە نەتەوە:

| شانازیکردن بە نەتەوە | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٢٩ | ٨٥,٨ |
| نەخێر | ٧١ | ١٤,٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

لە کۆی ئەم زانیارییانە بەدەرئەنجام دەکرێ کە ڕێژەیەکی زۆر لە قوتابیانی کوردستان لەوەی کە کوردن هەست بە شانازی دەکەن کە ئەمە مەسەلەیەکی سروشتییە و گشت نەتەوەکان خۆشەویستی و دڵسۆزی تایبەتییان بۆ گەل و نیشتمانەکەیان هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا وەکو دەبینرێ ڕێژەی (١٤,٢٪) پێچەوانەی ئەو هەستەیان هەیە، ئەم ڕێژەیەش ڕێژەیەکی کەم نییە و جێگەی هەڵوەستەکردنە کە بۆچی ئەو ڕێژەیە لە بەرامبەر ئەوەی کە کوردن شانازی بە خۆیان ناکەن، دەبێ هۆکار چی بێ، ئایا سیستەمی پەروەردەکردن پشکی ئەم دیاردە نێگەتیڤەی بەرناکەوێ؟.

٢- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕادەی شانازیکردنیان بەوەی کە کوردن.

خشتەی ١٦

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕادەی شانازیکردن بە نەتەوە نیشان دەدا.

| ڕادەی شانازی کردن بە کوردبوون | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | ٣٢٩ | ٦٧,٦٨ |
| مامناوەند | ٩٢ | ٢١,٤٤ |
| کەم | ٨ | ١,٦ |
| هیچ | ٤٠ | ٨ |
| کۆی گشتی | ٤٩٢ | ٪١٠٠ |

بۆ ئەوەی توێژەر بزانێ نموونەکانی لێکۆڵینەوە تا چەند شانازی بەکوردبوونی خۆیان دەکەن، ئەو پرسیارەی ئاراستەکردن (تا چەند شانازی بە کوردبوونی خۆت دەکەی) وەڵامی پرسیارەکە بەو شێوەیەیە کە لە خشتەی ژمارە (١٦) روون کراوەتەوە.

وەکو لە زانیارییەکانی خشتەی (١٦) بۆمان دەردەکەوێ سەبارەت بە رادەی شانازیکردنی نموونەی لێکۆڵینەوە بە کوردبوونی خۆیان ئەوانەی وەڵامی (زۆر)یان هەڵبژاردووە، رێژەکەی (٧٦,٦٨٪) لە کاتێکدا رێژەی (٢١,٢٤٪) وەڵامی (مامناوەند)یان هەڵبژاردووە، و رێژەی (١,٦٪) وەڵامی (کەم)یان هەڵبژاردووە، (٨٪) لە وەڵامدا دەڵێن هیچ شانازی بە کوردبوونی خۆیان ناکەن.

لە وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوە بدەرئەنجام دەکرێت کە رێژەیەکی بەرچاو لە قوتابییانی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان واتا (مامناوەند + کەم + هیچ ) کە رێژەکە دەکاتە (٣١,٠٤٪) بە رادەیەکی ئەوتۆ شانازی بە کوردبوونی خۆیان ناکەن، ئەمە بە دۆخێکی مەترسیدار دەژمێردرێ لەسەر لایەنی نەتەوەیی کورد و لە هەمان کاتدا لاوازی خۆشەویستی و ئینتمای نەتەوەیی دەگەیەنێ، هەروەها ئەو راستییەش نیشان دەدا کە قوتابخانە نەیتوانیووە وەکو پێویست ئەو هەستە لەلای قوتابی گەشە پێ بکات.

خشتەی ١٧

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدات سەبارەت بە شانازیکردنیان بە نەتەوە بەپێی جۆری رەگەز

| وەڵام / رەگەز | بەڵی | ٪ | نەخێر | ٪ | کۆی گشتی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٢٢٣ | ٤٤,٦ | ٤١ | ٨,٢ | ٢٦٤ | ٥٢,٨ |
| مێ | ٢٠٦ | ٤١,٢ | ٣٠ | ٦,٦ | ٢٣٦ | ٤٧,٢ |
| کۆی گشتی | ٤٢٩ | ٨٥,٨ | ٧١ | ١٤,٢ | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

بەهای ژمێرەیی = ٠,٨١ نمرەی ئازادی (DF)=1

بەهای خشتە = ٣,٨٤ ئاستی متمانە = ٪٩٥

بۆ ئەوەی بزانرێ کە هیچ جیاوازییەکی مەعنەوی لە نێوان وەڵامەکانی هەردوو رەگەزی نێر و مێدا هەیە سەبارەت بە شانازیکردنیان بە نەتەوە، ئەزموونی کایسکوێر کای (٢×٢) مان ئەنجام دا، بۆمان دەرکەوت کە لەبەرئەوەی بەهای ژمێرەیی (٠,٨١) بچوکترە لە بەهای خشتە (٣,٨٤) لەسەر ئاستی متمانەی (٩٥) و نمرەی ئازادی (١)، کەواتە هیچ جیاوازییەکی مەعنەوی لە نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێ بەدی ناکرێ، هەر بۆیە گریمانەی سفری پەسەند دەکەین کە دەڵێ هیچ جیاوازییەك لە نێوان وەڵامەکانی ئەم دوو رەگەزەدا نییە، لە خشتەی ژمارە (١٧) ئەو لایەنە تێیدا روون کراوەتەوە.

٣-هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە حەزکردنیان یان نەکردنیان بەوەی کە کوردن.

بۆ ئەوەی توێژەر وەڵامی ئەو پرسیارەی دەست بکەوێت کە چەندە نموونەی لێکۆڵینەوە حەز بەکوردبوونی خۆی دەکات ئەو پرسیارەی ئاراستەکردن (حەزت دەکرد کورد نەبوویتایە؟) وەڵامەکان بە شێوەی خوارەوە بوون.

خشتەی ١٨

حەزکردنی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا بە کوردبوونی خۆیان.

| حەزکردن بە کوردنەبوونی خود | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٨٠ | ١٦ |
| نەخێر | ٣٤٤ | ٦٨,٨ |
| نازانم | ٧٦ | ١٥,٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

وەکو لە زانیاری خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ سەبارەت بەو پرسیارەی کە حەزت دەکرد کورد نەبوویتایە، زۆرینەی نموونەی لێکۆڵینەوە بە رێژەی (٦٨,٨٪) وەڵامی نەخێریان هەڵبژاردووە، رێژەی (١٦٪) نموونەی لێکۆڵینەوە وەڵامی (بەڵێ)یان هەڵبژاردووە رێژەی (١٥,٢٪) بە نازانم وەڵامی ئەوپرسیارەیان داوەتەوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەش جارێکی تر پێویستە جەخت لەسەر ئەو راستییە بکەینەوە

که ئەگەرچی زۆرینە کە ڕێژەکەیان (٦٨،٨٪) لە کوردبوونی خۆی ڕازییە، بەڵام لە بەرامبەر ئەوەدا ڕێژەیەکی بەرچاو کە دەکاتە (٣١،٢٪) بە نەخێر و نازانم وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە کە ئەمە جارێکی تر لاوازی ڕۆڵی قوتابخانە لە دروستکردنی هەستی خۆشەویستی لە لای قوتابیان نیشان دەدا، سەرەڕای دەزگای تری پەروەردەیی نافەرمی کە هاوکات لەگەڵ قوتابخانە لەم ڕووەوە ڕۆڵ دەگێڕن.

خشتەی ١٩

حەزکردنی نموونەی لێکۆڵینەوە بە کوردبوونی خۆی نیشان دەدات بەپێی جۆری ڕەگەز.

| وەڵام / ڕەگەز | بەڵێ | ٪ | نەخێر | ٪ | نازانم | ٪ | کۆی گشتی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٤٧ | ٩،٤ | ١٧٦ | ٣٥،٢ | ٤١ | ٨،٢ | ٢٦٤ | ٥٢،٨ |
| مێ | ٣٣ | ٦،٦ | ١٦٨ | ٣٣،٦ | ٣٥ | ٧ | ٢٣٦ | ٤٧،٢ |
| کۆی گشتی | ٨٠ | ١٦ | ٣٤٤ | ٦٨،٨ | ٧٦ | ١٥،٢ | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

بەهای ژمێرەیی = ١،٥٤ نمرەی ئازادی df= ٢

بەهای خشتە = ٥،٩ ئاستی متمانە = ٩٥٪

بۆ ئەوەی جیاوازی مەعنەوی نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێی ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوەمان بۆ دەرکەوێت سەبارەت بە حەزکردن یا نەکردنیان بەوەی کە کوردن، تاقیکردنەوەی کای سکوێر، کای (٢×٣)مان ئەنجام دا بۆمان دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی مەعنەوی لە نێوان وەڵامەکانی نێر و مێ لەو بارەیەوە نییە، لەبەرئەوەی بەهای ژمێرەیی (١،٥٤) بچوکترە لە بەهای خشتەکە کە (٤،٩) لەسەر ئاستی متمانەی (٩٥٪) و نمرەی ئازادی (٢)، بۆیە لێرەدا ئێمە گریمانەی سفری پەسند دەکەین کە دەڵێ جیاوازی لە نێوان وەڵامەکانی نێر و مێدا نییە، خشتەی ژمارە (١٩) ئەم لایەنە ڕوون دەکاتەوە.

٤- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە خۆشەویستی ئاڵای کوردستان.

توێژەر بۆ ئەوەی هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوەی بەرامبەر بە ئاڵای وڵاتی بۆ دەربکەوێ ئەو پرسیارەی ئاراستەکردن (ئایا ئاڵای کوردستان لە لات پیرۆز و خۆشەویستە؟) وەڵامی ئەو پرسیارە و بدەرئەنجامەکەی بەو شێوەیە بوو کە لە خشتەی ژمارە (٢٠) روون کراوەتەوە.

خشتەی ٢٠

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە خۆشەویستی و پیرۆزی ئاڵا نیشان دەدات.

| خۆشەویستی ئاڵا | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤٤٤ | ٨٨,٨ |
| نەخێر | ٥٦ | ١١,٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

وەکو لە بدەرئەنجامی خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ زۆرینەی وەڵامی نموونەی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە خۆشەویستی و پیرۆزی ئاڵای کوردستان لەلایان بە (بەڵێ) بووە کە رێژەکەی (٨٨,٨٪) ، رێژەی (١١,٢٪) بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە بەو مانایەی کە لەلایان خۆشەویست نییە.

لەم پرسیارەدا ئەوە بدەرئەنجام دەکرێ کە ئاڵا کە بە سیمبولی هەر نەتەوە و وڵاتێك دادەنرێ لە لای گشت گەلان بە بەرز پیرۆز دادەنرێ ئاماژەکردنە بە هەبوونی پێوەندییەکی ڕوحی و خۆشەویستی لە نێوان تاك و نەتەوە و نیشتمانەکەی، لە کۆمەڵگەی کوردیش و لەلای قوتابییان کە نەوەی دواڕۆژن خۆشەویستە، ئەگەرچی کەمینەیەك ئەو هەستەیان نییە کە پێویستە ئەو لایەنە تێیاندا گەشەی پێ بدرێت.

٥- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە رادەی خۆشەویستی و پیرۆزی ئاڵای کوردستان.

توێژەر بۆ ئەوەی رادە و ئەندازەی خۆشەویستی ئاڵای کوردستانی لەلایەن نموونەی لێکۆڵینەوە بۆ دەرکەوێ، ئەو پرسیارەی (تا چەند ئاڵای کوردستانت لەلا پیرۆزە)ی ئاراستە کردن، وەڵامەکان بەو شێوەیە بوو کە لە خشتەی خوارەوە خراوەتە ڕوو.

خشتەی ٢١

ڕادەی خۆشەویستی و پیرۆزی ئاڵای کوردستان لەلای نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا.

| ڕادەی خۆشەویستی و پیرۆزی ئاڵای کوردستان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | ٣٦٨ | ٨٢,٨٨ |
| مامناوەند | ٧٦ | ١٧,١١ |
| کۆی گشتی | ٤٤٤ | ٪١٠٠ |

لە بەدەرئەنجامی ئەو خشتەیە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە زۆرینەی ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە کە دەکاتە ڕێژەی (٪٨٢,٨٨) ئاڵای کوردستانیان زۆر لەلا پیرۆز و خۆشەویستە، (٪١٧,١١) بە ڕێژەی مامناوەند لەلایان پیرۆزە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی قسە لەسەرکردنە ئەوەیە کە ڕاستە زۆرینەی نموونەی لێکۆڵینەوە پیرۆزی و خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ ئاڵای کوردستان هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێژەیەکی بەرچاو کە دەکاتە (٪١٧,١١) لێکۆڵینەوەکە بە ڕێژەی (مامناوەند+ کەم+ هیچ) ڕێژەی خۆشەویستییان بۆ ئاڵای کوردستان کەمترە لە زۆر، کە ئەمەش نزمی هوشیاریی نەتەوەیی ئەو ڕێژەیە نیشان دەدا، کە پێویستە لەسەر گشت دامەزراوە پەروەردەیییە فەرمی و نافەرمییەکان ئەم مەسەلەیە بە هەند وەربگرن، لەبەرئەوەی ئاڵا بە سیمبولێکی باڵای نەتەوەیی دەژمێردرێ، نەبوونی پیرۆزی و خۆشەویستی بۆی لاوازی ئینتیما بۆ نەتەوە دەگەیەنێ. نەتەوەیەك سەرلەبەری مێژووی خۆی لەپێناو ئاڵای نەتەوەی بەسەر بردبێ، خەوشێکی گەورەیە ئەگەر تەنانەت ڕێژەیەکی بچووکی ئەندامانی ڕێز و خۆشەویستییان بۆ ئاڵایان نەبێ.

٦- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شارەزاییان لە بابەتی سروودی نەتەوەیی.

توێژەر بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییەی بۆ دەرکەوێ کە نموونەی لێکۆڵینەوە چەندە ئاشنان بە سروودە نەتەوەیییەکان و دەتوانن بیچڕن، لەبەر ڕۆشناییی ئەو ڕاستییەی کە قوتابخانە بە یەکێك لەو دامەزراوە گرینگە پەروەردەیییانە دەژمێردرێ کە بایەخ بە سیمبولە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەدا کە یەکێك لەوان سرووده، ئەو پرسیارەی

ئاراستەکردن (ئایا هیچ سروودێکی نیشتمانی لەبەر دەزانی؟) وەڵامەکان لە خشتەی ژمارە (٢٢) روون کراوەتەوە.

خشتەی ٢٢

شارەزایی و زانینی نموونەی لیکۆڵینەوە سەبارەت بە سروودە نیشتمانییەکان نیشان دەدا.

| زانینی سرودی نیشتمانی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٦٣ | ٧٢,٦ |
| نەخێر | ١٣٧ | ٢٧,٤ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

وەکو لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ زۆرینەی رێژەی ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە کە دەکاتە (٪٧٢,٦) حەفتا و دوو پۆینت شەش لە سەدا زانیاری و شارەزاییان هەیە سەبارەت بە سروودە نیشتمانییەکان، لە بەرامبەردا رێژەی (٪٢٧,٤) ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە شارەزاییان لەو بارەیەوە نییە.

ئەنجامی ئەو خشتەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە رێژەیەکی بەرچاو (٪٢٤) سروودە نیشتمانییەکان نازانن، ئەمە جارێکی تر رۆڵی قوتابخانە لە فێرکردنی سیمبولە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بەلاوازی نیشان دەدا.

٧- ژمارەی ئەو سروودە نیشتمانییانەی کە قوتابی دەیزانێ.

هەموو نەتەوەیەك خاوەن چەندان سروودی نەتەوەیی و نیشتمانییە، کە هەریەکە بە بۆنەی یاد یاخۆ رووداو یا بۆنەیەکی نەتەوەیی دیاریکراو گوتراوە، کە نەتەوەی کوردیش یەکێك لەو نەتەوانەیە کە خاوەنی کۆمەڵێك سروودی نەتەوەییی خۆیەتی.

بۆ ئەوەی توێژەر بزانێ رادەی ئاشنایی قوتابییان بەو سروودانە چەندە و لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ئایا هیچ سروودێکی نیشتمانی دەزانیت؟ پرسیاری ئەوەی ئاراستەکردن کە ئەگەر سروود دەزانیت ناوی چەندانێکیان بنووسە. وەڵامی ئەو پرسیارە لە خشتەی ژمارە (٢٣) روون کراوەتەوە.

خشتەی ٢٣

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ژمارەی ئەو سروودانە نیشان دەدا کە دەیزانێ.

| ژمارەی ئەو سروودانەی کە دەیزانێ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| یەك سرود | ١٧٢ | ٤٧,٣٨ |
| دوو سرود | ٩٠ | ٢٤,٧٩ |
| سێ سرود | ٤٠ | ١١ |
| چوار سرود | ٣٥ | ٩,٦٤ |
| پێنج سرود | ٢٦ | ٧,١٦ |
| کۆی گشتی | ٣٦٣ | ٪١٠٠ |

وەکو لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ ڕێژەی (٪٤٧,٣٨) تەنیا یەك سروود دەزانن، ڕێژەی (٪٢٤,٧٩) دوو سروودی نیشتمانی دەزانن، ڕێژەی (٪١١) سێ سروود دەزانن، ڕێژەی (٪٩,٦٤) چوار سروود دەزانن و تەنیا ڕێژەی (٪٧,١٦) پێنج سروود دەزانن.

لە زانیارییەکانی خشتەی سەرەوە دەتوانین ئەوە بدەرئەنجام بکەین کە ڕێژەیەکی کەم لە قوتابییان زیاتر لە سروودێکی نیشتمانی دەزانن، لە کاتێکدا سروودە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بە بەشێك لە تایبەتمەندیی نەتەوەیی دەژمێردرێن و کار دەکەنە سەر بەهێزکردنی هەستی نەتەوەخوازی و پێوەندییەکی ڕوحی لە نێوان تاك و نەتەوەکەی دروست دەکات لە هەمان کاتدا سروودی نیشتمانی ئاستی پابەندبوونی تاکەکان دەردەخات بە نەتەوە و خاکەکەیەوە، بۆیە لێرەدا جارێکی تر جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەینەوە کە قوتابخانە لەبارترین شوێنە بۆ فێرکردنی ئەم چەشنە سیمبولانە، کەچی قوتابخانەکانی کوردستان نەیانتوانیووە وەکو پێویست ئەو ڕۆڵە بگێڕن.

٨- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕۆڵی قوتابخانە لە خوێندنی بابەتی تایبەت بە کوردستان لە وانەکانی (مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی) و ئاشناکردنیان بە کولتووری نەتەوە.

لە هەموو وڵات و کۆمەڵگەیەکدا، زۆر گرینگە قوتابی لە بابەتە مرۆڤایەتییەکاندا بەتایبەتی وانەکانی (مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی، کولتووری نەتەوە) بەر لەوەی

شارەزایی و زانیاری سەبارەت بە هەر کۆمەڵگە، نەتەوە یاخۆ وڵاتێکی تر وەربگرێ. گرینگە سەرەتا ئاشنا بکرێ بە مێژوو و جوگرافیا و کولتووری کۆمەڵگەی خۆی واتا خۆناسی نەتەوەیی لەلا دروست بکرێ، بێگومان ئەوە هاندەر دەبێ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شارەزایی و زانیاری تاکەکانی کۆمەڵگە بە نەتەوەکەیان و خۆشەویستییان و پێوەندییان بە نەتەوەکەیانەوە بەهێزتر دەکات.

بۆ ئەو مەبەستە توێژەر هەستا بە ئاراستەکردنی چەند پرسیارێك لەم بارەیەوە. یەکەم پرسیار لە ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە (لە قوتابخانە لەوانەکانی مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی تاچەند بابەتتان لە بارەی کوردستان خوێندووە؟) وەڵامی ئەو پرسیارە لە خشتەکانی خوارەوە روون کراوەتەوە.

خشتەی ٢٤

بۆچوونی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدات سەبارەت بە رادەی هەبوونی بابەت لەبارەی کوردستان لەناو کتێبی مێژووی قوتابخانەکاندان.

| رادەی هەبوونی بابەت سەبارەت بە کوردستان لەناو پەرتووکی مێژوو | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | ١٥٠ | ٣٠ |
| مامناوەند | ١٥٩ | ٣١,٨ |
| کەم | ١٢٨ | ٢٥,٦ |
| هیچ | ٦٣ | ١٢,٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

وەکو لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ رێژەی (٣١,٨٪) ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە رایان وایە کە بەشێوەیەکی مامناوەند لە کتێبی مێژووی قوتابخانەکاندا بابەت سەبارەت بە کوردستان دەخوێندرێ.

رێژەی (٣٠٪) نموونەکە دەڵێن زۆر، رێژەی (٢٥,٦) دەڵێن کەم، رێژەی (١٢,٢٪) دەڵێن هیچ ناخوێندرێ.

لەو خشتەیە دەتوانین ئەوە بدەرئەنجام بکەین کە قوتابییان باوەڕیان وایە کە

بابەتی مێژووی کوردستان وەکو پێویست لە کتێبەکانی مێژووی قوتابخانەکاندا ناخوێندرێ، لەبەرئەوەی مانەوەی بابەتەکانی مێژوو وەکو سەردەمی بەعس بە هۆکارێکی کاریگەر دادەنرێ لە ئاشنا نەبوونی تاکی کورد بە مێژوو و رابردوو و کولتوور و شارستانییەتی نەتەوەکەی لە ئەنجامیشدا زانیاری قوتابییان بە وڵاتی خۆیان لاواز دەکات و ئاستی هوشیارییان بەرامبەر بە نەتەوەکەیان نزم دەبێ.

دیارە وەکو ئێمە لە بەشی سێیەم کە باس لە رەوشی پەروەردەیی دەکات لە دوای دروستبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەمیانی شیکردنەوەمان بۆ چەند نموونەیەك لە بابەتەکانی کتێبی مێژوو و لە قۆناخە جیاوازەکاندا بۆمان دەرکەوت کە کتێبەکان وەکو پێویست بە بابەتی مێژووی کورد و کوردستان دەوڵەمەند نەکراون، ئەگەرچی جێگەی خۆشحاڵییە کەوا دوای رووخانی حکوومەتی بەعس لە ٢٠٠٣ پرۆسەی چاکسازی و گۆڕانکاری لە بابەتەکانی خوێندندا دەستی پێ کردووە و تاکو ئێستاش هەوڵەکان بۆ گۆڕانکاری بەردەوامن.

خشتەی ٢٥

بۆچوونی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا سەبارەت بە رادەی خوێندنی بابەت سەبارەت بە جوگرافیای کوردستان لەناو پەرتووکی جوگرافیای قوتابخانەدا.

وەکو لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەدەکەوێ کە رێژەی (٣٥,٤٪) ئەندامانی نموونەی

| هەبوونی بابەت سەبارەت بە کوردستان لەناو پەرتوکی جوگرافیادا | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | ١٢١ | ٢٤,٢ |
| مامناوەند | ١٧٧ | ٣٥,٤ |
| کەم | ١٢١ | ٢٤,٢ |
| هیچ | ٨١ | ١٦,٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

لێکۆڵینەوە باوەڕیان وایە کە بەرێژەی مامناوەند لەناو کتێبی جوگرافیای قوتابخانەکان قوتابی بابەت سەبارەت بە جوگرافیای کوردستان دەخوێنێ. رێژەی (٢٤,٢٪) بە زۆر وەڵامیان داوەتەوە، لەلایەکی تر هەمان رێژە (٢٤,٢٪) رایان وایە کە

کـەم دەخـوێنـدرێ و ڕێژەی (١٦,٢٪) بـەهـیـچ وەڵامـیـان داوەتـەوە. ئـەوەی لـێرەدا بدەرئەنجام دەکرێ کە، وەکو وانەی مێژوو، قوتابییان زۆرینەیان باوەڕیان وایە کە ئـەو بـابـەتـە بـەڕێژەی مـامـنـاوەنـد و بـە خـوارەوە گرینگی پێ دراوە کـە ئـەمـەش بـە هۆکارێکی تر دادەنرێت بۆ لاوازکردنی هوشیاریی قوتابییان بە وڵات و نەتەوەکەیان و نامۆبوونیان بە کۆمەڵگە.

خشتەی ٢٦

ڕا و بۆچوونی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا سەبارەت بە خوێندنی بابەت لەسەر کۆمەڵگەی کوردی لەناو پەرتووکی کۆمەڵناسی قوتابخانەکان.

| هەبوونی بابەت لەبارەی کوردستان لەناو پەرتووکی کۆمەڵناسی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | ٤٤ | ٨,٨ |
| مامناوەند | ٧٦ | ١٥,٢ |
| کەم | ١٣٨ | ٢٧,٦ |
| هیچ | ٢٤٢ | ٤٨,٤ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

لە زانیارییەکانی خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێژەی (٪٤٨,٤) ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە بۆچوونیان وایە کە لە وانەی کۆمەڵناسی هیچ بابەتێك لەبارەی کوردستان ناخوێندرێ، ڕێژەی (٪٢٧,٦) رایان وایە کە ئەو بابەتە کەم دەخوێندرێ، ڕێژەی (٪١٥,٢) دەڵێن بەشێوەی مامناوەند دەخوێندرێ و، ڕێژەی (٪٨,٨) دەڵێن زۆر دەخوێندرێ کە ڕێژەی کەمینەیە.

لەو زانیارییانەی سەرەوە ئەوە بدەرئەنجام دەکرێ کە دەزگای پەروەردەیی فەرمی و قوتابخانەکان وەکو پێویست بایەخیان بەو بابەتانە نەداوە کە باس لە کۆمەڵگەی کوردی دەکات، بگرە ئەو لایەنە فەرامۆش کراوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی خراپی دەبێ لەسەر قوتابی لەوەی کە نەتوانێ ئاشنای کۆمەڵگەکەی بێ بەشێوەیەکی باش و زانستی و گشت لایەنەکانی کۆمەڵگەی بۆ شی ناکرێتەوە، بۆیە ئەمە جارێکی تر تاکێکی نەزان و بێ ئاگا بە کۆمەڵگە پەروەردە دەکات، کە دواتر بەشێوەیەکی نێگەتیڤ

ڕەنگ دەداتـەوە بـەسەر ئـاستـی زانـیـاری و هـوشیـاریی قـوتـابییـان لـەمـەڕ ڕەهـەندی نەتەوەییی کورد.

خشتەی ٢٧

بۆچوونی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا سەبارەت بە ئارەزوویان بۆ جۆری خوێندنی بابەتی جوگرافیا لە قۆناخەکانی خوێندندا.

| جۆری بابەتی مێژوو کە لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| مێژووی هەرێمی کوردستان | ٩٣ | ١٨,٦ |
| مێژووی عێراق | ٢١ | ٤,٢ |
| مێژووی کوردستان و عێراق | ٨٢ | ١٦,٤ |
| مێژووی نیشتمانی عەرەبی | ١٨ | ٣,٦ |
| مێژووی جیهان | ٧٩ | ١٥,٨ |
| مێژووی کوردستانی گەورە | ٧٧ | ١٥,٤ |
| هەموویان | ٩٨ | ١٩,٦ |
| هیچیان | ٣٢ | ٦,٤ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

لـە زانـیـاریـیـەکـانـی خشتـەی سەرەوە ئـەو ڕاستییـەمـان بـۆ دەردەکـەوێ کـە ڕێژەی (٪١٩,٦) ئـەنـدامـانـی نموونـەی لـێکـۆڵـینـەوە حـەز دەکـەن سەرەڕای بـابـەت لـەبـارەی جوگرافیای کوردستان حەز دەکەن بابەت لەبارەی جوگرافیای عێراق و نیشتمانی عەرەبی و جیهان و جوگرافیای کوردستانی گەورە بخوێنن، ڕێژەی (٪١٨,٨) هەژدە پۆینت هەشت لە سەداش حەز دەکەن تەنیا بابەت لەبارەی جوگرافیای کوردستان بـخـوێـنـن، ڕێژەی (٪١٨) نموونـەی لـێکـۆڵـینـەوەش حـەز دەکـەن بـابـەتـی جـوگـرافـیـا و کوردستانی عێراق بخوێنن، ڕێژەی (٪١٦,٦) جوگرافیای جیهانیان هەڵبژاردووە، ڕێژەی (٪١٤,٤) جـوگـرافـیـای کـوردسـتـانـی گـەورە بـە پـەسـەند دەزانـن، تـەنـیـا ڕێژەی (٪٢,٦) دوو پۆینت شەش لە سەدا دەیانەوێ تەنیا جوگرافیای نیشتمانی عەرەبی بخوێنن و ڕێژەی (٪٦,٤) دەڵێن هیچیان.

لێرەدا ئەوەی بدەرئەنجام دەکرێ ئەوەیە کە ڕێژەی بەرز لە نموونەی لێکۆڵینەوە حەز

دەکەن لە وانەی جوگرافیا بابەت لەبارەی کوردستان و ناوچە و وڵاتانی دیکەش بخوێنن، ئەمە ئەو راستییە دەگەیەنێ کە قوتابیانی کوردستان حەز دەکەن زانیاری و شارەزاییان سەبارەت بەباری جوگرافیای نەتەوەکەیان بەدەست بهێنن، بێگومان ئەمەش رەنگدانەوەی باشی دەبێ لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری لە بواری نەتەوەییدا.

خشتەی ٢٨

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدات سەبارەت بە ئارەزوویان بۆ جۆری خوێندنی بابەتی مێژوو لە قۆناخەکانی خوێندندا.

| جۆری بابەتی جوگرافیا کە لە قوتابخانە بخوێندرێ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| جوگرافیای هەرێمی کوردستان | ٩٤ | ١٨,٨ |
| جوگرافیای عێراق | ١٨ | ٣ |
| جوگرافیای کوردستان و عێراق | ٩٠ | ١٨ |
| جوگرافیای نیشتمانی عەرەبی | ١٣ | ٢,٦ |
| جوگرافیای جیهان | ٨٣ | ١٦,٦ |
| جوگرافیای کوردستانی گەورە | ٧٢ | ١٤,٤ |
| هەموویان | ٩٨ | ١٩,٦ |
| هیچیان | ٥٤ | ٦,٤ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

وەکو لە زانیارییەکانی خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە بەرزترین رێژە لە ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە حەز دەکەن مێژووی کوردستان و عێراق و جیهان و کوردستانی گەورە و نیشتمانی عەرەبی و هەموو جۆرەکانی بخوێنن کە رێژەکەیان (١٩,٦٪)، و رێژەی (١٨,٦٪) حەز دەکەن مێژووی هەرێمی کوردستان بخوێنن، رێژەی (١٦,٤٪) حەز دەکەن مێژووی کوردستان و عێراق بخوێنن، رێژەی (١٥,٨٪) باس لە مێژووی جیهان دەکەن، و رێژەی (١٥,٤٪) پازدە پۆینت چوار لە سەدا رایان لەسەر خوێندنی مێژووی کوردستانی گەورەیە، رێژەی (٦,٤٪).

لە ئەنجامی ئەو زانیارییانە جارێکی تر ئەوە بەدەرئەنجام دەکەین کە قوتابییانی کورد جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە لە پاڵ خوێندنی بابەتی مێژووی وڵات و

کۆمەڵگەکانی تر مێژووی کوردستانیش بخوێنن، بێگومان دیارە کەمی ئەو بابەتانە لەناو پەرتووکەکانی خوێندن وەکو لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووتردا بینیمان، وا لە قوتابییان دەکات کە لە وەڵامەکانیان دا جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە حەز دەکەن سەبارەت بە مێژووی وڵات و نەتەوەکەیان زانیارییان هەبێ، کە ئەمەش کار دەکاتە سەر بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییان.

خشتەی ٢٩

را و بۆچوونی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا سەبارەت بە رۆڵی قوتابخانە لە فێرکردنی زانیاری سەبارەت بە مێژوو و جوگرافیای کورد.

| رۆڵی قوتابخانە لە پێدانی زانیاری جوگرافی و مێژووی کورد جوگرافی | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | ٧٤ | ١٤,٨ |
| مامناوەند | ٢٣٢ | ٤٦,٤ |
| کەم | ١٥١ | ٣,٢ |
| هیچ | ٤٤ | ٨,٦ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

وەکو لە زانیارییەکانی خشتەی سەرەوە بەدیار دەکەوێ بەرزترین رێژەی وەڵامەکانی ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەوەی چەندە قوتابخانە رۆڵی کاریگەر دەگێڕێ لە فێرکردنی زانیاری سەبارەت بە مێژوو و جوگرافیای نەتەوەی کورد بە قوتابی، رایان وایە کە بە رادەی مامناوەندی واتە بە رێژەی (٤٦,٤) لەو رووەوە کاریگەر بووە، رێژەی (٣٠,٢) وەڵامی کەمیان هەڵبژاردووە، رێژەی (٪١٤,٧) دەڵێن زۆر، و رێژەی (٪٨,٦) دەڵێن هیچ رۆڵێکی نەبووە لەو رووەوە.

لەو زانیارییە ئەوە بدەرئەنجام دەکرێت کە قوتابخانە نەیتوانیووە بە ڕێژەیەکی زۆر رۆڵی کاریگەر بگێڕێ لە گەیاندنی زانیاری مێژوویی و جوگرافیایی سەبارەت بە نەتەوەی کورد بە قوتابییان، بگرە لەم رووەوە رۆڵی لاواز بووە، کە ئەمەش بەشێوەیەکی نێگەتیڤ کار دەکاتە سەر دابەزینی ئاستی زانیاری قوتابی لەمەڕ رەهەندی نەتەوەیی کورد.

خشتەی ٣٠

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا سەبارەت بە ڕۆڵی قوتابخانە لە گواستنەوەی فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەییدا.

| ڕۆڵی قوتابخانە لە فێرکردنی کولتوور فەرهەنگ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | ٧٩ | ١٥,٨ |
| مامناوەند | ٢٢٠ | ٤٤ |
| کەم | ١٣٥ | ٢٧ |
| هیچ | ٦٦ | ١٣,٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

وەکو لە زانیارییەکانی خشتەی ژمارە (٣٠) دەردەکەوێ ڕێژەی (٤٤٪) ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕۆڵی قوتابخانە لە ئاشناکردنی قوتابییان بە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەیی ڕایان وایە کە بە ئەندازەی مامناوەندی لەم ڕووەوە کاریگەر بووە، لە کاتێکدا (٢٧٪) نموونەی لێکۆڵینەوە ڕایان وایە کە بە ڕێژەی کەم لەم ڕووەوە ڕۆڵی هەبووە، هەروەها ڕێژەی (١٥,٨٪) ڕایان وایە کە زۆر ڕۆڵی کاریگەریی هەبووە. ڕێژەی (١٣,٢٪) دەڵێن هیچ ڕۆڵی نەبووە.

لە وەڵامی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە قوتابخانە وەکو دەزگایەکی پەروەردەیی فەرمیی گرینگ لە کوردستان نەیتوانیووە ڕۆڵی کاریگەر بگێڕێ لە ئاشناکردنی قوتابییان بە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەکەیان، لە کاتێکدا ئەمە بە ئەرکێکی گرینگی قوتابخانە لە قەڵەم دەدرێ و ئەمەش بێگومان ڕەنگدانەوەیەکی خراپی دەبێ لەسەر ڕادەی شارەزایی و هوشیاریی قوتابییان بەرامبەر بە تایبەتمەندی نەتەوەییی خۆیان.

لە کۆی ئەو پرسیارانە کە سەبارەت بە ڕادەی هەبوونی بابەت سەبارەت بە مێژوو و جوگرافیا و کۆمەڵایەتی کوردستان لەناو وانەکانی قۆناخی خوێندندا، هەروەها ئەو پرسیارانەش کە ئاماژەکردن بوو بە ڕۆڵی قوتابخانە لە گەیاندنی بابەتی پێویست سەبارەت بە تایبەتمەندی نەتەوەییی کورد چ مێژوو، جوگرافیا، کولتووری نەتەوە بگرێتەوە بۆمان دەرکەوت کە قوتابییان زۆرینەیان جەخت لەسەر ئەو لایەنە دەکەنەوە کە قوتابخانە لە گەیاندنی زانیاری هەمەجۆر بۆ قوتابییان ڕۆڵی ئەوتۆی نەگێڕاوە،

بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێ لەسەر ئاستی زانیاری نەتەوەیی قوتابییان.

**دووەم:** کاریگەریی دەزگا پەروەردەییە فەرمییەکان لەسەر قوتابی بە بەراورد لەگەڵ دەزگا پەروەردەییە نا فەرمییەکان.

٩- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕۆڵی دەزگا پەروەردەییە فەرمی و نافەرمییەکان لە گەیاندنی زانیاری نەتەوەیی پێویست.

سەرەڕای خێزان کە بەیەکەم دەزگای پەروەردەیی نافەرمی لە ژیانی هەر تاکێك دادەنرێ، چەندان سەرچاوەی تری زانیاری لە کۆمەڵگەدا هەن کە هەر یەك لەو سەرچاوانە بە ڕێژەی جیاواز ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە لە گەیاندنی زانیاری گشتی و بەتایبەتی زانیاری نەتەوەیی تایبەت بە میللەتێك.

بێگومان کوردستانیش لەو هاوکێشەیە بەدەر نییە، جا ئێمە بۆ ئەوەی ڕۆڵ و کاریگەریی کەناڵەکانی تری زانیاری و پەروەردەیی بە بەراوردکردن لەگەڵ قوتابخانە لە فێرکردن و گەیاندنی زانیاریی نەتەوەیی بزانین، لەو بارەیەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی نموونەی لێکۆڵینەوە کرد کە یەکەم پرسیار بریتی بوو لە (کام لە مانەی خوارەوە ڕۆڵی هەبووە لە ئاشنابوونت بە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەکەت؟).

**خشتەی ٣١**

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەسەرچاوە فەرمی و نا فەرمییە پەروەردەییەکان نیشان دەدات لە ئاشنابوون بە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوە.

| ئەو سەرچاوەی ڕۆڵی زیاتری هەبووە لە فێرکردنی کولتوور | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| مامۆستا | ١٠٥ | ٢١ |
| بابەتەکانی خوێندن | ٩٧ | ١٩,٤ |
| هاوڕێکان | ٣٤ | ٦,٨ |
| دەزگاکانی ڕاگەیاندن | ١٤٣ | ٢٨,٦ |
| پارتە سیاسییەکان | ١٥ | ٣ |
| هیچیان | ١٠٦ | ٢١,٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

لە ئەنجامی زانیاری خشتەی ژمارە (٣١) بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێژەی (٢٨,٦٪) ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە زیاتر بە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکانەوە بە فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەی کورد ئاشنابوونە، ڕێژەی (١٩,٤٪) دەڵێن بە ڕێگەی بابەتەکانی خوێندن، ڕێژەی (٢١٪) دەڵێن مامۆستاکان لەو ڕووەوە زیاتر هاوکار بوونە، ڕێژەی (٢١,٢٪) دەڵێن هیچ یەك لەو کەناڵانە کاریگەرییان نەبووە، ڕێژەی (٦,٨٪) ڕایان وایە کە ئەو زانیارییانە زیاتر لە هاوڕێکانیان فێر دەبن، و ڕێژەی (٣٪) سێ لە سەدا دەڵێن بە ڕێگەی پارتە سیاسییەکان فێری بوون.

لە زانیارییەکانی ئەو خشتەیە ئەوە بەدەرئەنجام دەکرێ کە دیارە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەتایبەتی میدیای کوردستان زیاتر لە قوتابخانە زانیاری سەبارەت بە کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەیی بە قوتابییان بەخشیووە لێرەدا دەبێ ئاماژە بەو ڕاستییەش بکەین کە زۆربەی داوودەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردستان حزبێکی سیاسی لە پشتە، لە هەمان کاتدا دووەم ڕێژەی زۆر لە وەڵامەکانی کە ٢١,٢٪ دەڵێن هیچ یەك لەم دەزگایانە وەکو پێویست ئەو ڕۆڵە ناگێڕن، بێگومان ئەمەش لاوازی گشت دەزگا پەروەردەییی فەرمی و نافەرمییەکان دەگەیەنێ لەم ڕووەوە بە تایبەتی سیستەمی پەروەردە، ئەگەرچی وەکو لە زانیارییەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە بە دیار دەکەوێ کە ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە بەراورد لەگەڵ قوتابخانە بەهێزترە، لە ڕووی ئاشناکردنی قوتابییان بە مێژوو فەرهەنگ و تایبەتمەندی نەتەوەیی.

١٠- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕادەی کاریگەریی کەناڵە پەروەردەیییەکانی تر لە توانای گەیاندنی زانیاریی نەتەوەیی.

بۆ ئەوەی بزانین کە ڕادەی کاریگەریی کەناڵە پەروەردەیییە نافەرمییەکان بە بەراورد لەگەڵ قوتابخانە چەندە کە دەزگایەکی پەروەردەییی فەرمییە لە فێرکردنی زانیاری سەبارەت بە کوردستان ئەو پرسیارەمان ئاراستەی نموونەی لێکۆڵینەوە کرد (لە کام یەك لەو سەرچاوانەی خوارەوە زانیاری زیاتر سەبارەت بە کوردستان فێر دەبیت؟) وەڵامی ئەو پرسیارە لە خشتەی خوارەوە روون کراوەتەوە.

خشتەی ٣٢

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە رۆڵی کەناڵە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەیی فەرمی و نافەرمی لە فێرکردنی زانیاری سەبارەت بە کوردستان نیشان دەدا.

| ٪ | ژمارە | رۆڵی دەزگا پەروەردەییەکان (فەرمی نافەرمی) لە گەیاندنی زانیاری نەتەوەیی |
|---|---|---|
| ٩,٢ | ٤٦ | ماڵەوە |
| ٣٦,٦ | ١٨٣ | قوتابخانە |
| ٤٠,٤ | ٢٠٢ | کەناڵەکانی راگەیاندن |
| ١١ | ٥٥ | حزب و رێکخراوەکان |
| ٢,٨ | ١٤ | هاوڕێ |
| ٪١٠٠ | ٥٠٠ | کۆی گشتی |

وەکو لە خشتەی ژمارە (٣٢) بۆمان دەردەکەوێ رێژەی (٪٤٠,٤) ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە باوەڕیان وایە کە دەزگاکانی راگەیاندن زیاتر زانیارییان سەبارەت بە کوردستان پێ دەبەخشن، رێژەی (٪٣٦,٦) دەڵێن (قوتابخانە) و، رێژەی (٪٩,٢) دەڵێن خێزان، رێژەی (٪١١) دەڵێن پارت و رێکخراوەکان و رێژەی (٪٢,٨) دەڵێن هاوڕێ.

لە کۆی ئەو زانیارییانە ئەوە بدەرئەنجام دەکرێ کە رۆڵی دەزگاکانی راگەیاندن کاراترە لە گەیاندنی زانیاری پێویست لەبارەی نەتەوەی کورد، ئەگەرچی جارێکی تر جەخت لەسەر ئەو راستییە دەکەینەوە کە زۆرینەی دەزگاکانی راگەیاندنی کوردستان حزبین و ئەمە رۆڵی باڵای حزب لەو رووەوە نیشان دەدا، کەچی قوتابخانەکان لەو رووەوە وەکو پێویست رۆڵی خۆیان ناگێڕن، ئەگەرچی دەتوانن رۆڵی کاراتر بگێڕن.

١١- بڕی ئەو کاتەی نموونەی لێکۆڵینەوە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن تەرخانی دەکات.

دەزگاکانی راگەیاندن وەکو لە وەڵامی پرسیارەکانی پێشوو بینیمان کاریگەرییان لە گشت کەناڵەکانی تری پەروەردەیی زیاترە، تەنانەت لە خودی قوتابخانەش، دیارە هۆکاری سەرەکیش بۆ رادەی سەرنجراکێشەری دەزگاکانی راگەیاندنی سەردەم بە هەموو جۆرەکانی دەگەڕێتەوە کە بە وێنە و دەنگ و جوولە تاک زیاتر بۆ لای خۆیان

کێش دەکەن، ئەوە سەرەڕای زۆری و فرەوانبوونی شێوازی بەرنامەکان و زمانەکانی و بە ئاسانی دەکەوێتە بەردەستی هەمووان.

بۆ ئەوەی توێژەر بزانێ ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە چەند لە کاتیان بۆ تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن و رادیۆ کە بەجۆرێك لە جۆرەکانی راگەیاندن و میدیا دەژمێردرێن تەرخان دەکەن، ئەو پرسیارەیان ئاراستەکردن (رۆژانە چەند لە کاتت تەرخان دەکەیت بۆ سەیرکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن یاخۆ رادیۆ یا هەر کەناڵێکی تری راگەیاندن؟) وەڵامەکان بەو شێوەیە بوو کە لە خشتەی ژمارە (٣٣) روون کراوەتەوە.

خشتەی ٣٣

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ماوەی ئەو کاتەی لەگەڵ تەلەڤزیۆن و رادیۆ بەسەری دەبات نیشان دەدا.

| رادەی کات بەسەربردن لەگەڵ راگەیاندن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| کەمتر لە کاتژمێرێك | ١٠١ | ٢٠,٢ |
| ١ – ٢ کاتژمێر | ١٣٩ | ٢٧,٨ |
| ٢ – ٣ کاتژمێر | ١٠٧ | ٢١,٤ |
| زیاتر لە سێ کاتژمێر | ١٥٥ | ٣٠,٦ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

وەکو لە خشتەی ژمارە (٣٣) بۆمان دەردەکەوێ رێژەی (٣٠,٦٪) ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە زیاتر لە سێ کاتژمێر کات بۆ تەماشاکردنی تەلەڤزیۆن و گوێگرتن لە رادیۆ و کەناڵەکانی راگەیاندن تەرخان دەکەن، رێژەی (٢٧,٨٪) وەڵامەکانیان (١–٢ کاتژمێر) بۆ راگەیاندن تەرخان دەکەن، رێژەی (٢١,٤٪) کاتژمێر لە کاتیان بۆ راگەیاندن تەرخان دەکەن و رێژەی (٢٠,٢٪) کەمتر لە کاتژمێرێك خۆیان سەرگەرمی کەناڵەکانی راگەیاندن دەکەن.

لێرەدا دەتوانین بگەین بەو ئەنجامەی کە بەرزترین رێژە لە وەڵامەکانی ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە کاتێکی زۆر و زیاتر لە ٣ کاتژمێر خۆخەریکی کەناڵەکانی

ڕاگەیاندن دەکەن، ڕەنگە ئەو کاتەش زیاتر بێ لەو ماوەیەی قوتابی لە قوتابخانە بەسەری دەبات؛ لەبەرئەوەی زۆربەی قوتابخانەکانی کوردستان دوو دەوامە و لەبەر گرفتی کەمی قوتابخانە و زۆری قوتابی قوتابخانە هەیە بە ناچاری سێ دەوام یاخۆ زۆر کەم هەیە چوار دەوامی تێدایە، بێگومان ئەمەش وا دەکا کاتی مانەوەی قوتابی لە قوتابخانە کەم بێ، لە کاتێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوو قوتابی زۆربەی کاتی خۆی لە قوتابخانە بەسەر دەبات و هەر لەوێش کەسایەتی و بیر و ڕاکانی بۆ دروست دەبن، بەڵام لە کوردستان بارەکە پێچەوانەیە.

خشتەی ژمارە ٣٤

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو ماوەیەی لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەپێی ڕەگەز نیشان دەدا.

بەهای ژمێرەیی = ٥,٥ نمرەی ئازادی = ٣

| وەڵام / ڕەگەز | کامتر لە کاتژمێرێک | ٪ | ١–٢ کاتژمێر | ٪ | ٢–٣ کاتژمێر | ٪ | زیاتر لە سێ کاتژمێر | ٪ | کۆی گشتی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٥٢ | ١٠،٤ | ٨١ | ١٦،٢ | ٦١ | ١٢،٢ | ٧٠ | ١٤ | ٢٦٤ | ٥٢،٨ |
| مێ | ٤٩ | ٩،٨ | ٥٨ | ١١،٦ | ٤٦ | ٩،٢ | ٨٣ | ١٦،٦ | ٢٣٦ | ٤٧،٢ |
| کۆی گشتی | ١٠١ | ٢٠،٢ | ١٣٩ | ٢٧،٨ | ١٠٧ | ٢١،٤ | ١٥٣ | ٣٠،٦ | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

بەهای خشتە = ٧,٨٢ ئاستی متمانە = ٩٥٪

بەمەبەستی زانینی جیاوازی لە نێوان وەڵامەکانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ سەبارەت بەو ماوەیەی تەرخانی دەکەن بۆ کات بەسەربردن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، تاقیکردنەوەی کای سکوێر ئەنجام دراوە، بۆمان دەرکەوت کە لەبەرئەوەی بەهای ژمێرەیی (٥,٥) بچووکترە لە بەهای خشتەکە (٧,٨٢) لەسەر ئاستی متمانەی (٩٥٪) و بە نمرەی ئازادی (٣) کەواتە گریمانەی سفری ڕاست دەردەچێ و هیچ جیاوازییەکی مەعنەوی لە نێوان وەڵامەکانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا نییە.

١٢-هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە هەڵبژاردنی جۆری زمان و کەناڵ و بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لە دەزگاکانی راگەیاندن.

بۆ ئەم مەبەستە توێژەر ئەو پرسیارانەی ئاراستەی نموونەی لێکۆڵینەوە کرد (١- زیاتر کاتت بۆ کام لەم راگەیاندنانەی خوارەوە تەرخان دەکەی؟)، (٢- چ بوارێك لە کەناڵەکانی راگەیاندن زیاتر سەرنجت ڕادەکێشێ؟) وەڵامی ئەو پرسیارانە لە خشتەکانی ژمارە (٣٥) و (٣٦) روون کراوەتەوە.

خشتەی ٣٥

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو کەناڵە راگەیاندنە نیشان دەدا کە زۆرترین کاتی بۆ سەرف دەکات.

| ئەو کەناڵەی زۆربەی کات پێی مەشغول دەبێت | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| عەرەبی | ١١٣ | ٢٢,٦ |
| فارسی | ٣٦ | ٧,٢ |
| کوردی | ٢٢٩ | ٤٥,٨ |
| تورکی | ٣٨ | ٧,٦ |
| بیانی | ٩١ | ١٨,٢ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

وەکو لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە رێژەی (٪٤٥,٨) نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان سەیری کەناڵی کوردی دەکەن و رێژەی (٪٢٢,٦) سەیری کەناڵی عەرەبی دەکەن، رێژەی (٪١٨,٢) سەیری کەناڵی بیانی دەکەن، رێژەی (٪٧,٢) سەیری کەناڵی فارسی دەکەن، رێژەی (٪٧,٦) سەیری کەناڵی تورکی دەکەن .

لە ئەنجامی ئەو خشتەیە ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە قوتابییانی کوردستان، وەکو لە وەڵامی نموونەکە دەرکەوتووە، بە پلە یەك سەیری کەناڵی کوردی دەکەن جا چ تەلەڤزیۆن یاخۆ رادیۆ یا کەناڵەکانی تر بێت، هەر بۆیە کاتێك بەراوردمان کردن لەگەڵ دەزگای قوتابخانە دەبینین کە قوتابییان وەڵامەکانیان وایان نیشان دەدا کە زۆرترین زانیاری سەبارەت بە مێژوو و جوگرافیا و کولتووری کورد لە کەناڵەکانی

ڕاگەیاندنەوە فێری دەبن، لەبەرئەوەی بێگومان کەناڵی ڕاگەیاندنی هەر نەتەوەیەك مەرجە تایبەتمەندیی نەتەوەییی خۆی لەبەرچاو بگرێ.

خشتەی ٣٦

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە بەپێی ڕەگەز نیشان دەدا سەبارەت بە جۆری ئەو کەناڵانەی ڕاگەیاندن کە زۆرترین کاتی بۆ تەرخان دەکەن.

بەهای ژمێردراو = ٨,١٤ نمرەی ئازادی = ٤

| وەڵام / ڕەگەز | عەرەبی | ٪ | فارسی | ٪ | کوردی | ٪ | تورکی | ٪ | بیانی | ٪ | کۆی گشتی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٥٠ | ١٠ | ١٦ | ٣،٢ | ١٢٣ | ٢٤،٦ | ٢٤ | ٤،٨ | ٥١ | ١٠،٢ | ٢٦٤ | ٥٢،٨ |
| مێ | ٦٣ | ١٢،٦ | ٢٠ | ٤ | ١٠٦ | ٢١،٢ | ١٤ | ٢،٨ | ٣٣ | ٦،٦ | ٢٣٦ | ٤٧،٢ |
| کۆی گشتی | ١١٣ | ٢٢،٦ | ٣٦ | ٧،٢ | ٢٢٩ | ٤٥،٨ | ٣٨ | ٧،٦ | ٨٤ | ١٦،٨ | ٥٠٠ | ١٠٠ |

بەهای خشتە = ٩,٤٩ ئاستی متمانە= ٩٥٪

بۆ ئەوەی بزانین جیاوازی لە نێوان وەڵامەکانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە سەبارەت بەجۆری ئەو کەناڵانەی ڕاگەیاندن کە زۆرترین کاتی بۆ تەرخان دەکەن، تاقیکردنەوەی کای سکوێرمان بەکار هێنا، لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەوت لەبەرئەوەی بەهای ژمێردراو کە (٨,١٤) گەورەترە لە بەهای خشتە (٩,٤٩) لەسەر ئاستی متمانەی (٩٥٪) و نمرەی ئازادی (٤)، کەواتە گریمانەی سفری ڕاست دەرنەچوو کە دەڵێ هیچ جیاوازی لە نێوان وەڵامەکانی هەردوو ڕەگەزدا نییە.

خشتەی ٣٧

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا سەبارەت بەو بوارانەی لە کەناڵەکانی راگەیاندن زیاتر سەرنجی رادەکێشێ.

| ئەو بوارانەی لە راگەیاندن سەرنجی رادەکێشێ | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| وەرزش | ١٠٤ | ٢٠,٨ |
| هونەری و مۆسیقا | ٨٤ | ١٦,٨ |
| فیلم و حەلقەکان | ١١٤ | ٢٢,٨ |
| بەرنامەی ئاینی | ٧١ | ١٤,٢ |
| بەرنامەی سیاسی و هەواڵ | ٣٩ | ٧,٨ |
| بەرنامەی کۆمەڵایەتی | ٥٧ | ١١,٤ |
| هی تر | ٣٨ | ٧,٦ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

وەکو لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ رێژەی (٢٢,٨٪) نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان لە بابەتەکانی راگەیاندن زیاتر سەیری فیلم و زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکان دەکەن، و رێژەی (٢٠,٨٪) سەیری بەرنامەی وەرزشی دەکەن، رێژەی (١٦,٨٪) سەیری بەرنامەی هونەری و مۆسیقا دەکەن، رێژەی (١٤,٢٪) سەیری بەرنامەی ئاینی دەکەن، رێژەی (١١,٤٪) سەیری بەرنامەی کۆمەڵایەتی دەکەن، رێژەی (٧,٨٪) سەیری بەرنامەی سیاسی دەکەن، (٧,٦٪) سەیری بەرنامەی تر دەکەن جیا لەوەی ئێمە ناومان هێناوە.

وەکو لە بەدەرئەنجامی ئەو خشتەیە دەردەکەوێ زۆرینە قوتابییان بە پلەی یەکەم سەیری فیلمی سینەمایی و زنجیرەی تەلەفزیۆنی دەکەن، بێگومان زۆربەی ئەو بابەتانە کولتووری بێگانەی وڵاتانی تر دەگوازنەوە، هەر بە رێگەی ئەوەوە کار دەکاتە سەر رەفتار و جۆری کەلوپەل و تێڕوانین و گۆڕینی تێڕوانینی هزرییان، ئەمەش زۆرجار تایبەتمەندی کولتووری نەتەوەیی کز و لاواز دەکا.

بۆ ئەوەی توێژەر بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئایا جیاوازی هەیە لە نێوان وەڵامەکانی هەردوو رەگەزی نێر و مێ سەبارەت بە جۆری ئەو بەرنامانەی کە لەلایەن هەردوو

ڕەگەزەوە زیاتر بە دواداچوونی بۆ دەکرێ، تاقیکردنەوەی کای سکوێری ئەنجام دا.

لەمیانی ئەو تاقیکردنەوەیە بۆی دەرکەوت لەبەرئەوەی بەهای ژمێردراو کە (٤١,٦) گەورەترە لە بەهای خشتەکە کە (١٢,٥٩) لەسەر ئاستی متمانەی ٩٥٪ و نمرەی ئازادی (٦) بۆیە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە گریمانەی سفری ڕاست دەرناچێ و جیاوازی مەعنەوی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا هەیە لە بەدواداچوونی جۆری بەرنامەکانی ڕاگەیاندن.

وەکو لە خشتەی ژمارە (٣٨) دەردەکەوێ بە هۆی سروشتی نێر، کوڕان زیاتر حەز بە تەماشاکردنی بەرنامەی وەرزشی دەکەن بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە زیاتر بواری وەرزشکردن بۆ کوڕ ڕەخساوە نەك کچ، لە کاتێکدا کچان زیاتر حەز لە سەیرکردنی فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنی و هونەر و بەرنامەی کۆمەڵایەتی دەکەن بە بەراوردکردن لەگەڵ کوڕان.

### خشتەی ٣٨

هەڵوێستی هەردوو ڕەگەزی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا سەبارەت بەو بوارانەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زیاتر سەرنجڕاکێشن.

| وەلام / ڕەگەز | وەرزش | ٪ | هونەری مۆسیقا | ٪ | فیلم و حەڵقە | ٪ | بەرنامەی ئاینی | ٪ | سیاسی | ٪ | بەرنامەی کۆمەڵایەتی | ٪ | هی دیکە | ٪ | کۆی گشتی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٧٩ | ١٥٨ | ٤١ | ٨,٢ | ٤١ | ٨,٢ | ٣٦ | ٧،٢ | ٢٢ | ٤،٤ | ٢٤ | ٤،٨ | ٢١ | ٤،٢ | ٢٦٤ | ٥٢،٨ |
| مێ | ٢٥ | ٥ | ٤٣ | ٨,٦ | ٧٣ | ١٤,٦ | ٣٥ | ٧ | ١٧ | ٣،٤ | ٣٣ | ٦،٦ | ١٠ | ٢ | ٢٣٦ | ٤٧،٢ |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | | | | | ٥٠٠ | ١٠٠ |

بەهای ژمێردراو = ٤١,٦ نمرەی ئازادی = ٦

بەهای خشتە = ١٢,٥٩ ئاستی متمانە = ٩٥٪

١٣- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەلاساییکردنەوەی مۆدێلی جلوبەرگ

و رەفتاری بیانی لەلایەن قوتابییانی قوتابخانە.

بێگومان لەگەڵ فرەبوونی جۆرەها ئامێری پێوەندیکردن و کەناڵەکانی راگەیاندن و میدیاکان، شاڵاوی کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەکان بەتایبەتی میللەتانی باڵادەست خۆی دەخزێنێتە ناو کۆمەڵگەکان، ئەو توێژەی کە لە هەموو ئەوانی تر زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو دیاردە و مۆدیلە تازانە، بێگومان هەرزەکار و گەنجەکانن. بۆیە سەیر نییە ئەگەر هەست بکرێ قوتابییانی کوردستانیش لەو دۆخە بەدەرنین.

بۆ زیاتر دووپاتکردنەوەی ئەو مەسەلەیە و زانینی رادەی لاساییکردنەوەی کولتووری بیانی لەلایەن قوتابییانی کوردستان ، توێژەر ئەو پرسیارەی ئاراستەی نموونەی لێکۆڵینەوە کرد (چەند هەست دەکەی هاورێکانت لە قوتابخانە لە رووی جلوبەرگ، مۆدە و رەفتارەوە لاسایی گۆرانیبێژ، ئەکتەر، وەزرشوانە، بیانییەکان دەکەنەوە؟) وەڵامی ئەو پرسیارە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

خشتەی ٣٩

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە رادەی لاساییکردنەوەی قوتابییان نیشان دەدا.

| لاسایی کردنەوەی قوتابیان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆربەیان | ٢١٨ | ٤٣,٦ |
| هەندێکیان | ١٨٣ | ٣٦,٦ |
| کەمیان | ٥١ | ١٠,٢ |
| هیچ یەکێك | ٤٨ | ٩,٦ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

وەکو لە وەڵامەکانی خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ رێژەی (٪٤٣,٦) ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە دەڵێن زۆربەی قوتابییان لاسایی مۆدێل و رەفتار و جلوبەرگی گۆرانیبێژ و ئەکتەرە بیانییەکان دەکەنەوە. رێژەی (٪٣٦,٦) دەڵێن هەندێکیان لاسایی دەکەنەوە، رێژەی (٪١٠,٢) دەڵێن کەمیان لاسایی دەکەنەوە، رێژەی (٪٨,٦) دەڵێن لاسایی ناکەنەوە.

لێرەدا ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە کاریگەریی دەزگاکانی راگەیاندن لەسەر

قوتابییان زۆرە و ئەمەش خۆی لە خۆیدا کار دەکاتە سەر جۆری ڕەفتار و تێڕوانین و کولتووری نەتەوەیی لە داهاتوو لەبەرئەوەی کولتوور بدەرئەنجامی ژیانی نەوە یەك لە دوا یەکەکانە.

خشتەی ژمارە ٤٠

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕادەی لاساییکردنەوەی قوتابییان نیشان دەدا بەپێی ڕەگەز.

| وەڵام / ڕەگەز | زۆربەیان | ٪ | هەندێکیان | ٪ | کەمیان | ٪ | هیچ یەکیان | ٪ | کۆی گشتی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ١١٢ | ٢٢،٤ | ١٠١ | ٢٠،٢ | ٢٧ | ٥،٤ | ٢٤ | ٤،٨ | ٢٦٤ | ٥٢،٨ |
| مێ | ١٠٦ | ٢١،٢ | ٨٢ | ١٦،٤ | ٢٤ | ٤،٨ | ٢٤ | ٤،٨ | ٢٣٦ | ٤٧،٢ |
| کۆی گشتی | ٢١٨ | ٤٣،٦ | ١٨٣ | ٣٦،٦ | ٥١ | ١٠،٢ | ٤٨ | ٩،٨ | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

بەهای ژمێردراو = ٠,٧٤ نمرەی ئازادی = ٣

بەهای خشتە = ٧,٨٢ ئاستی متمانە = ٪٩٥

بۆ ئەوەی بزانین جیاوازی هەیە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا سەبارەت بە ڕادەی لاساییکردنەوە لە کەسایەتی سینەمایی و هونەرمەند و وەرزشوان و .. هتد، توێژەر تاقیکردنەوەی کای سکوێر ئەنجام دا، لەبەرئەوەی لە تاقیکردنەوەکە بۆمان دەرکەوت کە بەهای ژمێردراوکە (٪٧٤ بچووکترە لە بەهای خشتەکە (٧,٨٢) لەسەر ئاستی متمانەی (٪٩٥) و نمرەی ئازادی (٣) بۆیە کەواتە گریمانەی سفری ڕاستە و جیاوازی مەعنەوی نییە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا لە ڕادەی لاساییکردنەوەیان.

١٤- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کات بەسەربردنی زیاتری لە ناوەند و دەزگا کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا.

زۆرن ئەو ناوەندانەی کە تاك رۆژانە لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا جا چ بەمەبەستی کارکردن، یاخۆ دابینکردنی پێداویستی یاخۆ خۆشی و کات بەسەربردن پشوودان، یا پەرستن سەردانی دەکات و کاتی بۆ تەرخان دەکا، ئەو کەناڵانەش دەکرێ (خێزان، خزمان، یاریگە، قوتابخانە، مزگەوت، رێکخراو و یا حزب، گرووپی هەڤاڵان، کەناڵەکانی راگەیاندن) بن کە هەڵبژاردنی هەر یەك لەم کەناڵانە بۆ کات بەسەربردن پشت دەبەستێ بە رادەی کاریگەریی ئەو ناوەندە لەسەر تاك و جۆری تێڕوانین و کولتووری کۆمەڵگەکە. توێژەر بۆ زانینی زانیاری سەبارەت بەوەی قوتابییانی کوردستان حەز دەکەن زۆرترین کاتیان لە کام ناوەند سەرف بکەن، ئەو پرسیارەی ئاراستەکردن (حەز دەکەی زۆربەی کاتت لەگەڵ کام یەك لەمانەی خوارەوە بەسەر ببەی؟) وەڵامەکان لە خشتەی خوارەوە روون کراوەتەوە.

خشتەی ژمارە ٤١

وەڵامی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا سەبارەت بەو شوێنەی کە حەز دەکەن زۆرترین کاتی تێدا بەسەر دەبەن.

| ئەو شوێنەی حەز دەکات زۆرترین کاتی تیایدا بەسەر ببات | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| خێزان | ١٣٧ | ٢٧,٤ |
| قوتابخانە | ١١٤ | ٢٢,٨ |
| مزگەوت | ٥١ | ١٠,٢ |
| رێکخراو و حزب | ١٤ | ٢,٨ |
| گرووپی هەڤاڵان | ١٢٩ | ٢٥,٨ |
| میدیا (کەناڵەکانی راگەیاندن) | ٥٥ | ١١ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ١٠٠ |

وەکو لە زانیارییەکانی خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ رێژەی (٢٧,٤٪) ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە زۆربەی کات حەز دەکەن لەناو خێزان بن، رێژەی (٢٥,٨٪) حەز دەکەن لەگەڵ دۆست و برادەر بن، رێژەی (٢٢,٨٪) حەز دەکەن زۆربەی کات لە قوتابخانە بن، رێژەی (١٠,٢٪) لە سەدا حەز لە مزگەوت دەکەن، رێژەی (٢,٨٪) حەز دەکەن لە رێکخراوەکان بن، رێژەی (١١٪) حەز دەکەن زۆربەی کاتیان لەگەڵ میدیا بەسەر بەرن.

لەو زانیارییانە دەکرێ ئەوە بدەرئەنجام بکەین کە قوتابییان زیاتر حەز دەکەن

کاتەکانیان لەناو خێزان بەسەر بەرن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو ناوەند و شوێنانەی لە کوردستاندا هەن لە ئاستی حەز و ئارەزووی گەنجاندانین، بۆیەش زێتر لە ماڵەوە دەمێننەوە.

خشتەی ٤٢

وەڵامی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا سەبارەت بەو شوێنانەی کە حەز دەکەن زۆرترین کاتیان تێدا بەسەر بەرن، بەپێی ڕەگەز.

| وەڵام / ڕەگەز | ناو خێزان | ٪ | ناو قوتابخانە | ٪ | ناو مزگەوت | ٪ | ناو ڕێکخراو حزب | ٪ | گرووپی هەڤاڵان | ٪ | میدیا | ٪ | کۆی گشتی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٦٥ | ١٣ | ٤٤ | ٨،٨ | ٤٠ | ٨ | ٨ | ١،٦ | ٧٧ | ١٥،٤ | ٣٠ | ٦ | ٢٦٤ | ٥٢،٨ |
| مێ | ٧٢ | ١٤،٤ | ٧٠ | ١٤ | ١١ | ٢،٢ | ٦ | ١،٢ | ٥٢ | ١٠،٤ | ٢٥ | ٥ | ٢٣٦ | ٤٧،٢ |
| کۆی گشتی | ١٣٧ | ٢٧،٤ | ١١٤ | ٢٢،٨ | ٥١ | ٥١ | ١٤ | ٢،٨ | ١٢٩ | ٢٥،٨ | ٥٥ | ١١ | ٥٠٠ | ١٠٠ |

بەهای ژمێردراو = ٢٦,٨٧ نمرەی ئازادی = ٥

بەهای خشتە = ١١,٠٧ ئاستی متمانە = ٩٥٪

بۆ ئەوەی بزانرێت جیاوازی هەیە لە نێوان وەڵامەکانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ سەبارەت بەو ناوەندانەی کە هەردوو ڕەگەز حەز دەکەن زۆربەی کاتی خۆیانیان تێدا بەسەر ببەن، توێژەر، تاقیکردنەوەی کای سکوێری ئەنجام دا.

لە ئەنجامدا دەرکەوت کە لەبەرئەوەی بەهای ژمێردراو کە (٢٦,٨٧) گەورەترە لە بەهای خشتەکە (١١,٠٧) لەسەر ئاستی متمانەی ٩٥٪ و نمرەی ئازادی (٥)، کەواتە جیاوازی مەعنەوی هەیە لە نێوان هەردوو وەڵامەکانی نێر و مێ و گریمانەی سفری ڕاست دەرناچێ.

لە ئەنجامی زانیارییەکانی ئەو خشتەیە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە کچان

زیاتر حەز دەکەن زۆربەی کاتیان لە ماڵ و لەناو خێزان بەسەربەرن بە بەراوردکردن لەگەڵ کوڕان، ئەمەش حاڵەتێکی سروشتییە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، کە داوونەریتی کۆمەڵایەتی زیاتر رێگە بە چوونە دەرەوەی کوڕ دەدا و بەربەستە لە بەردەم دەرچوون و ئازادییەکانی.

لە کۆی ئەو چەند پرسیارەی سەرەوە کە ئاماژەکردن بوو بە رۆڵی گشت دەزگا پەروەردەییە فەرمی و نافەرمییەکانی کۆمەڵگە لەسەر قوتابییان چ لە بواری فێرکردن و بەخشینی زانیاری پێویست، یاخۆ کات بەسەربردن، یا کاریگەربوونی زیاتر لەسەر خودی رەفتار و جلوبەرگی قوتابییان، دەکرێ ئەوە بدەرئەنجام بکەین کە کاریگەریی خێزان وەکو دەزگایەکی پەروەردەیی نافەرمی زیاتر بێ لە قوتابخانە کە دەزگایەکی پەروەردەیی فەرمییە. رێژەی کەمتر لە قوتابییان حەز بە کات بەسەربردن دەکەن لە قوتابخانە، دیارە خراپی خزمەتگوزارییەکانی ناو ژینگەی قوتابخانە و سیستەمی بەڕێوەبردن و پەروەردەکردن لە قوتابخانەکانی کوردستان، قوتابی بۆ لای خۆی کێش ناکا. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاریگەریی قوتابخانە لەسەر قوتابییان لاواز ببێ و نەتوانێ وەکو پێویست ئەرکی سەرەکیی خۆی بگێڕێ لە پەروەردەکردندا.

**سێیەم:** رۆڵی قوتابخانە لە گەشەپێدانی هەستی نیشتمانپەروەری لای قوتابی.

بۆ زانینی رۆڵی قوتابخانەکانی کوردستان لە دروستکردنی هەستی نیشتمانپەروەری لای قوتابییان و پتەوکردنی پێوەندی لە نێوان گشت پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی هەرێم، توێژەر چەند پرسیارێکی ئاراستەی نموونەی لێکۆڵینەوە کرد.

١٥- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە رۆڵی قوتابخانە لە فێرکردنی قوتابی سەبارەت بە فرەبوونی پێکهاتەی کوردستان.

بۆ زانینی رۆڵی قوتابخانە لەو بارەیەوە توێژەر ئەو پرسیارەی ئاراستەی نموونەی لیکۆڵینەوە کرد (تا چ رادەیەك لە قوتابخانە ئەوەیان فێر کردوویت کە کوردستان پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئاینی فرە جۆری هەیە واتە لە (کورد و تورکمان و کلدان و ئیسلام و مەسیحی و یەزیدی و .. هتد) پێك هاتووە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە لە خشتەی ژمارە (٤٣) روون کراوەتەوە.

خشتەی ٤٣

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت رۆڵی قوتابخانە لە گەیاندنی زانیاری بە قوتابی سەبارەت بە فرەنەتەوەییی کوردستان نیشان دەدا.

| رۆڵی قوتابخانە لە فێرکردنی زانیاری سەبارەت بە فرەنەتەوەییی کوردستان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆر | ١٥٥ | ٣١ |
| مامناوەند | ١٨٠ | ٣٦ |
| کەم | ٩٦ | ١٩,٢ |
| هیچ | ٦٩ | ١٣,٨ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

وەکو لە کۆی ئەو زانیارییانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ رێژەی (٪٣٦) نموونەی ئەندامانی لێکۆڵینەوە بە مامناوەند وەڵامیان داوەتەوە، رێژەی (٪٣١) بە زۆر وەڵامیان داوەتەوە، رێژەی (٪١٩,٢) دەڵێن کەم، رێژەی (٪١٣,٨) دەڵێن هیچ.

لە ئەنجامی ئەو زانیارییانە ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە رێژەیەکی بەرز لە نموونەی لێکۆڵینەوە باوەڕیان وایە کە قوتابخانە بە رێژەی مامناوەند زانیاری ئەوەی فێری قوتابییان کردووە کە کوردستان وڵاتێکی فرە پێکهاتەیە و رێژەی (٪٣٢,٢) (کەم + هیچ)، دووەم رێژە زۆر باوەڕیان وایە کە قوتابخانەکان کەم یاخۆ هیچ رۆڵی نەبینیووە.

ئەم جۆرە سیستەمە لە قوتابخانەکانی کوردستان وەکو پێویست هاوکار نییە لە پەرەدان بە کولتووری دیموکراسی و گەشەسەندنی هەستی نیشتمانپەروەری لەلای قوتابی کوردستان.

١٦- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەهاوڕێیەتیکردنی خەڵکی سەربەنەتەوە یان ئاینی تر.

بۆ ئەوەی توێژەر بگاتە ئەو ئەنجامەی کە قوتابییانی کوردستان بە چاوی یەکسان سەیری گشت پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکان دەکەن و ئایا ئەمە لە هاوڕێیەتیکردنیان رەنگی داوەتەوە یان نا، ئەو پرسیارەی ئاراستەکردن (لە

قوتابخانە هاوڕێیەتی خەڵكێك لە ئاین یا نەتەوەیەكی تر دەكەیت؟) وەڵامی ئەو پرسیارە لە خشتەی ژمارە (٤٤) روون كراوەتەوە.

خشتەی ٤٤

هەڵوێستی نموونەی لێكۆڵینەوە سەبارەت بەهاوڕێیەتیكردنی خەڵكی سەر بە نەتەوە و ئاینی تر نیشان دەدا.

| هاوڕێیەتیكردنی غەیری نەتەوە یا ئاینی خود | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵی | ٢٦٧ | ٥٣,٤ |
| نەخێر | ١٧٣ | ٣٤,٦ |
| نازانم | ٦٠ | ١٢ |
| كۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

وەكو لە خشتەی سەرەوە بەدیار دەكەوێ زیاتر لە نیوەی ڕێژەی نموونەی لێكۆڵینەوە (٪٥٣,٤) دەڵێن بەڵێ هاوڕێیەتی غەیرە نەتەوە و ئاینی خۆمان دەكەین، ڕێژەی (٪٣٤,٦) دەڵێن نەخێر، ڕێژەی (٪١٢) دەڵێن نازانم واتا خۆیان یەكلا نەكردووەتەوە.

لە كۆی ئەو وەڵامانە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ كە زیاتر لە نیوەی قوتابییانی كوردستان ئامادەییان تێدایە هاووڵاتییانی لە نەتەوە و ئایینێكی تر قبووڵ بكەن و هاموشۆی بكەن، بەو مانایەی كە زەوینەسازییەكی لەبار هەیە بۆ دروستبوونی كولتوورێكی دیموكراسی و ڕێزگرتن لە مافەكانی مرۆڤ. بەڵام زۆر گرینگە ئەو لایەنە لەلایەن دەزگای پەروەردەیی و قوتابخانەكان زیاتر كاری لەسەر بكرێ و پەرەی پێ بدرێ، تاوەكو ئەو ڕێژەیەش كە ئامادەییان تێدا نییە یاخۆ تاكو ئێستا خۆیان یەكلا نەكردووەتەوە كە (٪٤٦,٦) ڕێژەیەكی بەرچاوە گۆڕانكاری لە بیر و ڕاكانیان بكرێ.

خشتەی ٤٥

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەهاوڕێیەتیکردنی غەیری نەتەوە و ئاین نیشان دەدا بەپێی ڕەگەز.

| وەڵام / ڕەگەز | بەڵێ | ٪ | نەخێر | ٪ | نازانم | ٪ | کۆی گشتی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ١٤٤ | ٢٨,٨ | ٨٧ | ١٧,٤ | ٣٣ | ٦,٦ | ٢٦٤ | ٥٢,٨ |
| مێ | ١٢٣ | ٢٤,٦ | ٨٦ | ١٧,٢ | ٢٧ | ٥,٤ | ٢٣٦ | ٤٧,٢ |
| کۆی گشتی | ٢٦٧ | ٥٣,٤ | ١٧٣ | ٣٤,٦ | ٦٠ | ١٢ | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

بەهای ژمێردراو = ٠,٦٩ نمرەی ئازادی = ٢

بەهای خشتە = ٥,٩٩ ئاستی متمانە = ٪٩٥

بۆ ئەوەی بزانرێ جیاوازی لە نێوان وەڵامەکانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێی نموونەی لێکۆڵینەوەدا هەیە، توێژەر تاقیکردنەوەی کای (٢×٣) ئەنجام دا.

وەکو لە تاقیکردنەوەکە دەرکەوت لەبەرئەوەی بەهای ژمێردراو کە (٠٦٩) بچوکترە لە بەهای خشتە (٥,٩٩) لەسەر ئاستی متمانەی (٪٩٥) و نمرەی ئازادی (٢) کەواتە گریمانە سفری ڕاست دەردەچێ، کە دەڵێ هیچ جیاوازییەك لە نێوان وەڵامەکانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا نییە سەبارەت بەهاوڕێیەتیکردنی خەڵکانێك کە لە نەتەوە یاخۆ ئاینێکی تر بن غەیری هی خۆیان.

سەبارەت بە وەڵامی ئەوانەی کە ئامادە نین هاوڕێیەتی غەیری نەتەوە و ئاینەکانی خۆیان بکەن، خشتەی ژمارە (٤٦) ئەو ڕاستییە روون دەکاتەوە.

خشتەی ٤٦

و هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا سەبارەت بەهاوڕێیەتینەکردنی نەتەوە و ئاینەکانی تر.

| ٪ | ژمارە | هۆکاری دۆستایەتینەکردنی نەتەوە و ئاینەکانی تر |
|---|---|---|
| ٣٢,٣ | ٥٣ | لەبەرئەوەی تەنیا هاوڕێیەتی کوردم لا باشترە |
| ٢٩,٨ | ٤٩ | ئەگەر کەسێك هەمان ئاینی منی نەبێت هاوڕێیەتی ناکەم |
| ٣ | ٥ | خانەوادەم ڕێگەم پێ نادەن |
| ٥,٤ | ٩ | خۆشم ناوێن |
| ٢٩,٢ | ٤٨ | نازانم |
| ١٠٠=٩٩,٧ | ١٦٤ | کۆی گشتی |

لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هۆکاری ئەوانەی ئامادە نین هاوڕێیەتی خەڵکی سەر بەنەتەوە یان ئاینی غەیری خۆیان بکەن بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، بەرزترین ڕێژە لە وەڵامی نموونەی لێکۆڵینەوە کە وەڵامی نەخێری داوەتەوە ڕێژەکەی (٣٢,٣٪) دەڵێ: تەنیا هاوڕێیەتی کوردم لا باشترە، ڕێژەی (٢٩,٨٪) دەڵێن (هاوڕێیەتی کەس ناکەم غەیری ئاینی خۆم، ڕێژەی (٢٩,٢٪) دەڵێن نازانم، ڕێژەی (٥,٤٪) دەڵێن خۆشم ناوێن، ڕێژەی (٣٪) دەڵێن خانەوادەکەم ڕێگەم پێ نادەن.

وەکو لە وەڵامی زۆرینە دەردەکەوێ دیارە ئەوانەی ئامادە نین هاوڕێیەتی خەڵکی غەیری نەتەوە و ئاینی تر بکەن، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ژمارەیە لە رووی بیری ئاینی و نەتەوەییی توندڕەون و غەیری خۆیان ڕەت دەکەنەوە، کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەگەڵ کولتووری سەردەم و بنەماکانی مافی مرۆڤ ناگونجێ. هەروەها هاوکاری لێك نزیکبونەوە و تەبایی و دروستکردنی روحی لێبووردن و خۆشەویستی ناکات لە نێوان پێکهاتەکانی کوردستان، بۆیە ئەرکی دەزگا پەروەردەییەکانە بەتایبەتی قوتابخانە لەم رووەوە قوتابییان هان بدات بۆ دروستکردنی کولتووری یەکتر قبووڵکردن و ڕێزگرتن لە گشت لایەك.

لە کۆی ئەو چەند پرسیارەی سەرەوە ئەوە بدەرئەنجام دەکرێت کە سەرەڕای ئەوەی

قوتابخانەکان بە ڕێژەیەکی زۆر نەیانتوانیووە زانیاری پێویست سەبارەت بە فرەبوونی نەتەوەیی و ئاینی لە کوردستان فێری قوتابییان بکەن، سەرەڕای ئەوەی کە وەکو لە بەشەکانی تیۆری بینیمان تەنانەت لەناو بابەتەکانی خوێندنیشدا بەتایبەتی وانەکانی مێژوو، جوگرافیا ئەم ڕاستییە وەکو پێویست ڕەنگی نەداوەتەوەوە، کەچی قوتابییان زۆرینەیان ئامادەن بۆ دۆستایەتیکردنی قوتابییان لە هەر ئاین یا نەتەوەیەکی غەیری خۆیان بێ. بێگومان هۆکاری ئەمەش ڕەنگە کەمتر بۆ قوتابخانە بگەڕێتەوە ڕەنگە کەناڵەکانی تری پەروەردەیی وەکو خێزان و میدیا و ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان (حزبەکان) و.. هتد لەم ڕووەوە کاریگەریی زێتریان هەبووبێ. لە هەمان کاتدا مێژوویەکی دوور و درێژی پێکەوەژیانی کورد لەگەڵ ئەو پێکهاتەیە کە کولتوورێکی تەبایی و پێکەوەژیانی لە نێوان ئەو پێکهاتانە دروست کردووە هاوکارە لە دروستکردنی ئەو تێڕوانینە.

**چوارەم**: کاریگەریی یادکردنەوە و بایەخدان بە بۆنە و یادە نەتەوەیییەکان لە قوتابخانە.

بۆ زانینی ڕادەی کاریگەریی ئەو یادانە لەسەر قوتابیی کوردستان توێژەر هەستاوە بە ئاراستەکردنی چەند پرسیارێك.

١٧- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەیییەکان لە قوتابخانە.

کوردیش یەکێکە لەو نەتەوانەی خاوەنی چەند بۆنە و ڕووداو و یادەوەری نەتەوەیییە کە ساڵانە لە کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندن و لەلای خەڵك یاد دەکرێتەوە، جا بۆ ئەوەی بزانین قوتابخانە چەند لەو ڕووەوە ڕۆڵی هەبووە توێژەر چەند پرسیارێکی بۆ ئەو مەبەستە ئاراستەی نموونەی لێکۆڵینەوە کرد بەم شێوەیەی خوارەوە. (ئایا لە قوتابخانە یادی بۆنە نەتەوەیییەکانی وەکو (نەورۆز، کیمیابارانی هەڵەبجە، ڕاپەڕین، ئەنفال، کۆڕەو دەکرێتەوە؟) وەڵامی ئەو پرسیارە لە خشتەکانی ژمارە (٤٧) و (٤٨) و (٤٩) و (٥٠ ) و(٥١) ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی ٤٧

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت  بە یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز لە قوتابخانەکان نیشان دەدا.

| ٪ | ژمارە | یادکردنەوەی نەورۆز |
|---|---|---|
| ٧٠,٢ | ٣٥١ | بەڵی |
| ٢٩,٨ | ١٤٩ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٥٠٠ | کۆی گشتی |

وەکو لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ ڕێژەی زۆرینەی ئەندامانی نموونەی لیکۆڵینەوە واتا (٪٧٠,٢) دەڵێن بەڵێ یاد دەکرێتەوە، (٪٢٩,٨) دەڵێن نەخێر. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ نەورۆز وەکو جەژنێکی نەتەوەیی لە قوتابخانەکان بەڕادەی پێویست گرینگی پێ دراوە.

خشتەی ٤٨

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە لە قوتابخانەکان نیشان دەدا.

| ٪ | ژمارە | یادکردنەوەی کارەساتی هەڵەبجە |
|---|---|---|
| ٦٩ | ٣٤٥ | بەڵێ |
| ٣١ | ١٥٥ | نەخێر |
| ٪١٠٠ | ٥٠٠ | کۆی گشتی |

وەکو لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ ڕێژەی زۆرینەی ئەندامانی نموونەی لێکۆڵێنەوە واتا (٪٦٩) شەست و نۆ لە سەدا دەڵێن یادی هەڵەبجە لە قوتابخانەکان دەکرێتەوە، ڕێژەی (٪٣١) دەڵێن یاد ناکرێتەوە.

لێرەدا ئەوە بدەرئەنجام دەکرێ بە ڕێژەیەکی بەرچاو ئەو یادە لە قوتابخانەکان دەکرێتەوە، هەر ئەمەش خۆی لە خۆیدا هۆکارە بۆ زیندوو ڕاگرتنی ڕووداوەکە و، ئاشناکردن و پێدانی زانیاری سەبارەت بە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بە نەوەی تازە کە هیچ زانیارییەکیان لەو بارەیەوە نییە، لە ئەنجامدا هوشیاریی نەتەوەیی لای

قوتابییان و نەوەی تازە بەهێز دەکا.

خشتەی ٤٩

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە یادکردنەوەی ڕووداوی ڕاپەڕین لە قوتابخانەکان نیشان دەدا.

| یادکردنەوەی ڕاپەڕین | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٧٣ | ٥٤ |
| نەخێر | ٢٢٧ | ٤٥,٤ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

لە کۆی زانیارییەکانی ئەو خشتەیە بۆمان دەردەکەوێ کە زیاتر لە نیوەی نموونەی لێکۆڵینەوە دەڵێن یادی ڕاپەڕین لە قوتابخانەکان دەکرێتەوە کە ڕێژەکەیان (٥٤٪)، ڕێژەی (٤٥,٤٪) دەڵێن نەخێر. وەکو بەرئەنجام دەکرێ یادی ڕاپەڕینی کوردستان لە بەهاری **١٩٩١** ساڵانە لە داوودەزگاکانی حکوومەت یادی دەکرێتەوە، دیارە قوتابخانەکان لەو ڕووەوە دەتوانن باشترین ڕۆڵ بگێڕن بۆ زیندووکردنەوەی ئەو ڕووداوە و هوشیارکردنەوەی قوتابییان کە نەوەی تازەن، بەڵام دیارە ڕێژەیەکی بەرزیش دەڵێ کە ئەم یادە ناکرێتەوە. گرینگی نەدان بەو ڕووداوە هۆکارە بۆ لەبیربردنەوە و ئاشنانەبوونی نەوەی تازە بەو ڕووداوە نەتەوەییە مێژووییە و لە ئەنجامدا گەشە نەسەندنی لایەنی نەتەوەیی لای قوتابی.

خشتەی ٥٠

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال لە قوتابخانەکان نیشان دەدا.

| یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢١١ | ٤٢,٢ |
| نەخێر | ٢٨٩ | ٥٧,٨ |
| بێ وەڵام | ٥٩ | ١١,٨ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

وەکو لە زانیارییەکانی خشتەی سەرەوە بۆمان بەدەردەکەوێ زۆرینەی ئەندامانی

لێکۆڵینەوە دەڵێن یادی کارەساتی ئەنفال لە قوتابخانەکان ناکرێتەوە کە ڕێژەکەیان (٥٧,٨٪) لە کاتێکدا (٤٢,٢٪) ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە واتە ئەو یادە دەکرێتەوە.

لە کۆی ئەو زانیارییانەدا ئەوە بەدەرئەنجام دەکەین کە کارەساتی ئەنفال کە بەپێی بڕیاری دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٧ بە تاوانی جینۆساید دژ بە نەتەوەی کورد لە قەڵەم دراوە لە قوتابخانەکان وەکو پێویست بایەخی پێ نەدراوە و ڕێوڕەسم و یادکردنەوەی بۆ ناکرێ. بەو مانایەی دەرفەتێك نییە لە قوتابخانە تاکو ئەم کارەساتە بەبیر نەوەی تازە بهێنرێتەوە و زانیاری پێویستییان پێ بدرێ کە ئەمەش کار دەکاتە سەر ئاستی هوشیاریی قوتابییان بەرامبەر بەو کارەساتانەی کە بەسەر نەتەوەکەیان داهاتووە.

خشتەی ٥١

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە یادکردنەوەی ڕووداوی کۆڕەو لە قوتابخانەکان نیشان دەدا.

| یادکردنەوەی ڕووداوی کۆڕەو | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| بەڵی | ١٤١ | ٢٨,٢ |
| نەخێر | ٣٥٩ | ٧١,٨ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

وەکو لە خشتەی سەروە دەردەکەوێ ڕێژەی زۆرینەی ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە دەڵێن یادی کۆڕەو لە قوتابخانەکان ناکرێتەوە کە دەکاتە (٧١,٨٪) ، تەنیا ڕێژەی (٢٨,٢٪) دەڵێن بەڵێ یاد دەکرێتەوە.

لێرەدا دەتوانین ئەوە بدەرەئەنجام بکەین کە یادی کۆڕەو کە دوا بەدوای ڕاپەڕین ڕووی دا بووە هۆی ڕەوکردنی زۆربەی جەماوەری خەڵکی کوردستان و لەو ڕێگەیە بەسەدان خەڵك گیانیان لە دەست دا، بەڵام وەکو پێویست لە قوتابخانەکان بایەخی پێ نەدراوە لە کاتێکدا ئەم ڕووداوەش بە ڕووداوێکی تری گرینگ دەژمێردرێ لە مێژووی خەڵکی کوردستان.

١٨– هـەست وسۆزی نموونـەی لـێکـۆڵـینـەوە سەبـارەت بـە یـادکـردنـەوەی یـاد و بـۆنـە نەتەوەییيەکان.

دیارە ئامانج لە یادکردنەوەی یاد و بۆنە نەتەوەییيەکان، زیندوو راگرتنی ئەو رۆژانـە و رێزگـرتـن و بـەردەوامـی دانـە بـە تـایبـەتمەنـدی نـەتـەوەیی، لـە هـەمـان کـاتـدا گەشەپێدانی هەستی نەتەوەییيە لەلای گشت تاکەکانی کۆمەڵگە.

بۆ زانینی سۆز و بیر و بۆچوونی قوتابییان لە کاتی یادکردنەوەی یادەوەرییە نەتەوەییيەکان لە قوتابخانە، توێژەر ئەو پرسیارەی ئاراستەی نموونەی لێکۆڵینەوە کـرد (کـاتـێك یـادە نـەتـەوەییـيەکـان دەکرێتـەوە هـەست بـەچـی دەکـەیت؟) وەڵامـی ئـەو پرسیارە لە خشتەی خوارەوە روون کراوەتەوە.

خشتەی ٥٢

هەست و سۆزی نموونەی لێکۆڵینەوە لە کاتی یادە نەتەوەییيەکان نیشان دەدا.

| دەربڕینی هەست و سۆز لە کاتی یادە نەتەوەییيەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| خۆشەویستی نەتەوەکەم لا زیاتر دەبێت | ١٩١ | ٣٨,٢ |
| شارەزاییم سەبارەت بە نەتەوەکەم زیاتر دەبێت | ٧٠ | ١٤ |
| هەست دەکەم ئێمە نەتەوەیەکی جیاین و تایبەتمەندی خۆمان هەیە | ١٣٠ | ٢٦ |
| لام گرینگ نییە | ٨٢ | ١٦,٤ |
| بەخۆشی چونکە ئەو رۆژە ناخوێنین | ٢٧ | ٥,٤ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ١٠٠٪ |

وەکو لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ زۆرینەی نموونەی لێکۆڵینەوە دەڵێن کـاتـێك یـادە نـەتـەوەیـیـەکـان دەکـرێن کـە رێژەکـەیـان (٣٨,٢٪) خـۆشەویستـی نەتەوەکەیان لەلا زیاتر دەبێ، و رێژەی (٢٦٪) هەست بەوە دەکەن کە نەتەوەیەکی جیان و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، رێژەی (١٦,٤٪) دەڵێن شارەزاییان سەبارەت بە نەتەوەکەمان زیاد دەکا، رێژەی (٥,٤٪) دەڵێن پێمان خۆشە، چونکە ئەو رۆژە وانە ناخوێنین.

لە کۆی ئەو زانیارییانە ئەو راستییە بدەرئەنجام دەکرێ کە یادکردنەوەی بۆنە و یادە نەتەوەییەکان هەست و سۆز و خۆشەویستی تاك بۆ نەتەوە زیاد دەکات، سەرەڕای ئەوەی کە پارێزگاری لە تایبەتمەندی نەتەوەیی دەکات و زانیاریی تاك سەبارەت بە نەتەوەکەی زیاتر دەکا. گشت ئەوانەش هاندەرن بۆ بەرزکردنەوەی هوشیاریی نەتەوەیی تاك.

١٩- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە رۆڵی مامۆستاکانی قوتابخانە لە بیرهێنانەوەی یادە نەتەوەییەکان

مامۆستا کۆڵەکەیەکی سەرەکی و گرینگی قوتابخانە و دەزگای پەروەردەییە، لەبەرئەوەی مامۆستا بەو سەرچاوەیە دادەنرێ کە زانیاریی جۆراوجۆر دەبەخشێت و ئەو گەنجینەی زانیارییە کە قوتابییان بە هۆیەوە پەروەردە دەبن و فێر دەکرێن.

مامۆستا رۆڵی مەزن دەگێڕێ لە دروستکردنی رێبازی هزری و کەسایەتی قوتابی هەروەها بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێ لە پەرەپێدانی بنەما نەتەوەیی و نیشتمانییەکان. لە زۆر قۆناخە مێژووییەکاندا مامۆستا ئەو قوتابخانە و ناوەندە زانستییەبوون کە قوتابی بە هۆیەوە وانەی نەتەوەیی و کوردایەتی فێر کراوە. ئەو هەڵبژێردراوە بزوێنەر و کاریگەرن بۆیە هەردەم رێژیمە سیاسییە جۆراوجۆرەکان لێکدانەوەی تایبەتی بۆیان کردووە.

بۆ زانینی رادەی رۆڵی مامۆستایان لە بیرهێنانەوەی رووداو و یادە نەتەوەییەکان لە قوتابخانە، توێژەر ئەو پرسیارەی ئاراستەی نموونەی لێکۆڵینەوەکرد (لە قوتابخانە چەند لە مامۆستاکانت هاوکاریتان دەکەن بۆ بەبیرهێنانەوە و رێزگرتن لە یاد و بۆنە نەتەوەییەکان؟) وەڵامی ئەو پرسیارە لە خشتەی ژمارە (٥٣) روون کراوەتەوە.

خشتەی ٥٣

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە رادەی رۆڵی مامۆستایان لە بیرهێنانەوەی یادە نەتەوەییەکان لە قوتابخانە نیشان دەدا.

| رۆڵی مامۆستایان لە بیرهێنانەوەی یادە نەتەوەییەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆریان | ٩٧ | ١٩,٤ |
| هەندێکیان | ١٦٦ | ٣٣,٢ |

| | | |
|---|---|---|
| کەمیان | ١٢٣ | ٢٦،٤ |
| هیچیان | ١٠٥ | ٢١ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

لە بەدرئەنجامی زانیارییەکانی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە رێژەی (٪٣٣,٢) ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوە دەڵێن هەندێك مامۆستا ئەو رۆڵە دەگێڕن، رێژەی (٪٢٦,٤) دەڵێن کەمیان، رێژەی (٪١٩,٤) دەڵێن زۆریان، رێژەی (٪٢١) دەڵێن هیچیان.

لێرەدا دەتوانین ئەوە بدەرئەنجام بکەین کە بەرزترین رێژەی مامۆستایان کە رێژەیان کەم و بە خوارەوەیە (٪٤٧,٤) (کەمیان + هیچیان) رۆڵی ئەوتۆ لەو بوارەدا ناگێڕن کە ئەمەش کەمتەرخەمی مامۆستایان لە بواری هۆشیارکردنی قوتابییان لەلایەنی نەتەوەیی نیشان دەدا، لە کاتێکدا، وەکو گوتمان، مامۆستا ئەو توخمە سەرەکییەیە کە دەزگای پەروەردە پشتی پێ دەبەستێ و بەبێ ئەو قوتابخانە دروست نابێ.

٢٠- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بایەخدان بە یادکردنەوە نەتەوەیییەکان لە کەناڵە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە.

زۆرن ئەو ناوەند و دەزگایانەی کە ئەرکیان یادکردنەوە و داڕشتنی پلان و بەرنامەی ساڵانەیە بۆ یادە نەتەوەیییەکان، ناوەندەکانی وەکو (کەناڵەکانی راگەیاندن و میدیاکان، رێکخراو و پارت و کۆمەڵە و حزبە سیاسییەکان، دەزگاکانی پەروەردەیی و زانستی و رۆشنبیری) بۆ ئەوەی توێژەر بزانێ کام یەك لەم کەناڵانە زیاتر بایەخ بە یادکردنەوە نەتەوەیییەکان دەدا، ئەو پرسیارەی ئاراستەی نموونەی لێکۆڵینەوە کرد (یادی بۆنە نەتەوەیییەکانی وەکو هەڵەبجە، نەورۆز، راپەڕین و... هتد) لە کام ناوەند زیاتر دەکرێتەوە؟) وەڵامی ئەو پرسیارە لە خشتەی ژمارە (٥٤) روون کراوەتەوە.

خشتەی ٥٤

وەڵامی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو ناوەندانەی کە زیاتر بایەخ بە یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەیییەکان دەدەن.

| ئەو ناوەندەی زیاتر بایەخ بە یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەیییەکان دەدا | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| قوتابخانە | ٩١ | ٣٨ |

| | | |
|---|---|---|
| حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان | ٨٢ | ١٦,٤ |
| دەزگاکانی ڕاگەیاندن | ٢٨٩ | ٥٧,٨ |
| هیچیان | ٣٨ | ٧,٦ |
| کۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

لە کۆی گشتی زانیارییەکانی سەرەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە زۆرینەی نموونەی لێکۆڵینەوە ڕایان وایە کە یادە نەتەوەیییەکان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زیاتر بایەخی پێ دەدرێ کە ڕێژەکەیان (٪٥٧,٨)، ڕێژەی (٪٣٨) دەڵێن قوتابخانە، ڕێژەی (٪١٦,٤) دەڵێن پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان، ڕێژەی (٪٧,٦) دەڵێن هیچیان.

لە بەرئەنجامی ئەو زانیارییانە دەتوانین بڵێین کە لە بواری یادکردنەوەی بۆنە و یادە نەتەوەیییەکان قوتابخانە وەکو پێویست ڕۆڵی خۆی ناگێڕێ، کەمەش بێگومان کار دەکاتە سەر تێگەیشتن و زانیاری قوتابییان سەبارەت بەو یاد و کارەساتانەی کە بەشێکن لە تایبەتمەندیی نەتەوەییی کورد.

٢١- هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە ڕێوڕەسم و یادە نەتەوەیییەکاندا.

بەشداری و چالاکی نواندنی قوتابییان ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێ لە بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریی نەتەوەییی تاك و هەروەها دەربڕی بەهێزی هوشیاریی نەتەوەییشە. توێژەر بۆ ئەوەی بزانێ چەندە قوتابییان ساڵانە لە قوتابخانەکاندا بەشداری لەو چالاکییانە دەکەن کە بۆ ئەو مەبەستە ساز دەکرێ، ئەو پرسیارەی ئاراستەی نموونەی لێکۆڵینەوە کرد:

(ئەگەر ڕێوڕەسمی یادەوەری و بۆنە نەتەوەیییەکان لە قوتابخانەکەت ئەنجام بدرێ بەشداری تێدا دەکەیت؟) وەڵامی ئەو پرسیارە لە خشتەی ژمارە (٥٥) ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی ٥٥

هەڵوێستی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە یادە نەتەوەیییەکان.

| بەشداریکردن لە یادە نەتەوەیییەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| زۆرجار | ١٥٥ | ٣١ |

| | | |
|---|---|---|
| هەندێك جار | ٢٣١ | ٤٦,٢ |
| هیچ كات | ١١٤ | ٢٢,٨ |
| كۆی گشتی | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

وەكو لە خشتەی سەرەوە دەردەكەوێ بە پلەی یەكەم ئەندامانی نموونەی لێكۆڵینەوە دەڵێن هەندێك جار بەشداری لە یاد و بۆنە نەتەوەییەكاندا دەكەن كە ڕێژەكەیان (٤٦,٢٪)، وڕێژەی (٣١٪) دەڵێن زۆرجار، ڕێژەی (٢٢,٨٪) دەڵێن هیچ كات بەشدرای تێدا ناكەن.

ئەوەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات كە زۆرینەی ئەندامانی نموونەی لێكۆڵینەوە زۆربەی جار بەشداری لە یادەوەرییەكان ناكەن، كە ئەمەش ڕەنگدانەوەیەكی نەرێنی هەیە لەسەر بەهێزكردنی هەستی قوتابییان بەرامبەر بە گەل و نیشتمانەكەیان. ڕێژەیەكی بەرچاویش دەڵێن هەر بەشداری ناكەن، بۆ زانینی هۆكاری بەشداری نەكردنیان وەڵامەكانیان لە خشتەی ژمارە (٥٦) ڕوونكراوەتەوە كە بێگومان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كزی و سستی پەروەردەی نەتەوەیی.

خشتەی ٥٦

هەڵوێستی نموونەی لێكۆڵینەوە نیشان دەدا سەبارەت بە بەشداریكردنیان لە یادە نەتەوەییەكان بە پێ ی ڕەگەز.

| وەڵام / ڕەگەز | زۆرجار | ٪ | هەندێك جار | ٪ | هیچ كات | ٪ | كۆی گشتی | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٨٦ | ١٧,٢ | ١٢٣ | ٢٤,٦ | ٥٥ | ١١ | ٢٦٤ | ٥٢,٨ |
| مێ | ٦٩ | ١٣,٨ | ١٠٨ | ٢١,٦ | ٥٩ | ١١,٨ | ٢٣٦ | ٤٧,٢ |
| كۆی گشتی | ١٥٥ | ٣١ | ٢٣١ | ٤٦ | ١١٤ | ٢٢,٨ | ٥٠٠ | ٪١٠٠ |

بەهای ژمێردراو = ١,٤١ نمرەی ئازادی = ٢

بەهای خشتە = ٥,٩٩ ئاستی متمانە = ٪٩٥

بۆ ئەوەی بزانین جیاوازی لە نێوان وەڵامەكانی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ سەبارەت بە ڕادەی بەشداریكردنیان لە یادە نەتەوەییەكان هەیە، هەستاین بە ئەنجامدانی تاقیكردنەوەی كای (٣×٢)، لە میانی ئەو تاقیكردنەوەیە بۆمان دەركەوت لەبەرئەوەی

بەهای ژمێردراو (١,٤١) بچووکترە لە بەهای خشتەی (٥,٩٩) لەسەر ئاستی متمانەی (٩٥٪) و نمرەی ئازادی (٢) هەر بۆیە ئێمە گریمانەی سفری پەسند دەکەین، کە دەڵێ جیاوازی مەعنەوی لە نێوان وەڵامەکانی نێر و مێدا نییە سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە یادە نەتەوایەتییەکاندا.

خشتەی ٥٧

وەڵامی نموونەی لێکۆڵینەوە نیشان دەدا سەبارەت بە هۆکاری بەشداری نەکردنیان لە بۆنە و یادە نەتەوەییەکاندا.

| هۆکاری بەشداری نەکردن لە یادەنەتەوەییەکان | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|
| هیچ لەبارەی ئەو یادانە بکرێنەوە | ٢٠ | ١٧,٥٤ |
| بە گرینگی نازانم ئەو یادانە بکرێنەوە | ٣٢ | ٢٨ |
| حەز دەکەم بەشداری بکەم بەڵام ڕێگەم پێ نادەن | ١٢ | ١٠,٥٢ |
| لەبەر سەرقاڵبوونم بە خوێندن | ٥٠ | ٤٣,٨٥ |
| کۆی گشتی | ١١٤ | ٪١٠٠ |

وەکو لە خشتەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ بەرزترین پلە لە وەڵامی نموونەی لێکۆڵینەوە ئامادە نین بەشداری لە بۆنە و یادە نەتەوەییەکان بکەن هۆکارەکەی بۆ سەرقاڵبوونیان بە خوێندن دەگەڕێتەوە کە ڕێژەکەیان (٪٤٣,٨٥) ، لە کاتێکدا ڕێژەی (٪٢٨) بە گرینگی نازانن ئەو یادانە بکرێنەوە بۆیە بەشداری ناکەن، ڕێژەی (٪١٧,٥٤) دەڵێن هیچ لە بارەی ئەو بۆنانەوە نازانن، ڕێژەی (٪١٠,٥٢) حەز دەکەن بەشداری بکەن بەڵام ڕێگەیان پێ نادرێ.

ئەگەر بە وردی سەیری ئەو وەڵامانەی سەرەوە بکەین، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەڵێن (هیچ لە بارەی ئەو بۆنەیە نازانن + ئەوانەی دەڵێن بەلایان گرینگ نییە ئەو یادانە بکرێنەوە) کە ڕێژەکەیان بە گشتی دەگاتە (٪٤٥,٥٤) و پلەیەکی بەرزە، دەبینین جارێکی تر قوتابخانە، هەروەها دەزگاکانی تریش بە کەمتەرخەم دادەنرێ لەوەی زانیاریی پێویستی بەو قوتابییانەی نەداوە بۆ ئەوەی ئەو هەستە لەلایان دروست بێت، هەروەها قوتابخانە نەیتوانیووە هەستکردن بە لێپرسراویەتیی لەلای قوتابییان دروست بکات کە ڕێز لەو یادانە بگرن و لە کاتی پێویست بەشداری تێدا بکەن، لەبەرئەوەی ئەمە بە بەشێك لە مێژوو، کولتووری نەتەوە و پیرۆزییەکانی لە قەڵەم دەدرێ.

بەشی حەوتەم

## گفتوگۆکردنی گریمانەکان و ئەنجام و پێشنیاز

١- گفتوگۆکردنی گریمانەکان:

لە دوا بەشی تیۆری ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر چوار گریمانەی دیاری کردووە. دروستبوونی ئەم گریمانانە لە ئەنجامی خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی گشت ئەو باس و بابەتە مێژوویی و هەنوکەییانەی ڕەوشی پەروەردەکردنە کە توێژەر لە باسەکەدا گفتوگۆی لەسەر کردوون.

پاش ئەوەی بە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی و ئاراستەکردنی کۆمەڵێك پرسیاری تایبەت بە نموونەی لێکۆڵینەوە، توێژەر هەوڵی داوە ڕاستی و نادروستی ئەو گریمانانەی بۆ دەربکەوێ، وەڵامی پرسیارەکان پێوەرن بۆ پەسەندکردن یا ڕەتکردنەوەی گریمانەکان.

لەو بەشەدا هەوڵ دەدەین ڕاستی و نادروستی گریمانەکان بخەینە ڕوو.

گریمانەی یەکەم: بابەتەکانی خوێندن لە قوتابخانە، نەیتوانیوە ڕۆڵی کاریگەر بگێڕێ لە گەشەپێکردنی زانیاری نەتەوەیی قوتابییان.

وەکو لە وەڵامی پرسیارەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بابەتەکانی خوێندن لە قوتابخانە بەتایبەتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەکو (مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی، و.. هتد) دەردەکەوێت وەکو پێویست قوتابی زانیاری سەبارەت بە جوگرافیا و مێژوو، کۆمەڵگەی کوردی بە دەست ناهێنێ.

بۆ نموونە سەبارەت بە جوگرافیا وەکو لە زانیارییە بەدەستهاتووەکان بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێژەی (٢٤,٢٪) سەبارەت بە هەبوونی بابەت لەبارەی نەتەوەی کورد لە کتێبی جوگرافیا وەڵامی زۆریان داوەتەوە، ڕێژەی (٣٥,٤٪) دەڵێن مام ناوەند، ڕێژەی (٢٤,٢٪) دەڵێن کەم و، ڕێژەی (١٦,٢٪) دەڵێن هیچ بابەتی تێدا ناخوێندرێ.

پاش ئەوەی تاقیکردنەوەی کای سکوێرمان ئەنجام دا بۆ ئەوەی گرینگی جیاوازی مەعنەوی لە نێوان وەڵامەکان بزانین، بۆمان دەرکەوت کە جیاوازییەکی مەعنەوی هەیە، لەبەرئەوەی بەهای ژمێردراو (٣٧,٣٥) گەورەترە لە بەهای خشتە (١٢,٥٩) لەسەر ئاستی متمانەی (٩٥٪) بە نمرەی ئازادی (٦)، لەبەر ئەوە ئێمە گریمانەی

توێژینەوەکە پەسەند دەکەین و گریمانەی سفری ڕەت دەکەینەوە، سەبارەت بە بابەتەکانی مێژوو و کۆمەڵناسیش بارەکە هەر بەو شێوەیە بوو.

گریمانەی دووەم: ڕێباز و شێوازی پەروەردەکردنی فەرمی لە کوردستان هاوکار نییە بۆ دروستکردنی هەستی نیشتمانپەروەری کوردی.

وەکو ئەنجامی وەڵامە بەدەستهاتووەکان سەبارەت بەوەی چەندە قوتابخانە هاوکارە لە گەیاندنی زانیاری بە قوتابی سەبارەت بە فرە جۆربوونی کوردستان لە ڕووی نەتەوە و ئاینەوە، دەری دەخەن ڕێژەی (٣١٪) دەڵێن (مام ناوەند)، ڕێژەی (١٩,٢٪) دەڵێن (کەم)، ڕێژەی (١٣,٨٪) دەڵێن (هیچ).

بۆ ئەوەی بزانین جیاوازی مەعنەوی لە نێوان وەڵامەکاندا هەیە تاقیکردنەوەی کای سکوێرمان ئەنجام دا، بۆمان دەرکەوت کە جیاوازی مەعنەوی هەیە لە نێوان هەرچوار وەڵامدا، لەبەرئەوەی بەهای ژمێردراو (٦٣,٤١) گەورەترە لە بەهای خشتە (١٢,٥٩) لەسەر ئاستی متمانەی (٩٥٪) بە نمرەی ئازادی (٦)، کەواتە گریمانەی توێژینەوەکە پەسەند دەکرێت و گریمانەی سفری ڕەت دەکەینەوە.

گریمانەی سێیەم: یادکردنەوە و ڕێزگرتن لە بۆنە و یادە نەتەوەییەکان لە قوتابخانە ڕۆڵی کارا دەگێڕێ لە بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی لای قوتابی.

وەکو بدەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەری دەخات، سەبارەت بەو پرسیارەی کە قوتابییان لە کاتی یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەییەکان هەست بەچی دەکەن؟ ڕێژەی (٣٨,٢٪) دەڵێن (خۆشەویستی نەتەوەکەم لا زیاتر دەبێ)، ڕێژەی (١٤٪) دەڵێن (شارەزاییم سەبارەت بە نەتەوەکەم زیاتر دەبێ)، ڕێژەی (٢٦٪) دەڵێن (هەست دەکەن نەتەوەیەکی جیاوازن و تایبەتمەندی خۆیان هەیە)، ڕێژەی (١٦,٤٪) دەڵێن (لام گرینگ نییە)، ڕێژەی (٥,٤٪) دەڵێن (بەخۆشی چونکە ناخوێنین).

بە ڕێگەی تاقیکردنەوەی کایسکوێر هەوڵمان دا ڕادەی جیاوازی لە نێوان وەڵامەکاندا بزانین، لە ئەنجامدا بۆمان دەرکەوت کە جیاوازی مەعنەوی لە نێوان وەڵامەکاندا هەیە، لەبەرئەوەی بەهای ژمێردراو (٧٤,٠٣) گەورەترە لە بە های خشتە (١٥,٥١)، لەسەر ئاستی متمانەی (٩٥٪)، بە پلەی ئازادی (٨) کەواتە گریمانەی توێژینەوەکە پەسند دەکەین و گریمانەی سفری ڕەت دەکەینەوە.

گریمانەی چوارەم: کاریگەریی سیستەمی پەروەردەی کوردستان لە پێدانی زانیاری

قوتابی لاوازترە بە بەراورد لەگەڵ دەزگا پەروەردەییە نا فەرمییەکان( خێزان، مزگەوت، میدیا، پارتە سیاسییەکان، ... هتد).

سەبارەت بە ڕاستی ئەو گریمانەیە وەڵامەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە دەری دەخەن کە ئەو سەرچاوانەی ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕن لە فێرکردنی زانیاری سەبارەت بە کولتووری نەتەوە بە قوتابی بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

ڕێژەی (٢١٪) دەڵێن مامۆستا، ڕێژەی (١٩,٤) دەڵێن بابەتەکانی خوێندن، ڕێژەی (٦,٨٪) دەڵێن هاوڕێ و برادەر، (ڕێژەی (٢٨,٦٪) دەڵێن دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ڕێژەی (٣٪) پارتە سیاسییەکان، ڕێژەی (٢١,٢٪) دەڵێن هیچیان.

بۆ ئەوەی توێژەر بزانێ جیاوازی مەعنەوی لە نێوان وەڵامەکاندا هەیە تاقیکردنەوەی کای سکوێری ئەنجام دا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی مەعنەوی لە نێوان وەڵامەکاندا هەیە، لەبەرئەوەی بەهای ژمێرەیی (١٤٢) گەورەترە لە بەهای خشتە (١٨,٣١) لەسەر ئاستی متمانەی (٩٥٪) و بە نمرەی ئازادی (١٠). کەواتە گریمانەی توێژینەوەکەی ئێمە پەسند دەکەین و گریمانەی سفری ڕەت دەکەینەوە.

هەر بە مەبەستی سەلماندنی ئەو گریمانەی سەرەوە پرسیارێکی ترمان ئاراستەی نموونەی لێکۆڵینەوە کرد کە کام دەزگا پەروەردەییە فەرمییەکان یا نافەرمییەکان زانیاری زیاتر سەبارەت بە کوردستان فێری قوتابی دەکەن؟ وەکو وەڵامی نموونەی لێکۆڵینەوە دەری دەخات، ڕێژەی (٩,٢٪) دەڵێن خێزان کە دەزگایەکی پەروەردەییی نافەرمییە، ڕێژەی (٣٦,٦٪) دەڵێن قوتابخانە، ڕێژەی (٤٠,٤٪) دەڵێن ڕاگەیاندن، ڕێژەی (١١٪) حزب و ڕێکخراوەکان، ڕێژەی (٢,٨٪) دەڵێن هاوڕێ.

دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کایس کوێر بۆمان دەرکەوت کە جیاوازی مەعنەوی لە نێوان وەڵامەکاندا هەیە، لەبەرئەوەی بەهای ژمێردرا (٢٢٥,٦٥) گەورەترە لە بەهای خشتەی (٢٦,١٢) لەسەر ئاستی متمانەی (٩٥٪) بە نمرەی ئازادی (٨).

کەواتە گریمانەی سفری ڕەت دەکەینەوە جارێکی تر جەخت لەسەر پەسندکردنی گریمانەی توێژینەوەکەمان دەکەین.

گریمانەی پێنجەم: سیستەمی پەروەردەی کوردستان لە بواری نەتەوەییدا کارتێکردنی هاوشێوەی لەسەر قوتابییانی کوڕ و کچدا هەبووە، بۆ سەلماندنی ئەو گریمانەیە توێژەر بە بەکارهێنانی کای سکوێر و گریمانەی سفری هەوڵی دا بەراوردێك بکات

لە نێوان وەڵامەکانی قوتابییانی کوڕ و کچ لە نموونەی لێکۆڵینەوەکەدا، بەتایبەتی سەبارەت بە پرسیارەکانی شانازیکردن بە نەتەوە و پیرۆزی ئاڵای کوردستان و بەشداریکردن لە یادە نەتەوەییەکان لە قوتابخانە و چەند پرسیارێکی تر ئەو راستیەی بۆ دەرکەوت کە لە زۆربەی وەڵامەکاندا جیاوازی مەعنەوی لە نێوان وەڵامەکانی هەردوو رەگەزدا نییە و گریمانەی سفری راست دەردەچێ.

بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین کەواتە ئەو گریمانەی ئێمە راستە کە دەڵێ سیستەمی پەروەردەی کوردستان لە بواری نەتەوەییدا کارتێکردنی هاوشێوەی لەسەر قوتابییانی کوڕ و کچدا هەبووە.

٢- بەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە:

لە کۆتایی خستنەڕوو شیکردنەوەی زانیاریی بەدەستهاتوو، بەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو برگەی سەرەکی کورت دەکەینەوە.

یەکەم: ئەنجامە گشتییەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە:

١- لە کۆی گشتی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان رێژەی (٥٢,٦٪) پەنجاو دوو پۆینت شەشە لە سەدای لە رەگەزی نێرن و، (٤٧,٤٪) چل و حەفت پۆینت چوار لە سەدای لە رەگەزی مێ.

٢- ئاستی تەمەنی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان لە هەردوو رەگەزی نێر و مێ لە نێوان (١٧-١٨)ساڵ دایە، لەبەرئەوەی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان ئەو قوتابییانە دەگرێتەوە کە لە قۆناخی خوێندنی پێنج و شەشی ئامادەیین.

٣- سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی لێکۆڵینەوە، بەدەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەری دەخات کە رێژەی ٢٣٪ بیست و سێ لە سەدا دانیشتووانی ناوشاری هەولێرن، رێژەی ٢٢٪ بیست و دوو لە سەدا سلێمانی، رێژەی ١٦٪ شازدە لە سەدا دهۆك، رێژەی ١١٪ یازدە لە سەدا سۆران، رێژەی ٦٪ شەش لە سەدا ئامێدی، رێژەی ١١٪ چەمچەماڵ، رێژەی ١١٪ رانیە دەگرێتەوە.

٤- وەکو لە بدەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان دەردەکەوێ رێژەی (٦١,٤٪) شەست و یەك پۆینت چوار لە سەدای نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان لە لقی زانستی دەخوێنن،

ڕێژەی (٣٨,٢٪) سی و هەشت پۆینت دوو لە لقی وێژەیی.

٥- ئاستی خوێندنی نموونەی لێکۆڵینەوەی ئێمە لە نێوان قۆناخی پێنجەم و شەشەمی ئامادەیین واتا (٧٥,٤٪) حەفتا و پێنج پۆینت چوار لە سەدا لە قۆناخی شەش دەخوێنن و ڕێژەی (١٥,٦٪) پازدە پۆینت شەش لە سەدا لە قۆناخی پێنج دەخوێنن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژەی (٢,٤٪) دوو پۆینت چوار لە سەدا بە پۆلی چوار وەڵامیان داوەتەوە ڕەنگە ئەوانە بن کە بۆ ئەم ساڵی خوێندن دەبنە پێنج.

٦- وەکو بدەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن، ڕێژەی نەخوێندەوار لەناو دایکانی نموونەی لێکۆڵینەوە بەرزە کە ڕێژەکە دەگاتە (٤٦,٢٪) کە ئەمە بۆ سەردەمی ئەوڕۆکە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە، بەڵام ئەو ڕێژەیەی لەلای باوکانی نموونەی لێکۆڵینەوەکە نزمترە واتا (١٨,٨٪).

٧- بدەرئەنجامی لیکۆڵینەوەکە دەری دەخات کە ڕێژەیەکی بەرز لە باوکانی نموونەی لێکۆڵینەوە فەرمانبەرن بە ڕێژەی (٤٠,٤٪) واتا ٦٠٪ کاسبکار زۆرینەیە، لە کاتێکدا زۆرینەی دایکانی نموونەی لێکۆڵینەوە ژنی ماڵەوەن واتا لە دەرەوە کار ناکەن ڕێژەیان (٧٥,٤٪) حەفتا و پێنج چوار لە سەدایە.

### ئەنجامەکانی تایبەت بە گریمانەکانی لێکۆڵینەوە:

١- ڕۆڵی قوتابخانە و بابەتەکانی خوێندن لە گەشەپێدانی زانیاری نەتەوەیی.

وەکو لە بدەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکە بۆمان دەردەکەوێ ئەگەرچی زۆرینەی ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان شانازی بە کوردبوونی خۆیان دەکەن و ئاڵای نەتەوەکەیان خۆش دەوێ و شارەزاییشیان سەبارەت بە سروودە نەتەوەییەکان هەیە، بەڵام وەکو ئەنجامەکان دەری دەخەن بابەتەکانی خوێندن بەتایبەتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی وەکو (مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی و.. هتد) نەیانتوانیوە بە پێی پێویست زانیاری سەبارەت بە مێژوو و جوگرافیا و کۆمەڵگەی کوردی بە قوتابییان ببەخشن، بێگومان ئەمەش کار دەکاتە سەر ئاستی زانیاری و شارەزایی و هوشیاریی قوتابییان سەبارەت بە نەتەوەکەیان.

کەواتە ئەو گریمانەیەی ئێمە راستە کە دەڵێ: بابەتەکانی خوێندن لە قوتابخانە، نەیانتوانیوە رۆڵی کاریگەر بگێڕن لە گەشەپێکردنی زانیاری نەتەوەیی لای قوتابی.

٢- کاریگەریی دەزگا پەروەردەییە فەرمییەکان لەسەر قوتابی بە بەراورد لەگەڵ دەزگا پەروەردەییە نافەرمییەکان.

وەکو بەدەرئەنجامەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە دەری دەخەن، لە زۆربەی ئەو پرسیارانەی ئاراستەی نموونەی لێکۆڵینەوە کراوە بە دیار دەکەوێ کە رۆڵی قوتابخانە چ لە گەیاندنی زانیاریی نەتەوەیی چ لە رادەی ئاراستەکردنی بیر و هزری قوتابییان بە بەراورد لەگەڵ دەزگاکانی تری پەروەردەیی نافەرمی وەکو خێزان، میدیاکان، رێکخراو.. رۆڵی لاوازتر بووە.

بەو مانایەی کە قوتابخانە بە پشتبەستن بەو سیستەمەی کە ئێستا لەسەری دەڕوا نەك هەر ناتوانێ لە پرۆسەی پەروەردەکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، بگرە ناتوانێ هیچ گۆڕانکاری و پێشکەوتنێك لە کۆمەڵگە بێنێتە کایەوە.

لە کۆمەڵگەکانی جیهاندا دەزگا پەروەردەییەکان شۆڕشی فەرهەنگییان ئەنجام داوە و جڵەوی گۆڕانکارییە هزری و ئابوورییەکانیان بەدەستەوەیە، کەچی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەپێچەوانەوە هەست دەکرێ قوتابخانە بووەتە پاشخانی کۆمەڵگە و دەزگا و دامەزراوەکانی تری نێو کۆمەڵ کە ئەمانە کاریگەرییان لەسەر ئەو سیستەمە هەیە و بەو شێوەیەی کە بیانەوێ ئاراستەی دەکەن.

کەواتە ئەو گریمانەی ئێمە راست دەردەچێ کە دەڵێ:

کاریگەریی سیستەمی پەروەردەییی کوردستان لەسەر قوتابی لاوازترە بە بەراورد لەگەڵ دەزگا پەروەردەییە نافەرمییەکان (خێزان، میدیا، مزگەوت، رێکخراو و پارتە سیاسییەکان و... هتد).

٣- رۆڵ و کاریگەریی رێباز و شێوازی پەروەردەکردنی فەرمی لە دروستکردنی هەستی نیشتمانپەروەریی کوردستانی لای قوتابی کورد.

بەدەرئەنجامی نموونەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەکانی لایەنی تیۆری دەری دەخەن کە سیستەمی پەروەردە لە کوردستان بە شێوەیەکی ریشەیی گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، بگرە هەمان نموونەی قۆناخی حکوومەتی بەعسە بە هەندێك گۆڕانکاری رووکارییەوە.

لەبەرئەوەی تاکو ئێستا فەلسەفەیەکی پەروەردەییی تایبەت بە کوردستان و یاسای پەروەردەییی تایبەت بەو هەرێمە دانەڕێژراوە، لە هەمان کاتدا وەکو بدەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان لە هەردوو لایەنی تیۆری و مەیدانی دەری دەخەن، شرۆڤەکردنی ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن بەتایبەتی مێژوو، وەڵامی نموونەی لێکۆڵینەوە لە لایەکی تر ئەو راستییە نیشان دەدەن کە لەناو بابەتەکانی خوێندن وەکو پێویست بوونی گشت پێکهاتەکانی کوردستان رەنگیان نەداوەتەوە و لەو بارەیەوە رۆڵی قوتابخانەکان لە فێرکردنی زانیاری سەبارەت بە فرەنەتەوەییی کوردستان لە رووی پێکهاتەی نەتەوەیی و ئاینی وەکو زۆرینەی وەڵامەکان دەری دەخەن لە ئاستی مامناوەند و کەم دایە کە رێژەکەی (٢,٤٥٪) چل و پێنج پۆینت دوو لە سەدایە.

لە کۆی ئەو بدەرئەنجامانە دەتوانین بڵێین ئەو گریمانەی ئێمە راست دەردەچێ کە دەڵێ: رێباز و شێوازی پەروەردەکردنی فەرمی لە کوردستان هاوکار نییە لە دروستکردنی هەستی نیشتمانپەروەریی کوردستانی لای قوتابی کورد.

٤- کاریگەریی یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەیییەکان لە قوتابخانە و رۆڵی لە بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی لای قوتابی.

بۆنە و یادە نەتەوەیییەکان بە بەشێك لە کولتوور و تایبەتمەندی نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێن، لە هەمان کاتدا هۆکارن بۆ دروستکردنی پێوەندییەکی ڕوحی لە نێوان تاك و نەتەوەکەی.

وەکو بدەرئەنجامی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان دەری دەخەن، زۆرینەی ئەندامانی نموونەی لێکۆڵینەوەکەمان زانیارییان سەبارەت بە بۆنە و یادە نەتەوەیییەکان هەیە، بەڵام وەکو ئەنجامەکان دەری دەخەن گشت یادەکان وەکو پێویست لە قوتابخانەکان یاد ناکرێنەوە و قوتابی زانیاریی ئەوتۆی لەم بارەیەوە نییە، بەتایبەتی رووداوەکانی وەکو کارەساتی ئەنفال، کۆڕەو. هەروەها لە کاتی یادکردنەوەی ئەو بۆنانە وەکو بەرزترین رێژەی وەڵامی نموونەی لێکۆڵینەوە دەری دەخات، وەڵامی ئەوەیان داوەتەوە کە لەو کاتانە (خۆشەویستی نەتەوەکەیان لە لا زیاتر دەبێ). کەواتە لە بدەرئەنجامدا دەتوانین بگەین بە راستی ئەو گریمانەی ئێمە کە دەڵێ: یادکردنەوە و رێزگرتن لە بۆنە و یادە نەتەوەیییەکان لە قوتابخانە رۆڵی کارا دەگێڕن لە بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی لای قوتابی.

٥- سیستەمی پەروەردەی کوردستان لە بواری نەتەوەییدا کارتێکردنی هاوشێوەی لسەر قوتابییانی کوڕ و کچدا هەبووە.

دیارە وەکو لەلایەنی تیۆرییەکەدا بە وردی ئاماژەمان پێداوە لە سەرەتایی هاتنە ئارای سستمی پەروەردەی مەبەستدار و فەرمی، بە هۆی دواکەوتویی و کاریگەریی داوونەریتی کۆن و زاڵبوونی سیستەمی پیاوسالاری، کچان بواری فێربوونیان بۆ نەدەڕەخسا، بەڵام دوای برینی چەند قۆناخ و زیادبوونی ژمارەی قوتابخانەکان و زیادبوونی توێژی رۆشنبیری و خوێندەوار ئەو دیاردەیە بەرەو کەمی چووە، ئەمڕۆکە رێژەی قوتابییانی کچ رێژەیەکی بەرزە و تا رادەیەك لە رێژەی قوتابییانی کوڕ نزیك بووەتەوە، دیارە ئەمە جێگەی خۆشحاڵییە و بە خاڵێکی پۆزەتیڤ دادەنرێ، ئەوەی زیاتر جێگەی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە لەناو سیستەمی پەروەردەدا جیاکاری لە کارتێکردن لەسەر هەردوو رەگەزی نێر و مێدا نابینرێ و دیارە فێربوونی قوتابخانە تێکەڵاوەکان زیاتر خزمەت بەو لایەنە دەکات.

٣- پێشنیاز و ڕاسپاردە:

- پێشنیازەکان:

لەبەر رۆشنایی بدەرئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوە و بایەخ و گرینگیدان بە سیستەمی پەروەردەکردن لە پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا ئەم چەند پێشنیازە دەخەینە ڕوو:

١- لەمیانی شیکاری و گفتوگۆکانی ئەو پرۆژەیە دەرکمان بە ئەزموونی زۆر لە وڵاتانی جیهان کرد کە پاش ئەوەی بە مێژوویەکی پڕ لە شەڕ و نائارامی و دواکەوتندا رۆیشتبوون بە هێنانە کایەی گۆڕانکاری و بایەخدان بە بواری پەروەردە و خوێندن، توانییان وڵاتەکەیان لە قۆناخێکی دواکەوتوو بەرەو قۆناخێکی پێشکەوتوو بەرن، بۆیە زۆر گرینگە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش هەوڵ بدات بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەی کوردی پشت بە سیستەمی پەروەردە و فێکردن ببەستێ و زیاتر پشتیوانی لەم دەزگایە بکات.

٢- بۆ ئەوەی بزانرێ کۆمەڵگە بەرەو چ ئاراستەیەك رێنوێنی دەکرێ و سیستەمی پەروەردە وەکو کارخانەیەکی پەروەردەکردنی مرۆڤ لە رووی (ژیری، جەستەیی، رەفتارییە) چ جۆرە مرۆڤێك پەروەردە و بەرهەم بهێنێ، زۆر گرینگە حکوومەتی

کوردستان خاوەنی فەلسەفەی پەروەردەیی خۆی بێت، فەلسەفەیەك کە تایبەتمەندی کوردستان و پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکان لە بەرچاو بگرێ بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی ئەو فەلسەفەیە ئامانجی پەروەردەکردن دیار بکرێ، لێرەدایە کە داهاتووی نەتەوە دیار و ڕۆشەن دەبێ.

٣- دارشتنی یاسایەکی تایبەت بە یاسای پەروەردە و فێرکردن لە کوردستان لەبەرئەوەی یاسای وەزارەتی پەروەردە چ جار شوێنی یاسای پەروەردە و فێرکردن ناگرێتەوە. پێویستە لەو یاسایەدا ئامانج لە خوێندن و گشت سیستەمی پەروەردە و فێکردن و بابەتەکانی خوێندن و ئەرك و ڕۆڵی مامۆستا و مافی قوتابییان و مامۆستایان تێیدا دەستنیشان بکرێن.

٤- داماڵینی سیستەمی پەروەردەی کوردستان لە شێوە و سیماکانی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن کە لە سەردەمی بەعس پەیڕەوی لێ دەکرا، هەروەها هەوڵ بدرێ سیستەمێکی جیاواز لە سیستەمی ولاتانی خاوەن ڕێژیمی دیکتاتۆری و تاکڕەو پەیڕەو بکرێ. سیستەمێك بێت تێیدا ڕەچاوی فرەنەتەوەیی کوردستان بکرێ و بنەماکانی مافی مرۆڤ و ئازادی و دیموکراسی و دادپەروەریی و لە سەرووی هەموویانەوە ڕوحی نیشتمانپەروەری تێیدا ڕەنگ بدەنەوە. لە سیستەمی تازەی پەرەوردەکردندا زۆر گرینگە گشت پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینییەکانی کوردستان سەرەڕای نەتەوەی کورد کە زۆرینەیە لە ناو بابەتەکانی خوێندن بەتایبەتی لە بابەتەکانی مێژوو، جوگرافیا، کۆمەڵناسی و بوارە فەرهەنگی و کولتوورییەکان هەست بە بوونی خۆیان بکەن و لەناو بابەتەکان خۆیان بدۆزنەوە. ناکرێ مێژووی کۆمەڵگەکەی خۆی بخوێنێ بەڵام خۆی وەکو نەتەوە یا گرووپی ئاینی تێیدا دیار نەبێ. ئەمە لێك نزیکبوونەوە و پڕکردنەوەی ماوەکانی نێوان گشت پێکهاتەکانی کوردستان زیاتر دەکات و هۆکارە بۆ دروستکردنی ڕوحی نیشتمانپەروەری و هێنانە کایەی سەقامگیری لە کوردستان.

٥- بۆنە و یادە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان بەبەشێکی گرینگ لە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەیی دەژمێردرێن، بۆیە پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بەرنامەداڕێژراو ئەم یاد و بۆنانە بئاخنێنە نێو وانەکانی خوێندن و چالاکییەکانی هەروەها پێوەندی تاك بە نیشتمان و نەتەوەکەی بەهێزتر بکرێ.

***

- ڕاسپاردە:

١- پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆربەی گیروگرفتە خزمەتگوزارییەکانی قوتابخانە هەر لە هەبوونی بینای قوتابخانە، تاکو گشت پێداویستییەکانی سەردەم بە جۆرێك ژینگەی قوتابخانە ببێتە ئەو ناوەندە ئارام و خۆشەی قوتابی بۆ لای خۆی کێش بکات نەك لە خۆی دوور بخاتەوە، هەروەها بە چارەسەرکردنی گرفتی کەمی بینای قوتابخانە ئەو کات ئەوە دەستەبەر دەبێ کە قوتابی بۆ ماوەیەکی زیاتر لە قوتابخانە بمێنێتەوە، بەمەش کاریگەریی قوتابخانە لەسەر لایەنی هزری و رەفتاری کەسایەتی قوتابی لە هەر دەزگایەکی تری پەروەردەیی نافەرمی زیاتر دەبێ و گەیشتن بە ئامانجی پەروەردە و فێرکردن خێراتر و ئاسانتر دەبێ.

٢- داواکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە بە ئەزموونی وڵاتانی وەکو کۆریا، مالیزیا، یابان و.. هتد، دابچنەوە بزانن چۆن دەکرێ نەتەوەی کوردیش سوود لە ئەزموونی ئەوان وەربگرێ بۆ هێنانە کایەی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

٣- داوا لە حزبە سیاسییەکان دەکەین کە دەست نەخەنە ناو کاروباری قوتابخانە و کاری پەروەردەیی.

٤- داوا لە وەزارەتی پەروەردە دەکەین کە سیستەمی ئۆتۆنۆمیی قوتابخانە و دەزگا پەروەردەیییەکان پەیڕەو بکا، واتە بەڕێوەبردنی قوتابخانە بەرپرس بێ لە خۆی و خۆی دابین بکا.

٥- داوا لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەین کە بە زووترین کات یاسای خوێندن دەربکەن.

٦- داواکارین لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان فەلسەفەی کاری خۆی دیاری بکا، تاوەکو لەو روانگەیەش وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵاش فەلسەفەی پەروەردەیی و فێرکردنی خۆیان دابرێژن.

٧- داوا لە قوتابییان و ئەکادیمیانی تر لە زانکۆ و بەشی کۆمەڵناسی دەکەم کە بەردەوام بن لەسەر ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بواری پەروەردەیی و رەوشی پەروەردەکردن لە کوردستان و بەردەوامی بە کارەکەی ئێمە بدەن.

٨- داوا دەکەین کە وەزارەتی پەروەردە بە ڕێگەی قوتابخانەکانەوە زیاتر بایەخ بە یادەوەرییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بدا و هانی قوتابییانی بدات کە بەشداری تێدا بکەن.

٩- داوا دکەین کە بابەتەکانی خوێندن لە قوتابخانە بەتایبەتی وانەکانی (مێژوو، جوگرافیا، کۆمەلایەتی، و .. هتد) بە بابەتی نەتەوەیی کوردستانی دەوڵەمەند بکرێن.

١٠- داوا لەلایەنی بەرپرس دەکەین کە بە زووترین کات زمانێکی ستاندارت بۆ خوێندن بێننە کایەوە، بۆ ئەوەی لێك نزیکبوونەوە نەتەوەیی زیاتر بێ.

١١- ئەمڕۆ سیستەمی بەجیهانیبوون باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، جۆرەها ئامێری پێوەندیکردن، دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کرانەوەی جیهان بە رووی یەکتر و بچووکبوونەوەی ئەم جیهانە بۆ گوندێکی بچووك، مەترسی توانەوەی تایبەتمەندی نەتەوەیی کولتووری نەتەوەی بێ هێز و ژێر دەستەکان خێراتر دەکات.

راستە ناکرێ بەری گۆڕانکارییەکان بگیرێ لەبەرئەوەی گۆڕان پرۆسەیەکی سروشتی ژیانی کۆمەڵگەکانە، بەڵام پارێزگاریکردن لە تایبەتمەندییە کولتووری و زمانەوانی و مێژوویی و هتد پێداویستییەکی سەرەکیی ئەمڕۆی نەتەوەی کوردە، لەبەرئەوەی تاکو ئەمڕۆش نەتەوەی کورد دابەشکراو و نەبووەتە خاوەن دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی و تاکو ئێستا مەترسی لەناوبردن لە ئارادایە، بۆیە زۆر گرینگە بە بەکارهێنانی سیستەمی پەروەردە بە هوشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان بکرێت و هەوڵ بدرێت لایەنە نەتەوەییەکان لە گشت رووییەکەوە لەناو سیستەمی پەروەردە رەنگ بداتەوە، تاکو بەردەوام هۆشیاری نەتەوەیی قوتابی بەرامبەر بە نەتەوە و کۆمەڵگەکەی لە ئاستێکی بەرزدابێ، ئەمە بە باشترین ئامراز دادەنرێ بۆ پارێزگاریکردن لە دەستکەوتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، سەرەڕای دابینکردنی پێداویستی زانستی و کادیری پسپۆر لە گشت بوارەکاندا.

# خشتەکان

(نسخة طبق الاصل)

بسم الله الرحمن الرحيم

حزب البعث العربي الاشتراكي
القطر العراقي

امة عربية واحدة ذات رسالة خالدة
قيادة مكتب تنظيم الشمال

*سري للغاية ومستعجل جداً*

*وتفتح من قبل الرفيق امين سر قيادة الفرع*

العدد/ ٧١
التاريخ / ١١/شعبان/١٤٠٩هـ
المصادف /١٩٨٩/٣/١٨

الى / قيادة فرع اربيل لحزب البعث الاشتراكي
م/ الدراسة الكردية .

تحية رفاقية

اشارة الى التوجيهات والاوامر المبلغة الينا واوامر الرفيق امين سر القيادة القطرية صدام حسين حفظه الله اثناء اجتماعات القيادة القطرية تقرر مايلي:

١- قيام المدرجة اسماؤهم ادناه باعادة النظر في مشروع الدراسة التي اعدت وطبقت في محافظة دهوك في السبعينات لتغيير الدراسة الكردية الى

الدراسة العربية وعلى ان تعقد الاجتماعات في مقر مكتبنا وبرئاسة الرفيق امين سر قيادة مكتب تنظيم الشمال بحيث تتلائم الدراسة مع الوضع النفسي لسكان محافظتي اربيل والسليمانية على ان تطبق بنسبة (٧٠٪) للسنة الدراسية ١٩٩٠/٨٩ وبنسبة (١٠٠٪) للسنة الدراسية ١٩٩١/٩٠ لغرض القضاء على التيار العنصري الشوفيني في المنطقة الكوردية وعدم ظهورها مستقبلاً حيث انهى عمليات الانفال الحركات الانفصالية الرجعية وابعدوا الى خارج حدود القطر وتبليغ المشاركين في الدراسة بالكتمان الشديد حول الموضوع وعلى ان تنجز خلال شهر واحد.

٢. تقرر منح المشاركين في (١) اعلاه و(٣) ادناه مكافأة جيدة تليق بالمهمة الموكلة.

٣. يشارك المدرجة اسماؤهم ادناه اثناء تطبيق الدراسة في المحافظتين مع من ترشحهم قيادة فرع السليمانية.

**رقم القرار: ٦٣٢**

**تاريخ القرار: ٧/ربيع الاول/١٤١٠هـ**
**٧ /١٩٨٩/١٠ م**

استناداً الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور،
قرر مجلس قيادة الثورة ما يلي:

*اولاً*- لا يعتبر الطالبة راسباً في مادة اللغة الكردية في المدارس المشمولة بتدريسها اذا لم يحصل على درجة النجاح المقررة لها.
*ثانياً*- لا يعمل باي نص يتعارض واحكام هذا القانون.
*ثالثاً*- يعمل بهذا القرار ابتداء من السنة الدراسية( ١٩٨٩-١٩٩٠) ولوزير التربية اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذه.

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق

وزارة الداخلية
الشؤون الامنية

العدد/ ١٢١٣٦
التاريخ/٢٠٠٠/٩/٢١

الى/ محافظة التأميم  المكتب الخاص

الموضوع/ تعليمات رقم ١٤٥ م ع

الرقم السري/ ١٦٤٣١٦

استنادا الى توجيهات ديوان الرئاسة والمبلغ الينا بكتابهم السري للغاية المرقم ١٣٧٣١ في ١٩٩٩/٨/٨ وكتاب مجلس الوزراء  هيئة التخطيط والمتابعة المرقم ١٤٢٠-٢/٥/٤ في ١٩٩٩/٨/١٤ حول الاوضاع الشاذة والاجواء المتوترة في مدارس محافظة التأميم.وازالة بعض الظواهر السلبية لانجاح العملية التربوية على المسالك القومية. وتوحيد الصفوف وعدم فسح المجال للاجنبي بالتدخل من الثغرات الضيقة للتدخل والتلاعب بذهون الجيل الصاعد بالشعارات العنصرية ولذا يجب الزام كافة طلاب المدارس المحافظة بتطبيق التعليمات التالية:

*اولا*، التربية والتعليم والدراسة بجميع مراحلها(الروضة والابتدائية والمتوسطة والاعدادية الاكاديمية والمهنية والمعاهد والكليات) باللغة العربية فقط. ولذا يجب التقيد بما يلي:

أ- يمنع منعاً باتاً استعمال اللغات المحلية(الكردية التركمانية الآشورية الكلدانية) من قبل الهيئة التعليمية والهيئة التدريسية لالقاء المحاضرات او مفردات الجمل المستعصية بغير اللغة العربية اثناء الدوام الرسمي.

ب- يمنع منعاً باتاً استعمال اللغات المشار اليها في الفقرة اولاً من كتابنا من قبل الهيئة التعليمية والتدريسية مع الطلبة اثناء الاستراحة.

ج- يمنع منعاً باتاً استخدام اللغات المحلية عدا العربية من قبل طلاب المدارس فيما بينهم.

پاشکۆی ژماره (٤)

جمهورية العراق
وزارة الداخلية

محافظة التأميم
المكتب الخاص

العدد/ ٨١٢/١١/٨
التاريخ/١٣/١/٢٠٠٠

الى/ الشؤون الداخلية / الديوان

الموضوع/ تعقيبات وتوجيهات رقم (٤)

تنفيذاً للتوجيهات المركزية لعام ٢٠٠٠ الصادر من وزارة الداخلية الشؤون القانونية. والمبلغ الينا بكتابهم المرقم ٤٦٧ في ٢٠٠٠/١/٤ وما جاء بالفقرة سابعاً وتاسعاً لمسح آثار ومخلفات الاعداء المارقين والمتعطشين للأفكار القومية العنصرية . وقبر نواياهم ولجم افواههم المسمومة واجراء اللازم لتنفيذ ما يلي خلال مدة (٣٠) يوماً واعلامنا.

**اولاً:** نتائج تنفيذ كتاب وزارة الداخلية الشؤون الامنية المرقم ٢١٣٦ والمؤرخ ١٩٩٩/٩/٢١ الخاص بتنفيذ تعريب مدارس المحافظة باستعمال اللغة العربية فقط ومنع ارتداء الملابس الاجنبية.

**ثانياً:** تبليغ لجنة الرقابة الداخلية في المحافظة بالزام كافة اصحاب المحلات التجارية والصناعية بتغيير الاسماء والعناوين المسجلة والمكتوبة لمحلاتهم باللغة الغير العربية. كأسماء كردية وتركمانية. ويشمل كافة المحلات (المقاهي الكماليات موبيليات الكازينوهات الحمامات المساجد التكايا

المقابر والاضرحة الازقة الشوارع الاماكن الاثرية صالونات الحلاقة والعرائس والتجميل اماكن اللعب والتسلية واللهو والرياضة ...الخ) وتغيرهم الى أسماء وعناوين عربية ذات صفة ثورية الحزبية المعروفة.

اللواء الركن
نوفل اسماعيل خضير
محافظ التأميم
رئيس اللجنة الامنية في المحافظة

صورة منه الى/
- مكتب الرفيق المناضل محمد يونس الاحمد مسؤول تنظيمات محافظات (التأميم صلاح الدين السليمانية) للحزب القائد ودمتم للنضال.
- مكتب قيادة فرع التأميم للحزب القائد ودمتم للنضال.
- مكتب قيادة فرع كركوك للحزب القائد ودمتم للنضال.
- القلم السري/ المحافظة للحفظ.

بسم الله الرحمن الرحيم

جمهورية العراق

العدد/١٨٧٩/١١/٩

التاريخ/٢٠٠٠/٢/٢٦م

وزارة الداخلية

محافظة التأميم

الشؤون الداخلية

الى / مكتب الخاص الموقر الديوان

م/ تنفيذ التوجيهات الخاصة

تنفيذ لامركم الموقر ٨١٢/١١/٨ الصادر في ٢٠٠٠/١/١٣ والمعطوف على توجيهات. وزارة الداخلية الشؤون القانونية المرقم ٤٦٧ في ٢٠٠٠/١/٤ حول مسح آثار ومخلفات الاعداء وقبر نواياهم. نود ان نعلم سيادتكم بما يلي:

١- التقارير الواردة من لجان تحكيم اللغة العربية في كافة مدارس المحافظة تشير الى انجاح العملية بشكل جيد. وتم فرض اللغة العربية على كافة المدارس. وتم ضيق الخناق على لغات المحلية ولم يبقى لهم اي دور في المخاطبة. وبالاخص في مجال التربية والتعليم والتدريس. وتم ضبط الرقابة على ارتداء اللابس المستوردة الاجنبية. والتي تحمل شعارات وكتابات امريكية وصهيونية وتركية.

٢- تمكن لجنة الرقابة الداخلية في المحافظة من تغيير كافة الاسماء والعناوين للمحلات التجارية والصناعية والكازينوهات والمقاهي والمساجد والتكايا والشوارع والاماكن الاثارية والتي كانت مدونة باللهجات واللغات الكردية والتركمانية وتم تبديلها باسماء وعناوين عربية اصيلة تاريخية عريقة وبما ينسجم مع التغيير الشامل حيث شمل جميع مرافق الحياة في داخل مركز المحافظة... للعلم وامركم مع التقدير.

العميد / نافع سلمان مطلك
م/ الشؤون الداخلية

صورة من الى/
- الاضابير الخاصة ١٤/ الديوان للحفظ
- الشؤون القانونية / الديوان للعلم والاطلاع.
- القلم السري / الديوان للحفظ.



**جمهورية العراق**

| | |
|---|---|
| **وزارة الداخلية** | **العدد/٩٤/١٠٤٦٥** |
| **محافظة التأميم** | **التاريخ/١٨/١٠/٢٠٠٠** |

**الى/ مديرية التربية والتعليم العام التأميم**

**الموضوع / تعميم**

طبقاً التعليمات الخاصة الصادرة من وزارة الداخلية الشؤون الامنية والمرقم ١٢١٣٦ في ٢١/٩/١٩٩٩. والمبلغ الينا بكتاب المكتب الخاص الموقر/ الديوان والمرقم ١٧٣٢٩ في ٧/١٠/١٩٩٩ والمتضمن إلزامية تطبيق اللغة العربية في كافة مراحل الدراسة. وترك اللهجات المحلية الدخيلة من اللغات الاخرى.للتقيد بما جاء في التعليمات بكل حذافيرها. وتشكيل لجنة خاصة في المديرية تتولى المتابعة والاشراف على لجان امنية اخرى. تشكل في كافة مدارس المحافظة. ورفع التقارير الدورية الى لجنة امن المحافظة واعلامنا....

المرفقات/ تعليمات وزارة الداخلية

العميد/ **نافع سلمان مطلك**

م/ الشؤون الداخلية

**نسخة منه الى/**

- قيادة فرع التأميم للحزب القائد امركم ودمتم للعقيدة والنضال.
- المكتب الخاص الموقر / الديوان كتابكم اعلاه للعلم وامركم مع التقدير.
- الاتحاد الوطني لطلبة العراق فرع التأميم للتنسيق مع المكتب الطلابي واللجنة الامنية في مديرية التربية والتعليم لتشكيل اللجان الامنية في جميع المدارس المحافظة وإعلام اللجنة الامنية في المحافظة بذلك.
- المكتب الطلابي التأميم لنفس الاغراض.
- شعبة الاضابير السرية ٦٥ خاص المدارس/ القلم السري للحفظ.

بسم الله الرحمن الرحيم
جمهورية العراق
مجلس قيادة الثورة

**رقم القرار:١٩٩**

**تاريخ القرار:** ١٨/ جمادي الآخرة/١٤٢٢هـ ٢٠٠١/٩/٦

---

**قرار**

نظراً لوجود حالات موروثة في سجلات فترة الحكم العثماني للعراق وم
اجل اعطاء العراقي حق اختيار قوميته ..وانسجاماً مع مبادىء حزب البعـ
العربي الاشتراكي في ان العربي هو من عاش في الوطن العربي وتكلم اللغ
العربية واختار العروبة قومية له، واستناداً الى احكام الفقرة (أ) من الما
الثانية والاربعين من الدستور.

قرر مجلس قيادة الثورة ما يأتي:

*اولاً*: لكل عراقي اتم الثامنة عشرة من العمر الحق في طلب تغيير قومية
الى القومية العربية.

*ثانياً*: يقدم طلب تغيير القومية الى دائرة الجنسية والاحوال المدنية المسج
فيها الشخص.

*ثالثاً*: يثبت مدير الجنسية والاحوال المدنية في المحافظة في الطلب خلا
(٦٠) ستين يوماً من تاريخ تقديمه.

*رابعا*: يثبت قرار تغيير القومية في السجل المدني، ويتخذ اساساً لتعديل السجلات والوثائق الرسمية الاخرى.

*خامسا*: يصدر وزير الداخلية تعليمات لتسهيل تنفيذ احكام القرار.

*سادسا*: ينفذ القرار من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

صدام حسين

رئيس مجلس قيادة الثورة

پاشكۆی ژماره (٨)

جمهورية العراق

وزارة الداخلية
محافظة التاميم
القلم السري

العدد/١٥٥٨/٦/٦
التاريخ/٢٩/٢/٢٠٠٠م

الى / شركة نفط الشمال/ رئاسة صحة التاميم

م/ تصحيح القومية

تنفيذاً للتوجيهات المركزية الصادرة من وزارة الداخلية المرقم ٢٨٣٩ في ٢٠٠٠/٢/١٥ والمبلغ بكتاب المكتب الخاص الموقر/المحافظة. والمرقم ٢٤٣٨/٤/٨ في ٢٠٠٠/٢/٢٢ يجب تنفيذ ما يلي واعتباراً من ٢٠٠٠/٢/١ لغاية ٢٠٠٠/٤/١.

١- تبلغ كافة منتسبي دوائركم من ابناء القوميات الكردية والتركمانية بتصحيح قومياتهم وفق الضوابط الخاصة وتأشير ذلك في سجلات الاحوال المدنية وارسال نسخة من الكتاب الى القلم السري بالمحافظة.

٢- اتخاذ الاجراءات الصارمة بحق المتنعين عن التصحيح بعد ٢٠٠٠/٤/١ وسحب البطاقة التموينية للمواد الغذائية منهم، وابلاغهم بذلك رسمياً وعن طريق اجراء ندوات موسعة بهذا الخصوص، واخيراً نقلهم الى المناطق النائية، وتنزيل مناصبهم الادارية، مع ايقاف العلاوات والترفيعات السنوية والمحفزات والمخصصات المهنية والخطورة بحقهم، وإخلائهم من الدور الحكومية خلال مدة (ثلاثون) يوماً.

٣- قرار التصحيح لا يشمل الكلدان والمسيحين والارمن(*) والبوذيين(**).

٤- اعلامنا عن طريق ارسال التقارير الاسبوعية.

**حكمت طاهر خالد**

**م/ القلم السري**

**نسخة الى/**

- مكتب السيد المحافظ المحترم امركم المبلغ الينا المرقم ٢٤٢٨/٤/٨ في ٢٠٠٠/٢/٢٢.
- مديرية احصاء التاميم لتسهيل معاملات التصحيح ومراعاة الفقرة عاشراً من التوجيهات الخاصة للسيد المحافظ.
- كافة شعب واقسام الديوان
- شركة غاز الشمال
- مديرية الجنسية والاحوال/التاميم
- مديرية زراعة التاميم
- المصرف العقاري / التاميم
- مديرية سايلو / التاميم
- مديرية اثار التاميم
- مديرية التسجيل العقاري/ التاميم
- مديرية بلدية التاميم
- ضريبة الدخل / التاميم
- مديرية ماء ومجاري التاميم
- مشروع ري صدام
- مديرية عقارات الدولة / التاميم
- مشروع ري التاميم
- مديرية طرق التاميم

---

(*) هل الكلدان والارمن ليسوا من المسيحين؟!(ط.ج).

(**) لم نعرف بوجود البوذيين في كركوك؟! (ط.ج).

پاشکۆی ژماره (٩)

جمهورية العراق

محافظة التأميم — العدد/٨١٢١/٤/١١

الشؤون الداخلية — التاريخ/١٩٩٩/٦/٥م

الى/ الجهاز المركزي للإحصاء / التأميم

الموضوع / تصحيح القومية

سري:

نحيل اليكم طلب المواطن (           ) من سكنة مركز قضاء كركوك لتصحيح قوميته (           ) الى العربية وفق الضوابط والتوجيهات المركزية وتأشير ذلك في سجلاتكم وسجلات الاحوال المدنية والجنسية وسجلات الجرد السكاني للمحافظة واعلامنا.

المرفقات/ اصل طلب المواطن.

العميد

نافع سلمان مطلك

م/ الشؤون الداخلية

نسخة الى/

- المراسلات السرية / المحافظة للتأشير.
- المكتب السكاني / المحافظة للتأشير.
- مديرية الجنسية والاحوال المدنية / التأميم للتأشير.
- القلم السري/ المحافظة للعلم والاطلاع.
- ش ض س ٧٢ / المديرية للحفظ.

استمارة تصحيح القومية

بسم الله الرحمن الرحيم

السيد مدير إحصاء محافظة التأميم المحترم..

الموضوع / تصحيح قومية

يرجى التفضل بالموافقة على تصحيح قوميتي من القومية ..........
الى القومية العربية.
وتفضلوا بقبول جزيل الشكر والتقدير.

٢٥ دينار
خمسة وعشرون ديناراً
المواطن

الاسم :
العنوان:

# قرارات مجلس قيادة الثورة

## قرار رقم (٨٥٠)

استناداً الى احكام الفقرة (أ) من المادة الثانية والاربعين من الدستور قرر مجلس قيادة الثورة بجلسته المنعقدة بتاريخ ١٩٨٨/١١/٢٧ ما يلي:

*اولاً:* يمنع العراقي عربي القومية من تغيير قوميته الى قومية اخرى لاي سبب كان.

*ثانياً:* يعاقب بالحبس مدة لا تقل عن سنة كل من خالف احكام الفقرة (اولاً) من هذا القرار.

*ثالثاً:* تسري احكام هذا القرار على كل من استبدل او غير قوميته العربية قبل نفاذه اعتباراً من ١٩٨٠/٩/٤.

*رابعاً:* ينشر هذا القرار في الجريدة الرسمية ويتولى الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذه.

صدام حسين
رئيس مجلس قيادة الثورة

( صورة كتاب )

بناء على ما جاء بالامر الوزاري الصادر من وزارة التربية /المديرية العامة للتعليم الثانوي المرقم ٣٨٤١٢ في ٩٨١/٧/٢١

تقرر نقل خدمات الذوات المدرجة اسماؤهم وعناوين وظائفهم في القائمة المرفقة طيا من ملاك دوائر التربية لامانتنا الى ملاك الوزارات المبينه ازاء اسم كل منهم واعتبارا من تاريخ الانفكاك .

---

الجمهورية العراقية

المديرية العامة لتربية اربيل
ذاتية الثانوى

العدد / م/ث/ ٢٧٠٢٦
التاريخ ١٧/ ٩٨١/٨

ادارة مدرسة / .....

م/ نقل خدمات

اعلاه صورة الامر التنفيذى المرقم ١٢/ا/ ٣٣٢٦ في ٩٨١/٨/٨ الصادر عن الامانة العامة للتربية والتعليم العالي /مديرية الشؤون الادارية والمالية /الملاكات /بخصوص نقل خدمات الذوات المدرجة اسماؤهم من ملاك مديريتنا الى ملاك الوزارات المبينه ازاء اسم كل واحد منهم راجين تبليغهم بمضمون الامر التنفيذى واعلامنا بتاريخ انفكاكهم ليتسنى لنا اجراء اللازم واعلامنا رجاء .

| الاسم | الاختصاص | مدرسته الحالية | اسم الوزارة المنقولة اليها |
|---|---|---|---|
| ١/عبد الرزاق عباس سعيد | العربية وعلوم الاسلامية | ثانوية ديانا للبنين | وزارة الصناعة والمعادن |
| ٢/عبد الغني طه محمد | العربية | = حرير للبنين | وزارة العدل |
| ٣/ نصر الدين حامد حمد | علوم الاسلامية | ثانوية خوشناو = | = |
| ٤/ محمد محمود ابوبكر | شريعة وعلوم اسلامية | ثانوية ديكة للبنين | = التجارة |
| ٥/ ادهم كريم درويش | = = | ثانوية بيرمام للبنين | = المالية |
| ٦/ محمد صابر مصطفى | العربية | متوسطة ارموطة للبنين | = التجارة |
| ٧/ محسن احمد مصطفى | العربية وعلوم اسلامية | متوسطة رواندوز للبنين | وزارة العمل والشؤون الاجتماعية |
| ٨/ عزيز سعدى سعيد | اصول الدين | ثانوية جومان للبنين | وزارة الزراعة والاصلاح الزراعي |
| ٩/ احمد اوبر احمد | شريعة وعلوم اسلامية | متوسطة دارين للبنين = | = = |
| ١٠/ زهير محمد امين رشيد | اللغة الكردية | = سيكردكان التكميلي | وزارة الصناعة والمعادن |

غازى محمد اسماعيل
و. المدير العام

نسخة منه الى /
الامانة العامة للتربية والتعليم العالي /الادارة والذاتية /الملفات /١٢
منطقة الاشراف التربوى الاختصاصي في اربيل
مديرية خزينة الحكم الذاتي
حسابات الثانوى /٣
ذاتية الثانوى /٤ الملاك/ الترفيعات /العلاوات /وحدة التدريب
الاجازات /شعبة البحوث والدراسات
الامتحانات والشهادات
الملفات الشخصية /١٥
السيد /...../١٠

الجمهورية العراقية
وزارة التجارة

الدائرة الادارية والمالية
القسم ذاتية المؤسسات

العدد ٢٩٤/٤/٩
التاريخ ٢٢/٦/١٩٨١

المنشأة العامة للسوق الاستهلاكية
الواردة
العدد ٨٢٤٥
التاريخ ٢٢/٦/١٩٨١

## أمـــر وزاري

استنادا لما جاء بكتاب مجلس قيادة الثورة / مكتب السكرتير
السر المرقم ٤٢٤١ والمؤرخ في ١٢/٦/١٩٨١م
تقرر نقل الذوات المدرجة أسماؤهم أدناه من وزارة التربية
الى المؤسسات المؤشرة ازاءهم اعتبارا من تاريخ الانفكاك.

| المؤسسة | الاسماء |
|---|---|
| المؤسسة العامة للحبوب | معروف عبد الكريم عالي |
| | محمد محمود ابو بكر |
| المؤسسة العامة لتجارة السلع الاستهلاكية | محمد صابر مصطفى |

يواجه السيد محمد ...

السيد المدير
...

وزير التجارة
حاتم عبد الرشيد
وكيل الوزارة للتجارة الداخلية

نسخة منه الى /
وزارة التربية .. مع التقدير
المؤسسة العامة للحبوب
المؤسسة العامة لتجارة السلع الاستهلاكية
ذاتية المؤسسات.

صالح / ١٨

الجمهورية العراقية

المديرية العامة لتربية اربيل
ذاتية الثانوي
العدد/ م/ ث/ ٢٨٧٦٤
التاريخ/ ١٩/ ٩/ ١٩٨١

(( مستعجل جداً ))

الى / ادارة المدرسة

م/ نقل خدمات

نؤكد كتابنا المرقم ٢٥٠٣٦ في ١٧/ ٨/ ١٩٨١
يرجى اعلامنا بتاريخ انفكاك الذوات المدرجة اسماؤهم ادناه بالسرعة الممكنة بمناسبة نقل خدماتهم
من ملاك مديريتنا الى دوائر اخرى

| الاسم | الاختصاص | مدرسة الحالية | اسم الوزارة المنقولة |
|---|---|---|---|
| ١) عبد الرزاق عباس سعيد | العربية وعلوم الاسلامية | ثانوية ديانا للبنين | وزارة الصناعة والمعا |
| ٢) عبد الغني طه محمد | العربية | ثانوية حرير | وزارة العدل |
| ٣) شمس الدين حامد محمد | علوم الاسلامية | ثانوية خوشناو للبنين | وزارة العدل |
| ٤) محمد محمود ابوبكر | شريعة وعلوم اسلامية | ثانوية ديگه | وزارة التجارة |
| ٥) محمد صابر مصطفى | العربية | ثانوية كويسنجق للبنات | وزارة التجارة |
| ٦) محسن احمد مصطفى | العربية وعلوم اسلامية | متوسطة رواندوز للبنات | وزارة العمل والشؤ الاجتماعية |
| ٧) احمد ابراهيم احمد | شريعة وعلوم اسلامية | متوسطة دارمين للبنين | وزارة الزراعة والاص الزراعي |
| ٨) زهير محمد امين رشيد | اللغة الكردية | متوسطة سيكردكان التكميلية | وزارة الصناعة والمعادن |

حسين محمد قدري عبد القادر
ع/ المدير العام

نسخة منه الى /
الامانة العامة للتربية والتعليم العالي / الادارة والذاتية / الملفات / ١٠ / كتابكم المرقم ٣٨٦٢
في ١٦/ ٩/ ١٩٨١ مع التقدير
منطقة الاشراف التربوي الاختصاصي في اربيل
حسابات الثانوي / ٢
ذاتية الثانوي / ٣ / الملاك / الملفة الشخصية / ٨
الصادر / ٨

## پاشکۆی ژماره (١٣)

زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی ئاداب
بەشی کۆمەڵناسی

ژمارە: ....................
رێکەوت / /٢٠٠٨
شوێن: ......................

---

بەرێزم:

ئەو فورمەی لەبەر دەستت دایە فورمی زانیارییە بو تیزی دکتورا بە ناونیشانی (رول وکاریگەری سستمی پەروەردە لەسەر رەهەندی نەتەوەیی لەکومەلگای کوردستان. لیکولینەوەیەکی مەیدانییە لە هەریمی کوردستانی عیراق ). لەم لێکۆڵینەوەیەدا ناوی بەرێزتان بە هەڕەمەکی دەستنیشان کراوە وەکو بەشێک لە نموونەیەک کە نوێنەرایەتی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکات. دەمانەوێت لە سەر ژمارەیەک بابەتی جیاواز بۆچوونی بەرێزتان بزانین هاوکاریت بەشداری دەبێت بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لەوەی پەروەردە چ کاریگەرییەکی هەیە لە دروسکردنی هوشیاری، نەتەوەیی. زانیارییەکان تەنیا بۆ مەبەستێکی زانستی بەکاردێن.

تێبینی: تکایە پێویست بە ناو نووسین ناکات.

### پرسیارەکان

پ١/ رەگەز : نێر......... مێ.... ...

پ٢/ قۆناغی خوێندن:

بۆل........ وێژەیی........ زانستی....

پ٣/ ئاستی خوێندەواری باوك.

پ٤/ ئاستی خوێندەواری دایك...

پ٥/ پیشەی باوك...

پ٦/ پیشەی دایك...

پ٧ / ئایا شانازی پە کوردبوونی خۆت دەکەی؟

بەڵێ..... ..... بەخێر .........

پ٨/ تا چەند شانازی بە کوردبوونی خۆت دەکەی ؟

زۆر.... .. مامناوەند............. کەم............ هیچ..........

پ٩/حەزت دەکرد کورد نەبوویتایە؟

بەڵێ................ نەخێر...... ..... نازانم......................

پ١٠/ ئایا ئاڵای کوردستان لە لات پیرۆز و خۆشەویستە ؟

بەڵێ.... .......... نەخێر.............

**پ١١/ تا چەند ئاڵای کوردستان له لات پیرۆز و خۆشەویستە ؟**

زۆر...... .    مامناوەند.........    کەم............    هیچ..........

**پ١٢/ئایا هیچ سرودێکی نیشتیمانی لەبەر دەزانی؟**

**بەڵێ..... .......    نەخێر...............**

**پ١٣/ ئەگەر وەڵام بە بەڵێ بوو ناوی ئەو سرووده نیشتیمانیانه بنوسە کە دەیزانی ؟**

١-.    ٢-...    ٣-.. ..    ٤..............    ٥-.........

**پ١٤/ له قوتابخانه، لەم وانانەی کە لە خوارەوەدا هاتوون تا چەند بابەتتان له بارەی کوردستان خوێندووە؟**

١- **مێژوو:**    زۆر...... .....    مامناوەندی...........    کەم............    هیچ..........

٢- **جوگرافیا**    زۆر............    مامناوەندی.... ....    کەم............    هیچ..........

٣- **کۆمەڵناسی**    زۆر............    مامناوەندی...........    کەم............    هیچ..........

**پ١٥/ پێتباشە قوتابی لە قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لەوانەی جوگرافیا کام لەمانەی خوارەوە بخوێنێت:**

جوگرافیای کوردستان......    جوگرافیای عێراق.............

جوگرافیای کوردستان و عێراق...........    جوگرافیای نیشتمانی عەرەب............

جوگرافیای جیهان............    جوگرافیای کوردستانی گەورە.............

هەموویان............    هیچیان................

**پ١٦/ پێتباشە قوتابی لە قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لەوانەی مێژوو کام لەمانەی خوارەوە بخوێنێت:**

مێژووی کوردستان .... ..    مێژووی عێراق...........

مێژووی کوردستان و عێراق.................    مێژووی نیشتمانی عەرەب..........

مێژووی جیهان.............    مێژوویی کوردستانی گەورە.............

هەموویان............    هیچیان................

**پ١٧/ تا چ رادەیەك لە قوتابخانه زانیاری سەبارەت بە مێژوو و جوگرافیای نەتەوەکەت فێربووی ؟**

زۆر.........    مام ناوەند.... ..    کەم..........    هیچ..........

**پ١٨/ تا چ رادەیەك لە قوتابخانه ئاشنای فەرهەنگ و کلتووری نەتەوەکەت واتە(داب و نەریت، زمان ، بۆنەو یادە نەتەوەییەکان ،ئەدەبیات و.......هتد) بوویت؟**

زۆر.........    مام ناوەند..... ..    کەم...........    هیچ...........

**پ١٩/ کام لەمانەی خوارەوە رۆڵی هەبووە لە ئاشنابوونت بە فەرهەنگ وکلتووری نەتەوەکەت:**

١-**مامۆستاکانت.........**    ٢-بابەتەکانی خوێندن...... .    ٣-هاورێ کانت.........    ٤-

دەزگاکانی راگەیاندن.........    ٥-حزبەکوردستانیەکان.........    ٦-هیچیان..........

---

پ٢٠/بۆچی دەخوێنی ؟

الف – بۆ ئەوەی لە داهاتوو ژیانمی پێ دابین بکەم . ..............

ب– بۆ ئەوەی پلە و پایەی کۆمەلایەتی و سیاسی وەربگرم . ..........

ج– بۆ ئەوەی خزمەتی نەتەوەکەم بکەم . ..............

د– بۆ ئەوەی کۆمەلگاکەم بەرەو پێشەوە ببەم . ............

ه– لەبەر ئەوەی خانەوادەکەم ناچارم دەکەن بخوێنم . ............

و– نازانم . ..............

پ٢١/ تاچ رادەیەك لە قوتابخانە ئەومیان فێرکردوویت کە کوردستان پێکهاتەیەکی نەتەوەیی و ئایینیی فرە جۆری هەیە واتا لە (کورد و تورکمان و کلدان و ئیسلام و مەسیحی و یەزیدی ....هتد)

زۆر...... ... مام ناوەند............. کەم............. هیچ.................

پ٢٢/ لە کام یەك لەم سەرچاوانەی خوارەوە زانیاری زیاتر سەبارەت بە کوردستاب فێر دەبیت؟

١-مالەوە...... ٢-قوتابخانە.......... ٣-کەنالەکانی راگەیاندن.........

٤-حزب وڕێکخراوەکان............ ٥-هاوڕێ...............

پ٢٣/ لەقوتابخانە هاورێ یەتی خەلکێك لە ئایین یا نەتەوەیەکی تر دەکەیت؟

بەلێ............ نەخێر...... .... نازانم...........

- ئەگەر وەلامت بە نەخێر بوو بۆچی؟

الف– لەبەر ئەوەی تەنها هاوڕێی یەتی کوردم لە لا باشترە . ............

ب– ئەگەر کەسێك هەمان ئایینی منی نەبێت هاوڕێ یەتی ناکەم. .........

ج– خانەوادەکەم ڕێگام پێ نادەن .. ..............

د– خۆشم ناوێن ................

ه. نازانم...............

پ٢٤/ ئایا لە قوتابخانەکاندا یادی بۆنەی نەتەوەیی دەکرێتەوە ؟

أ– نەورۆز بەلێ.......... نەخێر..........

ب–هەلەبجە بەلێ....... . نەخێر...........

ج– راپەڕین بەلێ.......... نەخێر.............

د– ئەنفال بەلێ....... . نەخێر.............

ه– کۆڕەو بەلێ..... .... نەخێر.............

پ٢٥/ ڕێکەوتی ڕۆژ و مانگ وساڵی هەریەك لەوبۆنە نەتەوەییانەی خوارەوە بنوسە

١- نەورۆز ڕۆژ...... مانگ...... ساڵ......

٢-هەڵەبجە ڕۆژ...... مانگ...... ساڵ......

٣- ڕاپەڕین ڕۆژ...... مانگ...... ساڵ......

٤- ئەنفال ڕۆژ...... مانگ...... ساڵ......

٥- کۆڕەو ڕۆژ...... مانگ...... ساڵ......

پ٢٦/ کاتێك یادە نەتەوەییەکان دەکرێتەوە هەست بە چی دەکەی ؟

الف- خۆشەویستی نەتەوەکەم لا زیاتر دەبێت. ............

ب- شارەزاییم سەبارەت بە نەتەوەکەم زیاتر دەبێت . ............

ج- هەست دەکەم ئێمە نەتەوەیەکی جیاین و تایبەتمەندی خۆمان هەیە. ............

د- لام گرنگ نییە. ...........

ه. بەخۆشی چونکە وانە ناخوێنم.........

پ٢٧/ لە قوتابخانە چەند لە ماموستاکانت هاوکاریتان دەکەن بۆ بە بیر هێنانەوەو ڕێز گرتن لە یادو بۆنە نەتەوەییەکان ؟

زۆریان............ هەندێکیان............ کەمیان............ هیچیان...........

پ٢٨/ یادی بونە نەتەوەییەکانی وەکو ( هەڵەبجە ، نەورۆز ، ڕاپەڕین و...... هتد ) لە کام لەمانەی خوارەوە زیاتر دەکرێتەوە؟

قوتابخانە............ لە ناو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان ............

دەزگاکانی ڕاگەیاندن............ لە هیچیان ...............

پ٢٩/ ئەگەر ڕێورەسمی یادەوەری و بۆنە نەتەوەییەکان لە قوتابخانەکەت ئەنجام بدرێت بەشداری دەکەیت؟

زۆرجار............ هەندێکجار............ هیچکات............

پ٣٠/ ئەگەر وەڵامەکەت بە (هیچکات) بۆچی؟

الف- هیچ لە بارەی ئەو بۆنانە نازانم . ...............

ب- بە گرنگی نازانم ئەو یادانە بکرێنەوە. ...............

ج- حەز دەکەم بەشداری بکەم بەلام ڕێگام پێ نادرێت...............

د- لە بەر سەرقاڵ بوونم بە خوێندن . ...............

پ٣١/ کام یەك لەمانەی خوارەوە کاریگەریان لە سەر تۆ بەهێزترە ؟

الف– خانەوادەکەم ....... ..... ب– ریکخراو یا حیزبەکەم ...............

ج– قوتابخانەکەم................ د– مزگەوت.................

ﻫ– راگەیاندن................ ل. هاوری کانم.............. و– نازانم...............

پ٣٢/ کام یەك لەمانەی خوارەوە زانیاری زیاترت سەبارەت بە مێژوو و یادە نەتەوەییەکان پێ دەبەخشن ؟

وانەکانی قوتابخانە............ ماموستاکەم............ خێزان .................

کەنالەکانی راگەیاندنی کوردستان.......... پارتە سیاسیەکان .......... سەرچاوەکانی تر............

پ٣٣/ رۆژانە چەند لە کاتت تەرخان دەکەیت بۆ سەیر کردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن یا خود رادیۆ یا خود هەر کەنالێکی تری راگەیاندن ؟

کەمتر لە کاتژمیریك....... ١–٢ کاتژمیر ......... ٢–٣ کاتژمیر .........

زیاتر لە٣ کاتژمیر ...... ...

پ٣٤/ زیاتر کاتت بۆ کام لەم راگەیاندنانەی خوارەوە تەرخان دەکەی ؟

عەرەبی......... فارسی.......... کوردی.......... تورکی.......... بیانی.... ....

پ٣٥/ چ بوارێك لە کەنالەکانی راگەیاندن زیاتر سەرنجت رادەکێشێت؟

وەرزش.......... هونەری مۆسیقا........... فیلم وحەلقەکان.......... بەرنامەی ئایینی.......

بەرنامی سیاسی و هەواڵ........... بەرنامەی کۆمەلایەتی... هی تر.................

پ٣٦/ چەند هەستدەکەی هاورێ کانت لەقوتابخانە لە رووی جلوبەرگ، مۆدە و رەفتارەوە لاسایی گۆرانیبێژ، ئەکتەر، وەرزشوان ، بیانیەکان دەکەنەوە ؟

زۆربەیان .... .... هەندێکیان......... کەمیان......... هیچ یەکێك........

پ٣٧/ ئەو زانیاریانەی لە قوتابخانە وەری دەگریت لە ژیانی رۆژانەت بەکاریدەهینیت؟

بەڵێ.......... نەخێر........... بە کەمی............

پ٣٨/ حەز دەکەی زۆربەی کاتت لەگەل کام یەك لەمانەی خوارەوە بەسەرببەی ؟

– ناو خێزان ............ – ناو قوتابخانە........... – ناو مزگەوت...........

– ناو رێکخراو و حزب.......... – گروپی هەڤاڵان...... –میدیا(کەنالەکانی راگەیاندن) ..........

پ٣٩/ حەز دەكەی لە قوتابخانە بەكام یەك لەم زمانانەی خوارەوە بخوێنی؟

—عەرەبی.......... —ئینگلیزی.......... —كوردی.......... —زمانی دیكە..........

كوردیوعەرەبی.......... كوردیوئینگلیزی.......... كوردیوعەرەبیو ئینگلیزی..........

پ٤٠/ تاچەند لەو زمانە كوردییە تێدەگەی كە وانەكانی قوتابخانەی پێ نووسراونەتەوە (ئابووری، جوگرافیا، كیمیا، زیندەوەرزانی..... هتد)؟

—بەتەواوی لێی تێدەگەم.......... — هەندێكی لێ تێدەگەم..........

— زۆركەم لێی تێدەگەم.......... — هیچ لێی تێدەگەم..........

*سوپاس بۆ هاوكاری بەرێزتان*

| ژ | ناوی پسپۆران | گونجاو | ناگونجاو | نمرەی ڕاستی | نمرەی برگە ناگونجاوەکان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١- | پ.د. ئازاد نەقشبەندی | ٢٩ | ٣ | ٩٠,٦٢ | ١٠، ١٤، ١٧ |
| ٢- | پ.د. ئازاد حمه صالح | ٢٨ | ٤ | ٨٧,٢ | ٥، ٦، ٧، ١٢ |
| ٣- | پ.د. صباح احمد نجار | ٣٠ | ٢ | ٩٣,٧٢ | ٢٠، ٢٤ |
| ٤- | پ.د. صاحب قهرمان | ٢٨ | ٤ | ٨٧,٢ | ١١، ١٩، ٢١، ٢٣ |
| ٥- | پ.د. شیرزاد نجار | ٣٢ | سفر | ١٠٠ | سفر |
| ٦- | پ.د. نوری یاسین هەرزانی | ٣٢ | سفر | ١٠٠ | سفر |
| ٧- | پ.د. تاهیر حسۆ میرخان | ٣١ | ١ | ٩٦,٨٧ | ٢٠ |
| ٨- | پ.د. عبدالحمید علی سعید | ٢٩ | ٣ | ٩٠,٦٢ | ١٤، ١٨، ٢٠ |
| ٩- | پ.د. عومەر ئیبراهیم عزیز | ٣٠ | ٢ | ٩٣,٧٢ | ٢٠، ٢٢ |
| | کۆی گشتی | ٣٦٩ | ١٩ | ٩٣,٤٠ | |

کۆی گشتی بڕگەکان = ٣٢

ژمارەی پسپۆران = ٩

٣٢ × ٩ = ٢٨٨ کۆی گشتی بڕگەکان

ژمارەی بڕگە گونجاوەکان = ٢٦٩

ژمارەی بڕگە نەگونجاوەکان = ١٩

کەواتە ڕێژەی سەدی چەسپاندنی ئامراز = ٢٦٩ × ١٠٠٪ = ٩٣,٤٠٪
٢٨٨

# پێڕست


پێشەکی ........ ٥

**دەروازەی یەکەم/** لایەنی تیۆری ........ ١١

**بەشی یەکەم** – مەوادی توێژینەوە و دەستنیشانکردنی چەمك و زاراوەکان ........ ١٣

تەوەری یەکەم: مەودای توێژینەوە ........ ١٣

تەوەری دووەم: دەستنیشانکردنی چەمك و زاراوەکان ........ ١٧

**بەشی دووەم** – چەند تەوەرێك لەسەر پەروەردە ........ ٣٢

تەوەری یەکەم: سەرچاوە پەروەردەییەکان ........ ٣٢

تەوەری دووەم: کاریگەری سیستمی پەروەردە لە هێنانەکایەی.... ........ ٦١

تەوەری سێیەم: بایەخ و گرینگی هەبوونی فەلسەفەی.... ........ ٧٨

**بەشی سێیەم**– ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیی نەتەوەیی لەناو .... ........ ٩٤

تەوەری یەکەم: کورتەیەك سەبارەت بەڕەوشی پەروەردەیی.... ........ ٩٤

تەوەری دووەم: ڕەوشی پەروەردەیی کوردستان لە سەردەمی.... ........ ١٤٧

تەوەری سێیەم: ڕەوشی پەروەردەیی کوردستان دوای دامەزراندنی..... ........ ١٧٢

**دەروازەی دووەم/** لایەنی مەیدانی ........ ٢٠٣

**بەشی چوارەم** – پلان و جێبەجێکردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوە ........ ٢٠٥

**بەشی پێنجەم** – سیما گشتییەکانی نموونەی لێکۆڵینەوە ........ ٢١٧

**بەشی شەشەم** – ڕۆڵیقوتابخانە و بابەتەکانی خوێندن .... ........ ٢٢٣

**بەشی حەوتەم** – گفتوگۆکردنی گریمانە و دەرئەنجام و پێشنیاز ........ ٢٦٧

خشتەکان ........ ٢٧٩